٢

بزوتنەوەی نیشتمانی کورد

لە

کوردستانی ئیران

١٩٤٧ - ١٩٧٨

کەریمی حسامی

PEDA CHUNEVE

RE EXAMINING

A PERIOD OF KURDISH HISTORY IN IRANIAN KURDISTAN 1978-1947

Volyme 2

BY
KARIM HUSSAMI

www.kerimhisami.com

1997
KITAB-I ARZAN

پێداچوونەوە

بەرگی دووەم

کەریمی حسامی

ستۆکهۆڵم ١٩٩٧

www.kerimhisami.com

PEDA CHUNEVE

RE EXAMINING
A PERIOD OF KURDISH HISTORY
IN IRANIAN KURDISTAN
1978-1947
Volyme 2
BY
KARIM HUSSAMI
1997
KITAB-I ARZAN

ISBN 91 88880 23 0

* پێدا چوونەوە بەرگی دووەم (بزوتنەوەی نیشتمانی کورد لە

کوردستانی ئێران ١٩٤٧-١٩٧٨)

* کەریمی حسامی

* پیت چنین و مۆنتاژ: ناسری ئێبراهیمی

* چاپخانەی کتێبی هەرزان ، چاپی یەکەم ، سوید ١٩٩٧

* لەچاپ دانەوەی بەدەست خاوەنیەتی

KITAB-IARZAN
Barnarps g 31
553 16 Jönköping/Sweden
Tele:+46 (0)36 148031
Telefax:+46 (0)36 710999
Mobil:+46 (0)70 492 69 24

www.kerimhisami.com

پێشەکی

لەسەر بەسەرهات و ڕووداوەکانی نیوسەدەی دوایی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، لەکوردستانی رۆژهەلات هیچ شتێکی تێرو پڕوبابەتی نەنووسراوە. ئەگەر تەک وتوک لەملاولا بەناوی کتێب و یا لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا باسێک لەم بوارەدا نووسرابێ، بەشی زۆری پڕوپاگاندەی حیزبی بوە، نەک شیکردنەوەی زانستی رووداوەکان وهەلسەنگاندنی هەلس وکەوتی تێکۆشان وناکرێ بە مێژوو حیساب بکرێ. چونکە شتێکی حکوومەت و حیزبەکان بەناوی مێژوونووسن، دەیکەنە ئامرازی سەلماندنی ئامانجی خۆیان و پەسن و پێهەلاگوتنی کار و سیاسەتیان و چاونووساندنی خەلکی سادە و بێ دەسەلات. هەربۆیەش زۆر لەو نووسراوانەی بەناوی مێژوو لە سەردەمی پاشایەک و یا دیکتاتۆرێک و یا حیزبێکی دەسەلاتداردا نووسرابن، دەبینی پاش ماوەیەک کە کابرا لە دەسەلات دەکەوێ، نووسینەکەی ومێژووەکەی هەلدەگەرێتەوە و دەخرێتە زبلدانی مێژووەوە. لەلایەکی دیکەشەوە زۆربەی نووسەرانی بێگانەش کە لەسەر رووداوەکانی کوردستان دەنووسن، لەگەل ئەوەی کە زەحمەتەکەیان جێگای سوپاس و پێزانینە، بەلام دیسان ناکرێ بۆچوون ونووسینی ئەوانیش بێ کەم وکوڕی دابنرێ. چونکە : یەکەم: لە کوردستان دوورن و لەنێو رووداوەکان نین و لە نووسینەکەیان ئاماژە بۆ هیچ سەرچاوەیەکی کوردی ناکەن.

دووەم: شارەزای زمان ونووسرای کوردی نین. ئەوان زۆرترئاگاداری خۆیان لەخەلکی جۆربەجۆر وەردەگرن کە یان ئاگاداری مەسەلەکان نین و یان بەگوێرەی ویستی خۆیان،بۆیان باس دەکەن.*

× نموونەی زۆرزەق لەم بوارەدا هێندێ نووسینی رۆژنامەنووسی ناسراوی فەرەنسەیی ئاغای (کریس کۆچرا)یە کە کراوەتە فارسی وبەکوردیش شێوانوویانە ناوبراو دەنووسێ: «.... سالی ١٩٥٦ حیزبی =

www.kerimhisami.com

سێ یەم: زۆرجار لە بێلایەنی دەردەچن و تارمایی لایەنگری لە سیاسەت و لە لایەنێک لە نووسراوەکانیاندا بەرچاو دەکەوێ.

دەمێک بوو پێوە بووم بەڵکوو دەرفەت بێنم بەسەر بزووتنەوەی نیشتمانی کورد لە کوردستانی ئێراندابچمەوە. فیداکاری و نیشتمانپەروەری هێندێ کەسی باس نەکراو ونەناسراو بخەمەروو. هەرلەو کاتەشدا بە بۆچوونێکی نوێ وبەشێوەیەکی بابەتی بەگوێرەی توانا بزووتنەوەی ساڵەکانی ١٩٤٢- ١٤٩٦و دامەزرانی کۆماری کوردستان شی بکەمەوە وهێندێ کەم وکورِی وناتەواوی چەند نووسراوەیەک راست کەمەوە کە بە هەموو تواناوە بۆهێنانە خواری پلەو پایەی کۆماری کوردستان هەوڵ دەدەن و دەیانەوێ ئەم کۆمارەو ئەم تاقە دەسەڵاتەی رەسمی کورد لە چوار چێوەیەکی لەق ولۆقی خودموختاری داقەتیس بکەن. گوێش نەدەمە هێندێ کەسی لوت بەرزی بەناو روناکبیر کە لەرۆژی تەنگانەی میللەتەکەیاندا بەهەزار رێگای رەواو نارەوادا، فیزماڵکی دەدەنێ و خۆدەگەیێننە ئوروپاو دەدوازدە ساڵ بە ناوی گۆیا وەرگرتنی شەهادەی (دوکتورا) بەزمانێکی ئوروپایی کە قەت کورد تێی ناگا چەندەراستەو چەندە نرخ وبایەخی هەیە فریان سواردەبێ ولایان وایە.... فیلیان شکاندوە بێ ئەوەی بەرهەمێک لە مەر دەردو ژانی نەتەوەکەیان ولە سەر جنایەت وزۆرداری دیکتاتورەکانی داگیرکەری کوردستان بنووسن لە ئوروپا گەردەخۆن وئەگەرکەسێکی دیکەش بێ ئەوەی ئیدیعایەکی هەبێ لە رووی دڵسۆزی وهاودەردی لەگەڵ نەتەوەکەی شتێکی نووسی و بەرهەمێکی پێشکێشی کتێبخانەی کوردی کرد، لە جیاتی ئەوەی هانی بدەن، ژان دەیانگرێ و لە دەرفەت دەگەرێن تا بە لاتاو و بە فەرمایشتی بێخوێ بەهیچی دابنێن. ! !

= دیموکراتی کورنستانی ئیران هەوەڵین بەرنامە یالەراستیدا هەوەڵین (پێشنووسی بەرنامە)ی خۆی پاش بەرنامەی حیزبی دیموکراتی قازی محمد بلاو کردەوە» (١)

« ... ساڵی ١٩٦٩ لەکۆنفرانسی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەلەلایەن هێمن وهێندێکی ترلەکادرەکانیاشماوەی حیزب لەکوردستانی عیراق ساز کرابوو، عەولای ئیسحاقی کەئەودەم بەتەواوی لەبەرچاوی بارزانی کەوتبوو، لەحیزب دەرکرا»(٢)

هەرچۆنێک بێ لە ماوەی نێوان بەرهەمهێنانی بەرگی ٩و١٠ی بیرەوەریە کانمداخۆم لە قەرەی ئەو کارەش داو(پێداچوونەوەیەکی) چەند لاپەرەییم لە سەر بزووتنەوەکانی سەردەمی رەزاشاو کۆماری کوردستان ئامادە کرد. هەرچەندە پێم وایە سەبارەت بە نەبوون و دەست پێڕانەگەیشتنی بەڵگەو دۆکۆمێنتی تەواو هێشتا زۆری ماوە ئەم باسە مافی خۆی بدرێتێ و بەداخەوە نەم توانیوە نیشانە بپێکم.

لە ٨٩/٢/١٣ غەنی بلوریان لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم:« من هێندێک بەڵگەی زەمانی ژ.ک لەسوێت هاتۆتە دەستم لام هەیە بەڵام ناکرێ بە پۆستەدارەوانە بکرێ ئەگەر کەسێکی جێگای متمانەم دەست کەوێ بۆتی رەوانەدەم». زۆر چاوەروان بووم، دیاربوو کەسی(جێگای متمانە)ی دەست نە کەوتبوو بۆم(رەوانەدا)! تا١٢ی ئەپریلی ١٩٩٥کە بۆ بەشداری لە ئاهەنگی کردنەوەی پارلمانی کوردستان چووبوومە هولەند لە لاهە، لە گەرانەوەدا لە گەڵ کاک شێخ عەلی برادەرو دۆستێکی کوردستانی خوارووی دەگەڕاینەوە باسی نووسینمان دەکرد. پرسی: «چیت بەدەستەوەیە؟» باسی نووسینەکەی خۆم بۆکرد. گوتی:« هێندێ بەڵگەی کۆمەڵەی ژ، کافم لەلایە و غەنی بلوریان لەلای داناوم و گوتوویە مەیاندە بەکەس.» گوتم ئەگەر وایە من نووسینی ئەم باسەم بەدەستەوەیە تکایە بۆ منیان بنێرە

« ....ئەندامەکانی کرنگی« کومیتەی شۆرشگێر»بریتی بوون لە سلیمان وعەولای موعینی(کورانی وەزیری نێوخۆی کۆماری مەهاباد) ومحمدامین رونوعبدالرحمان قاسملو(کەئەودەم لەئوروپابوو) » (٣)

« ... کۆنگرە بەتێکۆشانی عەولای ئیسحاقی قازی محمدی بەتاوانی(خەیانەت) وپێشکەوتنخوزانی کومیتەی ناوەندی ١٩٥٤ بەتاوانی (کەچرەوی) مەحکوم کرد» (٤)

.... رەحمانی زەبیحی کوری سەوداگەرێکی فەقیربوو لەپۆلی سێیەمی ناوەندی دەست لەخوێندن هەلگرت وبووبەماموستای مندالانی خاوەملکە دەولەمەندەکانی ناوچەوتەوخوێندنی زمانی کوردی فێری هەژارکربوە کەپشان لەگەڵ هێمن بوون بەدووشاعیری گەورەی هاوچەرخی کورد. (٥)

.... شێخ ئەحمەد پاش هاتنی بۆئێران لەگەڵ ٦٠٠چەکدار لەدەوروبەری نەغەدە نیشتە جێ بوو،تاکۆتایی کاری کۆماری مەهاباد هەرلەوێ مایەوە. کێژی یەک لەسەرۆکانی قەرەپەپاخی خواست کەکوردنێن وجلی کوردی لەبەردەکەن» (٦)

ئەوانە نموونەی پچوک بوون لەنووسراوەی مێژوو نووسێکی بێگانە کەبێ ئەوەی ئاماژە بۆسەرچاوەیەک بکات ریزی کردوون کە هیچیان وانین وەک باسکراون.

www.kerimbisani.com

باکەلکیان لێ وەرگرم. بە مامە غەنیش بێژە بۆ فلانکەسم ناردوون. خۆشی کاتی خۆی بەڵێنی دابوو کە بۆم بنێرێ. شێخ عەلی برادەر سەرزارەکی بەڵێنێکی دابەڵام لە هەوای زاری دیاربوو وەک ئەو دەمە نەبوو کە ئەندامێکی حیزبی کۆمۆونیستی عیراق و دۆستایەتیمان برایانە بوو، وەک لە نامەیەکدا بۆی نووسیوم و لە بەرگی ١٠ی بیرەوەریەکانمدا بڵاو کراوەتەوە، بۆ نووسینی تێزی دوکتۆراکەی داوای کتێبی لێکرد بووم، بە دڵەوە بۆم نارد بو. ماوەیەک چاوەڕوان بووم .شێخ عەلی نەک هەر هیچی بۆ نەناردم بەڵکوو هەرخەبەریکیشی لێ نەگێڕامەوە. من وەدڵم نەگرت وگلەییم لە هیچیانیشیان نەکرد. ئاخرئەوە نیە ڕۆژگارو سەردەمی بادانەوەیە.!!

هیوایەکی دیکەم بۆ وەدەستهێنانی بەڵگەو دۆکۆمێنت لە سەر کۆمەڵەی ژ.ک وکۆماری کوردستان شادرەوان دوکتۆررەحیمی سەیفی قازی بوو. داوام لێکردبوو لە سەر ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٤٢ــــ١٩٤٦ی کوردستانی ڕۆژهەڵات شتێکم بۆبنێرێ. لام وایە لە باکۆ بەڵگەو نووسراوە لە سەرئەم بابەتە وەگیردەکەوێ. بەداخەوە لەوێش هیچم دەستگیرنەبوو هەرچەند بەڵێنیشی دابوو. ناچارپەنام بردە بەرکاک سلیمانی چیرە(هێرش)، ئەودەم لە باکۆ بوو لە گەڵ دوکتۆر ڕەحیمی قازیش نێوانی خۆش بوو. ئەویش دوای ماوەیەک بەناردنی ئەم نامەیەی خوارەوە ئاوێکی پاکی بە دەستی داکردم. ئەمەش نامەی کاک سلیمانی چیرە:

« برای بەرێزو خۆشەویست کاک کەریم وێڕای سڵاوێکی زۆردوراودوور چاوەکانت ماچ دەکەم و هیوادارم ساغ وسڵامەت بیوچ نارەحەتێکتان نەبێت.. تکایە سڵاوی من بەهەموو کارگێڕان و بەرێوەبەرانی« سەردەمی نوێ » بەتایبەت کاک دوکتۆر بگەیەنەو داوای سەربڵندی و بەختیاریان بۆدەکەم. پێش هەمووشت با ئەوەتان عەرزبکەم کە ئەگەر جوابی نامەکەتان وەدرنگی کەوت سەرەڕای شەرمەزاری بەڵام سووکە سەفەرێکم بۆبیرلێن کردو لەوێ نەخۆش کەوتم و لە گەڕانەوەدا لە پایتەختی دنیای ئاشتی بە داخەوە تاڵان کراین و پاشان کاڵەمان دڕاوچمان پێ نەبڕا. تائەو ڕۆژانە هەرنەخۆش بووم ئێستا هەستاومەوە حاڵم

www.kerimhisami.com

باشە. لە جێگادا بووم کە خێزانم چوە پۆستی و دیاریە بەنرخەکانی دامەدەست، ئەگەر راستیت دەوێ نەخۆشی و کڵۆڵیم لە بیر چۆووەو یەک جێ قیت بوومەوە.

ئای نازانی ئەم دیاریانەت چ حاڵ و هەوایەکی پێدام. هەرلە حەوای بەهەڵپە هەڵپ قۆستمنەوە. کاکە گەزگەز تێهەڵچوومەوە و بڕبڕ بوژامەوە. بەراستی دەست و قەڵەمت خۆش. گوتم شەرتە تانەیانخوێنمەوە جوابەکەیان نەنووسمەوە. وابوو ئەوەش خۆی نەختالێک جوابەکەیان وەدرنگی خست.

بە هەرحاڵ بژی خۆت و دەستە گەوهەراویەکەت و قەڵەمە کوێتەکەت. هیوادارم بەو زوانە دەستی جڵەوی قەڵەمە کوێتەکەت شل نەبێتەوەو پێی ئاوزەنگی لینگدانت سست نەبێ و تا سالانی ساڵ لە گوڵزاری کەسک ورەنگینی کوردەواریدا لە پێناو مافی پێشێلکراوو لەئاست دوژمنانی گەل و نیشتمان، خۆشڕەوانەو سەرکەوتوانە شەڕناخێوی پێ بکەیت. تو خواکەی جارو بارهەر وابەسەرمان بکەوەو لە دیاریە بەنرخەکانت بێ بەشمان مەکەن، ئێمەش کە پیاوبین لە چاوماندا دەمێنێ. بۆ ئەو شتانەی کە داواتان کردوە، شەرت بێ بە شەرتی پیاوان ئەوەی لە دەستم بێ دریغی نەکەم. هەر چەندە لە هەوڵیدا تەواو قەولت پێ نادەم نەکا دوایی شەرمەزار ببمەوە. بەلام حەولی خۆم دەدەم. هەروەک دەزانی ماوەیەک بوو زانکوو مانکۆ تەعتیل بوون. ئەوا ئەو رۆژانە بەشوێنی ئەوکەسانەدا دەگەڕێم کە لە خاوەر شناسیدا کار دەکەن. رەنگە بتوانین شتێک بکەین. گوتبوت دوو جارم بۆ دوکتور نووسیوە بێجواب ماومەوە. کاکە ئەو دوکتورەش عەجایبە، هەرئێمە دەچینەلای قەت نەبوە جارێک سەرمان لێ وەژووریَ بنێ. بەهەر حاڵ دەڵێی چی، هاوشاریەو ردێن سپی. ئەگەر چی ماوەیەکە لێکدا لێکدا دەچێتە خەستەخانەو ماوەیەک لە مەو پێش نەوەیەکی ئەتۆ سلامەت، لە بەرئەوە نەختالێک وەزعی لە بارنیە. بۆ ئەم کارە سەرێکی لێدەدەم هەرچی بێ ئەویش لەوێ ناسراوە...»

بە داخەوە لە لایەن کاک سلیمانیشەوە هیچم بەدەست نەگەیشت. بەناچاری هەربەم کەرەسەو ئامرازە کاڵ وکرچانەی ئامادەم کردبوون، ملم دەبەرناو بەرگی یەکەمی پێداچوونەوەم خستە بەردەستی خوێنەرانی بەرێزو کەلێنی کتێبخانەی

www.kerimhisami.com

کوردی. بێگومان نە پێداچوونەوەو نە ئەو کارەی ئێستاشم وەڵامدەری ئەو رووداوە گرنگەی مێژووی بزووتنەوەی کوردلەم بەشەی نیشتماندا نین. ئەم نووسراوانەی من بە مێژوو حیساب ناکرێن. لە بەرگی یێکەمی(پێداچوونەوە)دا گوتوومە و دووپاتی دەکەمەوە مێژوو نووسین کاری زانایانی مێژووناسە ولێکۆڵینەوەو توێژینەوەی دەوێ . بەڵام زاناو خوێنەری ئەوتۆی کوردیش کەم نین کە بەچاوی لوتف وکەرەم و لێبووردن بروانن کەم و کوڕی ئەم جۆرە نووسینانە و بە دڵێکی فراوانەوە هەڵەکانیان بۆ راستکەنەوە. دەکرێ بە قەولی (گابریل گارسیا مارکز) نووسەری بە ناوبانگی کولومبیایی ئەم جۆرە نووسینانە بە راپۆرتی رووداوەکان دابنرێن. ناو براو دەڵێ:« راپۆرت لە روانگەی منەوە شێوەیەک لە ئەدەبیاتە کە بە داخەوە لە جیهاندا بەرەو نەمان دەروات و ئەم کارە من ئازار دەدات. چونکە بۆ من راپۆرت نووسی بەرزترین شکڵی رۆژنامە نووسی یە و بە واتایەکی ترمێژوویییەکی تەواوە. خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەو هەست دەکا کە خۆی لە شوێنی رووداوەکاندا ئامادەبوە.» با ئێمەش هیچ نەبێ ئەم نووسراوە یە بە راپۆرتی کارەسات و رووداوەکان دابنێین کە خوێنەری کورد و بەتایبەت لاوانی تازە پێگەیشتوو لە رەوەندی رووداوەکانی نیزیک ٥٠ساڵی دوایی کوردستانی ئێران ئاگادار دەکا. بە هیوای چاوپۆشی لە کەم وکوڕی یەکان .

> ئێمە دەبێ باسی ئەوشتانە بکەین کە دەیانزانن، بەڵام توانایان نییە دەریان ببڕن وناوێرن ویا نایانەوێ باسیان بکەن.
>
> تولستۆی

دیارە خەباتی گەلی کورد لەم بەشەی نیشتمانیشدا هەر وەک بەشەکانی تر بە راستەرێگاو بە شەقامی بێ خوارە پێچەدا تێنەپەڕیوە. رێگای بەردەڵان وکەند و کۆسپی سەر رێگا ئەوەندە زۆر بوون کە هەڵسەنگاندن و لێک هەڵاواردن و ساخکردنەوەیان لە رادە بەدەر دژوار و ئەستەمە. بەڵام وازلێهێنان و خستنە پشت

گوێی ڕووداوەکانی خەبات و تێکۆشانی ئەم ٥٠ساڵەی دواییش، خۆی کارێکی ڕەواو دڵسۆزانە نیە. بە تایبەت لەم بوارەدا هێندێ شتی هەڕەمە نووسراوە و بابەتی ڕووداوەکان یا خراونەتە پشت گوێ و یان ئاوەژوو کراونەوە. خەڵکێکی زۆریش بەم نووسینە ڕەمەکی یانە گۆش کراوە. ئەوەش نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە هەر وڵاتێکی مێژوو بە دەستی حیزب و حکوومەت و زۆرداران نووسرابێ، کراوەتە ئامرازێک بۆبەرپەرچدانەوەی موخالیفانوبۆ شێواندنی ڕاستی ڕووداوەکان. لەم جۆرە نووسینانەدا زۆر زەحمەتکێشی تێکۆشەر و قارەمان بزر دەکرێن، بێچم وروخساری پاک تۆزاوی دەکرێن وبێچم وروخساری ناپاک وناراست دەشۆرێنەوە و مشتوماڵ دەکرێن. ڕووداوەکان سەر مەقولاتیان پێدەدرێ و ئاوەژوو دەکرێنەوە. کابرای نووسەری حیزبی٢٠٠-٣٠٠ لاپەرە بەباڵگاشەی حیزبەکەی و بەسەرکەوتنی و بە پیرۆزبایی بێگانان ڕەش دەکاتەوە، بەڵام نانووسێ کە جارێکیش نسکۆمان بردوە و هەڵەنگوتووین و نەمان توانیوە بچینە پێش. ئەگەرلە ڕووی ناچاریش جارێک بڵێ کەم و کوڕیشمان هەبوە، قەت ڕوونی ناکاتەوە کە هۆی هەڵەو کەم و کوڕیەکان چبوەو چەندە چەوت ڕۆیشتووین و ڕێگا چارە چیە. لەم بارەوە بەڵگەی زۆر بەدەستەوەن و پێویستیش بە ڕوونکردنەوەی زیاترناکات. بەو ئیعتیبارە کەسێک بووم لە سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵەی ژ.کافە * وە تا ساڵی ١٩٨٤ لە نێو تێکۆشانی بزووتنەوەدا بووم و لە قۆناخی جۆربە جۆردا بەرپرسیم کەوتۆتە سەرشان، بە ئەرکی نیشتمانی خۆم زانیوە بە گوێرەی توانا تیشکێک بخەمە سەر لاپەڕەکانی مێژووی ئەم ماوەیە و بەرەی تازە پێگەیشتووی نەتەوەکەم تا ڕادەیەک لە ڕووداوەکان ئاگاداربکەم. سەبارەت بە نەبوونی بەڵگەو دوکومێنتی نەنووسراو و

× غەنی بلوریان لەنامەیەکدا کەبۆ ڕەخنە لەبیرەوەری یەکانی من بەهاواری کاک حامیدی گەوهەری یەوە هاتوە، دەنووسێ:« تاهاوینی ساڵی ١٩٤٤ لقی کۆمەڵە لەشنۆ ونەغەدە دانەمەزرابوو.» وەک دەزانین نەغەدە ٥٠ کیلۆمیتر لەمەهاباد دوورە. لقی کۆمەڵە لەسلیمانی هەبوە، بەڵام بەقسەی مامەغەنی لەنەغەدەوشنۆ لقی نەبوە. کورد بەخۆڕایی نەیگوتوە: « لەبێ خەبەران کەشکەک سڵاوەت »!!

له بەردەست نەبوو، بە ناچار ناوی خۆم وەک نووسەردێتە گۆڕێ وپشت بە ئاگاداری و بەشداری خۆم لە ڕووداوەکان دەبەستم. هەر وەها لە ئاگاداری و یارمەتی هاورێ و هاو خەباتانی ئەم مەودایەی تێکۆشانی سیاسیم کەلک وەردەگرم.

هەر وەک لە بەرگی یێکەمی(پێداچوونەوە)دا باسم کردوە ئەم نووسراوەیەش نابێ بە نووسینی مێژوون ناودێربکرێ. چونکە من مێژوونووس نیم ولام وایە نووسینی مێژوو بەشێوەی زانستی کاری هەموو کەس نیە ، هەل و مەرجی تایبەتی و بەلگەو دوکومێنتی بڕواپێکراو و نووسەری زاناو لێهاتووی گەرەکە. کەوابوو ئەم نووسراوەیە پێدا چوونەوەیێکە بە ڕووداوەکانی ٣٢ساڵەی ئەم دواییەی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێناو وەدەست هێنانی خودموختاری. واتە وەدەست هێنانی مافێکی سەرەتایی مرۆڤ و ژیانێکی نیمچە ئازاد و هێمنانە. گەلی کوردلەم بەشەی نیشتمانەکەشی هەروەک خەلکی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە پێناو وەدەستهێنانی ئەم مافە سەرەتاییەدا دەیان هەزار شەهیدی داوە. دەیان هەزار بنەماڵەی کورد لەم ڕێگایەدا کوێر کراوەتەوە. مێژوو نووسێک، نووسەرێک، حیزب و ڕێکخراوەیەک، هەرگیز جارێک لێکی نەداوەتەوەو بە ڕاشکاوی نەینووسیوە: گەلۆ هۆی سەرنەکەوتنی ئەم خەباتە خوێناویە چ بوە؟ گەلۆ ئەم شێوە خەباتە لە گەڵ هەل و مەرجی ناوەکی و دەرەکی یەکی گرتۆتەوەو تێکۆشانێکی ڕاست بوە ؟ گەلۆ وەدەستهێنانی خودموختاری لە حکومەتێکی دیکتاتور و سەرەڕۆ بەبێ پشتیوانەیەکی بەهێزی نێونەتەوەیی ، جێگای دڵنیایی وموتمانە بوە؟ گەلۆ خوێندن بەزمانی کوردی، دانانی کاربەدەستی کورد لە ئیدارەکان و لە ژێر چاوەدێری حکومەتی ناوەندیدا، داخوا ئەوەی هێناوە کە دەیان هەزار کەسی بۆ بە کوشت بدرێ و کوردستانی بۆ وێرانبکرێ و سەدان هەزار کەسی بۆ ئاوارە و دەربەدەری هەندەران بکرێ؟. وەلام نەدانەوەی ئەو هەموو (گەلۆ)یانە و شی نەکردنەوەو لێک نەدانەوە و هەڵ نە سەنگاندنی قۆناخەکانی خەبات و هۆیەکانی سەر نەکەوتن بۆتە هۆی ئەوە کە دوای شکان و بە فیرۆدانی خوێنی دەیان هەزار

رۆڵەی فیداکارو زەحمەتکێشی کورد، دیسان و جارێکی دیکەش هەر لە سەرهەمان شێواز و ستراتیژی و تاکتیکە سەرنەکەوتوە، خەبات دەست پێ بکرێتەوە و (شۆڕش)* هەڵگیرسێتەوە و هەر ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە دوێنێ لەم شێوە خەباتەدا سەرنەکەوتوون و شکاون، بێنەوە مەیدان و کۆمەڵانی زەحمەتکێش و فیداکار و ساویلکە و نەخوێندەواری کورد، بۆ مەیدانی کوشتار و قوربانی رابکێشن، بێ ئەوەی چاوێک بەخەباتی رابردوودا بخشێننەوەو دەرسی لێ وەربگرن.

ئەم کاروانە ئێستاش هەربەردەوامە. تا ئەورۆژەش کە نەتەوەکەمان هوشیار نەبێتەوە، پلەی کولتور و تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵک نەچێتە سەر، روناک بیری کورد ئەرکی سەرەکی خۆی لە رێنوێنی و وریا کردنەوەی خەڵک بە چاکی بەجێ نەگەیێنێ و خەرقەی دەروێشی فڕێ نەدا، ئەم نەتەوە کەونارایەو خاوەن(مێژووی نەنووسراوی تێکەڵ پێکەڵی چەند هەزار ساڵە) هەر ئاوا دەبێتە دەست خەرۆی تاقمێکی ژێری سواوی هەلپەرستی بێبار و بە ناو سیاسی. لاوەکان دەبنە گۆشتی دەمی تۆپ جا چ لە بەرانبەر دوژمنانی کورد و چ لە بەرانبەر شەری نێو هێزە سیاسیەکانی خۆجێیی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی ناڕەوا بە سەر میللەتێکی بندەست و برسی و لێقەوماو و نیشتمانێکی داگیر کراودا.

ئەم نووسراوەیەش بە هیچ جۆر ناتوانێ وەڵامی ئەم هەمووگەلۆ و پرسیارو بۆچوونانە بداتەوە، چونکە نووسەر بۆخۆشی ماوەیەکی زۆر بە گوێرەی شوێن و پلەی حیزبایەتی لەم ناتەواوی و هەڵەو کەم و کوڕیانەدا بەشدار بوە ، لە زۆر مەسەلەشدا وەنەبێ بۆ راست کردنەوەی هەڵەکان تێ نەکۆشابێ. بەلام

× شۆرش مانای زانستی خۆی هەیە. هەموو شێوەیەکی خەبات و راپەڕینێکی چەکدارانە مانای زانستیی شۆرش وەرناگرێ. بەبۆچوونی من زاراوی (خەباتی چەکدارانە وسەرهەڵدان و راپەڕینی چەکدارانە) لەگەڵ خەباتی گەلی کورد باشتر یەک دەگرێتەوە. هەربۆیەش من لەجیاتی(شۆرش) کەلەکوردستان بۆتە باو وبەهەلە بەکار دەبرێ وشەگەلی (راپەڕینی چەکدارانە، خەباتی چەکدارانە سەرهەڵدان لەم نووسینەدا بەکار دینم.

(سانترالیزمی دیموکراتی) کە لینین بۆ هەل ومەرجی تایبەتی دوای شۆرشی ١٩٠٥ دایهێناو بوو بە کوتەکی دەستی ستالین بۆ سەرکوتکردن و لە بەین بردنی ئەندامانی حیزب و خنکاندنی بیروڕای جیاواز و لە ئاخریشدا حیزبە نەتەوەییەکانیش بۆ هەمان مەبەست و ئامانج قۆستیانەوە، ڕێگای نەداوە کە بیروڕای جیاواز لە حیزبی دیموکرات دا بڵاو بێتەوە و ڕەخنەی داهێنەرانە ببێتە باو و یارمەتی بە هەڵدانی بیرو بۆچوونی جیاواز بکات لە نێو حیزبدا و ئەندامانی حیزب ببنە خاوەنی بیروڕای ئازاد. دیارە ئەوە نابێتە پاکانە و هەڵەکانی منیش بە گوێرەی بەشداری و بەرپرسایەتیم ناشواتەوە. ڕەنگە ئەرکی ئەم نووسراوەیە هەر ئەوەندە بێ کە هێندێ ڕووداو و بەسەرهاتی باس کراو باس نەکراو ونەنووسراو بخاتەروو، یا هێندێ نووسراوەی چەوت و هەڵە راست کاتەوە. . دژی ئەم بۆچوون و فەلسەفە ترسەنۆک وفێلاویەش بوەستێ کە گۆیا (وەختی گوتنی نەهاتوە و بە قازانجی حیزب نیە)کە بۆ چاو بەستنی ئەندامانی حیزب کراوە تەباو . دان پێدانانی رک وراست بە هەڵەکان، ئاشکراکردنی هۆیەکانی ئەو، شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەم بارودۆخەی کە بوون بە هۆی ئەو هەڵانە، باس و ڕوونکردنەوەی وورد کە بۆ لابردنی هەڵەکان پێویستە ــــ ئاوایە نیشانەی حیزبێکی جیددی، ئاوایە شێوەی بە جێگەیاندنی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی حیزبە. ئاوایە شێوەی فێرکردن و پەروەردەی چین وکۆمەلانی خەلک»

« گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە پێناو ئازادی و دێموکراسیدا قوربانی زۆری داوەو توشی زەرەرو زیانێکی زۆر بوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناو خودموختاری ودیموکراسی بۆئێراندا هەزاران رۆلەی تێکۆشەری خۆی لە دەست داوە. رێزگرتن لە خوێنی شەهیدانی بزووتنەوەی نیشتمانی گەلی کورد، سوپاس بۆ فیداکاری لە رادەبەدەری پێشمەرگان و زەحمەتکێشانی کوردستان، ئەم ئەرکە دەخاتە سەرشانمان کە بە شیکردنەوە و لێکۆلینەوەی ڕووداوەکان و ڕوونکردنەوەی بیروڕای کۆمەلانی خەلکی کورد لە گەڵ بۆچوونی ناراست و غەیرە زانستی کە لەوانەیە جارو بار بێتە نێو بزووتنەوەی کورد خەبات بکەین. بەلکوو ئەم

بیروراو بۆچوونانە یارمەتی بکەن بە راستکردنەوەی هەڵەکان و روونکردنەوەی بیروڕای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. بە بڕوای من رەخنەی داهێنەرانەو دۆستانە لە بۆچوون و سیاسەتی نادروست، ئەرکی هەموو خاون ڕاو تێکۆشەرانی پێشکەوتوخواز و نیشتمانپەروەرانی کوردستانی ئێرانە» (٧)

سەرچاوەکان

١ ÷ کریس کۆچرا : جنبش ملی کرد، وەرگێڕانی برایمی یونسی، تاران. ١٣٧٠ ، ل،٢٣٢

٢ ÷ هەمان سەرچاوە ، ل،٤٣٠

٣ ÷ هەمان سەرچاوە ، ل،٤٢٩

٤ ÷ هەمان سەرچاوە ، ل،٤٢٨

٥ ÷ هەمان سەرچاوە ، ل،٢٠٥

٦ ÷ هەمان سەرچاوە ، ل،٢١٢

٧ ÷ کەریمی حسامی ، بررسی کوتا دربارە جزوە« بحثی کوتاە دربارە سوسیالیسم » ١٩٨٤ ص ، ٢٩

www.kerimhisami.com

قۆناخی یەکــــەم: ۱۹۷۰ - ۱۹٤۷

بەشی یەکەم: بوژاندنەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی دوای رووخانی کۆماری کوردستان

بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دوای روخانی کۆماری کوردستان و هەتا تێکچوونی رێژیمی پاشایەتی لە ئێران بە دوو قۆناخی سەرەتایی و چەند کورتە مەنزڵدا تێپەڕیوە. قۆناخی یەکەم ۱۹٤۷ــــ۱۹۷۰ قۆناخی دووەم ۱۹۷۰ــــ۱۹۷۸ دەگرێتەوە.

لە بەرئەوەی لە ماوەی ئەم دوو قۆناخەدا خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کورد بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێوە چوەو جگە لە ناوی ئەم حیزبە هیچ هێزێکی دیکەی نیشتمانیی کورد لە گۆرەپانی خەبات و تێکۆشاندا دیار نەبوە و یا خۆی دەرنەخستوە، نووسین و باسەکەی ئێمەش چالاکی و چۆنیەتی و شێوەی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم ماوەیەدا دەگرێتەوەو تیشکی روونتر دەخاتە سەر چالاکی و تاکتیک و ستراتێژی ئەم حیزبە. بەم هیوایەی ئەم نووسراوەیە توانیبێ لەم رێگایەوە خزمەتێکی پچووکی بە ئاگاداری زیاتری کۆمەڵانی خەڵک و بە لاوانی تازە پێگەیشتو و بە مێژووی خوێناوی نەتەوەکەم کردبێت.

www.kerimhisami.com

تێکچوونی کۆماری کوردستان،١٩٤٦،نەمانی دام و دەزگای هەوەڵین دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد بەشێوەی مۆدێرنی دەوڵەتی، سەرکوتکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی، بۆ گەلی کورد کارەساتێکی داخدار و دڵتەزێن و رووداوێکی سامناک و تفت و تاڵ بوو.

بڕیاری رێبەرانی حیزبی دێموکرات بۆ شەڕنەکردن و خۆ بەدەستەوەدانی پێشەوا سەرکۆماری کوردستان، لە لایەک بوو بە هۆی پێشگری لە کوشتار و دەست درێژی بۆ سەر کۆمەڵانی خەڵکی کورد، وەک ئەرتەشی ئێران لە ئازەربایجان کردی، بەڵام لە لایەکی تر بوو بە هۆی لە داردانی پێشەواو هاورێکانی و ئیعدامی ئەفسەرانی سوپای میللی کوردستان لە مەهاباد و سەقز و بۆکان. لە سەر شەڕ نەکردن و خۆ بەدەستەوەدانی پێشەو قازی محەممەد گەلێک شت نووسراوەو بیروڕای جیاواز هاتوونە بڵاوکردن. روون کردنەوەی بابەتی ئەم رووداوە و بڕیاری پێشەوا بەلای منەوە هێشتا پێویستی بە شیکردنەوەی زیاتر هەیە و لە نێو رووناکبیرانی دڵسۆز و خاوەن بیروڕا ئەم مەسەلەیە جێگای دم بە دمەو پرس و بەرسیڤە. ئەم ئەرکە بە بۆچوونی من دەکەوێتە سەرشانی مێژوو نووسانی زاناو دوورلە بەستراوەیی حیزب و رێکخراوی سیاسی. شیکردنەوەی ئەم مەسەلەیە زۆر پێویستە کە داخوا لە گەڵ بەربەرەکانی کۆماری کوردستان و رۆیشتنی پێشەوا، بارودۆخی نێونەتەوەیی بۆ مانەوەو سەقامگرتوویی کۆماریَ کوردی لە کوردستانی ئێران لە بار بوو.؟ داخوا شەڕی ساردی نێوان دووبلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا کە تازە دەست پێکرابوو، لە وانەبوو لەم هەرێمە نەوتەڵانیەی رۆژهەڵاتی نێوەراستدا پارسەنگی بەلای مانەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردا قورس ببێت.؟ یا ئەگەر کۆماری کوردستان بەربەرەکانی کردبایە، ئەم لەشکرە بێ ورەیە و لەق و لۆقەی ئێران دەیتوانی وابەهاسانی بەسەر هێزی فیداکاری کۆماردا زاڵ بێت و کوردستان داگیر بکاتەوە.؟ باوەڵامی ئەو پرسیارە بۆ مێژوونووسانی شارەزاو لێکۆڵەر بەجێ بێڵین. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەکریَ بێژین پێشەواقازی محەممەد سەرکردەیێک نەبوو کە بۆ رزگاری گیانی خۆی میللەتەکەی لە تەنگانەدا

بەجێ بێڵێ و خۆی دەرباز بکات. «..... لە سەرداوەتی بەرپرسان حیزب،دەستەیەک لە نیزامیەکان کۆبوونەوە لە بارەی رۆیشتن بۆ عیراق و یا بۆ سۆفێت راوێژو وتووویژبکەن. ئەوان خۆیان بۆ رۆیشتن ئامادە دەکرد. رۆژی ٢٤ی دیسامبر چوونە ماڵی قازی تا داوای لێ بکەن لە گەڵ ئەوان لە شاری وەدەر کەوێ. قازی پێشنیاری ئەوانی قەبوڵ نەکردو گوتی:«.. هەرچی دەتانەوێ لە گەڵ خۆتان هەڵیگرن و بیبەن. من لە گەڵ خەڵکی مەهاباد دەمێنمەوە، چونکە سوێندم خواردوە لە گەڵ ئەوان بم و پارێزگاری یان لێ بکەم. حکوومەتی ناوەندی بەقین وتوڕەیی دەگەڕێتەوە. ئەگەرمن بگرێ قینی خۆی بەمن دەرێژێ و دەست لە خەڵک نادات. بۆ ئەوەی خەڵکی شار تووشی زەرەرو زیان نەبن، من ناچارم بمێنمەوە» (١)

تێکچوونی کۆماری ساوای کوردستان و لە داردانی پێشەوا و هاوڕێکانی قین و بێزاری و نەفرەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە حکوومەتی داگێرکەری تاران توندو تیژتر دەکات. بوونی بارزانیەکان لە ناوچە کە هێزی سەرەکی پاراستنی کۆماری کوردستان بوون، هێشتا وڕەی خەڵک بەرزرادەگرێ. حکوومەتی ئێرانیش لە سەر بوونی بارزانیەکان حیساب دەکا و هەتا بارزانی نەمرنەچێ بۆتاران، دەست لە پێشەواو لە رێبەرانی حیزبی دیموکرات نادات. وەک دەزانین ئەرتەشی ئێران رۆژی ١٧ی مانگی دیسامبری ١٩٤٦دەگاتەوە مەهاباد. رۆژی٢٠ی دیسامبر مەلامستەفا چاوی بە سەرلەشکر هومایونی دەکەوێ. ناوبراو پێشنیاردەکات کە مەلامستەفا بچێتە تاران و لە گەڵ بەرپرسانی ئێرانی مەسەلەی خۆی باس بکات و لە گەڵ باڵیۆزخانەی بەریتانیاش پێوەندی بگرێ. «..... ئەودەم بارزانیەکان کلیلی چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە بوون کە عەشیرەتە کوردەکان چەک بکرێن، یا شەڕیان لە گەڵ بکرێ.»(٢)

مەلامستەفا پێشنیاری سەرلەشکرهومایونی قەبوڵ دەکا و رۆژی ٢١ی دیسامبر لە گەڵ میرحاج وعیزەت عبدالعەزیز و نوری ئەحمەدتەها دێتە مەهاباد ولەگەڵ سەرهەنگ غەفاری بەرو تاران دەکەوێتە رێ . پاش رۆیشتنی مەلامستەفا بۆتاران ئەرتەش ئەم بەیاننامەی خوارەوە بڵاو دەکاتەوە:

www.kerimhisami.com

ئاگاداری :

«... پێویستە بەتەواوی سەرۆک عەشیرەت و تایفەکانی کوردستان رابگەیێنین کە ریزدار مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ هێندێ لەسەرکردەکانی خۆی٢٩ی سەرماوەزی ١٣٢٥ هاتە مەهاباد وگوێرایەکی وفەرمانبەرداری خۆی راگەیاند ولەدەوڵەتی شاهەنشاهی داوای پەنابەری سیاسی کرد. ناوبراوخۆی وتایفەکەی لەژێر ئاسایشی دەوڵەتی شاهەنشاگی دا دەبن وسوپاش خەریکی زنجیرەیەک کاری پێویست دەبێ بەنیازی ئاسایش وژیانی داهاتووی ئەوان ولەهەموو دەست درێژی یەک دەپارێزرێن. سەرکردایەتی سوپای کوردستان.»(٣)١٧

دوای رۆیشتنی مەلامستەفا بۆ تاران سەرلەشکر هومایونی فەرمانی گرتنی پێشەواو رێبەرانی حیزب و حکومەتی میللی کوردستان دەداو دەگیرێن.

« کاربەدەستانی نیزامی ئێران بۆ نەهێشتن و پاک کردنەوەی شوێنەواری رێژیمی قازی محەممەد بەرنامەیەکیان بەرێوە برد. چاپخانەی کوردی یان داخست. خویندن و نووسین بەزمانی کوردی قەدەخەکرا، کتێبە کوردی یەکان لە بەرچاوی خەلک سووتێنران. دەوڵەت بۆ ئەوەی بە عەشیرەتە کوردەکان نیشان بدا کە لە کاری خۆیدا شێلگیرە، یازدە کەسی لە سەرانی دەرەجەدووی عەشیرەتی فەیزولابەگی گەورکی سەقەز ئیعدام کرد.»(٤)

ئیعدامکراوەکانی سەقزبریتی بوون لە: «...ئەحمەدخانی فاروقی، حەمەخانی دانشوەر، عبداللەخانی مەتین، ئەحمەدخانی شەجیعی، حەمەبەگی بابەخان بەگ، شێخ ئەمینی کەسنەزان، شێخ سەدیقی ئەسعەدی، عەلیاغای جەوانمەردی، رەسولاغای جەوانمەردی، عەلی فاتحی جهانگیری، حوسێنخانی جەلالی کانی نیاز» لەبۆکانیش عەلی بەگی شیرزادیان ئیعدام کرد. لەمەهابادیش چوار ئەفسەری نیشتمانپەروەری هێزی بەرگری کۆماری کوردستان ئیعدام کران

www.kerimhisami.com

کەبریتی بوون لە: «..رەسوڵی نەغەدەیی، محەممەدی نازمی، حەمیدی مازوچی، عبداللەروشنفکر.»

لەهەوڵی ژانویەی ١٩٤٧دادگای قازی محەممەدو هاورێکانی لە دادگای نیزامی لە سەربازخانەی مەهاباد بەنهێنی دەست پێدەکرێ. رێگا نادەن کە بە دڵخوازی خۆیان پارێزەر دیاری بکەن. دادگا ئەفسەرێک بەناوی سەروان شەریفی بۆ پارێزەری قازی یەکان دیاری دەکات. کاتی سازدانی دادگای قازی یەکان بارزانیەکان هێشتا لە کوردستان بوون. زۆربەی خەڵک و عەشیرەتەکان هێشتا چەکداربوون و دەوڵەت پێرانەگەیشتبوو چەک بستێنێتەوە. حکوومەت جارێ نەیدەویست فشارێکی زۆر لە دادگادا بۆ قازی یەکان بێنێ. لە ٢٩ی فێبرالی ١٩٤٧ فەرماندەی لەشکری کوردستان زۆربەی مەلاو گەورەپیاوانی کوردستان وسەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگی کوردی دەباتە تاران بۆکن شا. هەرکەسەش بە گوێرەی پایەی کۆمەلایەتی و نوکەریی و خۆفرۆشیی، دیاریی وەک ئەنگوستیلەی ئەڵماس وتفەنگ و میداڵ و نیشانی ئیفتخارو وەکاز و فەرمانی قەزاوەت لە دەستی حەمەرەزاشاوەردەگرن.

« ... دادکردنی سەرۆکانی کۆماری کوردستان بێگومان یەک لە دادگا هەرە سەیر و سەرنج راکێشی سیاسی یە کە لە مێژووی سەردەمی ئێراندابێهاوتابوە. لە بەرانبەر بەڵگەی بڕواپێکراوی دادگادائەوەی تاوانبارکراوەکان نیشانیان دەدا، تەنیا بەڵێن و بڕیار و نامەو وتە و بەیاننامەکانی قوام السلطنەی سەرۆک وەزیر بوو. سەدری قازی کە ئەو هەموو بڕوایەی بە بەڵێنی سەرۆک وەزیر هەبوو، لە ئاخرین کاتیشدا هەرهیوای وابوو کە قوام السلطنە بە وادەو بەڵێنی خۆی وەفادار بێ. هەر ئەو کەسەی کە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥(١٩٤٦/١٢/٧)لە مزگەوتی هەباساغا لەمەهاباد گوتبووی:«... دەوڵەتی ئێران قەت لە توانای دانیە لە دوو جەبهەی ئازەربایجان و کوردستان شەڕ بکات. ئێمە لە گەڵ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان باش دەتوانین هێزەکانی دەوڵەتیی لە بەریەک بڵاو بکەین. قەت نابێ بترسین.» کۆبوونەوەکانی دادگا زۆربەیان تا ١٨سەعات درێژەیان دەکێشا ببوە

مەیدانی دیفاع و رووکردنی نهێنی یەکان. دامەزراندنی کۆماری کوردستان، لە بەرکردنی لیباسی ژەنراڵی، سەر کۆماریی کوردستان، گۆڕینی ئاڵای میللی ئێران و لابردنی شێروخورشید، سەفەری سەرۆکانی حیزب بۆ باکۆ، دیدار لە گەڵ ژەنراڵانی بێگانە، کوشتنی ئەفسەر و سەربازانی ئەرتەشی ئێران، بەڵێنی دانی ئیمتیازی نەوت بە پێی ٥١و٤٩ بە دەولەتانی بێگانە، ئاخرەکەشی بەڵگەو روونووسی وتاری تاوانبار کراوەکان لە سەردەمی دەسەڵاتیاندا، ئەوانە هەموو بەڵگەی گرنگی بەرگری لێنەکراو بوون کە دادگا دەیتوانی بە هاسانی دژی ئەوان بڕیاربدات» (٥)

پێشەواله بەرانبەر ئیدیعانامەی دادستان دا،١٤سەعات دیفاع دەکاو هەموو تاوانەکان رەت دەکاتەوە و بەرپرسی هەموو رووداوەکان وەئەستۆ ی خۆدەگرێ و دەڵێ :« لە ساڵی ١٩٤١ دوە حکوومەتی تاران دەسەڵاتی بەسەر کوردستاندا نەماوە. بۆ ئەوەی لەم مەڵبەندە نەبێتە هەرکەس هەرکەس، بەیارمەتی سۆفێت حکومەتێک دامەزراوە کە ئاواتی لە مێژینەی گەلی کورد بوە. هەر وەک دەسەڵاتە مەزنەکان هەرچی ویستوویانە لە تاران کردوویانە .»(٦)

رۆژی ٢٣ی ژانویە پاش ٧٢سەعات دادگای نیزامی هەرسێک نیشتمانپەروەری کورد بە مەرگ مەحکوم دەکات. بەڵام پەروەندەکەیان دەچێتەتاران. ئەو هومێدەش هەر دەبێ کە قازیەکان بۆ دادگای چاو ڕێخشاندنەوە بەرنە تاران ولە وێ دادگایی بکرێن. بەڵام بەپێچەوانە لە تەورێزەوە چەند ئەفسەر دەنێرنە مەهاباد وئەوانیش حوکمی دادگا پشت راست دەکەنەوە و پەروەندەکەیان دەنێرنەتاران. لە تاران ئیجرای حوکم وەدوا دەخرێ. «.... لە فیوریەی ١٩٤٧ ژەنراڵ رەزمارا چوە مەهاباد. بەڵگەی ئەوتۆم بەدەستەوە بوو کە لێم یەقین بێت مەئموریەتی زیرەوانی بە سەر ئیعدامی برایانی قازی دا بەو سپێردراوە.» (٧)

لە ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ فەرمانی راپەراندنی حوکمی ئیعدام دەدرێ بە دادگای نیزامی مەهاباد. « لە گەڵکوو دەستوری ئەنجامی حوکمی دادگا گەیشتە فەرمانداری نیزامی مەهاباد بڕیاردرا بۆ پێشگری لە هەموو پێشهاتێک یەکەم

www.kermhisami.com

دەبێ هەر ئەو شەوە کە خەڵکی مەهاباد لە خەودان و حکوومەتی نیزامی ڕێگانادا کەس لە ماڵ بێتەدەر حوکمی دادگا بەڕێوەبچێ. دووەم دەبێ ئەرتەش و مەئمورەکان ئیحتیاتی پێویست بکەن. لە لایەکی تر هەیئەتی دادگا کاری خۆی تەواو کردوە دەبێ بۆ تەوریز بگەڕێتەوە. فەرمانداری نیزامی و هێزی ئەمنیەت پێشەکی خۆیان ئامادە کردبوو. تەواوی دەورو بەری مەیدان و شەقامەکان بە سەربازی شەست تیر بە دەست ئاخنرا بوون. شەوی ٣١ی مارس هەرسێک قازی دوای بەڕێوە چوونی تەشریفاتی مەزهەبی لە سێدارە دران.»(٨)

بارزانیەکان و چارەنووسیان

بەر لە ڕۆیشتن بۆ تاران سەرۆک بارزانی بریاری دابوو کە ژنو منداڵ و پیرو پەک کەوتەی بارزانیەکان لە گەڵ شێخ ئەحمەدی ڕەحمەتی بچنە شنۆو چەکدارەکانیش لە نەغەدە و لاجانی مامەشان بمێننەوە و چاوەڕوانی هاتنەوەی بارزانی بن.

خەڵکی ناوچەی لاجان و سندوس و شنۆ ئەوەی لە توانایان دا دەبێ بۆ میوانداری و یارمەتی بارزانیەکان دەست ناگێڕنەوەو دریخی ناکەن. خەڵک ڕۆچنەیەکی هیواو هومێد لە بوونی بارزانیەکاندا بەدی دەکات. لە تاران پێشنیار بە مەلامستەفا دەکرێ کە بارزانیەکان دەتوانن لە ناوچەی هەمەدان لە بنارەکانی چیای ئەلوەند نیشتە جێ بن و تاشەش مانگانیش دەوڵەت بەخێویان دەکات. بارزانی موافەقەتی خۆی بە مەرجی پرسکردن بە شێخ ئەحمەد ڕادەگەیێنێ. بارزانی ٢٩ی ژانویەی ١٩٤٧ دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان. دوای گەڕانەوەی کە سەرهەنگ غەفاریش بۆ وەرگرتنەوەی وەڵام لە گەڵی دەبێ، شێخ ئەحمەد دەڵێ: «..هەرچەندە لە چارەنووسی خۆمان دڵنیا نین، بەڵام ئەگەر بەهاردابێ و ڕێ وبان بکرێنەوە، دەچینەوە وڵاتی خۆمان.»

ژەنراڵ هومایونی دژی ئەم وەڵامەیەو ٣ شەرتیان بۆدادەنێ. یەکەم بێ وەستان

له ئێران دەرکەون و بۆ عیراق بگەڕێنەوە. دووەم ئەگەر دەیانەوێ تا بەهار لە ئێران بمێننەوە، دەبێ ئەوچەک و قۆرخانەی هەیانە بیدەنەوە بە دەوڵەتی ئێران. سێ یەم ئەگەر ئەوانە قبوڵ نەکەن، لە گەڵ ئەرتەشی ئێران بەرەو روو دەبن.

دیارە بارزانیەکان نەیان دەتوانی مەرجی یەکەم و دووەمی ژەنراڵ هومایونی قەبوڵ بکەن. بەم زستانە نە دەرباز دەبوون و نە دەیانتوانی چەک بدەنەوە و بە هیوای بەڵێن و بڕیاری عەجەمان دەستی خۆیان ببەستن. بەم جۆرە شەڕێکی نابەرانبەر و زاڵمانەیان بە سەردا دەسەپێنرێ و تووشی شەڕدەبن. حکومەتی ئێران بۆ شەڕی دژی بارزانیەکان کە ژن و منداڵ و پیرەمێردی پەک کەوتوویان بەستۆوە ببو بێ جێ و مەکان لە گوندان و لە سەر ماڵان دەحاوانەوە. بێجگە لە هێزی ئەرتەشی ئاغاو دەرەبەگی کوردیشی چەکدار کردبوون و بۆشەڕ وەپێش لەشکری دەدان. ئەوانیش چەکیان بەسەر رەعیەت و مسکێن دادەبڕی ودەیان بردن دژی بارزانیان شەڕیان پێبکەن. سەیری گەمەی زەمانەکە.! ئەو زەحمەتکێشانەی کە بە شانازی و دڵخوازی خۆیان دەهاتن لە ریزی پێشمەرگەی کوردستاندا ناوی خۆیان دەنووسی و بەدڵ لە رێگای پاراستنی کۆماری کوردستاندا فیداکاری یان دەکرد، ئێستا بەزۆری چەکیان پێ هەڵدەگرن کە دژی هێزێکی ئازادیخوازی کوردو پشتیوانی کۆماری کوردستان شەڕیان پێ بکەن. بەڵام نیشتمانپەروەرانی کورد بێجگە لە چەند ئاغایەکی مەنگوڕ وهێندێ مامەشی تایفەی حەمەداغا، نەک هەرخۆیان لە بارزانیان راست نەدەهێنا، بەلکوو لە بنەوەڕا خەبەریشیان بۆ دەناردن و نەخشەو رێبازی دوژمنیان پێ ڕادەگەیاندن. باچەند نموونەی زیندوو بۆ مانەوە لە مێژوودا باس بکەین:

سمایل ئاغای کوڕی حاجی حەمەداغای شێخالی بەچەند سوارێکەوە لە گەڵ گورهانێک سەرباز دەینێرنە کوندی (ئارنە)ی سندووسی بەو شەرتە تاریک ورووونی بەیانی گوندی قەڵاتان وجاشێران پەلامار بدەن کە بارزانی تێدابوون. سمایلاغا سەرلە ئێوارێ بە نهێنی پیاوێکی دەنێرێتە کن حەمەداغای مێرگەسووری لە گوندی قەڵاتان و نەخشەی دوژمنیان پێ ڕادەگەیێنێ. بارزانی لە نیوە شەودا بەرلەوەی

عەجەم وەخۆکەون بە سەریان دادەدن. ئیتر سمایلاغا و سەرباز تەنیا خۆ دەربازکردنیان پێ دەمێنێ و زۆریشیان لێ دەکوژرێن. رۆژی دوای سمایلاغا دەگرن چەکی دەکەن و ماوەیەکی زۆریش زیندانی دەکەن .

وسیناغای عەلیارلە گەڵ پۆلێک سەرباز و چەند سوارێکی کورد دەنێرنە گوندی (پێبەجگی) بەو خەیاڵە کە تاریک و روونی بەیانی گوندی (دەربەند) پەلاماربدەن کە بارزانی تێدابوون. شەو موسوڵمانێکی گوندی خەبەریان بۆ دەبا چەند بارزانی بە نێو قوڵایی جۆگەی چیانەدا بەرەوگوندی(پێبەجگ) دێنە پێشیان و لە پڕ لێیان رادەبن. ئیتر بێدەستکردنەوە بەرەو پاش دەگەڕێنەوەو خۆ دەگەیێننەوە نەغەدە. لە نەغەدە فەرماندەی لەشکر لە وسیناغا دردۆنگ دەبێ، چەکی دەکا و دەینێرێتەوە.

دەپازدە نیشتمانپەروەری خەڵکی ناوچەی شامات لەگەڵ ئەفسەرێک وگورهانێک سەرباز دەنێرنە گوندی(حەڵب وکۆیکان) شەو بارزانی بەسەریان دادەدەن. هێندێکیان لێ دەکوژرێن و ئەفسەرەکە بریندار دەبێ دەیدەن بە کوردەکانی شاماتی کە بیگەیێننەوە نەغەدە. بەلام ئەوان لاشەی بێگیان بەمردوویی دەدەنەوە بە فەرماندەی ئەرتەش لە نەغەدە. ئیترهەموویان چەک دەکەن و دەیان نێرنەوە..

وسێنی کاعەیزی مەنگوڕ، ئاغای گوندی دێبۆکری، لە گەڵ پۆلێک سەرباز دەنێرن کە بە رێگای مەیدان بەڵەکدا بۆ ناوچەی لاجانی مامەشان بچن. بارزانی لە گوندی لکبن و کەڵەکۆکە دەبن،. کاوسێن خەبەریان بۆ دەنێرێ و رۆژو کاتی حەرەکەتی ئەرتەشیان لێ مەعلوم دەکات. بارزانی لە سەر بستووی مەیدان بەڵەکێ خۆیان لێ دەبۆسە دەنێن و لە پڕ لێ یان رادەپەڕن و کوشتارێکی باشیان لێ دەکەن. فەرماندەی گورهان کاوسێن دەگرێ و پاش لێدان و سووکایەتی پێکردن دەینێرێتە مەهاباد و لەوێ زیندانی دەکەن.

سێمان بەگی دەرگەڵەی بە دەسکیسی کاک مامەندی کولیچی لە گوندی قارنێ بە سەر پێگەیەکی لەشکری عەجەمان دادەدا، پەنجاکەسیان لێدەکوژرێ و زۆریش بە دیل دەگیرێن.

قارەمانەتی بارزانی یەکان لە ساردو سەرمای زستان دا، بەبێ کەرستەو بژیوی

www.kerimhisami.com

ژیان و ماڵ و منداڵ و خێزانێکی زۆر بە کوڵەوە، بۆیە دەبێ کتێبی لەسەر بنووسرێن و بەداستان بیگێرنەوە.

ساڵی ١٩٤٧ڕاستە کە گوڵی هیواو ئاواتی کورد سیس ووشک ببوو، پێشەواو یارانی لە سێدارە درابوون و بە قەولی شاعیر(ئەوساڵ بەهارمان لێ بوو بەزستان)، بەڵام بەربەرەکانی و خۆڕاگری بارزانیەکان بە سەرۆکایەتی بارزانی مستەفا، دژی لەشکری سێ حکوومەتی داگیرکەری تورک وئێران وعیراق تێن و هیوایەک دەخاتە دڵ و دەروونی خەڵک . دەنگوباسی شەر لە نێو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە و چەند ئەوەندە زیاتری پێوە دەنێن و حەماسەی لێ دەخولقێنن. حکوومەتی عەجەمیش جارێ زۆر فشار بۆ خەڵک ناهێنێ، بێجگە لە هێندێ ڕێبەرانی حیزب و حکوومەتی میللی کوردستان خەڵکی دیکە جارێ زۆر تووشی ڕاونان و گرتن نابن.

هێندێ لەو دەرەبەگ و خاوەن مڵکانەی کە سەردەمی کۆماری کوردستان بۆ دژایەتی کردنی بزووتنەوەی کورد ڕادەکەن و دەچنە نێو لەشکری تاران و لە گەڵ ئەو دەگەڕێنەوە، دەست دەکەن بە ئازاردان وجەریمە کردن ودەرکردنی ئەوکەسانەی کە لەحیزبی دیموکرات و لە تێکۆشاندا چالاک بوون و یا ئەو پێشمەرگانەی دوای تێکچوونی کۆمار گەڕابوونەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان. هێندێ لەو دەرەبەگانە چەک و دەرەجەی سەرهەنگی و سەروانی ئیفتیخاری ئەرتەشی وەردەگرن و بێ شەرمانە شانازی پێوە دەکەن.

شەڕی نەڵۆس لە ناوچەی شنۆ کە سەرهەنگ کەلاشی تێدا دەکوژرێ و تەواوی سەربازەکانی بەدیل دەگیرێن، وڕەی ئەرتەشی ئێرانی بەجارێک لاوازدەکات. «....لەو سەرمای سەخت و ڕێبەندانداندا بارزانیەکان سەفەری خۆیان بەرەو نیشتمان دەست پێکرد. دوو حەوتوو دوای ڕۆیشتنیان لە نەغەدە دەوڵەتی ئێران عەشیرەتی هەرکی دەنگداکە پەلاماریان بدەن. چواردەی مانگی مارس ئەرتەشی ئێران هێرشی دژی بارزانیەکانی دەست پێکرد. لە پێک هەڵپڕژانی ڕۆژانەدا،زیانی ئەرتەش زۆر لەوە پتربوو کە وەئەوان دەکەوت. هێزی هەوایی ئێران لە کاتێکا

www.kerimhisami.com

بارزانیەکان گەیشتبوونە لێواری سنووری ئێران و ڕێگای خۆیان درێژە پێدەدا، ئەوپەری تێکۆشانی خۆی بەکار دەهێنا.»(٩)

بەربەرەکانی قارەمانانەی بارزانیەکان و بێکارەیی ئەرتەشی پوشالی ئێران حەمەرەزاشا تورە دەکاو لە ١٩٤٧/٣/٢٠ ئەم فەرمانەی خوارەوەی بۆ فەرماندەی لەشکری ٤ و ئەفسەرانی ئەرتەشی ئێران لە کوردستان دەردەکا:

«....ئێوە هەرچەندە هێزی تەواویشتان هەیە کەچی دیسان لە شەڕکردن دڕدۆنگن. بەو جۆرەی چاوەڕوان دەکرا هێزەکانتان بۆ خاشە بڕکردنی بارزانیەکان هەنگاوی کاریگەریان نەهاویشتوە. ئاگاداری بارزانی یەکان لە سەر وەزعی ئێوە زۆرباش بوە. لە هەر شوێنێ کە زانیویانە هێزی ئێوە لاوازە، پەلاماریان داوەو سەرکەوتنیان وەدەستهێناوە. لەو شوێنانەی کە هێزی ئێوە قەوی بوە، پاشەکشەیان کردوە. بارزانی یەکان بە دووتۆپ توانیویانە نەلۆس و دەوروبەری نەغەدە تۆپ باران بکەن و تەنانەت تۆپێکی ئێوەش لە کاربخەن. لە بەرئەوە پێویستە ئەم کارەساتە ببێتە پەندێک بۆئێوە و جێگای ئەو غەلەتانە پڕکەنەوە کە لە کارەساتی قارنە و نەلۆس داروویان داوە. پێویستە ئەم دەستورانەی خوارەوە بەجێ بگەیێن:

١ - هیچ پادگانێک کەمترلە گوردان سەربازی لێ نەبێ.

ب - بە فرۆکە تەواوی پێگەو ڕێبازی کۆچ و کۆچباری ماڵی بارزانیان و هەروەها تۆپخانەکەیان بۆمباران بکەن.

ج - لە ڕێگای عەشیرەتانی باوەڕپێکراو، هەمیشە ئاگاداری لە سەر وەزعی بارزانیەکان کۆ بکەنەوە.

د - دەبێ تا ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ شەڕکۆتایی بێت و کارێکی وابکەن کە بارزانیەکان نەتوانن دەرباز بن و لەوە زیاتر ئابرووی ئەرتەش نەچێ.

هـ - ئاغاکانی مەنگوڕ و مامەش و دێبۆکری کە تووشی زەرەر و زیان بوون، دڵخۆشیان بدەنەوە و مەهێڵن بەو خەسار و زیانە دڵسارد بن و سەریان لێ بشێوێ.

و - بە تایبەت پێویستە بە شەو زۆر وریابن و زۆر بە توندی ئاگاتان لە داڵان و

کۆلان و شوێنی هاتوو چۆ هەبێ. چونکە بارزانیەکان بۆ کەلک وەرگرتن لە وەزعی زەوی زۆر کارامەن و لە کەند و کۆسپی سروشتی زەوی ئەو پەڕی کەلک وەردەگرن.»

ز – سێ فەرماندەی ستون بۆ عەمەلیاتی خۆتان دیاری بکەن. یەک لە باکور لە ناوچەی مەرگەوەر. یەک لە گەلی قاسملو و دەوەری. یەکیش لە ناوچەی نەغەدە وسۆفیان کە عەمەلیاتی ستونەکان ڕێکوپێک و ڕێنوێنی بکەن. » (١٠)

بە دوای ئەم فەرمانەی شاهانەدا بۆمبارانی بارزانیەکان و ژن و منداڵی بێ دیفاع و بێ تاوان بە چەشنێکی وەحشیانە دەست پێدەکرێ. «٢٤ی مانگی مارس بارزانیەکان هێزێکی ئەرتەشیان پەلاماردا. لەو هێرشەدا ستوان امامی و١٣ سەربازدەکوژرێن. ستوان جهانبانی(کوری ژەنراڵ جهانبانی)لە گەڵ ١٥سەرباز بەدیل دەگیرێن. ئەرتەشی زراو چوو پەلاماری دەست پێدەکاتەوە، دیسان ئەفسەرێک و٧ سەرباز دەکوژرێن. لەشکری ئێران لە جیاتی هێرش و پەلامار حاڵەتی دیفاع بەخۆوە دەگرێ. شا سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران رەزمارا دەنێرێتە ورمێ و٣٠٠ نیوپهلەوی ئاڵتون و١٩٨میدالی ئازەرئابادەگان و٢٢٠میدالی زێوی ئازایەتی بۆ ئەفسەران و سەرۆک عەشیرەتە خۆفرۆشەکان دەنێرێ.

«... دوای گەرانەوەی سەرۆکی ستاد بۆ تاران گەلاڵەو نەخشەیەکی پێشنیاری بە دەست تێوەردانێکی شا بەم جۆرەی خوارەوە پەسند دەکرێ.

ئەلف –١ لە باکور لە ناوچەی مەرگەوەڕ (نرکی – زرکا) هێزەکانی ژێر فەرماندەیی سەرهەنگ سەردادوەر دەبێ لە بەرگری دابن و لە بەرزاییەکان بورجی زێرەوانی دروست بکەن تا دوژمن نەتوانێ رۆژئاوای ئەوان پەلاماربدا. هێزی سوارەش لە نرکی و لە سیلوانا جێگربن.

٢ –لە ناوچەی باراندوزچایی، ستونی سەرهەنگ فولادوەند بەرزاییەکانی گرگل و دەشتەبێل و قولقولەو بەردە زەرد بگرێ و لە گەڵ ستونی مەرگەوەڕ پێوەندی بەرقەرار بکات.

٣ – ستونی گەلی قاسملو بەفەرماندەیی سەرهەنگ نیساری هەروا

هەڵوێستی دیفاع و بەرگری بپارێزێ.

٤ – ستونی سەرهەنگ مظفری لە شەیتاناوا، دوای گرتنی دەربەند لە هەڵوێستی بەرگری دابێ.

ب – ١ ستونی سەرهەنگ مەجیدی چیای پادار بگرێ.

٢ – ستونی سەرهەنگ ئەنساری بەرزاییەکانی چواربۆت و ستونی سەرهەنگ غەفاری سۆفیان و نەلۆس بگرن.»

پاش ئەو هەموو تەرتیبات و دانانی نەخشە و پلانە، رۆژی یەکی ئەپریلی ١٩٤٧ هێزەکانی ئەرتەشی ئێران کە دژی هێزی ئازادیخواز و قارەمان و ئاوارە و لێقەوماو و سەدان ژن و زارۆک و پیرو پاتاڵ بە کۆڵەوە ، جاڕدرابوون، بەمجۆرەی خوارەوە بوە :

«–١ –ورهانێک لە گوردانی ئیسفەهان لە سیلڤانا

٢ – هەنگی سواری فەوزیە و دوو تانگ لە زرکا(بەفەرماندەیی سەرهەنگ پورتەوی)

٣ – دوو گوردان پیادە بە تۆپێک و گورهانێک خومپارە و تانگێک لە نرکێ(بە فەرماندەیی سەرهەنگ ٢سەردادوەر)

هەر سێک ستون لە ژێر چاوەدێری راستەوخۆی سەرهەنگ نیساری دا

٤ – گوردانێک پیادە، دەستەیەک تۆپخانە، دەستەیەک خومپارە، لە بەرزاییەکانی سەدیق و نەرەلەر (بەفەرماندەیی سەرهەنگ فولادوەند.)

٥ – گوردانێک پیادە، دەستەیەک تۆپخانە، دەستەیەک خومپارە و تانگێک لە زارگەلی قاسملو(بە فەرماندەیی سەروان پاشایی)

٦ – هەنگی سواری کوردستان، تۆپێک، دەستەیەک خومپارە و تانگێک لە شەیتاناوا(بەفەرماندەیی سەرهەنگ مظفری)

٧ – گوردانێک پیادە، دەستەیەک تۆپخانە لە وەزنە و خان تاوس(بە فەرماندەیی سەرگورد کەبیری)

٨ – گوردانێک پیادە و دەستەیەک تۆپخانە لە قەلاجوغە و خنخنە (بە

www.kerimhisami.com

فەرماندەیی سەرگورد زریپوش)

٩- گوردانێک پیادە، دەستەیەک خومپارە، دەستەیەک تۆپخانە لە نەغەدە (بە فەرماندەیی سەرهەنگ مەجیدی)

١٠- دوو گوردان پیادە، و شەست تیر لە نەغەدە (بە فەرماندەیی سەرگورد موحسنی)

١١ - دەستەیەک تۆپی ١٠٥ی درێژ و دەستەیەک تۆپی ١٠٥ی کورت و دوو تانگ لە نەغەدە.

١٢ - گروهانێک پیادە لە قارنێ

١٣ - دوو گروهان پیادە، دوو دەستە شەست تیر، دوو تانگ، لە بەرزاییەکانی چواربۆت(بە فەرماندەیی سەرگورد مساوات)

١٤ - گوردانێک پیادە لە گەڵ گروهانێک سوار و دوو تانگ و دەستەیەکی تۆپخانەی ١٠٥ی کورت لە سۆفیان(بە فەرماندەیی سەرهەنگ ئەنساری)

١٥ - ٢٥٠ تفەنگچی مەنگور بە سەرپەرستی(ستوان دووەم نوبەهار)لە جەڵدیان ئەو مەنگورانە دەبنەپ یشقەرەولی ئەرتەش و بەرەو گوندی سینگان دەکەونەرێ. پێش ئەوەی بگەنە سسینگان، لە گوندی نەرزیوێ بارزانی لێی یان رادەپەرن، ١٣کەسیان لێ دەکوژرێ و ئەوانی دیکەش بەراکردن دەرباز دەبن.

١٦ - دوو گروهان پیادە و گروهانێک تۆپی ٣٧ لە ورمێ (بەفەرماندەیی سەرگورد دولو)

کۆمەڵێک چەکدار لە دەورو بەری ستونگەلی ناوبراو بۆ یارمەتی ٧ فرۆکەی هایند وتاگرموس .. » (١٠)

لێ وردبوونەوە لە جارِدانی ئەو هەموو تواناو هێزی هەوایی و زەمینی و تۆپخانە و چەکداری غەیرە نیزامی بۆسەر ١٥٠٠ بارزانی بێ دەرەتان وبێ پەناگا، مرۆڤ دەگێرێتەوە بۆ شیکردنەوەی ئەم مەسەلەیە کە داخوا کۆماری کوردستان بەو سوپاو پێشمەرگەو هێزی قارەمانی بارزانی و پشتیوانی و فیداکاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردیشەوە، نەیدەتوانی لە بەرانبەر ئەرتەشی پوشاڵی حکوومەتی ئێراندا

www.kerimhisami.com

بەربەرەکانی بکاو مێژووی خەباتی گەلی کورد جۆرێکی دیکە هاتبا نووسین وباسکردن و لێکۆڵینەوە .؟!!

لەشکری ئێران سەرەرای ئەو هەموو ئیمکاناتە کە دەبینێ چاری بارزانیان ناکات، رۆژی ١٩ی مارسی ١٩٤٧ سەرلەشکرهومایونی لە حاجی ئۆمەران چاوی بە عەلی حجازی ئامیرهێزی لەشکری عیراق دەکەوێ داوای هاوکاری لێدەکات. ئامیرهێزی عیراق شوێنی پادگانەکانی خۆی لە بافتیان و مێرگەسور کە ١٥گوردان سەربازیان تێدایە بە هومایونی نیشان دەدا. هەروەها رادەگەیێنێ کە١٢فرۆکەی (ئان سن) لە فرۆکەخانە موسڵ و کەرکوک ئامادەن و لە کاتی پێویست دادێنە یارمەتیتان. سەیدعەلی حجازی شەپۆلی دەزگای بێسیم و سەعاتی کاریان بۆ راگرتنی پێوەندی دەدا بە سەرلەشکرهومایونی تا لێکتر ئاگاداربن.

هەرچەندە بارزانیەکان زۆرباش بەربەرەکانیان دەکرد، بەڵام پەلاماری توندو درندانەی ئەرتەش بۆمبارانی ١٢فرۆکە وڕەی ژن و مێرانی کزکردبوو. (١١) خوالێ خۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزانی لە ١٩٤٧/٤/٨نامەیەک بۆ سەرهەنگ نیساری فەرماندەی ستونی عملیاتی مەرگەوەر دەنووسێ تێ یدا دەڵێ: « «....فرۆکەکانی ئێوە بەپێچەوانەی یاسای نێونەتەوایەتی و ئینسانیەت و دیانەت هەموو رۆژێ پەلاماری ماڵ و خێلات و ژن و منداڵی ئێمە دەدەن. هەموو رۆژێ لێمان دەکوژرێ. داوادەکەین فرۆکەکانتان وازلە بۆمبارانی ئێمە بێنن»

بەڵام سەرهەنگ نیساری وەڵامی نامەی شێخ ئەحمەدی بەتوندکردنی بۆمباران دایەوە، لە وەڵامی نامەی شێخ ئەحمەد دا بۆی نوسیبووە:« پەلامار بە توندی درێژەی دەبێ .»(١٢)

فەرمانی حەمەرەزاشا نەیتوانی وڕەی ئەرتەشی شاهەنشاهی بەرزکاتەوە ولە هەموو ناوچەکانی شەڕ زەبری توندیان وێدەکەوت،

هەرچەندە بارزانیەکان کەوتبوونە گەمارۆی لەشکری سێ حکوومەتی دیکتاتۆری دوژمنی کورد و لە سنووری هەریەک لەم وڵاتانە لە هەموو لاوە دەکەوتنە بەر هێرشی تۆپخانە و بۆمبارانی فرۆکە .بەڵام لە لایەن خەڵکی بەشەرەف و

زەحمەتکێشانی فیداکارەوە بە دڵەوە پێشوازیان لێ دەکرا. «.... ئێمە لەو حەرەکاتی پارتیزانی یەی کە لەئێران و عیراق و تورکیا کردمان میللەتی کورد شعور و حسیات و ئیخلاسی نهێنی خۆی بە ئاشکرا نیشان داین کە ئەوەش لەو وەختانەی کە دێهاتی و رەئیسە وەتەنپەروەرەکانی کورد بە روحێکی زۆر پڕ ئیخلاس و برایەتی و صمیمیەت پێشوازی یان لێدەکردین وە بەرێ یان دەخستین وە لە فرمێسکی ژن و منداڵی کوردلە وەختی بەرێکەوتنماندا زۆر بەئاشکرائیخلاس و محبەتی کورد بۆمان مەعلوم دەبوو. لە هەموو ئەو رێگای سەخت و ناخۆشی چیاکانمان کە پێدا تێدەپەرین، میللەتی کورد بەبێ ئەوەی ئەهمیەتێک بداتە ترس و زوڵم و جنایەتی دوژمن بە هەزاران دێهاتی و رەئیس و گەورەی وەتەنپەروەر خۆیان و ماڵ و منداڵیان لە گەڵ ئەرزاق و نان و جل و بەرگی کە بۆیان مومکین دەبوو، بۆیان دەهێناین. وە لە ئەترافی ئەو رێگا سەختانەی کە پێداتێپەردەبووین پێشوازی یان لێدەکردین. وە لە پاش ئەوەی سلاوی میللەتی کوردیان پێ رادەگەیاندین ونان و ئەرزاق و جل و بەرگیان تەسلیم دەکردین، بە دەنگێکی بەرز هاواریان دەکرد : « «...بەسلامەتی برۆن، ئێوە بەخودا دەسپێرین. موفەقیەتی ئێوەمان دەوێت. لە وەختێکی زۆر نیزیکدا بۆ رزگاریمان چاوەرێتان دەکەین.» (١٣) بەڵێ ئەو قارەمانانە بەنێو ئەم میللەتە بەشەرەفەدا خۆیان لە ئابلوقە رزگارکرد و لە ١٥ی یونی ١٩٤٧ دوای شەرێکی خوێناوی لە ئاوی ئاراز پەرینەوە.
رۆژی ٢٧ی جۆزەردان(١٩٤٧/٦/١٧)رادیۆ بی.بی.سی. لە هەواڵێکدا رایگەیاند:« «....پاش شەڕێکی گەورە لە نێوان سوپای ئێران و کوردەکان لە سنووری روسیا. سەرکردەی کوردەکان ژەنرال بارزانی توانی لە گەڵ٨٧٠ کەس لە ئاوی ئاراز بپەڕێتەوەو بگاتە رووسیا .هەموو سەردارانی سەربازیی جیهان لەم کارە سەریان سوڕماوە.» (١٤) (سەرچاوەکانی دیکە هاورێیانی بارزانی بە ٥٠٠ کەس لەقەڵەم دەدەن،) دانەر.

هەواڵی پەڕینەوەی بارزانیەکان لە ئاراز و وەرگرتنیان لە لایەن دەوڵەتی ئەوسای سۆڤێتەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دوو لایەنی هەبوو. لە لایەک

www.kerimhisami.com

شادی بوو کە لەو ئابلوقە و شەڕ و ئاستەنگیە رزگاریان بوە و پەنادراون، لایەنێکی دیکە خەم وخەفەت بوو چونکە هومێد و هیوای بەرهەڵستکاریی حکومەتی ئێران لە گەڵ پەڕینەوەی ئەوان بەئاوی ئارازدا چوو. نەمانی بارزانیەکان لە مەیدانی خەبات و بەرهەڵستکاری دەستی ئەو دوو حکومەتەی لە جنایەت و زۆرداری دژی گەلی کورد بە جارێک والا کردەوە.

لە عیراق هەرچەند ماوەیەک بوو چوار ئەفسەری ئازادیخوازی کورد(عیزەت عبدالعزیز، مستەفا خۆشناو، محەممەد مەحمود قودسی و خەیروڵاعبدولکەریم) کە لە گەڵ سەرۆک بارزانی هاتبوونە کوردستانی ئەم دیو و لە سوپای کۆماری کوردستاندا چالاکانە بەشداریان کردبوو، دوای تێکچوونی کۆمار گەڕابوونەوە بۆ عیراق گیرابوون، حکومەتی عیراق تامانەوەی بارزانیەکان لە سنوورەکانی تورکیاو ئێران وعیراق، زاتی نەکردبوو ئیعدامیان بکات. بەڵام هەردوو رۆژ دوای بڵاو بوونەوەی خەبەری پەڕینەوەی بارزانیەکان لە چۆمی ئاراز، رۆژی ١٩/ژوئینی ١٩٤٧هەر چوار ئەفسەری ئازادیخوازی کورد لە بەغدا ئیعدام دەکرێن.

لە ئێرانیش دوای پەڕینەوەی بارزانیەکان لە ئاوی ئاراز ئەرتەش و ژاندارم لە خەڵکی وەخۆ دەکەون. دەست دەکرێ بەگرتن و راونانی ئازادیخوازان ، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە زۆڵە کوردەکان دەست نیشانیان دەکردن. راوو رووتی ژاندارمە لە گوندەکان بە بیانووی جۆربەجۆر لافاوی تورەیی و بێزاری خەڵکی پترلەحکوومەت دژی دەرەبەگ و ئاغایانی سەر بەحکوومەت دەخاتە رێ. داخ و کەسەری روخانی کۆماری کوردستان و ئیعدامی پێشەواو هاورێکانی بڵێسەی ئاگری خەبات لە ناخی ئازادیخوزاندا دەگەشێنێتەوە.

لە لایەکی تر هەرچەندە لە دنیا دەنگی دابۆوە کە مستەفابارزانی لە گەڵ ٥٠٠ کەسیتر لە ئاراز پەریوەتەوە و گەیوەتە خاکی سۆڤیت، بەڵام ترسی گەرانەوەی بارزانی دڵەراوکە دەخاتە هەناوی حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی ئێران و عیراق ولە نێو کۆمەڵانی خەڵکیشدا دەبێتە جێگای باس و هومێد بە دوا رۆژی خەبات. بێجگە لەوە لە بەڵگە نهێنی یەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی حکوومەتی بەریتانیا

دەردەکەوێ کە باڵیۆزخانە و مەئمورەکانی ئینگلستانیش لە مەسەلەی گەرانەوەی بارزانی خافڵ نەبوون. «... عەمەلیاتی دژ بە مەلامستەفا کە وەک بەشێک لە کاری ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێی ئازەربایجان، لە لایەن دەسەڵاتداریەتی ئێرانەوە بەرێوە چوو، پێشتربە کورتی باسکرا. سەرەڕای ترسێکی دایمی کە لە گەڕانەوەی بارزانیەکان و ئاژاوەنانەوەیان لە عیراقدا هەیە، وادیارە بارزانیەکان خۆیان لە ئەزموونی ئێران و ئەو زیانەی لە ئەرتەشی ئێرانیان دی، دەرسێکی باشیان وەرگرتبێ. بەشێکی بەرچاویان لە ١٩٤٧دا دەستیان کرد بەگەڕانەوە بۆ عیراق و ئەو نموونەیەی کە بۆ گەڕانەوەی بێ مەرج وشەرت دایانمەزراند لە لایەن ئەوکەسانەشەوە کە دواتر دەگەڕانەوە ڕەچاوکرا. دەسەڵاتداریەتی عیراق، بەرنامەیەکی وشیارانەی بۆگەڕانەوەی ئەوان پێکهێنابوو کە لێبووردنی بەدوا دادەهات و ئەو لێبوردنەش بەبێ ڕەخنەی ڕۆژنامەکانی بەغدا نەچوە سەر. وازانرا کە ژمارەیەکی زۆری چەک، لە سەرسنوور و پێش گەڕانەوەی پەنابەرەکان بە قاچاخ براون، یا لە کار خراون. نیزیکەی شەش هەزار پیاو و ژن و منداڵ لە گەڕانەوەدا خۆیان ناونووس کرد. چوار ئەفسەرەکەی ئەرتەشی عیراقیش تەسلیم بوون. ئینجادادگایی ولەنۆزدەهەمی مانگی جون دائیعدام کران.

١٩٤٨ : ١٦- بەدرێژایی پاشماوەی ساڵی ١٩٤٧وهەمووساڵی ١٩٤٨بارودۆخی کوردستانی عیراق هێمن بوو. چاوڕاو لە مەڕ گەڕانەوەی خێرای مەلامستەفا، زیاترلە سەرەتای ساڵدا دەبیسراو شانسی ئەوەی کە ڕەنگە مەلا لە سەر قالبوونی ئەرتەش بەشەڕو هەرای فەلەستینەوە کەلک وەرگرێ، نیگەرانی حکوومەتی زیاتردەکرد...هەر چۆنێک بێ حکوومەتی عیراق لە مانگی مایس دابەشێوەیەکی ڕاستەقینە، لە چاوو ڕاوی گەڕانەوەی زۆر زووی مەلا مستەفا ئاگادار کرایەوە بەڵام وادیاربوو ئەو هەواڵەش زەمینەیەکی نەبووبێ وساڵ بەبێ ترسی زیاترکۆتایی هات.

١٩٥٠: ١٨- لەنێوان مانگی ئاپریل وجون دا،داستانی پێوەندی گرتنی مەلامستەفا بە ژمارەیەکی زۆری سەرەک هۆزەکانەوە هەروەها بە قاچاغ هاتنی

www.kerimhisami.com

چەک لە ئێرانەوە بۆعیراق بلاو بۆوە. لە مانگی جولایدا هەواڵی ئەو حکایەتەش لەلایەن پۆلیسەوە گەیشت کە گوایە مەلامستەفا هەوڵی وەرگرتنی ئیجازەیداوە بۆتێپەڕبوون بەخاکی ئێراندا. راپۆرتەکە ئەوەشی لێ زیاد کرابوو کە پێی گوتراوە، خۆی و دەورو بەرەکەی دەبێ بەبێ چەک بچنەخاکی عیراقەوە بەلام ئەو مەرجەکەی قەبوڵ نەکردوە. گومانێکی کەم لەوەداهەیە کە مەلامستەفا پێوەندییەکی دایمی لە گەڵ دۆست و کەس وکاری خۆی لە عیراقدا هەبێت. بەلام خەیالات لەمەر گەڕانەوەی بۆ عیراق، گرنگایەتیەکی زیاتری لەسالانی پێشوونییە.» (١٥)

وەک دەبینین دوای پەڕینەوەی بارزانیەکان بەدرێژایی ٣ساڵیش دەوڵەتی بەریتانیاو حکوومەتە دەستنێژەکانی عیراق و ئێران گەڕانەوەی مستەفابارزانیان بۆ بۆتە گیرو گرفتێکی گرنگ و نەیانتوانیوەئەو مەسەلەیە لە بیرو کردەوەی خۆیان دوور خەنەوەو خەوی پێوە نەبینن.

پاش ئەوەی بارزانیەکان دەگەنە خاکی سۆڤێت لە١٩٤٧/٩/٢٩هەموو بارزانیەکان دەبەنە باکۆ ولە ئۆردوگایەک پێداویستی ژیان وخوێندن وفێربوونی مەشقی نیزامی یان بۆ ئامادە دەکەن. بارزانی نەمرکە نەیویستوە لەئاوارەیی و دەربەدەریشدا واز لە تێکۆشان بێنێ و بحەسێتەوە لە ١٩٤٨/١/١٩هەموو کوردەکانی عیراقی و ئێرانی کە ئەو دەم لە باکۆ دەژیان کۆ دەکاتەوەو رێکخراوێکی سیاسی پێک دێنێ. لەم کۆبوونەوەیەدا لە نێو کوردەکانی ئێران و عیراق ئەم کەسانەی خوارەوە بۆ رێبەرایەتی ئەم رێکخراوەیە هەڵدەبژێردرێن.

لەکوردستانی عیراق :

١ ــ مستەفا بارزانی سەرۆک

٢ ــ شێخ سلیمان بارزانی

٣ ــ عەلی محمد صدیق

٤ ــ میرحاج احمد عقراوی

٥ ــ سێمان بەگی دەرگەلی

٦ ــ عبدالرحمن مفتی

www.kerimhisami.com

٧ ـــ محمد نجيب بروارى

لەكوردستانى ئێران

٨ ـــ سەيد عەزيز سەيد عبدالله

٩ ـــ رەحيمى قازى

١٠ ـــ مستەفا شەلماشى

١١ ـــ حەسەن حسامى

١٢ ـــ رەحمان گەرميانى

١٣ ـــ سەيد كەريم ايوبى

١٤ ـــ كاك مراد   (دەبێ مراد رەزم ئاوەر بووبێ ـــ دانەر)

لە كۆبوونەوەدا بڕيار دەدەن كە لە راديۆى باكۆ ئازەربايجانى سۆڤيێتى ،بە زمانى كوردى وتار بلاو بكەنەوەو رۆژنامەيەكى كورديش دەربكەن. لەو كۆبوونەوەيەدا مەلامستەفا بە درێژى باسى رابردووى خەباتى دووروردرێژى كورد دەكا و بزووتنەوەكانى هەموو بەشەكانى كوردستان روون دەكاتەوە و دێتە سەرباسى بزووتنەوەى كوردستانى ئێران ودەڵێ:

«... هەشتەم : لە پاش ئەوەى كە لە سالى ١٩٤١دا حوكمى منحوسى رضاشا تێكدرا لە سالى ١٩٤٥ لە ژێر رەبرى قاضى محمد داحاكميتى ديموكراتيكى كورد دامەزرا. لە ديكامبرى سالى ١٩٤٥هەموو رئيس و گەورەكانى كورد لە گەل قواى ميليشياى بارزانيان كە قسمێكى كوردستانى ئێرانيان لە عناصرى فاشيست و كلكەكانى رضاشاهيان پاك كردەوە لە ژێر رەبرى قاضى محمد داحكومەتى ديموكراتى كورديان دامەزراند. لە پاش ئەوەى كە ساليك ئەم حكومەتى ديموكراتيكى كورد دەوامى كرد وە لە مدەى ئەم سالەدا بەرعليە ارتجاعى تاران لەشكرى ايمە لە گەل لەشكرى برا ازربايجانيەكانمان بەيەكەوە مبارزەى سەختمان كرد.

نۆيەم : لە ١٢ى ديكابرى١٩٤٦دا قوام السلطنەى خاين ئەو پەيمان و قسەى شەرەفى كە بە ازربايجان و كوردستانى دابوو تێكدا وە بە لەشكرێكى زۆرگەورەى

www.kerimhisami.com

ارتجاعی هیرشی بۆ سەر ازربایجان و کوردستان هینا. لە پاش مدتی شەش مانگی تەواوی شەردا کە لەشکری ایران لە مقابل لەشکری قارەمان و نەبەزیوی ایمەدا مغلوب بو وە خەریکی هەلاتن بو، ارتجاعی ایران بە پشتیوانی انگلیز و ئەمریکای ئاغایان و لەشکری ارتجاعی تورکیا و عیراقیش هاتنە مەیدانی ایمە و جگە لەوەش وطن فروش و جاسوسەکانی امریکا هەر وەکو رەوشت و پیشەی هەمیشە گیان لە جبهەکانی ایمە بە فعالیەتێکی زورەوە دەستیان بە خەیانەت کرد. نقطەی هەرە ضعیفی ایمە لەوەدا بو کە ژن و ماڵ و منداڵمان لە گەل ایمە لە جبهەدا لە ژیر رحمتی گولە باران وبومبای دوژمندا بون. ئەوە بو کە دوژمن ئەم نقطە ضعیفەی لە ایمە دوزی یەوە و بە بێ رحم و انصاف بە وەحشی یانە ماڵ و مندالانی ایمەیان بومباردومان دەکرد وە لە نەتیجەی ئەوەدا قسمیکی لەشکرەکەمان کە لە بەینی لەشکرەکانی عراق و تورکیەدا محاصرەکران لەپاش کوشتاریکی زۆر اسیرکران. لە پاش ئەم حادسەیە ایمە مقاومتی منظمی خومان بە حرکاتی پارتیزانی عوض کرد کە وا ایستاش ایمە هەر لەو مبارزەیەدا دەوام دەکەین.

لە پاش ئەوەی کە ارتجاعی تاران کوردستانی اشغال کرد دەستیان کرد بە ئەو جنایەتە وەحشی یانەی کە حتا لە عصوری ناونجی دا ئەو نەوعە جنایەتانە نەبینراون و هەتا کە ایستاش هەر لە ارتکابی ئەو جنایەتانە ناکشینەوە. هەموتان دەزانن کەرهبری خوشەویستی ایمە قاضی محمد خوی وبراکانی لە١٤ی دیکابری ١٩٤٦داله شاری میان دواب مقابلەی سەرکردەی خائین وجنایەتکاری ایران همایونی یان کرد وە پەیمانی ئەمان یان لە همایونی وەرگرت و بە قسەی شەرەفی همایونی یان باوەر کرد تسلیم بون. بەلام همایون کە لە شەرەف زۆر زۆر بێ بەش بوو لە گەل وەحشی و جنایەتکارانی تری ایرانی رهبری خوشەویست ومحبوبی ایمەیان لە گەل براکانی لە شاری مهاباد بە خائنانە اعدامیان کردن.»

پاشان بارزانی نەمردیتەسەر :«.. باسێکی مختصر لە وضعیتی سیاسی و اقتصادی و اجتماعی کوردستانی ئەمرۆمان » وەدڵێ :

١ ـــ اولا: کوردانی تورکیە لە ژێر زوڵم و فشاری وەحشی یانەی تەبەقەی حاکمی فاشیستی تورکیادا لە ژێر تهدید و ترسێکی بێ نەزیردەژین. دەتوانین ئەوان وەکوو لە حەپسخانەیەکی تاریک کە هیچ رووناکی یان بۆناچێ وە لە لایەن درندەی وەحشی فاشیزم محافەزە دەکرێن حسابیان بکەین. لە ناو ئەواندا هیچ نەوعە تەشکیلاتێکی نهێنی و یا عەلەنی نیە. بەڵام ئەو جەوانانەی کورد کە وەختی خۆی لە تورکیەوە بۆ سوریا هیجرەتیان کردوە وە لە سوریادا حیزبی دێموکراتی کوردیان تەشکیل داوە توانیویانە بەعزێ ئەفکاری سیاسی خۆیان لە کوردستانی تورکیادا وە بەتایبەتی لە مەنتیقەی دیاربەکردا لە بەینی خوێندەواران ورئوسای کوردا بڵاو بکەنەوە.

هەروەها «حیزبی ئازادی» کە لە بارزان تەشکیل کراو «حیزبی دێموکراتی کوردستان» کە لە ئێران تەشکیل درا توانیویانە بەعزێ ئەفکاری سیاسی لە ناو کوردستانی تورکیا کە نیزیکی سەرحەدی کوردستانی ئێران و بارزانە بڵاو بکەنەوە. لە نەتیجەی حوکمی فاشیزمی تورکیا و ئەو جنایەتە وەحشی یانەی تورکیا کە لە کوردستان کردوویەتی وە بەئیجباری هەزاران کوردیان بۆ وڵاتانی دووری تورکیا تەبحید کردون ئێستا لە تورکیادا تەبەقەیەکی تازەی کورد لە کارگەران و خوێندەواران لە ناوکوردی تورکیادا هاتۆتە وجود کە ئەم تەبەقەیە هەمیشە وە لە هەموو لەحزەیەکدا زۆر بەئیحتیاقەوە چاوەڕێی فرسەت دەکەن کە بۆ نهزەتی کورد تەشکیلاتی وەتەنی و دێموکراتی خۆیان دامەزرێنن.

٢ - دووەم:حاڵی کوردانی عیراق تا دەرەجەیەک لەحاڵی کوردانی تورکیا و ئێران باشترە. سەبەبی ئەمەش ئەوەیە کە لە لایەکەوە ئەو ترس و تەهدیدەی کە هەمیشە حیزبەکانمان بەرعەلەیهی حکوومەتی عیراقی نیشان داوە. لەلایەکی دیکەشەوە لە نەتیجەی ئەو کۆمەگ و یارمەتیەی کە ئەحزابی کۆمونیست و دێموکراتی وەتەنی عەرەب کە لە عیراق و عەرەبستان تەشکیل کراون بۆ تەئییدی تەڵەباتی ئێمەو نەهزەت و پێشکەوتنی کورد بەرعەلەیهی ئیستعماری بێگانە نیشانیان داوین. لەو حیزبانە کە هەمیشە کۆمەگیان پێکردووین دەتوانین ناوی

حیزبی کۆمونیستی عیراق و حیزبی دیموکراتی وەتەنی و حیزبی میللەت وەیەکێتی کارگەران و سائیرە بێنین کە لە نەتیجەی ئەم سەبەبانە حکوومەتی عیراق و ئاغا ئینگلیزەکانیان بۆ هەڵخەڵەتاندنی بەعزێ ئینسانی سادەو بۆ ساکت کردنی ئەعسابی کورد تا دەرەجەیەکی موعەیەن تەسهیلاتیان نیشانی میللەتی کورد داوە.

جگە لە مانە لە کوردستانی عیراق ئەحزاب و تەشکیلاتی سیاسی نهێنی و عەلەنی هەنە کە لە مانەش لە تەشکیلاتی عەلەنی وەکوو حیزبی دیموکراتی وەتەنی و یەکێتی کارگەران کە لە شارەکاندا تەشکیل کراوە وە تەشکیلاتی خەلقی عیراق، وە لە تەشکیلات و ئەحزابی نهێنی وەکوو حیزبی دیموکراتی ئێمە کە لەم زەمانی ئاخرەدا لە گەڵ حیزبی کۆمونیستی کورد بوون بەیەک حیزب و حیزبی رزگاری کوردە. ئەم هەموو حیزبانەش لە ئەوەڵێن مەرحەلەی مبارەزەی خۆیانداهەموویان یەک ئامانج و یەک غایەیان هەیە کە ئەوەش نەهزەتی میللەتی کورد وە بەرعەلەیهی ئیستعمار مبارەزە کردنە.

٣ ــــ سێی یەم : کە بێینە سەر حاڵی کوردستانی ئێران دەبینین کە لە پاشی تەواوبوونی شەری ئاخریمان کە زیدی ئیرتجاعی ئێران بوو ئەوجنایەتی وەحشی یانەو تیرۆرەی کە دەوڵەتی ئیرتجاعی تاران لە کوردستان کردی وە دەیکا هەتا دەرەجەیەک کوردستانی ساکت کردوە. بەڵام دەبێ زۆر چاک بزانین کە ئەو جنایەت و تیرۆر و ئیعدام و حەپس و تەبعید و تاڵانەی کە دەوڵەتی ئیرتجاعی ئێران لە کوردستاندا دەیکا وەئەو عەلەنی تەبلیغاتەی کە جاسوس و خائینانی وەتەن فرۆش بە وەسیلەی دۆلار و زێری ئەمریکاوە دەیکەن روحی مبارەزەی کوردی ئێرانی سەت قات زیاتر کردوە وە ئەو هەموو دێهاتی و کرمانج و عالم و رەئیس و گەورەی وەتەنپەروەری کوردی ئێران چەک و سیلاحی خۆیان لە چیاکاندا شاردۆتەوە وە زۆر بە ئیشتیاقەوە بەرعەلەیهی ئیستبداد و زاڵمی ئێران وە لە پێناوی نەهزەت و پێشکەوتنی کورد بۆمبارەزەیەکی قەتعی چاوەرێی فرسەت و رۆژی مبارەزە دەکەن کە ئەمجارە بۆ وەرگرتنی ئینتقامی عادلانە لە گەڵ ئیستعماری جنایەتکار و ئیرتجاع هیچ جۆرە مجامەلەیەک و رحم ناکەن.

www.kerimhisami.com

بە تەبیعەت ئاشکرایە کە لە دنیادا هیچ میللەتێک نیە چەند کەسێکی وەتەن فرۆش و خاینی تێدا هەڵنەکەوێ. هەر وەها لە کوردستانیش ئەمثالی عەمەرخانی شکاک و نوری بەگ و مام عەزیز و عەلی ئێلخانی و محمەدئاغای عەباسی خاین و وەتەن فرۆش هەڵکەوتوە. بەڵام ئەمانە لە بەرامبەر کرمانج و دێهاتی و رەئیس و گەورەی وەتەنپەروەری کورد دا حائیزی هیچ جورە ئەهمیەتێک نین.

هەمووتان دەزانن کە کوردستانی ئێستای ئێمە لەم تەبەقاتەی خوارەوە تەشکیل دەبێ:

١ – دێهاتی و کرمانجی کوردی کە گەورەترین تەبەقەی میللەتی کورد تەشکیل دەکەن.

٢ باسەواد و خوێندەواران کە ئەمانەش لە عالمانی دینی و معلم و تەلەبەو مەئمورینی گچکەی حکوومەت عبارەتن تەبەقەیەک تەشکیل دەکەن.

٣ – کارگەرانی کورد کە لە شارە گەورەکانی کوردستاندا وەک کرمانشا و دیاربەکر و وان و موسڵ دەژین تەبەقەیەکی کەم تەشکیل دەکەن.

٤ – ساحیبی سەنعاتی گچکە کە ئەمانەش تەبەقەیەکی زۆرکەم تەشکیل دەکەن.

٥ – ئاغاو رئوسای عەشایری کورد کە ئەمانەش تەبەقەیەک تەشکیل دەکەن.

٦ – تجارو بەقاڵەکان کە ئەمانەش تەبەقەیەک تەشکیل دەکەن.

بەمجۆرە قسمێکی گەورەی کوردستانی ئێمە لە مەرحەلەی دەرەبەگ و فئۆداڵدایە و قسمی دووەمیشی لە مەرحلەی بۆرژوازی دایە. بە عمومیەت میللەتی کوردی حاڵی حازر بەکوللی تەعەسوب و ئیحترامی عەنعەنات و عاداتی قەومی خۆی دەگرێ. لەو بابەتەوە کورد ئیحترامی رەئیسەکانی خۆیان و بەتایبەتی بە ئیخلاس و ئیحترامەوە ئیتاعەی ئەو رەئیسانەیان دەکەن کە لەرێی کوردستاندا فیداکاری یان کردوە وە سەریان لە بەر دوژمن نەچەماندوە. وە محافەزەی پاکی ئەخلاقی ژن دەکەن وە ئیحترامی میوان دەگرن، وە زۆر بەتوندی محافەزەی ناو و شەرافەتی عائیلە و قەبیلەی خۆیان دەکەن وە دیفاعی لێدەکەن. وە

www.kerimhisami.com

عادات و عەنعەنەی خسوسی میللەتی کوردیش لەوە دایە کە هەمیشە دەیەوێ بە روحێکی ئازادو مەرد بژیت وە لە پاش ئەوەی کە خۆی لە سەر ئیشێک بەحەق زانی بێ حەق سەر ناچەمێنێ، وە بۆ ئەو قسە حەقانە کە دەیکا و ئەو پەیمانانەی کە دەیدا هەتا مردن ئیخلاسی نیشان دەدا وە بەعناد دیفاعی لێدەکا. وە بەرعەلەیهی ئەو کەسانەی خاین و مەسڵەحەتی کورد لە پێناوی مەسڵەحەتی شەخسی خۆیان لە ژێرپێ دادەنێن وە دروزنن نەفرەت و کەراهیەت نیشان دەدا. ئەمانەن کە لە روحیەت و ئەخلاقی میللەتی کورد مهمترین وە یەکەمین جێگا دەگرنەوە کە زۆر پێویستە ملاحەزە بکرێن. میللەتی کورد بە کوللی بە تەبیعەتی خۆی مایلی قانوونی دیموکراسی یە.»

پاشان بارزانی نەمر باسی ئامانجی سیاسی ئەو ریکخراوەیە دەکات کە بناغەی دارژابوو، دەڵێ :

ئامانجی سیاسی :

١ - لە گەل ازاد کردنی کوردستانی ایران جمهوریتیکی دیموکراسی دادەمەزری وە لە لایەن مجلسیکی میللی کە بە ازادی و بە هەلبژاردنی دەنگی نهینی هەلدەبژیررین ادارە بکری.

٢ - دەستی برایەتی و یەکیەتی بدەینە دەست فرقەی دیموکراتی ازربایجان و بەیەکەوە برعلیە ارتجاعی ایران و استعماری بیگانە مبارزە بکەین وەهەتا وەکو خلقی ایران بە ازادی حقیقی و قانونی خوی دەگات مبارزەکەمان بە یەکەوە دوامی پیدەدەین.

٣ - ئەو جمهوریتە کوردیەی کە لە کوردستانی ایران تشکیل دەبی، دەبیتە استنادگاە بو ازادکردنی هەمو کوردستانی گەورە. وە ئەم جمهوریتە کوردی یە لە عراق و تورکیادا هەولی تشکیل دانی احزابی دیموکراسی دەدا وە لەو جیگایانە حرکاتی ازادی بە هیز دەکا وە تا وەکو هەمو کوردستان لە زنجیری اسارەت و نفوزی بیگانە ازاد دەبی پی ویستە مبارزەی خوی دوام پی بدا.

٤ - حزبی ایمە لە گەل همو احزاب و تشکیلاتی دیموکراسی و پروگریسیو کە

www.kerimhisami.com

له شرقی ناوەنجی دا هەنە وەکو دوست و برای هەره نیزیکمان حزبی دیموکراتی ازربایجان و حزبی توده و احزابی دیموکراتی عرب و تورک علاقەیەکی محکم پەیدابکا و کومگی متقابلیان پی بکا تا وەکو له شرقی ناوەنجی دا نفوزی استعمار و ارتجاع وه روحی فاشیزم محوو نابود دەکا به یەکەوه له گەل ئەوان مبارزه دەکا.

٥ – بەستنی پەیمانێکی سیاسی و ئیقتسادی له گەڵ حکوومەتی میللی ئێران و حکوومەتی میللی ئازەربایجان بۆ یەکێتی جەبهەی مدافعه بەرعەلەیهی فشاری خاریجی متقابل له پەیماندا.

٦ – بەستنی پەیمانێکی دۆستایەتی سیاسی و ئیقتسادی له گەڵ حکوومەتانی دیموکرات که حکوومەتی شورەوی له پێش هەموویان دێت.

٧ – به گوێرەی وەزعی ئێستای کوردستان بۆ دەوام پێدانی حاکمیەتی موتلەقی دیموکراتی له کوردستاندا پێویسته هەموو تەبەقەکانی کورد وه ئەو خەلقانەی که له کوردستاندا دەژین به بێ فەرق و جودایی به رێگای هەڵبژاردنی ئازاد له حوکمدا ئیشتراک بکا.

بارزانی نەمر لەم بارو دۆخه پەرێشانه و له ئاوارەییدا، ئامانجی ئابووری رێکخراوەکەیان و ژیان و بژیوی خەلکی کورد دێنێته بەر باس و دەڵێ:

٨ – پێوویسته حاڵی میلەتی کورد بەتایبەتی دێهاتی و کرمانجی کورد چاک و خۆش و مەدەنی بکرێ.

٩ – هەموو جەنگەڵەکان و روبارەکان ورێگاکان ومەعادنی ژێرعەردوبانگەکان وکوێستانەکان وپاوانەکان دەبێ ملکی عمومی میللەت بن.

١٠ – ئەو ئەرازی یانەی کوردستان که له لایەن دەوڵەته ئیشغالگەرەکانەوه داگیرکراوه وه کراوه به خالیسه، پێویسته له سەر کرمانج و دێهاتی فەقیر تەوزیع بکرێ.

١١ – بۆ ئەوەی له کوردستان تەبەقەی کارگەران ئیجاد بکرێ و کوردستان له مەرحەلەی دەرەبەگی یەوه به زوویی بچێته مەرحەلەی بۆرژوا پێویسته له مەوادی

www.kerimhisami.com

خامی کوردستان ئیستفادە بکرێ و تەشجیعی سەناعەت بکرێ وە بەتایبەتی تەشجیعی سەنعەتی ئالات و ماشێنی زەراعی بکرێ.

١٢ - بۆ ئەوەی محافەزەی حقوقی دێهاتی و کرمانج بکرێ، پێویستە بەپێی قانون عەلاقەی بەینی کرمانج و ساحیب ملک موعەیەن بکرێ کە بە هۆی ئەو قانوونەشەوە دێهاتی و کرمانج مقابل بە زەحمەتی خۆیان قسمێکی کافی مەحسولەکەیان بۆ خۆیان هەڵگرن. وە هەر وەها پێویستە بۆ کارگەرانیش قانوونی کار دابنرێ کە حقوقی کارگەر محافەزە بکرێ و حەقی زەحمەت و مدەتی ئیشی تێدا دیاری بکرێ.

١٣ - پێویستە بە قەتعی لە کوردستاندا شرکاتی ئەجنەبی و ئیستیسمارچی قەدەغە بکرێن، وە پێویستە عناصری ئیحتکارچی و ئینحسارچی لە کوردستاندا مەحو وە نابود بکرێ. وە لە جێی ئەوان بە گوێرەی مەسڵەحەتی میللەت وە لەژێر نەزارەتی حکوومەتی میللی شرکاتی کۆپراتیف دروست بکرێن.

١٤ - بانگێکی مەرکەزی تەئسیس بکرێ بۆ ئەوەی کرمانجی کور لە فائیز وقەرز رزگار بکرێ. بانگێکی زەراعیش پێویستە دروست بکرێ.

١٥ - تجارەتی داخلی وە لە گەڵ دەوڵەتانی دیموکراتی تجارەتی خاریجی و مەسنوعاتی وەتەنی و ئیشی کوپراتیف پێوۆستە تەشجیع بکرێ.

١٦ - هەموو مەعادنی ژێر عەرد وە بەتایبەت مەعدەنی نەوت پێویستە ئیستیحسال بکرێت.

١٧ - دەبێ جەنگەڵەکانی کوردستان و زەراعەت لە کوردستاندا، وە بە تایبەت زەراعەتی توتن لە سەر رێ و شوێنی فەننی تازە چاک بکرێ وە لە پێناوی مەنافیعی میللەت دا ئیستفادەی لێ بکرێ.

١٨ - پێوویستە فیکر بدرێتە زۆر کردن و چاک کردنی جنسی مەر و ماڵاتی کوردستان.

١٩ - تەکالیفی دەوڵەت دەبێ لە گەڵ مەعیشەت و وارداتی میللەت موتەناسیب و عادلانە بێت.

www.kerimhisami.com

پاشان دێته سەرباسی ئامانجی کۆمەڵایەتی ودەڵێ :

٢٠ – پێویسته له کوردستاندا تەرەقی به عیلم و سەواد بدرێ وه هەتاکو سینفی شەشەم خوێندن دەبێ ببێته ئیجباری وه بۆ تەربیەتی منالان دەبێ باغچەی منالان بکرێنەوه. وه بۆ ئەوەی ژن له حەیاتی ئیجتماعیدا ئیشتراک بکا پێویسته مەکتەبی کچان بکرێنەوه و باسەواد بکرێن. هەر وەها پێویسته له کوردستاندا مەکتەبانی عالی بکرێنەوه بۆ خوێندن و عیلم وەرگرتن بۆ ولاتانی دیموکراسی زۆر تەلەبه بنێردرێن. وه دەبێ رۆژنامه بەزمانی کوردی بێت و ئەهمیەت بدرێته ئەدەبیاتی زمانی کوردی.

٢١ – پێویسته بەرعەلەیهی روحی دەرەبەگی و ئاغایەتی و عەشیرەتی ومیللەتچیەتی، وه بەرعەلەیهی ئیختلافاتی مضر وەکو ئیختلافاتی مەزهەبی و قەومی و دینی وه سائیره مبارەزەیەکی قەتعی بکرێ.

٢٢ – پێویسته له کوردستاندا زۆر نەخۆشخانه بکرێنەوه، وەدەبێ نەخۆشخانەکاندا نەخۆشی به خۆرایی تەداوم بکرێن .وه هەروەها پێویسته بۆ ئەو نەخۆشی یانەی که له کوردستاندا زۆرن نەخۆشخانەی عالی یان بۆ بکرێتەوه. به تایبەتی بەرعەلەیهی نەخۆشی مالاریا پێویسته زۆر مبارەزه بکرێ.

٢٣ – پێویسته له ژێر نەزارەتی حیزبی ئێمەدا تەشکیلاتی جەوانان دروست و تەشجیع بکرێ.

٢٤ – پێویسته له ژێر نەزارەتی حیزبی ئێمەدا تەشکیلاتی یەکێتی کارگەران وه یەکێتی دیهاتی و تەشکیلاتی ئیجتماعی که پێویست بێ دروست بکرێ.

٢٥ – پێوویسته به گوێرەی مەدەنیەتی عصری تازه وه بۆ نمونه دیهاتی مەدەنی تازه له کوردستاندا دروست بکرێ.

٢٦ ـــ پێویسته زمان و قەڵەم و دین و معتقدات جگه له فاشیزم، ئازادبێت.

٢٧ ـــ پێویسته تەشکیلاتی تەربیەتی بەدەنی و سینەما و تیاترۆ دروست بکرێن و تەشجیع بکرێ.

٢٨ ـــ پێویسته عناصری رشوەتخۆر و منافق وخود پەسند، وه روحی

www.kerimbisani.com

مدافەعەی منافعی خزمایەتی مەحو بکرێن. وە مبارەزەی قەتعی یان بکرێ. ئەعمالی فاحشە و تریاک و قومار. وە لە جیاتی ئەوە تەشجیعی مەقدەرەتی شەخسی بکەین وە بۆ گەیشتنی مناسیبی گەورە و پێشکەوتنی ئەوانەی کە لە پێناوی مەسلەحەتی عمومی میللەتدا فیداکاری و ئیخلاص نیشان دەدەن کۆمەگیان پێبکەین.

ئامانجی عمومی مان :

٢٩ ــــ بۆ ئەوەی کوردستانی ئازاد مدافەعە بکرێ پێویستە وفەرزە لە سەر هەر فەردێک کە لە کوردستاندا دەژیت مودەتێکی موعەیەن تەعلیماتی عەسکەری ببینێت و خزمەتی عەسکەری بکەن.

٣٠ ــــ پرۆگرام و منهاجی حیزبی ئێمە بەشەرتی محافەزەکردنی ئەساسی دێموکراسی بە گوێرەی وەزعی سیاسی و ئیقتسادی و ئیجتماعی کوردستان پێویستە بەپێی زەمان ئیسلاح و گۆرینی مومکین بێت.

٣١ ــــ حیزبی ئێمە پارێزگاری لە مەسالحی هەموو تەبەقاتی میللەتی کورد ئەکات. بۆیە هەموو ئەسنافی ئاغایان و کرمانجان و تجاران و کارگەران و روشنفکران و خوردەمالکان و سەنعەتکارانی پچوک ئەگرێتەوە و هەموو ئەم ئەسنافانە کۆ دەکاتەوە لە ژێر یەکێتی جبهەی ئازادی نیشتمانی مدافعی مەسالحی موشتەرەکی هەمو تەبەقاتە. مبارەزە لە بەینی تەبەقاتدا لە کوردستان لە ژێر رەهبەری ئەم حیزبەدا جایز نیە.

٣٢ ــــ حیزبی ئێمە حیزبەکی پرۆگرەسیڤە لە ماهیەتدا هەر وەکو لە برامج و تاکتیکدا دەر ئەکەوێت.

٣٣ ــــ لە نەتیجەی ئەم مبارەزەی قەتعی ئێمەدا پێویستە شکڵی ئەو حاکمیەتی موتڵەق دێموکراسی کە لە کوردستان دادەمەزرێ لە منهاج و پرۆگرامی حیزبی ئێمەدا نیشان بدرێ وە هەر ئەوەشە ئێمە دەتوانین تەئمینی منافع و رەغبەتی حەقیقی و ئازادی میللەتی کورد بکەین. بێجگە لەوە هەر چ نەوعی حاکمیەتێک کە لە ژێر پەردەی دێموکراسی وە بە ناوی ئازادی کە لە

www.kerimhisami.com

نەتیجەی فکرو خەیاڵی مەنحوسی ئیمپریالیزمانە وە لە کوردستان دادەمەزرێ، بەرعەلەیهی منافعی کوردە کە زیاتر دەیەوێ میللەتی کورد لە ژێر زنجیری ئەسارەتدا پان بکاتەوە. کە وابوو واجبی ئێمە ئەوەیە کە هەرچی نەوعە تەشکیلاتێک وە یان حاکمیەتێک کە ئیلهامی لە حیزبی ئێمە وەر نەگرتبێ و لە سەر ئەساسی دیموکراسی لە ژێر رەهبەری حیزبی دیموکراتی ئێمە دانەمەزرێ، ئەو حاکمیەتە وە یا تەشکیلاتە پوشالی یە ئیختراعی ئیمپریالیزمی مەنحوسە وە بەرعەلەیهی منافعی کوردە پێویستە لە سەر ئێمە مبارەزەی ئە و نەوعە تەشکیلات و حاکمیەتە پۆشاڵی یانە و هەموو پلانەکانی ئیمپریالیزمان بکەین.

خلاصە:

ئەمە لە بابەت تاریخی کورد و ئەو عامیلانەی مهم کە بوونەتە مانعی نهزەت و مەدەنیەتی کورد و وەزعیەتی حاڵی حازری کوردستان تەنیا شتێکی موختەسەرە کە لە نەتیجەی تەجروبەی شەخسی خۆمدا وە لەو مەعلوماتانەی کە لە مبارەزەکانی دوورو درێژی ژیانمدا بەدەستم کەوتبو وە بە خەیاڵمدا هات ئێستا بۆ ئێوەم شەرح دا.

بە تەبیعەت هیچ شوبهە ناکەم کە ئێوەش هەر یەکێکتان لە نەتیجەی تەجروبەی شەخسی خۆتان مەعلوماتی زۆرتان هەیە. لە بەر ئەوە خاهیش دەکەم لێرەدا ئێوەش هەر رەئیەک کە هەتانە شەرحی بدەن کە ئێمە لە نەتیجەی مناقەشە وە بە گوێرەی مەسڵەحەت و منافعی کورد بگەینە نەتیجەیەکی معەیەن و ئاشکرا، چونکە هەرئەوەیە کە تەعیینی خەتی حەرەکەتی ئەساسی حیزبی ئێمە دەکا. وە لە جەلەسەی ئایندەماندا دەخرێتە تەسویت وە لە پاش قەراردان شکڵی پرۆگرام و منهاجی حەقیقی وەر دەگرێ و عەمەلی دەکرێ. وە لە جەلەسەکانی دیکەماندا نیزامی داخلیش مناقەشە دەکرێ. وە ئێمە لە خودای گەورە دوعا دەکەین کە ئێمە بۆ گەیشتنی غایەکەمان موفەق بکا.

ئێمە لە ژێر شعاری :« وطنی ئازاد وە میللەتی خۆشبەخت » مبارەزە دەکەین. سرری عەقیدەی غالب بوونمان لە وەدایە کە مبارەزەی ئێمە حەقە و بۆ منافعی

www.kerimhisami.com

میللەتەکەمان و ئینسانیەتە.»»(١٦)

ڕێزمانی ئەم باسە هەر وەک خۆیەتی بەڵام ڕێنووسەکەی دەستکاری کراوە .
دانەر

پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوەیە لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا بە بەشداری کوردەکانی ڕۆژهەڵات و خوارووی کوردستان لە لایەن بارزانی نەمرەوە ئەم ڕاستی یە نیشاندەدا کە مستەفا بارزانی هەمیشە کوردستانی بە یەک وڵات و کوردیشی بە یەک نەتەوە داناوە. لەم هەنگاوەشدا ڕوونی کردۆتەوە کە پێویستە لە یەک ڕێکخراودا و بۆ یەک ئامانج بە تێکڕایی خەبات بکرێ. وەک لە دەقی وتارەکەیدا دەبینین بە گوێرەی کات و هەل ومەرجی ئەو دەمیش ئامانجی خەبات و تێکۆشانی ڕوون کردۆتەوە. لە ڕەوەندی ڕووداوەکان وادەردەکەوێ کە ئەم کۆبوونەوەو تێکۆشانە درێژەی نەبوە. هۆی سەرەکی سەر نەگرتن و پێشکەوتنی ئەم بزووتنەوە و ڕێکخستنەی کە لە ئازەربایجانی سۆڤێتی بناغەیان دارشتوە، دەبێ لەوەدا بدۆزرێتەوە کە باغرۆڤی سەرکۆماری ئازەربایجان نەیویستوە کوردەکان لە ئاوارەییش دا تەشکیلات و ڕێکخراوەی خۆیان هەبێ. تەنانەت ویستوویەتی بیانلکێنێ بە تەشکیلاتی فیرقەی ئازەربایجانەوە ، هەر وەک لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەولی بۆ ئەم ئامانجە دزیوە دەدا. بێگومان سەرۆک بارزانی نەچۆتە ژێرباری ئەم بۆچوون و ئامانجە چەپەڵەوە. هەر ئەوەش بۆتە هۆی کە لە ئازەربایجان دووریان خستۆتەوە و بارزانیەکانیان لە بەر یەک بڵاو کردوە و تووشی نارەحەتی و شپرزەیی یان کردوون. پاش مردنی ستالین ولەداردانی باغرۆف وبێریای جنایەتکار، بارزانی خۆ دەگەیێنێتە مۆسکۆ ویەکسەر داوای چاوپێکەوتنی ڕێبەرانی سۆڤێت دەکا. پاش ئاگاداربوون لەوەزعی بارزانی وخەبات وتێکۆشانی بەگەرمی وەریدەگرن ودەیهێننە مۆسکۆ. لەمۆسکۆ وەک ڕێبەرو سەرکردەی میللەتێک ڕەفتاری لەگەڵ دەکەن. تەنانەت خرۆشچۆڤ داوادەکا چاوی پێبکەوێ ولەرابردووی ژیانی ئاگادار بێ. پاش جێگیربوونی لەمۆسکۆ ئەمجارە وەک ڕێبەرێک دەچێتەوە ئوزبەکستان وسەری هاوڕێیانی ئاوارەی دەداو هێندێکان

دینێته مۆسکۆ بۆ خوێندن و بەگشتی گۆڕانێکی تەواو لەژیانی ئاوارەیی وپڕ لە کوێرەوەری یاندا پێک دێت.

بارزانی نەمر لە ئاوارەیی و دەربەدەریشدا ئاوات و ئامانجی هەر ئازادی کوردستان و رزگاری نەتەوەی کورد بوە. بەڵام بە داخەوە پاش ٥٠سال ئەم ئاواتەی سەرۆک بارزانی قەت نەهاتەدی. کوردواری وازی لە دوو بەرەکی و کەڵەوەکێشی و یەکترکوشتن نەهێنا و هەروا لە نێوگەمەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و لە ژێردەستی و بێبەشیدا دەتلێتەوە و رێبەرانی حیزب وڕێکخراوە کوردی یەکانیش بە فیتی دوژمنانی کورد ملیان دەبەر یەکتر ناوەو خوێنی لاوانی کوردیش لەسەر دەسەڵاتی حیزبی، (نەک دەسەڵاتی نەتەوەیی) بەکوردستان وەر دەکەن.

www.kerimhisami.com

بووژانەوەی تێکۆشان و دامەزرانی کۆمەڵەی لاوانی لادێ

دوای لە سێدارەدانی پێشەوا ویارانی و ئەفسەرانی کۆماری کوردستان و گرتنی بەشێک لە کاربەدەستانی حیزب و حکوومەتی میللی کوردستان و ڕاکردنی هێندێکیان بۆ عیراق، تا ماوەیەک شێوە حکوومەتیکی سەرکوتکەری نیزامی لە کوردستان بەرێوە دەچێت. بەتایبەت ئەو ژاندارم و ئەفسەر و قازاخانەی کە ساڵی ١٩٤١لە کوردستان چەک دەکرێن ورادەکەن ، دەگەڕێنەوە کوردستان و بە شلتاخ و شەرلاتانی و بە دەستکیسی زوڵە کوردی خۆفرۆش دەست دەکەن بە راو ورووت و ئازاردانی خەڵک و ئاگر دەکەنەوە.

کۆمەڵەی ژ.ک و حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان هەرچەندە لە بواری ژیاندنەوەو ورياکردنەوەی هەستی نەتەوايەتی دابە قولی کاريان کردبوە سەر بیروڕای خەڵک، بەڵام بیر لەوە نەکرابۆوە و یا پێڕانەگەیشتبوون کە بنیات و بنگەیەکی تیئۆری و فیکر ی نەتەوەیی و کردەوەیی پتەوی ئەوتۆ دابمەزرێنن کە لە رۆژی لێقەومان وڕووداو و کارەساتدا، بتوانێ یەکێتی بیرورا و ڕێکخراوەیی بپارێزێ و بەگوێرەی باروداۆخی رۆژ و بەشێوەی جۆر بەجۆر خەبات درێژە پێبدا و نەهێڵی خەڵک توشی تاسان و سەر لێشێواوی بێت و بنگەهی خەبات لە بەر یەک هەڵ وەشێتەوە.

بوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی و تام و چێژی ئازادی سەردەمی دەسەڵاتی نەتەوەیی حکوومەتی میللی کوردستان و بێدەسەڵاتی حکوومەتی تاران لە سەر کوردستان لە لایەک و داخ و بێزاری کۆمەلانی خەلک لە تێکچوونی کۆماری

www.kerimhisami.com

کوردستان و لە داردانی پێشەواو گەرانەوەی حکوومەتی تاران لە لایەکی تردوە، دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵک بە بێ بوونی ناوەند وبنیاتێکی رێبەرایەتی بە گوێرەی تواناو دەرفەت و تێگەیشتوویی و لێکدانەوەی بار ودۆخی سیاسی، بۆ سازکردنی رێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بۆ نوێکردنەوەی خەبات دەست بەکاربن و شێوەی جۆر بەجۆر به کار بێنن.

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٧ بە ئیبتکار و راوێژ و دەستپێشخەری تێکۆشەرێکی نیشتمانپەروەری کوردستانی گەرمێن بەناوی عبدالقادر کە پاشان دەبێتە (میرزاقادر) لە گەڵ چەند لاوی خوێن گەرمی تێکۆشەری ناوچەی سندوس وشنۆ (کۆمەڵەی لاوانی لادێ)دادەمەزرێ. میرزاقادر لاوێکی سەڵت و رەبەن و بێ ژن و مال بوو. لە گەڵ بارزانیەکان هاتبوە کوردستانی ئازاد و پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان و رۆیشتنی بارزانیەکان، لە ناوچەی شنۆ لە گوندی (نەڵۆس) دەگیرسێتەوەو خۆی مەلاس دەدا و لە خانوچکەیەکدا خەریکی کرێکاری و فەعلەیی دەبێ. لە ئاخافتن و بۆ چوون و لێکدانەوەی دیار دەبوو کە لە کوردستانی گەرمێن دمی لە سیاسەت وەرداوە و تەنانەت لە وە دەچوو کە سەر بە رێکخراو یا بیرێکی چەپ بووبێت. لە سەر راوێژو پێشنیاری ئەو دڵسۆزە نیشتمانپەروەرە تێکۆشانی کۆمەڵە دەبوایە لەسەر بنچینەی دژایەتی وخەبات دژی دەرەبەگ وئاغاوخاوەن ملکی کوردبەرێوە بچێ. دەبوایە کۆمەلانی خەڵک بەوە گوش بکرێن کەهۆی تێکچوونی کۆماری کوردستان خەیانەتی دەرەبەگ وهێندێ سەرۆک عەشیرەتی کورد بوە. نەک دەسەلات وهێزی حکوومەتی تاران. بۆبەربەرەکانی ودژایەتی ئەم توێژەی کۆمەڵ پێویستە لە هەر گوندێ چەندلاوی تێگەیشتوو ئامادەبکرێن و لە نووسراوەو بلاوکردنەوەی بەیاننامەو شەونامە جارێ دەبوایە دەست رابگیرێ وهیچ بەڵگەو بیانوێک نەکەوێتە دەست ژاندارم وئاغاکان. دوای یەکتردیتنی چەند کەسی تێکۆشەرو چالاکی دەورانی کۆمەلەی ژ. ک و حکوومەتی میللی لە گوندی(ئالیاوێ شێخان) لەماڵە سەیدعەلی حاجی کاکەمینی بەبەشداری (میرزاقادر، سەیدعەلی حاجی کاکەمینی، مستەفا ساوجبلاغچی، سادق پێشنماز(کاوە) محەمەدی حاجی

رەسولی قاوەچی و کەریمی حسامی)لەئاخری جۆزەردانی ١٩٤٧(کۆمەڵەی لاوانی لادێ) دادەمەزرێ. پاشان سێ تێکۆشەری ناسراوی دیکە(حەمەدی خانمێ وهەمزەی عەولای وسێنی) خەلکی دەربەندی سندوسی و عەولاسەوار لە شاری شنۆ لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە زیاددەکرێن. هەر١٥رۆژ جارێک دامەزرێنەرانی کۆمەڵە لە (بازاری مەحمەدیار)* کۆدەبنەوەوباسی چالاکی ودەنگوباس وشێوەی پێوەندی وئاخافتن لەگەڵ خەلک دەکەن. قاوەخانەی محەمەدی سۆفی رەسووی لەنەغەدە دەبێتەمەکۆوپێگەی دەنگ وباس وپێوەندیی وتێکۆشەرانی کۆمەڵە لەوشوێنە یەکتردەبیننەوە. کۆمەڵەی لاوانی لادێ لەزۆربەی گوندەکانی سندوس وشنۆ وتەنانەت لەبەری پیرانان ولاجانیش لەهەرگوند چەند لاوی خوێن گەرمی نیشتمان پەروەر پەیدا دەکاو دژی زولم و زۆری ئاغاکانی سەربە حکوومەت شێوەی جۆربەجۆری تەبلیغات بەکاردهێنن. هەوەڵین بەیاننامەی(کۆمەڵەی لاوانی لادێ)بەبۆنەی ٢١ی ئازەر(١٢ی دیسامبری ١٩٤٧) رۆژی گرتنی تەورێزلەلایەن ئەرتەشی ئێرانەوە لەشارەکانی شنۆو نەغەدە و بەری پیرانان بلاودەکرێتەوە. لەم پێوەندی یەدا ناکرێ تێکۆشانی بەرێزان مەلامحەممەدی شێخی، سەید حەمەدی زەرگەتنی وکاک ئەحمەدی زێدان وکاک مامەندی زەرگەتەنی و کاحەمەدی سەروکانی(کاپیتان قادری) فەراموش بکرێ. بەتایبەت ئەمەی ئاخریان (کاپیتان قادری) کە یەکی لە ئەفسەرانی سوپای میللی کۆماری کوردستان ومیدالی قارەمانەتی لە لایەن پێشەوای نەمر قازی محەمەدەوە پێ بەخشرابوو، دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لەگەڵ کاک ئەحمەدی برای کە ئەویش ئەفسەری کۆماربوو، رادەکەن ودەچنە کوردستانی عیراق ولەگوندی خەلان لەماڵی جەنابی شێخ عەلائەدین دەگیرسێنەوە. پێویستە بلێین گوندەکانی خەلان وزینوێ، ماڵی

مەعمەدیار گوندێکی گەورەی عەجەمانە لە ناوچەی سندووس. هەموو رۆژانی هەینی بازارێکی حەفتەیی لێ ساز دەکرێ. لەهەموو ناوچەکانی کوردستان و لە بەری عەجەمیش خەڵک بۆ کرین و فرۆشی شتی خۆیان دێنە ئەو بازارە. لە کوردستان چەند بازاری دیکەش هەن، ئەمجورە شوێنانە بۆ دیدارو پێوەندی کاری نهێنی فرە رەخساوو لە بارن.

بەرێزان شێخ عوبیدوڵاو شێخ عەلائەدینی رەحمەتی ببوە پەناگای ئاوارەو لێقەوماوانی کوردو لێی پەنادەدران و دەحەسانەوە. تێکچوونی کۆماری کوردستان ورەی تێکۆشانی کاپیتان قادری لاواز ناکاو لە گەڵ تێکۆشەرانی کوردستانی گەرمێن دەکەوێتە دانوساندن. لەلایەن پۆلیسی نووری سەعیدەوە دەگیرێ ودەیبەنەرەواندز وبەغدا.لەم گیرەوکێشەیەوپێوەندی گرتن لەگەڵ ئازادیخوازانی ئەودیو، بیروهزری زیاتردەکرێتەوەو دەکەوێتە سەر رێبازی زانستی خەبات بۆئازادی ورزگاری لە چەوسانەوە. پاشماوەیەک دەگەرێتەوە کوردستانی ئێران و بە ئەزموونی شێوەی تێکۆشانی تێکۆشەرانی پێشکەوتنخوازی ئەودیو، لەرێنوێنی ویارمەتی فیکری وکردەوەیی کۆمەڵەی لاوانی لادێ دا، دەورێکی گرینگ یاری دەکا. کۆمەڵەی لاوانی لادێ لاوێکی مێرمنداڵی ژیری خەت خۆش بە ناوی(کەریم پارسا) لەنەغەدە بۆ نووسین وئاڵقەی پێوەندی نێوان ئەندامانی دامەزرێنەر دەدۆزێتەوە و نووسراوەکانی پێویست لەلای ئەورادەگیرێن.*

بڵێسەی خەبات لەگەشانەوەدایە

روخانی کۆماری کوردستان وگەرانەوەی حکوومەتی تاران، راستە خەڵکی کورد خەفەتبار و داخدار دەکات، بەلام ورەی خەڵک نامرێنێ. نەک هەر ئەوە بەڵکوو قین وبێزاری و تورەیی خەڵک لە دەسەلاتی داگیرکەران وەک ئاگری بن زیلەمۆ دێ بگەشێتەوە. لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان لە گوندی(قەلای رەسولەسیت)

* دوای رۆوخانی رێژیمی شا کەگەرامەوە بۆ ئێران سۆراغی کەریم پارسام گرت. بەداخەوە نەمابوو لێک دیدار ئاخرەت بووین. لەمەهاباد رۆژێک پێشمەرگە شۆفیری ئوتوبوسێکیان هێنافیشەکیان لێگرتبوو بۆ تەورێزی دەبرد. خاوەنی فیشەکەکان رایکردبوو. لێم پرسی خەڵکی کوێی وچکارەی؟ گوتی خەڵکی نەغەدەم وکوری کەریم پارسام. هەستام ماچم کرد ، خۆم پێ رانەگیراو گریام. گوتم کرێی بارەکەت وەرگرتوە؟ گوتی پێشەکی وەرم گرتوە دەڵێی تا بیدەم بەحیزب. جارێکی دیکەش ماچم کردو گوتم سلاوی دایکت بگەیێنە پارەکەش بۆخۆێ هەڵگرە.

www.kerimbisani.com

خوالێخۆشبوو (مەلائەمجەدی عوسمانی)کە نیشتمانپەروەرێکی ناو بەدەردووەی کۆمەڵەی ژ. ک و حیزبی دیموکرات و زانا و شاعیر و خەت خۆش و مۆر هەڵکەنێکی بێ هاوتا بوو، دەست دەداتە داهێنانێکی بێ وێنە و ئیبتیکارێکی بڵیمەتانە. بە خەتێکی زێڕ کفتی جوانتر لە چاپ بانگەوازێک بەم چەشنەی خوارەوە دەنووسی و بڵاودەکاتەوە:

«... بە ناوی خودای گەورە و بێهاوتا. هاونیشتمانانی خۆشەویست! سەربۆ حکوومەتی عەجەم دامەنوێن. کۆماری کوردستان نەروخاوە، حیزبی دیموکرات هەر ماوە. پێویستە خەبات نەوەستێ و درێژەی هەبێ. هەرکەسێ ئەم بانگەوازەی بگاتە دەستی،وەک واجبێکی ئایینی و ئەرکی نیشتمانی دەبێ حەوت نوسخەی لە بەر بنووسێتەوە و بیدا بە حەوت کەسی دۆست و ناسیاوی خۆی و بڵاوی کاتەوە.»

ئەم نووسراوەیە لە رێگای بازارەکانی باسکراو بە نێو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە. کەس نازانێ کێ نووسیویەتی و لە کوێوە هاتوە. خەڵک دەکەوێتە پرسیار و قوتە قوت دەیانەوێ کانگاو خاوەنی نووسراو بدۆزنەوە. لە رێگای بازاری مەحمەدیارەوە دەگاتە دەستی ئەندامانی (کۆمەڵەی لاوانی لادێ)ش، بەچەشنێکی هەراو لە ناوچەی سندوس و شنۆ و لاجان بڵاو دەکرێتەوە.

www.kerimbisami.com

مەهاباد تەم ومژی خەفەت وبێدەنگی دەرەوێنێ

مانگی سەرماوەزی ١٩٤٧خەڵکی مەهاباد تەم و مژی خەفەت و بێدەنگیی دەرەوێنن و جلی تازیە و رەشپۆشی فڕێدەدەن و تورەیی و بێزاری ئاشکرای خۆیان دژی دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەتانی سەر بە حکوومەت دەردەبڕن. رۆژی ٢١ی سەرماوەز حکوومەتی تاران بە بۆنەی گۆیا رۆژی ئازادکردنی ئازەربایجان و کوردستانەوە وەک شارەکانی دیکە لە مەهابادیش سان و رێژەی لەشکری هەم بەو بۆنەوە و هەم بۆ چاو ترسانی خەڵک ساز دەکات. تەواوی ئاغاو سەرۆک عەشیرەتان بە سوارەو دەست و پێوەندی خۆیانەوە بۆ بەشداری لە گەڵ رێژەی

ئەرتەش دێننە مەهاباد. لە سەر ئەوە کە کام سەرۆک عەشیرەت پترنۆکەری حکوومەتی عەجەمی کردوە، دەبێ لە پێشەوە بڕوا، لە نێو خۆیاندا دەبێتە کێشەو هەرا. کاتێ سوارەی عەشایر بەپێش فەرماندەی لەشکردا تێدەپەڕن و دێن بلاوەی بکەن لە لایەن منداڵانی مەدرەسە و خەڵکی دیکەوە دەکەونە بەر پەلاماری بەردو هێلکەو تەماتە رزیو و بە(هۆیها) بە کۆلاناندا راویان دەنێن و تاریان دەکەن. ماوەیەکی زۆر لە مەهاباد دەبێتە داب ئەگەر ئاغایەکی سەر بە حکوومەت بە نێو بازار دادێت، لە هەمووڵاوە لێی لە هەڵاو هۆیها دەدن و بۆی لە تەنەکە دەدن. ئەم هەرایە سەر دەکێشێتە دایرەکانی پۆلیس و ئەرتش و دەگەڕێن سەبەبکار بدۆزنەوە، بەڵام هەرایەکە گشتی یە و کەسێک دیاری ناکرێ. پولیس بە هەڕەشەیەکی گشتی واز دەهێنێ. ئەم بەزمە سەردەکێشێتە شارەکانی تریش و هیچ بەرنامەیەکی سیاسیشی لە گەڵ نیە. بەڵام ئیتر ئاغاکان بە تەواوی هەست بە نەفرەت و بێزاوی خەڵک لە خۆیان دەکەن و لە نێو شاردا خۆ دەپەنایان دەگرن.

بڵاو بوونەوەی گۆڤاری رێگا

مانگی رێبەندانی ١٩٤٨ گۆڤاری (رێگا) بە نهێنی لە شاری مەهاباد بلاو دەکرێتەوە. رێگا هەوەڵین نووسراوەی چاپکراوی سیاسی یە کە دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بلاو دەکرێتەوە.

رێگا چبوو، لە کوێوە هاتبوو؟

غەنی بلوریان کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە گەڵ کۆمەڵێک لاوی کورد بۆ خوێندن ناردرا بوونە سۆڤێت دوای تێکچوونی کۆمار لە گەڵ چەند کەسی دیکە دەگەرێتە وە ئێران و دێتەوە مەهاباد.

«... پاش ئەم کارەساتە دلتەزێنە(لەداردانی پێشەواو هاورێیانی. ن)من وغەنی بلوریان ومحەممەدی رایانی کە لێک نیزیک بووین، بریارماند لە مەهاباد دەرکەوین و بەدوای چارەنووسێکی نادیاردا روو بکەینە تاران. بیستبوومان هێندێ

خوێندکاری زانکۆی پزشکی باکۆ کە بەر لە ئێمە بۆخوێندن چووبوونە باکۆ گەراونەوەو تاتەکلیفیان دیاری دەکرێ لە دانشسەرای سەرەتایی لە شەقامی رۆزڤێلت رایانگرتوون. چووینە دانشسەرا. هێندێکمان دەناسین. گوتیان بچنە لای وەزیری فەرهەنگ و داوای یارمەتی لێبکەن کەرێگاتان بدات تا تەکلیفتان روون دەبێتەوە لەدانشسەرا بژین و لەوێ بخەون ولەخواردنی دانشسەرا کەلک وەربگرن. وەزیر موافەقەتی کرد. هاوینی١٣٢٦(١٩٤٧) بەپارەیەکی کەم نەمر نەژی رامان دەبوارد. رۆژێک لەوەزارەتی فەرهەنگ تووشی دوکتور محەممەد موکری بووین کە لەپێشدا سەرۆکی فەرهەنگی مەهاباد بوو. ئێمەی ناسی ولەرەنگ وروومان بۆی دەرکەوت کەبرسین. بردنیە مالّی خۆیان. ئیتر هەموو رۆژەکای هەینی دەچووین لە مالّی ئەوان تێر پلاو و گۆشتمان دەخوارد. تەنانەت رۆژێکیان لەمالّی ئەوان بەخزمەت حاجی سەید عەبدولا ئەفەندی و ژەنرالّ ئیحسان پاشا گەیشتین.

رۆژێک لەدەرەوە لەرەستورانێکی هەرزان قیمەت نانمان خوارد. پاش سەعاتێک ژانە سکمان گرت. غەنی بلوریانیان بردە خستە خانە ولەوێ ئاپاندیسیشیان عەمەل کرد. دوایە کزو داماو گەراینەوە بۆ دانشسەرا. چونکە دیپلۆممان نەبوو، بەهار وهاوین خەریکی فێربوون وخوێندن بووین، بۆ ئەوەی لە دەبیرستان وەرمان بگرن، دەبوایە دیپلۆمەمان هەبێ. خەبەرمان زانی کە لە دەبیرستانی دارایی قوتابی وەردەگرن. چووینە کن سەرۆکی دەبیرستان، کابرایەکی قۆڕدەماغ، گوتبووی هەر یەکیان بێتە ژوورێ. قورعە بەناوی غەنی بلوریان دەرچوو. پاش تاوێک بەخەمباری ولارەملی گەرایەوە، گوتی: راستەو راست گوتوویە: خۆشیمان لەکوردان نەدیوە، راتان ناگرین. گەراینەوە بۆ دانشسەرا. لەوێش گوتیان مانەوەتان لێرە قەدەغەیە. چووینە کن سەرۆکی فەرهەنگی تاران، ئاغای یەزدانفەڕ. داوامان لێکرد کە لەدانشسەرا دەرمان نەکەن. بەتوڕەیی گوتی: دانشسەرا جێگای بۆلشەویکان نیە. چووینە میوانخانەی حەقیقەت. چەند عەریزەمان بۆ شای نووسی کە شانسی خۆمان لە دەبیرستانی نیزام تاقیکەینەوە. حەوالەی سەرلەشکر رەزمارایان کردین. ئەویش ئێمەی نارد بۆ دەبیرستانی نیزام لەزانکۆی ئەفسەری.

رۆژێک چووین بۆ ئیمتحان و دەبوایە رۆژێکی دیکەش بۆ تاقیکردنەوە بچینەوە. لە حەساری زانکۆ پیاسەمان دەکرد. ئەفسەرێکی بالا بەرز هاتە لامان و گوتی : ئێوەن لە سۆفیێت گەراونەوە.؟ وامانزانی خەبەرێکی خۆشی پێیە. ئێمەی بردە بن دارێک و گوتی: من کوردێکی سنەییم. لەکۆبوونەوەی نیزامی لەکن رەزمارا بڕیار دراوە وەرتان بگرن. پاشان لە کاتی فێر کردنی مانۆری نیزامیدا، بەبیانووی بە هەڵە دەرچوونی گوللە لەبەینتان بەرن. چونکە لێتان بەشکن. ئاگاتان لەخۆتان بێ. ئەم رازەش لای کەس باس مەکەن. ئیتر ئێمە رامان کردو گەراینەوە بۆ مەهاباد.»(١٧)

غەنی پاش ئەوەی لەتاران رێگای خوێندنی بۆ نادۆزرێتەوە ولەوێ رووناکی شک نابا، وەک دوکتور ئاسۆ دەنووسێ، دەگەرێتەوە مەهابادو روو دەکاتە کوردستانی گەرمێن. لە سولەیمانی لە ماڵی شێخی نەمر لە گەڵ کاک حەسەنی قزلجی و عبدولرەحمانی زەبیحی کە ئەوانیش دوای روخانی کۆماری کوردستان روویان کردبوە گەرمێن یەک دەگرنەوە.

لە وێ دێنە سەر ئەو بڕیارە بۆ نوێ کردنەوەی خەبات و تێکۆشان شتێک ساز بکەن و رۆژنامەیەک بلاو بکەنەوە. لە سەر ئەم بڕیارە گۆڤارێک لە شەش لاپەرەدا بە ناوی (رێگا) بلاو دەکەنەوە. لە سەر خەت و نێوەرۆکی رۆژنامەکە وا دەردەکەوێ کە رێگا وەک(ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد)بلاو کراوەتەوە، وادیارە مەبەستیان دامەزرانی حیزبێکی تازە بوە بە ناوی (حیزبی ژیانی کورد) بێ ئەوەی پێرەو پرۆگرامێک لەم حیزبە بەدەستە وەبێ. بێ جێ نابێ کلیشەی رۆژنامەی رێگاو سەروتاری کە بە فارسی نووسراوە وتاقە ژمارەیێکیشە کە لە لای من پارێزراوەو داومە بە زۆر کەسیش کەلکی لێ وەربگرن، ئەگەر بەناوی خۆیان نەیسەپێنن، بیکەین بە کوردی و بۆ مانەوە لە مێژوودا تۆماری بکەین: کلێشەی (رێگا) بەم جۆرەیە؛

پێشکەش بەگیانی پاکی شەهیدانی رێگای ئازادی ــــ رێگا اورگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد ــــ بەرەو ئازادی و ئازادیخوازی - ژمارە (١) سالی (١)

www.kerimhisami.com

بمرێ استعمار و دیکتاتوری. خەزەڵوەری ۱۳۲۷

هۆی پێک هێنانی حیزبی ژیانی کورد ـــ بلاو کردنەوەی گۆڤاری (ڕێگا) ـــ ئامانجی ئێمە:

ئێمە لە پێشەکی گۆڤاردا بەکورتی ئاماژەمان بۆ هۆیەکانی دامەزرانی حیزبی ژیانی کورد و مەبەستی بلاو کردنەوەی گۆڤاری ڕێگا و ئامانجی خۆمان کرد. زۆر بەداخەوە کە سانسوری توندی حکوومەتی نیزامی و چاوەدێری توندی شارەوانی و کار ئاگایی و راوەدووی دایمی مەعمورەکانی دیکەی دەزگای دیکتاتوری لە کوردستان هەموو ئامرازێکیان لە دەست ئێمە هێناوەتەدەر و تەنانەت کاتی ئەوەشیان نەهێشتۆتەوە کە دەرفەت بێ وەک پێویستە بە درێژی باسی مەبەستەکان بکرێ. ناچار بە کورتی باسی مەسەلەکانی پێویست دەکەین و جارێ بە شێکی گۆڤارەکە بە زمانی فارسی دەنووسین .تا دۆستانی ئازادیخوای غەیرە کورد راستە و راست بیخوێننەوە دەزگای دیکتاتوری و کۆنەپەرستیش بەناوی وەرگێران پەڵەی مەبەستی چەپەڵی خۆیان نەخەنە سەرداوێنی باسی راستی نیشاندەری ئێمە. گیانی نەتەوەیی و شعوری قەومی و بەرژەوەندی کوردو کوردستانی ئێران بەتایبەت زەحمەتکێشان و زۆربەی میللەتی کورد، ئێمەی وا لێکرد کە بۆ وەدەست هێنانی مافی سروشتی نەتەوەی کورد و گەیاندنی هاواری مەزلومانەی ئەم قەومە بە گوێی دنیای شارستانیەت و مرۆڤایەتی و خەباتی ئێمە لە گەڵ داروودەستەی حکوومەتی دیکتاتوری تاران و استعمارچی و دەلاڵ و نۆکەرانیانو بەکرێگیراوانی دۆلار لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستانی خۆشەویست، حیزبێک بەناوی (حیزبی ژیانی کورد) دابمەزرێنین.

لە رۆژەکانی سەرەتای هاتنی ئوردووی دیکتاتوری زۆرو کەم تێکۆشانێک هەبوو. ئەمرۆ کە کاربەدەستانی دەوڵەتی کۆنەپەرستی تاران دەیانەوێ بە هەنگاوێکی بەردەوامتر بۆ نابودی ئێمە و گواستنەوەی گشتی کوردەکانی ناوچەی موکریان دەست بە کار بن، ئێمەش بە پێویستمان زانی خەباتێکی هەراوتر دەست پێ بکەین. ئەوەتا سەرەڕای ئەو هەموو کەند و کۆسپە نا لە بارە و مەترسی زۆر،

دەستمان کردوە بە بڵاو کردنەوەی گۆڤاری ڕێگا ئۆرگانی حیزب. بڕیاریشمانداوە کە هەر چەند مەترسی زیاتربێ و پتر لە ئاستەنگ دابێن دیسان بڵاو کردنەوەی ئەو درێژە پێ بدەین و هەست و بیری کۆمەڵانی کورد بە چاوی داد و مرۆڤایەتی دنیای ئێستا کە بریتی یە لە کورسی نشینانی کۆڕی نەتەوە یەکگرتوەکان نیشان بدەین. هەر چەندی ئەم چاوەی داد کوێر بێ، دیسان بە گەورەتر نیشانی بدەین تا لە ئاخردا بزانن کە لە سایەی ئەوانەوە چ بە سەر نەتەوەکانی بێ هێزدێن.

تێکۆشانی حیزبی ئێمە تایبەتی بارودۆخی کورد وکوردستانی چوارچێوەی سنووری ئێستای ئێرانەو بۆ ئازادی و بە دێموکراسی کردنی تەواوی ئێران تێدەکۆشێ و خاڵی پاڵپشتی ئێمەش تەنیا هێزی لە شکان نە هاتووی ئازادیخوازانی نەتەوەکانی ئێرانە بە پشت بەستن بە قانونی ئەساسی ئێران. چونکە بۆ دەزگای دیکتاتوری حکوومەتی تاران دووپاتە کردنەوە و ڕوونکردنەوەی زۆر پێویستە. دیسان بە ئاشکرا دەڵێین، ئێمە مافی سروشتی میللەتی کوردمان لە ژێر چاوەدێری حکوومەتێکی دێموکراسی ئێران بۆ کورد وکوردستانی نێو سنووری ئێستای ئێران بە گوێرەی قانونی ئەساسی ئێران بە فتوای ئاقڵی سەلیمی مرۆڤ گەرەکە. ڕێبەری ئێمە گیانی نەتەوەیی و یاریدەدەرمان هێزی ئازادیخوازی ئێمە و کەرەسەی کارمان ماڵ و گیان و هەموو شتی ئێمەیە.

لە گەڵ ئەو هەموو دوو پاتە کردنەوەو ڕوونکردنەوەیە، هیواداریین کۆنەپەرستەکان ئیتر لە بنچینەی ڕەفتار و کردەوەی خۆیان بوختان و تۆمەت بۆ مەرامی پاکی ئێمە هەڵنەبەستن. هەرچەند ئەوەش گرنگ نیە، چونکە ڕاستی لە لای خەڵکی تێگەیشتوو ڕوونە.

ئێمە بە ناوی پشتیوانی لە ویژدان و ڕاستی و ئازادی لەم خەباتە مەزنەدا دەستی داوای هاوکاری و بەشداری وپشتگیری بۆ لای حیزبە پێشکەوتووخوازەکانی ئێران و هەر وەها کۆمەڵانی ئازادیخوازی کورد لە هەر جێی یەک بن، درێژ دەکەین و چاوەڕوانی پشتیوانیمان لە وان هەیە. لە گەڵ میللەتی نەجیب و هاودەردی ئازەربایجانیی ئێمە هاوکاری دەکەین. پێوەندی دۆستایەتی مێژوویی

www.kerimbisarani.com

خۆمان درێژە پێدەدەین .ئێستا بۆ ئیسباتی بوون و ناساندنی مافی خۆمان لە ئێران بەگشتی باسی میللیەت و هەل و مەرجە بنەرەتیەکانی ئەو دەکەین.»

لە لاپەڕەی دووەمی (ڕێگا) دا پاش سەر وتار چەند خەت دەبینرێن کە لە ژێر هەر یەکێک لە وان واتە و مەبەستەکان بە کورتی روون کراونەوە. سەرخەتەکان ئەمانەن: « میللەتی کورد و میللیەتی ئەو»... زمانی کوردی ، مەزهەبی کوردی، هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستان، لەم بەشەدا باسی جوغرافیا و سنوورەکان و دابەشکردنی کوردستانی گەورە دەکا و بارودۆخی کوردەکان لە تورکیاو عیراق و سوریا بە گوێرەی چۆنیەتی ژیان و سیاسەتی حکوومەتەکانیان بە کورتی روون دەکاتەوە و لە سەر ئێران دەنووسێ:« بەڵام لە ئێران هەر ئەو ئێرانەی ئێمە قانونی ئەساسی و یاساکانی تری ناوی کورد ناهێنن. بە رواڵەت هەموو جۆرە بە کارهێنانی زمانی کوردی دەبوایە لە باری یاساوە ئازاد بێ .بەو حاڵەش رەفتاری حکوومەت و مەعمورە کۆنە پەرستەکانی دەوڵەتی سەرە ڕۆی ئێران دەستی کەمتری لە فاشیستەکانی تورکیا نیە و ڕێبازی چەپەڵی ئەوانیان سەبارەت بە کوردەکان گرتۆتە بەر. بە تایبەت دوای چاوپێکەوتنی دوو دیکتاتۆری ئێران و تورکیا(پەهلەوی ومستەفاکەماڵ) دەوڵەتی ئێران بۆ تواندنەوەی کورد لە هیچ کردەوەیەکی نامەردانە دەستی نەگێڕاوەتەوە.» لە لاپەڕەی ٣دا باسی مێژووی هاوبەشی کورددەکاوبە سەلاح الدینی ئەیوبی هەڵادەڵێ ودەنووسێ:« ...زۆربەی تایفە کوردەکانی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا کۆکردۆتەوە و یەکێتی یەکی کوردی پێکهێناوە.»

لە لاپەڕەی ٤ دا بە ئیمزای (بێناو) بەم جۆرەی خوارەوە باسی(ئامانجی هاوبەشی کورد) دەکات: « کورد تەنیا یەک ئاوات وویستی هەیە ئەوەش ئازادیە لە سەر بناغە قایمەکانی قەومیەتی ئێمە. ئێمە کوردەکانی ئێران بە گوێرەی ئەم بەڵگەو دۆکومێنتە مێژوویی و بەگوێرەی دان پێدانانی ئاشکرای ئاغای موزەفەرفیروز یاریدەدەری سەرۆک وەزیری ئەودەم و نوێنەری خاوەن ئیختیاری دەوڵەتی ناوەندی کە لە پەیمانی تاران- ئازەربایجاندا بوون و مافی ئێمە دانی

www.kerimhisami.com

پێداهاتوه مافی سروشتی خۆمان کە بریتی یە لە حکوومەتێکی خودموختاری دێموکراسی لە چوار چێوەی حکوومەتێکی دێموکراسی ناوەندی دا بە گوێرەی قانونی ئەساسی داوا دەکەین. تا دوا هەناسەش لە پێناو ویستی مافی خۆماندا خەبات دەکەین و دڵنیاشین سەرکەوتنی ئاخری بۆ ئێمەیە چونکە ماف بەلای ئێمەدایە.»

لە لاپەری ٤ ی گۆڤاری ڕێگادا وتارێک بە ئیمزای(تەیمور) لە ژێر سەرخەتی «حەربەی دیکتاتوری یا ئەرتەشی ئێران» بڵاو کراوەتەوە جنایەتەکانی ئەرتەش و پۆلیسی ئێران لە دەورانی حکوومەتی بنەماڵەی پەهلەوی روون کردۆتەوە ودەنووسێ:« ... هێزی هاشمی خائین و هومایونی لە کوردستان وەحشیانە دەستیان بە کوشت و کوشتار و هەڵاوەسین کرد. لە ئازەربایجاندا هەزاران لاوی ئازادیخوای ئازەربایجانی و ئەرمەنی و ئاسوری یان کوشت. لە کوردستان پێشەوای کەبیر مەرحومی قازی محەممەد و چەند نەفەر پیاوانی گەورە و ئازادیخوای وەکوو سەدری قازی، سەیفی قازی، مازوجی، نازمی، نەغەدەیی، روشنفکر لە مەهاباد، عەلیخانی شێرزاد لە بۆکان، ئەحمەدخانی فاروقی، حەمەخانی فاروقی، حەمەدبەگی فەیزوڵابەگی، عەلی بەگ، ئاغاسەدیق، عەلی خانی فاتیحی، شێخ ئەمینی کەس نەزان، ئەحمەدخانی شەجیعی، عەلی ئاغای جەوانمەردی، رەسول ئاغای جەوانمەردی، حەسەنخانی کانی نیاز، لە سەقز فیدای چەند دۆڵارێک کران کە شاو هەیئەتی حاکمە و سەرانی ئەرتەش لە ئەمریکا وەریان گرتبوو. وە(٢٥)نەفەر ئەفسەری جەوان و رەشیدی ئازەربایجانی لە مەهاباد هەر بەو حیسابە تیرە باران کران.»

لە کۆتایی لاپەڕەی شەشی گۆڤاری(ڕێگا)دا لە ژێر سەرخەتی « ئەی برایانی ئازادیخواز» وەک بانگەواز نوسراوە: «...ئەی جەوانان وروشنفیکران ئازاد مەردان ئەم مجلە هی ئێوەیەو بۆ ئێوەیە جا لە بڵاوکردنەوەی دریغ مەکەن و بیگەیێنن بە برایانی هاو فیکر و خوێندەواری خۆتان چ کورد، چ ئازەربایجانی، چ فارس وە بۆ برایانی نە خوێندەواریشی بخوێننەوە و حاڵیان بکەن چونکو بڵاوبوونەوەی ئەو

www.kerimhisami.com

مجەلەیە بڵاو بوونەوەی ئەفکاری ئینگۆیە. وە لە ناردنی ئەخبار ونەزەریاتی خۆتان ڕامەوەستن. هیوادارین بەم زوانە بەیاریدەدانی برایانی هاوفیکر و مەرام بتوانین ئەم مجلەیە جوانتر چاپ و ئامادە بکەین.»

لە کۆتاییدا بە ناوی دەنگوباس چەند خەبەرێکی لە بارەی شێروخورشیدی مەهاباد و نەبوونی دوکتۆر و دەرمان لە شارەکانی کوردستان و تەشقەڵە و پوڵ ساندنی مەعمورانی دەوڵەتی بڵاو کردۆتەوە. لە دێڕی ئاخریدا دەنووسێ « نرخی مجلە لە هەموو جێگایەک بۆ هەموو کەس دانەی تەنیا تمەنێکە» (١٨)*

وەک شەهید حەسەنی قزڵجی باسی دەکرد و دەقی گۆڤاری (ڕێگا)ش وەک لێرەدا هاتوە و بە دەستەوەیە. دەبێ (ڕێگا) هەوەڵین بڵاوکەرەوەی سیاسی دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان بوو بێ. بەڵام دوکتور ئاسۆ(قادری مەحمودزادە) لە بیرەوەریەکانیدا کە بە زمانی فارسی بڵاوکراونەوە دەنووسێ : « .....لەمانگی پوشپەری ئەو ساڵە دا لە لایەن لاوانی تێکۆشەرەوە پشکی چوونی عیراق بە ناوی لاوی فیداکار ئاغای غەنی بلوریان دەرکەوت. ئەو چوە عیراق لە گەڵ ئازادیخوازانی وێندەرێ پێوەندی گرت و باسی زوڵم و ستەمی شاو ڕێژیمە بێزراوەکەی کرد ولە سەر ئەوە بریاردرا کە لە سیتەک ملکی شێخ مەحمودی نەمر چاپخانەیەکی پچوک

لەنووسراوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری ڕێگا دەردەکەوێ کە پتر لە پێویست بۆ وەدەستهێنانی(مافی سروشتی میللەتی کورد لە کوردستانی نێو سنووری ئێران) پشت بە قانونی ئەساسی ئێران دەبەستێ، لە کاتێکا قانونی ئەساسی ئێران نەک هەر باسی کورد وەک نەتەوە و مافی گەلانی ئێران ناکات ،بەڵکوو سەرپشکایەتی وسەردەستی زیندە بۆفارس لەبەر چاودەگرێ. جگە لەوە وەک نووسەرانی ڕێگا کەمتر لە وتووێژی موزەفەرفیروز ونوێنەرانی ئازەربایجان و نێوەرۆکی پەیمانی تاران ـــ ئازەربایجان ئاگادار بن وایە. وەک لە بەرگی یێکەمی(پێداچوونەوە)دا ڕوونم کردۆتەوە لە وتووێژو پەیمانی (تاران ـــ ئازەربایجان)باسی کوردستان ومەسەلەی کوردو مافی کورد نەکراوە. لە پەیمانی ١٥مادەیی نێوان موزەفەرفیروز و حکوومەتی ئازەربایجان لە مادەی ١٣دا تەنیا ئەوەندە ناوی کورد هاتوە کە دەڵێ: دەوڵەت موافەقەت دەکا کە کوردەکانی دانیشتووی ئازەربایجان لەمەزایای ئەم ڕێک کەوتن نامەیە کەڵک وەربگرن وبەگوێرەی مادە ٣ی ڕاگەیاندنی دەوڵەت تاپۆلی پێنجی سەرەتایی بەزمانی خۆیان بخوێنن.»(٢٠)»
ـــ پێداچوونەوە.

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاوۆکوو بەیاننامە بخرێتە بەر دەستی نوێنەری شۆڕشگێڕانی ئازەربایجان و کوردستان. ئاغای بلوریان توانی هێندێ بەیاننامە دژی شاو روکنی ۲ کە پاشان بوو بە ساواک (دیارە دوکتور ئاسۆ زۆر ئاگادارنیە. روکنی ۲ نەبوو بە ساواک . ساواک دەزگایەکی تایبەتی ئەشکنجەو راونانی ئازادیخوازان بوو. ن) بنووسێ و چاپ و بڵاو کاتەوە. ئەم کارە تا پایزی ۱۳۲۷ درێژەی کێشاو لە گەڵاڕێزانی ئەو ساڵەدا هێندێ لەو بەیاننامانەدا کەوتە دەستی ئێمە و بۆ بڵاو کردنەوە لە شاردا بە سەر لاواندا دابەشکرا.» (۱۹)

جگە لەوە یوسفی ریزوانی* لە نامەیەکدا کە ۹٦/٤/۱٥ بۆ نووسەری ئەم دێرانەی ناردوە دەنووسێ:« یەکێتی لاوانی کوردستان جێگای رابەری حیزبی دیموکراتی بە دەستەوەگرت. کاک غەنی بلوریان و محەمەدئەمینی مەولودەچرچی نێردرانە کوردستانی عیراق و میوانی شێخ لەتیف دەبن. بە هۆی ناوبراو وحیزبی شیوعی عیراقەوە بەیاننامەیەک بەناوی (ئیعلامی مەجودیەتی حیزبی دیموکرات) لە

یوسفی ریزوانی لاوێکی خوێن گەرم وتێکۆشەرێکی کۆڵنەدەری مەهابادی بوو. دوای کۆدیتای دژی حکوومەتی مصدق ۱۹٥۳ بەتاوانی تێکۆشانی سیاسی دەگیرێ وبەپێنج ساڵ حەبس حوکم دەدرێ. پێنج ساڵ زیندان لەبەندیخانەکانی مەهاباد وورمێ وتەورێز لەوپەری دەست تەنگیدا بەسەربەرزی دەباتە سەر. دوای ئازادبوونی لە زیندان رێگای خەبات و تێکۆشان دەگرێتەوە بەرو ساڵی ۱۹٥۹پاش پەلاماری ساواک بۆسەر رێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ناو براویش رادەکاو دەچێتە کوردستانی گەرمێن. لەوێ ئەحمەدتوفیق زۆرنائینسانانە رەفتاری لەگەڵ دەکا. ناچاردەبێ ماوەیەک خۆبشارێتەوە. پاشان لەبەغدا بەناوێکی دیکە ژیانی ماڵ ومنداڵی خۆی بەرێوە دەباو هەرلەوکاتەشدا لەگەڵ تێکۆشەرانی کوردستانی ئێران لە پێوەندی دادەبێ. دوای رووخانی رێژیمی شا دەگەرێتەوە کوردستانی ئێران ولەریزی حیزبی دیموکراتدا بەشداریی خەباتی سیاسی دەکا. دەبێتە بەرپرسی تەشکیلاتی هەوشاری حیزبی دیموکرات. دوای کۆنگرەی چوارەم دەبێتە مشاوری کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات وکاندیدای حیزب بۆ هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران. دوای پاشەکشەی حیزبی دیموکرات دیارە بەتاوانی زمانگەڕانی، لەگەڵ شاعیری ناوداری کورد هێمن وقادری عەبدی ئەندامی پێشووی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات دەگیرێ وماوەیەک لەژێر پاسەوانی مەلاعەولای حیاکی (عبداللەحسن زادە)دا لەحەبسیندا دەبێ وپاشان بەنوکە قەڵەمێک بە شێوەی دیموکراسی لەحیزبی دیموکرات دەردەکرێ.»(پێداچوونەوە)

www.kermhisami.com

چاپ دەدەن و دەگەڕێنەوە مەهاباد. چونکو بەیاننامەکە لە چاپ درابوو بە دەستخەت (تکثیر) کراو بلاو کرایەوە. ئەو کارە بەر هەڵستێکی جوانی بەرانبەر حکوومەت نیشاندا و جموجۆڵێکی باشی خستە ناو خەڵک.»

سەرچاوەکان

١ – جعفر مهدی نیا ، زندگی قوام السلطنه ، ل ٥٢٢

٢ – ئیگلتون، کۆماری کورد ١٩٤٦ ، وەرگێڕانی سەید محەممەدی سەمەدی ، ١٩٧١ ، ل، ٢١٤

٣– نجفقلی پسیان، ازمهاباد خونین تاکرانەهای اراس.

٤ – درک کینیان ،کردها وکردستان ، وەرگێڕانی برایمی یونسی ، ١٣٧٢ ، ل ٢٠٤،

٥ – جعفر مهدی نیا ، هەمان سەرچاوە ، ل ، ٥٤٥

٦ – ئیگلتون ، هەمان سەرچاوە ، ل، ٢٢٧

٧ – ئارچیبالد روزڤلت ،شوق اموختن. ترجمه صهبا سعیدی، ١٣٧١ ، ل، ٣٥١

٨– جعفر مهدی نیا، هەمان سەرچاو ل ، ٥٥٠

٩– درک کینیان ، هەمان سەرچاوە ، ل، ١٣١

١٠– نجفقلی پسیان، ازمهاباد خونین تاکەانهای ارس ١٣٢٨، ل، ١٤٠ – ١٠٢

١١– پسیان ، هەمان سەرچاوە ، ل، ١١٨، ١١٧ ، ١١٦

١٢ – ئیگلتون ، هەمان سەرچاوە ، ل، ٢٢٢

١٣ – وتەی بارزانی مستەفا. لەکتێبی: مسعودالبارزانی، البارزانی والحرکه التحرریه الکردیه، ١٩٨٧،ل١٤٧

١٤ – ر. کوردستان ، ژمارە ١٧ ، ١٩٧٢

١٥ – پێنج بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، وەرگێرانی ئەنوەر سوڵتانی، گزنگ، ژمارە ١٠

www.kerimhisami.com

١٦-مەسعودالبارزان، البارزانی والحرکە التحرریە الکردیە، ١٩٨٧،ل،١٦٤، ١٧٧

١٧- دکتر اسو(قادر محمودزادە)خاطرات زندگی پرماجرا، تهران، ١٣٧٤،ل ١٦٥، ١٦٦، ١٦٧، ١٦٨

١٨ - گۆڤاری ڕێگا ، ژمارە ١ خەزەڵوەری ١٣٢٧

١٩ - دکتر اسو(قادرمحمودزادە) هەمان جێ ل ، ١٨٤

٢٠ - دوازدهم شهریور ، تاریخچە نهضت دمکراتیک ازربایجان، تبریز، ١٣٢٥ ، ل،١٢٢ ، ١٣١

www.kerimhisami.com

بەشی دووەم :

تێکۆشانی سیاسی وپێکهێنانی رێکخراوێکی نوێ

بلاو بوونەوەی گۆڤاری(رێگا)حکوومەتی ئێران دەهاروژێنێ. رێژیمی کۆنەپەرستی ئێران پێی وابوو دوای گرتنەوەی کوردستان ولەسێدارەدانی پێشەواو ئازادیخوازانی تری کورد و پەڕینەوەی بارزانیەکان لە ئاراز، ئیتر بزووتنەوەی کوردی خاشەبڕ کردوە و بیری رزگاریخوازی لە مێشکی تێکۆشەرانی کوردا کوشتوە و تام و چێژی ئازادی چەندساڵەی دەسەلاتی نەتەوەیی کوردی لە چێژگەو بیروهەستی گەلی کوردا سریوەتەوە. سەبارەت بە بلاوبوونەوەی گۆڤاری (رێگا) بووبێ یا بەیاننامەی ناوبراو لە مەهاباد حکوومەت دەست دەکا بەگرتنی خەلک و دوور خستنەوە لەکوردستان. عەزیز و قادری یوسفی دوو برای تێکۆشەرو حەسەنی مفتی بەچوارساڵ زیندان حوکم دەدرێن ورەوانەی بەندیخانە دەکرێن. بەلام زەبرو زەنگی حکوومەت نەک هەرناتوانێ خەلک چاوترسێن بکا، بەلکوو بەقەولی شاعیری ناوداری کورد هێمن،(لەسەرداوارەواکەیان سورتر) پشیان دەکات وبۆ دۆزینەوەی رێگاو شێوازی نوێی تێکۆشان جموجۆل دەست پێدەکرێت. هەروەک باسکراله ناوچەی سندوس و لاجان و شنۆ (کۆمەلەی لاوانی لادێ) لەنێو خەلکدا وردە وردە دێتە ناسێن وهەست بە بزووتنەوەیەکی نادیار دەکرێت. لە دوو گوندی سندوس وشنۆ چەند لاوێکی خوێن گەرم لە قولە ئاغایەکی زۆربلێ و کوێخا سجلێکی خۆفرۆش دەست دەوەشێنن. رووداوەکە دەنگ دەداتەوەو ژاندارم بەدوای دۆزینەوەیدا دەست بەکاردەبێ.

له مەهابادیش چەندلاوی خوێندەواری تێکۆشەر لێک کۆ دەبنەوەو ڕێکخراوێک بەناوی کۆمەڵەی کۆموونیستی کوردستان (ک.ک.ک) دادەمەزرێنن. بەشێوەیەکی یەکجار نهێنی و زانایانە خەبات دەست پێدەکەن.

کۆبوونەوەی بن گیشە گەنمی درواو

له مانگی گەلاوێژی ١٩٤٨ لە سەر پێشنیاری خوالێخۆشبوو کاک سوڵتانی شێخاغایی (ئەفسەری پێشووی سوپای میللی کوردستان)چەند تێکۆشەری ناوچەی شامات کە لە سەر بنچینەی نووسراوەی مەلا ئەمجەدی عوسمانی یەکیان گرتبوو، لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵەی لاوانی لادێ لە مەزرای گوندی تازەکەندی شامات لەبن گیشە گەنمێک کۆدەبنەوە. بەشدارانی کۆبوونەوە لە شامات بریتی دەبن لە:(سوڵتانی شێخاغایی، میرزاحەسەنی میرخزری ، مەلابابەوەیسی)،لەلایەن (کۆمەڵەی لاوانی لادێ)وە، مەلا مەعسومی قەرەقەسابی، سەیدعەلی حاجی کاکەمینی و کەریمی حسامی. پاش باس و لێکۆڵینەوە و وتووێژێکی خەست دەگەنە ئەم بڕوایە کە یەکگرتنەوە ی تێکۆشانی بەربڵاو بە ئەرکی سەرەکی دابنێن. هەرلە وێ بڕیار دەدەن بە هۆی کاک سوڵتانی شێخاغایی لە مەهاباد لەگەڵ کۆمەڵەی کۆموونیستی کوردستان پێوەندی بگیرێ وهەموو هێزو توانا تێک بخرێنەوە وخەبات ڕێکوپێک بکرێ.

له مانگی ئوکتۆبری ١٩٤٨ شادرەوان میرزارەحیمی سوڵتانیان وەک کارمەندی ئیدارەی دارایی دەچێتە نەغەدە و لە گەڵ دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی لاوانی لادێ) پێوەندی دەگرێ و پاش لێکدانەوەیەکی ژیربێژی کۆمەڵەی لاوان بەخڕی دەچێتە نێو(کۆمەڵەی کۆموونیستی کوردستان). خەبات شێوەیەکی ڕێکخراوەیی خاوەن زەبت ورەبت بەخۆوە دەگرێ. ک.ک.ک بە خێرایی تێکۆشانی خۆی پەرە پێدەداو تینی خەبات وەبەر خەلک دەنێ. بەڵام ئەویش بێ بەرنامە و پرۆگرام، تەنیا لەرێگای پێوەندی ڕاستەو خۆ دیدارو ڕاسپاردە کارەکانی ڕادەپەڕێنێ.

بەرەولادان لەرێبازی حیزبی دێموکرات و توندکردنی خەباتی چینایەتی

بۆچی دەڵێم بەرەولادان لەرێبازی حیزبی دێموکرات ؟

لێرەدا مەبەستم بەکەمدانانی خەباتی کۆمەڵەی کۆمونیستی کوردستان نیە. خۆم لەسەرەتاوە بڕوام بەخەباتی چینایەتی هەبوە و ئێستاش هەرلەسەر ئەو باوەڕەم کەکۆمەڵی کوردەواریش وەک هەموو کۆمەڵگای وڵاتانی دنیا خاوەنی چینی جیاوازە و بەرژەوەند و قازانجی ئەوچینانە یەکتر ناگرێتەوە و ژیانیان لێک جیاوازە و خەباتی چینایەتیش مافی ڕەوای هەموو زەحمەتکێشانی کوردستانە. بەڵام لەبەر ئەوەی کوردستان وگەلی کورد بەخڕی لەژێردەستی بێگانەدا دەژی وبەگشتی وەک نەتەوە لەمافی ڕەوای نەتەوایەتی بێبەشە، ڕەنگە خەباتی چینایەتی ئەوەندە توندو تیژنەبێ کە تارمایی بخاتە سەرخەباتی نیشتمانی ورزگاریخوازی نەتەوەیی. وەک دەزانین حیزبی دێموکرات ڕێبازی خەباتی چینایەتی نەگرتبوەپێش، وەک لە تێکۆشانی کۆمەڵەی کۆمونیستی کوردستاندا ڕەنگی دەدایەوە

ک.ک.ک ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی نەتەوەیی و نیشتمانی لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و هیوایەک لەدڵی خەڵکدا پێکدێنێ. لەو کاتەدا خوالێخۆشبوو ڕەحیمی سوڵتانیان ورەحیمی... لە دامەزرێنەرانی ک.ک.ک دەچنە تاران ولەگەڵ بالیۆزخانەی یەکێتی سۆڤیێتی پێوەندی دەگرن و دامەزرانی کۆمەڵەی کۆموونیستی کوردستانیان پێڕادەگەیێنن. دیارنیە کام دیپلۆماتی نەزان ونائاگای سۆڤیێتی ناشارەزا لە هەل و مەرجی وڵاتی فرەنەتەوە، بێ ئاگاداری لە بارودۆخی کوردستانی دابەشکراو و لەوەزع و حاڵی کوردی بەشخوراو، لە گەڵ نوێنەرانی ک.ک.ک دادەنیشێ و ڕاست هەر ئەم هەڵانە دووپات دەکاتەوە کە دیپلۆماسی

www.kerimhisami.com

سۆفێتی لە مەسەلەی کۆماری کوردستان بەسەریدا ڕۆیشتبوون . ئەودەم جەعفەر باغرۆف بە ناوی یەکێتی و هاوکاری (هێزە دێموکراتەکانی ئێران) دەیویست حیزبی دیموکرات لە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا بتوێنێتەوە. ئەمجارەش کابرای نەزان بە نوێنەرانی ک.ک.ک دەڵێ:«... لە وڵاتێکدا دووحیزبی کۆمۆونیست نابن،(ئەو حوکمەی پتر لە ٦٠ساڵ کردیانە ئایەتی قورعان و لە وڵاتی فرەنەتەوەدا، کۆموونیستی نەتەوەی ژێردەستیان پێ گێژکرد). کابرا دەڵێ لە ئێراندا حیزبی تودە هەیە و حیزبی کۆموونیستی ئێرانە. باشترە ئێوە لە کوردستان هەر بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان تێکۆشان درێژە پێ بدەن. لەوەش باشترئەوەیە بچن لە گەڵ حیزبی تودە دانیشن و هاوکاری بکەن. ئەوانیش بە گوێرەی کەش وهەوای گشتی ئەوزەمان لە ڕێگای صارم الدینی صادق وەزیری یەوە لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی تودەی ئێران پێوەندی دەگرن و دەگەنە ئەوبڕیارە کە واز لە ناوی(ک.ک.ک) بێنن و لە کوردستان بۆ ڕاکێشانی خەڵکی کورد سەر زارەکی بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە ڕاستیشدا لە ژێر ڕێبەرایەتی و ڕێنوێنی حیزبی تودەدا وەک ڕێکخراوی حیزبی تودە خەبات درێژە پێبدەن. دیارە مەرجێکیشی ئەوە دەبێ کە باسی مەسەلەی نەتەوایەتی وزمان وکولتوری کوردی وتەنانەت خود موختاریش نەهێننە گۆڕێ. خەباتی چینایەتی لەکوردستان بەڕێوە بەرن. حیزبی تودەش هەم لەباری ماددی وهەم لەبواری پەروەردەی کادر و فێرکردنی خەباتی نهێنی یارمەتیان بدات .*

بە دوای ئەم ڕاوێژکاری وخۆ بەستنەوە بە سیاسەتی حیزبی تودەی ئێرانەوە ئیتر(ک.ک.ک) نامێنێ و گۆڕانێکی بەر چاو کە بە سەر بزووتنەوەی کوردستان

دیارە هیچ گلەیی لەو برادەرانە ناکرێ. یەکەم ئەودەم کەش وهەوایەکی ئەوتۆ لە وڵات داهەبوو کە ئەوەی لە لایەن سۆفیێتەوە گوترا بایە بۆ ڕووناکبیرانی پێشکەوتووخواز و بۆ زۆربەی خەڵکی کوردیش جێگای پەسند بوو. دیسان خەڵک بۆ ئازادی هەر هیوای بە سۆفێت بوو. دووەم لاوی بێ ئەزموون وخوێن گەرم وتوڕە لە خەیانەت و نۆکەری دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەتانی کورد کە پشتیان دە کۆماری کوردستان کردبوو خەباتی چینایەتیان بۆ کوردستان پێ ڕێبازێکی ڕاستتر بوو. ـــ پێداچوونەوە

www.kerimhisami.com

دادێت بریتی یە لەوە: ئەگەر کۆمەڵەی کۆموونیستی کوردستان خەباتی چینایەتی لە کوردستان کردبوە ڕێبازی تێکۆشانی خۆی و بە ناوی کۆموونیستی کورد خەباتی دەکرد، ئەمجارە خەباتە چینایەتیەکە هەردەمێنێ، کۆموونیستی یەکەشی بەناوی حیزبی تودەوە هەر پێوە دیاردەبێ، تەنیا (کوردستانەکەی) لێ ئەستێنرێتەوە و لە ژێر ڕێبەرایەتی حیزبی تودەدا، بۆچاو نووساندی کۆمەلانی خەلکی کوردستان ناوی حیزبی دیموکراتی بێناوەرۆک بەکاردەهێنن، بێ ئەوەی باسێک لە مەسەلەی کورد ومافی نەتەوایەتی کورد بێتە گۆڕێ

کومیتەی سەرکردایەتی (ک.ک.ک) کە بریتی بوون لە(ڕەحیمی سولتانیان، ڕەحیمی خەرازی، غەنی بلوریان، عەزیزی حسامی(ئەمەیان لەبەر ناکۆکی لەگەڵ غەنی بلوریان دەستی لەکارکێشایەوە ن) کەریمی وەیسی و عەبداللە ئیسحاقی)بێ کۆنفرانس و کۆنگرە و هەڵبژاردن بە ناوی کومیتەی(کوردستان) تێکۆشان بەرێوە دەبەن. لە تاران صارم الدینی صادق وەزیری ئەندامی چالاکی حیزبی تودە دەبێتە بەرپرسی کومێتەی کوردستان. «ساڵی ١٣٣٠کە بۆ هەڵبژاردنی دەورەی حەفدەهەم هاتم، هەروەک دەزانی ئامانجم زیاتر ئەوە بوو تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێک وپێک بکەم. ئەودەم ساڵ و نیوێکی مابوو بۆ ئەو کاتەی کە حەزبی تودە ئیجازەی کاری سیاسی لە کوردستان و ئازەربایجان وەربگرێ.

هەروەک بۆم باسکردووی من خۆم ساڵی ١٣٢٦ڕێکخراوی حیزبم زیندووکردۆتەوە. لە لایەکیش دەمزانی کە لە نێوان پێنج ئەندامی کومیتەی ناوەندی ئەودەم ناکۆکی زۆر هەبوو. هەوەڵین کۆبوونەوەم بۆ باسی مەسەلەی ناکۆکی ئەوان تەرخان کرد. بە سەر سوڕمانەوە دیتم کە غەنی وعەولای ئیسحاقی لە لایەک وسێ کەس لایەکێن. یەکتر بە «جاسوسی و خەیانەت» تاوانبار دەکەن. * توڕە بووم و بە سەریاندا هاتم

---

*-بەداخەوە ئەم دابە نگریس ودزێوە لەنێو بزووتنەوەی کوردیدابۆتە باو.ئەندامانی حیزب ورێبەرانی سیاسی دەیان ساڵ پێکەوە لەشانە وکومیتەو ڕێکخراوەدا هاوکاری دەکەن وبڕوایان پێک هەیە، بەلام لەگەڵکو لەسەر مەسەلەیەک ناکۆکی بیروڕایان لێ پەیدا بوو ولێک ترازان، شالاوی تۆمەت وبوختانی بێشەرمانە دەکەوێتە ڕێ ویەکتر بەجاسوس

www.kerimhisami.com

و گوتم: ئەگەر بەراست بۆ ئەم تۆمەت وتاوانانە بەڵگەیەکتان هەیە، چۆن تا ئێستا پێکەوە کارتان کردوە.؟ ئاخر چۆن شتی وادەبێ کەسێک لە گەڵ جاسوس وخائین لە ئۆرگانێکدا هاوکاری بکا.؟ بەڵێ پاش باسێکی زۆر هەرتک لا قەبوڵیان کرد کە تەواوی ئەو تۆمەتانە بێ بناغەبوون و هەرتک لا بۆ تۆمەت هەڵبەستن سنوورێکیان نەهێشتۆتەوە. گۆیا ئەوە تاقە زەمینەیەک بوە کەتێیدا ئازادبوون ! »(١)

خەبات لە کوردستان بەخێرایی پەرە دەگرێ و لە هەموو ناوچەکانی کوردستان لە سەر بنچینەی خەباتی چینایەتی لە ژێر ڕێنوێنی و ڕێبەرایەتی حیزبی تودەدا شانەو ڕێکخراوی ناوچەیی دادەمەزرێن. ڕۆژنامەکانی حیزبی تودە بەچەشنێکی هەراو لە شارەکانی کوردستان بڵاو دەبنەوە بێ ئەوەی باسی کوردستان و مەسەلەی نەتەوەیی یان تێدابێ. بەڵام کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی کورد هەر بەناوی حیزبی دیموکرات بۆ مەیدانی خەبات ڕادەکێشرێن. حیزبی تودەی ئێران لە بەیاننامەیەکی خۆیدا(٢٠ مرداد ١٣٥٨) دەنووسێ: « حیزبی تودەی ئێران دوای شکانی ساڵی ١٣٢٥کە بوو بەهۆی لە بەریەک بڵاوبوونی هێزەکانی میللی ودیموکراتیک لە ئازەربایجان و کوردستان، دیسان زیندوو کردنەوەی ڕێکخراوەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی گرتە ئەستۆ. تەنانەت دوای ئەوەش کە لە نەتیجەی پیلانی مانگی بەهمەنی ١٣٢٧تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی ئێمە تەنگە بەرکرا،حیزبی تودە هەموو توانای خۆی لەم ڕێگایەدا بەکار هێنا.»

—

وجاش وخاین تاوانبار دەکەن. لەکاتێکا سوور دەزانن ئەوەی دەیلێن وهەڵیدەبەستن درۆیە وبوختانەو تەنیا لەبێ فرهەنگی وخۆپەرستی یەوە سەر چاوە دەگرێ.

بەئاواتی ئەو ڕۆژە کەکوردیش وەک گەلانی شارستانی وخاوەن کولتوری پێشکەوتو مامڵە لەگەڵ ڕوو داوەکان بکات وکۆمەڵی کوردەواری لەم ئاکارە دزێو وبێ ئەخلاقیە پاک بێتەوە . پێداچوونەوە.

www.kerimhisami.com

رەنگدانەوەی وەزعی کوردستان وبوژانەوەی خەبات لەدەرەوە

سالی ١٩٤٨-١٩٤٩وتارەکانی کوردی کە لە رادیۆ باکۆ (ئازەربایجانی سۆڤیتی) بلاو دەکرینەوە، هیواو هومیدیک وە بەر خەلک دەنێن و لە سەرخەبات و تێکۆشان رژد تریان دەکەن. لە مانگی فێبریوەری١٩٤٨لە زانستگای تاران تەقە لە شای ئێران دەکریَ. ئەم رووداوە دەبێتە هۆی هێرشی پۆلیس بۆسەر رێکخراوە دێموکراتیەکان وراونانی ئازادیخوازانی ئێران، بەتایبەت سەرحیزبی تودەی ئێران. لە کوردستان جارێکی دیکەش ئازادیخوازانی کورد دەکەونەوە بەر پەلاماری پۆلیس و دەگیرێن و دوور دەخرێنەوە.

بوژانەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی کورد دوای روخانی کۆماری کوردستان و بلاو بوونەوەی دەنگی کوردی لە رادیۆی ئازەربایجان جگە لەوە کە لە نێو کوڕ و کۆمەلانی کوردستان و ئێراندا بەگشتی دەبێتە جێی باس و لێرامان سەرنجی دەزگا جاسوسیەکانی دەولەتانی بێگانەش بۆلای خۆی رادەکێشێ. لەبەلگەنامەی ژمارە fo,321/91252/132969ی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانیادا بە ناوی(کێشەی کورد لە سالانی ١٩٤٦-١٩٥٠)ئەم راپۆرتەمان دێتە بەر چاو کە رێگاد ەدەن لە بۆچووندا سەری هەودا ببەسترێتەوە بە تێکۆشان وجم وجۆلی خەریک بووژانەوەی بزووتنەوەی کوردستانی ئێران و تارادەیەکیش تەئسیری وتارە کوردی یەکانی رادیۆی ئازەربایجان.

٣٤ ــــ «...چالاکی راستەوخۆی سۆڤێت لە ناو کوردانی ئێراندا جگە لە بلاوەی(رادیۆ ئێرەوان) و ئیستگەی رادیۆی دێموکراتەکانی ئازەربایجان کە شوێنەکەی بە باشی روون نیە، جار بە جار و تەنیا بەگوێرەی هەلکەوت بەرێوە

www.kerimhisami.com

دەچێ. کۆنترۆڵی دەسەڵاتداریەتی ئێران بە سەر ناوچە شاخاویەکانی کوردستاندا ئێستاش هەرکەم هێزە. بەڵام خۆتێخزاندنی سیخوڕە سۆڤێتیەکان بەمەبەستی بەردەوام بوونی بایەخدانی کوردەکان بە پێوەندی یان لە گەڵ سۆڤێت دا ڕەنگە زۆریش دەگمەن نەبێ.

. لە وەتی هەرەسهێنانی بزووتنەوەکە، سۆڤێتیەکان هیچ هەوڵێکی یارمەتی بە کوردیان تەنانەت بە قەدەر یارمەتییەکانی ساڵی ١٩٤٦-یش نەداوە. جوانڕۆییەکان بە ئاشکرا هیچ پشتیوانیەکیان لە لایەن سۆڤێتەوە لێ نەکراو نیشانەی واش بە دەستەوە هەن کە ناوچەکانی باشوری سنە و کرماشان هیچ چەشنە چالاکیەکی کۆمونیستیان تێدابەدی ناکرێ. هەر وەها نیشانەی ئەوەش هەیە کە جگە لە شکاک و هەرکی، کە لە ماوەی شەڕ و دوابەدوای ئەودا، بەهۆی دەست بە سەرداگیرانی ناوچەکەلە لایەن سۆڤێتەوە لە ڕێگا چووبوونە دەرەوە، پڕوپاگاندەی ئەم دواییانەی سۆڤێت شوێنی لە سەر پاشماوەی هۆزە کوردەکان دانەناوە. نموونەی سەمەرەی هۆزی فەیزوڵابەگی کە لە لایەن کونسولی ئەعلا حەزرەتی(شای بەریتانیا) لە تەوریزەوە باسی لێوەکراوە و سەرەک هۆزەکان لە سەردەمی ڕیژیمی دێموکرات دا، زەویەکانی خۆیان بە سەر عەشیرەتدا دابەش کردوە * لە لایەن هیچ هۆزێکی دیکەوە ڕەچاو نەکراو یەکجار دووریش دەبیندرێ کە لە داهاتوودا ڕەچاو بکرێ.

٣٥ – ئەو زمانە توندو تیژو لە ڕادەبەدەرەی وا لە بڵاوەی(ڕادیۆی)کوردیدا کەلکی لێ وەردەگیرێ، نیشانەی درێژەی مەیلی سۆڤێتە بو کوردستان و حاڵەتی ئێستای دەست ڕاگرتنی سۆڤێت لە دەست تێوەردانی زیاتری بەشی کوردستانی ئێران کە قەبوڵ و پەسندێکی زۆریشی بۆ هەیە نیشانەی ڕێزگرتنی سۆڤێتیەکانە

---

* ـــ مەبەستی عەزیزخانی کرمانجە کە ساڵی ١٩٤٣ زەویەکانی خۆی بەسەر ڕەعیەتەکاندا دابەش کردبوو. ئەو عەزیزخانەی کە مانگی مای ١٩٤٣ دوای وتارێک لە چوارچرای مەهاباد خەڵکی دەنگدا تا شارەوانی مەهاباد پەلاماربدەن وئاخرین شوێنەواری دەسەڵاتی حکوومەتی تاران لە مەهاباد کوێر کەنەوە. حیزبی دێموکراتیش لەم دواییانەدا بە هەڵە ڕۆژی ١٧ی دیسامبر ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی کردۆتە ڕۆژی پەلاماردانی شارەوانی وناوی ناوە ڕۆژی پێشمەرگە.!! پێداچوونەوە

لەو راستیەی کە هەر کاتێک هێزی سۆڤیێتی بێتە ناوچەکە و چەک و پارە بەسەر هۆزەکاندا دابەش بکات، هۆزە کوردەکان دەخاتە بارێکی دڵخوازی خۆیەوە.

توانای سۆڤیێتەکان بۆ ڕاگرتنی کورد لەم بارو دۆخەدا تا رادەیەکی یەکجار زۆر بە توانای پاراستنی مەزنایەتی ناوچەیی خۆیان و درێژەدان بە ناردنی کەرەسەوە بەستراوە تەوە.»

١٩٤٩

١٠- «... لە سەرەتاکانی ساڵی١٩٤٩دا بە هۆی بڵاو بوونەوەی هەندێ ماتریاڵی پروپاگاندەوە (واهەیە لە لایەن « رزگاری» یەوە بوو بێت) هەنگاوێک بۆ ژیاندنەوەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی هەڵهێنرایەوە. دەسەڵاتداریەتی ئێران لە مانگی فەبریوەر و مارچ و ئەپریل دا دەستی کرد بە گرتنی خەڵک و کارێک کە پێوەندی بە هەواڵی ئەو هەنگاوەوە دەدرا کە لە مانگی فەبریوەری بۆکوشتنی شا هەڵێنراوە. گەرچی هۆزەکانی جەلالی و شکاک دژایەتی خۆیان نیسبەت بە حکوومەتی ئێران نە دەشاردەوە. هیچ نیشانەیەک بەدەستەوە نەبوو کە کورد ئەم کارە خەتایەی کردبێت و بۆ تۆڵە سەندنەوەی تایبەتی خۆیان لە لای دەسەڵاتداریەتی ئێران خەراپەی (عەشیرەتەکانی تر) یان گوتبێت.

١٣ ـــ راپۆرتێکی سەرنجراکێش لە سەر بناغەی بۆچوونی دوو جاسوسی بە ئەزموونی ئینگلیزی کە لە مانگی ئاگوستی ساڵی ١٩٥٠ بە شێوەیەکی سەر بەخۆیانە بە ناو کوردستانی ئێراندا گەڕا بوون، هەستی ئەوانی لە مەڕ هەڵوێستی کورد لەم چەند وشەی خوارەوەدا تۆمار کردوە:

ئە ـــ «هەموو هەواڵنێرە کانمان لە ناوچەکانی کورد نشینی باکوری سەقز بە شێوەیەکی بنەرەتی،هەواڵی لایەنگری کردنی(خەڵکمان) لە سەربەخۆیی کوردستان پێدەگەیێنن و وەک هۆی شتەکە، ناو لە جیاوازیی نەژاد، فەساد وزوڵم وزۆری حکوومەتی ئێران و ئەفسەرانی ئەرتەش دەبەن کە بە گوێرەی قسەی ئەوان لایەنگری بەڕێوە چوونی بەرنامەی پێشکەوتوو لە ناوچە کوردنشینەکان نین و بە دەستی زۆر پێشی بەرنامەی ئەوتۆ دەگرن.

ب ـــ«سەرەرای تورەییکی بێگومان، کە لەو ئاکارە وەشاوەتەوە، هیچ نیشانەیەک نابیندرێ کە بەرنامەیەکی دارڕژاو یا رێکخراوەیەکی گرنگ بە ئامانجی دابینکردنی سەربەخۆیی لە ناوچەکەدا پێکهاتبێ. ڕوانگەی دەسەڵاتداریەتی ئەرتەش لە مەهابادیش هەر وابوو.

لە وەش زیاتر، هیچ نیشانەیەکی لایەنگری کردن لە کوردستانی گەورە وبأس و خواسی موشکیلەی کورد لە تورکیاو سوریا و عیراق، سوریا و عیراق،لە ناو هاو زمانە کوردە ئێرانیەکاندا نەبیندرا.

پ ـــ لە ناوچەکانی باکوری سەقزیشدا، نارەزایی خەڵک لە کاربەدەستانی ئێرانی، وەک نارەزایی زۆربەی ناوچە باکورییەکان بوو، بەڵام لێرەدا لە جیاتی پێداویستی سەر بەخۆیی، لە سەر ئەو مەسەلەیە جەخت دەکرا کە کاربەدەستانی ئێرانی لە مەترسیەکان ئاگادار بکرێن. سەردانی ئەم دواییەی شا لە ناوچەکە، ئاکامێکی باشی بوە. بەڵام ئەوە زۆر گرنگە کە ئەو بەڵێنانەی شا داونی، بێنە ئەنجام.»(٢)

پەلاماردانی جوانڕۆیی یەکان ـــ ١٩٤٩

نێوەرۆکی ئەم راپۆرتانەی وەزارەتی کارو باری دەرەوەی ئینگلستان و کار تێکردنیان لە سەر رووداوەکانی کوردستان لە بەر چاوی کار بەدەستانی حکوومەتی تارانیش زۆر بزر نابێ. دوای تەقەکردن لە شا لە زانستگای تاران حکوومەتی ئێران دەیەوێ نەک هەر دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا بەتەواوی پێشێل بکا، بەڵکوو هەموو هەست و بیری بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازیش لە رەگ و ریشە دەربێنێ. لە نێو عەشیرەتە کوردەکان، عێلی جوانرۆیی دوای رووخانی ریژیمی پەهلەوی (١٩٤١) بە شێوەی سەربەخۆ دەژیا. نە ماڵیات و باجیان دەداو نە چەکیان دانا بوو. « ... لە سەرووی رۆژئاوای کرماشان نیزیک سنووری ئێران و

www.kerimhisami.com

عیراق لە دەوروبەری (رەوانسەر و پاوە و نۆسود) کە بە بەرزایی سەخت ورژدو شوێنێ قایم و ئەستەمی سروشتی لە دنیا بە ناو بانگەو تەنانەت لە سەدەکانی کۆندا لە بەرانبەر هێرشی ئەسکەندەر بەربەرەکانی کردوە و پەلاماردەری راگرتوون، خەلکێک لە کوردی ئێرانی دەژین بەعێلی جوانرۆ ناسراون. شەرکەرانی جوانرۆ بەگشتی خەلکێکی رەشید و تفەنگچی و لە نێو عەشیرەتەکانی تردابە ئازا و هێندێ جار بە دلرەقیش بەناو بانگن. شێوەی خەبات و بەربەرەکانی عەشیرەتی جوانرۆ جۆرێک بوو کە خاو و خێزان و کەسانی پەک کەوتەیان بۆلای سنووری عیراق دەنارد و گەنجە شەروانەکانیش لە ژن و پیاو بۆ خەبات وبەربەرەکانی دەمانەوە. حکوومەتی ناوەندی بڕیاریدا عەشیرەتەکانی دەور و بەری کرماشان چەک بکا، ویستی چەکی ئەم عێلەش بستێنێتەوە. لە مانگی جۆزەردانی ۱۹٤۹ حکوومەتی ئێران بۆ چەک کردنی جوانرۆیی یەکان لەشکری ناردەسەریان. دیارە ئەوە جاری هەوەلیش نەبوو کە لەشکر دەچوە سەر عەشیرەتی جوانرۆ و هەموو جاری بە سەر شۆڕی دەگەڕایەوە. ئەم جارەش نەک هەر چەکیان نەدایەوە، بەلکوو لە دەی مانگی خەرمانان پادەگانی دەولەتیی (پلنگانیان) پەلاماردا و زیانێکی قورسیان بە ئەرتەشی ئێران گەیاند. لە تارانەوە لەشکرێکی ٤٥هەزارکەسیان لە گەل ٥٠تانگ وچوار فرۆکەوە بەهاواری لەشکری کرماشانەوە ناردر بەربەرەکانی جوانرۆیی یەکان سەرکوت کرا. » (٣)

جگە لەم بابەتە کە ئیرج ئەفشارسیستانی باسیکردوە، لە تیلگرافەکانی بالیۆزخانەی بەریتانیا لە تاران کە کاک ئەنوەری سولتانی لە(بەلگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا)وەری گرتوون و کردوونی بە کوردی و بۆچوونی کاربەدەستی ئەرتەشیەکانی ئێرانی لێ دەردەکەوێ، راپەرینی جوانرۆیی یەکان نەک هەر دەولەتی ئێرانی توشی ژانە سەرکردوە، بەلکوو دەولەتی بەریتانیاشی خستۆتە فیکری لێکۆلینەوە و دۆزینەوەی هۆو بنج و بناوانی ئەم سەربزیویە و زۆریشیان خۆ پێوە ماندوو کردوە

FO.371/82000/xc/132947 ..»

حەوتەمی سپتەمبەری ١٩٥٠

لە وەزارەتی دەرەوەی(بەریتانیاوە)بۆ(باڵیۆزخانەی بەریتانی)لەتاران.

رۆژنامەکانی ئێرە، شەوق و عەلاقەیەکی زۆر بەنیسبەت کاروباری کوردستانی ئێرانەوە لە خۆیان نیشان دەدەن. تکایەهەواڵی هەل و مەرجەکەم بە تێکگراف بۆ بنێرە و لە زانیاریدا رام بگرە.

FO.371/82000/xc/132947

لە تارانەو بۆ وەزارەتی کارو باری دەرەوەی (بەریتانیا)

سێرڤ .شپێرد .. ژمارە ٤٣٥ ــــ ١١ی سپتەمبەری ١٩٥٠

(سەبارەت)بەتێلگرافی ژمارە٣٨١ی ئێوە لە مەڕ کوردستان میدیای رەسمی ئێرە دەڵێن هێزی جوانرۆ، داواکاریی ئەرتەشی ناوچەکەی بۆ بە دەستەوەدانی تفەنگەکانیان داوەتە دواوە و لە رۆژی دووهەمی سپتەمبەردا، هێرشیان بردۆتە سەر بنگەیەکی ئەرتەش لە ٦٠مایلی باکووری رۆژئاوای کرماشان، ئینجا بریگادی کرماشان کە فرۆکەی هۆریکان پشتیوانیان بوە، بە گژ جوانرۆیی یە کانداچوە، مەتەریزە کانیان لێگرتوون و بەرەو چیا کشاندایاننەوە. ئەرتەش لە لایەن ئەو هۆزە دراوسێیانە وە کە دوژمنی جوانرۆیی یەکانن، یارمەتی دەدرێن.

ئەتاشەی عەسکەری (بەریتانیا) ئاگادار کراوە کە بەتالیۆنێکی یارمەتیدەر لە تارانەوە نێردراوە بەڵام هێشتا نەگەیشتونەتە جێ. دەقی هەموو نامەو راسپێریەکان لە جانتاکە دایە. پێکدادان درێژەی هەیە.

٢ ــــ جوانرۆییەکان ماوەیەکی درێژە سەرچاوەی ژانەسەرن و ئەم عەمەلیاتەش کارێکی ئاسایی یە بۆ پۆلیس. ئەم راپەرینە (کە لە لایەن رۆژنامەکانەوە گەورە کراوەتەوە)، وێ ناچێ لە پەرەسەندند ابێت. هیچ نیشانەیەکی ئیلهام وەرگرتن لە سۆڤێتی پێوە دیار نیە.

FO. 371/82000/xc/132947

باڵیۆزخانەی بەریتانیا،تاران ــــ ٢٢ی سپتەمبەری ١٩٥٠

نهێنی ، ژمارە ٢٧٢

www.kerimhisami.com

جەناب ، بە گەرانەوە بۆ تێلگرامی ژمارە٤٣٥ی ١١ی سپتەمبەر،شانازیم هەیە لێرەدا نوسخەیەک لەو راپۆرتەتان بۆبنێرم وا لە لایەن جەنابی جێگری کۆنسول Roper ن carzon لە کرماشانەوە سەبارەت بە عەمەلیاتی دەسەلاتداریتی عەسکەریی ئێران، دژ بە هۆزی جوانرۆ نووسراوە. کارێکی بەجێیە ئەگەر لەم کاتەدا چاوێک بە بارودۆخی عەشیرەیی کوردستاندا بخشێندرێتەوە تا بزانرێ مەترسی جیدی بۆ ئاسایشی دەوڵەتی ئێران لە ناوچەکە، تاچ رادەیەکە.

١)راستەقینەی بناغەیی سەبارەت بە هۆزە کوردەکان ئەوەیە تفەنگیان بە دەستەوەیە و هەر وەها بە هۆی دوژمنایەتی عەشیرەیی و بنەماڵەییەوە، گەلێک دابەشکراو و لێک دابڕاون، بۆ دەست تێوەردانی حوکمی مەرکەزی لە شێوەی ژیانی خۆیان بێزاریی دەنوێنن، هیچ شتێک سەبارەت بەشێوەگەلی رێکخراوەیی-جیالەشێوازی عەشیرەتی نازانن. وادیارە حکومەتی ئێران دان بەوە دابنێ لەم کاتەدا،شتێکی نەگونجاوە هەموو هۆزەکان چەک بکات بەلام خەیاڵی وایە بەهۆی دانانی بنکەی عەسکەریی لە شوێنە کلیلیەکان و چاوەدێری کردنی ئەو تفەنگانەی وابە دەستیانەوەیە، پێشی کوردان بگرێ ونەهێڵێ خەریکی چەتەیی و رووتاندنەوە بن و هەروەها سەربەستی یان لە شەرو کێشەی ناوخۆییدا یاساخ بکات. هەر هۆزێک پیشەی چەتەیی رەچاو بکات، یا لە گەل دراوسێکاندا بکەوێتە شەرەوە، مەترسی ئەوەی دەبێت داوای لێبکرێ تفەنگ دابنێ یا روو بەرووی عەمەلیاتی عەسکەر ببێتەوە. ئەوەش لەراستیدا هەر ئەو شتە بوو بۆ جوانرۆیی یەکان هاتە پێشێ.

٢)ئەوە رەسمی« رادیۆی ئازادی » ئازەربایجانی کۆمونیستە، کە نوێنەرایەتی کوردان بۆ یەکگرتنیان لە پێناو خەباتی دژ بە حوکمی مەرکەزی و دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بکات. بە کورتی، شەری ئەمجارە کاتێ هەڵگیرساوە کە هۆزە دراوسێکانی جوانرۆ یارمەتی ئەرتەشی ئێران دژ بەجوابرۆیی یەکان دەدەن تا بتوانن تۆڵەی کۆنی خۆیانیان لێ بکەنەوە. لە راستیدا ئەو راپۆرتانەی واگەیشتوونەتە دەستم، دەری دەخەن پروپاگاندەی رادیۆیی، شوێنێکی کەمی

www.kerimhisami.com

داناوە و هیچ بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان لە ناوچەکەدا نابیندرێ. بێگومان ئەگەر هێرشێکی رووس بۆ سەر ئێران لە گۆڕێدا بوایە، هێندێ ڕێبەری هۆزەکان بە خێرایی لە گەڵ ئەرتەشی سوور دەکەوتن ئەویش بە هیوای شوێن و جێگەی خۆیان لە ناوچەکەدا بچەسپێنن. بەلام ئەم ڕووداوە شتێکی تەواو جیاواز لە بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینەی سەربەخۆیی دەنوێنێ، دوور نیە خەباتی دژ بە حکوومەتی ئێران هەنگاوێکی هاوکات لە لایەن حکوومەتەوە بێت بۆ ئەوەی هەموویان پێکەوە چەک بکات. ئەوەش لە گەڵ ئەو سیاسەتەی ئێران والە سەرەوە باسم کرد، یەک ناگرێتەوە و من هیچ ئاسۆیەکی ئەوتۆ بەدی ناکەم حکوومەتی ئێران دەست بداتە عەمەلیاتێکی مەترسیدارلەو شێوەیە.

٣)حکوومەتی ئێران خۆی لەم دوایی یەدا فاکتەرێکی دیکەی بۆ ئالۆز کردنی پێوەندی یە کانی خۆی و ناوچە هۆز نشینەکان پێکهێناوە ئەویش بەو ناوەی کە ئەگەر هات و رووسەکان هێرشیان کردە{سەرئێران}،لە هێزی چەکداری چریکی عەشیرەتەکان کەلک وەربگرێ. ئەم ئیمکانە، بۆ سەرۆکی ستادی ئەرتەش زۆر سەرنج ڕاکێش دەنوێنێ کە چەندین جار و لە چەندەها شوێن چەکی بەو هۆزانە داوە واجێگەی متمانەی بوون.

هێچ لەوە ناچێ سیاسەتێکی گشتی{چەک کردن}بۆ هەموو ولات هەبێت. لە کاتێکدا چەک لە هۆزێک و لە ناوچەیەک وەردەگیرێتەوە، دەدرێتە دەستی هۆزێکی دیکە، ئەوەش هێندێ جارلە ناوچەیەکدا، دەبێتە هۆی سەر لێشێواوی. هەر چۆنێک بێ وادەردەکەوێ تا ئێستا لە کوردستان چەک بە هیچ هۆزێک بۆ عەمەلیاتی چریکی نەدرابێت.

٤)هەر بەم بۆنەیەوە، من دەگەمە ئەو ئاکامەی کە حکوومەتی ئێران زۆر واهەیە سیاسەتی ئێستای خۆی لە مەڕ هاو سەنگ ڕاگرتنی پێویستیەکانی ئاسایشی گشتی و مەترسی دەست درێژیی بەربلاوی هۆزەکان بەرێوەبەرێ. وەک ئاکامێک، تائەو کاتەی سنوورەکانی ئێران دەستیان لێ نەدرێت(نەکەونەبەرهێرشی رووس) ئیمکانێکی کەم بۆ پێکهاتنی بزووتنەوەیەکی بەهێزبی کوردستانێکی سەربەخۆ

www.kerimhisami.com

بەرچاو دەکەویت.

٥)من نوسخەی ئەم نامەیە بۆ نوێنەرانی ئەعلاحەزرەت لە واشنکتۆن، مۆسکۆ، بەغدا، ئانکارا و کاربەدەستانی کۆنسولیەتی ئەعلا حەزرەت لە کرماشان وتەوریز، هەروەها بۆ سەرۆکی دەفتەری بەریتانیایی رۆژهەلاتی ناوەراست لە قاهیرە دەنێرم بە شانازیەوە. لە گەڵ ئەوپەڕی رێزمدا، خزمەتکار زۆربە ئیتاعەی ئێوە.»(٤)

هەرچەندە دەوڵەتی ئێران ودەزگا جاسوسیەکانی ئینگلیز هەولیاندا پەردەیێکی تەماوی بخەنە سەر راپەرینی عەشیرەتی جوانرۆ. بەلام تێکۆشانی رێزدار دوکتورکامران بەدرخان پەردە لەسەر پەلاماری درندانەی لەشکری ئێران لادەداو بەناردنی یادداشتێک بۆ سەرۆک وئەندامانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان (دەوڵەتە یەکگرتوەکان) جنایەتی حکوومەتی ئێران لەقاو دەدا. ئەمەش دەقی یادداشتی بێزاریی ئەمیر کامران بەدرخان :

Fo.371/82000/xc/32947

پاریس ١٢یسپتەمبەری ١٩٥٠-کۆپی- وەفدی کورد

3rue Debrousse oaris 16

[بۆ سەرۆک وئەندامانی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان]

پایە بەرزان. من بەناوی « وەفدی کورد» ەوە، شانازیم هەیە ئەو یادداشتەتان وەبیر بێنمەوە والە٢٩ی نوامبەری ١٩٤٨دا لە مەڕ گەلی کورد بۆتان نێردراوئەم راستیانەشتان پێڕاگەیێنم.

دەفتەری مەرکەزیی ئەرتەشی ئێران لە چوارەمی سپتەمبەری ١٩٥٠دا،بەیانێکی دەرکردو تیایدا ڕایگەیاند کەکوردی«جوانرۆ» سەریان لە چەکدانان باداوەتەوەو هێرشیان کردۆتە سەر پێگەیەکی ئەرتەشی ئێران. ئەوە دژبەراستە قینەیە. راستیەکەی ئەوەیە کوردی ناوچەکە - وەک دانیشتوانی ناوچەی «شاهئاباد» بەگوێرەی فەرمانێکی رەزاشای کۆچکردوو کەتا ئێستاش لەسەر بریاری خۆی ماوەتەوە. سەر باری باجی دەوڵەت ناچار کراون ٢٠٪ی

www.kerimhisami.com

حاسڵاتیان بە شای ئێران بدەن. فەرمانەکە-بەشێوەیەکی ملهوڕانە دەڵێ زەوی کوردەکان، ملکی تایبەتی شای ئێران بوە. ئەم قسەیە بەهیچ شێوەیەک لەجێگەی خۆیدا نیە.چون کاتێ هەردوو باجەکە دەخرێتە سەر یەک،دەبن بەنیوەی داهاتی خەڵکەکە- داهاتێک کەخۆی لەخۆیدا، بەهۆی شێوەی دواکەوتوی کشتوکاڵەوە، کەم وناتەواوە.

ڕاست دوای ئەوەی کوردی جوانڕۆ ملیان بۆ ئەو بەشە ناعادڵانەیە دانەنواند کە لە لایەن کاربەدەستانی شاهەوە داوا دەکرا، ئەرتەشی ئێران دەستی کرد بە گرتن وکوشتوبڕی خەڵک. کورد کە هیچ دەرەتانێکیان بۆ پارێزکاری کردنی خۆیان کەو کردەوە نامرۆڤایانەیە نەمابوو، ناچار بەئامانجی پاراستنی خۆیان و ماڵیان دەستیان دایە تفەنگ.

لەڕۆژانی ٤وە٦ی سپتەمبەردا،تۆپی ئێرانیەکان لەگەڵ فرۆکەی«هوریکان»، ناوچەکەیانی بۆمباران کرد، کورد بەتفەنگی ئاسایی وەڵامی دانەوەو دوو«هۆریکان»یان خستە خوارەوە. بەڵام بۆمبارانی گوندەکان درێژەی کێشا. لە سێ ڕۆژی یەکەمدا چوار گەند بەتەواوی سوتێندران وسێزدەی دیکەیان بەشێوەیەکی جیددی توشی زیان هاتن. ئەگەر ژمارەی دوازدە کوژراو لە شەڕکەران بێتە حیساب، ژمارەی کوژراوو بریندار لەناوژن ومنداڵ وپیر،دەگاتە دوو هەزار کەس.

دوای ساڵانی٤٧-١٩٤٦،ئەوە جاری دووهەمە چەکدارانی تاران هێرش دەبەنە سەر خاکی کورد. گوندەکان وێران دەکەن و دەیانسوتێنن، منداڵ وپیر دەکوژن و سەر باری هەمووی ئەوانە، هەڵکەوتوانی نەتەوەکە لەدار دەدەن.

بەناوی خەڵکەکەمەوە، بەتوندی دژ بەوکارە نامرۆڤایانە دەوەستم ونارەزایی خۆم بە حکوومەتی ئێران ڕادەگەیێنم. مخابن، بارودۆخی کورد لە تورکیا وعیراقیش، زەحمەت لەوە چاکتر بێت. شانازیم هەیە سەرنجی ئێوەی بەرێز بەرەو ئەو ڕاستیە ڕابکێشم پەیمانی ساڵی ١٩٢٠ی «سیڤەر» کە لەلایەن زلهێزەکانەوە مۆرکرا- مادەی ٦٢، ٦٣،و٦٤ لەبەشی ٣، مافی گەلی کورد لە پێناو یەکێتی و

خودموختاری و تەنانەت لە هەل و مەرجێکی دیاریکراودا بۆ سەر بە خۆییش بەرەسمی دەناسێ. ئیجازە دەخوازم تکاتان لێبکەم نفوزی یەکجار زۆری حکوومەتی خۆتان بۆ راگرتنی کوشتاری دانیشتوان و بۆردومان و وێرانکردنی ناوچە کورد نشینەکان، بخەنە کار. هەر وەها لێتان دەپاریمەوە مەسەلەی کوردستان بخەنە بەردەمی زووترین کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان،تا بەگوێرەی ڕوحی مادەی ۷۳ی مەنشوری نەتەوە یەکگرتوەکان لەباسی وڵاتە خود موختارەکاندا، پەیمانێک بۆ گەلی کورد زامن بکرێ وئوسولی مەنشورەکە، باڵ نکێشێتە سەر ئەوانیش. دۆستی راستە قینەتان (ئیمزا) ئەمیر دوکتور کامران عالی بەدرخان. (٥)

راپەرینی جوانرۆ بە پێچەوانەی پروپاگاندەی ئەرتەشی ئێران و راپۆرتی کاربەدەستانی باڵیوزخانەی بەریتانیا لە تاران(دزی وریگری ودەست درێژی بۆسەرعەشیرەتەکانی دەوروبەر) نەبوە. ئەوان دەیانویست لە ناوچەی خۆیاندا بە ئازادی و لە ئاشتی و هێمنیدا بژین و لە زوڵم و زۆرداری ئەرتەش و ژاندارمی دزو تریاکی لەئەماندابن. بەڵام ئەرتەشی ئێران بەیارمەتی هێندێ لە عەشیرەتەکانی کوردی ناوچە هێرشیان دەکاتە سەر و پاش شەرێکی توندو بۆمبارانی ژنو منداڵ و دێهات راپەرین دادە مرکێ و تاجارێکی دیکەش پاش پێنج ساڵ دیسان سەر هەڵدە داتەوە.

پەراوێزەکان

١ ــــنامەی صارم الدینی صادق وەزیری بۆنووسەر، ٨ اسفند ١٣٦٣

٢ ــــ گۆڤاری گزنگ، هەمان ژمارە ١٠

٣ ــــ ایرج افشار سیستانی، کرمانشاهان وتمدن دیرینەی ان، جلددوم ١٣٧١ل،٩٨٣

٤ ــــ ئەنوەری سوڵتانی ، راپەرینی جوانرۆ. گۆڤاری رابوون، ژمارە ١٨/١٩ ١٩٩٦

٥ – ئەنوەری سوڵتانی ، راپەرینی جوانرۆ. گۆڤاری رابوون، ژمارە ٢٠ ١٩٩٧

www.kermhisani.com

ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوچەی مەهاباد تێکۆشانێکی بەربڵاو بۆ سەرکەوتنی کاندیدای حیزبی توده دەست پێدەکەن. هەرچەندی لە بەرنامە هەڵبژاردنی کاندیدای مەهاباد دا، سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی و مافی کولتوری و سیاسی کورد هیچ شتێک نابینرێ، لە گەڵ ئەوەش ۹٪ دەنگەکان لە مەڵبەندی مەهاباد بۆ صارمخان دەدرێ. بەو حاڵەش لە سایەی دیموکراسی مصدقەوە سەید حەسەنی ئیمامی ئیمام جومعەی تاران لە سندوقەکانی هەڵبژاردنی مەهاباد سەر وەدەر دەنێ و لە سەر کورسی نوێنەری مەهاباد دادەنیشێ.

ــــ حیزبی دیموکرات لە ئەدەبیاتی خۆیدا صارم الدینی صادق وەزیری بەکاندیدای حیزبی دیموکرات دەناسێنێ و وانیشان دەدا کە گۆیا ئەوە حیزبی دیموکراتە صارمخانی بۆ هەڵبژاردنی پارلمان دەست نیشان کردوە.کریس کۆچراش لە(بزووتنەوەی میللی کورد) لاپەری ۲۰۲دا بێ ئەوەی ئاماژە بۆ سەرچاوەیەک بکا، بەهەڵە دەنووسێ:«صادق وزیری یەکێ لەئەندامانی حیزبی دیموکرات بەنوێنەری پارلمان هەڵدەبژێردرێ.

ــــ ناتەواوی وهەڵەی کومیتەی مەهاباد وڕێکخراوەکانی حیزبی لەوەدابوو کە مەسەلەی میللی ومافی نەتەوایەتی ومەسەلەی زمانی کوردی وخوێندن وفێربوونی کوردی بەجارێک خرابوە پشت گوێ. مەسەلەی میللی لەژێر پەردەی خەباتی چینایەتی وخەباتی دژی ئیمپریالیستی لەبیرکرابوو. بە بۆچوونی من کەئێستا لە سەرئەو باوەڕم و ئەوەدەم قەت بیرم لەوە نەکردۆتەوە، هەم ڕێبەرانی حیزبی تودەو هەم ئەندامانی کومیتەی مەهاباد ئەگەر نەڵێم فێلیان لێک دەکرد، بەراشکاوی دەتوانم بێژم کە تووشی هەڵەیەک بوون چ بەرژەوەندیی خەباتی تێدانەبوو، هیچ خێریشی نەداوەتەوە.

کومیتەی سەرکردایەتی مەهاباد لە لایەک وەک ڕێکخراوی حیزبی تودە لە ژێر ڕێنوێنی ئەو حیزبەدا خەباتی چینایەتی دەکرد و لە لایەکی تر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ مەیدانی خەباتی چینایەتی ڕادەکێشا بێ ئەوەی بەرنامە و تاکتیک و ستراتیژی حیزبی دیموکراتی هەبێ و مەسەلەی مافی نەتەوایەتی کورد بێننیتە گۆڕێ.

حیزبی تودەش بەو هیوایە کە کومیتەی مەهاباد ڕێکخراوی حیزبی تودەیە لە کوردستان، بە پێچەوانەی ناوچەو مەڵبەندەکانی دیکەی ئێران بە ناوی حیزبی تودە بە ئاشکرا ڕێکخراوی لە کوردستان دانەدەمەزراند. لە ڕۆژنامەو نووسینەکانیشیدا نە باسی کومیتە و ڕێکخراوی تودەی دەکرد لە مەهابەد، نەباسی مەسەلەی میللی و مافی نەتەوایەتی دێنا گۆڕێ، نە ناوی حیزبی دیموکراتیشی دێنا.. لە ناوچەی سنەو کرماشان

پەرەگرتنی بزووتنەوەی وەرزێری لە ئێران

لە ساڵەکانی ١٩٥٣-١٩٥٠لەگەڵ هاتنە سەرکاری حکوومەتی دوکتورمصدق و پەرەگرتنی خەباتی دژی ئیمپریالیستی و دژی کومپانی نەوتی ئینگلیز___ئێران و ئازادی نیسبی حیزب وریکخراوەی سیاسی ، بزووتنەوەی وەرزێریش بۆ چاک کردنی مەسەلەی زەوی و کورت کردنەوەی دەستی خاوەن ملکان لەبێگارو جەریمە و سوروسات لە سەرانسەری ئێراندا پەرە دەگرێ. لە ژێر زەختی بزووتنەوەی وەرزێریدا، حکوومەتی دوکتۆر مصدق بۆ دامرکاندنەوەی تینی بزووتنەوەی وەرزێری دەست دەکا بە بەرێوە بردنی جۆرە ریفۆرمێکی زەوی ، جگە لەوەی ریفۆرمێکی قووڵی رادیکاڵ نیە، بەڵکوو لەگەڵ ئەو کەموکوری یەش کە هەیەتی، دیسان ئەویش بە تەواوی بەرێوە ناچێت .

لە سەر پێشنیاری حکوومەتی دوکتۆر مصدق، پارلمانی ئێران لە مانگی یونی

ریکخراوی حیزبی تودە هەبوون بەلام باسی ماف ومەسەلەی کورد هەر نەبوو. لە کوردستان ئەندامانی حیزب بە تاوانی تودەیی دەگیران و بە ئیستعفا و بێزاری لە حیزبی تودە ئازاد دەکران. حیزبی تودە هەموو ئەندامانی تەشکیلاتی مەهابادی بە ئەندامی خۆ دەزانی، بێجگە لە کومیتەی مەهابادو هێندێ کادری خوێندەوار، خەلکی دیکەی حیزبی خۆیان بەئەندامی حیزبی دیموکرات و دۆستی حیزبی تودە دەزانی. ئەو روون نەکردنەوە یە سەری لە زۆر کەس شێواندبوو. ساخ نە بوونەوەی ئەندامەتی و پێوەندی نێوان دوو حیزبی ناوبراو تاماوەیەکی زۆر لە کوردستان جێگای دم بەدمە بوە.تەنانەت لەساڵی ١٩٧١وەوپاش کۆنفرانسی سێیەمی حیزبیش کە شکلێکی حیزبی خاوەن پێرەو و پرۆگرام و رێبەرایەتیەکی شەرعی بوو دیسان ئەم بەزمە هەربەردەوام بوو. ئەوانەی خاوەنی بیروباوەری پێشکەوتوخواز بون و لەئاست کەم وکوڕی وهەڵەی رێبەرایەتی بەزمان دەهاتن و رەخنەو پێشنیاری داهێنەرانەیان هەبایە، لە لایەن کەسانی کۆنەپەرست ومێشک ژەنگاوی و نەزان بەتودەیی تاوانبار دەکران. لە هەمووی سەیرتر دوکتۆر قاسملوی شەهید کەخۆی تاساڵی ١٩٦٨ ئەندامی حیزبی تودەبووە، تاوانی تودەیی بوونی

www.kerimhisami.com

١٩٥٢ياسايەکی ریفۆرمی زەوی پەسند دەکات، کە بە(یاسای ٢٠٪)ناونرا. بەگوێرەی (یاسای ٢٠٪) دەبوایە لە بەهرەی ملکانەی خاوەن ملک٢٠ ٪ کەم بکرێتەوە. لە وەی ١٠٪ بدرێتەوە بە وەرزێڕ و١٠٪ش بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئاوەدانی تەرخان بکرێ.(١)

هەرچەند ئەم یاسایە بە ناو بۆ باشکردنی ژیان و بەرێچوونی وەرزێڕان ،پەسند کرابوو، بەڵام مەعمورەکانی دەوڵەتی بە بەرتیل لانی خاوەن ملکان دەگرن ویاسا تەنیا لە سەر کاغەز دەمێنێتەوە. لە لایەکی دیکەوە پەسند کردنی ئەم یاسایە بە دەستی وەرزێڕانەوە دەبێتە بەڵگەو بیانوو بۆ توند گردنی خەبات وبەربەرەکانی دژی خاوە ن ملک و دەرەبەگان. « ...لە زۆر ناوچەکانی ئێران وەرزێڕان خاوەن ملکان لە گوندی وەدەردەنێن. لە هێندێ شوێن گەیشتە خەباتی چەکداریی دژی دەرەبەگان.» (٢)

کردبوە شەمشیری دیموکلیس و لە بان سەری ئەندامانی خاوەن بیرو بەشەخسیەت وتێکۆشەری هەڵدەسوڕاند. « ئەوەی بەلامەوە سەیرەزەمانی شای خائین هەرکوردێکی کوردستانی کە لە ئاکامی خەباتی نەتەوایەتیدا دەگیرا، بە تۆمەتی تودەیی محاکەمە دەکرا. جائەگەر تۆمەتبار بەقەڵەم وبەزمان ئیعترافیشی کردبا کە ئەندامی حیزبی دێموکراتە و بەیاننامەی حیزبیشی بە دەستەوە گیرابا هەر تودەیی بوو. من و زۆر کەسیتر هەرچی بایە هەر بەتۆمەتی تودەیی دەبوایە لە کورەی تۆمەتدا توابایەوە. لە حیزبی دێموکراتیش من نە مامەغەنی بووم و نە محمدامینی سراجی و نەهاوالیان بووم و نەهاوکاریان، بەلام هەرتودەیی بووم و دەبوایە دەگەل مام هێمن و قادری عبدی و.... لە «دۆلەتوو» زیندانی کرابام » (٣) . پێداچوونەوە

راپەڕینی وەرزێڕا ن لەکوردستان

لە کوردستان لە سەر ڕێنوێنی حیزبی تودە بە شێوەی خەباتی سەرانسەری ئێران و لە ژێر چاوەدێری کومیتەی مەهاباد(کومیتەی گشتی وەرزێڕانی کوردستان) لەم کەسانەی خوارەوە پێک دێت:(سولتانی شێخاغایی، کەریمی حسامی، سەدیقی خاتەمی، هاشم اقل الطلاب، سەیدرەسوڵی کولتەپە). خەباتی وەرزێڕانی کوردستان شێوەیەکی تایبەتی بۆ خەبات بەرێوە دەبات.

یەکەم کومیتەکانی وەرزێڕی لە دێهات ناوی حیزبی تودەیان لە سەرنیەو بەناوی (حیزبی دیموکرات) کاردەکەن

دووەم لە گوندەکان شوڕای ٥کەسی دادەمەزرێن، شەرتیش نیە ئەندامی حیزب بن. ئەندامانی شوڕا سوێند دەخۆن کە پشتی یەک بگرن و خەیانەت بە یەکتر نەکەن

سێ یەم لە سەرەتاوە بۆ دانانی سندوقێ شوڕا پارە کۆ دەکەنەوە بۆخەرجی کێشەو هەرای ئیداری و هاتوو چۆی شار و یارمەتی بەگیراوان و کاروباری پێویستی تێکۆشان بەکاری دێنن. کادرو ئەندامانی حیزبی دیموکرات یارمەتی و رێنوێنی شوراکان دەکەن و بۆ توندکردنی خەباتی چینایەتی وبەربەرەکانی دلی دەرەبەگ و خاوەن ملکە زۆردارەکان هانیان دەدەن.

خەباتی وەرزێڕان لە سەرانسەری ئێران پەرە دەگرێ. لەکوردستان، بەتایبەت لە ناوچەی موکریان و بەشی فەیزوڵابەگی و ناوچەی چۆمی مەجیدخان و سندوس بەرەو راپەڕینی گشتی مل پێوە دەنێت.. ڕۆژنامەکانی تاران بە گەرمی دەنگوباسی خەباتی وەرزێڕان بەتایبەت لە کوردستان بلاودەکەنەوە. « وەرزێڕان لە چەند گوندی کوردستان دژی خاوەن ملکان راپەڕیون و زەویەکانیان داگیر کردوە ولە نێو خۆدا بەشیان کردوون» (٤)

www.kerimhisami.com

ڕۆژنامەی(سنندج)نووسیبووی« وەرزێڕان هەرەشە لە دەرەبەگان دەکەن. لە خەو خەبەر بنەوە. لە دوورەوە مەترسی خوێناوی وەرزێڕان دێتە بەرچاو. کوردستان دەبێتە کومۆنیستی.(٥)

چاپەمەنی یەکانی ئێران دەنگو باسی خەباتی وەرزێڕان بەدرێژی لە لاپەڕەکانیاندابڵاودەکەنەوە. ڕۆژنامەی (توفانی غرب)دەنووسێ:«وەرزێڕانی کوردستان خەبات بۆ وەدەستهێنانی زەوی توند تردەکەن. دەیانەوێ زەوی خاوەن ملکان دابەش کەن » (٦)

« لە٥٠ گوند وەرزێڕان زەوی خاوەن ملکانیان دابەش کردوە. وەک لەسنەوە خەبەردەدەن وەرزێڕانی گوندی (گۆرمون) ملکی خسرەوی، ملکانەی خاوەن ملکیان نەداوە. ئاغا بە دەستەو دەیارەی خۆیەوە چۆتە سەریان. بەڵام وەرزێڕان راویان ناون. خاوەن ملک و چەکدارێکی بریندارببوون. دوو کەس لە وەرزێڕەکان کوژراون. حکوومەت ویستی رەوای وەرزێڕانی بە زیندان وەڵام داوەتەوە.»(٧)

لە مانگی ژانویەی ١٩٥٣لە گوندی(گۆل)ناوچەی مەحاڵی یەختەچی مەڵبەندی بۆکان، ملکی برایماغای قارەمانی وەرزێڕێکی خەڵکی گوندی ژن دەگوێزێتەوە وزەماوەند سازدەکا. ئاغاکان بۆ ئەوەی سووکایەتی بە مەلاعەولای پێش نوێژی گوندی بکەن کە ئەندامی حیزب و بەرپرسی شورای وەرزێڕانی گوندی دەبێ، نۆکەران دەنێرن کە بە تۆپزی کیژی مەلا بێننە شایی و هەڵیپەڕێن. دیارە مەلابەوە رازی نابێ. خەڵکی گوندی بە پشتیوانی لە مەلا عەولا بەدمی ئاغاکاندا دەدەنەوەو دەبێتە کێشە و لە ئاغاکان وەخۆ دەکەون و ئاغاکان لە گوندی وەدەردەنێن. ئاغاکانی دەوروبەری سەربە برایمی باپیرئاغا کۆدەبنەوە و دەیانەوێ بچنەسەر گوندی(گۆل) و وەرزێڕان تەمبێ بکەن. شورای گوندەکانی ناوچە و کومیتەکانی حیزبی لە مەڵبەندی چۆمی مەجیدخان و مەحاڵی یەختەچی داواله خەڵکی گوندەکان دەکەن یەک بگرن و ئەو ئاغایانەی بەکۆمەگی ئاغاکانی قارەمانی یەوە دەچن لە گوندیان وەدەر بنێن. وەرزێڕان لە گوندەکانی گۆل ومەلالەر وعەمبارو شاریکەند و ناچیت و رەحیمخان و یەکشەوە لە ئاغاکان وەخۆ دەکەون ولەگوندیان

وەدەر دەنێن. ئاغاکان ڕوودەکەنە بۆکان لە ژێر سەرکردایەتی و دەمڕاستی قاسماغای ئیلخانیزادەدا کۆدەبنەوە، چەک لە ژاندارمە وەردەگرن وبۆ پەلاماردانی گوندەکان خۆ ئامادە دەکەن.

لە بۆکان حاجی قاسم ناوێک کە سەر بە حیزبی ئێران وجەبهەی میللی دوکتور مصدق دەبێ و دەیەوێ حیزبی ئێران لە کوردستان دابمەزرێنێ، خەڵکی بۆکان لە خۆ کۆ دەکاتەوە و هانیان دەدا کە ئیجارە وملّکانەی نەدەن بەئاغاکان *.

لە مەهابادیشەوە سەرهەنگ موزەفەری فەرماندەی تیپی مەهاباد گورهانێک سەرباز بە تانگ و تۆپەوە بە هاواری دەرەبەگانەوە دەنێرێ. ژاندارم و ئاغای چەکدار و ئەرتەش لە وەرزێران وەخۆ دەکەون. لە پێشدا لە بۆکان ماڵی حاجی قاسم و براکانی پەلامار دەدەن. حاجی و براکانی ڕادەکەن و خۆ دەشارنەوە، خانووی حاجی قاسمی وێران دەکەن و بەردی بناغەی دەردێنن. دەست دەکەن بە تاڵان کردن و وەدەرنانی وەرزێرانی سەربزێو لە گوندەکان. بەکورتی دەست لەهیچ جنایەتێک ناگێڕنەوە. بێشکەی بەمنداڵەوە دەخەنە چۆمی تەتەهو، خەڵکی گوندی خوێریاوا لە شامات بێشکەی بە منداڵی خنکاوەوە دەگرنەوە. نە کومیتەی مەهاباد

---

* یوسفی ریزوانی کە بەرپرسی کومیتەی حیزبی دەبێ لە میاندواو لە دەبیرستانی بۆکان دەرس دەخوێنێ، لە نامەیەکدا ۹٦/٤/١٥بۆی نووسیوم وەدڵێ : « ئاغاکانی بۆکان لە سەرووی هەموانەوە قاسماغای ئیلخانیزادە زوڵم و بێدادیان لە تام برد بوەدەرێ. گشت شاری بۆکان بەخەڵک فرۆشرابوو بەڵام کەس مافی ئەوەی نەبوو داوای سەنەدی مالکیەت بکا.ئەوەی لە لادێ بە سەر زەحمەتکێشاندا دەهات، لە شاری بۆکانیش وەک لادێ بەدەست ئاغاکانەوە دەچەوسێنرانەوە. تەنانەت بێگاری هسەرانەشیان دەستاند.ئەم ئاکارانە ڕق وکینەی خەڵک دەبزوێنێ و لە دەوری حاجی قاسم کۆدەبنەوە کە بتوانێ وەک حەزرەتی موسا لە دژی فیرعەونی زەمان بجوڵێتەوە و لە زوڵم و سوکایەتی ڕزگاریان بکا. بەڵام ئەم جوڵانەوەیە جوڵانەوەیەکی خود بە خودی وبێ بەرنامەب وو.حیزبی دیموکراتیش ئەو زەمانە ئاگاهی سیاسی کەم بوو، نەیتوانی ئەم هەلە بقۆزێتەوە، زۆر کەمتەر خەمی کرد.حیزب هیچ دەورێکی نەدی، جوتیارەکان لەم جوڵانەوەیەدا بێ ڕابەری سیاسی مانەوە. یەکێتی ئاغاکانی ناوچە پێکهاتبوو لە دژی ڕاپەڕینی جوتیاران کەوتبوونە پەلامار و لێدان و تاڵان کردنی ماڵی جوتیارەکان. حاجی قاسم ودارو دەستەکەشی قودرەت و هێزی سازدانیان نەبوو، ڕایان کرد و تا ئێستاش لە هەولێر دەژی.»

www.kerimbisami.com

و نه رێبەرایەتی حیزبی تودە لەم مستەوایەدا نابن کە راپەڕینی وەرزێران رێبەری بکەن و بەرەو شۆرشێکی بەربلاوی گەلی رێنوێنی بکەن. کومیتەی مەهاباد غەنی بلوریان و عەزیزی یوسفی کە تازە لە زیندان ئازاد کرابوو، دەنێریتە بۆکان کە لە نیزیکەوە راپەرینی وەرزێران رێبەری بکەن. ئەوان لە جیاتی ئەوەی بچنە بۆکان و ناوچەی راپەرینی وەرزێران دەچنە تەوریز و کرماشان و لە تاران سەر وەدەردەنێن تا بزانن رێبەرایەتی حیزبی تودە دەڵێ چی و بریاری چیدەدا.؟!

دەرەبەگە هەلاتوەکان کە چەکدار کرابوون، دەست دەکەن بە تالانی وەرزێرە سەربزێوەکان و ئەندامانی شورای وەرزێری. لە مەهاباد دژی جنایەتی دەرەبەگان و ناردنی ئەرتەش و ژاندارمە بۆ سەرکوتکردنی وەرزێران خۆپێشاندانی بێزاری و مەحکومکردنی فەرماندەی ئەرتەش دەست پێدەکرێ. تێلگرافی سکالاو ئیعتیراز بە هەزاران ئیمزاوە بۆ سەرەک وەزیر و کار بەدەستانی دەوڵەتی لێدەدرێ.

هەنگاوێکی دیکەی کومیتەی سەرکردایەتی مەهاباد پێشگری لە مەڕ و مالاتی تالانکراوی وەرزێران بوو کە ئاغاکان دەیان نارد لە بازاری مەحمەدیار و مغەدە بفرۆشرێن. کومیتەی مەهاباد بە رێکخراوەکانی سندوس و شامات رادەگەیێنێ کە مەڕ و مالاتی تالانکراوی وەرزێران بۆ فرۆشتن دەبەنە بازار، بە وریایی پێشیان بگرن وژاندارمەری ئاگاداربکەن تاخاوەنەکانیان پەیدا دەبن. ئەندامانی حیزبی لە گوندەکانی(قەرەقەساب ومەمەلیان وخەلیفەلیان) لە ناوچەی سندوس نیزیکەی ٥٠٠سەر مەڕ و بزن و رەشە ولاغ لە نوکەری ئاغاکان دەستێننەوەو لە نەغەدە بە ژاندارمە رادەگەیێنن و پاش چەند رۆژ خاوەنەکانیان دێن ووەریان دەگرنەوە. تاوانبارەکانیش بەگرتن دەدرێن.(٨)

www.kerimhisami.com

سەربزێوی وەرزێران لەناوچەی سندوسی

لە گەڵ هەرای ناوچەی بۆکان لە سندوسیش وەرزێران داوای٢٠٪ی مڵکانەی خاوەن ملک دەکەن. لە گوندەکانی قەڵاتان و دیلانچەرخ و زوڵمابات و مەمێند ناهێڵن خەرمان هەڵبگیرێن. کومیتەی رێکخراوی حیزب لە نەغەدە سەرپەرشتی سەربزێوی شوراکانی وەرزێری دەکات. ئاغاکانی قەرەپەپاخ و مامەش دەچنە ورمێ و هاواردەکەن ئەگەر دەوڵەت زوو نەجوڵێتەوە شۆرشی وەرزێران دەست پێدەکا و ناوچەکە دەشێوێ. کومیسیونی ئەمنیەتی شارستان کە حکومەتی مصدق بۆ گرتن ودوور خستنەوەی ئازادیخوازان داینا بوو، بڕیاردەدا کەئەندامە ناسراوەکانی حیزب لە سندوس بگیرێن و لەم رێگایەوە تێکۆشانی وەرزێران کپ بکرێ. لە مانگی مارسی ١٩٥٢ فەرماندەی ژاندارمەری ئازەربایجانی رۆژئاوا دێتە نەغەدە و بەبێ لێ پرسین و بڕیاری دادگا یازدە کەس لە ئەندامانی تێکۆشەری حیزب لە نەغەدە و لە گوندەکان دەگرێ و رەپێچەکی زیندانی ورمێ یان دەدا. گیراوەکان ئەم کەسانەی خورەوە دەبن:(کەریمی حسامی، مستەفای ساوجبلاغچی، سەعدەی محەممەدی، ئەحمەدحەڵەب، مەحمود حەڵەب، قاسمی پینەچی، محەممەدی سۆفی رەسووی لەنەغەدە. سەدیقی عەلایی وحەمەدی خانمێ لە گوندی (ئاڕنە).هەمزە ئاشەوان لە گوندی بالغچی، کاک حەمەدی سەروکانی (کاپیتان قادری) لەگوندی سەروکانی لاجانی مامەشان).

یەک لەو یاسایانەی حکومەتی دوکتۆر مصدق بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ئازادی و دیموکراسی داینا بوو بریتی بوو لە:« یاسای ئەمنیەت وئاسایش ». بەلام لەراستیدا ئاسایشی لە تێکۆشەرانی رێگای ئازادی بڕیبوو. بەگوێرەی ئەم یاسایە لە هەرئوستان یا شارێک کومیسیۆنێک لە(فەرمانداریابەخشدار وسەرۆکی پۆلیس

www.kerimhisami.com

وسەرۆکی ئیدارەی دارایی ونوێنەرێکی ئەرتەش ونوێنەری دادستانی) پێک دەهات. ئەم کومیسیۆنە دەسەڵاتی هەبوو هەرکەسی ویستبای بۆماوەی ٦مانگ بێ دادگایی دووری بخاتەوە یا زیندانی بکات. ئەم یاسایە ببوە ئامرازێک بە دەست ژاندارمەری یەوە بۆگرتن و راونانی ئازادیخوازان.

دوای گرتنی ئەندامانی کومیتەی حیزب و تێکۆشەرانی وەرزێڕی، دەرەبەگەکانی ناوچەی سندوسیش دەست دەکەن بە وەدەر نانی وەرزێرە سەر بزێوەکان لە گوندی.(٩)

رۆژنامەی بانگی مەردوم نووسیبووی؛« حەیدەری ئاغای (سەراو)گەلێک لە وەرزێرەکانی لە گوندی دەرکردوە، زەویەکانی لێ ئەستاندوون و بە تەراکتۆر دەیانکێڵێ. لە ناوچەی سندوس لە گوندەکانی (دیلانچەرخ وئارنەو قەلاتان ١٦ ماڵی وەرزێریان لە گوندی وەدەرناوە وحکوومەتیش بۆ بەرگری لە مافی وەرزێران هیچی نەکردوە.»(١٠)

وەدەرنان و ئاوارەکردنی ئەندامانی ناسراوی حیزب ووەرزێرانی چالاک و تێکۆشەر لە ناوچەی بۆکان و فەیزولابەگی و مەحالی یەختەچی و ناوچەی شامات و سندوس دەست پێدەکرێ. ئەوەی لێرەدا نابێ لە بیر بکرێ وبۆ مانەوە لە مێژوودا بێتە سەرکاغەز، هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانە و ئازایانەی چەند خاوەن ملکی نیشتمانپەروە کە سەرەڕای هەرەشە و ترس وە بەرنانی حکوومەت بەراشکاوی ریزی خۆیان لە دەرەبەگانی سەر بەحکوومەت ودژی گەلی جیا دەکەنەوە و لەریزی خەڵکدا جێدەگرن. لە نێو ئەوانەدا هەڵوێستی مێرانەو نیشتمانپەروەرانەی (گەوهەرتاج خانمی)کیژی شادرەوان سەدری قازی شەهیدە کە بێگومان لە لاپەری مێژووی خەباتی گەلی کورد لەو سەردەمەدا دەدرەوشێتەوە. ناوبراو لەم ئاستەنگ و تەنگانەیەدا، پتر لە وەی دەرەتانیشی هەبێ، وەرزێرە ئاوارە ودەرکراوەکان لە گوندەکانی خۆیدا دەحاوێنێتەوە و نیشتەجێی یان دەکات. هەر چەندە ناوبراو سەبارەت بە هەڵکەوتی بنەماڵەیی قازی (سەرکۆماری کوردستان) لە ژێر چاوەدێری حکوومەت دادەبێ، و لە لایەن پۆلیسەوە هەرەشەی لێدەکرێ،

www.kerimhisami.com

گوێی ناداتە بەیتو باوی دەرەبەگانی ناوچە و هەڕەشە و چاولێ سوورکردنەوەی ئەرتەش و پۆلیس، مێرانە دەفریای لێقەوماوان دەکەوێ ویارمەتی هەموو لایەنەی تەواویان پێدەکات. لە ناوچەی سندوس خاوەن ملکی گوندەکانی(حەڵب وکۆیک ویونسلیان)کەبە(ماڵەخەلیلی)ناسراون، هەموو وەرزێڕە دەرکراوەکانی گوندەکانی (قەلاتان ودیلانچەرخ وئاڕنە)پەنا دەدەن و دەیانحاوێننەوە. لە ناوچەی شنۆ(موزەفەرخانی زەرزا) ما لە (برایم لیتانی) رادەگرێ وخانو وزەوی وجێگای دەداتێ. ماڵە برایم لیتانی سەردەستەی وەرزێرانی راپەریوی ناوچەی بۆکان ومەحاڵی یەختەچی بوو. ناوبراو دەردەکەن و لە هیچ کوێ راینا‌گرن تا لە ناوچەی شنۆ خۆدەگرێتەوە.(١١) بنەماڵەی لیتانی هەمیشە لە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دابوون و لە پیاوەتی و جوامێری دا بە ناوبانگ بوون.

بزووتنەوەی وەرزێران سەبارەت بە هێندێ بارو دۆخی ناوچە و نەبوونی سەرکردایەتی لێهاتوو سەرکوت دەکرێ. بەلام دە بێتە هۆی وریایی ویەککگرتنی جۆتیارانی کوردستان و پەنگ خواردنەوەی قین و بێزاری کۆمەلانی خەڵک لە دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەتانی سەر بە حکوومەت و توند کردنی خەباتی چینایەتی و کۆبوونەوەی زیاتریان لە دەوری حیزبی دێموکراتی کوردستان. وەرزێران شێوەی خەبات دەگۆڕن. داهاتی بەروبووی پاییزی جۆتیارانی کوردستان توتن و چەوەندەرە. کارخانەی قەند و دوخانیات پەیمان لە گەڵ خاوەن ملک دەبەستن و پارەی بەروبووی زەحمەتی سالانەی وەرزێران دەدرێ بە خاوەن ملک. جۆتیاری توتنکار و چەوەندەر چێن دەبوایە دەست بگرێتەوە، ئەگەر خاوەن ملکی(شیرحەلال خواردوو) هیچی دابایە باشبوو دەنا دەنگی بەهیچ کوێ رانەدەگەیشت. وەرزێران لە سەر رێنوێنیێ کومیتەکانی حیزبی نامەی بەکۆمەڵ دەنووسن وداوادەکەن کە خۆیان پەیمان لەگەڵ کارخانەی قەندو دوخانیات ببەستن وبەرهەمی زەحمەت وکوێرەوەری خۆیان بۆخۆ وەربگرن. ئەم خەباتە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بەتایبەت لەو شوێنانەی کەرێکخراوەی حیزبی تێدابەهێزدەبێ، بەرهەم دەداتە دەست و وەرزێران سەرکەوتن وەدەست دێنن.

www.kerimhisami.com

کادری تازەی حیزبی تودەی ئێران بۆ کوردستان

کادری پێشووی حیزبی تودە کە بۆ سەرپەرشتیی تەشکیلاتی کوردستان دەینێرنە مەهاباد، سەبارەت بە ناشارەزایی لە بارودۆخی کوردستان ونەزانینی زمانی کوردی لە گەڵ ئاقار و داب و شوێنی کوردەواری زۆر جورنایەتەوە . بەهاری ساڵی ١٩٥٢ حیزبی تودەی ئێران عبدالرحمانی قاسملو وەک بەرپرسی کومیتەی کوردستان دەنێرێتە مەهاباد.

عبدالرحمن قاسملو کێ بووە؟ ناوبراو کوری مەمەدئاغای وسوق خەڵکی ورمێ بوو. مەمەدئاغای وسوق خاوەن مڵکێکی ناسراوی ناوچەی ورمێ وکوردێکی نیشتمانپەروەری ناو بەدەرەوە بوە. لە نێو کورد و عەجەمی مەڵبەندی ورمێ بە پیاو ماقوڵ و کەیخودا ناسراوە. هاتوچۆی عەلیاغای سەرۆکی عەشیرەتی دێبۆکری (ئەمیرئەسعەد) بۆ ماڵی مەمەدئاغا، پایەی کۆمەڵایەتی ناوبراو لە نێو خەڵکدا دەباتە سەر. مەمەدئاغا چوارکوری دەبن و هەرچواریان دەبەرخوێندن دەنێ و هەموویان دەبنە دۆکتۆر و ئەندازیار و ئابوری زان و کەسانی ناسراوی کوردەواری. عبدالرحمن دوای وەرگرتنی دیپلۆم دەچێتە فەرانسەو لەگەڵ ئەحمەدی برای کە پێشتر لە پاریس دەیخوێند، دەست بە خوێندن دەکات. دیارە وەزعی مادی مەمەدئاغا رێگا دەدا کورەکانی بۆ خوێندن بنێرێتە ئوروپا ولە بورسی دەوڵەتیش کەلک وەردەگرن. ئەم دووبرایە لە گەڵ نورالدین زازای رەحمەتی وچەند خوێندکاری دیکەی کوردلە پاریس کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا دادەمەزرێنن. پاش ئەوەی ساڵی ١٩٤٩ لە ئێران تەقە لە شا دەکرێ، حکوومەتی ئێران بورسی خوێندن لە هێندێ خوێندکاران دەبرێ، برایانی قاسملوش

www.kerimhisami.com

وەبەردەکەون وپارەیان بۆنایە. لە پاریس دەبن بە ئەندامی حیزبی تودەی ئێران. ئیرەجی ئەسکەندەری ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی تودە دەچێتە پاریس و خەبەردەزانێ کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد دامەزراوەو ئەحمەد و رەحمانی قاسملوو ئەندامی حیزبی تودە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەن. ئیرەجی ئەسکەندەری پێیان دەڵێ:« لەهەموو ولاتێک یەکێتی خوێندکاران هەیە. خوێندکاری هەر ولاتێک پێویستە لە یەکێتی خوێندکارانی ئەم ولاتەدا ئەندام بێ و تێبکۆشێ. ئێوەش ئێرانین و ئەندامی حیزبی تودەشن، باشترە بچنە نێو یەکێتی خوێندکارانی ئێرانی. لە سەر رێنوێنی ئیرەجی ئەسکەندەری ئەحمەد و عبدالرحمن قاسملو بەیاننامەیەک دەردەکەن و هەڵوەشاندنەوەی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا) رادەگەیێنن و کۆمەڵە بە کردەوە تا ساڵی ١٩٥٦ کە هێندێ خوێندکاری نیشتمانپەروەی کورد دوو بارە کۆمەڵە دادەمەزرێننەوە لە کار دەکەوێ. *

پاشان حیزبی تودە لە چیکوسلۆڤاکیا بورسی خوێندن بۆعبدالرحمن قاسملو وەردەگرێ و ناو براو دەچێتە پراک و خوێندن درێژە پێدەدات. دوای تەواوکردنی خوێندنی زانستگا ساڵی١٩٥٢ دەگەڕێتەوە ئێران و لە تاران لە رێکخراوی حیزبی تودەی ئێراندا چالاکی خۆی درێژە پێدەدات. لە پاشان لە سەرپێشنیاری صارم الدینی صادق وەزیری کە بەرپرسی کومیتەی کوردستان دەبێ لە حیزبی تودەدا،عبدالرحمن قاسملوو وەک بەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد دەنێرنە ئەو شارە. قاسملوو لە چوارچێوەی سیاسەت و دروشم و تاکتیکی حیزبی تودەدا تێکۆشان بەرێوەدەبات بێ ئەوەی کە باسی کورد و مەسەلەی نەتەوایەتی بکرێ.

لەو سەر و بەندەدا کە حکوومەتی دوکتور مصدق لە گەڵ شیرکەتی نەوتی ئینگلیز و

---

* ساڵی ١٩٦٠ لە گەڵ دوکتۆر قاسملوی شەهید چووینە کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد کە لە بیرلین گیرابوو. دوکتۆر کامران بەدرخانیش هاتبوو. لە گەڵ دوکتۆر کامران بەدرخان باسی بارودۆخی ئێرانمان دەکرد. دوکتۆر قاسملو خۆی پێ ناساند و گوتی من فلان کەسم و لە پاریس زۆر جار هاتوومەلات » کامران بەدرخان گوتی :« ها... کورم... ئەوە تۆبووی ئەودەم کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردت تێکداو چوویە ناو تودە.» قاسملو گوتی:« نا: میرم... من نەبووم، ئەوە کاکم بوو... من ئەو دەم چوو بوومە پراک» پێداچوونەوە.

www.kerimhisani.com

ئێران کەوتبوە خەبات و بەربەرەکانی، نیمچە ئازادی و جۆرە دیموکراسیەک لە ئێراندا هاتبوە کایەوە. حیزبی تودەی ئێران هەر چەندەش بەرەسمی ئیجازەی تێکۆشانی ئاشکرای نە درابۆیە، بەڵام نیوە ئاشکرا خەباتی بەربڵاو لە سەرانسەری ئێران پەرە پێدەدات. لە مەهاباد رۆژنامەکانی حیزبی تودەی ئێران بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز بەب ازاردا دەیانگێڕن و دەفرۆشرێن.

لە مانگی یونی ١٩٥٣تێکۆشانێکی بەر بڵاوبۆ بەشداری لاوانی کورد لە چوارەمین فیستیڤاڵی جیهانی لاوانی دیموکرات دەست پێدەکرێ. لە مەهاباد کۆبوونەوە ومیتینگی لاوان ساز دەکرێن. رۆژی ١٩٥٣/٦/١٥میتینگی ئاشتی وهێمنانەی لاوان لە باغێکی قەراخ شار دەکەوێتە بەر پەلاماری پۆلیس و سەربازانی ئەرتەشی. لاوێکی مێرمنداڵ بە ناوی(حەسەنی رەمەزانی) دەکوژرێ و سەدان کەسیشدەگیرێن.رۆژنامەی(KOMSOMOLCKAIA PRAVDA) ئۆرگانی یەکێتی لاوانی کۆموونیستی لینینی سۆڤێتی نووسیبووی:« لەم رۆژانەدا لە باغەکانی قەراخ شاری مەهاباد لە کوردستان چەند سەت لاوی کورد بە بۆنەی ئامادە بوون بۆ چوارەمین فیستیڤاڵی جیهانی لاوان خەریکی سازکردنی ئاهەنگ دەبن هێزی سەربازو پۆلیس باغەکە گەمارۆ دەدەن و لاوەکان دەدەنە بەر گوللە و دەستریژ. لەم پەلامارەدا چەند کەس کوژراون و هێندێکیش بریندداربوون.»(١٢)

کومیتەی مەهاباد بەم بۆنەوە دژی سەرەرۆیی ئەرتەش و پۆلیس لافاوێکی توندی پرۆتێست و بێزاری دەخاتە رێ. بە سەدان ژن و مێر لە تێلگرافخانە ماندەگرن و داوای ئازادی گیراوەکان و سزادانی تاوانباران دەکەن. پۆلیس ناچار دەبێ دوای پێنج رۆژ گیراوەکان ئازاد بکا.

سەرچاوەکان

١ – کەریمی حسامی، هێندێ لایەنی ریفۆرمی ئەرزی لەئێران، چێکی، ١٩٦٤، ل.٥٠

٢– گۆڤاری دنیا، ژمارە ٣، تاران . ١٩٦٣

٣ – رۆژنامەو نبرد ، تاران ، ١٩٥٢/٥/١٢

٤ – نامەی یوسفی ریزوانی بۆنووسەر، ١٩٩٦/٤/١٥

٥ – رۆژنامەی سنندج، ١٩٥٢/٥/٤

٦ – رۆژنامەی توفان غرب ، ١٩٥٢/٥/١٢

٧ – رۆژنامەی ستارە ، ١٩٥٢/٦/٢٦

٨ – کەریمی حسامی لەبیرەوەری یەکانم، بەرگی یەکەم ، ١٩٨٧، ل ، ٢٠٩ ــــ ٢٠٨

٩ – هەمان سەرچاوە ل ٢١٣

١٠ – رۆژنامەی بانگ مردم، تاران ، ١٩٥٣٥١

١١ – کەریمی حسامی ، هەمان سەرچاوە ، ل.٢١٤

١٢ – رۆژنامەی کۆمسۆمۆلسکایا پراڤدا، موسکۆ ، ١٩٥٣/٧/٢٤

www.kerimhisami.com

بەشی چوارەم:

کۆدیتای ئاوگوستی ۱۹۵۳ دژی حکوومەتی دوکتۆر مصدق

۱۹ی ئاوگوستی ۱۹۵۳بە نەخشە و پلان و پشتیوانی(سی. ئای . ئێ) ناوەندی جاسوسی ئەمریکا حکوومەتی دوکتور مصدق بە کۆدیتایەکی نیزامی دەرووخێنرێ. لە گەڵ سەرکەوتنی کۆدیتا هێرشێکی درندانە و خوێناوی بۆ سەر هێزە دێموکراتیەکانی وڵات دەست پێدەکرێ. کوردستانیش لەم هێرش و پەلامارەدا وەپاش نادرێ. رێکخراوی بەناو حیزبی دێموکراتیش لە کوردستان دەکەوێتە بەر پەلاماری وەحشی یانەی ئەرتەش و پۆلیس. جگە لەوانەی کە دەگیرێن، هێندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی روو دەکەنە دێهات و چەندیان دەچنە کوردستانی گەرمێن و هێندێکیش دەچنە تاران.

عبدالرحمانی قاسملوش چەند رۆژان لە ماڵی پێشەوای شەهید خۆ حاشار دەدا و پاشان دەچێتە تەورێز لە ماڵی ئەحمەدی برای پەنا دەگرێ.

لە تاران صارمخانی صادق وەزیری کە بەرپرسی کۆمیتەی کوردستانی حیزبی تودە بوو، دەگیرێ، شادرەوان سەدیقی ئەنجیری ئازەر ئەندامێکی لێهاتووی حیزبی تودە کە پێشتر لە تاران دەژیا، دەبێتە بەرپرسی پێوەندی لە گەڵ ئەندامانی رێکخراوی مەهاباد کە دوای کۆدیتای دژی حکوومەتی مصدق روویان کردبوە تاران و لەوێ دەسووڕانەوە. نووسەری ئەم دێڕانە کە بە نوێنەرایەتی لاوانی کورد بۆ بەشداری لە چوارەمین فیستیڤاڵی لاوانی جیهانیدا چوو بوە رومانی لە گەرانەوەدا لە تاران دەگیرێ و پاش حەفتەیەک بە مەرجی وەدەر نەکەوتن لە تاران ئازاد دەکرێ. دوای ئازادی بەدوای ئادریسی ناسراوانی پێشوودا دەگەرام، لە

ڕێگای سولەیمانی موعینی کاک سەدیقی رەحمەتیم دیتەوە. ناو براو کە دوای کودیتاو گیرانی صارمخانی صادق وەزیری ببوە بەر پرسی کومیتەی کوردستان گوتی: لە گەڵ ئەندامانی دیکە کە هاتوونە تاران ئەشێ بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و خەریکی سازدانەوەی ڕێکخراوبن. لە مانگی سەرماوەزی ۱۹۵۳لە گەڵ شەهید سولەیمانی موعینی بەرەو تەورێز کەوتینەڕێ. لە تەورێز چوومە ماڵی ئەحمەدی قاسملو دیتم رەحمان لەوێیە. گوتی برادەرانی دیکە بڵاو بوون و نازانم ڕوویان دەکوێ کردوە. منیش چەند ڕۆژ لە ماڵی پێشەوا خۆم شاردەوە پاشان دیتم ناتوانم بمێنمەوە. بەیانیەکی سواری گوێدریژێکیان کردم و پێمەڕەیەکم هاویشتە سەرشان و لە گەڵ یەکێک هاتمە باغی قازی سەر ڕێگای ورمێ. ماشێنێک هات سوار بووم چوومە ورمێ. هێندێکم پارە لە دوکتوری کاکم ئەستاند و هاتوومە ئێرە و دەچمەوەتاران. ئێستا کەس لە مەهاباد نەماوە. پێویستە خۆت بگەیێنیەوە مەهاباد کاروباری ڕێکخراو ڕێک بخەی. ئێستا بەرنامەی حیزب(مەبەست حیزبی تودەیە) ئەوەیە کە خۆ بۆ شەڕی پارتیزانی ئامادە بکەین.

پێویستە بە وریایی ناوی ئەو کەسانە بنووسرێن کە ئامادەیی شەڕی پارتیزانیان هەیە. دەرکەوت قاسملو هەر لە خۆوە ئەوەی نەگوتبوو. چونکە کەیانوری لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێ:«... هەوڵێن هەنگاوی ئێمە خۆ ئامادەکردنی شەری پارتیزانی بوو. هێندێ لە دۆستانی ئێمە لایان وایە ئەگەر ئەو کارەمان دەست پێکردبایە لە بەر ئەوەی ڕێژیمی کۆدیتا هێشتا خۆی نەگرتبوو لە نێو ئەرتەشیش نارازی زور بوون، ئاکامی دەبوو. تەنانەت لە وانەش بوو کە هێندێ تیپی ئەرتەشی رەگەڵمان بکەون»(۲)

دوای دیتنی قاسملوو گەرامەوە کوردستان و لە گوندی ساروقامیش چوومە ماڵی ئاغای سالاری میرزافەتاحی. باسی بارودۆخی وڵاتمان کرد و گوتیان تاقە کادرێکی حیزبی بەناوی(عەولابارزانی) لەم ناوە دەسووڕێتەوە. ناردم عەولابارزانیان دیتەوە، دووسێ ڕۆژ لە لام بوو، پاشان ناردمەوە مەهاباد. دوای کۆدیتا کە ئەندامانی حیزبی مهاباد چۆل دەکەن. لە تاران بریاردەدەن

www.kurdistanikerimhisami.com

عەولابارزانی کە لە ناوچە نەناسراو بوە بینێرنە مەهاباد کە کاری حیزبی بکات. ناوبراو کە لە تاران پێشتر کوری رەشی ناسیبوو، دەچێتە مالی پێشەوا. بەلام پاش ماوەیەک رۆژێک دەرفەت دێنێ هێندێ ئالتون وپارەی مالی پێشەوا ،ئەوەی دەستی پێرادەگا دەیدزێ و بزردەبێ. سالەکانی دوای ٧٠ بیستمان لەهەولێر ناوی خۆی گۆریوە و بۆتە شۆفیری ئوتوبوسەکانی ناو شار.

عەولا بارزانی کێ بوو؟ ئەو کابرایە کوردێکی کوردستانی گەرمێن بوو لە گەل بارزانیەکان هاتبوە ئەمدیو. دوای رۆیشتنی بارزانیەکان ناوبراو لە ناوچەی شنۆ دەمێنێتەوەو دەگیرێ. دەیبەنە زیندانی تەورێز و چەندسال لە بەندیدا دەبێ. دوای ئازاد بوونی دەچێتە تاران و بە ئاشنایەتی لە گەل کوردان دەبێتە ئەندامی حیزبی تودە و ئەوان دەنێرنەوە کوردستان. با بزانین کادرێکی حیزبی تودەی ئێران بەناوی (محمد روزگار) لە بیرەوەریەکانی خۆیدا چۆن باسی عەولابارزانی دەکات؟ .«

«....لەلایەن کومیتەی ئەیالەتی یەوە کابرایەکیان بۆ لقی حیزبی ئێمە (لقی سەلسەبیل)نارد بە ناوی(عبداللەبارزانی) ئەسپاردیان کە لە بارەی جێگا کارو ژیانەوە یارمەتی بدەین. پیاوێک بوو ٢٨ ـــ ٣٠ساڵە. فارسی و کوردی و عەرەبی باش دەزانی. زۆر جار لە کاتی سەر خۆشیدا هەولمان دەدا ژیننامەی بزانین. بەلام هەر چەندی سەرخۆش دەبوو دەیگوت لە بارزانیەکانی عیراقم. کاتی چوونی بارزانیەکان بۆ سۆڤێت گیراوەو چەندسال لە زیندانی تەورێز دابوە و هەر لە وێش بۆتە ئەندامی حیزبی تودە. کاتێ لێمان دەپرسی ئەوفارسیە لە کوێ فێربووی. دەیگوت لە زیندانی تەورێز تورکی وفارسی فێربووم. عەولا بارزانیمان لە کانگای ئاوی تاران وەک دارتاش دامەزراند. لە گەل خاوو خێزانمان بوو بە ئاشناو هاتووچۆی مالەکانی دەکرد و کاتی بێکاری هاوڕێیانی حیزبی لقی(سەلسەبیل) پارەیان دەدایە. پاشان دەرکەوت عەولابارزانی جاسوسێکی زرنگی سازمانی ئەمنیەت بوەو هاتۆتە نێو حیزبی تودەوە. دوای کۆدیتا عەولابارزانی بریار دەدا بچێتەوە عیراق و میراتی باوکی لە مامی بستێنێ. ماوەیەک بزر دەبێ. ئێمە لێی بێ خەبەر بووین. پاشان سەرو کەللەی لە تاران پەیدا دەبێ ولە گەل عەلی قازی

(کوڕی قازی محمد)دەگەڕێ. عەولابارزانی کە لە سەفەری عیراق گەرابۆوە دەیگوت: چەندین هەزار تمەن پارەی هێناوە. ئەمجارە دژی عەلی قازی دەدوا. ئێمە گومانمان لە وەدا نەما کە پارەیەکی زۆری هەیە. بەڵام لەوە بەشک بووین کە داخوا چۆتە عیراق و میراتی وەگیرکەوتوە.؟ ئەم پرسە بۆ ئێمە مەتەڵ بوو. تارۆژێک بەهەڵکەوت بەشەقامی سوپادا تێدەپەڕیم، عەولابارزانیم دیت لەگەڵ عەلی قازی دەگەڕێ. گورج بۆ(سەمەد)م گێراوە. بڕیارماندا لە سەرهەست بین و دڕدۆنگی خۆمان بە برادەرانی سەردەوش ڕاگەیاند. بە عەولابارزانیشمان گوت:« شانەکان هەڵوەشاون و تێکۆشان ڕاوەستاوە.» ئاشکرابوونی ڕێکخراوی نیزامی حیزبی تودەش بیانوێکی باشبوو. بەڵام عبدالله دەیگوت: شانەکان لە سەر شەقامیش کۆدەبنەوە. هەمیشەش هاواری بوو کە بۆچی چەند شانەیەکی حیزبی بەمن ناسپێرن. بەسەر چوو من چوومە شورەوی. پاش ٧ ساڵ نامەیەکی (سەمەد)م پێگەیشت، نووسیبووی: «لە بیرت ماوە کە لە ئاخرین رۆژەکانی ڕۆیشتنت گوتت لە عەولابارزانی خۆتان بپارێزن. پاش سەفەری تۆ عەولابارزانی هەموو هاوڕێکانی ئێمەی پێوەکرد. من ماوەیەکی زۆر لە ژێر ئەشکنجەدابووم. چونکە لە ماڵی ئێمە سەنەدو بەڵگەیان دۆزیبوونەوە. ئەو کەسەی چەند ساڵ نان ونمەکی ئێمەی کردبوو خەیانەتی پێکردین. دەرکەوت جاسوسی نێونەتەوەیی بوە. ئێستا ناردوویانەتە سوریا لە وێ خزمەت بە ئەربابی بکات.»(٣)

دوای بڵاو بوونی ئەندامانی سەرکردایەتی کومیتەی مەهاباد وهاتنەوەی کەریمی حسامی بۆ نێو شار، کومیتەیەکی کاتی لە مەهاباد پێوەندی لە نێوانی ئەندامانی حیزبدا نوێ دەکاتەوە و هێندێ شانەی حیزبی نوێ دەگرینەوە. هاوکارانی ئەو کومیتەیە بریتین لە:

:(کەریمی حسامی، عەولای حەکیمزادە، قاسمی سولتانیان، یونسی بلوریان، جەلیلی گادانی و لاوێکی کرماشانیش بە ناوی بەهنام کە حیزبی تودە وەک بەرپرسی لاوان نارد بوویە مەهاباد.

دووی ڕێبەندانی ١٩٥٤ کومیتەی کاتی لە مەهاباد بۆ یاد کردنەوەی کۆماری

www.kerimhisami.com

کوردستان کۆبوونەوەیەک پێک دێنن. بۆ ئەوەی سامی خەڵک بشکێن وحکوومەت وانەزانێ کە بزووتنەوەی کورد بە جارێ خێنکاوە، دەگاتە ئەو بڕیارە کە لە دیوارەکانی شار یادی کۆماری کوردستان و « بژی دووی رێبەندان » بنووسرێ و ئاڵای کوردستانیش لە سەر لوتکە چیاکانی دەور و بەری شار هەڵبکرێن. کابرای کرماشانی بەو باسە و بەبیستنی ئەم بڕیارە هەڵدەبەزێتەوە و دەڵێ:« ئەم قسانە چەس؟ ئەمە فیکرێکی ناسیۆنالیستی یە و حیزبی تودە شتێکی ئاوای بەمن نەگوتوە». برادەرانی کومیتە گوێ نادەنە کابرا و بڕیارەکە ئەنجام دەدرێ. بەیانی پۆلیس و ئەرتەش کە ئاڵای بان لوتکە چیاکان و دروشمی دیواران دەبینن، هار دەبن، دەست دەکەن بە جۆرە رەش بگیریەک و ئەوانەی گومانیان لێدەکەن دەیان گرن. بە تایبەت ئەندامێکی تێکۆشەر بەناوی (مەحمودی خسرەوی) لە رادە بردەر ئازار و ئەشکنجەدەدەن . لەترسی ئەوەی نەوەکوو بمرێ، دەیدەنەوە بەدایک وبابی ورێگاش نادەن بیبەنە تەورێز یاورمێ بۆ سەردوکتۆر وناهێڵن دوکتۆری شاریش بچنەسەری. عەولای حەکیمزادەی رەحمەتی بەنهێنی هاتووچۆی دەکاودەرمان وئامپولی پێویستی بۆدەبات. ئەوە یێکەم جارە پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان ئاوا یادی ئەم کۆمارەو دووی رێبەندان زیندوودەکرێتەوە. برادەری کرماشانی بەناوی رەخنەونارەزایی لەم کارە پێدادەگرێ کە لە مەهاباد نامێنێ، بەم زستانە سەختە دەینێرنەوەتاران .(١)

www.kerimhisami.com

دەورەی دووەمی رۆژنامەی کوردستان

بەر لەوەی بێمە سەر باسی بڵاو بوونەوەی دەورەی دووەمی رۆژنامەی کوردستان لە ئێران، بۆ مانەوە لە لاپەڕەی مێژوودا پێویستە ئەم رۆژنامەیەش نە خرێتە پشت گوێ کە بەناوی« رۆژنامەی کوردستان – ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان» لە «باکۆ» ئازەربایجانی سۆڤیێتی پێشوو لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە بڵاو کراوەتەوە. ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە هەموویان بە دەستەوە نین. بەڵام دەبێ لە دوا مانگەکانی ساڵی ١٩٤٧ وە دەستی بە بڵاوبوونەوە کردبێ و تاساڵی ١٩٦١-یش بەر دەوام دوو جار لە حەفتەدا بڵاو بوو بێتەوە. لەم رۆژنامەیە ژمارە ٢٢٩،شەمۆ ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٨(١١ی فەبریوەری١٩٥٠و ژمارە ٨٧٧ چوار شەمۆ ١٢ای سێپتامبری ١٩٥٦ بە دەستەوەن و تا رادەیەک مەبەست و نێوەرۆکی نووسینەکانی ئەو رۆژنامەیە روون دەکەنەوە.

رۆژنامەی کوردستان چاپی باکۆ لە یەک لاپەڕەدا لە پاڵ رۆژنامەی «ئازەربایجان» ئۆرگانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان دابڵاو کراوەتەوە. وەک لە لاپەڕەی ئەم رۆژنامەیەدا دەردەکەوێ نووسەرانی بریتی بوون لە:(دوکتور رەحیمی قازی، عەلی گەلاویژ، کەریمی ئەیوبی، ا.نادری، رەشید.س، ر. گەرمیانی. م.شەڵماشی) دیارە پرۆفیسور قەناتی کوردۆیۆڤ یش وتاری بۆ نووسیون. وەک دەزانین نووسەر و بەرێوە بەرانی ئەم رۆژنامەیە ساڵی ١٩٤٦ لە لایەن حکوومەتی کۆماری کوردستانەوە بۆ خوێندن دەنێردرێنە ئازەربایجانی سۆڤیێتی وپاش تێکچوون کۆماری کوردستان ئێتر ناگەرێنەوە و بەناوی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باکۆ «رۆژنامەی کوردستان » بڵاو دەکەتەوە.

لە ژمارە ٣٢٦ -٢١ی ژانویەی ١٩٥٠ لە ژێر سەرخەتی:« کۆبوونەوە بەبۆنەی

www.kerimhisami.com

پێنجەمین وەرزی حکوومەتی نەتەوایەتی کوردستان»دا، نامەی کومیتەی ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، بۆ کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بڵاو کراوەتەوە. لە ژمارەکانی دیکەدا یادی هەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و یادی دامەزرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و. وتاری جۆربەجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوری لە بارەی ئێران وولاتانی هەندەران بەر چاو دەکەوی.

لە ژمارە ٥٩٢، ٢٨ی نوامبری ١٩٥٣ لە لایەن کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نووسراوەیەک دەبینین تێیدا هاتوە« لە لایەن کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان را. کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پاش ئانالیزی کودیتای شا-زاهیدی و لێک دانەوەی بەسەر هاتەکان، پێشنهادی تەشکیلاتە پێشکەوتوەکانی وڵات لە مەڕ پێویست بوونی جبهەییکی واحدی زیدی ئیمپریالیستی بۆ شکاندنی دوژمنی موشتەرەک و سەرەو ژێر کردنەوەی حکومەتی مونارخۆ-فاشیستی شا-زاهیدی لە سەر ئەساسی دوو بەندی خوارەوە تەئیید دەکات.

١ - حکوومەتی خائینی شا-زاهیدی سەرەو ژێر بکرێتەوە و شوێن ونەتیجەی ئەو جنایەتانەی کە بە دەستی ئەو حکوومەتە بە پێچەوانەی حاکمیتی نەتەوایەتی و رزگاری کۆمەڵایەتی خەڵک دەکرێت، لە نێوان لا ببردرێت.

٢ - دەوڵەتێک بهێندرێتە سەر کار کە دەپێناوی برینی قەتعی نفوزی داگیر کەرانەی ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا و ئینگلیز دا ئیقدام بکات و لە هەموو جێگایەکی وڵات ئازادی دیموکراتیک یانی ئازادی حیزب، هەڵبژاردن، مطبوعات، کۆبوونەوە و نمایش دابین بکات. کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان»

لە ژمارە (١٠٩٠ - ١٨ ئوکتوبری ١٩٥٨ تاژمارە ١٩٠٧)ی رۆژنامەی کوردستاندا ریزە وتارێک لە بارەی مەسەلەی کورد لە ئێران بە قەڵەمی عەلی گەلاوێژ بەرچاو دەکەوێ تێیدا هاتوە:« ... ئێران ئیمڕۆ بۆخۆی دەوڵەتێکی هەیە. ئەو دەوڵەتە ئەگەر کۆنە پەرستیش بێ، دەوڵەتی ئێرانە. بەڵام کوردستان خۆی

www.kerimhisami.com

دەوڵەتی نیە. لە مافی دەسەڵاتی سیاسی بێ بەشکراوە. لە بەر ئەوەیە لە کاتێکا خەڵکی ئێران دابینکردنی ئامانجی نەتەوەیی خۆی لە روخانی دەزگای کۆنەپەرستی دەسەڵاتداراو گۆڕینی ئەودا دەبینێ، خەڵکی کورد بەم کارە واتە بەرووخانی دەزگای دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێران، بە هیچ ئامانجێکی بنەرەتی خۆی ناگات. چونکە لەو حاڵەتەدا هێشتا دەسەڵاتی نەتەوەیی دیموکراتیکی خەڵکی کورد دانەمەزراوە تەنیا دروشمی راست کە ئیمڕۆ دەتوانێ میلیۆنها ئینسانی پشتمانپەروەری کوردستان لە دەورەی خۆی کۆ بکاتەوە بریتی یە لە دروشمی خەبات دژی ستەمی نەتەوەیی و خەبات بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی دیموکراتیکی گەلی کورد.»

وادەردەکەوێ ئەم رۆژنامەیە دوای کۆنفرانسی یەک گرتنەوەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی تودەی ئێران ۲۹ی مانگی یولی۱۹٦۰لە دەرەوەی وڵات، ئیتر لە دەرچوون کەوتوە و یا بڵێین داخراوە. لە نامەیەکدا کە بەرێز دوکتور رەحیمی قازی لە ۱۹٦۲/۱/۱۲بۆ نووسەری ئەم دێرانەی ناردوە دەنووسێ: «....داخرانی « رۆژنامەی کوردستان » لە پاش ۱۵ساڵ دەرچوون لە لایەن تودەوە یەکێک لە سەهوەکانی هەرە گەورەیە کە تودە لە کاتی دوور لە نیشتمان تووشی بوەوە نیشتمان پەروەرانی کورد نارازی ئەکات.»(رێنوسی ئەم نووسراوانە دەستکاری کراوە)

بەهاری ساڵی ۱۹٥٤برایانی یوسفی(عەزیزوقادر) لە گەڵ غەنی بلوریان و رەحمانی قاسملو لە تەورێز کۆ دەبنەوە و بە یارمەتی حیزبی تودە و لە چاپخانەی نهێنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان رۆژنامەی کوردستان دەردەکەن. دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان و پاشماوەی ئەندام و رێکخراوەکانی کوردستان لە ژێر رێبەرایەتی حیزبی تودە تێکۆشان لە کوردستاندا درێژە پێدەدەن .

دوکتورقاسملوی شەهید لەم بارەوە دەڵێ:

«... ئەو تەشکیلاتەی کە زیندوو کرایەوە لە راستیدا بە یارمەتی حیزبی تودە بوو. حیزبی تودە هەر چەند یارمەتی دابوو حیزبی دیموکرات زیندوو بێتەوە، بەڵام

بەکردەوە هەر ناوەکەی حیزبی دێموکرات بوو، تەواوی خەتی سیاسی، ڕێبەرەکەی و هەتا دەستووری تەشکیلاتی هەموو لە تارانەوە لە لای حیزبی تودەڕا بۆی دەهات.»(٤) *

دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان هەر چەند لە ژێر ڕێنوێنیێ حیزبی تودەی ئێراندابوو، بەڵام بۆ ئاشکرا کردنی ناو ونیشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو کاتە حەستەم و دژوارەدا بە هەنگاوێکی پیرۆز و گرنگ دەژمێردرێ.

لە گەڵ ئەوەش کە نە(کوردستان)ەکەی باکۆ و نە(کوردستان)ەکەی تەوریز هیچیان ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات نەبوون و هیچ کومیتە ناوەندی یەک لە گۆڕێدا نەبوو تا ئۆرگانی ڕەسمی بلاو کاتەوە و تەنیا چەند کەسی تێکۆشەر بەناوی حیزبی دێموکرات هەڵدەسوڕان و ناوی حیزبی دێموکراتیان دەپاراست .

. ڕۆژنامەی کوردستان هەروەک لە کلیشەکەی دیارە وەک« ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان» بلاو دەکرێتەوە. لە سەر دێری نووسراوە:«ژمارە ١دەورەی دووەم « یەک شەمۆ ـــ ٥ بانەمەری ١٣٣٣،واتە(٢٥ی ئەپریلی ١٩٥٤) لە سەرخەتی لای ڕاستەی نووسراو: «لە ڕێگای ئاشتی و بەرامبەر بە ئەمپریالیزم خەباتی خۆمان پەرە پێدەدەین»

لە لای چەپەی لاپەرەی یێکەم نووسراوە « ..بۆ وەدەست هێنانی دێموکراتی و حاکمیەتی نەتەوایەتی بەرەوپێش» سەر وتاری ڕۆژنامەی کوردستان لە ژێرئەم ناو ونیشانەدا دەنووسێ: « پاش هەشت ساڵان دیسان ڕۆژنامەی « کوردستان

بەمحاڵە دوکتور قاسملوله (چل سال خەبات) دادەنووسێ: «...حیزبی دێموکراتی کوردستان چل ساڵ لەمەو بەر لە هەل ومەرجێکی زۆر دژواردا ئەم مەسئولیەتە گەورەی بەعۆدە گرت. دیتمان کە حیزب بەتەواوی بۆ ئەم بەرێوەبەری پر ئامادە نەبوو وە یەکێک لەهۆیەکانی تێکشکانی کۆماری کوردستانیش هەر ئەوە بوو. بەڵام ئەو ڕێ درسمە واتە ڕێ ورسمی بەرێوە بەری حیزب هەر مایەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا کە چل ساڵ ڕادەبرێ جولانەوەی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران هەر لە ژێر بەرێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بوە. هیچ ڕێکخراوێکی دیکە نەیتوانیوە ئەم مەسئولیەتە گەورە بەعۆدە بگرێ.» (٥)

«ارگانی حزبی دیموکراتی کوردستان زبانی نەتەوەی ئێمە لە شەرایتی سەختی دیکتاتۆری فاشیستی دا بلاو ئەکرێتەوە. لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا دوژمنانی خەڵکی کوردستان یانی ئەمپریالیزمی شەر هەڵایسێنەر و کۆنەپەرستانی ئێرانی نەک هەر نەیانتوانی بەربەرەکانی نەتەوەی کورد خاپور بکەن، بەڵکوو خەباتکەران (مبارزین)خەڵکی ئێمە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەموو کاتێک وە لە هەموو شەرایتێک دا بەرامبەر داگیرکەرانی حکوومەتی تاران راوەستان و ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستانیان سەر بەرزو بڵیند راگرت. لەم،ماوەیەدا زۆر جار حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەهۆی بەیان نامە و تراکت میللەتی کوردی لە چۆنیەتی(کیفیت)، سیاسی وڵات ئاگادار کردو رێگای بەربەرەکانی پێشاندا.حیزبی ئێمە هێز و توانای خۆی لە رابیطە و نیزیکی لە گەڵ گەلانی خەڵکی کوردستان ئەزانێ و هەر وەها بۆ پێکهێنانی ئەو ئاواتە یانی مەحکەم کردنی رابیطەلەگەڵ خەڵک و بە دیموکراتی و نەتەوایەتی لە نیشتمانی ئێمە دایە کە دوو بارە رۆژنامەی کوردستان کە ئاوێنەی ژیان و خەباتی نەتەوەی کورد بوو دیسان هەر بۆ ئە و ئامانجە یانی کەساسی وبێ بەشی کورد بخاتە بەر چاو و رێی دوا رۆژی خەڵکی ئێمە بنوێنێ بلاو ئەکرێتەوە. رۆژنامەی «کوردستان» هەر وەکوو پێشەوای شەهیدی ئێمە قاضی محەممەد پێشانی داوە خەباتی خەڵکی لەرێگای ئازادی و رزگاری کورد و کوردستان بەرێوە دەبا وە بۆحەقی ژیانی نەتەوەی کوردو پێکهێنانی ئاواتەکانی مێژوویی ئەو تێدە کۆشێ.

«کوردستان» لە حەقی نەتەوایەتی، لە زبان وفەرهەنگ وسونەتەکانی مێژوویی نەتەوەی کورد هەر وەها لە شەرەف وشانازی وی دفاع دەکات وەدەنگی بەربەرەکانی وتەقەلای وی بەگوێی بەشەریەتی پێشرو دەگەیێنێ؛

«کوردستان» بۆیەکێتی تێک نەشکاو و مەحکەمی کرێکاران و جوتێران و رووناک بیران، پیشەوەران و عەشیرەتە خەڵک پەروەرەکان کە ضامنی رزگاری نیشتمانی ئێمەیە هەوڵ ئەدا.

«کوردستان » مەبەستی ئەوەیە کە دۆستایەتی نەتەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی

www.kerimhisami.com

ئازەربایجان و ئێران و گشت نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست گەشە پێبدا.

« کوردستان » هەر وەکوو جاران بۆ دۆستایەتی و برایەتی حیزبی قارەمانی تودەی ئێران و فیرقەی خەباتکەری دێموکراتی ئازەربایجان تێ دەکۆشێ وە بۆ رزگاری نەتەوەکانی ئێران لە ژێردەستی ئەمپریالیزم هەول ئەدا.

« کوردستان » بە هەموو توانایێکەوە لە پێناوی ئاشتی و دێموکراتی ئامانجی بەرزی نەتەوەکانی گێتی خەبات ئەکا و بۆ پاراستنی ئاشتی لە ناو میللەتان وە بۆوەی کە نیشتمانی ئێمە نەبێتە مۆلگای شەڕی زیدی یەکێتی شورەوی بێ وچان تێدەکۆشێ

« کوردستان » دۆست و دوژمنی میللەتی کورد دەناسێنێ وە هەروەها کە لە یەکێتی شورەوی و هۆردووی ئاشتی و دێموکراتی بۆ وێنە دۆستیکی خەڵکی کوردستان دفاع ئەکات بەرامبەر بە شەر هەڵایسێنەرەکان، ئەمپریالیزمی خوێن مژ وەکوو دوژمنانی نەتەوەی کورد بەربەرەکانی ئەکات. دەرکەوتنی دووبارەی کوردستان لە شەرایتی سەختی ئەورۆدا نیشانەی توانایی و بەهێزی حیزبی دێموکراتی کوردستان وە گشت خەباتکەرانی نەتەوە کوردە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاو بوونەوەی دوو بارەی رۆژنامەی« کوردستان »کە بە سەرهاتێکی گەورە لە مێژووی نەتەوەی ئێمەیە لە هەموو دانیشتوانی کوردستان و گشت نیشتمانپەروەرانی کورد پیرۆزبایی ئەکا و هیواداره کە ئەو بەسەرهاتە ببێتە تەلیعەی سەرکەوتنی گەورەتر لە دوارۆژی خەڵکی ئێمەدا وە خەباتی یێکرەنگ و یەککگرتووی گەلانی زیدی ئیستعماری کوردستان و ئازەربایجان و ئێران سەر بکەوێ. ئێستا وەزیفەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەفرادی بە شەرەفی کوردە کە رۆژنامەی «کوردستان» بگەیێننە هەموو شارەکان و دێیەکانی کوردستان وە ئەرکی خوێندەواران ئەوەیە بۆ نەخوێندەوارانی بخوێننەوە، تێ یان بگەیێن هەر وەها هاورێیانی خوێندەواری ئێمە ئەبێ دەنگ وباسی ناوخۆ و چۆنیەتی ژیان و خەباتی گەل و داخوازیانمان بۆ بنووسن و بینێرن. با هەموو نەتەوەی بە شەرەفی کورد رۆژنامەی کوردستان بە

www.kerimhisami.com

دۆست و یارمەتیدەری خۆی بناسێ و ئیلهامی لێ وەرگرێ بەو جورە رۆژنامەی کوردستان ئەتوانێ ئەرکی مێژوویی و راستەقینەی خۆی پێک بێنێ و ببێتە رێنوێنی خەباتی خەڵک و زبانی میللەتی کورد و گەلانی کوردستان »

وتارێکی دیکەی رۆژنامەی کوردستان لە لاپەرەی یێکەم دا لە ژێرسەرخەتی: «...نەتەوەکانی ئێران هەتا سەرکەوتنی دوایی لە میللی بوونی نەفتی خۆیان دیفاع دەکەن» دژی پێکهاتنی کۆنسرسیۆمی نەوت، زەرەر و زیانی پێکهاتنی کۆنسرسیۆم و پیلانی شیرکەتەکانی نەوتی ئینگلیز و ئەمریکا روون دەکاتەوە و لە کۆتایی وتارەکەدا دەڵێ:« حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەموو نەتەوەی بە شەرەفی کورد، لە هەموو ئەندامانی خۆی داوا دەکات کە تەواوی هێز و توانای خۆیان بەکار بخەن بۆوەی کە نەخشە گڵاوەکانی دوژمنە خوێن مژەکانی ئێمە نەیەتەدی.»

وتارێکی دیکەی رۆژنامەی کوردستان لە ژێر سەرخەتی: « دۆستایەتی تێک نەشکاوی نەتەوەکانی کوردستان و ئازەربایجان رۆژ بە رۆژ چەسپاوتر و گورج تر ئەبێ » دەنووسێ: « رۆژی سێی بانەمەڕلە مێژووی نەتەوەکانی کوردستان و ئازەربایجان رۆژێکی تاریخی یە.

لەو رۆژەدا پەیمانی دۆستایەتی و یەکێتی لە ناو خەڵکەکانی ئێمە لە لایەن نوێنەرەکانی دوو نەتەوە ئیمزا کراوە.

دۆستایەتی نەتەوەی کورد لە گەڵ خەڵکی ئازەربایجان سەرچاوەی دوورو درێژو مێژوویی هەیە. نەتەوەکانی کوردستان و ئازەربایجان هەمیشە لە زەرەر و قازانج هاو بەش بوون و دۆست و دوژمنیان یەک بوە. ئەمپریالیزمی خوێنمژی ئەمریکا وئینگلیز و هەروەها داگیرکەرانی حکوومەتی تاران نەتەوەکانی ئێمەیان بێرەحمانە وبێشەرمانە ئیستسمارکردوە. ژیان و ناموس و فەرهەنگ و زبان و هەرچی کە نیشانەی نەتەوایەتی ئێمە بوو لە لایەن حکوومەتی بەکرێگیراوی تاران بە چاوی نزم(پست)و سوک تەماشا دەکرا و بە تالانی دەبرد.

نەتەوەی کورد هەر وەکو نەتەوەی ئازەربایجان بۆ رزگاری و ئازادی خۆی لە ژێر زوڵمی زورداران هەوڵ ئەدا. چاکترین و بە شەرەفترین رۆڵەکانی ئەو دوو

www.kerimhisami.com

نەتەوەیە لە ڕێگای ڕزگاری نیشتمان و بۆ پێکهێنانی ژیانێکی سەربەست و بەختیار بۆ نەتەوەی خۆیان شەهید بوون و قوربانی کران، بەڵام نە کوشتار و زۆرداری و نە تەقەلای دوور و درێژی داگیرکەرانی تارانی نەیتوانی بەربەرەکانی نەتەوەکانی کورد و ئازەربایجانی دابمرگێنێ. پاش ئەوەی کە یەکێتی شورەوی قەلای نەروخی ئاشتی و سۆسیالیزم بە سەر فاشیزمی هێتلەریدا زاڵ بوو، بۆ نەتەوەکانی زۆر لێکراوی کوردستان و ئازەربایجان هەلکەوت تا حکوومەتی میللی خۆیان دابمەزرێنن. لە ماوەی ساڵێک بوونی حکوومەتی میللی لەکوردستان و ئازەربایجاندا دۆستایەتی و یەکێتی گەلانی ئەو دوو ولاتە هێشتا زیاتر وپتەوتر بوو. ئیتر حکوومەتی تاران نەیدەتوانی سیاسەتی ئیستعماری خۆی کە سیاسەتی بەشکردن و حکوومەت کردنە لە ولاتەکانی ئێمەدا بێنێتەدی. ئەو جار بە پێچەوانەی ئەو سیاسەتە نەتەوەکانی کوردستان و ئازەربایجان حالی بوون کە زیاتر لە هەموو کاتێک پێداویستیان بە دۆستایەتی و برادەری هەیە، هەربۆ ئەوە بوو کە لە مانگی بانەمەڕ پەیمانی دۆستایەتی لە لایەن نوێنەرانی هەر دوو لاوە ئیمزا کرا. لەو پەیمانە دەر ئەکەوێ کە حکوومەتەکانی کوردستان و ئازەربایجان حازر بوون وەک دوو حکوومەتی برادەر و دوو دراوسێی دۆست پێکەوە رابوێرن و لە نەزەری سیاسی لەشکری و ئابووری یەوە یاریدەی یەکتری بدەن. ئەو پەیمانە رایدەگەیاند کە ئەو دوو نەتەوەیە ئەبێ بە یەکەوە بەرامبەر بە زۆردارانی تارانی بەربەرەکانی بکەن، ئەو پەیمانە نیشانەی ئەوە بوو کە دۆستایەتی ئەو دوو نەتەوەیە یارمەتی جولانەوەی زیدی ئەمپریالیستی لە تەواوی ئێراندا ئەکرد. هەر بۆ وەی بوو کە گەلانی کوردو ئازەربایجان بە شادی و خۆشی یەوە لەو پەیمانە پێشوازیانکرد، ئەورۆکەش کە هەشت ساڵ لە رۆژی بەستنی ئەوپەیمانە رابردوە دیسان نەتەوەکانی کوردو ئازەربایجان بەوی وەفاداران و گورجتر و چەسپاوترکردنی دۆستایەتی خۆیان تێدەکۆشن. ئێستاکەش نەتەوەکانی کوردستان و ئازەربایجان هەروەها کە بۆ یەکەتی و دۆستایەتی خۆیان لە گەڵ نەتەوەی ئێران هەوڵ ئەدەن هەروەهاش بەرامبەر بە حکوومەتی بەکرێگیراوی تاران، بەرامبەر بە هەتیوی

www.kerimhisami.com

رەزاخان و کوودیتاچیان بەربەرەکانی ئەکەن.

ئێستاش کە نەتەوەکانی ئێمە بە چاکی ئەزانن کە رزگاری و بەختیاری وڵاتی ئێمە بێ وەی کە ئەمریکاییەکان و ئینگلیزیەکان لە ئێران دەربکرێن مومکن نیە گەلانی وڵاتی ئێمە حازربن پاش ئەو هەموو فیداکاری و گیانبازیە نەفتی وڵاتەکەیان بکەوێتە دەست دوژمنانیان کە ئەمپریالیزمی ئەمریکا و ئینگلیزە و خوێنی شەهیدان بە خۆرایی بچێ. ئێستاکەش نەتەوەکانی ئێمە تێدەکۆشن کە پێش بە شەرهەڵایسێنەرەکان بگرن و ئیجازە نەدەن کە نیشتمانی وان ببێتە کانگەی شەڕی زیدی شورەوی کە چاکترین دۆستی وانە.

لە رۆژی سێی مانگی بانەمەڕ کە رۆژی دۆستایەتی و برادەری گەلانی وڵاتی ئێمەیە، نەتەوەی کورد جارێکی تر وەفاداری خۆی بە پەیمانی دۆستایەتی تازە دەکاتەوە. لە سەر خەباتکەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە بە هەموو هێزێکەوە یەکەتی و برایەتی نەتەوەی ئێمەی لە گەڵ نەتەوەکانی ئازەربایجان و ئێران وەک گلێنەی چاوی خۆیان بپارێزن و رۆژ لە رۆژ گورجترو ریشەدارتری بکەن. بێگومان یەکەتی نەتەوەکانی ئێمە لە گەڵ نەتەوەی ئێران زامنی رزگاری گەلانی زۆرلێکراوی وڵاتی ئێمە لە ژێرباری ئەمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ئێرانی و دوارۆژێکی بەختیار و سەر بەستمان بۆ پێک دێنێ.

بژی رۆژی سێی بانەمەڕ ـــ رۆژی دۆستایەتی نەتەوەکانی کوردوئازەربایجانی،

بژی جبهەی واحدی زیدی ئەمپریالیستی مەزهەری یەکەتی تێک نەشکاوی خەلکەکانی ئێران،

سەرکەوێ بەربەرەکانی گەلانی وڵاتی ئێمە لە ژێر رێبەری حیزبی تودەی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان»

رۆژنامەی«کوردستان» بەبونەی رۆژی جیهانی کارگەر لە ژێر سەرخەتی :«پیرۆزبێ رۆژی یەکەمی مای جێژنی ناونەتەوایەتی (بین المللی) رەنجبەرانی گێتی» وتارێکی بڵاو کردۆتەوە و پاش باسێکی مێژوویی پەیدابوونی ئەو رۆژە دەنووسێ :«... نەتەوەی زۆر لێکراوی ئێمە ئەو جێژنە لە هەموو رەنجبەرانی دنیا بە

تایبەتی لە خەڵكی گەورە و دۆستی نەتەوەی كورد ورێنوێنێ بەشەریەتی پێشڕەو یەكەتی شورەوی پیرۆزبایی دەكات گەلانی رەنجبەری كوردستانیش ئەو رۆژە بە رۆژی یەكەتی و خەبات لە رێگای ئاشتی و دێموكراتی و حاكمیەتی نەتەوایەتی داجێژن دەگرن وە دڵنیان كە بەربەرەكانی نەتەوەكانی گێتی لە ژێر رێنوێنێ یەكەتی شورەوی سەر ئەكەوێ.

بژی یەكەمی مای رۆژی دۆستایەتی و پەیوەندی گشت رەنجبەرانی جیهان

سڵاو لە نەتەوەی رەنجبەری كورد ـــ خەباتكەری رێگای ئاشتی و دێموكراتی حاكمیەتی نەتەوایەتی

سڵاو لە یەكەتی شورەوی قەڵای نەرووخی ئاشتی و دێموكراتی و پەناگای نەتەوەكانی بێ بەشی گێتی.

سڵاو لە رەنجبەرانی ئێران و ئازەربایجان دۆستانی دراوسێ و خۆشەویستی نەتەوەی ئێمە

سڵاو لە حیزبی تودەی ئێران، فیرقەی دێموكراتی ئازەربایجان ئەحزابی براو دۆستی ئێمە.

بژی ئاشتی لە ناو میللەتان ئامانجی بەرزی بەشەریەتی پێشرەو!»

پارچەیەكی ئەدەبی جوانیش بە ناوی« بەرەو رووناكی» لە ژمارەیەكەمی كوردستاندا چاپكراوە. لەلاپەڕەی دووهەمدا نووسراوە : « قیمەتی لەشار دوو قران و لە دێ قرانێكە» ـــ یەک شەمۆ ٢٥ی اوریل»

رۆژنامەی كوردستان ٥ ژمارەی لێ دەردەچێ. ژمارە پێنج ناگاتە دەستی خۆێنەرانی كورد لە رێگادا دەگیرێ. پۆلیس چاپخانەكەش لە تەورێز دەدۆزێتەوەو ئیتر تا ساڵی ١٩٥٨هیچ چەشنە بڵاوكەرەوەیەک بە ناوی حیزبی دێموكراتی كوردستان بڵاو ناكرێتەوە.

www.kerimbisani.com

قۆناخی تازە لەتێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا

دوای گرتنی رۆژنامەی کوردستان و دۆزینەوەی چاپخانەکە، هێندێکی دیکەش لە ئەندامانی حیزب دەکەونە بەر پەلاماری پۆلیس و دەگیرێن. لە سالّی ١٩٥٤غەنی بلوریان دەنێرن بۆسنە ولەوێ بەداوی پۆلیسەوە دەبێ ودەگیرێ و پاش بێنەوبەرو دادگایی کردن بە ٣ سالّ مەحکوم دەکرێ. ئیترئەندامانی کومیتەی کوردستان تەنیا دوو کەسیان دەمێنێ. غەنی بلوریان و کەریمی وەیسی دەکەونە بەندیخانەوە، رەحیمی سولّتانیان خۆی تەئمین دەکاتەوە و دەچێتەوە سەر کاری خۆی واز لە تێکۆشانی سیاسی دێنێ. دەمێننەوە عەزیزی یوسفی و عبداللەئیسحاقی و رەحمانی قاسملوش وەک کادری حیزبی تودە و بەرپرسی کومیتەی مەهاباد.

بەهاری سالّی١٩٥٥دەگەرێنەوە کوردستان و لە گەلّ چەند کادرێکی دیکە کەلە دێهات دەسووڕانەوە کۆبوونەوەیەک پێک دێنن و دێنە سەر ئەو باوەڕە کە لە گەلّ رێکخراوی حیزبی تودە پێوەندی بپچڕێنن و سەر بەخۆ خەبات درێژە پێبدەن. لەم کۆبوونەوە یەدا کە نە پێرەو و پرۆگرامێکی حیزبی لە گۆڕێدا دەبێ و نە بەیاننامە و راگەیەندراوێک لە سەر ئەم کۆبوونەوەیە بلاوەکرێتەوە، ناوی دەنێن(کۆنفرانسی حیزبی) لە بەر ئەوەی کە سێ کەسیش لە دامەزرێنەرانی کومیتەی مەهاباد ئامادە نین، هیچ رێبەرایەتیەک و کومیتەیەکی تازەش هەلّنابژێردرێ. رەحمانی قاسملوو پێشنیاردەکات کە لە گەلّ عبداللەئیسحاقی بچنە ئوروپا و لە گەلّ رێبەرانی حیزبی تودەی دانیشتووی ئوروپا پێوەندی بگرن. لە سەر ئەو پێشنیارە با بزانین دوکتۆر قاسملو خۆی دەلّێ چی:« ... بۆیە ئێمە ئەو دەم کۆبوونەوە یەکمان پێکهێنا کە لە وانەی ئێستا لەو جەمعەدا هەن کاک «عبداللە عزەتپور» و ئەمنی تێدا بەشدار بووین. ئەو کۆبوونەوەیە کە پاشان ناومان نا« کۆنفرانسی یەکەمی حیزب» لە گوندی «کەوتەر»ی مەنگوڕانی مەهاباد بە نهێنی پێکهات. لە وێ دا ئێمە بڕیارماندا لە گەلّ حیزبی تودە قەتعی رابیتە بکەین و حیزبی دێموکرات بۆ خۆی سەر بەخۆ

www.kerimhisami.com

فەعالیەتی خۆی بکا. چونکە هەم نەزەرمان ئەوە بوو حیزبی تودە لە سەرمەسەلەی مصدق و لە سەر کۆدیتای ٢٨ی مرداد چەوت رۆیشتوە، هەم نەزەرمان ئەوە بوو کە پۆلیس زەدە بوە و هەر تەماسێک لە گەڵ حیزبی تودە لە تاران بگیرێ نەتیجەی ئەو دەبێ دە گیری پۆلیس بکەوین. ئەوە بوو کە قەتعی رابیتەمان کرد لەو وەختەدا ئیعلانمان کرد کە حیزبی دێموکرات خۆی سەر بەخۆ فەعالیەت دەکا، بەشدارانی کۆنفرانسی یەکەم ئەوەی لە بیرم بێ غەیری خۆم و کاک عبداللەعزەتپور، بریتی بوون لە عزیزیوسفی، عبدالله اسحاقی، اسعدخدایاری، هاشم اقل الطلاب(قادرشەریف) پێم وایە هەموومان حەوت هەشت کەس زیاتر نەبووین. ئێمە ئەو وەختە لە بەر ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر بوو تەماسمان لە گەڵ حیزبی تودە هەبوو،(دوکتورقاسملونالێ کادرورێکخراوی حیزبی تودە بووین. د) بیرو باوەڕی تودەییمان تێدا زۆ بە هێز بوو، بۆیە پێمان وابو ئەو تەشکیلاتەی حیزبی تودە کەلە نێو خۆی ولاتدا فەعالیەت دەکا، چەوت رۆیشتوە. بەلام ئەوانی دەرەوە وەک «رادمنش» و «اسکندری» و ئەوانی دیکە باشترن. لە سەر ئەو ئەساسە کومیتەی کوردستان بریاریدا کە ئێمە لە دەرەوە پێوەندی یان لە گەڵ بگرین و من بۆ بەرێوەبردنی ئەو مەئموریەتە چوومە عیراق و لە وێرا چوومە دەرەوە. لە دەرەوە پێوەندیم گرت هەم لە گەڵ حیزبی تودە و هەم لە گەڵ سۆویێتی یەکان. لەو تەماسەدا کە دەگەڕێتەوە سالی ١٣٣٤یانی ٣٤سال لەوە پێش و بە دوور و درێژی قسەم لە گەڵ کردن ئەوان گوتیان: بەلێ داخوازەکانتان راستە و رەوایە و جێ بەجێ یان دەکەین، تۆ بگەڕێوە داخلی ولات و بە هاورێ یانیش بلێ، نمایندەی حیزبی تودە «رادمنش» بوو.(٦)* (دوکتوەقاسملو نالێ: داخوازیەکانیان چبوون کەوابەراست ورەوایان زانیون وچەندەیان جێبەجێ کردوون) . ن

لە کۆبوونەوەی ناوبراودا هەر چەندە بە قسەی دوکتور قاسملو بڕیاردەدەن کە(قەتعی رابیتە لە گەڵ حیزبی تودە)بکەن و بە ناوی حیزبی دێموکراتی بێ پێڕەو

با مەسەلەی ئەم کۆبوونەوەیە کە ناویان ناوە کۆنفرانسی یەکەم پتر شی بکەینەوە: دوکتور قاسملو دەلێ: « کۆبوونەوە لە(کەوتەر) بوە و حەوت هەشت کەس زیاتر نەبوون،. » بڕیارماندا لە گەڵ حیزبی تودە قەتعی رابیتەی تەشکیلاتی بکەین،حیزبی دێموکرات بۆخۆی سەر بەخۆ فەعالیەتی خۆی بکا. بەلام هەرچەند گۆیا (بڕیاریان داوەلەگەل حیزبی

www.kerimhisani.com

و پرۆگرام سەر بەخۆ کار بکەن، بەلام رەحمانی قاسملو پێشنیاردەکا لەگەل عبداللەئیسحاقی بچنە ئوروپا و لە گەل بەشی ئوروپای رێبەرایەتی حیزبی تودە پێوەندی بگرن. لە ئوروپا عبداللەئیسحاقی و قاسملو نێوانیان تێکدەچێ ودوای سێ مانگ ئیسحاقی بەدلگرانی دەگەرێتەوە.

رەحمانی قاسملو وەک خۆی باس دەکا دوای ماوەیەک لە سەر راسپاردەو رێنوێنی رێبەرانی حیزبی تودە دەگەرێتەوە بۆ تاران و سەر لەنوێ هەر لە سەر خەت و

تودەقەتعی رابیتەی تەشکیلاتی بکەن،) بریاردەدەن لەدەرەوە لەگەل حیزبی تودە پێوەندی بگرن گۆیا ئەوانەی ولاتیان بەجێهێشتوەو چوونەدەرەوە، لە ئەوانی ژوورەوە باشترن.!!
مەلاعەولای حەیاکی کە چ ئاگای لەو کۆبوونەوەیە نەبوە. لە حکایەتەکەیدا بە ناوی(نیوسەدەتێکۆشان) قسەی دوکتورقاسملو بە بەلگەنازانێ و بۆرازاندنەوەی حکایەتەکەی پەنابۆ(بیستنی قسەو قسەلۆکی سەرزاروزمانان دەباو کۆبوونەوە دەکاتە کۆنفرانس و جێگاگەشی دەکاتە(ناوچەی سەری مەیدان لەنێزیک مەهاباد) و (بەشدارانی کۆبوونەوە) دەکاتە (٢٠تا٢٥کەس) و دەنووسێ: «... پێک هێنانی کۆنفرانسی یەکەم لەو هەل و مەرجەدا هەنگاوێکی دیموکراتی و شۆرشگێرانە بوە کە توانیویەتی بەشێک لە گیروگرفتەکانی ئەودەمەی حیزب بەباشی چارەسەربکا.» !
داخوا ئەندامانی حیزب دەتوانن پرسیاربکەن وبلێن :«کام گیروگرفتی ئەودەمی حیزب بەباشی چارەسەرکران وچۆن لەخۆت رادەبینی کەدوکتورقاسملو وەدرۆ بخەیەوە کەخۆی بەشداربوە، ماستا؟!
لەحیزبی دیموکراتدا بۆتەباوەرکەسێکی بوو بەسکرتێر دەبێ بەگێرانەوەی حکایەتێک بەناوی(مێژووی حیزبی دیموکرات)لێهاتوویی خۆی بەئەندامانی حیزب نیشان بداو مێژووی خەباتی زەحمەتکێشانی کوردیش بەئیشتیای خۆی بشێوێنێ.
.کاک جەلیلی گادانیش کە سەردەمێک لەسەرکورسی سکرتێری پالی دابوە، بۆئەوەی لەسکرتێرەکانی دیکە وەپاش نەکەوێ، لەبەرگی یەکەمی«کورتەمێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەناوی(٥٠ سال خەبات) کەبێ تاریخە لەلاپەری ٩٨دا دەنووسێ :
«... لەهاوینی ١٣٣٤ بەهاوکاری بێ درێخی کاک سەیدرەسولی دیهقان لەکێوی قەلاتەرەشی پشتی گوندی سەیداوای بابی گەورە لە ناوچەی پیرانشار بەبەشداری پازدە- بیست کەس کۆنفرانسی یەکەم پێک دێ. بەپێی ئەم یادداشتە کورتەی لەشەهید سەیدرسول بەجێ ماوە(کەدیارنیەکام یادداشتە و هیچ ئامازەی بۆ ناکات) لە بەشداران ئەو چەند کەسەی ژێرەوە بۆئەو ناسراون.
١ - کاک رەحمانی قاسملو بەنێوی نهێنی حەسەن

www.kerimhisami.com

ڕێبازی جاران لە گەڵ عەزیزی یوسفی وڕەحمەتی شەریعەتی ودوکتورعەلی مەولەوی بە ناوی کومیتەی کوردستان خەریکی تێکۆشان دەبێ. ئەمجارەش پێوەندی لە گەڵ حیزبی تودە بەردەوامە، بەڵام لە گەڵ باوەڕ پێکراوانی «رادمنش».

لەم بەینەدا قاسملو بۆ پێوەندی لە گەڵ «عەلی متقی» یەکێ لە بەرپرسانی نەگیراوی تەشکیلاتی تارانی حیزبی تودە دەچێتە سەرشوێنی دیار یکراو.(جێ ژوان). لەوێ پێوە دەبێ و دەگیرێ. پێوەندی لە گەڵ «عەلی متقی» دەبێ بەراسپاردەی « رادمنش » بوو بێ. چونکە کیانوری لەلاپەری ٣٥١ی بیرەوەری یەکانیدا دەڵێ:« عەلی متقی لەگەڵ خسروروزبە وحبیب سابیت رێکخراوی حیزبیان

---

٢ - کاک ئەسعەدی خودایاری بە نێوی نهێنی مەلاعەلی

٣ - سەید عبدالله اسحاقی (چۆنە ناوی نهێنی ئەم دوو کەسەی نەزانیوە.!!

٤ - کاک عەزیزی یوسفی

کاک جەلیل بۆئەوەی نووسینەکەی خۆی لەنووسینی دووسکرتێرەکەی دیکە شارەزاتر نیشان بدات، هێندێ تام وچێژی تایبەتی دەدا بەنووسنەکەی دوکتورقاسملو ی شەهید کە خۆی بەشداری کۆبوونەوەکە بوە، گەلالەی بەرنامەی نوێی حیزبیشی لێ زیاد دەکاو دەنووسێ: « ...لەم کۆنفرانسەدا کە سەید رەسول بەکۆبوونەوەی ناودەبا هێندێک بڕیاری گرنگ دەدرێ»

١ - گەلالەی پێشنیاری نوێی بەرنامەی حیزب پەسندەکرێ وبۆیەکەم جار وشەی ئێران لەناوی حیزب زیاد دەکرێ ودەبێتە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.» (بۆئاگاداری کاک جەلیلی گادانی وشەی «ئێران»ساڵی ١٩٧١لەکۆنفرانسی سێیەم لەنێو پەرانتێزدا لەناوی حیزب زیادکرا)پێداچوونەوە.

٢ - چەندکەس لەبەشدارانی کۆنفرانس و چەند غایب وەک ئەندامی ڕێبەری دیاری دەکرێن و کارەکانی حیزبی بە نێو خۆیان وکادرەکان دا بەش دەکەن.

٣ ـــ بڕیاردرا لەو کات را پێوەندی راستەوخۆ بەشێوەی پێشوو بەحیزبی توددوە نەمێنێ »

ئێستا ئەومەسەلەیە جێگای سەرنجە کە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبێ نووسینی کام سکرتێر بەراست بزانن و مێژووی حیزبەکەیان بەگوێرەی نووسینی کام سکرتێر راست کەنەوە ولەمێژووی خوێناوی حیزبەکەیان شارەزابن.!! داخوا دوکتور قاسملو کە خۆی بەشدار بوە راست دەکا، یان دوو سکرتێرەکەی دیکە ؟!! پێداچوونەو ە.

www.kurdistanmedia.com

بەرێوە دەبرد، لە گەڵ رادمنش بەرپرسی لقی تەشکیلاتی ئێران لە دەرەوە لە پێوەندیدا بوون.» (٧) بۆیە ئەم بڕوایە بە هێز دەبێ چونکە قاسملو لەکن راد مەنش گەراوەتەوە ئێران ودەبێ لەگەڵ نوێنەری ئەو پێوەندی گرتبێ.

قاسملو دەگیرێ و پاش ١٥رۆژ دوای ئەوەی بۆ فریودانی ساواک بەڵێنی هاوکاری دەدا، ئازاد دەکرێ. ئازادبوونی قاسملو دردۆنگی دەخاتە نێوبرادەرانی و بڕیاردەدەن لە ئێران وەدەر کەوێ و بچێتەوە ئوروپا. یارمەتی دەدەن خێزانیشی کە لە تاران بوو، بۆی دەگەیێننە کوردستان و دەچێتە کوردستانی عیراق و بە یارمەتی برادەرانی پارتی پاسپۆرتێکیش بەناوی« مدیحەکاظم »بۆ خێزانی پەیدا دەکاودەچێتەوە پراک لەرێکخراوی دەرەوەی حیزبی تودەدا کاردەکا و ئیتر هیچ پێوەندییەکی لە گەڵ کوردستان نامێنێ.

بەڵام با بزانین قاسملو خۆی دەڵێ چی؟: «... بەهەرحاڵ من گەرامەوە.«کیانوری» و هەموو ئەوانی دیکەی هەیئەتی ئیجرایی حیزبی تودە کە لە نێو خۆی وڵات بوون چوو بوونە دەرێ و ئەوەی مابۆوە وەک «یزدی »و «علوی» گیرابوون. لە نەتیجەدا بڕیارماندا بۆ خۆمان فەعالیەتی خۆمان درێژە پێبدەین. لە جەرەیانی ئەم فەعالیتەدا، بۆ یەکەم جارلە عیراق پێوەندیمان لە گەڵ حیزبی شیوعی عیراق گرت، کە ئەو وەختە سێ چوار دەستەش بووو دەگەڵ هەرسێ چوار دەستەکە پێوەندیمان گرت. دەگەڵ پارتی پێوەندیمان گرت کە ئەویش دوو دەستە بوو .بەم چەشنە و بەرە بەرە دەگەڵ ڕێکخراوەکانی کوردستانی عیراق ئاشنا بووین. ئەو بەرێوەبەریە بەو شێوەیە مابوو تاساڵی ١٣٣٧ کە بەداخەوە کاک عەزیز یوسفی و پاشان لە ساڵی دوایی کاک رەحمەتی شەریعەتی و غەنی بلوریان کە ئەویش ئەندامی کومیتەی کوردستان بوو گیران.(بەداخەوە دوکتورقاسملو هێندەی ئاگا لە تێکۆشان و بارو دۆخی حیزب نیە و کورتە مێژووی حیزب بۆ کادرەکانی باس دەکا. غەنی بلوریان ساڵی ١٣٣٧ تازە لە زیندان ئازاد دەبوو، نەک لەو ساڵەدا گیرا . د) و بەدوای ئەواندا تەشکیلاتی حیزب لێک هەڵوەشا. منیش کە ماوەیەک پێشتر چو بوومەوە دەرێ لە وێ مامەوە. بەمجۆرە ئەو ڕێبەرایەتیەش

تێکچوو ئیدامەکاری یەکە نەما.» (٨)

بە پێچەوانەی نووسینی دوکتۆرقاسملوو دوای رۆیشتنی ئەو بۆ ئوروپا تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بەردەوام دەبێ و لە پاش سەفەری ئەو بە یەکجاری لە گەڵ حیزبی تودەی ئێران پێوەندی دەپچڕێ. ئەندامانی کومیتەی کوردستان عەزیزی یوسفی و رەحمەتی شەریعەتی و دوکتور مەولەوی لە تاران و عبداللەئیسحاقی لە کوردستان غەنی بلوریانیش دوای ٣ساڵ لە زیندان ئازاد دەبێ و لە مەهاباد لە ژێر چاوە دێری پۆلیس دا دادەبێ. هێندێ لە کادرەکانی حیزبی وەک جەلیلی گادان، قاسمی سوڵتانیان، هاشمی اقل الطلاب و هاشمی جەلالی و سمایلی قاسملو ئەسعەدی خودایاری لە ناوچەی موکریان لە دێهات دەسووڕێنەوە بێ ئەوەی بەرنامەی تەبلیغات و درۆشم و تاکتیکی خەباتیان روون بێ و بزانن چەدەکەن و ستراتیژی و دروشم و تاکتیکی حیزب چی یە.

پەیمانی بەغدا وئاکامی بۆگەلی کورد

کۆدیتای ١٩ی ئاوگوستی ١٩٥٣کە راستەوخۆ بە نەخشە و یارمەتی سازمانی جاسوسی ئەمریکا هاتبوە کایەوە، نەک هەر حکوومەتی میللی مصدق دەرووخێنێ و رەشترین حکوومەتی دیکتاتۆری نیزامی لە ئێراندا دێنێتە سەرکار، بەڵکوو هەموو چەشنە بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە و دێموکراتیش لە وڵاتدا بە توندی سەرکوت دەکات. لە کوردستان بە سەدان کەسی تێکۆشەر و ئەندامی حیزب دەگیرێن و دەخرێنە بەندیخانەوە. حکوومەتی ئەمریکا بە ئاگاداری لە ریشەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی و دژی ئیمپریالیستی گەلانی ئێران، تەنیا بە هێنانە سەرکاری حکوومەتێکی دەستکرد و گوێ لەمست دڵی ئاو ناخواتەوە، دەبوایە پەیمانێکی نیزامی بە هاوبەشی ئێران و تورکیا و عیراق لە رۆژهەڵاتی نێوە راست دا بێنێتە کایەوە. بە نەخشە و هاندانی ئەمریکا ١٩٥٥/١١/٢٤ پەیمانێکی نیزامی بە ناوی (پەیمانی بەغدا) لە نێوانی ئێران و عیراق و تورکیا و ئینگلستان

www.kerimhisami.com

دەبەستریّ ، ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش وەک چاودێرلە لاوە بەشداری دەکات.دوایشۆرشی عیراق ورووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە عیراق ئەم پەیمانە بە ناوی سەنتۆ ناودێر دەکریّ. هەرچەندە ئە وپەیمانە لە جەوهەردا بۆ گەمارۆدانی سۆڤێتی پێشوو و ولاتانی ئورووپای رۆژهەلات سازکرا بوو، بەلام لە راستیدا ئامانجی بنەرەتی پەیمانی بەغدا لێدان و سەرکوتکردنی هەموو چەشنە بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازانەی گەلانی ناوچە بوو بە خەباتی گەلی کوردیشەوە. بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە سێ ولاتی ئەندامی پەیمانی سەنتۆدا، هەمیشە بۆ حکومەتە دیکتاتۆرەکانی ئێران و تورکیا و عیراق جێگای مەترسی بۆە و هەمیشە بۆ فریودان و سەرکوتکردنی لە هاوکاریدا بوون.

بە دوای بەستنی پەیمانی(بەغدادا) دایە کە رۆژهەلاتی کوردستان دەبێتە پێگەی نیزامی هاوبەشی ئێران و ئەمریکا لە ناوچەی لاجانی مامەشان پێگەی نیزامی جەلّدیان دەبێتە ناوەندی راونان و کوشتار و بەندیخانەی ئازادیخوازانی کورد و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان.

هەوەلّین هەنگاوی حکوومەتی کۆنە پەرستی ئێران، پاش بەستنی پەیمانی بەغدا دژی گەلی کورد بریتی دەبێ لە پەلاماردانانی دوو بارەی جوانرۆییەکان لە ناوچەی کرماشان. وەک دەزانین سالّی ١٩٤٨دەولّەتی ئێران جارێکی دیکەش لەشکری نارد بوە سەر عەشیرەتی جوانرۆ کە چەکیان بکەن. پاش شەرێکی توند و بۆمبارانی ناوچە کە جوانرۆیی یەکان پاشە کشەیان کرد بوو، هێندێ چەکی کۆنە و قورازەیەن دابوونەوە. بەلام ئەرتەش نەیتوانیبوو تەواو بەردەستیان بکا و بە سەریاندا زالّ بێت. پاش بەستنی پەیمانی بەغدا ئەمجارە دەولّەتی ئێران کە پشتی بە ئەمریکا و بە حکوومەتی نوری سەعید قایم بوو، لەشکرێکی زۆر دەنێرێتە سەر جوانرۆییەکان. یەکێ لە براکانی شا لە گەلّ ئەفسەرێکی ئەمریکایی بە سەر هرۆژمی لەشکری ئێراندا چاوە دێری دەکات. فرۆکەکانی ئێران لە کرماشانەوە هەلّدەستن و جوانرۆ بۆمباران دەکەن.

گۆڤاری (MEJDU NARODNAYA JIZIN) «ژیانی ناونەتەوەیی»

چاپی مۆسکۆ نووسیبووی:

«... له بەرزاییەکانی زنجیرە چیاکانی زاگروس، له هەرێمی کرماشان عەشیرەتێکی کوردی «جوانرۆ» دەژی. کوردەکان خەڵکێکی هەرە قەدیم و رزگاریخوازن. له رابردوودا عەشیرە تەکوردەکان له ئاسیای رۆژئاوادا، خاکێکی زۆریان به دەستەوە بوە کە بە کوردستان ناسراوە. ساڵی(١٥١٤)زایینی بەشێکی زۆری ئەم خاکە تێکە ڵاوی عوسمانی کرا. بەشێکیشی تێکەڵ کر بە ئێران. دوای شەری یەکەمی دنیاگر(کوردستان)ئەم خاکەی کە کوردەکانی تێدا دەژین له نێوان تورکیا و ئێران و عیراق و سوریادا بەشکرا. بە درێژایی سەدان ساڵ کوردەکان له کەمایەتی نەتەوایەتیدا بوون و بەرژەوەندی ژیانیان خراوەتە ژێر پێوە. له ئەنجامدا رۆژ بە رۆژ پتر نارازی دەبن. کوردەکان هەوڵ دەدەن لانی کەمی مافی نەتەوایەتی خۆیان وەدەست بێنن. عەشیرەتی جوانرۆ کە ساڵەهای ساڵ بە هێمنی ژیاوە، دوای شەری دووەمی دنیاگر کە جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی گەلانی رۆژهەلات پەرەی گرت، عەشیرەتی جوانڕۆش جۆرە خود موختاریکیان وەدەست هێنا. هەر وەک رۆژنامەی(اطلاعات)دەنووسێ: عەشیرەتی جوانرۆ خۆی بە سەربەخۆ دادەنا وە نەیدەهێشت ژاندارم و لەشکری حکوومەتی بچێتە خاکی جوانڕۆوە. ئەگەر پەیمانی بەغدا لە رۆژهەڵاتی نیزیک و ناوەراست دا ساز نەکرا بایە، ئەم عەشیرەتە لە مەو بە دواش هەر ئاوا دەژیا. عەشیرەتی جوانڕۆ بۆ رێکخەرەکانی پەیمانی بەغدا ببوە بەرهەڵست، چونکە لە سنوورەکانی ئێران و عیراق لە باری ستراتیژی یەوە مەڵبەندێکی زۆر گرنگی بە دەستەوەیە.

پێنجی مانگی فیوراڵی ١٩٥٦ دەوڵەتی ئێران بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ(جەم) هرۆژمێکی نیزامی بۆ سەر عەشیرەتی جوانرۆ دەست پێکرد. پاش بۆمباران و سووتاندن و وێرانکردنی دێهاتی جوانڕۆییەکان، بە گوێرەی سیایی و ئەژماری رەسمی ستادی لەشکری ئێران نیزیکەی ١٠٠ کەس لە جوانڕۆییەکان کوژراون. (٣٠٠) کەس بریندار بوون. (١٢٠٠) کەس پیرە پیاو و ژن و منداڵ بە دیل گیراون» .(٩)

www.kerimhisami.com

حکوومەتی ئێران بە هۆی پەلاماردانی عەشیرەتی جوانڕۆوە دەسەڵاتی بە سەر ئەم مەڵبەندەی کوردستانیشدا جێگیر کرد. گۆڤاری ئیتلاعاتی حەفتەیی نووسیبووی:«... پاش چواردە ساڵ ناوچەیەکی گەورەی گەڵێک گرنگ تێکەڵاوی ئێران گرایەوە. لە ماوەی ئەم چواردە ساڵەدا دەوڵەتی ئێران چەند جارلەشکری ناردە سەر ئەم ناوچەیە و شەڕی خوێناوی کرد، تەنانەت لە تارانەوە هێزی هەواییش بۆ یاریدەی لەشکر ناردرا، بەڵام نەتیجەی نەبوو.»(١٠)

هەنگاوێکی دیکەی حکوومەتی شای ئێران بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری دامەزرانی ساواک(سازمان امنیت واطلاعات کشور) بوو کە بە ڕێنوێنی و سەرۆکایەتی سازمانی جاسوسی ئەمریکا(سیا) کەوتە کار و یەکێ لە ڕەشترین ڕێکخراوی ڕەشە کوژی و ئەشکنجە و ئازار و درندەی جیهان بوو. لە گەڵ وەکار کەوتنی ساواک مەیدانی تێکۆشانی هێزەکانی ئازادیخوازانی ئێران بە جارێک وە تەنگ هەڵات. لە کوردستان ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات و نیشتمانپەروەرانی شار و دێهات دەکەونە ژێر چاوەدێری و ڕاونانەوە. بە کردەوە جگە لە سووڕانەوەی چەند کادرێک لە گوندەکان و پێوەندی یان لە گەڵ ئەندامانی حیزبی هیچ جۆرە چالاکی و تێکۆشانێکی بەر چاوی حیزبی دیموکرات لە ناوچەدا خۆ نانوێنێ.

عبداللە ئیسحاقی وەک یەکێک لە ئەندامانی کومیتەی سەر کردایەتی دوای تێکچوونی لە گەڵ قاسملو لە ئوروپا دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لە نێوان دوو بەشی کوردستاندا لە هاتوو چۆو سوڕانەوەدا دادەبێ. جار و بار لە ڕێگای دۆست و برادەری قاچاغچی نامە بۆ مەهاباد دەنێرێ و لەو ڕێگایە شەوە لە گەڵ برادەرانی تارانیش لە پێوەندی دادەبێ. لە مەهاباد کومیتەیەک بۆ پێوەندی لە گەڵ ئەندامانی شار و کادرەکانی ناوچە و عبداللەئیسحاقی لە تێکۆشاندا دەبێ. لەو ماوەیەدا هیچ نووسراوە و بەیاننامەی حیزبی بڵاو ناکرێنەوە.

www.kerimhisami.com

شۆرشی چواردەی گەلاوێژی عیراق و تەئسیری لە سەر کوردستان

شۆرشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ی عیراق ئەو دەم بەگەورەترین ڕووداوی ناوچە دەژمێردرا. وڵاتانی ڕۆژ ئاوا و حکوومەتە دیکتاتۆەکانی سەر بە پەیمانی سەنتۆی خستە دڵە ڕاوکە و ترسەوە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ناوچەی خستە جم و جۆڵ و بوژاندانەوە. بە تایبەت بە ڕەسمی ناسینی کورد بەشەریکی عەرەب لە کۆماری عیراقدا، بڵاو بوونەوەی دەنگی شۆرشگێری کورد لە ڕادیۆ بەغدا، ڕاستە وخۆ کار دەکاتە سەر کوردەکانی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان و تینی تێکۆشانی زیاتریان وەبەر دەنێ. حکوومەتی ئێران لە لایەک لە ناوچەکانی سەر سنووری عیراق دەکەوێتە خۆ کۆ کردنەوە و لە لایەکی تریش پتر لە جاران ناوچە کورد نشین و کوردەکان دەخاتە ژێر چاوە دێری توندەوە. تەنانەت هێندێ لە ئەفسەرانی ئەرتەش دەست دەکەن بە ڕاگوێستنی ژن و منداڵیان بەرە و تاران و تەوریز و لە ناوچەیان دوور دەخەنەوە. دوای شۆرشی ١٤ی گەلاوێژی عیراق(١٩٥٨)، عبداللەئیسحاقی کە لە نێوانی کوردستانی عیراق و مەڵبەندی مەهاباد دا لە هاتوو چوو سوڕانەوەدا دەبێ، لە لایەن کومیتەی سەرکردایەتیەوە داوای لێدەکەن بگەڕێتەوە بۆ کوردستان ولە ناوچەی سنە تێکۆشانی خۆی درێژە پێبدات. بەڵام لە جیاتی گەڕانەوە ناوبراو بەیاننامەیەک بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاودە کاتەوە کە ڕێبازی حیزب و ڕادەی بۆچوون و تێگەیشتنی سیاسی نووسەرلەم بەیاننامە یەدا ڕەنگ دەدەنەوە. پاشان بەیاننامەکە بە ناوی(نامەیەک لە کوردستانی ئێرانەوە)دەنێرێ بۆ گۆڤاری «هیوا» لە بەغداو لە ژێر ئەم ناو و نیشانەدا بڵاو دەکرێتەوە:

« نامەیەک لە کوردستانی ئێرانەوە»... تیشکی ڕۆژی ڕزگاری گەلان وادەمێکە ڕووناکتر و بە تینترلە پێشوو خۆ دەنوێنێ. بە درێژی مێژووی ژیانی ئینسان و بە

www.kerimbisani.com

پێی یاسای تەبیعەتی کۆمەڵایەتی چینەکان و نەتەوەکانی عالەم بە دایم هەردەم لە خەبات و تێکۆشاندا بوون. بەشێک لەو تەقەڵایە بۆ داگیر کەری و دەسەڵات بە سەر وڵات و چەوسانەوەی بەرهەمی شان و پیلی نەتەوەکانی دیل و یەخسیربوە، بەشی تری ئەو خەباتە کە دایم کەوتۆتە بەرامبەری تەقەڵای داگیرکەری تێکۆشانی نەتەوەکانی داماو و ژێر چەپۆک بۆ رامالینی تۆقی ئەسیری و بەر قەراری ئازادی و ژیانێکی خۆش و بەختیار بوە. هەژاری و تاڵی ژیان و زۆر و زۆرداری داگیرکەران لە سەر نەتەوەکانی ژێر چەپۆک تێکۆشان و بزووتنەوەی ئەوانی رۆژ بە رۆژ رازاوە تر و بەرینتر کردوە.

وابە قەد نیو قەرن دەبێ کە بەرینی ئەو تێکۆشانە دەوری گۆڕاندوە وە بە بۆنەی بڵاو بوونەوە و پەرەی بیرو باوەری ئینسان دۆستانە و مەرام و ئامانجی ئازادیخوازانە لە عالەم دا ئەو نەتەوانەی کە رزگار بوون و یان لە سەر پلەی دوایی رزگار بوونن پاش ئەوەی کە سەربەست بوون و دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت ئیتر بێجگە لە وەی هێزی داگیرکەری لە ناو ئەو نەتەوانەدا ناتوانێ خۆی دەرخات بەلکوو بەشی زۆری ئەو نەتەوە رزگار بوانە دەبنە پشت و پەنای نەتەوەکانی یەخسیر و زۆر لێکراو و بە پێی توانایی و هێزیان نەتەوەکانی دیل و یەخسیر یاریدە و بە وبۆنەوە بۆ پساندنی زنجیری دیلی هانیان دەدەن.

لە پاش روخانی دام و دەزگای ئیمپراتوریەتی روسی کۆن و هاتنە سەر کاری هێز و توانای میللەت دیمان بەچ جورێک دەوڵەتی سۆڤێت (شوروی)دەستی داگیرکەری ئیمپراتوری روسیای لە ئێران بڕیوە و چاوی لە تەواوی بنکە و خانو بەرە و شیرکەت و رێگای ئاسن و قەرزی داگیرکەرانەی ئیمپراتوری روسی کۆن پۆشی و بانگی دۆستایەتی خۆی راگەیاند کە وا ئێستاش هەر بەر دەوامە.

وا ئێستا نەتەوەکانی رزگار بووی عیراق و میسر و زۆر نەتەوەی تریش یاریدەی گەلی تێکۆشەر و دەس بەچەکی جەزائیر دەدەن کە قارەمانانە بۆ رزگاری و سەر بەخۆیی نیشتمانیان قۆڵیان لە ئیستعمارگەرانی فەرانسە هەڵمالیوە و دەخوازن بە سەر بەستی بژین. وە یان لە کاتێکدا کە داگیرکەرانی ئینگلیز و

www.kurdbisani.com

فەرانسە لە گەڵ ئیسرائیل هار کراوی ڕۆژ هەڵاتی ناوە ڕاستی ئیمپریالیزم کە هرۆژمی داگیر کەرانەی خۆیان بردە سەر نەتەوەی ڕزگا بوو و ئازادیخوازی میسر دیمان چۆن نەتەوەکانی چین و سۆفیەت پیاوانە لە گەڵ نەتەوەکانی تر وەکوو سوریا و هیند و ئەندونزیا و... دەنگی پشتیوانی خۆیان لە بەرهەڵستی نەتەوەی میسر بە ئیمپریالیزم و هێرش بەران ڕاگەیاند. ئەو کاتە دیمان هەر پاش هەڕەشەی سۆڤیەت و دانی چەند سەعات وچان دوایی پێدانی هێرش و کوشت و کوشتاری نەتەوەی نەبەزی میسر کە زۆر ئازایانە بەرهەڵستی کردنی هێرش بەران شەڕی داگیر کەرانەیان وەستاند. وە هرۆژم بەرەکان بە هەموو هەڕەشە و گوڕەشەکانیانەوە لە خۆیان نووسان وە بە دەستی بەتاڵ و ڕوو ڕەشی کشانەوە ئەو دەمە نەتەوەی ئازا و نەبەزی میسریش لەو کارەساتەدا سەر بەرز و پیرۆز ئاڵای حەقی حاکمیەتی خۆی لە سەر دەراوی کاناڵی سوئیز چەقاند. بێگومان پشتیوانیەکەی سۆڤیەت و چین لە گەڵ نەتەوەکانی عالەم یەکێک لە هۆیە کانی هەرە گەورەی پیرۆزی میسر لە بەرهەڵستەکەیدا دێتە ژمارەوە. جا کە وابوو لە ئەنجامد ابەوە دەگەین کە ئیمڕۆ لە عالەمدا بەرەیەکی بەرین و بە هێز لە نەتەوەکانی ڕزگار بوو پێکهاتوە و لە بەرامبەر داگیرکەراندا بۆ یاریدە و هاندانی نەتەوەکانی ژێر چەپۆک ماو وەک قەڵایەکی نەروخ ڕاوەستاون.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە مێژووی گۆڕان (تحول) لەو چەند ساڵەی دواییدا ئەبینین لافاوی شۆرش و هرۆژمی ڕزگارکەری لە قەراخ گۆمەکانی ئەندونزیا و ڤێتنام دا ،تا کو قەراخ گۆمی میدیتەرانە و لە وێوە ئەڵبان و قبرس ڕابگرە تا کو ڕۆژئاوای مەراکش و نیجیریان داگرتوە وە لە وێدا خۆی کێشاوەتە ناو جەرگی بازاری ئیمپریالیزم یانی ئەمریکای خواروو. بە کورتی قارەکانی ئاسیا و ئەفریقا تێکڕا ڕاست بوونەوە و وا خەریکن کەلاکی پیس و بۆگەنی ئیستعمار کە دیاریی ئورووپای شارستانی بۆ خەڵکی قارەکانی ئاسیاو ئەفریقایە بە یەکجاری بنێژن.

کڵپەو بڵێسەی شۆرشی ڕزگارکەری ئاسیا و ئەفریقا بە تایبەتی هی نەتەوەتەکانی عەرەب بە زۆربەی شۆرشی جەرگبڕ و پشت شکێنەری ئیستعمار لە

www.kerimhisami.com

عیراق دا لەو چەند ساڵەی دواییدا کە وا ئێستاش پەیتاپەیتا پێ یەوە دەچێ تینی ڕاستەقینە و هەست پێکراوی خۆی داوەتەخەباتی بەر دەوامی نەتەوەکەمان بۆ ڕزگاری و سەر بەخۆیی. زۆر بە ڕووناکی دەبینرێ کە تەواوی نیشتمانپەروەران و تێکۆشەرانی کورد هەستیان بەو تین و تایە کردوە.

شۆرشی پیرۆز و سەرکەوتووی عیراق کە لاپەری ڕەشی دەور و زەمانی فیصل و عبدالئیلاه داداشی ئاغاکانی قەراخ چۆمی تایمز و لەندەن و نوری سەعید خائینی ژمارە یەکی رۆژهەلاتی ناوەراستی ئیستعماری دراند وە ئالای بەرزو پڕ شانازی جمهوری عیراقی لە سەر کۆشکی شاهی کە مۆلگەی کۆبوونەوەکانی پەیمانی کۆنی بەغدا بوو داکوتا. وە بەشێک لە نەتەوە پچڕپچڕاوەکەمان کە کەوتوتە عیراقەوە لە ژێر سێبەری ئالای جمهوری عیراقدا هێندێ مافی نەتەوایەتی ستاند وە جمهوری لە قانونی ئەساسی نەتەوەی عەرەب لە وڵاتی عیراقدا بە شەریک دەزانێ .ئەو کردەوە و کردەوەکانی تری ناسیۆنالیسمی عەرەب دەری دەخا کە ناسیۆنالیسمی عەرەب کەوتوتە سەر ناسینی مافی کورد و یاریدەی نەتەوەی کورد بۆ ڕزگاری و سەر بەخۆیی کورد و کوردستان. دیارە کاربەدەستان و بەرێوە بەرەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە گرتنە بەری یاریدەی نەتەوەی کورد بۆ ڕزگاری و سەر بەخۆیی باشترین و لە بارترین رێگای سەرپانکردنەوەی ئیستعمار و نۆکەرانی ئیستعماریان هەڵبژاردوە. گرتنەبەری ئەو رێگا هەر ئەوەندە کە بە قازانجی کوردە قازانجی نەتەوەی عەرەبیشی بە بەرچاوی تێدایە. ڕووناکە کە نەتەوەکەمان لە هەر چوار پارچە داپچڕاوەکاندا بە چاوێکی زۆر حورمەتاویەوە دەروانێتە جوڵانەوەی نەتەوایەتی عەرەب کە واکەوتوتە سەر باو پەیتا پەیتا وڵاتەکانی عەرەب ڕزگار دەکات و تارمایی ئیستعمار لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەراستدا دەخاتە ناو گۆمەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر پاش روخانی تاج و تەختی فاروقی خائین بە دەستی شۆرشگێرانی هێزی میسر لە مەڕ خاوێنی ئامانجی شۆرشگێرانی و جوڵانەوەی نەتەوەی عەرەب ڕووناک بوە کە بنکەی هێزێکی پرتاقەتی نەتەوایەتی

ریشەی داکوتا و بە پەرەی خۆی ئیستعماری بریندار کرد و دوا برینی جەرگبڕی خۆی لە ناوەندی پەیمانی شەڕهەلایسێنەری بەغدای کۆنی کرد.

دوا رۆژی بەرینی خەباتی گەلان باشتر و کاکلتر شوێن و ئامانجی ناسیۆنالیسمی عەرەب کە تا ئێستا هەر بە خاوێنی لە گەل ئامانجی نەتەوەکەماندا بەڕێوە هاتوە دەر دەخا. کار بەدەستانی دەزگای دەولەتەکانی تاران و ئەنقەرە و بەغدای کۆن بە تایبەتی هی ئەنقەرە و تاران زۆریان تەقەلا دا کە کورد لە ناو نەتەوەکانیاندا بتوێننەوە و زمان و کار و کردەوەی تایبەتی کوردایەتیان لە ناو هەلگرن. هەر بۆیەشە زۆر بە توندی بەرهەلستی زۆر داخوازی نەتەوەکەمان لە تورکیا و ئێراندا بۆ خوێندن بە زمانی کوردی دەک کە وا ئێستاش هەر بەردەوامە لە کاتێکدا هەر لە زووە نەتەوەکەمان بە خەباتی خۆی ئەو مافەی لە دەزگای دەولەتەکانی سەر بە ئیستعماری پێشووی عیراق ئەستاندوە لە ئەنجامدا کورد لە هەر چوار پارچە داپچڕاوەکاندا زمان ، کردەوە، ئاکار و هونەری خۆی پاراستوە و وەک میللەتێک ماوە. نەتەوەی عەرەب زۆر بە برایەتی و دۆستایەتی لە گەل نەتەوە کەماندا بەڕێوە دەچو بە تایبەتی ئێستە بە بۆنەی بوونی حکومەتێکی میللی ئەو حورمەت و برایەتیە زۆر بەهێزتر بوە. تەقەلای دەزگای دەولەتەکانی تورکیا و ئێران بۆ تواندنەوە و پەرش و بلاوکردنی نەتەوەکەمان و هەر وەها تەقەلا بۆ لە بەین بردنی مافی نەتەوایەتی میللەتی کورد گەورەترین خیانەتە بە ئامانجی دۆستایەتی نەتەوەکانی فارس و تورک لە گەل نەتەوەی کورد و قەت لە لایەن نەتەوەکانی تورک و فارسەوە پشتیوانی نە کراوە بەلکوو بە دایم بیری نەتەوەکانی فارس و تورک بە پێچەوانەی تەقەلای دەزگای دەولەتەکانی سەر بە ئیمپریالیزمی تورکیا و ئێران بوە. کورد چ لە ئێران و چ لە تورکیا و عیراق و سوریا دەستی برایەتی و خەباتی یەکگرتووی خۆیان بۆ روخاندنی دام و دەزگای دەولەتەکانی سەر بە ئیمپریالیزمی ئەو ولاتانە دابوە دەستی نەتەوەکانی ئازادیخوازی فارس و تورک و عەرەبەوە. هەر وەکوو لە عیراق سوریادا ئەوبرایەتی و خەباتەمان بۆ هێنانە سەرکاری حکوومەتێکی میللی بەرچاو دەکەوێ و ئێستا

www.kerimhisami.com

زۆر بە تینتر لە پێشوو ئەو ئەرکە کەوتۆتە سەرخەباتی نەتەوەکەمان لە ئێران و تورکیا دا کە دەبێ دەستی یەکیتی و برایەتی بداتە دەست نەتەوەکانی فارس و ئازەربایجان و تورک و ئەقەلیەتەکانی میللی ئەو ولاتانە بۆ هێنانە سەرکاری حکوومەتیکی نیشتمانی. برینی جوقەواری نۆکەرانی ئیستعمار لە عیراق و ناسینی بەشێک لە نەتەوەکەمان بە شەریکی نەتەوەی عەرەب لە ولاتی عیراقدا مزگێنیەکی بەرچاوە بۆ رووناکی رزگاری نەتەوەی کورد کە یەکەم گزنگی ئومێدی رەزگاری پرژاندۆتە سەر سەر کوردەواریەوە. بەو جورە زۆر بە جوانی و بە رووناکی بۆمان دەردەکەوێ کە هەل و دەورێکی زۆر لە بار و راست بۆ ئازادی و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان وا لە پێشمانەوەیە.

هاونیشتمانانی خۆشەویست! حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە تەواوی چینەکانی میللەت لە کرێکاران و لادێییەکان و پیشەوەران و رووناکبیران و عەشیرەتەکانی نیشتمانپەروەر دەگێرپتەوە زۆر لە پێشوو زیاتر کۆزیلەی خۆیان لە دەورەی ناوەند و ئالا هەلگری نەتەوەکەمان حیزبی دیموکراتی کوردستان پتەو تر و نزیکتر کەنەوە. حیزبەکەمان بە وریاییکی بەرینەوە بە هاونیشتمانانی خۆشەویست رائەگەیێنێ کە هەر وەکوو تا ئێستا فریوی فێل و درۆ و دەلەسەکانی ئیستعمار و چلکاوخۆرەکانی ئیستعمارتان نەخواردوە پێویستە زیاتر لە پێشوو ئاگاداری جولانەوەی گێرە شێوێنی نۆکەرانی ئیستعمار و ئیمپریالیزم بن.

حیزبەکەمان دلنیایە تا ئەو دەم خۆی لە باوەشی نەتەوەکەماندا ببینێ، ئیستعمار و نۆکەرانی زەفەری پەرش و پلاوی پێ نابەن هەر وەکوو بە درێژی چواردەسال تەمەنی حیزبەکەمان تەقەلای دوژمن بۆ جیاکردنەوەی ئەو لە میللەت نەیتوانی سەرکەوێ.

حیزبەکەمان زۆر بە شانازیەوە هێزی بەتینترکردنی خەباتی رەزگاریخوزانەی خۆی لەو پشتیوانیە پڕ جەوهەرەی وەردەگرێ کە نەتەوەکەمان لە پاش کارەساتەکەی کودتای ٢٨ی گەلاوێژی ٣٢ لە وی کرد لە باوەشی خۆیدا پاراستی.

حیزبەکەمان هەر وەک قەلایەکی نەروخ بە پشت ئەستووری نەتەوەکەمان

www.kerimhisami.com

بەرامبەر بە دوژمن راوەستاوە و بە یاریکاری هاو نەتەوەکانمان لە عیراق و تورکیا و سوریا دا بۆ پێکهێنانی ئاواتی پیرۆزی گەلی کورد و هەر وەها لە ئێران بە خەباتی پتەو و یەکگرتووی لە گەڵ نەتەوەکانی فارس و ئازەربایجاندا بۆ پێکهێنانی ژیانێکی خۆش و بەختیار بەرە و پێش دەروات. حیزبەکەمان بە پتەو بوونی خەباتی گەلمان ئاسۆی ئازادی و رزگاری زۆر رووناک دەبینێ. بە یەکەوە لە ریزێکی تێک پەسیو و پتەو دا بە ژیری و وریایی یەکی ئازایانەوە بەرەو گزنگی رووناکی ئازادی و سەر بەخۆیی گەلان بۆ پێشەوە.

بژی ئاشتی بەردەوام ئامانجی پیرۆزی گەلان.

سەرکەوێ ئامانجی گەلانی یەخسیر بۆ ئازادی و رزگاری.

پیرۆز بێ ئاواتی جوانی پێکهاتووی نەتەوەکانی کورد و عەرەب لە عیراقدا.

سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادی و رزگاری.»(١١)*

*ـــ ئەم بەیاننامەیە دەقەکەی بێ دەستکاری بلاو دەکرێتەوە. بەلام رێنووسەکەی دەستکاری کراوە.

دوای شۆرشی چواردەی گەلاوێژ کۆمیتەی(کوردستان)ی حیزبی دێموکراتی نیشتەجێ لە تاران (عەزیزی یوسفی، رەحمەتی شەریعەتی و وکتورعەلی مەولەوی) هەر وەک باسکرا بریار دەدەن کە عەزیزی یوسفی بچێتە عیراق و عبداللەئیسحاقی بنێرێتەوە کوردستان و ناوچەی سنەی بۆ دیاری دەکەن بچێتە وێندەرێ. عەزیزی یوسفی پێش ئەوەی بگاتەوە مەهاباد لە(بالانیش)لە رێگای نێوان ورمێ – مەهاباد دەگیرێ. بە گرتنی عەزیزی یوسفی کومیتەی سەرکردایەتی بە تەواوی لە کار دەکەوێ. دوو کەسیان(رەحمەتی شەریعەتی و دوکتۆر مەولەوی) لە تاران دەمێننەوە، عەزیزی یوسفی لە زیندان و غەنی بلوریانیش کە تازە لەزیندان ئازاد بوە لەمەهاباد خۆی بۆ مات دەکا. عبداللەئیسحاقیش لە کوردستانی عیراق دەبێتە ئەحمەد توفیق و بە تەنیا دەبێتە حیزبی دێموکرات و هەلدەسورێ. « لە نێو برادەران باو بوو هەر وەختێک گوتبامان حیزب، یانی(ئەحمەدتوفیق).یان ئەگەر گوتبامان کاک ئەحمەد یانی(حیزبی دێموکراتی

کوردستان). هەر کات کاک ئەحمەد بە یەکێکی گوتبایە تۆ ئەندامی حیزب نی، تازە بە حەوت ئاوان نە دشۆراوە، لە ئەندامەتی دەکەوت و هەڵنەدەستاوە.» (١٢)

حکوومەتی عبدالکەریم قاسم چەشنێک لە دیموکراسی و دەرەتانی تێکۆشانی سیاسی بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست پێکدێنێ.. ئازادیخوازانی کورد لە تورکیا و ئێران و سوریا روو دەکەنە عیراق و لە بەغدا کە بە(دارالسلام) ناوی دەرکرد بوو کۆ دەبنەوە. عبدالله ئیسحاقیش لە بەغدا بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان جێگیر دەبێ. هەوەڵین هەنگاوی تێکۆشانی لەم بەینەدا بریتی یە لە چاپکردنی رەسمی پێنج کەس لە رێبەرانی ناوداری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد(شێخ مەحمود، قازی محەممەد، شێخ سەعید، سەیدرەزای دەرسیم و مەلامستەفا بارزانی) لە سەر کارت پوستاڵێک و بە وەر گرتنی ئیجازە لە حکوومەتی عیراق بۆ کۆ کردنەوەی یارمەتی بۆ حیزب بڵاویان دەکاتەوە.

لەم سەر و بەندەدا حیزبی تودەی ئێرانیش چەند کەس لە کادرەکانی خۆی دەنێرێتە بەغدا و لە گەڵ بزووتنەوەی رێکخراوی ئاشتیخوازانی عیراقی هاوکاری دەکەن و هەر لەو کاتەشدا تێدە کۆشن کە لە گەڵ ئێرانیش پێوەندی بگرن و بتوانن رێکخراوەی خۆیان ببوژێننەوە.

عبداللەئیسحاقیش کە بۆتە(ئەحمەد توفیق)لە گەڵ کادرەکانی حیزبی تودە لە پێوەندی دا دەبێ و لە رێگای ئەوانەوە لە کۆنگرەی ئاشتی عیراقیشدا بەشداری دەکات.

www.kerimhisami.com

گەڕانەوەی مەلامستەفا بارزانی بۆعیراق

مەلا مستەفا کە ماوەی یازدە ساڵ بوو لە ئاوارەییدا دەژیا، دوای شۆرشی عیراق بڕیار دەدا بگەڕێتەوە نیشتمان. لە گەرانەوەدا دەچێتە چێکوسڵۆفاکی و ماوەی بیست رۆژێک لە وێ چاوەروانی ڤیزادەکا. عبدالرحمانی قاسملو کە ئەو دەم لە پراک دەژی، دەچێتە لای مەلا مستەفا و بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆی پێدە ناسێنێ و لە سەر وەزعی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پتر لە دوو ساڵە لێی دوورە و هیچ ئاگای لێ نیە، ئەم ئاگاداریەی خوارەوە بە خەتی خۆی پێشکێش بە بارزانی دەکات :

« چەند اطلاعیک لە سەر حزبی دیموکراتی کوردستان «ایران»

کاری حزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەت پاش کودتای ساڵی١٩٥٢پەرەی گرت چونکو حزب دەستی پی کرد بەوە کە سەربەخۆ کار بکات و کاری کوردستان هەر خوی بەریتەپیش. ئەو ناوچانەی کە زورتر حزبی دیموکرات نفوزی تید اهەیە ئەمانەن: شاپور «سلماس» ،ورمی «رەضائیە» و دەور و بەری، مهاباد و سەردەشت و شنو و سندوس و تەواوی ناوچەی دەوروبەری ئەو شارانە. سەقز و بانە و دییەکانی دەورو بەری بانە .شاری سنە و دەوروبەری شاری کرماشان کە تازە حزب خەریکە تییدا تی بکوشی.

ئەو ناوچانەی کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی زور تیدا بە هیزە ئەوانەن، ناوچەی جەلالی و شکاکان، تەرگەوەر و مەرگەوەر ناوچەی منگوران و پیرانان و لاجان. دییەکانی دەوروبەری، ناوچەی جوانرویان و هەورامان. بزوتنەوە لە حدودی عراق، لە شنووە هەتا کرماشان زور بە هیزە. حزبی دیموکراتی کوردستان لە زوربەی ئەو دییانە سازمانی «منطمە»ی هەیە و چەند سازمان کومیتەیەکی بەخش تەشکیل دەدەن.... چەند کومیتەی بەخش یەک کومیتەی محلی تەشکیل ئەدەن و لە شارەکانیش کومیتەی شارستان هەیە، لە سەر کومیتەی شارەکان کومیتەی

مەرکەزیە کە خەبات ری نوینی ئەکات. ئەو سی نەفەرە کە ئیستا لە کوردستانی ایران کاری حزبیان بە دەستەوەیە ئەوانە کومیتەی مەرکەزین ١ عبداللە اسحاقی ٢عزیزیوسفی ٣ رحمتاللە شریعتی. ژمارەی ئەندامانی حزب بە چاکی لیم مەعلوم نیە چونکو ئیمە جاری لە بەر نهینی بونی کارەکە امارمان کەمە. لە پاشان ئەوە سالیک زیاترە من لە کوردستان دورم لە حالیکدا لەو یەک سالەدا زور گورانی گەورە لە ژیانی سیاسی کوردستاندا هاتوتە پیش کە بە قازانجی بزوتنەوە و حزب بوە. بەلام هەر ئەوەندە دەتوانم بلیم کە ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستان ایستا دەبی بە هەزار بیان ئەژمیری»(١٣) (رینووس وریزمانی ئەم ئاگاداریە ی قاسملو دەستکاری نەکراوە.)

دوای گەرانەوەی بارزانی نەمر عبدالرحمن قاسملوش دێتەوە بەغدا. لە زانکۆی ئەدەبیات بەشی کوردی کار پەیدا دەکا و دەرس دەڵێتەوە. خێزانیشی دێنێتە بەغداو لە سەر راسپاردەی بارزانی لە لای ماموستا نوری شاوەیسی رەحمەتی لە وەزارەتی ئیسکان دادەمەزرێ.

عبداللەئیسحاقی لە بەغدا خانوێک دەگرێ و لە گەڵ هێندێ لە برادەران لەم خانوەدا دەژین. ئەوانەی لە گەڵ عبداللەئیسحاقی دەژین، بریتین لە:(کەریمی حسامی، قادرشەریف، سمایلی قاسملو، مەلاباقی، قاسمی سوڵتانیان، عەزیزی فەلاحی) جار و بار رحمانی قاسملوش دێت و هاتوو چۆ دەکا. رۆژێک قاسملو پێشنیار دەکا کە کۆبوونەوەیەکمان هەبێ و باسی وەزعی خومان بکەین. لە کۆبونەوەدا قاسملو ئەم بەیاننامەیە دێنێتە بەر باس کە ئەحمەد توفیق بە ناوی حیزب دەری کردوە و دەڵێ:« لە باری زانستی یەوە ئەم بۆچوونە هەڵەیە و بۆرژوازی عەرەب مافی نەتەوەی ژێردەست بە رەسمی نا ناسێ و ئەمە لادانە لە رێبازی زانستی» جگەل لەوە لە هەڵسورانی تەک نەفەری ئەحمەد توفیق رەخنە دەگرێ. عبداللەئیسحاقی لە وەلام دا دەڵێ:« رەحمانی بە حیزبی ناناسم. ئەو ئەندامی حیزبی تودەیە و دە یەوێ حیزبی دیموکرات بەرێتە بەردەستی حیزبی تودە. جگە لەوە گیراوە لە تاران و ساواک ئازادی کردوە و جێگای گومانی

برادەرانە..»

بە دوای ئەوە دا ئیتر رحمانی قاسملو بە یەکجاری دەچێتە ماڵی خسرو توفیق و هاتوو چۆی خانوەکە ناکات. ئەحمەدتوفیق بە هاتوو چۆی کن مەلامستەفا و دوو زمانی لە قاسملو لای بارزانی رێگا بۆ خۆی دەکاتەوە. لەو کاتەشدا لە نێو پارتی دێموکراتی کوردستانی عیراق ناکۆکی پەیدا دەبێ. مەلامستەفا هەمزەعبداللە و ساڵح حەیدەری و خسروتوفیق و نژاد ئەحمەدعەزیزاغا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە حیزب دەر دەکا و ماموستا برایم ئەحمەد و تاقمەکەی لە جێی ئەوان دادەنێ و دەیانکات بە مەکتەبی سیاسی. ئەحمەدتوفیق لەم ناکۆکیەدا بۆدوو زمانی و شەیتانی دەورێکی نا حەز دەبینێ کە هیچ پێوەندێکی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان ومرۆڤێکی پێشکەوتوخوازەوە نابێ. لە سەر هەڵسوڕانی بێ مەسئولیەتی ئەحمەد توفیق نا کۆکی لە نێو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی مەوجود لە عیراق توند دەبێ و دێنە سەر ئەم بریارە کە بچنە لای مەلامستەفاو باسی وەزعی خۆیان بکەن بەڵکو بتوانن ناکۆکی لابەرن.

شەوی ٦/١٠/١٩٥٩ رەحمانی قاسملو، مەلاباقی، عبداللەئیسحاقی، حەمەی حاجی سەعیدی و کەریمی حسامی و عەزیزی فەلاحی دەچنە لای مەلامستەفا. رەحمانی قاسملو بە مەلا مستەفا دەڵێ:« ئێمە خەبەرمان داوە هێندێ برادەرمان لە ئێرانەوە بێن. تا هاتنی ئەوان کەس لێرە نوێنەری حیزب نیە و ئەحمەد توفیقیش دەمێکە بۆ کار لە ئێران دیاری کراوە، بەڵام لە حیزب یاغی بوە و ناگەڕێتەوە.....»

ئەحمەد توفیق دەڵێ : رەحمان ئە ندامی حیزبی تودەیە و ئێستاش شەو ورۆژ لە گەڵ هەمزە عبداللە و نژادلە گەڵ ئەم کاک کەریمە لە کۆ بوونەوە دایە. حەمەی حاجی سەعیدی و عەزیزی فەلاحیش ئەندامی حیزب نین. مەلا مستەفا کەباسی نژاد دەبیسێ تورە دەبێ و دەڵێ: «من ئەحمەد توفیق بە نوێنەری حیزب دەزانم. ئێوەش ئەگەر بەیانێک دەربکەن بە خائینتان دەناسێنم و لە عیراقتان وەدەر دەنێم» (١٤)

پاش ئەم هەڵوێستەی مەلامستەفای رەحمەتی کەریمی حسامی ورەحمانی

www.kerimhisami.com

قاسملو رۆژێک دەچنە کن ماموستا برایم ئەحمەد کە تازە مەلا مستەفا لە جێی ماموستا هەمزە عبداللە ی دانابوو، کرد بووی بە سکرتێری پارتی دێموکراتی کوردستان. دوای بە خێر هێنانێکی سارد، کاک رەحمان دەڵێ:« کاک برایم ئێمە خەبەرمان داوە چەند برادەرێکمان لە ئێرانەوە بێن. هەتا ئەوان دێن کەس هەقی نیە بە ناوی نوێنەری حیزبی دێموکرات لێرە قسە بکات، تکایە ئێوە یارمەتی بە توند بوونی ناکوکی نێو ئێمە مەکەن.»

ماموستا برایم ئەحمەد بە لەونێکی نا دۆستانە لە وەڵامدا دەڵێ:« ئێمە ئەحمەد توفیق بە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان دەناسین. ئێوە شەو و رۆژ لە گەڵ هەمزە و نژاد دژی پارتی کار دەکەن. ئێوە لە گەڵ شیوعیەکانن. بێجگە لە ئەحمەد توفیق ئێمە هیچ کەسی تر بە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان نا ناسین.»

هاتوو چۆی کن نژاد و هەمزەعبداللە، هاوکات لە گەڵ دوو زمانی ئەحمەدتوفیق رەحمانی قاسملو لە پێش چاوی مەلا مستەفا دەخات. دیارە پارتی هەر بەوەندەش واز ناهێنێ، کەریمی حسامی و رەحمانی قاسملو لە عیراق وەدەر دەنێن. بە دوای ئەوەدا کە بارزانی نەمر عبداللە ئیسحاقی دەکا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئیتر ناو براو دەست دەکا بە نامە نووسین و هەڵبەستنی بوختان و درۆ بە ئەندامانی حیزب و لە رێگای دوو زمانی و هێنان و بردنی قسەو قسەلۆک خۆی لە کن بارزانی خۆشەویست دەکا. لە لایەکی دیکەش رەسمی مەلامستەفا وەردەگرێ وبی هێندێ ئەندامی ناسراوی حیزبیان دەنێرێتەوە لەکوردستانی ئێران. دیارە دەورو بەری بارزانیش یەکی ئاوایان گەرەک دەبێ کە لەملاو لا خەبەریان بۆ کۆ کاتەوە.

بۆ ئەوەی مادەی خاو لە دوا رۆژدا بکەوێتە دەست ئەو زانا و مێژوو نووسانە کە بخوازن رۆژێک لە رۆژان مێژووی راستەقینەی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستانی ئێران بنووسن، کاکلی هێندێ لەو نامەو نووسراوانە باسدەکەم کە ئەحمەد توفیق بۆ بارزانی نووسیون و ماوەیەک خۆی پێوە ژیاندوون.

لە یەکەم نامەدا کە بۆ کومیتەی ناوەندی پارتی نووسیوەو روو نووسەکەشی لە

www.kerimhisami.com

گەڵ رەسمێکی بۆ سەرۆک بارزانی ناردوە دەنووسێ:

«... بۆ زانیاری وە بۆ ئەوەی کە ئێوە زیاتر لە سەر ئەو کەسانە و یا ئەو هاورێ یانەی کە وا لە دیوی عیراق خزاون روون ببنەوە بە پێویستم زانی ئەوانەی ژێرەوەتان بۆ بنووسم دیارە تکای هاورێ یانەم هەیە کە ئەم زانیاریانە لە چوار چێوەی کومیتەی مەرکەزی باشترە کە نە چنە دەر. چونکو جوڵانەوەی نا لە باری هێندێ لە وانە پێش ساڵێک لێرە هێندێ کۆسپ و قۆرتی بۆ هاورێ یانی پارتی خولقاند جا بۆیە کە ئەو جوڵانەوانە دوا براو بن بە پێویستم زانی ئەوانەی ژێرەوەتان بۆ بنووسم:

١ – کەریم ئەنوەری(عبدالرحمن قاسملوە) لە هاوینی ساڵی ١٩٥٦هەڵپە سێردراوە.(تەجمیدکراوە)

٢ – صالح توفیق(کەریمی حسامی یە)وەزعی لە مەڕ جێگاو رێگای تەشکیلاتی روون نیە.... لە ژێر رێک و پێکی حیزبی دا نەماوە.

٣ – جەلال ئەحمەد(عەزیزی فەلاحی یە) لە حیزب هەڵپەسێردراوە.

٤ – جەمال توفیق(حەمەی حاجی سەعیدە) ناو براو استعفای لە حیزب داوە

دیارە نامەی ئەحمەد توفیق درێژە و لە کۆتایی نامەکەدا دەنووسێ:« لە ئاخری باسدا لە هاوری یان دەخوازم هەر جورە ملاحەزەیەکیان لە سەر نا لە باری هاوری یانی ناو براو هەیە تکا دەکەم زوتر لە وەلامی ئەم نوسراوەدا بۆمان بنوسن چونکو هەر بەو زوانە وەزعی وانە وەک برادەرەکانیان نژاد و وانە روون دەکرێتەوە و کۆبونەوەی حیزبی ئاخرین بریاری خۆی لە سەریان دەر دەکا و رەسمەن بە ئێوە و هاورێی بە رێز ماموستا مستەفا بارزانی پێشکێش دەکا. تکایە بۆ هەمو جورە پەیوەند و کارێک کە لە گەڵ هاوری یان و یان لایەنگرانی «حزبی دیموکراتی کوردستان» پەیدا دەکەن بو وەی کە باشتر و لە بارتر بتوانن بە داماوە کانیان رابگەن و یان بووەی کە بو دوا رۆژ دەردی سەر و پەژیمانی بۆ ئێوە و ئێمە پەیدا نەکەن پیویستە لە پیشدا لە سەر ئەوانە لە چوار چیویکی حزبی دا باسیان لە سەر بکرێ. بە پێویستم زانی تکاتان لێ بکەم بۆ ئەوەی بتوانم نووسراوێکی پیرۆز

www.kerimhisami.com

بایانه وه دەر بڕی سیاسەتی بنچینەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ساز بکەم چەند ڕۆژ پێش کردنەوەی کۆنگرە خەبەر دارم بکەن تا کو دەگەڵ پەیام و پیرۆز بایی ڕەسمی کومیتەی سەر کردەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆنگرە پێشکێش بکەم.» سەرکەوتنتان دەخوازم. بە حورمەتەوە نوێنەری کومیتەی سەرکردەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.(١٥) ٥٩/٩/١٥ بکر

سەرچاوەکان

١ – کەریمی حسامی، لە بیرەوەری یەکانم، بەرگی یەکەم ،ل، ١٤٨ ــــ ١٥٠
٢ – خاطرات نورالدین کیانوری، تهران ، ١٣٧١ ، ل ٢٩٨
٣ – محمد روزگار، از انزلی تا دوشنبه، ستکهلم. ١٩٩٤، ل،١٦٥ ٢١٥ ، ٢١٦
٤ – عبدالرحمن قاسملو، پاشکۆی تێکۆشەر، دەورەی دووەم، ژمارە ٢٧، ١٣٦٨
٥ – عبدالرحمن قاسملو ، چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی دا، ١٩٨٥ ، ل،٩٩
٦ – عبدالرحمن قاسملو، پاشکۆی تێکۆشەر، ژمارە ٢٧، ل، ٧ ــــ ٨
٧ – خاطرات نورالدین کیانوری ، تهران، ١٣٧١ ، ل، ٣٥١
٨ – قاسملو هەمان سە رچاوە ، ل ، ٩
٩ – مێژدو نارۆدنایا ژیزن، موسکۆ ، ژمارە ٤ ، ١٩٥٦
١٠ – اطلاعات هفتگی، تهران ، ١٩٥٦/٣/٢
١١ – گۆڤاری هیوا ، بەغدا، ژمارە ٦ و٧ کانون دووەم ، ١٩٥٨
١٢ – سەعید کاوە ، ئاوڕێک لە بە سەر هاتی خۆم و..... ١٩٩٦ ، ل،٥٠
١٣ – مسعود البارزانی ، البارزانی والحرکه التحرریه الکردیه، ١٩٩١ ، ل،٢٥٣ – ٢٥٤
١٤ – کەریمی حسامی ، لە بیرەوەری یەکانم، بەرگی دووەم ، ١٩٨٧
١٥ – مسعود البارزانی ، هەمان سەرچاوە، ل ، ٢٥٩ ــــ ٢٦٠

www.kerimhisami.com

بەشی پێنجەم

کوردستانی ئێران ساڵی ١٩٥٩

پێشتر باسی ئەوە کرا کە چەند کادرێکی حیزبی دیموکرات بێ ئەوەی بەرنامە و دروشم و ڕێبازێکی ڕوونی خەباتیان هەبێ لە دێهات دەسوڕێنەوە، ئەوەندەیە لە پێوەندی لە گەڵ خەڵکدا ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەپارێزن و ناهێڵن بلێسەی تێکۆشان و خەبات بە جارێک دابمرکێ و بکوژێتەوە. بەڵام لە پایزی ئەو ساڵە دا، جەلیلی گادانی یەک لەو کادرانەی کە لە دێهات دەسورایەوە و پێوەندی یەکی زۆری لە گەڵ خەڵک و ئەندامانی حیزب لە ناوچەکاندا هەبوو، بە هۆی کابرایەکی ساواکی ناسراو بەناوی بێژەنی میرموکری دەگیرێ و دەکەوێتە بەر دەستی ژاندارم و ساواکی حکوومەتی تاران. بە داخەوە کاک جەلیل لە بەرانبەر ئازار و ئەشکنجەی وەحشیانەی ژاندارمە و ساواکدا تاقەت ناهێنێ. وەزمان دێت و هەرچی دەیزانێ دەیلێ. یەکی دیکەش لە کادرەکانی دێهات لە ناوچەی هەوشار بە ناوی هاشمی جەلالی دەگیرێ و بە گرتنی ئەو دوو کادرەی شارەزای ناوچەکان، زەبرێکی قورس وەرێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات دەکەوێ.

یەکێ ترلەو کادرانە دێهات، خوێندکارێکی زانستگای تاران بە ناوی(ئیسماعیل قاسملو)کە چەند ساڵ بوو زانکۆی بە جێ هێشتبوو، هاتبوە کوردستان و لە دێهات تێدە کۆشا و ناوچەکانی تێکۆشان و زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەندام و

www.kerimbisani.com

لایەنگرانی حیزبی دەناسی.

لە مانگی رەشەمەی ١٩٥٩ کاتێ لە کوردستانی عیراقەوە بۆ کاری حیزبی دەگەڕێتەوە کوردستانی ئێران لە ناوچەی بانە دەگیری ژاندارم دەکەوێ و دەیبەن بۆ تاران .ناو براو لە تاران لە ژێر ئەشکنجەی وەحشیانەی ساواک خۆراناگرێ و هەرچی دەیزانێ و دەیناسێ بە تەواوی دەیخاتە بەردەستی ساواک. ساواک لە گرتنی ئەندامانی حیزب کە سمایلی قاسملو ناوی بردوون، تالوکە ناکات. تەواوی گوند و شوێن و جێگای ئەندامانی حیزبی دەخاتە ژێر چاوە دێری و لە مانگی خەزەڵوەری ١٩٥٩ پەلامارێکی توند و هەموو لایەنە بۆ سەرانسەری کوردستان دەست پێدەکا. ئەوەی دەفریای هەلاتن دەکەوێ، رادەکا بۆ دیوی کوردستانی عیراق و نیزیکەی ٢٥٠ کەسیش لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات دەگیرێن. گیراوەکان یەکسەر بۆ تاران دەبەن و دەخرێنە ژێر ئەشکنجە و ئازاری وەحشیانە و کەسیش ناتوانێ لە بەرانبەر ئەشکنجەی ساواک دا خۆ رابگرێ و هەموویان ئەندامەتی حیزبی دێموکرات دان پیدا دەنێن. «..... سمایلی قاسملو کە لە بەهاریدا دەگیرێ، نیزیک بە هەشت مانگ دوای گرتنی ئەو، ساواک لە ژێرەوە خەریکی لێکۆڵینەوە و ناسینی جێگا و رێگای ئیعتراف لە سەر کراوەکان دەبێ. ساواک بە لە سەر خۆیی لە نوکەوە ئەو ئەندامانەی کە دەبوایە بیانگرێ، شوێن و جێگا و رێگایان شارەزا ببوو. بە روونی دەیزانی لە کوێن و چۆن دەبێ بچن بیانگرن. کاتێک ساواک دەست بە کار بوو لە ٢٤ سەعات دا لە سەرانسەری کوردستان ئەوانەی کە دەبوایە بگیرێن گرتنی و لە زیندانی قایم کردن.»(١)

ئەوەی لێرە و لەم گرتن و راو نانەدا بۆ سەرنجدان و لێ ورد بوونەوە دەبێ، ئەوەیە کە حکومەتی ئێران بێ ئەوەی بخوازێ سەری وە بەردێکی رەق دەکەوێ و بە ناچاری مەجبوور دەبێ لە گەڵ راستیەک روو بە روو بێ کە ماوەی ١٥ساڵ بوو خۆی لێدە پاراست و نەیدەویست ناوی بێنێ. بۆ هەوەڵجار تەواوی ئەم خەڵکەی دەگیرێن، بە ناوی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆ دەناسێنن. بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئازار و ئەشکنجە دەکرێن و بە

www.kerimhisami.com

حەپسی دوور و درێژ و تەنانەت ئیعدامیش مەحکووم دەکرێن. پێشتر گەلێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات دەگیران و ئازار دەدران بە حەپسی پێنجساڵ و چوار ساڵ و سێ ساڵ مەحکووم دەکران، بەڵام بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی تودەدا. بە نووسینی پاکانە و بێزاری لە حیزبی تودە ئازاد دەکران. بە راستی دەزگای حکوومەتی تاران نەیدەویست نەیدەهێشت ناوی حیزبی دێموکرات بێتە سەر کاغەز و نێو ناوان و یادی کۆماری کوردستانی لە گەڵ زیندوو بکرێتەوە.

ئەمجارە نەیانتوانی ناوی حیزبی دێموکرات بشارنەوە. لە لایەک دەیانزانی کە حیزبی تودەی ئێران ئیتر ئەم نفوز و تەشکیلاتی جارانی نە ماوە. لە لایەکی دیکەش گیراوەکان خۆیان بە ناوی ئەندامی حیزبی دێموکرات دەناساند و سمایلی قاسملوش ئەم خەڵک و تەشکیلاتەی بە ناوی حیزبی دێموکرات ناساند بوو.

بێجگە لە وانەی لەم پەلامارەدا دەگیرێن، نیزیکەی ١٨٠کەسێکیش رادەکەن و روو دەکەنە کوردستانی عێراق و لە سولەیمانی کۆ دەبنەوە و لە خانوێکدا بە ناوی کۆموون بە کۆمەڵ ژیانێکی دژوار و ناخۆش دەبەنە سەر. هێندێکیش بەلای حاجی ئۆمەران و دیانە دا رادەکەن و لە هەولێر دەگیرسێنەوە بە کوێرەوەری و برسیەتی ژیان دەبەنە سەر.

ئەحمەد توفیق هەر وەک لە عاسمانەوە گەزۆی بۆ باری بێ، ئەم کارەساتە دڵتەزێنە بە قازانجی خۆی دەقۆزێتەوەو خۆیان لێدەکاتە حیزب و ئەمجارە بە ناوی (کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان) دەپەیڤێ و نامە دەنووسێ. لە کۆموونی سولەیمانی هێندێ لە کادرەکانی خاوەن رابردو و تێکۆشەر لە هەڵبەز دابەزیی و تەک رەوی ئەحمەد توفیق وەدەنگ دێن. بەڵام ناوبراو بارزانی لە پشتەو بوختان وتۆمەتیشی لە جانتا دایە. ناکۆکی لە نێوانیان توند دەبێ. چەند کەسیان دێنە بەغدا و هەولێر و لە ژیانێکی دژوار دا خۆیان دەپارێزن. لە تاران دادگای نیزامی غەنی بلوریان و عەزیزی یوسفی و رەحمەتی شەریعەتی و سمایلی قاسملو و دوکتور عەلی مەولەوی بەئیعدام وئەبەد مەحکوم دەکات. ئەندامانی دیکەی گیراو تێکراپە حەپسی جۆر بە جۆر مەحکووم دەکرێن. رۆژنامەکانی پارتی و حیزبی

www.kerimhisami.com

کۆموونیستی عیراق و چاپەمەنی دیکە دەنگی بێزاری و نارەزایی دژی حوکمی دادگای نیزامی تاران بەرز دەکەنەوە. ئەو لافاوی رەخنە و بێزاری هێزەکانی کوردستانی عیراق مەحکوم کراوەکان لە ئیعدام رزگار دەکا. هەر لەو کاتەشدا ئەحمەدتوفیق لەکوردستانی عیراق کومیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان کە قەت لە کۆنگرە و کۆنفرانسێکدا هەڵنەبژێردراون ساز دەکا و ناوە کانیان بەمجۆرەی خوارەوە پێشکێش بە سەرۆک بارزانی دەکا :

(ناوی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی «حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران»

١ ـــ عەزیزی یوسفی مەحکوم بە ئیعدام چاوەروانی حوکم ئەندامی کومیتەی مەرکەزی

٢ ـــ رەحمەت الله شەریعەتی مەحکوم بە ئیعدام چاوەروانی حوکم ئەندامی کومیتەی مەرکەزی

٣ ـــسید عبدالله ئیسحاقی، کادری مخفی و حرفەای کومیتە ئەندامی کومیتەی مەرکەزی

٤ ـــ غەنی بلوریان مەحکوم بە ئیعدام چاوەروانی حوکم مشاوری کومیتەی مەرکەزی

٥ ـــ هاشم اقل الطلاب کادری مخفی و حرفەای حیزب مشاوری کومیتەی مەرکەزی

٦ ـــ هاشم حسین زادە کادری مخفی و حرفەای حیزب مشاوری کومیتەی مەرکەزی

٧ ـــ دوکتور علی مولەوی محکوم بە حەبسی ئەبەد مشاوری کومیتەی مەرکەزی

٨ ـــ قاسم سلطانیان کادری مخفی و حرفەای حیزب مشاوری کومیتەی مەرکەزی

ژمارەی ئەندامەکان و لایەنگرەکانی حیزب، حەوت هەزار ئەندامە (٧٠٠٠) (٢)

ئەگەر ساڵی ١٩٥٨ عبدالرحمن قاسملو پاش ٣ساڵ دووری لە وڵات و لە ئورووپاوە تەشکیلات و رێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات لە کرماشانەوە تا ئارارت بە هەزاران ئەندامەوە پێشکێش بە بارزانی نەمر دەکات، دوای ساڵێک ئەحمەد توفیق

دیاره کاک ئەحمەد توفیق وەنەبێ هەر لە خۆوە ئەم کومیتە ناوەندی یەی بە۷۰۰۰ ئەندامەوە ساز کرد بێ. ئەو پێویستی بەم ئیبتکار و و ژیرییە هەبوە. حیزب و ڕێکخراوی خاوەن ۷۰۰۰ هەزار ئەندام و دام ودەزگای ئاوا پێویستی بە کەرەسە و ئامرازی ژیان و کار ڕاپەراندن هەیە. بۆئەم کارە ئەحمەد توفیق سیایی و ڕیزی خەرج و پێداویستی حیزبی پێشکێش بە سەرۆک بارزانی دەکات و وەک بە ڕێز کاک مەسعود دەنووسێ، بارزانیش ئەو یارمەتیەی داوە بە ئەحمەد توفیق. ئەمەش ڕیزی داواکاری یەکانی عبداللە ئیسحاقی یە بەخەتی خۆی:

خەرجی مانگانەی کادرەکانی حرفەیی ۵۹/۱/۷

١ – جوانمێر	۷ دینار
۲ – سیامەند بانە و سەردەشت	۷ دینار
۳ – مامەند مەنگوڕ و گەورک و محالی دێبۆکری	۷ دینار
٤ – پیرۆت مەنگوڕ	۷ دینار
٥ – گوڵاوی میاندوا و ساینقەڵا	۷ دینار
٦ – شەریف	۷ دینار
۷ – ئاسوس قاسید (پیک)	۷ دینار
۸ – گمۆ	۷ دینار
۹ – سەعدون بە ماڵ و منداڵەوە نەقوستانە لە مەهاباد	١٤دینار
١٠ – کرمانج بە ماڵ و منداڵەوە کرمانشا	١٠دینار

دوای گیرانی ۲٥۰ ئەندامی حیزب و ئاوارە بوونی نیزیک بە۲۰۰ ئەندام و لایەنگرانی حیزب ، کومیتەیەکی ناوەندی حیزبی دێموکرات لە ۳ ئەندام وچەند مشاور ساز دەکا و غەنی بلوریان کە وادەزانرا ئەندامی کومیتەی سەر کردایەتی بوە، دەیکاتە مشاور و حەوت هەزار ئەندامی بە ئەژماریشیان بە دوادا ڕێز دەکات و بە خەتی شەریفی خۆی دەیدا بە بارزابی نەمر. پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە کە ئەو دەم حیزبی دێموکرات هیچ کۆنگرە و کۆنفرانسیکی نەبەستوە و کومیتەی ناوەندیشی نەبوە. چەند کەس بە ناوی کومیتەی کوردستان کاریان کردوە و ئەحمەد توفیق لە پڕ لە عیراق کومیتەی ناوەندی داتاشیوە. پێداچوونەوە

www.kerimhisami.com

١١ – ئاراس   بە ماڵ و منداڵەوە دەرەوەی بانە   ١٠ دینار

١٢ – پولو بە ماڵ و منداڵەوە مەهاباد   ١٠دینار

١٣ – ژین بە ماڵ و منداڵەوە خانێ ـــ پیران   ١٠ دینار

١٤ – نیشتمان بە ماڵ و منداڵەوە نەغەدە   ١٠ دینار

١٥ – شیروان   بە ماڵ و منداڵەوە مەهاباد   ١٠دینار(بۆئاگاداری

خوێنەران لە راستی ودروستی کاک ئەحمەد توفیق(شیروان)ناوی حیزبی نووسەرە و ئەو دەم بە ماڵ و منداڵەوە پارتی لە عیراقی دەری کردوە و لە چێکوسلۆڤاکیا خۆی گرتوتەوە.)

١٦ – کاوە بە ماڵ و منداڵەوە نەغەدە و شنۆ   ١٠ دینار

١٧ – ناسر رضائیە بە ماڵ و منداڵەوە   ١٠ دینار

١٨– ساینقەڵا بە ماڵ منداڵەوە   میاندواو   ١٠ دینار

١٩ – بڵێسە بە ماڵ و منداڵەوە سنە   ١٠ دینار

٢٠ – کورد پور بە ماڵ و منداڵەوە سنە   ١٠ دینار

٢١ – باخەوانی بە ماڵ و منداڵەوە تاران   ١٤ دینار

٢٢ – پیرۆز بە ماڵ و منداڵەوە تاران   ١٤ دینار

٢٣ – هومید بە ماڵ و منداڵەوە تاران   ١٠ دینار

٢٤ – جمشید بە ماڵ و منداڵەوە کرمانشا   ١٠دینار

٢٥ – هیوا بە ماڵ و منداڵەوە سنە   ١٠ دینار

٢٦ – ئارارات بە ماڵ و منداڵەوە شاپور (سلماس) ١٠ دینار

٢٧ – زرینگ بە ماڵ و منداڵەوە بانە   ١٠ دینار

٢٨ – بێ باک بە ماڵ و منداڵەوە بانە   ١٠ دینار

---

٢٦٥   ٢٦٥ دینار

بۆ پاراستنی جێگا و رێگاکانی حیزبی و هاتوو چوونی کادرەکانی نهێنی

١) دە تفەنگی برنۆی درێژ (پیادە) لە قەراری هەر تفەنگەی ٩٠دینار   ٩٠٠ دینار

www.kerimhisami.com

٢) پازده دەمانچەی چوک و گەورە ــــ هەر یەکەی بە تەفاوەتی قیمەت لە٣٢ دینار تا ٣٦ دینار   ٤٧٣ دینار

لانی کەمی :

١) شەش تفەنگی برنو   ٥٤٠ دینار

٢) دە دەمانچە   ٥٣٠ دینار

یاریدەی فوق العادە

٣) خەرجی ماڵەکانی حیزبی لە شارەکان

١ – ماڵ لە تاران	٣١ دینار
٢ – ماڵ لە مەهاباد	١٣ دینار
٣ – ماڵ لە نەغەدە	١٣ دینار
٤ – ماڵ لە ورمێ	١٣ دینار
٥ – ماڵ لە بەغدا	٣٠ دینار
٦ – ماڵ لە سولەیمانی	٢٢ دینار
	١١٣ دینار

٤ – وەسایلی حەمل ونەقل وهاتو چۆ

١ – چوار ئێستر	١٨٠ دینار
٢ – دە ئەسپ بەزینەوە	٢٦٠ دینار
٣ – ترومبیلی جیب دوو دانە	٩٠٠ دینار
٤ ــ ترومبیلی لۆری دوو دانە	١٧٠٠ دینار
	٢١٤٠ دینار

٥ – ئیجارەی ساڵیانەی لادێ یەکان بۆ مۆڵگەی حیزبی لە ناو لادێ یەکاندا

١ – دێی «سالوک » بانە   ١٨٠ دینار

www.kerimhisami.com

٢ - دێی « ڕەفتە » مەهاباد مەنگوڕ ٩٠ دینار

٣ - دێی « کانی زەرد» خانێ لاجان ٢٣٥ دینار

٤ - دێی « دۆڵەنی » خانێ پیران ٢٧٠ دینار

---

٧٦٥ دینار

دوای ئەم ریزە داواکاریانە لە سەرۆک بارزانی، ئەحمەدتوفیق ریزە داخوزی یەکی دیکەشی بە زمانی فارسی نووسیوە و داویە بە سەرۆک بارزانی. ئەمەش دەقی داخوازیەکانە: ٥٩/١/٧

١) ٩ نفر کادر مجرد ازقرار هرنفر ٧ دینار

٢)٣ نفر کادر مجرد از قرار هرنفر ١٠ دینار بسبب زندگی درتهران وکرمانشاه

٣) ٣ نفر کادر باعائله ازقرار هرنفر ١٤ دینار

٤) ١٢نفر کادر با عائله کم و متوسط از قرار هر نفر ١٠ دینار

٢٨ نفر ١٦٥ دینار

(الف) احتیاجات فوری ما از نقطه نظر مالی

١)ماهیانه حقوق ٢٨ نفر کادر حرفەای (مستمر) ٢٦٥ دینار

٢) اسلحه گرم ١٢٧٢ دینار

٣) ماهیانه نگهداری خانەهای حزبی در شهرها ١١٣٠دینار

٤) ماهیانه کمگ فوق العاده در سال ٩٥ مستمر ١٠٠ دینار

٥) وسایل حمل و نقل و امد وشد ٢١٤٠ دینار

٦) اجاره برای پایگاه حزبی دردهات ٧٦٥ دینار

٤٧٥٦ دینار

(ب) مستمر ماهیانه

١) حقوق ٢٨ نفر کادر حرفەای ١٦٥ دینار

www.kerimhisami.com

٢) خانەهای حزبی در شهر کمگ مستمری ١٠٠ دینار

کمگ فوق لعادە برای سال ١٩٥٩

١) اسلحە ١٠ قبضە تفنگ برنو پیادە و ١٥ طپانچە ١٣٧٣ دینار

٢)وسیلە حمل ونقل ٢چیب...بادوکامیون باری ٢١٤٠ دینار

٣) اجاری پایگاهەای حزبی دردهات ٧٦٥ دینار

٤٢٧٨

نووسراوەی داخوازی یەکانی کاک ئەحمەد توفیق لێرەدا تەواو دەبن ، (٣)

لە بەر ئەوەی عبداللە ئیسحاقی (ئەحمەد توفیق)لە ساڵەکانی ١٩٥٨وە کە بارزانی نەمر پشتی دەگرێ و دەیکابە حیزب و ئەویش بە پشتیوانی بارزانی تا ساڵی ٦٩ بە ناوی کومیتەی ناوەندی و سکرتێری کومیتەی ناوەندی و نوێنەری کومیتەی ناوەندی لە کوردستانی عیراق فاعل موختار بوە و کۆنگرەی حیزبی گرتوە و ئەندامی حیزبی دەر کردوە و کوشتویەتی و لە هەموو کارەکانیشی جێگای بڕوای شەخسی بارزانی نەمر بوە و بە داخەوە نە حیزبی دێموکرات و نە هاوکار و هاو بیرەکانی ئەو دەمی هیچیان لە سەر نە نووسیوە و باسیان نە کردوە ، بۆیە بە پێویست زانرا کە لە رێگای هێندێ نووسراوەکانی خودی کاک ئەحمەدەوە ناوی بێتەوە ناو نێوان و ئەندامانی حیزب و خوێنەرانی بە رێز تا رادەیەک لە کە سایەتی و چالاکی و هەڵوێست و شێوەی رێبەرایەتی ناو براو لەو ماوەیەدا ئاگادار بن.

نامەی ئەحمەد توفیق بۆ سەرۆک بارزانی ١٩٦١/٥/٣١

ماموستای خۆشەویست وبەرێز کاکە « شەریف »: زیاتر لە پێنج مانگە کە لە دیدارتان بێبەشم. جا بۆیە بە هەلی دەزانم باشتر سلاوی کوردانەتان پێشکەش کەم. وە لە بارەگای خوای تەعالا ساخی و سەر بەرزی خودان و ئێوە داو خوازی کەم. نەک من بەڵکو ئەوانەی ئاواتە خوازی ساخی و سەر بەرزیتانن هەموو کوردی خاوەن شەرەف و هەستن. چونکو بڕیارە لە بەغدارا بگەڕێمەوە دەگەڵ هاورێکانم

بێینە خزمەت جاب ۆیە زۆری درێژە پێ نادەم. بە کورتی کابرای ئاشنامان بە هۆی کاکە عبیداللە و کاک سەید عزیز بە پەلە ویستبوومی. هاتم دیتم. زۆری وت لە دیداردا بۆتان دەگێرمەوە. پاشی ساڵێ سلاماڵێ. بە دوای چەند ساڵدا وا ٣٥٠ دیناری قەرزی ئێوەی دا بەمن. وا بە هۆی هەڵگری ئە نووسراوە پێشکەشە. دیارە ئەوەی دابوو بۆوەی کە من و باب و براکانم کاسبی و معامەلەی پێ وە بکەین. بەلاٚم من وام بە باش زانی کە دەگەڵ براکانم دێینە خزمەتت، ئێوە هەر بە ناوی خۆتان ئە ودراوە بە قەرز بە ئێمە بدەن. من وام پێ پەسند و باش بوو. دوایەش هۆیەکەتان عەرز دەکەم.

ئەوەندەش ئاگادار بن کە من و هاورێکانم بۆ هێندێ ئیختلافی فکری لە سەر رێ رەوی حیزب دێینە خزمەتتان. دیارە بۆ زۆر کاری تریش. زۆر پەسند بوو بە حورمەت زۆر رێز لە برادەران بگرن چونکو زۆر لاون و حورمەت ئەویش ئی ئێوە لە سەر روحیەیان زۆر تەئسیر دەکا. بۆ وەی کە بە کورتیش لە جەرەیان خەبەردار بن «قادر حسن» کەوتۆتە سەر بار و باوێکی خوار و نیزیکی لە شیوعیەکان دەکا و بە نووسراوە شتی بۆ نووسیون. زۆر پەلە قاژەی کرد تا هاورێ کەمالیشی لە لەگە برد. ئێستا ناوبراویش زۆر بە چەپو چەوتی بیر دەکاتەوە. بەلاٚم سەرەرای ئەوەش زۆر لە بار بوو لە هاورێ کەماڵ رێز بگرن چونکو ئەو زۆر رابردوو خاوێن و پاک و خاوەن شەرەفە. ئەوەش بزانن کە « قادر حسن» * مان ئێستا وەلاناوە و

بۆ زانین «قادر حسن » هاشمی حسین زادەیە کە ئەحمەد توفیق لە نامەی سازکردنی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا ناوبراوی بە «کادری مخفی و حرفەای حیزب و بە مشاوری کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ناساندوە» بەلاٚم لە نامەی سەرۆک بارزانیدا دەنووسێ : کەوتۆتە سەر بارو باوێکی خوار و نیزیکی لە شیوعیەکان » ئەم دابە دزێوە لە حیزبی دیموکرات دا ، تا ئێستاش درێژەی هەیە، نیزیکی لە کومونیست و بیرو باوەری مارکسیستی، چەکی تاوان و بوختانە بە دەست کۆنەپەرستەوە.. «...کاک قاسمی سولتانیان و کاک هاشمی حوسێن زادە وەک کومیتەی کاتی لە گەڵ کاک ئەحمەد بوون. بەلاٚم بیرو بۆ چوونیان لە گەڵ بەشێک لە کادرەکان بوو. هێشتا بەلایەکدا ساغ نە ببوونەوە. رۆژی وابوو دەبوونە گۆپاڵی ئەحمەد توفیق. رۆژی واش بوو دەهاتن لە لای کادرەکان دەمانەوە و نە دەچوونە لای ئەحمەد توفیق. کاتێکیش بە دوایدا دەناردن خۆیان نەدەگرت، نەیان دەوێرا بێ قسەیی ئەحمەد توفیق بکەن ...» (٥)

www.kerimbisarni.com

له كاراندا تداخلی نادەین و ئەگەر بێین بۆ خزمەتتان ناوبراو مان له گەڵ نابێ. هیوام وایە ئەو دراوە بە جێگای ئەو دراوەی كە قەولتان دابوو بمان دەیەی دای نەنێی. وا بزانم پەسندە كە هاتین بۆ لاتان باس لە سەر ئەم نووسراوە نەیەتە گۆڕێ باشترە. بە تایبەتی لە سەر دراوەكە چونكو من له لای برادەران دەڵێم كابرای ئاشنامان گوتوویەتی ئێوە دەبێ ماموستا شەریف ببینن. ئیتر دەستی بەرێزی مەزن خودان ماچ ئەكەم و ساخی و سەر بەرزی لە خوا داخوازم. بە حورمەتەوە. احمد كوێستانی ٩٦١/٥/٣١» (٤)

وەك لە كردەوە و لە نووسراوە و چالاكیەكانی ئەحمەد توفیق دەر دەكەوێ، تەواوی ئەو ئەندامانەی حیزبی دێموكرات كە كەوتوونە بەر قین و غەزەب و لە سەر نووسین و دەركردن و تەنانەت كوشتنیش وەك(ئەسعەدی خودایاری ئەندامی تێكۆشەری حیزبی دێموكرات) بەلای ئەحمەد تۆفیقەوە، تاوانیان« بیركردنەوەی چەپ و نیزیكی لە شیوعیەكان و هاتو چۆی نژاد و هەمزە عبدالله و درنگتر نیزیكی لە مەكتەبی سیاسی پارتی و...» بوە. بەڵام لە گەڵ ئەوەش بە ناردنی نامەی پیرۆز بایی بە بۆنەی جێژنی ئوكتوبر بۆ یەكێتی سۆڤێتی پێشوو هەولی داوە كە وەری بگرن بەڵكوو بچێتە سۆفێت و كەولی پێشكەوتنخوازی بەخۆ دابدا. ئەمەش نامەكانیەتی بۆ ڕێبەرانی سۆڤێت.

« هاوری یانی خۆشەویست كومیتەی ناوەندی حیزبی كۆموونیستی یێكێتی سۆڤێتی

پاش پێشكەش كردنی سلاوی هاورێ یانە. باشترین پیرۆزبایی كومیتەی ناوەندی حیزبی دێموكراتی كوردستان بە بۆنەی جێژنی مەزنی شۆرشی ئوكتوبر، سەر فەسلی تازە و نوێی ژیانی زەحمەتكێشانی جیهان، سەركەوتنی توانا و گەورەیی شوراكان بە سەر دەزگای گەندەلی قەیسەر و بورژوازیدا، بە ئێوە و لە ڕێگای ئێوەوە بە هەموو نەتەوەكانی یەكێتی كۆمارەكانی سۆڤێتی سۆسیالیزم پێشكەش دەكەم. نەتەوەی كورد كە نەتەوەیەكی زۆر لێكراو و بێ بەشە زۆر باش گەورەیی و گرنگی شۆرشی مەزنی ئوكتوبر و ئازادی و رزگاری نەتەوەكانی

www.kerimhisami.com

قارەمانی سۆڤیێتی هەست پێدەکات. بەم بۆنەوە بە پێویستی دەزانم کە شادی و خۆشی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و بە تایبەت ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی هاتنی جێژنی مەزنی شۆرشی ئۆکتۆبر دەر بخەم و پێشکەشتانی بکەم. شادین بە وەی کە رێبەری خەباتی نەتەوەی کورد هاورێ مستەفا بارزانی بە ناوی نەتەوەی کورد لە جێژنی مەزنی نەتەوەکانی سۆڤیێتی دا بەشداری دەکات.

پیرۆز بێ جێژنی شۆرشی مەزنی ئۆکتۆبر.... سەرکەوێ یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیێتی سۆسیالیستی قەلای قایم و لە رووخان نە هاتوو..... سلاوی نەتەوەی کورد بۆ نەتەوەکانی سۆڤیێت دۆستی بە ئەمەگی هەموو نەتەوەکان.

بژی ئاشتی بەر دەوام . دیسان پیرۆز بایی وریز.» لە لایەن کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان .عبدالله اسحاقی «زاگروس» ١٠/١١/١٩٦٠ (٦)

نامەی عبدالله اسحاقی « ئەحمەد توفیق »

« هاوری یانی خۆشەویست . کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆموونیستی یەکێتی سۆفیێتی.

بەم بۆنەوە سلاوی هاوری یانەی خۆمان پێشکەش دەکەین.

بە دوای نامەی پێشووی خۆماندا کە لە رێگای هاڤالانی ئێوە لێرە( ) لە بارەی سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی ئێمە بۆ یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیێتی سۆسیالیستی پێشکەش کرا، روونکردنەوەی چەند خالێک بە پێویست دەزانین

. الف – ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی پاش راویژ بەم جۆرەیە:

١ – قاسم سلطانیان لە عیراق بە (کەمال ئەحمەد) ناسراوە

٢ – سلیمان معینی

٣ – عبدالله اسحاقی لە عیراق بە (ئەحمەد توفیق) ناسراوە

تکامان ئەوەیە لە حالەتی جێبەجێ بووندا، ڤیزا بەو ناوانەی سەرەوە بن.

www.kerimhisami.com

ب – زۆر باشتر و بە دەرفەتی دەزانین پێکهاتنی سەفەری دەستەی حیزبی بکەوێتە ئەو دەمە کە مستەفا بارزانی رێبەر لە یەکێتی سۆڤێتی بێ.

ج – سەبارەت بەن ەداری لە رادە بەدەری حیزب پێویستیمان بە لانی کەمی یارمەتی مالی بۆ ئەم سەفەرە هەیە.

لە گەڵ سلاو و ریز. لە لایەن کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان. عبدالله اسحاقی« زاگروس»١/١١/١٩٦٠»(٧)

www.kerimhisami.com

خەباتی چەکدارانەی کوردستانی عیراق
وتەئسیری لەسەر رۆژهەلاتی کوردستان

سروشتی جوغرافیایی کوردستان، هەستی نەتەوایەتی و هاوپێوەندی نەتەوەیی و زمان و کولتور و ئابوری و ژیان و نەریتی بەشە لێکدابڕاوەکانی نیشتمانی کورد، سەرەڕای داتاشینی سنووری دەستکردی ئیستعماری و داگیرکەرانە، کارێکی وایان کردوە کە رووداو و کارەساتی هەر یەک لە بەشەکانی کوردستان، کار دەکاتە سەر بەشەکانی دیکەش و زۆر یا کەم شەقلی خۆی لە سەر کۆمەلی کوردەواری دا دەنێ.

خەباتی چەکدارانەی خوارووی کوردستان ١٩٦١ و شوێنەوارەکانی لە سەر بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستانی ئێران لە دوو لاوە، یان لە دوو بارەوە پێویستیان بە شیکردنەوە و لێکدانەوە هەیە. لایەنێکی سەبارەت بەم فاکتەرانەی باسکراو، بریتی یە لە وریا کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان . دلسۆزی و نیشتمانپەروەری و هاودەردی، ویستی کۆمەلانی خەلکی ئەم بەشەی کوردستانی بۆ یارمەتی دان بە راپەرینی خوارووی کوردستان هارۆژاند و هەر لە سەرەتای دەستپێکی راپەرینی ١٩٦١وە تا ئیمرۆ کوردەکانی کوردستانی ئێران لە کات و دەم و قۆناخی ئاستەنگ و دژوار دا ئامێزیان بۆ پێشوازی و حاوانەوە و یارمەتی ئاوارە و لێقەوماو و چەکدار و تێکۆشەرانی خوارووی کوردستان والا کردوە و دەستیان لە هیچ یارمەتی و هاو دەردی یەک نەگێراوەتەوە.

لایەنەکەی دیکە بە داخەوە راست پێچەوانەی ئەوە لە سیاسەت و کردەوەی

ڕێبەرانی بزووتنەوەی کوردستانی خواروو دا ڕەنگی داوەتەوە. لە دەستپێکی خەباتی چەکدارانەی ١٩٦١وە، تا ئیمڕۆ کە ئەم دێڕانە دەنووسمەوە، سیاسەت و کردەوە و ئاکار و هەڵوێستی هێندێ لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی چەکداری خوارووی کوردستان، بە بێ لە بەر چاو گرتنی داب و نەریتی هاو نەتەوەیی و هاونیشتمانی و هاوخەباتی لە گەڵ کوردەکانی کوردستانی ئێران بریتی بوە لە دەست تێکەڵکردن لە گەڵ حکوومەتگەلی دیکتاتۆر و کۆنەپەرست و کورد کوژی ئێران. ئەنجامەکەی بۆتە گرتن و ڕاونان و کوشتن و تەحویلدانەوەی ئازادیخوازانی کوردی کوردستانی ئێران و ساز کردنی تاقم و دەستەی جۆر بە جۆر بۆ لاوازکردنی خەباتی نیشتمانی کوردستانی ئێران و بە تایبەت دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ڕێگا دان بە جاسوس و بەکرێگیراو و پیاو کوژانی حکوومەتی تاران بۆ ڕەشە کوژی و کوشتنی ئازادیخوازانی کوردی کوردستانی ئێران لە بەر چاو و لە ژێر دەسەلاتی نا نیشتمانی هێندێ لە ڕێبەرانی کوردستانی خواروودا. لە بەر ئەوەی نووسینەکەی من ڕووداوەکانی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان دەخاتە ژێر نووکی خامە و لە بەرنامەی دا نیە جارێ بێتە سەر باسی ڕووداوەکانی خوارووی کوردستان، ناچار بە وەندە ڕوونکردنەوە تا لە لەم باسە لادەدەم. چونکە لە خوارووی کوردستان لە سەردەمی بە ڕواڵەت دەسەلاتی حکوومەت و پارلەماندا لەگەڵ کوردەئازادیخوازەکانی کوردستانی ئێران وتەنانەت لەگەڵزەحمەتکێشانی کوردلەکوردستانی خواروشدا کراوە ئەوەند داخدار و بە ئێش و ئازارە و ئەوەندەش زۆرە، قەت لە نووسراوەیەکی ئاوادا جێی نابێتەوە.

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە هەرچی دژی بەرژەوەندی بزووتنەوەی کوردستانی ئێران کراوە، هەمووی لە ژێر دروشمی (کوردایەتی نارەسەن وبەرژەوەندی ڕۆژئاوای (دێموکراسی وحکوومەت وپارلەماند) ئەنجامیان داوە وبەدڵی دوژمنی نەتەوەیی کورد هەڵس وکەوتیان کردوە. تۆبڵێی ڕۆژێک بێ ئەو حیزبانە خۆیان و یا نووسەرێکی بوێری سەر بەوان بەدان پێدانانی هەڵە و خەراپە و تاوان دژێ بزووتنەوەی کوردستانی ئێران گرانایی ئەم بارە قورسە تۆزی لە سەرشانیان

سوک بکەن و ئەم پەڵە رەشە لە داوێنیان بسڕنەوە و یا لانی کەم رۆناکبیرانی ئەم بەشەی نیشتمانی لەتو پەت کراو بە سەر ئەم سیاسەت و کردەوە چەپەڵانەدا بچنەوە و مەحکومی بکەن ؟

لە ساڵەکانی ١٩٦٣–١٩٦٤ جگە لە ئاوارەکانی ئەندامی حیزبی دێموکرات کە ساڵی ١٩٥٩ لە چنگی ساواک دەرباز دەبن و خۆ دەگەیێننە خوارووی کوردستان، هێندێکی تر لە خوێندکارانی کوردی زانستگای تاران و رووناکبیرانی ئازادیخواز کە دەکەونە بەر هێرش و راونانی ساواک، رادەکەن و خۆ دەگەیێننە بە رواڵەت کوردستانی ئازاد. ئەوانە بە بیرو باوەڕێکی ئازادیخوازانە و بە هیوای بە هێز کردنی رێکخراو و رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان روو دەکەنە مەڵبەندی بزووتنەوەی کوردستانی خواروو بەو هیوایە بتوانن لەم بەشەی نیشتمان و لە ژێر داڵدە و سێبەری بزووتنەوەی نیشتمانی کورد و ئاڵا هەڵگری درۆشمی کوردایەتی دا وەحەسێن و بە گوێرەی توانا خەباتی خۆیان درێژە پێبدەن و هەر لەو کاتەشدا، ئەوەی لە توانایاندابێ، یارمەتی بە برایانی راپەڕیوی کوردستانی خواروو بکەن.

بەڵام بەداخەوە ئەوەی (بە بۆنیەوە چوو بوون وانەبوو کەبیریان لێکردبۆ وە .)

ئەو رووناکبیر و ئازادیخوازانە لە کوردستانی گەرمێن جگە لە بارو دۆخی نا لە باری نێو بزووتنەوەی چەکداری کوردستان، لە گەڵ ناتەبایی و بێ سەرە و بەری رێکخراوەیی و تەکرەوی عبداللائیسحاقی روو بەروو دەبن. وەک پێشتر باسکرا، نا و براو نەک هەر گوێ بۆ راو راوێژ و بۆ چوونی کادر و ئەندامانی پێشکەوتوو خواز شل ناکا، بەڵکوو بە پشت ئەستووری سەرۆک بارزانی رێگای گرتن و چەک کردن و کوشتنی هاورێیانی و ئەندامانی حیزب دەگرێتە بەر. «... .... کە من دەڵێم ئەحمەد توفیق دەستی دەرۆیی و کەس توانای بەربەرەکانی نە بوو، وابیرمەکەنەوە ناو براو شیر و تیری پێ بوە ، بۆیە لێی ترساون. ترسان لە ناو براو دەست رۆیشتن بوە. پێشتر باسم کرد کە ئەحمەدتوفیق بە هۆی پێوەندی لە گەڵ دەزگای عیراق و پشتیوانی مەلا مستەفا هەر کەس دژایەتی کرد با یان دەگیرا، یان لە عیراق دەر دەکرا، ترسی تەسلیم کردنەوە بە ئێرانیش لەولا راوەستێ.» (٨)

کۆنگرەی دووەمی حیزبی دێموکرات و تەشەنەی ناکۆکی نێو حیزبی

هەوڵ و تەقەلای ئەندامانی دڵسۆز بۆیەکێتی وتێگەیشتن وپێکهێنانی ڕێبەرایەتیەکی ڕێکو پێک و شەرعی تەنانەت لە ڕێگای پەنا بردنە بەر سەرۆک بارزانیشەوە فایدە نابەخشێ. ناچار چەند کەس لە کادرەکانی حیزب بە ناوی (کومیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان)ل بەیاننامەیەکدا لادان و سەرە رۆیی ئەحمەد توفیق روون دەکەنەوە. دوای ئەوە ئەحمەد توفیق بە پشتیوانی بارزانی دەست دەکا بە چەک کردن و راونان و بەگرتن دانیان. دامەزرێنەرانی کومیتەی ساخکەرەوە سەر لە نوێ تووشی هەڵات هەڵات و دەربەدەری دەبنەوە. ئەگەر لە پێشدا ئاوارەی دەستی ساواکی حکوومەتی تاران بوون، ئەمجارە لە بەردەستی ئەحمەد توفیق و چەکداری بزووتنەوەی کوردستانی خوارو دەبوایە راکەن و خۆ بشارنەوە. بڵاو کردنەوەی کومیتەی ساخکەرەوە و فشاری خوێندکار و روناکبیرانی تازە هەڵاتوو ئەحمەد توفیق وا لێدەکا کە چەند کەسێک کۆ بکاتەوە و سەرو سامانێک بە وەزعی پەرێشانی حیزب بدات. چونکە بە راستی بە پێچەوانەی فیشاڵ و حکایەتی هێندێ کەس حیزبی دێموکرات بێ کومیتەی ناوەندی و بێ پێرە و و پرۆگرام و بێ تەشکیلات هیچی بە سەر هیچەوە نامێنێ. «....حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر بە نێو ما بوو. نە تەشکیلات و نە کومیتەی ناوەندی و نەجولانەوە و نە نووسین... وەک حیزبێکی هەڵسوڕ هیچ ئاسارێکی دیار نەبوو. دەبوایە هەموو شتێک لە نووکەوە دەست پێبکرێتەوە.»(۹)

بۆ قەرەبو کردنەوەی ئەم قەیران و شپرزەییە ئەحمەد توفیق بە ئیجازەی

سەرۆک بارزانی دەکەوێتە سەر بیری کۆنگرە ساز کردن. هێندێ لە کادر و ئەندامانی حیزب و تەنانەت چەند کەس لە ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوەش دەخوازن بچن و لە کۆنگرەدا بەشداری بکەن. بەڵام چەکداری ئەحمەدتوفیق پێشیان پێدەگرن و ڕێگا نادەن بچنە شوێنی کۆنگرە.

ڕۆژی دەستپێکی کۆنگرە دیار نیە. بەڵام بە گوێرەی دەقی بەیاننامەی کۆنگرە وا دەردەکەوێ لە مانگی سەرماوەزی ١٣٤٣ی هەتاوی، نوڤەمبری ١٩٦٤ زایینی کۆنگرە گیراوە. لە بارەی پێکهاتنی کۆنگرە و بڕیار و سیاسەت و ڕێبازی، هێندێ حکایەت و وردە نووسراوە لێر و لەوێ بڵاو بوونەوە کە ناکرێ وەک بەڵگەو دۆکومێنتی بڕوا پێکراو پشتیان پێ ببەسترێ. بۆ ڕوون بوونەوەی هەڵوێست و سیاسەت و بۆ چوون و ڕادەی تێگەیشتوویی بەڕێوە بەرانی کۆنگرە و نووسەرانی بەیاننامەی کۆنگرە و هەر وەها بۆ ئاگاداری بەەری تازە پێگەیشتووی کورد باشترە دەقی بەیاننامەی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاو بکەینەوە. با ئەوەش بڵێم کە ڕێنووسی بەیاننامەکە دەستکاری کراوە و هاتۆتە سەر شێوەی ڕێنووسی ئێستای کوردی. ئەویتر لە باری ڕێزمان وزاراو و دارشتنی دەستی لێ نەدراوە و هەروەک خۆیەتی. ئەمەش دەقی بەیاننامەی کونگرەی عبدالله ئیسحاقی یە:

«بەیاننامەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دووهەمین کۆنگرەی ح.د.ک لە مانگی سەرماوەزی ١٣٤٣لە ژێر سێبەری ئاڵای شۆرشگێڕانە و دروشمی یەکێتی، خەبات، سەربەخۆیی و دێموکراتی لە نێوان لوتکەکانی چیای زاگروس دەستی پێکرد. لە سەرەتا نوێنەرانی کۆنگرە پاش خوێندنەوەی سرودی(ئەی رەقیب)بۆ بیرەوەری ڕۆژانی دیلی و کۆیلەتی هەڤاڵانی کە لە کۆت و زنجیری ئیستیعمار و نۆکەرەکانی شا و حکوومەتی تاراندا یەخسیرن. لە گەڵ بردنی نێوی یەک یەکیان ڕەشاش و تفەنگی پێشمەرگەکان دڵ و

دەروونی سووتاوی دۆڵ و چیاکانی دەزرینگاندەوە و رابردووی خوێناوی و بەربەرەکانی پڕ لە شانازی ح.د.ک.ی وە بیر دەخستەوە.

نوێنەرانی کۆنگرە هەر کامیان لە جێگایەک لە ژێر مەترسی گوللە و سەر نێزەی دوژمن بە هەزار زەحمەت و کوێرەوەری خۆیان دەر باز کرد بوو، وە بە نێو یەکتریان نە دەناسی، لەهجە و بەرگ و پیشەیان یەک نەبوو بەڵام هەموو تێکڕازمان و ئاوات و دڵ و دەرونیان یەک بوو.

ئەو کۆنگرەیە لە مێژووی خەباتی کوردستان بۆ هەوەڵین جار بە شێوەیەکی تایبەتی و بە نهێنی و بە گورج و گۆڵی و ژیری و سەر بەرزی دوور لە چاوی پیس و گڵاوی حکوومەتە بە کرێگیراوەکانی رۆژ هەڵاتی ناوە راست پێکهات. بە داخەوە پێویستە بڵێین هێندیک لە هەڤاڵان دە بەندیخانەدا بوون و بەشێک لە نوێنەران لە بەر فشار و کۆسپەی دوژمنان نەیانتوانی لە کۆنگرەدا بەشدار بن. سەرەتای وتو وێژی دەستوری کۆنگرە بە (تەلاوەتی ئایەتی انافتحنالک)لە لایەن ماموستاییکی ئایینی خەباتکەر و کۆڵنەدەر دەستی پێکرد. لە پاشان یەکێک لە هەڤاڵانی بەرێوەبەر مێژووی ١٩ساڵەی خەباتی خوێناوی و پڕ لە ئازاری ئەندامانی ح.د.ک بە راپۆرتێکی هەمو لایەن و بەرین پێشکەش بە نوێنەرانی کۆنگرە کرد.

رابردووی ح.د.ک. لەکاتی جەمهوری کوردستان

لەو رۆژەوە کە ئاڵای خەباتی حیزبی دێموکرات پێچراوە دوژمنی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی ئێران یانی دارو دەستەی شا و ئیستیعمار توانای ئەوەیان نەبوو کە سینگی دیکتاتۆری و زۆرداری لە سەر سنگ و ملی ئێمە داکوتنەوە. بەڵکوو ناکۆکی و نا رێکوپێکی ناو خۆی حیزب لە ساڵی هەوەڵی دامەزرانی و کەم فامی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرێوەبەرانی ئەو کاتی حیزب بۆراکێشاندنی کۆمەڵی وەرزێران و رەنجبەرانی تری لادێکان کە ئۆردووی بنچینەیی شۆرش ئەژمێردرێن و هەروەها هێنانە سەرکاری دەرەبەگ و فئۆداڵەکان و بەشدار بونیان لە ناو کومیتەی ناوەندی حیزبدا و زاڵ بوونیان لە سەر جوتیار باعث بوو کە حیزب و نەتەوەکەمان لە مەڕ رێکو پێکی بناخەی شۆرشی رێگای بێ باوەری و نا لە باری

www.kerimhisami.com

و لا لوتی بگرێته بەر.

سەرانی ح.د.ک. لە ساڵی ١٣٢٥دا کە لە پشتیوانی ئوردووی شۆرشگێڕی وەرزێر بێبەری بوون لە سەر بناخەی کۆمەڵایەتی پێی خۆی نە چەقاند بوو. هۆیەکانی بنچینەیی ئەو کایە بە دۆڕاندنی هەل و هەلکەوتی زۆر مێژوویی و پڕ دەسکەوت دەچوە سەر کاڵی و بێ تەجروبەیی بە ڕێوەبەران و پەروەردە و قاڵبوونیان لە ناو کۆڕی تێکۆشان و خەباتی بەر دەوامی حیزبایەتی بوو. هەڕەشە و گوڕەشەی شا و ئەربابەکانی لە لایەکەوە قەول و قەراری چڵکاو خۆر ونۆکەرە کانی بەد فەڕی ئیستیعمار لە لایەکی ترەوە شوێنە ونکەی لە رابەرانی حیزب کرد بوو. بە سەر سوڕ ماوی و داماوی خۆیان تەسلیم بە سیاسەتێکی قەزاو قەدەرکرد.

ئەو بابەتە ڕاستبوو کە ئەگەر یارمەتی و پشتیوان لە ناو دا نە بایە حکوومەتی خوێڕی و چڵکاو خۆری تاران بە دوو قۆڵی لە گەڵ ئیمپریالیزم زووتر لەوەش هێرش و شالاوی بۆ سەر جەمهوری کوردستان و ح.د.ک. دەهێنا. سەرانی حیزبی دیموکرات نە تەنیا لەو هەل و دەرفەتە بە ڕێکو پێکی ناو خۆو پتەوی دەوڵەت و قایمکردنی بناخەی لەشکری چەکدار و هێزی پێشمەرگە سودیان وەر نەگرت بەڵکوو لە بەر سەرینی خاتر جەمی پاڵیان دابوو و پێیان وابو و کە بێشکەی شۆرش هەتا هەتایە دەبێ بە دەست وان ڕابژێ. لە لایەکی ترەوە، ڕابەرانی لای تر بە هۆی ڕاوێژکەرە لینەزانەکانیان وایان ئەزانی کە ئەو «کۆرپە ساوایە» پێی هەڵگرتوە و ئەتوانێ ماف و ژێر پێی خۆی بپارێزێ.

بێخەبەر لە وەی کە ئەو مەلۆتکەیە لە بێشکەد اتاسا بوو. هەر وەکی خۆشیان لە کاتی پێویستی بە پشتگیری پشتیان لەو مەلۆتکەیە تاساوە کرد و خۆیان خستە خەوی کەروێشکی. بە بەرچاو خستنی ئەو بابەتانەی سەرەوە پێویستە بە داخەوە ئیقرار بکەین پێش ئەوەی کە دوژمنی خوێڕی ئامادەگی پەیدا بکا و توانایی تێکشکاندنی گەلی کوردی هەبێ سەرانی حیزب و کار بەدەستانی جەمهوری کوردستان مەیدانیان ب ۆهەڵکوتانە سەر نەتەوەی کورد لە ناو دەوڵەت و حیزبدا خۆش کرد بوو و هۆرەیان لە خۆمان بۆ قەڵشاندن و تێکدانی خۆمان سازکرد بوو.

www.kerimhisami.com

تا گەیشتە رادەیەک کە دەستە و ئەژنۆ لە دوژمن راما بووین کە چمان بە سەر ئەهێنێ وە کەی دوچاری چەرمەسەری و چارەرەشی ئەبین. لە کۆنگرەدا لێکدراوە کە کەم و کورتی خەباتی حیزب لە رابردوو و دەورەی حکوومەتدا ئەوە بوو کە سەرانی ح.د.ک. لە نێوان بەربەرەکانی «پارلمانتاریزم» و شۆرشی چەکدارانەدا دامابوون. لە لایەکەوە لە «مەجلیسی شورای ئیراندا» نوێنەری هەبوو کە لە «تریبوون» نەک بۆ هەلگیرساندن و خۆشکردنی ئاگری شورش لە ناو دڵ و مێشکی خەڵک کەلکی وەرنەگرت بەڵکوو زیاتر لە مەر تەئسیر و نفوزی خەباتی پارلمانی حیزبەکانی تاران بۆ دامرکاندنی بڵێسەی شۆرش جار و بار راوێژ دەکرا.

تەواوی ئەو چەک و چۆڵانەی کە دەبوایە لە خزمەتی شۆرش بە کار هێندرابایە و بۆ پاراستنی حکوومەت و گیان و ماڵی نەتەوەکەمان هەڵسوڕابایە و لە رۆژی پێویستدا بێ سود و کەلک کەوتە دەست حکوومەتی تاران دوژمن و داگیر کەری ولاتمان. دیارە حیزب لە سەرە تادا لە کاتی خۆی دەیتوانی کە هەردوو لای خەبات یانی پارلمان و چەکداری وێکرا بگرێتە پێش و بە ژیری و وریایی لە تەواوی هەل و فرسەتە پێشهاتوەکان سود وەربگرێت وە فریو نەخوا. بەلام لە پێش ئەو کارە د ح.د.ک. ئەبوایە لەشێکی ساخ و بیرو راوێژێکی تەواو شارەزا و تێبینیەکی گرنگی لە مەر نەتەوەی خۆی و دوژمنەکانی هەبا. لە دنیای ئەو رۆدا مرۆڤ دەکرێت هەم «خودای بوێ و هەم خورما» بەلام لە پێش ئەم ئاواتەدا لە سەری پێویست و فەرزە کە خۆی بناسێ و خودا و خورماش بناسێ تا بەتامی شیرینی خورما خۆی لێ نەگۆرێ و بە هەڵە نەچێ بە بردنی ناوی خودا خۆی تەفروتونا و خەڵکیش بە فریو نە بات. کورتی و کەم و کوری کەورەی خەباتی ح.د.ک. ئەوە بوو کە لە خەباتی چەکدارانەی «سمکۆ»، قەدەمخێر و هتد دەرس و سەر مەشقی وەر نەگرت. شێوەی زیندو و نەمری ئەو قارەمانانەی رێگای رزگاری و خەباتی بێکەلک و سود هێشتەوە.

لەمەڕ تەسلیم بەدوژمن وهاتنەوەی سوپای داگیرکەر

هەر وەها کۆنگرە هاتە سەر باسی کشانەوە و تەسلیمی بێ قەید و شەرتی

www.kerimbisami.com

حکوومەتەکانی کوردستان و ئازەربایجان کە کاتی خۆی حیزبی دێموکراتی قوام السلطنە لە گەڵ زۆر لە کاربەدەستان و خاوەن بیر و باوەڕ پێکراوانی سیاسی و حیزبی لە تاران قەرار و مەداریان بەستبوو وە بە چوونی قەوام بۆ موسکو و کۆبوونەوە دەگەڵ ستالین و دەورو بەرەکەی ئەویَ رۆژێ بە دەلیلی داتاشراو برینی خەلکیان بەوە سارێژ دەکرد گۆیا ژێ رپێ خستنی چارەنووس و رەنج و کوێرەوەری نەتەوەکانی کورد و ئازەربایجان بۆتە قوربانی ئازادی گەلی چین.

لەو لاشەوە حیزبی تودەی ئێران و دەستەکانی میللی تر کە پێشوو بە زمان و قەڵەم و قەول و قەرار پشتیوانیان لە بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی دوو نەتەوەی کورد و ئازەربایجان دەکرد تەنانەت بە جوڵانەوەی ئازادی ئێرانیان ناو دەبرد ویستیان بەو دەلیلە پرو پوچانە خۆ حاشا دەن وەک کەو سەریان دە بەفر گرتبوو و لەشیان بە دەرەوە بوو دەیانویست ئەو راستیە بشارنەوە کە لەو کاتەدا تەواوی هێزی رەش و بەدفەڕی شا-ئیمپریالیزم و دوژمنە سوێند خورەکان کلکیان لێک بەستبوو لە تارانەوە بە دلنیایی روویان کردە کوردستان و ئازەربایجان و ئەوانیش لە جیاتی بەربەستی لە پەلاماری ئەو دوژمنە هاو بەشیەبکەن. وە یالانی کەم لە پشتی جەبهە زەربەتی قورس بە شێوەی تێکدەرانە و سابوتاژ لە دوژمن بدەن خۆیان خستبوە گوێی گاو چوونە ناو خەوی سەرە مەرگەوە بەو مانایە مرتەقیان لە خۆیان بریو هەتا بە ناوی نا رەزایی بیرو باوەری «شۆرشگێرانە و دیموکراتیانەیان» دەر نەبری. بەو جورە لەو دەمەوە تا ئێستا شا و ئیمپریالیزم و کۆنە پەرست دوژمنانی هاو بەشی نەتەوەکانی ئێرانیان بە سەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلەکانی ئێراندا زاڵ کرد. دوایە دیتیان قوام السلطنە بەریشی موبارەکی هاو پەیمانەکان و مسکو و تاران پێدەکەنێ. خو و رەوشتی سەران و سەرۆکی ئەو جورە حیزبانە لە مەر «ئەو دەستە و دەستکردن» بۆ وەشاندنی زەربە و خۆ گنخاندن و خۆ دەخەو خستن لە کاتی هەلکەوتی شۆرشگێرانە لە پاشە رۆژەکانی داهاتوودا یانی رۆژەکانی تەنگانەی ٢٨ی مرداد روونـاکتر و ئاشکراتر وەدیهات. لێرەدا بێجێ نیە کەپەندی رودەکی شاعیری مەزن لەو بابەتەوە

www.kerimbisani.com

بخەینە بەرچاو کە دەڵێ:« هرکەناموخت ازگذشت روزگار ــــ هیچناموزد زهیچ ئاموزگار »

نەخشی شۆرشگێری پێشەوا بارزانی

پێویستە بزانین کە هەر لەو کاتانەدا بوو کە قەومی بارزان لە کوردستانی گەرمێن بە رابەرایەتی پێشەوا بارزانی مستەفا کە قۆناخی خەباتی چەکدارانەی خۆی بۆ ناو کوردستانی کوێستان گواستبۆوە پاش ئەوەی کە تەجروبەی خوێناوی و پڕ لە شانازی ئەوان دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و حکوومەتی شای تۆپیوی عیراق لە کاتی پێویست و تەنگانە ح.د.ک. بە کاری نەهێنا.

بارزانیان بێ ئەوەی چەک دابنێن بە سەر بەرزی و ژیری و گورج و گۆڵی دەستیان بە کشانەوەیەکی چەکدارانەی شۆرشگێری بۆ لای یەکەتی شورەوی کرد کە نە تەنیا چەک و تەواوی هێزی تەواوی حکوومەتەکانی ئێران و عیراق و تورکیا و فڕ و فێڵی ئیستیعمار نەیتوانی بەر هەڵستیان بکا، بەڵکوو گشت پسپۆرەکانی سیاسی و جەنگی دونیا لە دۆست و دوژمن لە مەڕ بەرزی بیرو راوێژی چەکدارانە و شۆرشگێرانەی بارزانیان و پێشەوا مستەفا بارزانی کۆڵنەدەر سەریان تێدا سوڕ ماوە. بەو هۆیەوە نە تەنیا ئابڕو و شەرەفی شۆرشگێرانەی نەتەوەی کوردیان کڕیەوە، بەڵکوو دەرسێکی مەزنی مرۆڤایەتی و بەر هەڵست و سەر بەرزی بوو بۆ هەموو تێکۆشەرانی خەباتکەری گێتی.

ئەو کردەوە شاز و پڕ لە قارەمانیتیە بۆتە ئالای سەر بەخۆیی بیرو باوەڕی نەتەوەی کورد وە بەو پەندە قوڵ و جوامێرانە نەتەوەی کوردی بە دونیا راگەیاند کە پۆلێکی سیاسی و چەکداری یەکگرتوو ژیرو پتەو لە ژێر سێبەری بیرو راوێژێکی فیکری و جەنگی ئەتوانێ نە تەنیا لە گەڵ لەشکرێکی پڕ چەک و چۆڵی دەوڵەتێک بەربەرەکانی بکا وە روو سوور و سەر بەرز سەرکەوێ، بەڵکوو توانای رووخاندن و تێکدانی ئەو حکوومەتانەشی هەیە کە بە هەموو چەک و چۆڵ و تفاق و پارەیەک لە لایەن دەوڵەتە گەورەکانی ئیستیعماریش یارمەتی بکرێن. بەڵام زۆر لە رابەرانی ئەحزاب و دەستە سیاسیەکان کە لە بەر بەهەڵە چوون لە سەر بیرو باوەڕی ناو

www.kerimbisani.com

خۆو و لادان لە ڕێبازی کردەوە و عەمەلی شۆرشگێڕانە و چەکدارانە لە ڕۆژەکانی تەنگانە و پێویستدا دەستە و ئەژنۆ لە دوژمن ڕادەمێنن داماو و کەساس و بەستە زمان و عەبەساو خۆیان بۆ گەل و حیزب بێ کەلک و سود دەهێڵنەوە، لێرەدا پێویستە بە سەر بەرزیەوە بڵێین کە زۆربەی ئەو هەڤالانەی کە لە ماوەی حەفدە ساڵی ژیانی رابردووی حیزبمان خاوەن بیرو راوێژێکی ژیر و پتەو، خاوەن مەسئولیەت و ئەرک و خاوەن قەڵەم و دڵ و دەروونێکی خاوێنی مرۆڤایەتی و کوردایەتی بوون. لە ماوەی ئەو ١٧ساڵەی خەباتدا بیر و کردەوەی سەرۆکی فیکری بارزانیان لە یاد نەکرد، هەر ئەوانە ئاڵای یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتیان لە دەست دوژمن رفاند و کوڵان بە کوڵان، شار بە شار و پاتەخت بە پاتەخت لە سەرشان و شەپیلکی خوێناوی خۆیان راگرت و پاراستیان، تا گەیاندیانە سەر لوتکەی شاخەکانی زاگروس و لە ناودڵ و هەناوی دوهەمین کۆنگرەی ح.د.ک. بەرزیان کردەوە.

لە ناو نوێنەرانی کۆنگرەدا کەم نەبوون ئەوانەی کە لە زیندان و رەشەچاڵەکانی تاران وەک «قزل قەلعە و لەشکری ٢ی زرهی» و قەسری قاجار جەزرەبە و شکنجە و چەرمەسەریان کێشاب وو و هەزاران کوسپە و کوێرەوەری و هەرەشە و گورەشەی دوژمن سەر بەرزی و ژیری و بیرو باوەری کوردایەتی وانی تێک نە شکاند بوو.

لادانی کومیتەچیەکانی حیزبی تودەی ئێران

هەروەها لەو کۆنگرەیەدا کەم نە بوون ئەو نوێنەرانەی کە بە بیرو کردەوەی خۆیان شاهیدی زیندووی لادان و بە هەڵە چوونی سەران و رابەرانی حیزبی تودەی ئێران لە دەوری هاتنە سەرکاری حکوومەتی رەشی «رەزمارا» وە بەربەرەکانی لە گەڵ دروشمی میللی کردنی نەوت و تورِ هەڵدانی نفوزی ئابوری و سیاسی ئیستیعماری ئینگلیس لە ئێران دوکتور محەممەد مصدق وە هاورێ و هاو خەباتەکانی وی لە « جەبهەی میلیی» یان دەکرد. وە لە کاتی تەنگانە و گرنگی مێژوویی و نەتەوایەتیدا بە دروشمی چەوت و چەپەڵ و نا لە بار ئاویان بە کورەگەی

ئاشی دوژمنانی سویند خوری نەتەوەکانی ئێراندا ئەکرد. لە کاتی گرینگدا کە دوکتور مصدق بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ میلیتاریزم و دیکتاتۆری لە تەواوی حیزب و دەستەکانی سیاسی لە ناو مەجلیسی شورای میللی دا داوای دەکرد کە هەموو لە رێگای خەباتی نیشتمانی یەک بگرن، زۆربەی سەرانی ئەو حیزبە لە باتی تێکەڵبوون و خۆتێکێشان لە خەباتی گشتی نەتەوەکانی ئێران خۆیان بۆ زرم و هۆڕی چەکمەی دیکتاتۆری «رەزمارا» شل کرد بوو. هەرئەو لادانەی رابەرانی حیزبی تودەی ئێران لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبی تودە بە کەم و کورتی بریاری لە سەر درابوو وە بوو بە هۆی هەڵوێستێکی چەوت و چەپەڵ کە زۆربەی بەرهەمی خەباتی نەتەوەکانی ئێرانیان بێ سود و کەلک هێشتەوە و غەدر و دوژمنایەتیەکی گرینگیان لە گەڵ حیزب و نەتەوەی خۆیان کرد. بە داخەوە دەبێ دەری برین وە ختایەک لە کەری شەیتانی هاتنە خوار کە ئاو لە ئاش برا بوو. کۆدیتای ٢٨ی مرداد سەرکەوت، هەر ئەودەمیش ئەیانتوانی بەژیری و وریایی هێز و تاقەتی خەبات کۆکەنەوە و بە گۆڕینی هەڵوێست دەست بە پەلامار بۆ سەر دوژمن بکەن. بەلام ئەوە وەختیش هەر چەندە بەر یوەبەرانی ح.د.ک لە گەڵ گەلێک لە کادرەکانی ح.ت.ا. بە هۆی کۆ کردنەوەی ئەسناد و بەلگەی حیزبی بۆ نیشاندانی نادروستی رێگای رابردوو وە دۆزینەوەی رێبازێکی روناک لە سەر ئەو دروشمانە« ١- تەقەلا بۆ هێنانەوە سەر کاری حکوومەتی میللی دوکتور مصدق ٢-رەواو روو خستنی میللی بوونی نەوت ٣ -بێ لایەنی ئێران » بە کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران پێشنیار کرا. بەلام پێشنیارەکەیان لە ژێر پێ هاویشت. هەر وەها پێشنیاری بە رێوەبەران و هاوالانی ح.د.ک. لە مەڕ گۆڕین و گوێستنەوەی تکنیک و تاکتیکی حیزبی لەوە پاش، یانی تێکەلکردنی رێگای خەباتی چەکدارانە لە گەڵ رێگای خەباتی شەقا می و پارلمانی. بە تایبەتی لەو لاتی کوردستان و ناوچەی فارس وە پاش گوێ درا.وە ئەیانە ویست سەر لە نوێ کوێرەر یگای پڕ لە هەلە گێرە شێوینی کۆنیان بۆ ح.د.ک. برەنگێننەوە. لەو کاتە دابوو کە مەسئولان و رابەرانی حیزب لەش و گیانی ح.د.ک. یان لەو رابەرانە جوێ کردەوە رێبازێکی تازە و نوێ

www.kerimhisami.com

یان وه بەر چاوی خەڵک خست وه به گوێی ح.ت.ا. یان ڕاگەیاند که « برامان برایەتی و چیغمان جودایەتی .»

حیزبی دیموکراتی کوردستان وسیاسەتی دەرەوە

کۆنگره بڕیاری دا ح.د.ک. ئەبێ به باشی و گورج و گۆڵی لەو تەنگ و چوڵەمەی سیاسی و ئابوری ئێران وه له هەڵوێست و وەزعی تایبەتی نەتەوەی کورد له ڕۆژهەڵاتی ناوه ڕاست به تایبەتی له گەڵ حکوومەته نیشتمانیەکانی بێلایەن، له گەڵ دەوڵەته پێشکەوتوەکانی گێتی پێویسته کەلک وسود وەر گرن وه لەو هەل و فرسەته مەزنه بۆ دزگاری نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی ئێران له هیچ فیداکاری و گیانبازیەک دریغی نەکەن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان وشۆرش

کۆنگره بۆی ڕوون بۆوه که پێشگرتنی ڕێگای خەباتی پارلمانتاریسم و هەڵبەز هەڵبەزی شەقامی بێجگه لەوه که خەڵکی ئێران زیاتر دوچاری سەرکوتی و مل کەچی و شل و شەکەتی و سەر شۆڕی ئەکا و به خەیانەتێکی مسەلەم به نەتەوەکان دەژمێردری سود و کەلکی نیه.

کۆنگره سەلماندی که ڕێگای خەباتی ڕاستەقینه ڕێگای ڕزگاری نەتەوایەتی خەباتی چەکدارانه و شۆرشگێرانەیه دژی ئیستعمار و چڵکاو خۆرانی (شاو حکوومەتی تاران) و تەفر و تونا کردنی بناخەی هەیئەتی حاکمەی ئێران (سەرمایه داران و دەرەبەگی گەوره).بەڵێ تەنیا ڕێگای خەباتی چەکدارانه و شۆرشگێرانەی خوێناوی که له سەر بیرو ڕاوێژێکی نوێ وتێبینیەکی ژیرانه ئەتوانێ تەنگ و چەڵەمه و چارەرەشی حیزبایەتی له ناو خەڵکی ئێران بنەرەت بکا. یەکیەتی ئەو تۆ پتەو و نیشتمانی بۆ ڕزگاری نەتەوەکانی ئێران تەنیا له ناو کۆڕی ئاگری شۆرشدا وەدی دێت.

کۆنگره بڕیاری دا که له سەر شانی ڕابەرانی ح.د.ک. فەرز و پێویسته که هەر چی له توانایاندا هەیه به تەواوی هێز و باوەر و ڕاوێژی حیزبایەتی بۆ گەیشتن به ئامانجی مەزنی نەتەوەکانی ئێران یانی تێکوپێکدان و ڕوخاندنی ڕێژیمی بۆگەنیوی

www.kerimhisami.com

شایەتی وە هەڵوەشاندن و لە ناو بردنی یاسا رەشەکانی هەیئەتی حاکمەی تاران و شاخ و لک و پۆپەکانی لە سەرانسەری ئێران. ئەبێ لە تەواوی حیزب و و دەستە سیاسیەکانی پێشکەوتووی ئێران بگێرێتەوە و داوا بگا کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی گشتی کوێرە ڕێگای خەباتی پارلمانتاریسم (کە تەواوی خەڵک لێ ماندو بوون و پێی وەستاون تووڕی هەڵدەن و ڕوو لە ڕێگای نوێی شۆرشگێرانەی ح.د.ک. بکەن. بە دڵ و دەروونێکی خاوێن بە بیرو هەستێکی تازە دەستی یەکیەتی و خەبات بدەنە دەستی ح.د.ک. لە مەڕ وەدیهێنانی یەکیەتیەکی پتەوی نیشتمانی بۆ ئازادی ئێران و رەزگاری نەتەوەکان.

تەجروبەی شۆرش لە کوبا و جەزائیر و گەلێک جێگای تر بە باشی وەدەری خست کە ڕێگای سەرکەوتنی شۆرش بە بێ هاندان و ڕێک خستنی چینی جوتیار و کێشانی وان بۆ ژێر ئالای خەباتی چەک و چەکدارانە لە چیاو دەشت و کێو پەیوەندی لە گەڵ چینە زەحمەتکێش و بەشخوراوەکانی نەتەوایەتی لە شارەکان شۆرش سەر ناکەوێ. هومێد و هیوا بەستن بە خەباتی سەر شەقامی خەتایەکی گەورە و رەنج بە خەسارێیکی زۆری پێوەیە. هەر وەها پێویستە بزاندرێت کە خو و رەوشتی حیزبێکی سیاسی نەک لە ڕێی گفت و گفتار، بەڵکوو لە مەیدانی کردەوەدا نیشان ئەدرێت. لە ئێران لە ماوەی خەباتی خوێناوی گەلی ئێران دژی ئیستیعمار و شاو نوکەرەکانی ڕێگای پارلمانتاریسم تەنیا و تەنیا ڕێگای خەبات ئەژمێر درا. چ بۆ (جەبهەی میللی) و چ بۆ ح . .ت. ا. و چ بۆ حیزب و دەستە سیاسیەکانی تر. لەو ڕێگایەدا تەنیا (جەبهەی میللی) بەرابەرایەتی مصدق توانی بە قەول و قەراری خۆی عەمەل بکا و بیر و باوەری خۆی وەدی بێنێ. بە سەر ئەو ڕێگەیەدا بە حکوومەت بگا و نەوت میللی کا هەر وەها ئیستیعمار و شا هەیئەتی حاکمەی تاران وەهانکە هانک بخاو نیوە گیانی بکا. جەبهەی میللی گەرچی بۆ ماوەیەک توانی گەلێک کاری شۆرشگێرانە بکا، بەڵام توانایی ڕاگرتن و پاراستنی ئەو هەنگاوە بەرز و شۆرشگێرانەی حکوومەتی میللی دوکتور مصدق نەبوو. گەورە ترین کۆسپ و بەرهەڵستی لەم بابەتەوە دوو بەرەکی و ناکۆکی و لادانی بە

www.kerimhisami.com

ڕێوەبەرانی ح.ت.ا. لە گەڵ جوڵانەوەی نەتەوایەتی ئێران بوو بە سەرۆکایەتی مصدق. ئەو حیزبەی کە چەندیەتی کۆمەڵایەتیەکی باشی پێکهێنابوو، بەڵام لە مەڕ چۆنیەتی شۆڕشگێڕانەی حیزبیدا داماو و کەساس کەوتبوو وە لە ڕۆژی تەنگانە و پێویستدا شعور و فامی دیتنەوەی ئەو « ئاڵقە زنجیرەی کە بە هۆی وە دەستهێنانی ئەو تەواوی لەشی زنجیرە کە ڕادەکێشێت» نەیان بوو.

مەسەلەی جوتیار وگیروگرفتی ئەرزی

کۆنگرە لە سەر وەزعی ڕەش و ناکۆک و ژیانی نا لە باری جوتیار و توێژە زەحمەتکێشەکانی لادێ بڕیاری دا کە گۆڕانی ژیانی تاڵ و پڕ لە نیگبەتی ئەوان پێویستە بە بیرو ڕاوێژێکی تێبینانەی زانستی چارە بکرێت.... شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە دا بەشکردنی زەوی و زار و لە بەینبردنی پەیوەندی زاڵمانەی ئەرباب و ڕەعیەت کە بۆ ح.د.ک. لە پێشدایە بە لێکدانەوەیەکی قوڵ و تێبینیەکی نەتەوایەتی بەستراوەتەوە بە ڕزگاری سەر زەمینی کوردستان لە دەست داگیرکەر و چەوسێنەر و گەڕانەوەی زەوی و زار و خاوەنی ئەسڵی کە لە٩٠٪ دانیشتوانی کوردستان پێک دێن و ئەو ٩٠٪ ڕەگ و پێست و لەش و خوێن و ئێسکی حیزبی دیموکراتی کوردستان یان پێکە وەناوە.

کۆنگرە دەری بڕی کە تەنیا حیزبێکی شۆڕشگێڕی بە هۆی دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی ڕاستەقینەی نەتەوایەتی ئەتوانێ ئاثاری زوڵم و زۆرداری کە هەزاران ساڵە باوە لە بەین ببا جوتیار و وەرزێری کورد خاوەن زەوی وزارو سەر بەخۆ و ئازاد و بەختیار بکا. ئاغاوەت و عەشیرەتە نیشتمان پەروەرەکان پێویستە تا گەیشتن بە حکوومەتێکی دیموکراتی و نیشتمانی کورد هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە ڕێ و شوێنی سیاسی و ئابووری ح.د.ک. بەکردەوە و کردار لە ئاست چینی زەحمەتکێش و کوێرەوەری کێشی دێهات ڕووناک بکەنەوە و خۆیان نەکەنە دار دەست و وەرگێڕکەی حکوومەتی بۆگەنی شا و ئیستیعماری ڕزیوی بێگانە. ح.د.ک. لە جیاتی ئیسلاحاتی ئەرزی بێ جێ و ڕێی شا» شۆڕشی ئەرزی «یانی ڕزگاری یەکجاری و پتەوی خودی جوتیار و سەر زەمینی بن پێی جوتیار و

گشت دانیشتوەکانی کوردستان دەخاتە بەر چاو، هەر وەکی ئەو ڕێبازە لەپ ڕۆگرامی (بەرنامەی) حیزبماندا بە جۆری خوارەوە دەنووسێت ، «..حیزبی ئێمە سودی خۆی لە وەدا دەزانێ کە لە ڕێگای خەبات ورزگاری کوردستان لەخان وخاوەن مولکانی بەشەرەف کوردپەروەر بگێرێتەوە کە پشتی حکوومەتی تاران بە تەواوی بەردەن و بە دڵێکی خاوێن و بیرو باوەری کوردانە وە خۆیان لە باوەشی دایکی نیشتمان و ڕێبازی کوردایەتی باوێژن و پاڵ وە پاڵی ح.د.ک. حیزبی رەزگارکەر و شۆرشگێڕی نەتەوەی کورد بدەن و دەستی خەباتی ئەندامانی حیزب لە دەست گرن و بۆ روخاندنی ئیستیعمار و حکوومەتی تاران لە کوردستان و سەرانسەری ئێران هاو خەباتی حیزبمان بن. جا بۆیە ح.د.ک. لە مەڕ ئیسلاحاتی ئەرزی لە کوردستان بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی و زانستی کوردانە هەنگاو هەڵدێنێ.

ح.د.ک. لە سەر ئەو بیرو باوەرەیە کە زەوی وزار و کشت و کاڵ و دار و دەوەن وئاو وکانی کوردستان مافی نەتەوەی کوردە وە مافی رەنیوهێنان و دابەشینی ئەرز بە تایبەتی لە مافە تایبەتیە هەرە گرینگەکانی حکوومەتی دیموکراتیکی کوردە کە بە هۆی بەرێوە بەرانی ح.د.ک. وەدی دێت. ئەو کاتەیە کە حاکمیەتی نەتەوایەتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ئەرزو ئاو و زەوی و زارە دارستان دا دەبەشێت. مادەی ٣٩ ــ بەندی نۆهەم ــ بەشی شەشەم.

لە مەڕ ناوەندیەتی حیزبی

کۆنگرە دەری بڕی کە بە هۆی فشار و گرتن و نەبوونی هەل و فرسەت ح.د.ک. نەیتوانیوە کۆنگرە پێک بێنێت و خاوەنی مەرکزیەتێکی قانوونی هەڵبژێردراوی کۆنگرە یانی کومیتەی ناوەندی و خاوەن قانوون و یاسای حیزبی یانی پیرەو و پرۆگرام بێت هەر بەو بۆنەشەوە ح.د.ک. دوچاری گەلێک لادان و بە هەڵە چوون و گێرەشێوێنی هێندێک لە کادرەکانی خۆی بوە. چەپگەری و راستگەری

www.kerimhisami.com

سەردەمایێک ناکۆکی و نا لە باری لە ناو حیزب خستبوو. رابەرانی حیزب لە مەڕ گیر و گرفت و دەر چوون لە شوێنێ خۆیان و بەند نە بوون لە جێگایەکی تایبەتی وە هەروەها دەربازب وونی هێندێک لە هەڤاڵانی رابەر بۆ ناوچەی تر وە گوێستنەوەی قۆناخی خەبات جار و بار بۆتە هۆی شێوەیەکی کاری فەردی. بێجگە لەم کەم و کوری سازمانی گیان و لەشی حیزب لە لایەن دوژمنانی جۆر بە جۆر ورەنگ بەرەنگ وەبەر شالاو و لێدان دراوە لە لایەکی ئیستیعمار و حکوومەتی شا بۆ تێکشکاندنی لەشی ح.د.ک. زۆربەی فشاری درندانەی خۆیان لە رێگای جەزرەبەی زیندان و کوشتن و بڕین و جاسوسی و... بە تەواوی هێزە رەشەکانی خۆیان ویستوویانە لەشی حیزبی ئێمە زامار و بریندار و کرماوی بکەن. لە لایەکی تردەوە دوژمنانی بیرو باوەری حیزبی بە پڕو پاگاندە و درۆ و دەلەسە و کڕین و بە هەڵە بردنی هێندێک ناسراوی روو رەش کە وەختی خۆی بە گرتنێک سەری خۆیان بۆ خزمەتی سازمانی ئەمنیەت شۆڕ کردوە و لە کاتێکدا هەم لە تورەکەیان دەخوارد و هەم لە ئاخوڕ وە گەلێک کارەساتی دیکە. ویستوویانە گیانی حیزبی ئێمە دوچاری مەترسی و ئازار و عەزاب بکەن. وە بۆ تێکدانی ریزی حیزب لە هیچ گێرە شێوێنیەکی چەوت و چەپەڵ کۆتاهی و درێغی یان نەکردوە. ئەو دوو چەشنە دوژمنانە گەرچی لە دوو لاو لە لایەن دوو تاقمی ناجور لە گیان و لەشی حیزب بەردرابوون. بەڵام مەبەست و ئامانجی هەر دووکیان لە ناوبردن و کوژاندنەوەی ئاگری خەباتی ح.د.ک. بوە. کە ئەو ئاواتەی خۆیان دەبەنە بن گڵ و ژێر قەبری.

کۆنگرە بڕیاری لێ بورین و بەخشینی ئەو تاقمە کورد پەروەرانەی دەربڕی کە دەست و دڵ و دەروونی کوردایەتیان پاک ماوەتەوە. بێجگە لەو کەسانەی کە بە جاسوسی و خەیانەت دەستیان ئالودە کردوە. رێگەی گەرانەوە و لێ بورین بۆ ئەو دەستە کورد پەروەرانە کراوەتەوە کە پاش دەربڕینی پەشیمانی و هۆی بە هەڵە چوونیان لە کارەساتەکانی رابردوو بە دڵ و دەروونێکی خاوێن و بیرو باوەرێکی تازە خۆیان لە باوەشی ح.د.ک. باوێژنەوە.

www.kerimhisami.com

مەسەلەی نەتەوایەتی

کۆنگرە لە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی تایبەتی و بەرژەوەندانەو تێبینێکی زانستی دوا. نەتەوەگەری زوڵم و زۆرداری نەتەوەیەکی بە دەسەڵات و لە سەر حوکم بە سەر نەتەوەکانی تری ئێران(کە لە مەڕ سەر زەمین و عەرد هاوبەشیەکی گرینگیان هەیەو هەرکامیان خاوەنی زمان و مێژوو خوو رەوشت و لیباس و ئاکار و سونەتی تایبەتین)لە مێژ زەمانەوە لە ئێران باو و بەردەوام بوە. ئینقلابی مەشروتیەت تەنیا مەبەستی تێکدان و سەرنخونکردنی پاشایەتی قاجار نەبوو. بەڵکوو هەڵوەشاندنی دەسەڵات و زۆرداری حکوومەتی مەرکەزی یانی ئاغایەتی نەتەوەی زاڵ بە سەر نەتەوەکانی تری خستە بەر چاو. بەڵکوو داوای هاوبەشیەکی راستەقینەی نەتەوەکانی لە نا وحکوومەتی تاراندا دەکرد(بۆ رێکو پێک خستنی حکوومەتێکی دێموکراتی و برایەتی هەموو نەتەوەکان لە مەڕ کار و باری سیاسی و جەنگی و...هتد) هەروەها سەر بەخۆیی نەتەوەکانی ئێران کە بریتی لە ئەیالەت و ویلایەت بوون بە شێوەیەکی گرینگ خرانە قالبی قانوونەوە بە ناوی قانوونی ئەساسی ئێران .هەر وەها مەبەست لە مافی هێنانە سەرکاری ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی لە قانوونی ئەساسی کە بەرهەمی خوێنی ئینقلابی مەشروتیەت بوو، وەدیهێنانی ئەو ئاواتە مەزنەی سەرەوە بوو کە لە ناو دەوڵەتەکانی ئوروپادا لە قەڵەم دراوە. پاش لە ناو چوونی بەرهەم و سەمەری ئینقلابی مەشروتیەت بە تایبەتی دوای کودتای ١٢٩٩ و هێنانە سەرتەختی پاشایەتی رەزاخان بە دەستی ئیستعمار، نە تەنیا نەتەوەکانی کورد و ئازەربایجانی و عەرەب، بەڵکوو خودی نەتەوەی فارس کە بناغەی زۆرداری و دیکتاتۆری پاشایەتی لە تاران لە سەر سینگی ئەو دامەزراوە، نەتەوەکانی تر دەچەوسێنێتەوە دوچاری

www.kerimhisami.com

ڕۆژی ڕەش و کەساسی و زوڵم و زۆری کرد. شا و هەیئەتی حاکمەی تاران کە چڵکاو خۆر و نۆکەری ئیستعمارن، نەک گوێی خۆیان بۆ وەکار خستن و وەدیهێنانی ئەو بەشە گرینگەی قانوونی ئەساسی شل نەکردوە، بەڵکوو بە تەواوی هێزی ڕەش و فڕ و فێڵ لە هیچ بوختان و ساختەچیەتی و گێرەشێوێنی لەم بارەوە کۆتایی ناکەن. ڕوودانی جولانەوەی نەتەوایەتی کوردستان و ئازەربایجان لە ساڵانی ٢٤ ــــ١٣٢٥ بێزاری نیشاندان و دەربڕینی هەست و قینی نەتەوەکانی دژی دیکتاتۆری شا و حکوومەتی تاران بوو.

بۆ یەکەمین جار لە ئازەربایجان و کوردستان بە گوێرەی قانوونی ئەساسی دەستیان کرد بە وەکار خستنی ئەنجومەنی ئەیالەتی وویلایەتی وە وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی بە مانای(ئوتونومی).بەڵام هەموو شاهید بوون کە حکوومەتی شا و ئیستعمار بۆ پاراستنی تاڵان و خوێنمژی خۆیان چ بەزم و ڕەزمێکی خوێناویان و درندانەیان گێڕا و حازر نە بوون مافێکی نەتەوایەتی کە دەیان ساڵ لە مەو بەر بە هێزی چەکدارانە و شۆڕشگێڕانەی گەلەکانی ئێران قانوونی کرابوو وە مەبەستی مافی (ئوتونومی ــ خودموختاری) بە ئاشکرایی و ڕووناکی تێدا گونجاندرا بوو، بێننەدی.

پێویستە لێرەدا سەرنج بدرێت کە حکوومەتی شا و ئیستعمار نەک تەنیا لەم بابەتەوە بەڵکوو بە بەشەکانی تریش لە قانوونی ئەساسی نرخی پەرەکایەکیشی بۆ قایل نەبوون بۆ نموونە وەختایەکی حکوومەتی میللی مصدق بۆ پاراستنی مافی گەل و حکوومەتی خۆی بە گوێرەی قانوونی ئەساسی کە دەڵێ « شاحەقی نیە حکوومەت بکا، بەڵکوو تەنیا حەقی شایەتی هەیە » وە سەرۆک وەزیر لە بەرانبەر مەجلیس و قانووندا لێ پرسراوە و مەسئولیەتی هەیە، شایەتی مەقامێکی تەشریفاتیە و تەواوی وەزیران لە بەرانبەر سەرۆک وەزیردا مەسئولن نەک لە مقابل شادا، بیر و باوەڕ و کردەوەی خۆی دەرخست. هەموو دونیا شاهید بوو کە ئیستعمار و شا و چڵکاو خۆرەکانی چ کارەساتێکی خوێناوی و چەوت و چەپەڵیان بە سەر حکوومەتی میللی دوکتۆر مصدق و گەلی ئێران هێنا. جا لێرەدا بە باشی

www.kerimhisami.com

و گرنگی روون دەبێتەوە کە هێنانە سەرکاری حکوومەتێکی دیموکراتی لە ئێران بەستراوەتەوە بە وەدیهێنانی مافی نەتەوەکانی ئێران وە ئەو دوو مافە لێک ناپسێندرێتەوە.

ئەگەر هاتوو بە چاوێکی زانستی کۆمەلایەتی لەو بابەتە بڕوانین بە باشی دەر ئەکەوێ کە پاش دامەزراندنی حکوومەتێکی یەکگرتووی نەتەوایەتی و دیموکراتی لە ئێران فەرز و پێویستە کە تەواوی ئەو هەریم و بەشانەی ئێران کە کورد و فارس و ئازەربایجان و عەرەبن بە گوێرەی هەلوێست و وەزعی تایبەتی نەتەوایەتی کە بریتی یە لە هاو بەشیی زمانی و مێژوویی، هاوبەشی ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی، هاوبەشی سەر زەمین و عەرد، هاوبەشی ئاکار و سونەت و کار و خەباتی نەتەوایەتی) ئەبێ مافی حوکم دانان و حوکم کردنی ناو خۆیی، مافی دانانی یاساکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و...هتد، بە سەربەستی سەربەخۆیی نەتەوایەتی وەدی بێت. هەر وەها مافی هەلبژاردنی ژمارەیەک لە نوێنەرانی ژیر و تێگەیشتوو خاوەن بیر و راوێژ لە هەر نەتەوەیەک بۆ دانانی پارلمانێکی خۆ ولاتی و حوکم رەوایی نەتەوایەتی، چ بە نێوی حکوومەتی ئوتونومی و چ بە نێوی حکوومەتی فیدرالی (یەکگرتوو)کار و باری سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی نەتەوەی خۆی بە رێوەبەرێت. هەروەها نوێنەری تایبەتی ئەو نەتەوانە لە حکوومەتی مەرکەزی و لە پارلمانی گشتی نەتەوەکان بەشدار و خاوەن مافی تایبەتی بن.

رێگای رزگاری و خۆشبەختی و بەرزیەتی ئێران و تەواوی ئەو ولاتە زۆر نەتەوانە(کثیرا لملە) بە لێکدانەوە بۆ حەلگردنی مەسەلەی میللی بەو شوێن و رێبازە گرنگانەی ح.د.ک. بەستراوەتەوە کە لە مادەکانی ٤ و ٥ ی پرۆگرامدا بریاری لە سەردراوە. جا بۆیە ح.د.ک. لە کۆنگرەدا بۆی دەرکەوت لە مەر وەدیهێنان و رووناک کردنەوەی ئە حەقیقەتانەی سەرەوە ئەبێ لە تەواوی حیزب و دەستە سیاسیەکانی پێشکەوتوو و لە گشت گەلەکانی ئێران بگێرێتەوە و داوا بکا کە لە پێناو پەیوەندیەکی پتەو و بنەرەتداری نیشتمانی و تێبینی و بیر و راوێژێکی

دونیا پەسند دەستی شۆڕشگێڕی چەکدارانە بدەنە دەست یەکتر و لە ڕێگای هەڵوەشاندن و تێک و پێکدانی بناغەی زوڵم و زۆرداری حکوومەتی ڕەش و چەپەڵی شا و ئیستعمار هەل و فرسەت لە دەست نەدەن.

سەرماوەزی ١٣٤٢ ـــ نوامبری ١٩٦٤ دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کومیتەی ناوەندی.»

کۆنگرەی دووهەم پێڕەو و پرۆگرامی حیزبی دێموکراتیش پەسند دەکات. ئەوە یەکەم بەڵگەی ڕەسمی دارشتنی قەوارە و بەرنامە و ڕێبازی سیاسی حیزبی دێموکراتە دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان. (ئەمەش دەقی بەرنامەی پەسند کراوی کۆنگرەی دووهەمی حیزبە کە بە بێ دەستکاری بڵاو دەکرێتەوە.

« پی ڕەوی ناوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

بەندی یەکەم «چونیەتی حیزب»

مادەی یەکەم ـــ حزبی دیموکراتی کوردستان حیزنیکی پیشرەوی پیشکەوتوە بە سەر ریبازی دیموکراتی و شورشگیری و لە مەر هەلویستی جەبهەکانی جیهانی لە بەرەی نەتەوەکانی سەربەخۆ و سەر بەستدا قەراری گرتوە.

مادەی دووهەم ـــ ح.د.ک. لەو ئەندامانە پێکهاتوە کە هاوبیر و هاوری و هاو ئامانجی خەباتی نەتەوایەتین بۆ ئازادی کورد و رزگاری کوردستان لە ژێر دروشمی پەسندی « یەکیەتی ، خەبات ، سەربەخۆیی و دیموکراتی »و پروگرامی حزب کە پیکهاتوە لە هەمو چین و کومەلی کورد بە تایبەتی وەرزیران ـــ کریکاران ـــپیشەوەران ـــ روناک بیران ـــبازرگانان و سەرمایەدارەکانی نیشتمانی دەتوانن بەشداری ریزی خەباتی حزبایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان بن بە مەرجی قبولی پروگرامی حزب و گونجانیان لە ناو چوار چیوەی مەرجەکانی ئەندامیتی و پێوە هەستانیان بە پی رەوی ناوخوی حزب.

مادەی سیهەم ـــ بیر و باوەری ح،د،ک، جهان بینی(تیئوری ـــ نەزەریە) زانستی و پیشکەوتوانەیە لە ناو چوارچیوەی سود و مەسلەحەتی نەتەوایەتی

ونیشتمانی دا ویی باوەری گورین وگورانە لەناوشئونی کومەلایەتی وئابوری و سیاسی وە کە واتە راپەرین و شورش بە ریبازیکی ئازادی و رزگاری نەتەوەی کوردی دەزانین.»(... ئەم دەقە لە هیچ باریکەوە دەستکاری نەکراوە)

لە ٤١ مادەی دیکەی ئەم نووسراوەدا کە بە پێرەو و پرۆگرامی حیزبی دیموکرات ناو براوە، هیچ شتێکی کۆنکرێتی لە بارەی ئامانج و تاکتیک و ستراتیژی خەبات و روانگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری دوارۆژی کوردستانی تێدانیە. هەمووی دانانی شەرتو مەرجی ئەندامەتی و وەرگرتن و دەرکردن و سزادان و فێرکردنی کادر و دانانی کلاسی کادر و بەخشینی پلە وپایە و دەرەجە و.....هتد «..... کۆنگرە دوای نیزیک ١٨ساڵ تێکۆشانی نهێنی رێبەری نا دیار، کومیتەی ناوەندی هەڵبژارد و مرنامە و پێرەوی نێو خۆی پەسند کرد. لە گەڵ ئەوەشدا کە بەرنامە و پێرەو ە کە لە گەڵ سەردەم نە دەگونجا و بەشێوەی گشتی لادانێک بوو لە ریبازی پێشکەوتوانەی حیزب و، هەر وەها پەسندکردنی هێندێک بڕیار لەو کۆنگرەیەدا، زۆر تر ئارەزووی تاکە کەسی بوون و وەک بەیاراتی سیاسی نە دەچوون و لە گەڵ بەرژەوەندی حیزب نە دەگونجان، بەو حاڵەش بەستنی کۆنگرەکە کاریگەریی خۆی لە سەر رەوتی دوا رۆژی حیزب بەخشی...... سەرەرای هەمووی ئەم کەم و کوری یانە کە لە کۆنگرەی دووهەم و بڕیاراتەکانیدا هەبوو، پێکهێنان و بەستنی کۆنگرەی دوو هەم لە هەل و مەرجی ئەو کاتەدا انوختە گۆڕانێک بوو لە بواری تەشکیلاتی حیزبدا و هەتا رادەیەک کۆتایی بە کاری فەردی و پەشێوی لە نێو ریزەکانی حیزب هێنا»(١٠)

کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکرات بە بۆنەی کۆتایی کاری کۆنگرە بەیاننامەیەکی دیکەشی بەم جۆرە بڵاو کردۆتەوە :......

«.. کۆنگرە لە ژێر دروشمی« یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی، دیموکراتی» لە پێناوی خەبات و ئازادی و رزگاری کورد و کوردستان ئەو ریزە مەبەست و بڕیارانەی خوارەوەی دا :

١ ـــ کونگرە بە بریاری گشتی تەئیدی راپۆرتی کومیتەی ناوەندی کرد.

www.kerimhisami.com

٢- به دەنگی گشتی تەئیدی شەشەمین کونگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بریارانی ئەو کونگرەی کرد.
٣- بریاری لە سەر تەئیدی سیاسەت و هەلویستی گورج و هەلسورانی بەرێوە بەرایەتی پێشوی حزبی دا بوپ شتگیری لە شورشی کوردستانی گەرمین.
٤- نوێنەران بە گشتی سوپاس و تەقدیری ناوەند و بەرێوەبەرانی حیزبی کرد بو دەوری دلسوزی و هەلسوریان بە یارمەتی مادی و مەعنەوی و گیانی بە شورشی کوردستانی کەرمین.
٥- کونگرە ئەو ریزە بریارانەی خوارەوە لە مەر جاسوس و خائینەکا ن و دەستە بەندی و حزب سازەکانی گیرە شیوین و ناحەزی ریزی حزبی دیموکراتی کوردستانی دەرکرد
الف- کونگرە بەیانی بروارى ١٣٤٣/٧/١٢ی حزبی تەئید کرد کە لە ناو ئەو بەیانەدا لە ژی رعنوانی« لادان و سەر شیواوی چەند خوپەرستی نا جوامیر بە ناوی کومیتەی ساخکەرەوە» دەستەبەندی یەکانی دژی حزبمانی تیدا ناوبراوە مەحکوم کران وە حوکمی خائینی دا بەرانبەر بە زوربەی هە لسور و بگیرەکانی ئەو تاقم و دەستانە. وە چەند کەسی لە وانە بە جاسوس وبە کریگیراو ناسین.
ب- بریاری تایبەتیە لە سەر دوکتور قاسملو کە بە جاسوس و دزی حزبی ناوبردوە.

لە بەندی ٩ی بریارەکەدا گوتراوە:...«کونگرە تورەیی و نارەزایی دەردەبری بەرامبەر بە هەلویستی کورد روشانەی(مەکتەبی سیاسی پیشوی دەرکراو برایم ئەحمەد و دارو دەستەکەی) بو ناحەزی کردن لە گەل کادرە تیکوشەرەکانی حزبمان لە سەر داوای دەزگای جاسوسی حکومەتی تاران(ساواک) و پەیمانی سەنتو بە هوی جاسوسانی ناسراو وەک عیسی پەژمان و سەرهەنگ منصورپور و سەرهەنگ مدرسی و عباس ئارام و هاتوچوی ناوبراوان بو ماوەت و گردەرەش و ئیساوی و مالومە...»(.. لە بەر ئەوەی دەقی بەیاننامەکەم لە لا نەماوەو لە ولات گیرساوەتەوە ئەم بەشەم لە بەرگی سێ یەمی بیرەوەریەکانم وەرگرتوە ..»

دوای بەستنی کونگرەی دووەم لە نێوانی کادر و ئەندامانی رووناکبیرو خوێندکارانی کە رێگا نەدرا بوون لە کۆنگرەد بەشداری بکەن و هەم لە نێوان بەشدارانی کۆنگرە و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کونگرەدا ناکۆکی و دوو بەرەکی توند دەبێ سەر دەکێشێتە جیا بوونەوە. بەیاننامەی کۆنگرەی دووەم و هێرشی بۆ سەر پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری کوردستان نارەزایی و نەفرەت لە نێو ئەندامانی حیزبدا پێک دێنێ. کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێراوی کۆنگرە ناچار دەبێ بۆ هێور کردنەوەی هەستی ئاروژاوی ئەندامان و شوشتنەوەی ئەم بۆ چوونە دزێوە ئەم بەیاننامەی خوارەوە بڵاو بکاتەوە:

بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کۆردستان

www.kerimbisani.com

بیرەوەری ١٠ خاکە لێوەی رۆژی شەهیدانی حکوومەتی میللی و دێموکراتی کوردستان

١٩سال لە مەو بەرپاش هێرشی درندانەی حکوومەتی تاران بۆ سەر خاکی ئازاد و سەر بەخۆی حکومەتی میللی و دێموکراتی کوردستان ئاڵقەی تەناف و سێدارە ریزی گوللە و رەشاش ئاراستەی گەردن و سنگی باشترین و پاکترین رۆڵانی نەتەوەی کورد و رابەران و کار بەدەستانی حکوومەتی سەربەخۆ و دێموکراتی کوردستان کرایەوە و دوژمی لە مێژینە وڵا تی سەر سەوزی کوردستانی بە خوێنی ئاڵی شەهیدان پاراو کرد. لە١٠ی خاکەلێوە دوژمنی داگیرکەر بە دەسکیسی ئیستحمار و بێگانە رۆژێکی رەشو تەماوی تری لە لاپەرەی مێژووی نەتەوەی کورد کردەوە.

لەو رۆژەد اپێشەو اقازی محەممەد سەرۆکی حیزب و کۆماری میللی و دێموکراتی کوردستان دەگەڵدوو هاورێ محەممەد حەسێنخانی سەیفی قازی وەزیری بەرگری و سەدری قازی نوێنەری شاری قارەمانی مەهاباد لە مەجلیسی

شورای میللی تاران لە بەرە بەیانی ئەو رۆژە دا بە دزی شەهیدکران. بەو جۆرە پەنجەی خویناوی دوژمنی سوێند خۆری کەوتە ناوجەرگ و هەناوی نەتەوەی کورد و لە ناو ئەودڵ و دەرونە دەستۆ چنگورکی بە خوێنی دوژمن وەک شەوە پێشەوای نەمری کوردی لێ رفاندین و لە شەوە زەنگی ١٠ی خاکە لێوە لە کاتێکدا کوردستان ماتەمینی هێزی بەدفەری داگیرکەری گرتبوو. زۆربەی خەڵک بە پەرۆشی پەلاماری بێ رەحمانەی حکوومەتی داتاشراوی ئێران بۆ سەر خاکی نیشتمانی خۆشە ویستمان و جگەر گۆشەکانیان لە بەندیخانەدا بوون و بە نا رەحەتی و لێو بە باری سەریان نابووە، پێشەوای نەمر و هەڤاڵانی لە داردران.

ئەو دارەی چوار چرا و سەر حەوزی بۆکان و... ئێستاش کە ئێستایە بۆتە جێگەیەکی سوێند خواردنی کیژ و لاوی کورد کە پەیمان و سوێندی خەبات و تۆڵەی پێدە خورێت. سوپای داگیر کەری دوژمن رووی کردەوە ئەرزی نیشتمانمان دەستی بە هێرشی درندانە کرد، چی کاربەستان و رابەرانی حیزب و نەتەوەکەمان بوون کەوتنە بەر پەلاماری هێزی رەشی دوژمنی داگیرکەر و دادگاکانی داتاشراوی سەحرایی. بەت ەردەستی و سەرلێشێواوی پر.لە ترسەوە کەوتە کار و بە سەدان نەفەر لە رۆڵە ئازاد و بە شەرەفەکانی گەلی بە شەرەفی کوردی بە ئیعدام و حەپسی ئەبەد مەحکوم کرد. لەو لاشەوە زۆر بە خێرایی دەستە دەستە لە رۆڵە بە وەفاکانی گەلی بە شەرەفی کوردیان لە شاری سابلاخ و بۆکان و سەقز لە داردان دەیان قارەمانی تریان لە گۆشەی بەندیخانەدا بە دزی شەهید کرد و ئازار کوژیان کردن.

بەم جورەیە ریزی ئەو کاروانە شەهیدانە:

١-پێشەوا قازی محەممەد ٢-محەممە حوسێنخانی سەیفی قازی ٣-ئەبولقاسمی سەدری قازی ٤- رەسولی نەغەدەیی ٥- محەممەدی نازمی ٦-حەمیدی مازوچی ٧- عبداللەروشنفکر ٨- عەلی شێرزاد ٩-ئەحمەدخانخەلیلخانی فاروقی ١٠- حەمەخان خەلیلخانی دانشوەر ١١-عبداللەخانخەلیلخانی مەتین ١٢- ئەحمەدخانی شەجیعی ١٣- حەمەبەگی

www.kerimbisami.com

بابەخان بەگ ١٤- شێخ ئەمینی کەسنەزان ١٥- شێخ سەدیقی ئەسعەدی ١٦-عەلیاغای جەوانمەردی ١٧- رەسولاغای مەحمودی ١٨- علی سەرتیپ فاتحی جهانگیری ١٩- حوسێنخانی جەلالی کانی نیاز .

ئەو قارەمانانەی کە لە شەری رزگاری کوردستان شەهید کران:

١ - محەممەدی نانوازادە ٢- خۆشەوی خەلیل بارزانی ٣- وەستابرایمی بەننا ٤- عەبدالله مینە خالند ٥- حەسەن برایماغای بریاجی بێشاسپێ ٦- ئاغاخان هەنارە شکاک ٧- ئەرشەد هەنارە شکاک ٨- کەریم شەری شکاک ٩-خالید جەلالی ١٠- ئەحمەد جەوزی قەرە قشلاخی ١١- حوسێن خالیاغا ١٢-ئەحمەدی وە ستاحەسەنی ١٣- ئەحمەدی خدرشمولە .

ئەو دوو هەڤاڵە لە ژێر ئازارو ئەشکنجەی دەزگای جاسوسی ئێران لە بەندیخانەد اشەهید بوون:١ - مارفی پور زەریف پێشمەرگە ٢- هاشمی هەمزەوی ئەفسەر. ئیستعمار حەزیان بە خوێنی گەشی ئەو هەموو شەهیدانە رازی و تێر نەبوو چەنگی خوێناوی خستە ناو قورگ و گەرووی چوار قارەمان ئەفسەرانی شۆرشگێری حکومەتی میللی و دیموکراتی کوردستان:

١ - محە ممەد مەحمود قودسی ٢- عیزەت عبدالعەزیز ٣- مستەفاخۆشناو ٤- خەیرولا عبدالکەریم. حکوومەتی سەر بەستراوی فەیسەل - نوری سەعیدی خاین شاری قارەمانی سلەیمانی یان بە خوێنی گەشیان سوور کرد و گردی سەیوان تەرمی ئەو شەهیدانەی لە ئامێزی خۆی گرت.

گڕی ئاگری خەبات و تێکۆشانی کوردایەتی و حیزبایەتی نەکوژاوەو هەلیدایەوە. لە ناو ئەو گڕ و ئاگرە بەتینەدا حیزبەکەمان سەر بەرز قارەمانانە قالبوو لە کۆری ئەو ملەو بەر بەرە کانیەدا ئێستا چەندین قوربانی داوە کە پێویست بە بیرەوەرین:

١ - هەڤال ئیستوار رەجەبی خەلکی سنە کە لە پەلاماری دړندانەی حکوومەتی سەر بەستراوەی تاران لە ساڵی ١٣٣٨هێنایە سەر ئەندامانی حیزبمان لە قزلقەلا لە ژێر ئازار و ئەشکنجەی مەئمورەکانی سازمانی ئەمنیەت گیانی سپارد.

٢- هەڤاڵ رەحمان خەلیل سوارە خەڵکی ورمێ (رضائیە) هەر لەو ساڵەدا پاش ئازارێکی زۆر لە قزڵقەڵا لە بەندیخانەی قەسری قاجار شەهید بوو. ٣- هەڤاڵ مەلا رەشید سۆفی عەلی رەحیم گەورە قەلایی لە سالی ١٣٤٠ لە بەندیخانەی شاری سەقز پاش ئازار و ئەشکنجەیەکی زۆر حکوومەتی شای ئیسلام پەنا بە مەندیلەکەی خۆی خنکاندییان و تەرمەکەیان بۆ شەوی دوایی بە خنکاوی بردەوە بۆ خێزان و منداڵەکانی.

هەڤالانی تێکۆشەر و سەر بەرزی ح.د.ک. کە لە ریزی پێشمەرگەیی و گیانبازی حیزبی و بەرێوە بەرایەتی هێزی چەکدار و شۆڕشگێری کوردستان تەواوی گیان و ماڵیان فیداکرد بوو بە دەست دوژمنانی نەتەوەی کورد تێرە باران کران، بەڵام لە کاتی شەهید بوونا دەنگی سرودی نیشتمانی کە لە گەروی وشک و زاماوی ئەوان دەر دەکەوت و یز ە ویزی گوللەی شای تێک پکاند و تەواوی خەڵکی سابلاخی لە خەوی خەفڵەت راپەراند. ئەو پێشەوا و قارەمانانەی کە بە بیر و هەستێکی گەورە رایانگەیاندکە: بیر و باوەری ح.د.ک. زۆر بە تینتر لە ئاگری گوللە و باروت و بومبای دوژمنە، گەلێک بەرزتر لە سێدارەیە زۆر بە هێزتر لە مەرگ و مردنە. جا بۆیە ئەورۆ خوێنی گەشی ئەو شەهیدانە بۆتە گولالەی دەشت و مەزراکانی کوردستان لە سەر لوتکە چیاکانی نیشتمان بۆتە هێزو تین و تاقەت بۆ دڵی خەباتکاران لە ناو رەشە چاڵەکان و زیندانەکانی دوژمن هەر وەها بۆتە مەشغەڵی بیر و باوەری تەواوی ئەندامانی ح..د.ک.و تەواوی کوردی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر.«تاوانی ئەو شەهیدانە چبوو؟ ئایا وەتەن فرۆش بوون؟ ئایا تارانیان فرۆشت بوو یان ٢٠ میلیۆن خەڵکی ئێرانیان بە نەتەوەی کورد و عەرەب و ئازەربایجانەوە لە ژێر نیزامی جەببار و غەداری سەلتەنەت و پاشایەتی هاویشتبوە ژێر پێی ئیستعمار و بە قیمەتی دیلی و یەخسیری ٢٠میلیۆن چەوساوە و بێدەسەلات داوای «ظل اللهی» یان دەکرد ؟

دادگای داتاشراوی نیزامی شا غیرەت و شەهامەتی ئەوەی نەبوو کە بیر وباوەری مرۆڤایەتی و کوردایەتی شەهیدانی نەمر بلاو کاتەوە. چون بیر وباوەری

ئەوان حەقبوو دوژمنی خوێنڕی هەر وەک شەمشەمە کوێرە لەو ڕۆژە دەترسێ لە بیر و قسەی حەقی ئەوان دەسلەمیەوە هەر وشەیەک لەو بابەتەوە وەکو بۆمبایەک بوو بۆن او دلی رەشی دوژمن

حکوومەتی سەربەخۆی کوردستان بۆ هەوەلین کەرەت ئاوات و ئارەزووی خەباتکارانی نەتەوەی کوردی لە کوردستان وەدیهێنا:

کردنەوەی مەکتەب و قوتابخانە بە زمانی کوردی. و دەەرخستنی چاپەمەنی، رۆژنامە وگۆڤاری کوردی بوو بە هۆی بوژاندنەوەی هەست و بیرو باوەری نەتەوایەتی و تیندانی ئاگری خەبات لە ناو دڵ و دەروونی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر. لە پاش ٢٠ساڵ دیکتاتۆری و خوێنمژی حکوومەتی مەرکەزی تاران لە ژێ رسێبەری نیزامی رەش و چەپەڵی «پهلوی» و هیئەتی حاکمەی ئێران بۆ هەوەڵینجار نەتەوەی کورد لە ئێران کەوتە نێو باوەش و ئامێزی دێموکراتی و ئازادی و سەر بەخۆیی. ئەو دیموکراسیە نەتەوایەتیە لە پێش هەموو شتێکدا ئەو مەعنایەی تێدابوو کە: زوڵم و زۆرداری ژاندارم و کار بەدەستە زاڵمەکانی تاران لە بەین چوب وو، سێبەری رەش و چەپەڵی حکوومەتی شایەتی تاران لە سەر کوردستان لا چو بوو. بە زۆری سەر نێزە لاوان و کورانی کوردیان بە « دیلی و سۆغرەیی» نەدەبردە «سەربازی» و گەلی کورد بە نێوی ناحەز و چەوتی «دفاع ازوطن» بە گژ نەتەوەکانی تری ئێراندا نەدەکرا و براکوژی و شەری ناو خۆیی لە ەینچوو عومر و ژیانی رۆڵە کوردەکان لە ڕێگای خزمەت بە فەرهەنگ و معارفی ئیستعماری بە فیرۆ نە دەرۆیی. ژن و پیاوی کورد لیباسێکی نەتەوایەتی کە دەیان هەزا رساڵ لە مەو بەر خوو رەوشتی پێگرتبوو بە دڵنیایی دەبەری دەکرد و بەکاری دەهێنا. خاک و خۆڵ و ئاو و چیا و نیشتمانی خۆشە ویستی خۆی لە خۆی دەزانی و بە تەواوی هەستی دەکرد کە: بە بێ خەفەتی و دڵخورپەیی بە ئازادی لە سەر خاکی کوردستان پیاسە و کار وخەبات دەکا و قانونی زۆرە ملی کاربەدەستانی حکوومەتی تاران لە گۆڕدا نەما. لە لایەن مەئمورینی حکوومەتی چەرمە سەر و ئازار هەلگیرا. لە تەواوی ماوەی ٢٠ساڵ دیکتاتۆری رەزاشادا

www.kerimnisami.com

نەتەوەی کورد لە سەر خاکی کوردستان وەک وەی وابوو کە لە نێو پۆلوی ئاگر،یان بە سەر سەر نێزەوەیە . قازی محەممەد پێشەوا و سەرۆکی حکوومەتی دیموکرات لە کۆبوونەوەیەکی خۆی لە گەڵ پاشای ئێران لە تاران بە ئاشکرادەری بڕی کە:« پیاو هەرچی بچێنێ ئەویش دەدروێتەوە. حکوومەتی مەرکەزی لە ماوەی ٢٠ساڵاندا هەل و فرسەتێکی وا بوو کە دەیتوانی تووی برایەتی و داد پەروەری بە کوردستان وەربکا. بەڵام هەمیشە تووی ناکوکی و زوڵم وزورداری چاند، هەمیشە سەر نێزەی چاند و ئێستاش بەرهەمی هەڵدەگرێتەوە...»

بیرەوەری یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان بۆ لێو بەباری و هەناسە ساردی نیە، بەڵکوو بۆپتەوکردنی هەست و بیر باوەری نەتەوایەتی لە سەر ڕێبازێکی نوێی شۆرشگێرانە لە هەل و فرسەتێکی تازەی دونیای ئەورق دایە کە بۆ گەلی کور دهاتۆتە پێش. بیرو باوەری شەهیدانی ح..د.ک. دەبێ ببێتە هۆی ئەوە کە: بیرو راوێژی ئێمە لە کار و خەباتی نەتەوایەتیدا بێوچان بە تینترو هەنگاوی شۆرشگێرانەی نەتەوەی کورد بە هێز تر و پتەو تر بکا.

ئەو شەهیدانە نەمردوون، نامرن، ئەستێرە گەشی ئاسمانی نیشتمانی دیل و یەخسیری کوردانن کە لە هەموو شەوە زەنگێکی خەباتی ڕزگارکەرانەی زیدی ئیستعمار دە فریای ئێمە دەکەوێ و ڕێگای شانازی ژیان ڕووناک دەکەنەوە. هەر وەکی پێشەوای نەمری کوردستان لە سەعاتی پێنجی سەر لە بەیانی ١٠ی خاکە لێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی لە ژێر پەتی قەنارەدا بەدەنگێکی بەرز گوراندی:

ئەی حکوومەتی گەندەڵی تاران! وامەزانن بە کوشتنی قازی محەممەد بە سەر کوردستاند ائاغایی دەکەن. باش بزانن هەر دڵۆپێک لە خوێنی قازی محەممەد و شەهیدانی کوردستان دەبێتە قازی محەممەدێکی دڵ ڕەق.

شانازی و سەر بەرزی بە گیانبازی شەهیدانی ڕێبازی ئازادی کورد و ڕزگاری کوردستان

شاد بێ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێبازی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

www.kerimbisani.com

نەمری بۆ شەهیدانی شۆرشی پیرۆزی کوردستانی گەرمێن.

شەرەف و سەر بەرزی بۆ خەباتی نەتەوەکەمان و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

خاکە لێوە ١٣٤٤ . کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ئەم بەیاننامەیەش کە پتر بەریز کردنی وشەی بێ ناوەرۆکی سیاسی رش کراوەتەوە، ناتوانێ لە هیچ باریکەوە گۆرانێکی بەرە و باشی لە حیزبی دێموکراتدا پێک بێنێ.

ئەحمەد توفیق کە بارزانی نەمر کرد بووی بە حیزب وپشتی دەگرت، بە پشتیوانی چەکدارانی بزووتنەوەی کوردستانی عیراق نە یارەکانی دەگرێ و دەکوژێ و راویان دەنێ. دوای کۆنگرە سولەیمانی موعینی و سەدیقی ئەنجیری ئەندامانی کومیتەی ناوەندی دژی بۆ چوون وهەلویستی ئەحمەدتوفیق وەدەنگ دێن. سەدیقی ئەنجیری لە گەل برادەرێکی دیکە بۆ چاوپێکەوتنی سەرۆک بارزانی بەرەو بارەگای بارزانی دەکەوێتە رێ و لە(مامەرووتە) میوانی خالیدئاغای حسامی دەبێ و هەر لەوێ بێسەر و شوێن دەچێ.

لە بارەی کوژران و لە بەینچوونی کاک سەدیقی ئەنجیری قسەو باس زۆر کراون و لێک جیاوازن. نە ئەو دەم و نە پاشانیش حیزبی دێموکرات لە سەر ئەم کارەساتە نە هەلوێستی گرت و نە باسیشی هێنا گۆرێ. تەنانەت ئەو کەسانەی کە دوای ئەحمە دتوفیق بە ناوی حیزبی دێموکرات هەلدەسوران و کۆنفرانسیان دەگرت، قەت لەو جنایەتەیان نە کۆلیەوە. زستانی سالی ١٩٦٦ کاتێ لە بلغارستان بووم. دوکتو رقاسملوی شەهید لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم :...« کاکە خەبەرێکی زۆر ناخۆش و سەیر. کاک نوری ئەحمەد تەها لێرە بوو. باسی ئەوەی دەکرد کە چەند مانگ لە مەو بەر لە رایەت بوە. لەوێ توشی بابی سەدیقی ئەنجیری بوە کە لە کورەکەی دەگەرا. پاش ماوەیەک لە سولەیمانی موعینی پرسیوە، سولەیمان گوتوویە: بەلێ ئەنجیری چەندمانگە ونبوە و دیار نیە و ئێمە بۆمان دەرکەوتوە کە ئەحمەدتوفیق لە بەینی بردوە.....»

کا ک حەمەدەمینی سراجی لە نامەیەکدا کە لە ١٩٨٩/١/٦بۆ نووسەری ئەم دێڕانەی نووسیوە دەڵێ : «.... لە هاوینی ١٩٦٦ سێ ڕۆژ دوای ئەوەی کە لە لێوژە بە یەکەوە لە گەڵ کاک سەدیق و سالار و مەلا سەید ڕەحمان و سەعید نانی نیوڕۆمان خوارد و ئەو بۆ دیتنی حەبیب بەرە و قەسر جێگای ڕادیۆی شۆڕش چوو. بوو بە دەنگۆ کە کاک سەدیق نانی نیوەڕۆی بەجێ هێشتوە و نەگەڕاوەتەوە. ماوەیەکی زۆر شایعەیەکی سەیر لەم بارەوە بڵاو دەکرایەوە. پەیگیری و دوا کەوتن بە دوای ئەم ڕوو داوەیەد نیشانیدا دوای ئەوەی حەسەنی برازای ئەحمەدتوفیق لە جەماعەتی ڕادیۆی شۆڕشی دووری خستۆتەوە و بەرە (وەسان)هەڵکشاون. ئیتر سەدیق بە زیندوویی نە دیتراوەتەوە. کاک هەژار ئەگەر لە بیری بێ و حاشای لێ نەکا خۆی ساڵی١٩٧١ باسی چاو پێکەوتنی ئەحمەد و هەرەشە و گوڕەشەی ئەوی کرد کە ئەگەر وابێ ووا بکرێ وەک سەدیقی کە «تۆیاندوە» بەرهەڵستکارانی تریش دەتۆپێنێ. » چەند مانگ دوای بێ شوێن بوونی کاک سەدیق برادەرانی حیزبی شیوعی لاشەیەکی سەر بڕاویان لە چەمدا دۆزیبۆوە کە پێ یان وابوو دەبێ کاک سەدیق بێ...»

- کاک یوسفی ریزوانی کە ماوەیەکی زۆر لە نێو بزووتنەوە و نیزیک لە کۆڕە سیاسیەکانی هەر تک دیوی کوردستان بوە لە نامەیەکدا بە تاریخی ٩٦/٤/١٥ دەنووسێ:«... کاک سەدیقی ئەنجیریان هێنایە عیراق و بە هۆی مام هەژار بانگێشتنیان کرد و بە دەستی حەسەنی ئیسحاقی وزەکی کامل خەڵکی ئاکرێ کە پێشمەرگەیP.D بوو. شەهید کرا. ئەو ئەندامە کارامەیە بۆ هەمیشە لە بیر کرا و لە هیچ حەدیسێک ناوی نەهێنرا. ئەو کە ئەندامی سەرکردایەتی حیزب بوو، لە حیزبیشدا ناوی گوم بووەو لە هیچ لاپەڕەیەکدا باسی نە هاتە ئاراوە.»

- کاک حەسەن ڕستگار ڕۆژی ١٩٨٩/٣/٢٦لە وەڵامی پرسیاری مندا سەبارەت بە سەربردەی سەدیقی ئەنجیری گوتی :«... کە خەبەری ونبوونی سەدیقمان زانی وە دوای کەوتم. چوومە لای خالید حسامی لە ڕادیۆ شۆڕش. چونکە سەدیق لە کن خالیدئاغا نانی نیوە ڕۆی خوارد بوو. خالیدئاغا گوتی :«سەدیق لای من بوە. دوای

www.kerimhisami.com

نانخواردن کتێبێکی وەرگرتوە چوە لەو سەرە بیخوێنێتەوە، ئیتر نە هاتوتەوە. بەڵام ڕاستی نە دەکرد. پاشان بڵاو بۆوە کە حەسەنی برازای عەوڵای ئیسحاقی کوشتویەتی. گۆیا حاسڵ وئەوانیشی لە گەڵ بوە. پێشتر دەمانچەیەک بە حەسەنی برازای عەوڵای ئیسحاقی(ئەحمەد توفیق)بوە کە دەمانچەی مرۆڤێکی بە ڕێز ون اسراوی کورد بوە.» من لێم پرسی ئەو مرۆڤەن اسراوە کێیە، دەیناسم ؟

مەلاحەسەن گوتی :« عەوڵای مام سەعیدیە. جارێک لێشم پرسی ئەو دەمانچەی تۆ بۆ بە حەسەنی ئیسحاقی بوە؟ چرژا، تێکچو، گوتی:(ڕاستە ماوەیەک دابووم بە حەسەنی ئیسحاقی. لە کۆتاییدا مەلاحەسەن گوتی:« بێ شک خالیدی حسامی ئاگای لە کوشتنی سەدیقی ئەنجیری هەیە.»

- لە بارەی بێ سەر و شوێن چوونی سەدیق ئەنجیری مەلا عەوڵای حەسەن زادەش کە تا کۆنگرەی سێ یەمی حیزبی دێموکرات دەروێشێکی مێشک ژەنگاوی ئەحمەدتوفیق بوە و تا نە کراوەتە سکرتێری حیزب قەت باسی ئەم جینایەتەی ئەحمەد توفیقی نە کردوە لە حکایەتەکەی دابە ناوی(نیو سەدە تێکۆشان) چۆن بوە دانی بەم تاوانەدا ناوە و دەنووسێ:«...صدیق انجیری بە نیشانەی نارەزایی لە ڕەفتاری تەکرەوانەی کاک احمدتوفیق لە گوندی(لێوژێ) لە ناوچەی ناودوشت کونجی قەناعەتی گرت و پاش ماوەیەک بە شێوەیەکی گوماناوی!!کوژرا. چەندساڵ پاش کوژرانی صدیق انجیری کاتێک احمدتوفیق و مەلاسەید رەشید لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە رۆیشتن و چوونە نێو دەوڵەتی عیراق احمد توفیق لەلای مەلاسید رشید اعترافی کرد بوو کە صدیق بە دەستوری ئەو و بە دەستی سەید حەسەنی برازای لە رێگای لێوژێ بۆ سوورەبان لە سەرەو ژێری وەسان(سێ گوندن لە ناوچەی ناودەشت و دۆڵی باڵەیان) کوژراوە.(١٥)

نەک هەر ئەو بەڵکوو هیچ یەک لەو کەسانەی کە ئەحمەد توفیق کرد بوونی بە کومیتەی ناوەندی و بە شەریکە تاوان. پاش رۆیشتنی ئەحمەد توفیقیش لەم جینایەتەیان نە کۆڵیوەتەوە و هەر باسیشیان نە کردوە.

- کاک سەعید کوێستانی لە نامەیەکدا ١٩٨٩/١/١٥بۆی نووسیبووم دەڵێ: «...

هاوینی١٩٦٦ بۆ مەسەلەیەکی گرنگی دەرون حیزبی کە مەبەست پتەوکردنی حیزب و نیزیک بوون لە پارتی بوو، سەفەرێکمان بەرەو لێوژە کە دەفتەری سیاسی پارتی لە وێ بوو رێکخست. لە مامەرووتە شەوێ میوانی کاک خالید حسامی بووین. کاک سەدیقی ئەنجیری دەبوایە بمێنێتەوە چونکە بەیانی قەرار بوو بچێتە لای مستەفا بارزانی بۆ هێندێ وتووێژ لە مەر وەزعی حیزب کە پێکهاتبوو. قەرار بوو کاک سەدیق پاش دیتنی بارزانی بگەڕێتەوە بۆ دەربەند. بەڵام تاسێ رۆژ خەبەرێکی نەبوو. من دوای سێ دۆژ چوومە (مامەرووتە)لای کاک خالید حسامی و پرسیاری کاک سەدیق ئەنجیریم کرد. وەڵامی دامەوە کە چۆتە لای بارزانی هاتۆتەوە ئێرە و نەهاری خواردوەو کیسەم بۆ پڕ کردوە لە توتن و رۆیشتوە. پاش چەند رۆژ جارێکی دیکە چوومەوە بۆ پرسیار. ئەو جار قسەکەی پێشووی لە بیرنە مابوو گوتی، کاک سەدیق لیباسەکانی خۆی لە سەر چۆمی شوشت و گوتی: سەفەرێکی دوورم لە پێشەو زۆرم پێدەچێ، زۆرم نان بۆ دانێ. بە هەر حاڵ کاک سەدیق لە مامەرووتە سەری تێدا چوو. تەنیا کاک خالید دەزانی قاتڵی کاک سەدیق کێ یە. پاش ماوەیەک برادەرانی حیزبی شیوعی لە چۆمی نێوان گەڵاڵەو دەرگەڵە کەلاکێکی بێ سەریان دیتبۆوە لە نێوو نیشانەکانی دەرکەوت کە دەبێ کاک سەدیق بێ کوژرا بێ. کاکە گیان ئەوە گۆشەیەکی پچوک لە بە سەرهاتی کاک سەدیق. هیوا دارم ببێتە مایەی ئەوە کە شتێکی لە سەر بنووسی و یادێکی لێ بکەی.»

دوای بێ سەر و شوێنبوونی سەدیقی ئەنجیری هەر وەک باسکرا لە نێوان کومیتەی ناوەندی هەڵبژێراوی کۆنگرەی دووەم ناکۆکی توندتر دەبێ. ئەحمەدتوفیق وەک زیز بوون لێیان دوور دەکەوێتەوە و دەچێ لە شێخان دادەنیشێ. توند بوونی ناکۆکی نێوان ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە نامەیەدا پتر خۆ دەنوێنێ کە شەهید سولەیمانی موعینی (یەکی رەزبەری ١٣٤٤ی هەتاوی -٦٥/٩/٢٣ز .بۆ نووسەری ئەم دێڕانەی ناردوە. کاک سولەیمان دەنووسێ: «....وەزعی ناو خۆشمان دیارە باشە ئەمما دیسان ماو مانە. چونکو سەرە خەر و پیاوی کەڵە و لێکەوتوو و خۆ بێن هەرماون کە دەیانەوێ وەک رابردوو بە بێ مەقسەد لێ خورن لغاو هەڵناگرن ئەمما

هەرچی دەکەن بۆ هەر جێگایەک دەڕۆن، یا وەک کەری غەریب سەر لە هەر دەرگایەک دەنێن لغاویان بۆ حازر کراوە. لوشکان داوێن، ئەمما لمبۆزی مبارەکیان شکاوە، بڕەم بڕەم و بگرەو دەرکەی جاران نەماوە، ماخولیابوون و پەکیان کەوتوە، لە حاڵی دەستەو ئەژنۆ دانیشتن دان و بەو زوانە یخدە خۆن...»(١١)

لە لایەکی دیکەوە ئەو روناک بیر و ئەندامانەی حیزب کە ناتوانن لە گەڵ سیاسەت وکەدەوەکانی ئەحمەد توفیق هاودەنگ بن، لێک کۆ دەبنەوە و **کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان** دادەمەزرێنن.

« ..... بەخۆشی یەوە ئەو رۆژانە کۆ بووینەوە بە نێوی(**کومیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان**)شتێکمان پێکهێنا و بە سەرکەوتویی یەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا. خوا لە «پاراستن» بمانپارێزێ زۆر شت هەیە دەبێ بیزانی و بە نامە ناکرێ. کومیتەکەمان لە حەوت کەس لە کوڕە باشەکان پێکهاتوە کە ناکرێ لە بەر نە بوونی ئەمنیەت نێویان بنووسرێ تا بۆ خۆت دێی و بە تێکرایی چاومان پێک دەکەوێت. زۆر بە شەخسی تۆ هیوا دارین و بە تەواوی لە سەرت ساخ بووینەتەوە و حیسابت لە سەر دەکەین. لە سەر کاک رەحمانی قاسملو زۆرمان قسە کردوە.بە بڵاو کردنەوەی قسەکانی ئەحمە دتوفیق کە دەڵێ ناو براو گیراوە و دۆڕاوە، هێندێک وەزعی ناو براو بۆ ئێمە تاریکە. هیوا دارین بە تەحقیقاتی زیاتر بە هەموو لایەکمان ئەو مەسەلە روون کەینەوە دیارە نەزەری تۆ بۆ ئێمە لە سەر ناو براو گرنگە. هیوا دارین بێ تعصب لەو بارەوە تەحقیقات بکەی و نەزەری خۆتمان پێ رابگەیێنی، دوایی بڕیاری خۆمان دەدەین. کاکە گیان پەیکە کە بە پەلەیە و ڕاناوەستێ .بەڵکوو زو و بگەڕێیەوە لە نیزیک باسی تەواوت لە گەڵ بکەین و بڕیار و بەرنامەی کاری خۆمانت لە گەڵ باس بکەین. لە کۆتاییدا سەرکەوتنت ئاواتە خوازین، هیوادارین لە کارەکانماندا بە پشت ئەستوری رەفیقی وەک تۆ سەر کەوتوو بین و هەر وا بە سەر کەوتنی گەلی کورد تەواو بێت.»(١٢)

. هەر چەند لە بارەی پڕۆگرام و سیاسەت و ڕێبازی ئەم کومیتە یە بەڵگە و نووسراوەیەک بە دەستەوە نیە، بەڵام رۆژنامەیەک بەناوی(تیشک) وەک ئۆرگانی

www.Kerimhisami.com

ئەم ڕێکخراوە تازەیە ٣ژمارەی لێ بڵاو دەکرێتەوە. پێکهێنەرانی کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دیموکرات بریتین لە:(حەمەدەمینی سراجی، سمایلی شەریفزادە، سالاری حەیدەری، سەننار مەمەدی، سەعید کویستانی، مەلا ئاوارە، مەلا عبداللە عبداللهی(سەرباز). وا دیارە کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دیموکرات لە لایەک سەبارەت بە دژایەتی ئەحمە دتوفیق لەگەڵیان و چاوەدێری و فشاری کار بە دەستانی بزووتنەوەی کوردستانی عیراق تێکۆشان و مەیدانی چالاکیان فرە تەنگە بەر دەبێ. لە لایەکی تر لە نێو خۆشیاندا یەکدەست و یەک ئامانج و بیرو ڕاو بۆچوون نابن. .چونکە هەر بەدوای پێکهێنانی کومیتەی شۆرشگێڕیدا زۆری پێناچی تەنکەیان تێدەکەوێ

«.... لەو کاتە ناسکە دا نامەیەکی سەنناری مەمەدی هات و نووسرا بوو:لە و بارو دۆخەدا هەڵناکەم و خۆم ساز کردوە دەچمەوە کوردستان بە ڕێکەوت کاک حەمەدەمینی سراجی و کاک سمایلی شەریفزادە و کاک سالاری حەیدەری لە گوندی خەلانێ لە لای ئێمە بوون. دوای قسە لێکردن و راوێژ لە گەڵ یەکتری هاتینە سەر ئەو رایە کە کاک سالاری حەیدەری بچێتە شارۆچکەی سیدەکان لای کاک سەنناری مەمەدی و لەو تەمایەی گرتوویەتی ساردی کاتەوە. نەیەلێت جارێ ئەو سەفەرە بکات. نامەیەکمان نووسی و کاک سالار بەرە و سیدەکان کەوتە رێ. کاک حەمەدەمین و کاک سمایلیش بەرەو جێگای دانیشتنی خۆیان گوندی سونێ گەرانەوە. من کە چاوە ڕوانی گەرانەوەی سالارم دەکرد دوای چەند رۆژێک لە سیدەکانڕا نامەیەکی کە کاک سالاری حەیدەری بۆی نووسیبووم و بۆی نارد بووم بە دەستم گەیشت لە نامەکەدا نووسرابوو: «دوای ئەوەی کاک سەننارم دی و لەو بارەوە قسەمان کرد منیش هاتمە سەر ئەو رایە چیدیکە رانەوەستم و لە گەڵی برۆمەوە. پێم وایە دەبێ لە دێڵەزەرد بدەین و لێی نەترسین. دوژمن بەبرێکی کاغەزیە. »(١٣)

مەبەستی سالار لە دێڵەزەرد شای ئێران بوو. مەبەستی لە بەبری کاغەزیش ، وەبیرهێنانەوەی قسەکانی مائۆتسەتۆنگ بوو. بە کورتی کاک سەننار و کاک سالار

www.kerimhisami.com

بێ مەشوەرەت کردن لە گەڵ ئێمە عەزمیان جەزم کرد بوو بۆ شۆرشێکی چەکدارانە بەرەو کوردستان ڕێگایان داگرتبوو ڕۆیشتبوونەوە. دوای ماوەیەک هەواڵمان بۆ هات کە کاک سەنناری مەمەدی لە تاران دیتراوە و کاک سالاریش لە مەهاباد لە ماڵی خۆیانە...... هەر لەو سەرو بەندەد ابوو مەلا عبدولای سەرباز، واتە عبدولای عبدولاهی ڕۆیشتەوە و چۆوە ماڵێ و نە هاتەوە. ئێستا بەو پێ یە دەبێ بڵێم چوار کەس لەو حەوت کەسەی کومیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان ما بووین..» (١٤)

وەک دەبینین کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دیموکرات هەر لە سەرە تاوە توشی لەنگ و لۆری دەبێ. ئەندامانی دیکەی کومیتەی شۆرشگێری دەیانەوێ جارێ لە ڕێگای کاری سیاسی لەن یو ئاوارەکانی کوردستانی ئێران لە مەڵبەندی ژێر دەسەلاتی بزووتنەوەی کوردستانی خواروو تێکۆشان درێژە پێبدەن. بەلام لە لایەن کاربەدەستانی بزووتنەوەی چەکدار ئەوەندەیان فشار بۆ دێت ناچار دەبن بەبێ ئامادەیی و دەرەتان و لێکدانەوەی بارو دۆخی خۆجێیی و دەرەوە، ڕوو بکەنەوە چیاکانی کوردستانی ئێران.

سالی ١٩٦٧ بۆ ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە ئێران ڕاونرا بوون و پەنایان بۆ کوردستانی عیراق و بۆ ناوچەی ژێر دەسەلاتی بزووتنەوەی چەکداری هێنا بوو، دەکرێ بە ساڵێکی ڕەش و شووم دابنرێت. بە تایبەت بۆ ئەو کەسانە کە ناچنە ژێر باری دیکتاتۆری و ملهوڕی ئەحمەد توفیقەوە. کار بەدەستانی بزووتنەوەی کوردستانی عیراق دەست دەکەن بە ڕاونان و گرتنی کوردە ئێرانیەکانی ئەندامی حیزبی دیموکرات و دەیاندەنەوە بە ئێران.

www.kerimhisami.com

گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێران وتووشبوونی خەباتی چەکداری

شەهید سولەیمانی موعینی کە لە پێشدا هاو کار و هاو دەستی ئەحمەد توفیق و کەسی دووەمی جەرەیانی عبداللە ئیسحاقی بوو، دوای تێکچوونی لە گەڵ ئەحمەدتوفیق دەکەوێتە بەر هەرەشە و مەترسی کاربەدەستانی بزووتنەوەی کوردستانی عیراق و لە ترسی گرتن و تەحویلدانەوەی بە حکوومەتی ئێران لە گەڵ هێندێ لە ئەندامانی حیزب دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئێران. بەر لە هەموو شت بۆ کاری تەبلیغاتی و روونکردنەوەی کۆمەلانی خەلک، گۆڤارێک بە ناوی(رۆژ) وەک ئۆرگانی لقی ٣ ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٦ لاپەڕە دا بەرۆنیۆ بلاو دەکاتەوە. لە سەرلاپەڕەی هەوەلی رۆژنامەکەدا نووسراوە:(یەکێتی ــــ خەبات ــــ سەر بەخۆیی ــــ دێموکراتی)

(کوردستان خۆرادەپسکێنێ و بە سەر هەمو وبەر هەلستێکدا زال ئەبێت)

دروشمی سەرەکی گۆڤاری رۆژ بریتی یە لە:«...بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی نێوان حیزبەکانی شۆرشی و نیشتمانی بەرامبەر بە ئیمپریالیزم و داگیرکەری ئالای خەباتمانە بۆ ئازادیٔ ئێران و پێکهێنانی حکوومەتێکی نیشتمانی و دێموکراتی و دیاری کردنی لانی کەمی مافی نەتەوایەتی و پەرەی ئاشتی و ئاسایش لە جیهان. حاکمیەتی میللی و دێموکراتی ژیانی خۆش و بەختیاری نەتەوەی کورد ئامانج و دروشمی خەباتمانە. خەبات و سەرکەوتنمان بۆ قایم بوونی دۆستایەتی نێوان نەتەوەکانی ئازادیخواز و پشتگری بزووتنەوەی گەلانی ولات داگیر کراو و زیدی ئیمپریالیستی لە سەرانسەری جیهانە.

www.kerimhisami.com

هەر چەند رۆژنامە کە لە بار و دۆخێکی دژوار بە رۆنیۆ بڵاوکراوەتەوە، ناو ئاخنەکەی نیشانی دەدا کە لە لایەن خەڵکەوە پێشوازی لێکراوە و لە شوێنی گرنگی ئەرتەشی ئێران و دەزگا دەوڵەتیەکاندا دەستی هەبوە و بەڵگەی فرە نهێنی ئەرتەشی ئێرانی وە دەست هێناوە کە نیشانی دەدەن حکوومەتی ئێران لە راپەرینی چەکدارانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوتۆتە دڵە راوکەو بە لایەوە مەسەلەیەکی گرنگی رۆژ بوە. ئەمەش لەم تیلگڕام و نووسراوانەدا دەر دەکەوێ کە لە نێوانی فەرماندەکانی لەشکری ئێراندا سەبارەت بە بار و دۆخی کوردستان لە گۆڕینەوەد ابوە و لە ژمارە ١و ژمارە ٣ ی ئوکتۆبری ١٩٦٦ و ژانویەی ١٩٦٧ گۆڤاری (رۆژ)دا بەمجۆرەی خوارەوە بڵاو کراونەوە :

«.... نهێنی لە کرماشانەوە تیمسار فەرماندەی ئەرتەشی یەکەم. بەدوای نووسراوەی ٤٤/٧/١١/١٣٩٨ مەهاباد تیمسار یاریدەدەری ئەرتەشی یەکەم. بە دوای ژمارەی سەرەوەدا، ناردراوی ئەرتەشی یەکەم، بۆ ئاگاداری:

١- لە بارەی چوونی دوو ئەفسەری میسری بۆ پێنجوین. لە بەر دووری لە ناوچەی ئاگاداری لەشکر لێکۆڵینەوەی لە توانا دانیە.

٢- لە بارەی دنەی عبدالناسر لە ناو کوردەکانی ئێران. هەر وەک لە ژمارە___ ١٩٦٥/٤٤/٦/١٤ی رەمز پێت راگەیەنراوە، رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هۆی کۆمونیستەکانی عیراقەوە لە گەڵ دارودەستەی عبدالناسر پێوەندی یان گرتوە و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بانە و سەقز و بۆکان و مەهاباد و سەردەشت و نەغەدە و خانە و ورمێ و دەورو بەری شاپور و خۆی، بە تایبەت لە ناوچەی مەنگوڕان دژی بەرژەوەندی کیشوەری شاهەنشاهی دەبزوونەوە. ناوی ئەو کەسانەی کە تا ئێستا گەیوەتە دەستی جاسوسەکانمان بە هۆی ژمارە - ٧٥١ - ٤٤/٤/٢١/٢ پێشکەش کرا. »

ژمارە ٩٧٦٠ - ٢ /٤٤/٧/٢٦ سەر لەشکر ئەحمەدی، لە لایەن سەرتیپ نەجمی نژاد، لە لایەن سەرۆکی ستادی لەشکری ٤ پیدە، سەرهەنگ ستاد مهام

١- تیپی ١٢ی خانە، بەدوای ژمارە ٩٥٢٧ - ٤٤/٧/٢١/٢ بۆ ئاگاداری

٢- سەرۆکی سازمانی ئەمنیەت وئیتلاعاتی ئازەربایجانی رۆژئاوا بەدوای ژمارە ٤٤/٧/١١/١٣٩٩٨ ناردراو لە لەشکری یەکەمەوە بۆ ئاگاداری.
٣- فەرماندەی ناحیە ١٠ی ئازەربایجانی رۆژ ئاوا، بە دوای ژمارەی سەرەوەدا.»
تێلگرامێکی دیکە: «.... نهێنی و راستەو خۆ، لە لەشکری ٧ وە فەرماندەی تیپی ٢١و٢٠. بە گوێرەی ئاگاداری گەیشتوو رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕیاریان داوە کە ئەفراد و دار و دەستەی حیزبی بە دەستەی جیاوازی پارتیزانی دابەش بکەن و لە سەعاتێکی دیاریکراودا لە تەواوی ناوچە کورد نشینەکان، چەکداران بۆ ناوچەکانی جیاوازی سنووری هەریمی رۆژ ئاوایان بنێرن و پاسگاکانی ژاندارمەری پەلامار بدەن و مەئمورەکان چەک بکەن و لە کاتی بەربەرەکانیدا بیشیان کوژن. مەبەستیان لەو کارە پێکهێنانی ناوچەی ئازاد و قایم و ئاژاوە نانەوەیە لە ئێراندا. گۆیا ئەفرادی حیزبی غەیرە قانونی تودەش هاو کاریان دەکەن. ئەمر بکەن تیپەکانی لەشکر ئاگاداری ووریایی تەواویان هەبێ. لەم بوارەدا توێژینەوەی ئاقلانە بکەن و نەتیجەش رابگەیێنن. ٥٥١٠/٤٤/٨/١٩ سەرتیپ سلحشور.»
تێلگرامێکی دیکە : « .. زۆر بە خێرایی - تاران - بە گوێرەی ئاگاداری لە ناوچەکانی رۆژ ئاوا هێندێ رووداوە قەوماون. هەر ئاگاداریەکی تازە هەرکاتێ پێتان بگات، دەستبەجێ بە مەرکەزی رابگەیێنن. ٢٨٠٢ - ٢٠/ ٤٥/٨/٢٢ سەرهەنگ ئەمجەدی.»

دەکرێ لەچەند بارەوە سەرنجی ئەم تێلگرامانە بدەین کە لەرۆژنامەی رۆژ دا بڵاو کراونەوە.

یەکەم : حکوومەتی ئێران تا ساڵی ١٩٥٩کە رێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات دەکەونە بەر پەلاماری ساواک و سەدان ئەندامی حیزبی دێموکرات دەگیرێن ودەکەونە بەر ئازارو ئەشکنجەو زیندانی دەکرێن، قەت ناوی حیزبی دێموکراتی نە

www.kerimhisami.com

هێناوه. ئەندامانی حیزبی دیموکرات بە تاوانی تودەیی دەگیران وزیندانی دەکران.و حیزبی دیموکراتی بە دەستکردی بێگانە ناودەبرد * بەلام ئێستا ئیتر حیزبی دیموکرات بە هێزێکی مەترسیدار بۆ (کیشوەری شاهەنشاهی) ناو دەبات.

دووهەم – بە درۆ ناوی ئەفسەرانی میسری دێنێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی خەباتی حیزبی دیموکرات بە بێگانەوە بلکێنێ.

سێیەم – ترسی لە خەباتی چەکدارانەی حیزبی دیموکرات لە رادەیەکدایە سەرەرای هاو کاری بزووتنەوەی چەکداریی کوردستانی عیراق، مەڵبەندی کوردستان دەکاتە ناوچەیەکی نیزامی و پادگانی جەڵدیان دەکاتە ناوەندی زیندان و کوشتاری ئازادیخوازانی کورد و فەرماندەی گشتی ژاندارمەری ئێران دەکرێتە بەرپرسی پەلاماردان و لێدانی کوردستانی ئێران.

حکوومەتی ئێران بە ئەرتەش و ژاندارم و هاوکاری بزووتنەوەی چەکداری کوردستانی عیراقیش دڵی ئۆقرە ناگرێ، جاش و زۆڵەکوردان چەکدار دەکات و بە گژ شۆرشگێرانی حیزبی دیموکراتیان دادەکات. سوپەهبد ئووەیسی فەرماندەی گشتی ژاندارمەری ئێران سەرەک عەشیرەت و ئاغا و کوێخاگەلی ناوچە لە پێگەی جەڵدیان کۆ دەکاتەوە و داوایان لێدەکات :

١ پێویستە بۆ لە ناو بردنی (بە قسەی ئەو) چەتەکان و سەقامگرتویی و هێمنایەتی ناوچە، لە گەڵ ئەرتەش و ژاندارمەری هاوکاری بکەن.

٢ – ئەو سەرەک عەشیرەت و ئاغایانەی کە دەوڵەت بڕوایان پێدەکات، دەبێ خۆیان و کوڕ و کەس و کاریان چەک هەڵبگرن و نابێ ئەو چەکەش بدەن بە رەعیەتو زەحمەتکێشان. نابێ بە هیچ جۆر رێگا بدەن (چەتەکان) تخون ئاوەدانی بکەون.

ئەوە نەک هەرحکوومەتی ئێران،بزووتنەوەی کوردی هەمیشە بەدەستکردی بێگانە تاوانبار کردوە، بەڵکوو کۆنە پەرستی نێو حیزبی دیموکراتیش هەمیشە ئەندامانی تێکۆشەر و ژیر و خاوەن بیرو راو بە شەخسیەتیان بە تودەیی ناو بردوە. تەنانەت لەم دواییانەشدا بە تایبەت کە دوکتورقاسملوی شەهید (ئەخلاق و دیموکراسی) هێنا بوە نێو حیزبی دیموکرات، ئەوانەی دەنگیانان دەر بڕیبایەو رەخنەیەکی دڵسۆزانەی بۆ بەرژەوەندی بزووتنەوە و حیزبی دیموکراتی گرتبایە، بە تاوانی لایەنگری لە بیرو باوەری تاقمی حەوت کەسی و بە تودەیی تاوانبار دەکران و باهاسانی لەحیزب دەر دەکران.

www.kerimhisami.com

کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئەندامانی کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هێشتا لە ناوچەی بەروالەت ئازاد کراوی کوردستانی عیراق دەمێننەوە هەول دەدەن بەلکوو سولەیمانی موعینی بگێرنەوە و کارێکی وا نەکرێ کە ژانەسەر و کۆسپ بۆ بزووتنەوەی کوردستانی عیراق سازبێت. بەلام لە بەرانبەر هەست و ویستی سادقانەو دلسۆزانەی ئەندامانی کومیتەی شۆرشگێردا، جگە لەوەی کە بزووتنەوەی چەکداری کوردستان پێشمەرگەیەکی زۆر بۆ کوردستانی ئێران وەدوای سولەیمانی موعینی دەخات کە بە زیندوویی یا مردوویی بیگرن و بیهێننەوە، بە ئەندامانی کومیتەی شۆرشگێریش رادەگەیێنن کە: «...بۆ کوردە ئێرانیەکانی دانیشتووی کوردستانی عیراق تاقە دوو رێگا هەیە: (توانەوە لە ناو شۆرش و دەست لە ئێران هەلگرتن، یا چوونەوە بۆ ئێران و دەست لە عیراق هەلگرتن. دەنا رێگە نادەین ئەوانەی لێرەن بچن لە ئێران حیزبایەتی بکەن.»)* (لەنامەی سراجی بۆنووسەر)

ئەم هەرەشە و پێراگەیاندنە ئەندامان و لایەنگرانی کومیتەی شۆرشگێری دەخاتە مەترسی گرتن و دانەوەیان بە ئێران، بە تایبەت کە وەک باسکرا چەند

---

* بە داخەوە لەو کاتەوە تا ئێستاش کە ئەم دێرانە دەنووسمەوە ئەم سیاسەتە درێژەی لە لایەن هێندێ لە رێبەرانی بزووتنەوەی کوردستانی عیراقەوە دژی ئازادیخوازانی کوردستانی رۆژهەلات بەرێوە دەچێ و بەرژەوەندی نەتەوەیی دەخرێتە ژێر بەرژەوەندی شەخسی و تاقمگەری و حیزبایەتی بەرچاو تەنگ و بە ناوی(کوردایەتی)ش ئەم سیاسەتە چەوتە دە رازێنتەوە.

www.kerimhisami.com

کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات دەگرن و تەحویلی ئێرانیان دەدەنەوە . بە دوای ئەو هەڕەشە و پێڕاگەیاندنەدا ئەندامانی کومیتەی شۆڕشگێڕی لە ناوچەی نیزیک سنووڕ دادەگیرێنەوە خوارێ و لە سەنگە سەر گلیان دەدەنەوە. لە ئاکامدا ناچار دەبن ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بە ترسی بزووتنەوە بەجێ بێلن و ڕوو بکەنەوە چیاکانی کوردستانی ئێران و لە نێو گەلەکەیاندا خەبات بدۆمێنن.

لەو ماوەیەدا لە ناوچەی لاجانی پیرانان، کوڕە جوتیارێکی هەژار ی خەڵکی گوندی (جەڕان)بە ناوی مرادشیرێژ لە دەست زوڵم و زۆری ژاندارمەی حکوومەتی وەگیان دێت و یاغی دەبێ. چەند کەس لە دەوری خۆ کۆ دەکاتەوە و ژانە سەر بۆ کاربەدەستانی دەوڵەتی و ژاندارمە ساز دەکات. لە چەند پێکهەڵپڕژانێکدا لە گەڵ ژاندارمە، کار بەدەستانی دەوڵەتی دەزانن خۆیان مراد شیرێژیان بۆ لە بەین ناچێ. بە گوێرەی سیاسەتی هەمیشەیی دێنە سەر ئەو بڕیارە کە هۆرەی لە خۆی بۆ سازکەن. چەند قوڵە ئاغای وەک حەمەدەمین چیچۆ، مرادی دڕوی، ڕەسووی عبدالصمد و ڕەسووی خەراپە و ئارەحمانی شێلمجاڕان چەکدار دەکەن و وە دوای مراد شیرێژیان دەخەن. ئەو خۆ فرۆشانە بە بیانووی ڕاونانی مرادشیرێژ دەست دەکەن بە ڕاو و ڕووت و ئازاری دێهاتیەکان و لە ژاندارم خەراپتر ئاگر دەکەنەوە.

کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکرات پاش ئەوەی لە گەڵ سولەیمانی موعینی یەک دەگرنەوە، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردستانی ئێران لە پەرش وبڵاوی ڕزگار بکەن و لە ژێر ڕێبەرایەتی و ناوەندێکدا کۆی کەنەوە و تەبلیغاتی ڕێژیمی ئێرانیش لە بارەی بوختانی (چەتە و ئەشرار) بەبزووتنەوەی کورد پوچەڵ کەنەوە، مرادشیرێژ و تاقمەکەشی رادەکێشنە ژێر کۆنترۆڵ و لە کۆبوونەوەیەکی بەریندا « «...بیست و یەک کەس بۆ ڕێبەرایەتی بزووتنەوە هەڵدە بژێرن و بڕیار دەدەن تا پێکهێنانی کۆنگرەی سێ یەمی حیزب، لە جیاتی ناوی (حیزبی دێموکرات) بە ناوی (کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان) خەبات درێژ پێبدەن. »*

---

* لەبارەی مراد شیرێژەوە زۆر قسە کراوە. چونکە ئاگاداری تەواوم بەدەستەوە نیە، ناتوانم زیاتر باسی بکەم. بەڵام هیوادارم ئەوانەی لەمەسەلەی مراد شیرێژ ئاگادارن، نەهێلن خەباتی کوڕە جوتیارێکی کورد هەروا بێدەنگ وناو پوش بەسەر بکرێ.

www.kerimhisami.com

سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە سێ کەس لە ڕێبەرانی کومیتەی شۆرشگێری(سولەیمانی موعینی و حەمەدەمینی سراجی و سمایلی شەریفزادە) هەریەک بە جیاو بە گوێرەی دەرفەت و دەرەتانیان نامە بۆ ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێران دەنووسن و لە گەڵ ڕوونکردنەوە بار دۆخی وڵات وهەل و مەرجی خەبات داوای هاو کاری و پشتیوانی لە حیزبی تودە دەکەن. ڕۆژنامەکانی(ڕۆژ وتیشک) یش بۆ ڕێبەرایەتی حیزبی تودە دەنێرن. لە ئەنجامی نامە نووسین و پێوەندیدا، ڕێبەرایەتی حیزبی تودە دێتە سەر ئەو بڕیارە کە لە نیزیکەوە پێوەندی یان لە گەڵ بگرێ و لە بارەی هاوکاری و چۆنیەتی خەبات و هەڤاڵبەندی وتو وێژیان لە گەڵ بکات.لە ئەنجامدا ڕۆژی ١٩٦٨/٢/٢٩ لە بەغدا کۆبوونەوەیەک لە لایەن دوکتور ڕادمنیش سکرتێری حیزبی تودە و دوکتور قاسملو و سولەیمانی موعینی، حەمەدەمینی سراجی و کەریمی حسامی پێک دێت. لە سەرەتاوە سولەیمانی موعینی دەڵێ :»پێم خۆشە بزانم دەستەی نوێنەرایەتی لە هەر تک لاوە کێن؟ ئەوەندەی پێوەندی بە کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دیموکراتەوە هەیە، کاک کەریم و کاک حەمەدەمین و من بەشدارین. * پێم خۆشە دوکتورڕادمنیش نوێنەری خۆیان بڵێ. دوکتورقاسملو ڕوو دەکاتە سولەیمان ودەپرسێ:» کاک سولەیمان باشترە ئێمە لە سەر یەکتر ڕون بینەوە. پێم خۆشە بزانم ئێستا بیرو ڕات لە بارەی منەوە چۆنە؟

کاک سولەیمان دەڵێ: « پاش دیتنی کاک کەریم لە سەر تۆ هیچم نیە.بۆم ڕوون بۆتەوە ئەوەی لە سەر تۆ گوتراوە هەو نەبوە.

دوکتور ڕادمنیش دەڵێ: »لە لایەن حیزبی تودەی ئێرانەوە من و دوکتور قاسملو ئەو الێرە ئامادەین .»

پاش چوار ڕۆژ ئاخافتن و باس و لێکۆلینەوە بە تێکرایی دەنگ لە سەر بڵاو

---

*هەر ک گەراینەوە و برادەرانمان گرتەوە کۆبوونەوەیەکمان پێکهێنا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و دارشتنی پلاتفۆرمی کار. بۆ بەڕیوەبەرایەتی ٢١کەس دیاری کران کە لە وانە یەکیان ئێوەن..» نامەی حەمەدەمینی سراجی بۆ نووسەر.(١٦)

کردنەوەی ئەم بەیاننامەی خوارەوە ساغ بوونەوە:

«.. لە سەرەتای مانگی فیوریەی ١٩٦٨ کۆبوونەوەی راوێژی دەستەی نوێنەرایەتی بیرۆی سیاسی حیزبی تودەی ئێران و کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهات. چەند رۆژ درێژەی هەبوو. پاش گۆرینەوەی بیروڕاو و تووێژی بەردەوام لە بارەی گشت مەسەلەکانی بەر چاو، کۆبوونەوە گەیشتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:-

١ - لە بارەی رێبازی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

نوێنەرانی کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە درێژی رێبازی سیاسی ئەو حیزبە و جولانەوەی چەکداری کە دەست پێکراوە، روونیان کردەوە. پاش دەربرینی بیروڕای بەشداربوەکانی کۆبوونەوە دەرکەوت کە لە هێڵی بنچینەیی رێبازی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی تودەی ئێراندا هیچ ناتەبایی یەک نی یە. ئەم هێڵانە بەمجۆرەی خوارەوە کورت دەکرێنەوە:

ئەلف - ح. ت. ا و ح. د. ک بزووتنەوەی خەلکی کورد لە کوردستانی ئێران بە بە شێک لە بزووتنەوەی گشتی گەلانی ئێران دەزانن. ح. د. ک خەباتی تێکڕایی گەلانی ئێران دژی ئیمپریالیزم و رێژیمی دژی دێموکراتی و دژی گەلیی شا بە ئامانجی بنگەهی خۆی دەزانێ.

ب - ح. ت. ا و ح. د. ک بزووتنەوەی میللی گەلی کورد بە بەشێکی جیا نەبۆوەی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلانی ئێران دەزانن. رماندی رێژیمی کۆنە پەرستی شاو دابینکردنی دێموکراسی و مافی ئینسانی بۆ هەموو خەلکی ئێران ئامانجی هاو بەشی هەر تک حیزبە.

ج - هەر تک حیزب لە سەر ئەو باوەرەن کە گەلی کورد مافی خۆیەتی وەک هەموو گەلانی ئێران چارە نووسی خۆی بە دەستی خۆی دیاری بکا. دروشمی میللی ح. د. ک بریتی یە لە: دابینکردنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، لە سنووری چوار چێوەی ولاتی ئێراندا. ئەو ئامانجە بە شکلی ئیتحادی داخوازانەی گەلانی ئێران لە پێکهێنانی یەک دەولەت دا(اتحادفدراتیو)

www.kerimhisami.com

خۆ دەنوێنێ.

د - هەر تک حیزب لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە کوردستانی ئێراندا وەرزێران هێزی گرنگی شۆرشن. هیچ جولانەوەیەک لە کوردستان بە بێ بەرز کردنەوەی دروشمی روون و ئاشکرا بە قازانجی ورزێران ناتوانێ سەر بکەوێ. تەنیا بە راکێشانی وەرزێران و زەحمەتکێشانی دیکەی کوردستان بۆ لای شۆرش، دەکرێ قوڵتر بکرێ و جولانەوەی میللی بکرێ بە بزووتنەوەیەکی بەرینی دێموکراتی کۆمەلایەتی. بۆ ئەو ئامانجە پێویستە دروشمی روون بۆ وەرزێران بە گوێرەی بارودۆخی هەر ناوچەیەک، لە دابەشکردنی زەوی یەوە بگرە تا نەدانی قیستی زەوی و ئیجارە بەرز بکرێتەوە.

٢ - لە بارەی راپەرینی چەکدارانە :

هەر تک حیزب لە سەر ئەو باوەرەن کە بزووتنەوەی چەکداریی ئێستا کە لە کوردستانی ئێران ساز بوە، ئەنجامی فشاری کۆنەپەرستی ئێرانە بۆ سەر گەلی کورد و سەر کوتکردنی هەموو چەشنە خۆ نواندنێکە بۆ بەرگری لە مافی میللی و دیموکراتی گەلانی ئێران. هەر تک حیزب ئەم راپەرینە چەکداری یە بە هەنگاوێکی بەسەر دابراویی دەزانن و بە کارێکی لە باری دادەنێن و دەستخۆشانە لەو هاورێیانە دەکەن کە توانیویانە هەلوێست و بزووتنەوەی چەکدارانە بپارێزن. بە لە بەر چاو گرتنی هەل و مەرجی ئێستا، ئامانج بریتی یە لە: پاراستنی ئەم بزووتنەوە چەکداری یە ، بە هێزک ردنی سیاسی و رێکخراوەیی ئەو، پەروەردەکردنی کادر و ئامادەکردنی زەمینەی فیکری لە نێو خەلکی کوردستانی ئێران و سەرانسەری ئێراندا بۆ پەرە پێدانی ئەو بۆ ناوچەکانی تری کوردستانی ئێران و ئێران بە چەشنی گشتی. سەرەرای بارو دۆخی بابەتی و شۆرشگێری ب بۆ ئەو کارە پێویستە رێکخراوەکانی حیزبی لە کوردستان زیندوو بکرێنەوە و بە هێزبکرێن. لە شارەکانیش بنکە و رێکخراوی حیزبی پێک بێن، ئەو دەم دەکرێ وردە وردە و بە بێ شێواوی خەباتی چەکدارانە پەرە پێ بدرێ.

www.kerimbisani.com

٣ - لە بارەی شکلی ڕێکخستنی تێکۆشان لە کوردستان :

ئەلف - هەر تک لا ڕێک کەوتن کە لە کوردستان بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەبات بکرێ و ڕێکخراوەکانی ئەو حیزبە زیندوو بکرێنەوە.

ب - هەر تک حیزب لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە چوار چێوەی وڵاتی ئێراندا هەموو ڕێکخراوە مارکسیستی یەکان لە حیزبی چینی کرێکاری ئێران، حیزبی تودەدا کۆ ببنەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە بارەی ڕێکخراوەیی و سیاسی و فکری دەبێ بۆ ئەم یەکێتی یە خۆی ئامادە بکات. بە لە بەر چاوگرتنی هەل و مەرجی ئێستا لە کوردستان پێویستە لە پلەی یەکەمدا ڕێبەرایەتی مارکسیستی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دابین بکرێ. پاشان وردە وردە بکرێ بە حیزبێکی مارکسیستی بە بەرنامەیەکی مارکسیستی یەوە.

ج - دەستەی ڕێبەرایەتی ح. د. ک ڕایگەیاند کە مەسەلەی یەکێتی ڕێکخستنی حیزبی سەرانسەری ئێران لە هەوەڵین کۆنفرانس و کۆنگرەی خۆیدا دێنێتە گۆڕێ و تێدەکۆشێ کە هاودەنگی کۆنفرانس یان کۆنگرە بۆ ئەنجامی ئەم یەکێتی یە وەدەست بێنێ.

د - بڕیار درا ڕۆژنامەی کوردستان جارێ هەر وا بە شێوەی پێشوو لە ئوڕوپا بڵاو بکرێتەوە.

ه - تا ئەو کاتەی کە یەکێتی ڕێکخراوەیی پێک نەهاتوە، هەرتک لا ڕێک کەوتن لە بارەی هەموو هەنگاوە سیاسی یە گرنگەکان کە پێوەندی یان بە بزووتنەوەی خەڵکی کوردەوە هەبێ و هەر پێوەندی یەکی لەو بارەوە لە گەڵ هێزا ڕێکخراوە سیاسی یەکانی دەرەوە و ژوورەوە دەگیرێ پێکەوە ڕاوێژبکەن و بۆ هەنگاو نان و پێوەندیی ئاوا ڕێک کەون

و - هەر تک لا ڕێک کەوتن هەل و مەرجێک پێک بێنن کە پێوەندی بەردەوام و ڕێک و پێک لە بەینیاندا بە ر قەرار بێ.

٤ - لە بارەی داخوازی یەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان :

١ - دەستەی نوێنەرایەتی ح. د. ک. داوا لە حیزبی تودە دەکات کە:

www.kerimhisami.com

ئەلف – بۆ پەروەردەی کادرلە کوردستان یارمەتی پێویست بکا و بۆ فێر کردنی رێ و شوێنی کاری رێکخستن و پەروەردەی سیاسی کلاسی ماوە کورت (یەک مانگەو دوو مانگە) لە کوردستانی ئێران و یا عیراق ساز بکرێ.

ب – هێندێ لە هاوری یانی کورد بۆ پەروەردەی نیزامی و فەننی بۆ ماوەی سێ تا چوار مانگ بۆ دەرەوە بنێردرێن.

د – هەموو ساڵێ هێندێ خوێندکاری کورد (نیزیکەی پێنج کەس) بۆ خوێندن بنێردرێنە ولاتانی سۆسیالیستی.

– بۆ ئامادە کردنی ئەو شتانەی کە بۆ هەل و مەرجی ئێستا پێویستن، بۆ پاراستنی بزووتنەوەی چەکدارانە لە کوردستانی ئێران بۆ چەک و تەقەمەنی هەنگاو بهاوێژرێ.

– رادیۆی پەیکی ئێران سەرنج بداتە بزووتنەوەی چەکداریی گەلی کورد بە تایبەت لە بەرنامەی کوردیدا ئامانج و درۆشمەکانی ئەو جولانەوەیە بلاو بکاتەوە و گەلانی ئێران وریا بکاتەوەو تەبلیغاتی کۆنە پەرستی ئێران و ئیمپریالیزم پوچ کاتەوە.

– یارمەتیەکی مالی بە ح. د. ک. بکرێ، و بۆ داهاتووش یارمەتی بەر دەوام و رێک و پێک لە بەر چاو بگیرێ. ویستی ح. د. ک ئەوەیە پێویستە ئەو پەری یارمەتی بکرێ بۆ ئەوەی لە پلەی یەکەمدا وەزعی کادرەکان و خاو و خێزانی گیراوەکان و پێشمەرگە رێک و پێک بکرێ. لە گەڵ پەرە گرتنی جولانەوە یارمەتی مادیش پەرە پێبدرێ.» (ئەم بەیاننامەیە لەبەرگی ٣ بیرەوەری یەکانی نووسەر وەرگیراوە.)

بە داخەوە نێوەرۆکی ئەم بەیاننامەیە هەر لە سەر کاغەز مایەوە. دوو بەرەکی و کێشە و هەرای نێو خۆی رێبەرایەتی حیزبی تودە، رێگای ئەوەی نەدەدا کە یارمەتی بە بزووتنەوەیەکی چەکداری بکرێ لە کوردستانی ئێران. یان ئەگەر وردد تر روونی کەینەوە، رێبەرایەتی حیزبی تودە خەسلەتی شۆرشگێری و وزەی خەباتی شۆرشگێری لە باراندا نە بوو. هەر بیریشیان لە مەسەلەیەکی ئاوا نەدە

www.kerimhisami.com

کردەوە. لە کۆبوونەوەی بەغدا دوکتۆر قاسملوو هەولی دا کە ئەو رۆژنامەیە هەر لە ئوروپا وەک ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بلاو بکرێتەوە. حەمەدەمینی سراجی و سولەیمانی موعینی و کەریمی حسامی وتەنانەت دوکتور رادمەنیش-ش دژی ئەوە بوون. نە دەکرا حیزبی دیموکرات لە کوردستان و دوو کەس لە ئوروپا ئورگانی حیزب بلاو بکەنەوە. ئەو کارەی کە عەلی گەلاوێژ و دوکتور رەحیمی قازی لە باکۆ دەیان کرد. *

ئەوەی رێبەرایەتی حیزبی تودە لە دەستی دەهات و دەیکرد، بە قەولی شەهید حەسەنی قزلجی، راوی سەر کاغەز بوو، بۆ مێژوو دەبێ بگوترێ کە ئەوەشیان ئەنجامدا کە لە جێی خۆیدا باسی دەکرێ

پاش کۆبوونەوە سکرتێری حیزبی تودەی ئێران یارمەتی یەکی مادی پێشکێش

---

*رێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێران لە ژێر تەئسیری بزووتنەوەی چەکداری کوردستانی عیراق، تەکانی لە خۆدەدا کە ئەویش مەسەلەی کورد بێنێتە گۆڕێ. هەموو هەوڵ و تەقەلاشیان ئەوە بوو کە بەهۆی دوکتور رەحیمی قازی و دوکتور عەلی گەلاوێژ و دوکتور قاسملوو لە ئوروپا یەکێتی رێکخراوەیی حیزبی تودە و حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک بێنن، وەک لە گەڵ فیرقەی ئازەربایجان پێکیان هێنابوو. دیارە کەریمی حسامی و حەسەنی قزلجی ــــ شیان بۆ ئەم مەبەستە وەک زاپاس لە بەر چاو گرتبوو. یەک دوو جار کەریمی حسامی و حەسەنی قزلجی یان لە بولغارستانەوە بردە پراک لە چێکوسلۆڤاکیا. عەلی گەلاوێژ یشیان لە باکووە هێنا بوو، دوکتور قاسملوش هەر لە پراک بوو کە باسی مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران بکەین. ئاخرە کەی هاتینە سەر ئەو رایە کە رۆژنامەیەکی کوردی لە ئوروپا دەر بکەین. ئەوان دەیانگوت:« رۆژنامەکە ناوی(مەردوم) بێ بەکوردی. ئێمەش دەمانگوت بە ناوی (کوردستان) دەربچێ. پاش باسێکی زۆر بریار درا کە(کوردستان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە) دەربچێ حیزبی تودە موخاریجی چاپ و بلاو کردنەوە وە ئەستۆ بگرێ. دوکتور قاسملو بە سەر نووسەری رۆژنامە و ئەردەشیبسی ئاوانسیانیش کە ئەندامی بیرۆی سیاسی حیزبە تودە بوو، بە بەر پرسی سیاسی رۆژنامەکە دیاری کرا کە یەک وشەی کوردی نەدەزانی. عەلی گەلاوێژ هەر لە بەر ئەوەی کە دوکتور قاسملو بە سەر نووسەر دیاری کرا، هاوکاری نەکرد. رۆژنامەی کوردستان بە یارمەتی قاسملو، حەسەنی قزلجی و کەریمی حسامی، ٢٦ ژمارەی لێ دەر چوو. کاک محەممەدی موهتەدی لە بواری نووسین و کاری تەکنیکیش یارمەتی کردوە. پێداچوونەوە

www.kerimbisarani.com

بە سولەیمان و حەمەدەمین دەکات. بریار درا ئەوان بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. ئەوان دەچنە سلیمانی و تا ڕۆیشتن لە وێ جێگا و شوێنی ئەمین و دڵنیایان لە لایەن برادەرانی حیزبی کۆمونیستەوە بۆ دابین دەکرێ و ماوەیەک لە وێ دەمێننەوە. ژن و منداڵی کاک سولەیمانی موعینی لە سەنگەسەر دەمێننەوە و حەسۆ میرخان ڕێگایان نا دات لە سەنگەسەر وەدەر کەون و بچنەوە لای مێردیان. کاک سولەیمان نامەیەک بۆ خوالێخۆشبوو کاک ئیدریس بارزانی دەنووسێ و داوا دەکات، ڕێگای ژن و منداڵی بدەن بچنەوە لای ئەو. لەو ماوەیەدا کە چاوەڕوانی وەڵامی نامەکە و هاتنی ژن و منداڵی دەبێ، کاک حەمەدەمینی سیراجی بە پێچەوانەی بریاری کۆبوونەوەی بەغدا کە بریار درا بوو لە گەڵ مائۆییستە ئێرانیەکانی لای مام جەلال لە بەکرە جۆ پێوەندی نەگرن، دەچێ پێوەندی یان لە گەڵ دەگرێ و یەکیش لەوان بە ناوی (کورشی لاشایی)کە پاشان چۆوە تاران و بوو بە هەڵسوڕێنەرێکی ساواک) لە گەڵ خۆی دەباتەوە کوردستان. ماوەیەک دوای گەرانەوەی حەمەدەمینی سراجی،سولەیمانی موعینی-ش لە گەڵ خەلیل شەوباشی کادری حیزب فریوی قالەتەگەرانی دەخواو بەرەو کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە. هەر چەندە برادەرانی حیزبی کۆمونیست ئامۆژگاری دەکەن کە قالە تەگەرانی جێگای بڕوا نیە و لە گەڵ ئەو نەڕوات، بەڵام سولەیمان ناوبراو وەک چاو ساخ و یاریدەری ڕێگا لە گەڵ خۆی دەبا و دەکەوێتەڕێ. ئەویش سولەیمان دەبا تەحویلی سەدیق ئەفەندی دەدا. ناوبراو دەیانگرێ و بە دەست بەستراوی هەرتکان دەینێرێ بۆ بارەگای بارزانی . لە وێ ٢٠/٥/١٩٦٨بە پێچەوانەی هەموو داب و شوێنێکی ئینسانی هەر دووکیان دەکوژرێن. خەلیل شەوباش شرتو گوم دەکرێ و تەرمی سولەیمانیش دەدەنەوە بە حکومەتی ئێران و بە هێلیکۆپتەر بە شاراندا دەیگێڕن و ڕۆژی ٢٢/٥/٩٦٨ دەیبەنە مەهاباد و بە خەڵکی نیشان دەدەن.

ڕاپەڕینی چەکدارانەی کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر چەندە ١٨ مانگ لە بەرانبەر هێرشی بە ربلاو و درندانەی حکوومەتی ئێراندا خۆی ڕادەگرێ و ئەو دورگە ئارامە دەشلەقێنێ کە شای ئێران شانازی پێوە

www.kerimbisani.com

دەکرد، بەڵام سەبارەت بە بارو دۆخی نا لە باری خۆ جێیی و دەرەوە و نە بوونی پشتیوان و یارمەتی و بەر تەنگیی مەودا و و ناوچەی راپەڕین و گەلێک هۆی بابەتی دیکە تووشی شکان دێت. رێبەرانی ناسراو و چالاکی بزووتنەوە، وەک مەلا ئاوارە، سمایلی شەریفزادە، سولەیمان و عەولای موعینی، سەید فەتاح و گەلێک لە تێکۆشەرانی دیکە شەهید دەکرێن.

کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران لە مانگی نوامبری ١٩٦٨دا نامەیەک بۆ تەواوی حیزب ورێکخراوە دێموکراتیەکانی جیهان دەنووسێ و داوایان لێدەکات دژی جنایەتی حکوومەتی ئێران لە کوشتاری ئازادیخوازانی کورد دەنگی بێزاری خۆیان بەرز کەنەوە .

. بە دوای بڵاو بوونەوەی نامەی حیزبی تودەی ئێراندا، هەر چەند نەناوی حیزبی دێموکراتی تێدا هاتبو، ونەباسی کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکرات کرابوو، زۆر لە حیزب و رێکخراوە دێموکراتیەکانی جیهان لە بەیاننامە و بڵاوۆک و رۆژنامەکانی خۆیاندا دژی هێرشی ئەرتەش و ژاندارمەی حکوومەتی تاران بۆ سەر کوردستانی ئێران و گرتن و کوشتاری ئازادیخوازانی کورد دەنگی ئیعتراز و بێزاری خۆیان بەرز کرد بۆوە.

ئەنجومەنی هاو دەردی و یارمەتی بە گەلان لە پاریس بە بۆنەی هێرش و کوشتاری حکوومەتی ئێران لە کوردستان نامەی خوارەوە بۆ {کومیسیۆنی مافی مرۆڤ لە کۆری نەتەوە یەککگرتوەکان} دەنێرێ: «..... نیيورک، بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان.١٩٦٩/٤/٩. جەنابی سەرۆکی کومیسیۆن !

ئەنجومەنی ئێمە لە وەزعی یەکجار زۆر ناخۆشی گەلی کوردستانی ئێران لەو دواییە د ائاگادار بوە. بە تایبەتی کە دەزانین ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان ئەویش نە یەکجار بەدەست ژاندارم و سەر بازی ئێرانی کوژراون. ئەو زوڵم و زۆری دەهەموو کوردستانی ئێرانی تەنیوەتەوە. چونکە هێزێکی زۆری لەشکر و ژاندارم بۆ سەر کوتکردنی کوردەکان بۆ ئەو ناوچەیە ناردراوە. هەر وەها سەرنجی ئێوە ب زیندانی کردنی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان رادەکێشین. ژمارەی دروستی

گیراوەکان لە وەزعی ئیمرۆ دا بۆ ئێمە روون نیە.بەڵام وەزعی ژیانیان لە بەندیخانەدا زۆر جێی نیگەرانیە.

جەنابی سەرۆک! بۆ خاتری بەشەر دۆستی و رێز گرتن لە مافە ئەساسیەکانی ئینسان داواتان لێدەکەین کە ئەم راستیە بە ئەندامانی بەشداری نەتەوە یەکگرتوەکان را بگەیێنن بۆ ئەوە کە لە لای کار بەدەستانی ئێران کارێکی وا بکەن کە گەلی کوردستانی ئێران هەرچی زووتر لەو زۆرداری یە رزگاری بێت. جەنابی سەرۆک! هیواداریین کە داخوازی ئێمە قبوڵ بکەن و لە هەموو توانای خۆتان بۆ پێشگری لە زۆر داری دەوڵەتی ئێران لە کوردستان بە کار بێنن. ئیحترامی بەرزی خۆمان پێشکێش دەکەین.» پاریس.سکرتێری گشتی، کلۆد بوس شەن. (١٧)

پاش شکانی بزووتنەوە لە نێوان خەباتگێرانی بزووتنەوەدا نا کۆکی پەیدا دەبێ. هێندێکیان دەچنە لای مام جەلال و لە بەکرە جۆ دەگیرسێنەوە. هێندێکی دیکەیان دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردستانی عیراق. ئەوانیش هێندێکیان چەک دەکەن و حەوت کەسیشیان کە بە دەستەی سالح لاجانی ناسرا بون، دەگرن و دەیاندەنەوە بە حکوومەتی ئێران و لە پێگەی نیزامی جەڵدیان ئیعدام دەکرێن. دانەوەی ئازادیخوازانی کوردی کوردستانی ئێران بە حکوومەت ئێران، یەکێک لەو کارە ناحەز و چەپەڵانەی کار بەدەستانی بزووتنەوەی ١٩٦١ی کوردستانی عیراق بوو کە وەک خاڵێکی رەش لە مێژووی ئەو بزووتنەوەیەدا تۆمار دەکرێ. «... لە شۆرشی ئەیلولدا چەند هەڵەیەکی تر کرا کە بە تایبەتی زیانیان لە پارتی و شۆرش دا، چ لە بارەی ناو بانگەوە و چ لە بارەی پەیوەندیمان بە هێزە نیشتمانپەروەرەکانی پارچەکانی تری کوردستانەوە. یەکێک لەو هەڵانەی کە پارتیمان بە کارێکی نارەواو زیان بەخشی دادەنێ، وە کە بە تایبەتی دوژمنانی شۆرشی ئەیلول و میللەتی کوردمان لە بۆ پروپاگاندە و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بە کاریان هێنا بگرە بە شێوەیەکی تایبەتی دژی شۆرشی ئەیلول و پارتیمان، دانەوەی لاشەکەی (سلیمانی معینی) بە ئێران بوو.»(١٨)

www.kerimhisami.com

هەر چەند بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دوای کۆنگرەی ٩ پێ لە(چەندهەڵەیەک) دەنێ، بەڵام بەداخەوە هەڵە و کەم و کوری یەکان روون ناکاتەوە و بە تایبەت لە مەسەلەی شەهیدکردنی نا رەوای سولەیمانی موعینی، نەک هەر ئەم کردەوە دزێوە مەحکووم ناکات، بەڵکوو تەنیا (دانەوەی لاشەکەی بەئێران) بە هەڵە و بەکارێکی نارەو دادەنێ. جگە لەوە حیزبە سیاسیەکانی کورد لەهەڵە وئەزموونی تاڵی خۆیان دەرس وەرناگرن. پارتی دێموکراتی کوردستان کەلەکۆنگرەی نوێیەمدا دان بەهەڵەکانی شۆرشی ئەیلول دادەنێ، بەڵام پاش کۆنگرەی نۆیەم هەڵەو خەتای گەلێک گەورەتر سەبارەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستان وگەلی کورد لەکوردستانی ئێران دووپات دەکاتەوە. (ئەم باسە بۆ بەرگی سێ یەمی پیداچوونەوە رادەگرین.)

چارە نووسی عەولای ئیسحاقی(ئەحمەد توفیق)

لە چەند لاپەرەی پێشوو دا بە کورتی و بە گوێرەی ئەو بەڵگە و ئاگاداری یانەی بە دەستەوەبوون، باسی سیاسەت وریبەرایەتی و رەوشت و هەڵسورانی ئەحمد توفیق کرا. لە بارەی بیر و راو بۆ چوون و هەڵوێستی سیاسی عبدالله ئیسحاقی(ئەحمەدتوفیق)هیچ بەڵگەو نووسراوەیەکی نووسینی خۆی بەجێ نەماوە و یا من دەستم پێرانە گەیشتوەن. لە نێو ئەندامان و هاو کارەکانیشیدا لە سەر بیر و بۆ چوونی سیاسی ئەحمەدتوفیق کەس هیچی نە نووسیوە و باسیشی نە کردوە. لە راستیدا جێگای خەبات و تێکۆشانی ناو براو لە حیزبی دێموکرات دا، خاڵی ماوەتەوە. تەنیا مەلا عەولای حەیاکی(عبدولاحەسەنزادە) کە سەر دەمێک وشکە سۆفی بیر و بۆ چوونی ئەحمەد توفیق بوە. لە حکایەتەکەیدا بە ناوی (نیوسەدەخەبات) باسی کردوە و دەنووسێ :(......لە باری سیاسیەوە تا کۆکی لە سەر بیرو باوەری چەپ و دێموکراتی و پێشکەوتنخوازانە کە دوکتور قاسملوو

لایەنگری بوو، لە گەڵ بیرێکی ناسیۆنالیستی بەر چاو تەنگانە بوو کە کاک ئەحمە دتوفیق بە سەمبولی دەژمێردرا.... هەر چی کاک عبداللەاسحاقییش بوو، بە هەر دەلیلێک کە خۆی پێی قانیع بوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد بوو بە کلکەیەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و بە کردەوە لە ژێر ڕێبەرایەتی پارتی و شەخسی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا دا بە ڕێوە دەرۆیشت...... زۆر جار کادرەکانی ریزی پێشەوەی حیزب بە دژی ڕێبازی چەوتی اسحاقی کە ئێستا ئیدی بە کردەوە حیزبی لە دەستی خۆیدا قەبزە کرد بوو و زۆر جار بە گاڵتە پێیان دەگوت حیزب، ڕاوەستان. بەڵام بێ سود بوو، چونکە لە لایەک بۆ خۆی بێ بەزەییانە لە گەڵ موخالیفانی دەجولایەوە و تەنانەت پەنای بۆ تێیرۆریش دەبرد(نمونە تیرۆری شەهید اسعد خدایاری)، لە لای دیکەش پشتیوانی بێ ئەملا و لای خوا لێخۆشبوو بارزانی لە ناو براو دەرەتانی هەر جۆرە گەشە کردنێکی لە ڕەوتی پێچەوانەی ڕەوتی ئەحمەد توفیق بەر تەسک کەرد بۆوە»(١٩)

عبدوڵای ئیسحاقی تا سەفەری ئوروپا وتێکچوونی لە گەڵ دوکتور قاسملو لە سەر بیر و باوەری توندی تودەیی خەباتی چینایەتی درێژە پێداوە و پاش غەنی بلوریان یەکێ لە ئەندامانی چەپی کومیتەی پێنج نەفەری کوردستان بوە. پاش کودیتای دژی حکوومەتی دوکتور مصدق ١٩٥٢، و لە بەر یەک هەڵوەشانی ڕێکخراوەکانی حیزبی توده و چوونی بۆ کوردستانی عیراق، لە ژێر کار کردی کەش و هەوای کوردستانی عیراق و بیر و بۆ چوونی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئەوسای عیراق، بە بۆ چوونی خۆی گێژ دەگۆڕێ و دەکەوێتە سەر هەوای بە ڕواڵەت (کوردایەتی). بەرهەمی ئەم گێژ گۆران و کوردایەتیەکەی بریتی دەبێ لە گەشە کردن و پشکوتنی بیر و باوەری ئانتی کۆموونیستی. ئەم بیر و باوەڕە دەگاتە ڕادەیەک کە کادر و ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە تاوانی بیر و باوەری چەپ و تەنانەت تۆمەت وە پاڵدانی لایەنگری لە کۆموونیستەکان لە حیزب دەر دەکا و دەیانکوژێ. (کتێبی ڕەش و سەیری کۆمونیزم لە ئێران) نووسینی تەیموری بەختیار دەدابە کادرەکانی حیزب کە لە

www.kerimhisami.com

دیهات بۆ خەڵکی بخوێننەوەو دژی حیزبی تودە باسی لە سەر بکەن. هاوڕێی گیانی و کادری حیزبی کە سەر دەمێک جێگای بڕواو موتمانەی خۆی بوون، بەتاوانی (نیزیکی لەشیوعیەکان) لە لای مەلامستەفای رەحمەتی رەش دەکا و بەدەر کردنیان دەدا.(بڕوانە نامەی ئەحمەدتوفیق بۆ سەرۆک بارزانی لەم کتێبەدا). دیارە ئەحمەد توفیق لە بیر و ناخی خۆیدا، لەم بوارەشدا ساخ نابێتەوە و لە گەڵ خۆی لە کێشەدابوە. لە گەڵ بیر و هەڵوەستی ئانتی کۆمونیستی، هەوڵی داوە لە گەڵ سۆڤێت پێوەندی بگرێ و یا بانگی بکەن بچێتە سۆڤێت. ئەحمەد توفیق بۆ (کوردایەتیە)کەشی بناخەیەکی تیئۆری زانستی دا نا ڕێژێ و بۆ خەباتی رەوای کوردایەتی ڕێبازێکی روون و رەوایەتی دیاری ناکا. تەنیا بە شێوەی ناسیۆنالیزمی بەر چاو تەنگ بە دروشم و وشەی سەر زارەکی بێناوەرۆک و خەیاڵیی و بریقەدار دەور و پشتی خۆی گێژ دەکا و هەر بەو دروشم ووشە بێناوەرۆکانەش خۆی لە سەرۆک بارزانی نیزیک دەکاتەوە. بەیاننامەی حیزبی دیموکرات کە بە ناوی (نامەیەک لە ئێرانەوە)لە گۆڤاری هیوا دا بلاو کراوەتەوە و راپۆرتی کومیتەی ناوەندی و بەیاننامەی کونگرەی دووەمی حیزبی دیموکرات، تا رادەیەک پلەی تێگەیشتنی سیاسی وشارەزایی لە مەسەلەکانی نێونەتەوەیی و مەسەلەی ناسیۆنالیزمی کاک ئەحمەد توفیق نیشان دەدەن.

«.....بۆ ئەوەی تێبگەین کۆنگرەی دووەم چەندە لە خەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دوور کەوتبووە، رەنگە ئەوەندە بەس بێ کە بزانین لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەدا، ئەوەی ئیحترام و ئیعتیبارە بە کۆماری کوردستان و ڕێبەرەکانی رەو انەبینرابوو و بێ بەزەیی یانە درابوونە بەر پەلامار. ومختێک ئەو بەیاننامە بلاو بۆوە لە هەموو جێگایەک لە گەڵ بێزاری و تورەیی بەدەنەی حیزب بەرەورووبوو...... ئەگەر چی شتێک بە ناوی «هەیئەتی سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستان» دروست کر ابوو. بەلاَم بە کردەوە جارێکی دیکە حیزب بوو بە احمد توفیق و احمەد توفیق بوو بە حیزب،» (٢٠)

ڕاستی یەکەی ئەوەیە شێوەی ڕێبەرایەتی ئەحمەدتوفیق بەپشتیوانی ڕاستەوخۆی

www.kerimhisami.com

بارزانی نەمر دەبێتە هۆی لاواز بوون و لە بەر یەک بڵاو بوونی ریزەکانی حیزبی دیموکرات و جیابوونەوە و لە بەین چوونی کۆمەڵێک ئەندام و کادری حیزبی دیموکراتی کوردستان و تەریک بوونەوە و بێدەسەلاتی و لە ئاخریدا خۆشی سەری تێدا دەچێ و زیانێکی قورسیش وە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەوێ.

هێندێ کەس ئەحمەد توفیق بە ناسیۆنالیست دادەنێن. بەلای منەوە ئەو دسووکایەتیە بە ناسیۆنالیزم. چونکە کابرای ناسیۆنالیست ئەگەر راست بکاو بۆ ئازادی نەتەوەکەی خۆی تێبکۆشێ، بەر لە هەموو شت بەرژەوەندی شەخسی و حیزبایەتی فیدای بەرژەوەندی گشتی مەسەلەی رزگاری نەتەوەکەی دەکا. دروشم و وشەی بریقەداری ناسیۆنالیستی، ئابرووی نەتەوە پەروەریش دەبەن.

کوردەکانی کوردستانی ئێران- ئەندامانی حیزبی دیموکرات - کە سەبارەت بە خەبات و تێکۆشانی سیاسی دژی رێژیمی دیکتاتۆری شا ئاوارە و دەر بەدەر ببوون و روویان کرد بوە بەشێکی تری نیشتمانی لەت و پەتکراویان ، لە جیاتی ئەوەی لەم هەل و مەرجی پێکهاتوو کەلک وەربگرن و یەکێتی خۆیان بپارێزن و رێکخراوی حیزبی خۆیان بە هێزبکەن و لە کوردستانی بەشی خۆیان بنکە و شانە و رێکخراوی پەرش و بڵاوی خۆیان رێک و پێک بکەن، لە کوردستانی عیراق توشی دوو بەرەکی و ناکۆکی بێجێ و نارەوا دەبن و(توشیان دەکەن). هەموو توانای خۆیان بۆ یارمەتی بە بزووتنەوەی چەکداری کوردستانی خواروو تەرخان دەکەن. ئەوانیش لە جیاتی ئەوەی بۆ بە هێزکردنی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کوردستانی ئێران یارمەتی یان بکەن، دەستیان دەخەنە نێو و دابڕ دابڕیان دەکەن و(مەلایی وجەلالی)یان لێ سازدەکەن. پاشانیش دانەوە بە ئێران وبە کوشتن وراونان پاداشیان دەدەنەوە. هەروەک ئێستاش پاش سی و چەند ساڵ بە داخەوە سیاسەتی هێندێ لە رێبەرانی بزووتنەوەی کوردستانی خواروو بۆ لێدان و کپ کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی ئێران راست لە چوار چێوەی ویست و بەرژەوەندی حکوومەتی ئاخوندی ئیسلامی ئێراندا دە جوڵێتەوە. پێشمەرگەی کورد دەکەنەپاسەوانی سنووری دەستکردی ئێران و شانازی ناوی (مەرزدارانی

www.kerimhisami.com

غیور) بۆخۆیان تۆمار دەکەن.

عەولای ئیسحاقی بۆ خزمەت بە بزووتنەوەی کوردستانی عیراق و بۆ راپەراندنی ئەمر و فەرمانی بارزانی سەری پێوە نە بووە، هەر کردەوەیەکی چەپەڵیش کە بەرانبەر بە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کرد بێ، هەموو بە حیسابی خزمەت بە بارزانی داناوە، تاقە کەسبووە بە فەرمانی رێبەرایەتی بزووتنەوە چۆتە تاران و لە گەڵ باڵیۆزخانەی ئەمریکا بە یارمەتی شێخ موعتەسەمی حسامی پێوەندی گرتوە.(٢١) یەکەم کەس بووە ساڵی ١٩٦٢ خۆی گەیاندۆتە لوبنان و دانا شمیدت هەواڵدەری ئەمریکایی لە کەش و هەوایێکی دژوار و پڕ لە مەترسیدا هێناوەتە کوردستان و دەنگ و باسی کوردستانی بە دنیا راگەیاندوە . بەلام لە گەڵ ئەوەشدا ناو براو بە ئەمری سەرۆک بارزانی لە ناوچەی باڵەکایەتی و سنووری کوردستانی ئێران دوور دەخرێتەوە و دەینێرن لە گوندی کانی ماسی، ناوچەی بادینان لە ژێر چاوە دێری ئەسعەد خۆشەوی رەحمەتی دا نیشتەجێی دەکەن. دوور خستنەوەی ئەحمەد توفیق بۆ کانی ماسی و راکردنی لە نێو بزووتنەوەی کوردستانی عیراق بۆ بەغدا و پەنا گرتنی لە لای حکوومەتی بەعسی دوژمنی کورد و پاشان بێ سەر و شوێنکردنی و مانەوەی خوارزاکانی لە بەغدا پاش نەمانی ئەحمەد توفیق، مەتەڵێکن هێشتا لە تاریکیدا ماونەوە و روون نەکراونەوە. ئەوەی لە ژێر زەرە بینیکی قەوی سیاسیدا بەر چاو دەکەوێ وا دەگەیێنێ کە رۆیشتنی ئەحمەد توفیق لە کانی ماسی یەوە بۆ نێو حکوومەت لە جەنگەی شەڕدا، دەبێ بە نەخشەو پلان و ئاگاداری کار بەدەستانی بزووتنەوەی کوردستانی عیراق بوو بێ. ئەگەر وابێ دەبێ ناو براو لە بەغدا پێوەندی خۆی لە گەڵ سەرێ پاراستبێ و خەبەر و ئاگاداری پێویستی بۆنارد بن(بەتایبەت کە بۆ ئەم جۆر ەکارانەش لێهاتوویی هەبوو) دیارە ئاخرەکەی سەرە هەودای ئەم پێوەندی و چالاکی یە دەبێ کەوتبێتە دەستی بەعس و ئەوانیش ئیتر مۆڵەتیان نەدابێ و لە بەینیان بردبێت. هەر وەک لە گەڵ خوا لێخۆشبوو عبدولرەحمانی زەبیحی کردیان.

لەم بۆ چوونەدا پشت بە چەند بەڵگەی گریمانی دەبەستم:

www.kerimhisami.com

یەکەم – ئەوە کە دوای رۆیشتنی ئەحمەد توفیق بۆ لای حکوومەت خوا لێخۆشبوو ئیدریس بارزانی بە نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی دەڵێ:« رۆیشتنی ئەحمەد توفیق و مەلا سەید رەشید کاری شەخسی خۆیانە و لە سەر حیزب حیساب ناکرێ». لە گەڵ ئەوەش کە پێشتر ئەوان تەنیا ئەحمەد توفیق یان بە حیزبی دیموکرات زانیوە.

دوەم – کاک مەسعود بارزانی پاش ئەوەش کە ئەحمەد توفیق رادە کاو دەچێتە نێو حکوومەت، لە نووسراوەی خۆیدا بە(تێکۆشەری هەڵکەوتو)ی ناو دەبا کە(خزمەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی) کردوە. لە کاتێکا ئەگەر کەسێکی دیکە ئەو کارەی کرد بایە، بێگومان لای سەر کردەکانی بزووتنەوە بە جاش و بە خائین ناو دەبراو بە نیشتمانپەروەریان نەدەزانی.

سێ یەم – پاش راکردنی و چوونی بۆ نێو حکوومەتی بەعس هاوکارەکانی هەر بە سکرتێریان داناوە. جگە لەوە بۆ چوونێکی کاک ئەمیری قازیش لەم بوارە دا جێگای سەرنجە. کاک ئەمیر کە لە ئەحمەد توفیق زۆر نیزیک بوە و شارەزای سیاسەت و ئاکاری بوە، لە نامەیەکدا کە بۆ رەخنە لە بیرەوەریەکانی من بە هاواری حامیدی گەوهەری یەوە هاتوە، دەنووسێ : «.. هۆی دوور خستنەوەی کاک عەولای ئیسحاقی(ئەحمەدتوفیق) بێگومان ئەوە بوو کە بە رێوە بەرایەتی ئەو کاتەی شۆرشی کوردستانی گەرمێن دەترسا کاک عەولا خۆ بگەیێنێتەوە کوردستانی کوێستان لە وێ شۆرش دەست پێبکا و بە شێوەیەک تەنگ و چەڵەمە بۆ شۆرشی کوردستانی گەرمێن پێک بێ.» (بەبۆچوونی کاک ئەمیری ئەحمەد توفیقێکی بە بێ رەزا مەندی سەرۆک بارزانی ئاویشی نە دەخواردەوە و بە هەموو تواناش دژایەتی کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دیموکراتی دەکرد کە لە کوردستانی ئێران چەکی دەست دابوویە و ناوچەی شڵەژاند بوو، ئێستا بۆیە دوور خراوەتەوە نەوەکوو بچێتەوە لە کوردستانی کوێستان شۆرش دەست پێبکا.) کاک ئەمیر هەر لە نامەی ناو براودا ئەحمەد توفیق بە(ئازا و رەشید و نیشتمانپەروەر و کار لێهاتو و نەسرەو توو و لە مەیدانی کوردایەتی دا ماڵ نە ویستوو و دەست بڵاو و چاو

نەترسی ناو دەبا.»

ئەحمەد توفیق پاش ماوەیەک لە جەنگەی شەردا لە کانی ماسی یەوە بە نێو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا رادەکات و خۆ دەگەیێنێتە پەنای لەشکری عیراق و لە بەغدا لە کن حکوومەتی بەعس دەبێتە پەنا بەر. نیزیکەی دوو ساڵان لە گەڵ دوو خوارزای خۆی بە سەر بەستی لە بەغدا دەسورێتەوە و لە چالاکی دا دەبێ. ساڵی ١٩٧٢ لە پڕ ئەحمەد توفیق وون دەبێ و خەبەری گرتنی بڵاو دەبێتەوە.

هەر چەندی ئەو دەم لە حیزبی دێموکرات دەرکر ابوو، بەڵام دەفتەری سیاسی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات بۆ دۆزینەوە و ئازاد کردنی هەوڵێکی زۆر دە دا. تاقە وەڵامێکی کە نوێنەری حیزبی دێموکرات لە بارەی ئەحمەد توفیقەوە لە حکوومەتی بەعسی وەر دەگرێتەوە هە رئەوە دەبێ،کە پێی دەڵێن:« ئەحمەدتوفیق ویستوویەتی بچێتە دەرەوە، بردوومانە لە سنووری سوریا بەرەڵامان کردوە.» درنگتر لەم لاو لا بڵاو دەبێتەوە کە ئەحمە دتوفیق لە زیندانی ئەبو غریب ئیعدام کراوە. هەرچی بێ لەبەینچوونی ئەحمەد توفیق بە دەستی دوژمنی کورد زیانێکی گەورە وداخێکی دڵتەزێن بوو. رەوانی شاد وجێگای بەهەشتی بەرین بێ.

پاش دوور خستنەوەی ئەحمەد توفیق بۆ ناوچەی بادینان، چەند کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناووندی هەڵبژێردراوی کونگرەی دووەم وهیتر لە هیچ بارێکەوە نە سیاسی و نە کولتوری و کومەڵایەتی چالاکی و تێکۆشانێکی یان نامێنێ. لەناوچەی ژێردەستی بزووتنەوەی کوردستانی خواروو دادەنیشن. جار و باریش سەری یەکتر دەدەنو لەلایەن پارتیشەوە مانگانە یارمەتیەکی کەمی ماڵی یان پێدەکرێ. ئاخرەکەی لە مانگی یولی١٩٦٩کۆبوونەوەیەک پێک دێنن و ناوی دەنێن (کۆنفرانسی دووەمی)حیزبی دێموکراتی کوردستان.

کۆنفرانسی دووەم وە نەبێ لە بواری رێبازی سیاسی و رێکخراوەیی و رێ و شوێنی حیزبی شتێکی وا بوو بێ کە بە کۆنفرانسی حیزبی بژمێردرێ. بەڵام دیسان هێندێ لە ئەندامانی حیزبی کە لە سەر هێڵ و رێبازی ئەحمەد توفیق کۆ بوونەوە و هەر لە سەرهەمان رێباز و بۆ چوونەدا کۆتایی بە کۆنفرانس دێنن. ئەو

www.kerimhisami.com

ئەندامانەی حیزبی دیموکرات کە لە گەڵ کومیتەی شۆرشگێری بەشداری بزووتنەوەی چەکداری بوون، نەک هەر بۆ کۆنفرانس بانگ ناکرێن و بۆ یەکێتی ریزەکانی حیزب و یەکگرتنەوە هەنگاوێک ناوێژن، بەڵکوو بە تاوانی خەباتی چەکداری دژی رێژیمی سەرە رۆی ئێران خەتا باریش دەکرێن : «...... ئەم کۆنفرانسە لە زۆر بارەوە فەقیری و بێ دەرەتانی پێوە دیار بوو. لە نێو خۆی وڵاتەوە هیچ نوێنەرێکی تێدا بەشدار نەکرابوو. ئەوانەی لە عیراقیشدا دەژیان و «تاوان»ی بەشداری لە راپەڕینی ٤٧ - ٤٦ یاندا لە سەر بوو، بەشی زۆریان نەیانتوانیبوو نوێنەر بۆ کۆنفرانس بنێرن. جگە لە وانەش رادەی بەشدارانی کۆنفرانس و پلەی وشیاری سیاسی ئەندامانی کۆنفرانسیش بۆ دڵ پێخۆشکردن نە دەبوو.» (٢٢) هەر چۆنێک بێ باری کۆمەڵایەتی و(پلەی وشیاری سیاسی) ئەو کۆمەڵەی کە ئەو دەم بە ناوی حیزبی دیموکرات لە سەر خەت و رێبازی ئەحمەد توفیق لێک کۆ ببوونەوە هەر ئەوەی لێ پەیدا دەبوو. هەنگاوی لە باری ئەو کۆنفرانسە ئەوە بوە کە پێشی پەرش و بڵاوی پتری گرتوە، چار و بارسەری یەکتریان داوەو ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان یان پاراستوە.

سەرچاوەکان

١ - سەعیدکاوە ئاورێک لەبەسەرهاتی خۆم و..... ١٩٩٦، ل ٢٩،

٢ - مسعود البارزاني،البارزاني والحركه التحرريه الكرديه ١٩٩١ ، ل ٢٥٦

٣ - هەمان سەرچاوە ، ل٢٨٢

٤ - هەمان سەرچاوە ، ل ، ٢٧٧

٥ - سەعید کاوە، سەرچاوەی پێشوو ، ل، ٤٦

٦ - مسعود البارزاني ، پێشوو، ل، ٢٧٢

٧ - هەمان سەرچاوە ، ل، ٢٧٠

٨ - سەعید کاوە ، پێشوو، ل ، ٥٢

٩ - هەمان سەرچاوە ، ل ، ٦٣

١٠- رۆژنامەی کوردستان، ژمارە: ٦١و١٢ نوامبر-دیسامبر ١٩٩٣

www.kerimhisami.com

١١ – کەریمی حسامی لەبیرەوەری یەکانم، بەرگی سێ یەم، ١٩٨٨، ل ، ٢٤
١٢ – سەعید کاوە، پێشوو، ل ، ١٦٤
١٣– نامەی سەحیدکوێستانی بۆ نووسەر، ٤٥/٦/١٢(١٩٦٦/٩/٣
١٤ – سەعیدکاوە، پێشوو ، ل ، ١٦٧
١٥ – عبداللە حسن زادە، نیو سەدە تێکۆشان، 1995 ل ، ٤٢
١٦ – کەریمی حسامی ، سەرچاوەی پێشوو ، نامەی سراجی ، ل ، ٧٥
١٧ – کەریمی حسامی، کاروانێک لەشەهیدانی کوردستانی ئێران، ١٩٧١، ل،١٠٣–١٠٤
١٨ – بەیاننامەی کۆنگرەی نۆهەمی پارتی دێموکراتی کوردستان ، ١٩٧٩
١٩ – عبداللە حسن زادە، هەمان سەرچاوە، ل ، ٢٨ ـــ ٢٩
٢٠ – سەرچاوەی پێشوو، ل ، ٣٩ ـــ ٤٢
٢١ – سەعید کاوە، پێشوو ، ل ، ١٠٤–١٠٥
٢٢ – عبداللە حسن زادە، سەرچاوەی پێشوو ، ل ، ٥٣ ـــ ٥٢

www.kerimhisami.com

پێـــداچـــــوونــــــەوەی
قۆناخی یەکەم

ئەنجام و لێ ورد بوونەوەی ئەم قۆناخەی خەبات و تێکۆشان لە کوردستانی ئێران ئەم راستیەمان بۆ دەر دەخات کە بزووتنەوەی نیشتمانی کورد، لەم بەشەی نیشتمانەکەشیدا بە ڕێباز و بە شەقامێکی راستە ڕێدا تێنەپەریوە . حیزبی دێموکراتی کوردستانیش وەک نووسەرانی حیزب باسی دەکەن پەیکەرێکی وشک و لە قالب دراوی درێژە پێدەری سەر دەمی کۆماری کوردستان نەبوە. بزووتنەوە بە ڕێبازی جیاواز و بە تاکتیک و ستراتێژی جۆر بە جۆر درێژەی بە ژیانی خۆی داوە. بەرهەمی خەباتی ئەم قۆناخە تەنیا بریتی بوە لە پاراستنی ناوی حیزبی دێموکرات و خۆ بەستنەوە بە سەروەریی کۆماری کوردستان و بە ناوی پیرۆزی **قازی محەممەد پێشەوای شەهیدی کوردەوە.**

باسەیرێکی ئەنجام و بەرهەمی ئەم قۆناخەی خەباتی حیزبی دێموکرات بکەین:

– لە سەرە تاوە دوای رووخانی کۆماری کوردستان، بزووتنەوە بە شێوەی جۆربە جۆر و دەرفەتی جیاواز چەگەرە دەر دەکا بێ ئەوەی کە ناوی حیزبی دێموکراتی پێوە دیار بێت. وەک (کۆمەڵەی ژیانی کورد) کە گۆڤاری(ڕێگا) ئۆرگانی بوەو بەحیزبیشیان ناو بردوە. یا (کۆمەڵەی لاوانی لادێ کە پاشان بۆتە پێگەی دوارۆژی حیزبی دێموکرات. یان(کۆمەڵەی کۆمونیستی کوردستان) کە تینی بزووتنەوەی نوێ وە بەر خەڵک دەنێ. شێوەی جۆر بە جۆری دەر بڕینی نەفرەت و بێزاریش لە حکوومەتی ئێران و دەرەبەگی سەر بە دەوڵەتی تاران، بە جۆرە خەباتێکی پاسیڤی کۆمەڵانی خەڵک دەژمێردرێت.

– دامەزرانی ڕێکخراوی حیزبی توده بە ناوی حیزبی دێموکرات کە بە هیچ جۆر باسی مەسەلەی کور و مافی نەتەوایەتی کوردناکرێ. ناوناوی حیزبی دێموکراتە.

www.kerimhisami.com

بەڵام لە ژێرڕێبەرایەتی حیزبی تودەدا، خەباتی چینایەتی ئامانج و ڕێبازییەتی.
چەند کەس لە تێکۆشەرانی کورد بێ کۆنفرانس و کۆنگرە و پێڕە و پرۆگرام بە ناوی (کومیتەی کوردستان)ی حیزبی تودە تێکۆشان بە ڕێوە دەبەن.

– روو داوەکانی ئێران و بە سەرهاتی رێکخراوەکانی حیزبی تودە(کومیتەی کوردستان)دینێتە سەر ئەو باوەڕە کە لە حیزبی تودە جیا بێتەوە و سەر بەخۆ وەک حیزبی دێموکرات تێکۆشان درێژە پێبدا. بەڵام بە تەواوی ساخ نابنەوە.
پێوەندی یەکە لە ڕێگای عبدالرحمن قاسملو کادری حیزبی تودە و بەر پرسی کومیتەی کوردستان ئەم جارە لە گەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی دانیشتووی دەرەوە دادە مەزرێ.

– سالی ١٩٥٥چەند کادرێکی حیزبی دێموکرات کۆ دەبنەوە و ناوی دەنێن کۆنفرانس. بە پێچەوانەی نووسینی مەلا عەولای حەیاکی ئەم کۆبوونەوەیەی بە ناو کۆنفرانسە، نە دەتوانێ هیچ(گیر و گرفتەکانی ئەو دەمەی حیزب بە باشی چارە سەر بکا)نە وەک کاک جەلیلی گادانی د ەنووسێ (گەڵاڵەی پێشنیاری نوێی بەرنامەی حیزبی پەسند دەکا و نە وشەی ئێرانش ئەو دەم لە ناوی حیزب زیاد دەکرێ و نە چەند کەسیش لە ئەندامانی کۆنفرانس وەک ئەندامی ڕێبەرایەتی دیاری دەکرێن) تەنیا وەک دوکتور قاسملووی شەهید دەڵێ:« ئەم کۆبوونەوەیە کە پاشان ناومان نا (کونفرانسی یەکەمی حیزب) ٧ــــ٨ کەسیش زیاتر نەبووین.»

– دوای ئەو کۆ بوونەوەیە کومیتەی کوردستانیش ئیتر بە کردەوە لە بەر یەک هەڵدەوەشێ.هێندێ لە ئەندامانی کومیتەی کوردستان دەگیرێن. تەنیا چەند کادری حیزب بێ بەر نامەو دروشم و تاکتیک و ستراتێژی لە دێهات دەسوڕێنەوە. عەولای ئیسحاقی بە تەنیا لە نێوان کوردستانی ئەم دیوو ئەو دیو لە هاتو چۆ دا دەبێ

– سالی ١٩٥٩ ڕێکخراوەکانی حیزب دەکەونە بەر پەلاماری ساواکی شا. بۆ یەکەم جار دوای روخانی کۆماری کوردستان، ناوی حیزبی دێموکرات بە رەسمی دێتە نێو فایلە و بایگانی و ئارشیوی حکوومەتی ئێران و دەوڵەتی تاران حیسابی تایبەتی بۆ حیزبی دێموکرات دەکاتەوە. پێشتر کە لە کوردستان ئەندامانی حیزب

www.kerimhisami.com

به ناوی تودەیی دەگیران و دادگایی دەکران، ئەمجارە ئیتر حکومەتی ئێران ناتوانێ ناوی حیزبی دیموکرات بە ژێر لیچەوە بکات و بە تاوانی ئەندامەتی حیزبی دیموکرات تێکۆشەران ئازار و ئەشکنجە و دادگایی دەکرێن.

- بە دوای ئەم پەلامار و گرتن و ئاوارە بوونەی ئەندامانی حیزبدا، ئیتر عەولای ئیسحاقی دەبێتە (ئەحمەدتوفیق) و دەبێتە حیزب و دەبێتە کومیتەی ناوەندی و دەبێتە نوینەری کومیتەی ناوەندی و دەبێتە کەڵەگای حیزب. سەرە رۆیی عەولای ئیسحاقی سەر دەکێشێتە دوو بەرەکی و کوشتنی کادری ڕێبەرایەتی حیزب و ناکۆکی. بەڵام دیسان ناوی حیزب بە بێ تێکۆشانی سیاسی و بەرنامە دە پارێزرێ.

- ئەنجامی سەرە رۆیی ئەحمەد توفیق دەگاتە پێکهاتنی کومیتەی ساخکەرەوە. چەند کەس لە کادرەکانی حیزب بۆ ساخکردنەوەی ڕێباز و سیاسەتی حیزب کومیتەیەک بەم ناوە پێک دێنن. بەڵام سەبارەت بە پشتیوانی سەرۆک بارزانی لە ئەحمەد توفیق تووشی ڕاو نان و گرتن و هەڵات هەڵات دەبن.

- سەرە رای ناکۆکی نێوان کادر و ئەندامانی حیزب ،ساڵی ١٩٦٤ کۆنگرەی حیزب دەبەسترێ کە بە کۆنگرەی دووەم ناسراوە. لەم کۆنگرەیەدادروشمی سەرەکی حیزب دەبێتە(یەکێتی، خەبات ، سەربەخۆیی ، دیموکراتی) خەباتی چەکدارانە و شۆرش بە ڕێگای ڕزگاری نەتەوایەتی دادەنرێ. بۆ یەکەم جار دوای کۆماری کوردستان بەرنامەی حیزب پەسند دەکرێ و کومیتەی ناوەندیش هەڵدەبژێردرێ. دروشمی خەباتی چەکدارانە بێ ئەوەی زەمینەیەکی تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتی گونجاوی هەبێ و لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە پێشوازی لێبکرێ و توانا و هێزی حیزب و دوژمن لە بەر چاو بگیرێ، بە لاسا کردنەوەی بزووتنەوەی چەکداری کوردستانی گەرمێن دێتە سەر کاغەز و دەبێتە دروشمیکی بریقەدار بێ ئەوەی بنچینەیەکی پتەوی زانستی و جەماهیری هەبێ.

- دوای کۆنگرەی دووەم لە نێو کومیتەی ناوەندی و ئەندامان ناکۆکی تەشەنە دەکات. (کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان) پێک دێت و بێ

www.kerimhisami.com

بەرنامە و تاکتیک و ستراتیژی توشی خەباتی چەکداری دەبێ. ئەنجامی خەباتی چەکداری داسەپاو لە لایەک بریتی یە لە: فشاری حکوومەتی ئێران بۆ سەر کوردستان، ئاوا کردنی گرتوو خانەی جەڵدیان راونان و گرتن و لە دار دانی ئازادیخوازانی کورد و کوشتن و گرتن وتەحویلدانەوەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن بزووتنەوەی کوردستانی عیراق و شەهید بوونی شۆرشگێران لە لایەکی دیکەوە.

– ئەم قۆناخە دژوار و بەردەڵانە بە شپرزەیی و ئاڵۆزی نێو حیزبی دێموکرات و راکردنی ئەحمەد توفیق سکرتێری حیزب بۆ نێو حکوومەتی بەعسی عیراق لە جەنگەی شەڕی کوردستان و لێک کۆبوونەوەی چەند ئەندامێکی حیزب و بەستنی کۆنفرانسێکی بێ بەر نامە و بێ چالاکی و تێکۆشانی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی کۆتایی پێدێت. سەرجەمی خەبات و تێکۆشانی ئەم قۆناخە، بەرهەمەکەی بریتی یە لە پاراستنی ناو و نیشانی حیزبی دێموکرات وەک سوننەتێک لە کوردستانی ئێراندا و ماندوو بوون وفیداکاری هێندێ لەئەندامانی حیزبە وئاوارەی هێندێکی دیکە و هیچیتر.

قۆناخی دووەمی بزووتنەوەی نیشتمانی ودموکراتی لەکوردستانی ئێران

بەشی شەشەم : حیزبی دێموکرات ۱۹۷۹ ـــ ۱۹۷۰

پاش ڕێک کەوتننامەی نێوان بزووتنەوەی کوردستانی عیراق بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر و حکوومەتی بەعسی عیراق، کە لە مێژووی خەباتی دوور و درێژی نەتەوەی کورددا، بە خاڵێکی سەرەکی و گرنگی سەرکەوتن دێتە ژمار لە یازدەی مارسی ۱۹۷۰ دا، بۆ کوردە لێقەوماو و پەرش و بڵاوەکانی کوردستانی ئێرانیش دەرفەتی ئەوە پێک دێت کە لێک وەکۆ بن و تێکۆشانێکی نوێ دەست پێبکەنەوە. بە تایبەت کە سەرۆک بارزانی ڕێگای ئەوە ش دەدا ئەو ئەندامانەی حیزبیش کە لە گەڵ کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکرات بەشدار یی بزووتنەوەی چەکداری یان کرد بوو، و دوای شکانی لە بەر ناکۆکی نێو خۆیان و لە ترسی سەر کردایەتی بزووتنەوەی کوردستانی عیراق چوو بوونە بەکرە جۆو لە لای مام جەلال گیرسا بوونەوە، بگەڕێنەوە ناوچەی ژێردەستی بزووتنەوەی چەکداری کوردستانی عیراق، یارمەتی بە کۆبوونەوە ولێک نیزیکبوونەوەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکات.

ئەو ئەندامانەی پاشماوەی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دێموکرات کە دوای دوور خستنەوەی ئەحمەد توفیق بۆ ناوچەی بادینان و ڕاکردنی بۆ نێو حکوومەتی عیراق، کۆنفرانسێک دەبەستن. لە کۆبوونەوەیەکی خۆیاندا بریار دەدەن کە داوا لە دوکتور قاسملو و حەسەنی قزڵجی و کەریمی حسامی بکەن. بگەڕێنەوە

کوردستان و هاوکاری یان بکەن.

بەر لە دەر چوونی بەیاننامەی یازدەی مارسی ۱۹۷۰ حەمەدەمینی سراجی وەک تاقە کەس کە لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی چەکداری ۱۹٤۸ - ۱۹٤۷دەر باز ببوو، ڕۆژی ۱۹۷۰/۲/۱۵ دەگاتە بوڵغارستان و لە وێ لە گەڵ دوکتور قاسمل و وکەریمی حسامی و حەسەنی قزڵجی چاویان پێک دەکەوێ و پاش لێکدانەوەی بارو دۆخی کوردستان کە لەو ماوەیەشدا بە یاننامەی ۱۱ی مارسیش دەردەچێ، دێنە سەر ئەو بڕیارە کە حەمەدەمینی سراجی بچێتەوە عیراق و دوکتور قاسملوش بە دوای ئەو دا بچێتە بەغدا هەم بۆ پیرۆز بایی لە سەرکەوتنی بزووتنەوە بچنە کن سەرۆک بارزانی و هەم بۆ مانەوەی ئەندامانی حیزب و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ ژیان و حاوانەوەیان لە گەڵ حیزبی بەعسی عیراقیش پێوەندی بگرێن.

لە سەر ئەو بڕیار و بۆ چوونە حەمەدەمینی سراجی ڕۆژی ۲۰ی مارسی ۱۹۷۰ بۆ عیراق دەگەڕێتەوە. دوکتور قاسملوش دەچێتەوە پراگ و لە سەر بڕیاری پەسند کراو ئاخری مانگی مارسی ۱۹۷۰ دەچێتە بەغد او لە گەڵ حەمەدەمینی سراجی و یوسفی ڕیزوانی بۆ پیرۆز بایی دەچنە لای سەرۆک بارزانی. لە ناو پردان چاویان بە ئەمیری قازی و هێمنی شاعیر دەکەوێ. پاش دانیشتن و ئاخافتنی دۆستانە دەگەنە ئەم ئاکامە کە کۆتایی بە دوو بەرە کی و پەرش و بڵاوی حیزبی دێموکرات بێنن و کومیتەیەکی سەر کردایەتی کاتی حیزبی دێموکرات بۆ کۆ کردنەوە و ڕێکخستنی ئەندامانی حیزبی دێموکرات دیاری بکەن.

«.... چوومە لای مەلا مستەفا. ئەمیری قازی و هێمن و چەند کەسی تر لە وێ بوون. دوکتور مەحمود عوسمان زۆر ئیسراری هەبوو کە یەک بگرنەوە. ئێمەش لە بەر قسەی ئەوان لە گەڵیان دانیشتین. پاش گلەیی و دمەتەقە بە تایبەت لە گەڵ سراجی بڕیار ماندا هەتا کۆنفرانسێکی حیزبی ۸ کەس بە ناوی (کومیتەی سەرکردایەتی کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان) دیاری بکەین. ئەم ۸ کەسە ئەمانەن:(قاسملو، ئەمیری قازی، هێمن، سراجی، حەسەن ڕستگار، عەولای حەیاکی، یوسفی ڕیزوانی، کەریمی حسامی) هەروەها بڕیارمانداوە ئەگەر کاک

www.kerimhisami.com

حەسەنی قزڵجی بگەڕێتەوە، ئەندامی کومیتەی ناوەندی یە.» (١)

رەنگە ئەمەش خۆی جێگای پرسیار بێ کە بۆ چی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پاشماوەی کۆنگرەی دووەم و ئەوانەی لە کۆنفرانسە کەشیاندا ببوونە ئەندامی کومیتەی ناوەندی واز لە ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی و ڕێبازی خۆیان دێنن و مل رادەکێشن کە ببنە (کومیتە سەرکردایەتی کاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان) تا کۆنفرانسێکی دیکە.؟

با بزانین عەوڵای حەسەنزادە کەخۆی دەرویشی رێبازی ئەحمەد توفیق بوە لەم بارەوە دەڵێ چی : «....لە گەڵ کاک دوکتور و کاک حەمەدەمین و کاک یوسف چاومان پێک کەوت. لانی کەم حەوتوێک باس و وتو وێژمان بوو. ئەوە کە ئێمە لە بەر نەزەری کادرەکانی حیزبی نەمان دەویست کاک حەمەدەمین وەربگرینەوە و دوکتوریش پێی چەقاند بوو کە بە بێ ئەو هاورێیە هاوکاریمان ناکا. قسەی خۆمان بێ ژمارەیەکی زۆر لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب کە پاش شکانی راپەرینی ٤٧ -٤٦ رایان کرد بوو بۆ نێو حکوومەت لە ناوچەی سلیمانی و لە تەنیشت مەکتەبی سیاسی کۆنی پارتی بە چەکەوە بنکەیان هەبوو کە ئەوانەش پێوەندی یان بە سراجی یەوە هەبوو بە هێزی چەکداری ئەو برایانە دەژمێر دران ژمارەی ئەوانەش زۆر کەمتر نە بوو لە ژمارەی ئەو کەسانەی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا دەژیان و بە پەرش و بلاوی لە گەڵ کومیتەی ناوەندی بوون. کە وایە لەو بارەشەوە پشتیان قایم بوو. دووهەم ئەوە بوو کە دوکتور قاسملو قبولی نەبوو لە گەڵ کومیتە ناوەندی یەک کە هەڵبژێراوی کۆنگرەی دووهەمە، کۆنگرەیەک کە تۆمەتی جاسوسی داوەتە پاڵ ئەو، هاوکاری بکا. دەیویست ئۆرگانێکی تازەی رێبەرایەتی دروست بکرێ. جا هەر ناوێک لە سەری دانرا با بۆ ئەو فەرقی نەبوو»»(٢)

دوای ئەم رێککەوتن و گۆتو بێژە، کومیتەی سەرکردایەتی کاتی لە سەرە تاوە سێ ئەرکی سەرەکی بۆ خۆی دیاری دەکات.

یەکەم - دانانی گەلالەی پیرەو و پرۆگرامی حیزبی دیموکراتی کوردستان

www.kerimbisami.com

دووەم – کۆ کردنەوەی ئەندامانی حیزب لە یەک دووشوێن و لە ناو بردنی کێشە و ناکۆکی و پێکهێنانی دیسیپلین و ڕێک و پێکی ڕێکخراوەیی و تێکۆشان بۆ دابینکردنی ژیان و بەڕێچوونیان

سێ یەم – ئامادە کردنی هەل و مەرجی لە بار بۆ پێکهێنانی کۆنفرانسی حیزبی بۆ پەسندکردنی پێرە و پرۆگرام و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی بە شێوەیێکی یاسایی و حیزبی یانە.

خاڵی یەکەم کە دانان و ئامادە کردنی گەلاڵەی پێرەو پرۆگرام بوە، بە دوکتور قاسملوو دەسپێردرێ و لە ڕاستیشدا ئەنجامدانی ئەم ئەرکە هەر لە دەست وی هاتوە چونکە ئەوانی دیکە هیچیان ئەهلی نووسین و بیرو دانانی پێرەووپرۆگرام نە بوون. دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ چێکوسلۆڤاکیا و خەریکی ئامادە کردنی پێرەو و پرۆگرام دەبێ.

پاش نووسینی گەلاڵەی پرۆگرام، رۆژی ۳۰ی سیپتامبری ۱۹۷۰بۆ ڕاوێژ و هەڵسەنگاندنی نووسراوەکەی لە گەڵ حەسەنی قزڵجی و کەریمی حسامی دەچێتە بوڵغارستان. لە سۆفیا ماوەی دوو رۆژان نیوە رۆکی گەلاڵەی نووسراوە شی دەکرێتەوە. پاش لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بارو دۆخی ئێران و جیهان دەگەنە ئەم قەناعەتە کە (ڕووخانی ڕێژیمی شاو پێکهێنانی کۆماری فیدراتیڤی ئێران) بکرێتە ستراتێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان. بە تایبەت کە مەسەلەی (ئیتحادی فیدراڵی) لە بەیاننامەی هاوبەشی کومیتەی شۆرشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرانی حیزبی تودەی ئێرانیشدا هاتبوە گۆڕێ.

دوکتۆر قاسملو پاش ئەو چاو پێکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ پراگ کە لە وێوە بچێتەوە عیراق و لە گەڵ کومیتەی سەرکردایەتی کاتی دروستکراو خەرێکی تێکۆشان بێ. لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبری ۹۷۰ دوکتۆر قاسملو بە تەلیفۆن بە نووسەری ڕاگەیاند و گوتی:« ...ئیرەجی ئەسکەندەری کە تازە بۆتە سکرتێری حیزبی تودە لە پراگ بوو چاوم پێکەوت. لە سەر گەلاڵەی پێرەو و پرۆگرام ڕاوێژم پێکرد. ئەو وا بە باش دەزانێ کە ستراتێژی حیزب لە جیاتی (ڕوخانی ڕێژیمی

www.kerimhisami.com

شاو کۆماری فیدراتیڤ) بکەینە(دیموکراسی بۆ ئێران و خود موختاری بۆکوردستان)بۆ چوونەکەشی هێندێ نوختەی راست و مەنتقی تێدایە. ئەگەر یەکترمان دێ قسەی لێدەکەین. لە وەش زیاتر ئیرەج پێشنیاری کرد کە لە گەڵ بیرۆی سیاسی حیزبی تودە دانیشتنێکمان هەبێ. منیش پێم خەراب نیە.

پێش گەرانەوەم بۆ بەغدا، تۆش بێی بۆ ئەڵمان و دە هەوای زاری ئەوانیش بکەین .تکایە کاک حەسەنی قزڵجیشر ئاگادار بکە. رۆژی ١٢ی مانگی ئوکتۆبری ١٩٧٠بیرۆی سیاسی حیزبی تودەی ئێران داوا دەکات کە دوکتور قاسملو، حەسەنی قزڵجی و کەریمی حسامی بۆ چاو پێکەوتنێکی راوێژی بچنە ئەڵمان. رۆژی ١٥/١٠/١٩٧٠ هەر سێکیان لە لایپزیک لە گەڵ ئیرەجی ئەسکەندەری سکرتێری حیزبی تودە و عبدالصمد کامبەخش ئەندامی بیرۆی سیاسی کۆ دەبنەوە. دوکتور قاسملو سەفەری بەغدا و کۆبوونەوە و یەکگرتنەوەی باڵەکانی حیزبی دێموکرات و پێکهێنانی کومیتەی سەرکردایەتی کاتی و ڕێباز و بەرنامەی حیزبی دێموکرات باسدەکات.

پاش باس و لێکدانەوەی بار ودۆخی عیراق و بزووتنەوەی چەکداری کوردستانی عیراق، ئیرەجی ئەسکەندەری دەڵێ:« ئێمە لە گەڵ ئەندامانی بوروی سیاسی کۆ دەبینەوە و بەیانی بیر و رای خۆمان باس دەکەین.

رۆژی ١٦/١٠/١٩٧٠ کۆبوونەوە دەست پێدەکرێتەوە. ئیرەجی ئەسکەندەری دەڵێ:«... هەیئەتی دەبیرانی حیزبی تودە لە کۆبوونەوەی خۆیدا سەبارەت بە پێوەندی لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەم بڕیارانەی خوارەوەی داوە :

١ – هەڤاڵانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تێبکۆشن کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رەوەندی ئانتی کۆمونیستی و دژ بە سۆڤێت بە دوور بێ.

٢ – سیاسەتی دژ بە حیزبی تودە نەگرێتە پێش

٣ – لە گەڵ مەلا مستەفای بارزانی پێوەندی باش رابگرێ

٤ – حیزبی دێموکرات خۆی بە بەشێک لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی سەرانسەریی ئێران بزانێ

٥ – پاش دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی ئەو تۆ، حیزبی تودەی ئێران ئەم حیزبە بە ڕەسمی دەناسێ و بە هەموو تواناوە پشتیوانی لێدەکات.»

دوکتور قاسملو دەڵێ :« حیزبی دێموکرات بێجگە لەو ڕێبازە، ڕێبازێکی دیکەی نیە »(٣) دوای ئەم کۆبوونەوەیە دوکتۆر قاسملو دەچێتەوە بەغد او لە گەڵ کومیتەی سەرکردایەتی کاتی دەست بە تێکۆشان دەکا.

لە بواری ئەرکی دووهەمەوە، کومیتەی سەرکردایەتی کاتی دەتوانێ ئەو ئەندامانەی حیزبی کە لە گەڵ کومیتەی شۆرشگێری بوون و دوای شکان لە بەکر مجۆ لای مام جەلال گیرسا بوونەوە، لە سەر ئیجازەی سەرۆک بارزانی بیانهێنێتەوە ناوچەی ژێر دەستی پێشمەرگەو لە کۆیە و سەنگەسەر و قەلادزە نیشتەجێ یان بکا و لە باری ژیان و بەرێچوونیشەوە فیکریان بۆ بکاتەوە. حکوومەتی عیراقیش دەیەوێ لە ڕێگای یارمەتی یەکی کەمی مادی دەستیان بخاتە ناو. سەری مانگ پیاوێکی خۆی دەنێرێ و هەر یەکە یارمەتی یەکیان پێدەکات. کومیتەی سەر کردایەتی نا ڕەزایی خۆی لەم کارەی حکوومەتی بەعس رادەگەیێنێ و داوا دەکات کە یارمەتی دەبێ بدرێ بە ڕێبەرایەتی حیزب و ئەوان خۆیان دەزانن چۆن یارمەتی بە برادەرانیان دەکەن،. ئەم هەڵوێستەی کومیتەی سەرکردایەتی حکوومەتی بەعس لا لوت دەکا. ئەندامانی حیزب و کومیتەی سەرکردایەتی لە باری ژیانەوە توشی دەست تەنگی و دژواری دەبن. بەلام سەر بەخۆیی و کەسایەتی سیاسی کومیتەی سەرکردایەتی کاتی حیزبی دێموکراتی بە حکوومەتی بەعس نیشان دەدرێ.

لە بواری ئەرکی سێ یەمەوە کومیتەی سەرکردایەتی سەرە ڕای ناکۆکی تەشەنەداری نێوان باڵەکانی حیزبی دێموکرات و گیرو گرفتی جۆر بە جۆر دەتوانێ هەل و مەرجی بەستنی کۆنفرانسێکی حیزبی پێک بێنێ و حیزبی دێموکرات لە بێ سەر و بەرەیی نەجات بدا. دەر کردنی ڕۆژنامە بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستە گرنگترین کار بوو کە دەبوایە بەرێوە بچێ. کومیتەی سەرکردایەتی کاتی لە ژێر ناوی (ئورگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان)دا یەکەم ژمارەی

ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ڕێبەندان (ژانویەی ١٩٧١) دا بڵاو دەکاتەوە. لە ژمارە یەکەمی «کوردستان» دا لە ژێر سەر خەتی(دیسان کوردستان) نووسراوە:

«... خوێنەرانی خۆشەویست ! ئەوە یەکەم ژمارەی «کوردستان» ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەر چاوتانە..... «کوردستان» لە ساڵەکانی ١٣٢٤ـــ٢٥ وەک بڵاو کەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد دەر دەچوو.... ساڵی ١٣٣٣ «کوردستان» وەک ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نهێنی بڵاودەکرایەوە..لەڕێبەندانی ساڵی١٣٤٣وە «کوردستان» لەدەرەوە بڵاو کرایەوە.هەرچەندئەمجارە ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبوو، بەڵام ڕێبازی هەر ڕێبازی حیزبی دیموکرات بوو.» (٤) *

دەرکردنی ڕۆژنامەی «کوردستان» هەنگاوێکی مەزنی سیاسی و تەشکیلاتی بوو، بۆ هێنانەوەی حیزبی دیموکرات بۆ سەر ڕێبازێکی ئوسوڵی سیاسی و حیزبایەتی. چونکە لە ڕاستیدا پێشتر بە کۆنگرەی دووەمیشەوە شتێک بە ناوی ئوسوڵ و ڕێ و شوێنی حیزبی لە گۆڕێدا نە بوە. ئەوەندە نەبێ ناوی حیزبی، بێ بەرهەم و نەتیجەی سیاسی و تەشکیلاتی پارێزراوە.

« .... یەکگرتنەوە لە گەڵ قاسملو خێری بۆ حیزبی دیموکرات زۆر بە دواوە بوو، بە ڕاستی تەنیا پاش هاو کاری لە گەڵ قاسملو بوو کە ئێمە شتێکمان لە مانای

---

* تێبینی:

یەکەمـــ دانانی (ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات) بۆ ڕۆژنامەکە ئەو دەم کارێکی ڕاست نەبوە. چونکە ئەوانەی ڕۆژنامەیان دەرکردوە،(کومیتەی سەرکردایەتی کاتی حیزبی دیموکرات) بوون، نەک کومیتەی ناوەندی. چونکە لە لایەن هیچ ئۆرگانێکی ڕەوایەتی حیزبی هەڵنەبژێر درابوون

دووەم-لەساڵەکانی١٩٤٩ـــ١٩٥٩ڕۆژنامەی«کوردستان» لەباکۆ(ئازەربایجانی سۆڤێتی)لەلایەن چەند نیشتمانپەروەری کوردەوە، بەناوی(ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان) بڵاو کراوەتەوە. لێرەدا باسی نەکراوە.

سێ یەم -ئەو «کوردستان»ەی لەئوروپا دەرچوە، پێوەندیی بەحیزبی دیموکراتەوە نەبوە. لەڕاستیدا ڕۆژنامەی«کوردستان» تا کۆنفرانسی سێ یەمی حیزب، تەنیا لەساڵەکانی ١٩٤٥-١٩٤٦ بەرەسمی وەک ئۆرگانی حیزبی دیموکرات (بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوە) پێداچوونەوە

www.kerimhisami.com

دروستی حیزبایەتی و کاری حیزبی و ئوسولی حیزبی بەر چاوکەوت و کەم و زۆر فێری بووین بەو یەکگرتنەوەیە کەوتینە فیکری دروستکردنی تەشکیلاتی رێک و پێکتر، خۆ ناساندن بە حیزب و رێکخراوەکانی کورد و ئێرانی و ناوچەیی و جیهانی و......» (٥)

رۆژنامەی کوردستان چ لە بواری رەوانبێژی زمان و چ لە بواری بۆ چوون و لێکدانەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتوری یەوە لە نێو رووناکبیرانی کوردستانی عێراقدا جێگای خۆی دەکاتەوە و پێشوازی لێدە کرێ. تا رادەیەکی کەمیش دەگاتەوە کوردستانی ئێران.

دەست بە کار بوونی کومیتەی سەر کردایەتی کاتی لە سەرەتاوە سەبارەت بە بۆ چوونی جیاواز و ناکۆکی تەشەنە کردووی نێوان لایەنگرانی کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دیموکرات و ئەندامانی رێبازی ئەحمەد توفیق و پلەی و شیاری سیاسی دژواری زۆری دێتە پێش. دوای یەکگرتنەوە ئێتر مەسەلەی کاری سیاسی و تەشکیلاتی و تەبلیغاتی دێتە پێش و شێوەی رابردووی حیزبایەتی پێویستی بە گۆرانکاری ریشەیی هەیە.

ئەم قۆناخە کادری سیاسی و لێهاتووی گەرەکە. ئەوەش لە نامەی ١٣/١٢/ ٩٧٠ ی دوکتور قاسملو دەر دەکەوێ کە بۆ کەریمی حسامی نووسیوە: «....براگیان زۆر پێ ویستە کە گیر نەبی هەر چی زووتر خۆت بگەیێنیە بەغدا. چونکە بە راستی کارمان زۆرە، وەزعێکی وەها تایبەتی هاتۆتە پێش کە پێ ویستە تۆ لێرە بی و مەسئولیەتی کاری تەشکیلاتی بخەیە سەر شانی خۆت. چاوەروانی نامە و هاتنتین.» (٦)

لە سەر نێوە رۆکی گەلالەی پێرەو پرۆگرامی حیزبی کە دوکتور قاسملوو لە گەڵ خۆی برد بۆوە، بە تایبەت لە سەر درۆشمی ستراتیژی کە (خودموختاری) بۆ کوردستان لە بەر چاوگیرا بوو، بیر و رای جیاواز دێنە پێش. کۆمیتەی سەر کردایەتی بۆ باس لە سەر گەلالەی پێرەو و پرۆگرام کۆ دەبێتەوە و ئەم بریار نامەیەی خوارەوە پەسند دەکا

«... کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رۆژی ١٩٧١/٣/٣٠وە تا ١٩٧١/٤/٤ درێژەی بە کۆبوونەوەکانی خۆیدا و ئەم بڕیارانەی دا:» لە بەرئەوەی لە سەر پێرەو و پرۆگرام چەند پێشنیارێک هاتبوو، دوو برادەری کومیتەی ناوەندیش نەزەریان لەو بارەوە هەبوو، قەراردرا کە:

١ - کومیسیۆنێک لەو برایانە پێک بێ: قاسملو، سراجی، حسامی، حەیاکی بۆ لێکۆڵینەوەی پێشنیارەکان و نەزەری ئەو دوو برادەرە لە سەر گەڵاڵە و گۆڕینی گەڵاڵەکە بە شێوەیەک که پێشنیاری پەسند کراوی تێدا گونجابێ. دیارە گەڵاڵەکە بۆ قەراری دوایی دەهێننەوە بۆ کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی.

٢ - گەڵاڵەی پێرەو و پرۆگرام هەتا کۆنگرە یا کۆنفرانس وەک پێرەو و پرۆگرام حساب دەکرێ.

٣ - کومیتەی ناوەندی وەک ئۆرگانێک و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ئەو پێرە و و پرۆگرامە دەبەنە ناو خەڵک و تەبلیغیان بۆ دەکەن لە ناو ئەندامانی حیزبدا و دیفاعیان لێدەکەن.

٤ - ئەندامانی کومیتەی ناوەندی هەقیان هەیە لە کۆنگرە یا لە کۆنفرانسدا هەر نەزەرێکیان لە سەر پێرەو و پرۆگرام هەبێ، بیڵێن.

٥ - ئەندامێکی حیزب کە دژی پێرەو و پرۆگرام کە لە لایەن کومیتەی ناوەندی یەوە پەسند کراوە بوەستێ و تەبلیغ لە دژی بکا و خۆی لێ دوور بخاتەوە و هاوکاری نەکا لە حیزب دەر دەچێ.

٦ - ئەندامانی تر کە نەزەریان لە سەر مەجموعەی گەڵاڵەی پێرەو و پرۆگرام یا چەند بەندێکی هەیە، بەڵام دژی راناوەستن و هاوکاری دەکەن، دەبێ حیزب تێبکۆشێ بە شێنەیی اقناعیان بکا و رێگایان پێشان بدا تا وەختێک کە کۆنگرە یا کۆنفرانس بڕیاری دوایی لە سەر پێرەو و پرۆگرام دەدا.

٧ - لە بەر ئەوەی لە سەر بەندی چواری گەڵاڵەی پرۆگرام ناکۆکی رەئی هەبوو لە ناو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی دا، قەرار درا کۆنگرە یا کۆنفرانس بڕیاری دوایی لە سەربدا و هەتا ئەو دەمیش: لە ئەسنادی حیزبیدا دروشمی خود

www.kermhisami.com

موختاری له چوار چێوەی ئێرانێکی دیموکراتی دا به کار دەهێندرێ. چونکه گۆڕینی دروشمی خود موختاری به جمهوری هاسانتره و هەنگاوێکه بەره و پێش. بەلام ئەگەر دروشمی جمهوری هەلبگری پاشه کشه لەم دروشمه له باری سیاسی یەوه توشی تەنگ و چەلەمەمان دەکا.

الف – کومیتەی ناوەندی له عەینی وەختیشدا لەو باوەره دایه که له باری ناوەرۆکەوه له ناو دروشمی کۆماری دیموکراتی کوردستان و حکوومەتی خود موختاری کوردستان دا جیاوازی نیه.

ب – پێکهاتنی خود موختاریی کوردستان نا تەبایی هەیه دەگەل بوونی رێژیمی پاشایەتی حەمەرەزا شا له ئێراندا

ج – شێوەی ئەسلی خەبات بۆ جێ به جێ کردنی ئەم شیعاره له هەل و مەرجی ئەو رۆدا شێوەی خەباتی چەکداره » (٧)

له کۆ بوونەوەی ١٩٧١/٥/١٣ یشدا، سەبارەت به بزووتنەوەی کوردستانی ئێران، ئەم بڕیارانەی خوارەوه پەسند دەکا:

١ – کومیتەی ناوەندی نەزەری ئەوەیه که شۆرشی چەکدار رێگای ئەسلی رزگاریی ئێران له ژێر باری رێژیمی شا و ئیمپریالیزمه.

٢ – کومیتەی ناوەندی لەو بڕوایه دایه که خەباتی گەلانی ئێران گەیشتوته قۆناخێکی تازه و زۆر کاره ساتی ئەو چەند مانگەی دوایی ئەو راستی یه ئیسبات دەکا

٣ – هێندێ شەرتی ئەساسی وەک یەکگرتنی هێزه دیموکراتی یەکانی ئێران، شەرایتی دەرەوەی له بار به تەواوی بۆ بەرپاکردنی شۆرشی چەکدار پێک نەهاتوه. به تایبەتی روون بوونی هەلوێستی سەرۆکایەتی شۆرشی کوردستانی عیراق زۆر گرنگه.

٤ – دەستپێکردنی جولانەوەی چەکدار بەم چەشنه، واته بەبێ ئامادەیی و به بێ پێکهێنانی تەشکیلاتی حیزبی رێک و پێک و به هۆی ئەو کەسانه که ناوبانگیان له کوردستانی ئێران باش نی یه، به راست نازانێ.

٥ – کومیتەی ناوەندی لەو بڕوایه دایه که حیزب دەبێ له هەموو جولانەوەیەکدا که کۆمەلانی خەلک پشتیوانی لێبکەن بەشدار بێ.

www.kerimhisami.com

٦ – کومیتەی ناوەندی دەبێ ڕێکخراوی حیزبی ئامادە بکا بۆ ئەوە بە هەموو هێزی یەوە لە بەرپا کردنی شۆرشی سەرانسەری ئێراندا هاو بەشی بکا.

٧ – کومیتەی ناوەندی دەبێ لە ئێستاوە بە گورجی خەریکی پەروەردە کردنی کادری سیاسی و عەسکەری بێ.

٨ – کومیتەی ناوەندی دەبێ لە پێوەندیی خۆی دەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی کوردستانی ئێران بۆ بەشدار بوونی حیزب لە جوڵانەوەی چەکدار دا کەلک وەرگرێ.» (٨) *

– سەیرێکی ئازادانەی ئەم بڕیارانە نیشانی دەدا کە لەم کۆبوونەوەیەدا بەردی بناغەی پێشێلکردنی دیموکراسی حیزبی دادەرێژرێ . دیارە ئەو دەم هیچ یەک لە ئەندامانی کومیتەی سەر کردایەتی کاتی و تەنانەت نووسەری ئەم دێڕانەش نە هەستی پێدەکەن و نە دژی دەوێستن.
یەکەم – لە سەرە تاوە دەنووسرێ« کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی». لە کاتێکا کۆبوونەوەی« کومیتەی سەرکردایەتی کاتی» بوە، ئەو کومیتەیە لە لایەن هیچ ئۆرگانێکی رەوایەتی حیزب، وەک کۆنگرە و کۆنفرانس هەڵنەبژێردراوە. بەڵام ناوی«کومیتەی ناوەندی» لە سەر خۆ دادەنێ. بە داخەوە لە حیزبی دیموکرات دا، تا کۆنگرەی دووهەم هەر چی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، بە کومەڵ بێ یا تاک ناوی کومیتەی ناوەندی لە سەر خۆ داناوە و چۆنی ویستوویەتی و بۆی لواوە ئاوا حیزبایەتی کردوە. کۆنگرەی دووەمیش نەیتوانیوە لە حیزبی دیموکراتدا کۆتایی بە سەرە رۆیی و شێوەی تەک پەرستی بهێنێ.
دووەم – گەڵاڵەی پێڕەو و پڕۆگرام مادام لە لایەن ئۆرگانێکی خاوەن سەڵاحیەتەوە پەسند نەکرێ، هەر گەڵاڵەیە و رەسمیەتی بۆ نیە. بەڵام لێرەدا گەڵاڵە بە پێڕەو و پڕۆگرامی حیزب دانراوە .
سێ یەم – هەر لە پێشەوە ئەندامی حیزب بە دەر کراو دا دەنێ کە دژی پێڕەو و پڕۆگرامی پەسند کراوی کومیتەی سەر کردایەتی هەڵنەبژێردراوی کۆنگرە و کۆنفرانس بوەستێ و خۆی لێ دوور بخاتەوە و هاوکاری نەکا. (ئەم سیاسەتە لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا درێژەی هەبوە و ئەندامی حیزبی بە تاوانی دەربڕینی بیر و را بە پێچەوانەی بۆ چوونی ڕێبەرایەتی لە حیزب دەرکراوە.)
چوارەم – هەر چەندە لە سەر هەڵگرتنی دروشمی خودموختاری ناکۆکی بیرو راهەیە، بەڵام بەر لە پەسند کردنی لە لایەن ئۆرگانێکی رەوایەتی، بە بەڵگەی حیزبی دا دەنرێ و بە کار دەهێنرێ.
پێنجەم – بە بێ لە بەر چاو گرتنی هەل ومەرجی خۆجێیی ودەرەکی، لێکدانەوەی هێز وتوانای خۆیی ودوژمن خەباتی چەکداری بەشێوەی سەرەکی خەبات دادەنێ.
پێداچوونەوە

www.kerimhisami.com

کۆنفرانسی سێ یەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕۆژی ١٩٧١/٦/٢١بە بەشداری ٣٢ ئەندامی حیزبی کە بە بێ هەڵبژاردن لە لایەن کومیتەی ئامادە کردنی کۆنفرانسەوە بانگ کرا بوون، لە شارە پیرۆزەکەی حاجی قادر(کۆیە) کۆنفرانسی سی یەمی حیزبی دێموکرات دەبەسترێ. لە پێش بەستنی کۆنفرانس دوکتور قاسملوو دەچێتە خزمەت مەلا مستەفا و خەیاڵی بەستنی کۆنفرانسی پێڕادەگەیێنێ. بەڵێنیشی پێدەدەن کەمانگێ ٥٠٠ دینار یارمەتی بە حیزبی دێموکرات بکەن، کە لە بەڵێن تێناپەڕێ.

لە سەرە تاوە لە سەر ناوی کۆنفرانس کە داخوا کۆنفرانسی سێ یەمە یان دووەم، ناکۆکی دێتە پێش. دوکتور قاسملوو پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە ئەوەی ئێستا کۆنفرانسی دووەمی حیزبە. ئەندامانی سەر بە ڕێبازی ئەحمەد توفیق بە کۆنفرانسی سی یەمی دەزانن. چونکە ئەوانیش کۆبوونەوەیەکیان هەبوە و ناویان ناوە کۆنفرانس وەک پێشتر باسی کراوە. لە ئەنجامدا بە زۆربەی دەنگ دەبێتە کۆنفرانسی سی یەمی حیزبی دێموکرات. ئەگەر لە ڕاستیشدا ڕێ وشوێنی دروستی حیزبایەتی مودێرن و پێشکەوتوو لە بەر چاو گیرابایە، کۆنفرانسی کۆیە دەبوایە بە کۆنفرانسی یەکەمی حیزب ناو دێر کرابا. چونکە بەراستی کۆبوونەوەکانی سالانی ١٩٥٥ و١٩٦٩ کە ناوی کۆنفرانسیان بە سەرد ابراوە، تەینا وەک دوکتور قاسملو دەڵێ کۆبوونەوەی هێندێ ئەندامانی حیزب بون، بۆ باس و لێدوانی ڕووداوەکان. لەو کۆنفرانسەدا یەکە بە شێوەیەکی ئوسوڵی و ڕێکوپێک ڕاپۆرتی کومیتەی سەرکردایەتی پێشکێش دەکرێ، پێڕەو وپرۆگرامی حیزب دەکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و پەسند دەکرێ. کومیتەی ناوەندی بە

www.kerimhisami.com

شێوەیەکی دیموکراتی هەڵدەبژێردرێ.
کۆنفرانسی سێ یەم تا رادەیەکی زۆر کۆتایی بە سەرە رۆیی نێو حیزب و هەر کەس هەر کەسی دێنێ . دەرکردنی رۆژنامە و فێر کردنی ئەندامانی حیزبی دەکاتە ئەرکی کومیتەی ناوەندی کە ئەو دەم بە یەکێ لە ئەرکە گرنگەکانی رۆژی کومیتەی ناوەندی دەژمێردرا.

دوای کۆنفرانسی سی یەم کومیتەی ناوەندی هێندێ ئەرکی پێویست بۆخۆ دیاریی دەکا و بۆ راپەراندنیان دەست بە کار دەبێ. بەر لە هەموو شت پێوەندی لە گەڵ هاو نیشتمانانی کوردستانی ئێران و زیندوو کردنەوە و پێکهێنانی رێکخراوی حیزبی. کومیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب لە نێو ئەندامانی حیزبی دانیشتووی کوردستانی عیراق تا رادەیەک ئوسولێکی حیزبی دادە مەزرێنێ و رێکیان دەخات. لە ناوەوەی وڵات بە داخەوە سەبارەت بە گەلێک هۆکاری بابەتی و خۆیی نەک هەر سەر کەوتنێکی بەر چاو وە دەست ناهێنێ، بەڵکوو بە شەهید بوونی هاڤاڵ قادری ویردی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە بانە،٢٣/٣/١٩٧٣ و دوو هاورێی تێکۆشەری دیکە محەممەدسەدیق و عەزیزی مستەفا زادە زەبرێکی قورس وە حیزبی دیموکرات و تێکۆشانی ناو وڵات دەکەوێ. ساواک بە هۆی زۆڵە کوردێکی خۆ فرۆش بە ناوی سەلیمی خات شەرافەت دەست دەخاتە نێو تەشکیلاتی بانە و ناو براو بە فێڵ و درۆ هاورێ قادر بۆ نێو شاری بانە رادەکێشێ و ساواک و ژاندارمەی بە گژ دا دەکا و لە ئەنجامدا هاورێ قادر شەهید دەکرێ و محەممەد سەدیق و عەزیزی مستەفا زادە دەگیرێن و لە دادگایەکی نیزامی لە شاری سنە بە ئیعدام مەحکوم دەکرێن. دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بۆ رزگاری ئەم دوو تێکۆشەرە بە نووسینی نامەیەک پەنا بۆ سەرۆک بارزانی دەبا، بەڵکوو لە رێگای نفوزی ئەو گیانی ئەم دوو ئازادیخوازانە لە ئیعدام رەزگار بکرێ. بە داخەوە ئاکامێک نایەتە دەست و هەرتکیان لە سنە ئیحدام دەکرێن. داخی گەورە تر ئەوەیە وەک قاو بوو، دوای روخانی رێژیمی شا ئەم سەلیمە خاین و خۆ فرۆشە دەبێتە پێشمەرگەی ماموستا مەلا جەلال و لە سازمانی خەبات دابۆ (ئازادی

کورد) و پتەو کردنی ئیسلام لە کوردستان چەک هەڵدەگرێ.

لە گەڵ ئەو کۆستەش دیسان هێندێ پێوەندی لە گەڵ ئەندامانی حیزب لە ژوورەوە هەردەگیرێ و هێندێ نووسراوەی حیزبی دەگەنەوە نێو خۆی وڵات. لەتاران لەگەڵ چەند کوردێکی نیشتمانپەروەر پێوەندی دەگیرێ. دیارە کۆسپی گەورە بۆ تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەو کاتەدا هەڵوێستی پارتی دێموکرات و بزووتنەوەی چەکداری کوردستانی عیراق دەبێ کە رێگا نادەن ئەندامانی حیزبی بە نهێنیش بچنەوە وڵات و تێکۆشانی سیاسی بکەن. زۆر جاران ئەندامانی حیزبی دێموکرات کە بە بێ چەک دەیانەوێ بچنەوە وڵات، لە لایەن پێشمەرگەی بزووتنەوەی کوردستان دەگیرێن و ئازاریش دەدرێن. کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات چەند جار سەبارەت بەم هەڵوێستەی پارتی نامەی نارەزایی بۆ سەرۆک بارزانی و مەکتەبی سیاسی دەنێرێ، بەڵام بێفایدە دەبێ.

بۆ گێرانەوەی هێندێ تێکۆشەری کوردی کوردستانی ئێران بۆ نێو حیزب کە لە عیراق دەژیان، کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەی ١٩٧١/٦/٢٥دا بریار دەدا پێوەندی یان پێوە بکرێ. بۆ پێوەندی لە گەڵ ماموستا زەبیحی سەبارەت بە دۆستایەتی و راوێژ و هاو کاری، دوکتور قاسملو دیاری دەکرێ، دوکتور ئەم پێوەندی یە دەگرێ و ئاکامی لە باریشی دەبێ.. تا ئەو دەمەی کومیتەی ناوەندی لە عیراق دەبێ، ماموستا زەبیحی لە هەموو بارێکەوە دۆستایەتی نیزیک لە گەڵ حیزبی دێموکرات دەپارێزێ.

سەبارەت بە پێوەندی لە گەڵ عەولای ئیسحاقی(ئەحمەد توفیق) مەلا عەولای حەیاکی و حەمەدەمینی سراجی دیاری دەکرێن کە پێوەندی دەگەڵ بگرن و داوای لێ بکەن واز لە هەڵبەز هەڵبەز بێنێ و بگەرێتەوە نێو حیزب.

«....لە دوای کۆنفرانس کۆمیتەی ناوەندی دوو کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی بۆقسەکردن لە گەڵ اسحاقی دیاری کردن: محمدامین سراجی و عبداللەحسن زادە ئەم دوو کەسە لانی کەم سێ جار لە گەڵ ناو براو دانیشتن و زۆر دڵسۆزانە هەوڵیان دا قانیعی بکەن بگەرێتەوە ریزەکانی حیزب و واز لە

www.kerimhisami.com

تەکرەوی و دوژمنایەتی لە گەڵ حیزب بێنێ. بە داخەوە ئەو پیاوە کە وادیاربو توشی نەخۆشی سادیسم بوە، تەنیا شەرتی بۆ گەرانەوە بۆ نێو ریزەکانی حیزب ئەوە بوو کە ئەو هێندێ کەس دەناسێ و دەزانێ جاسوسن. بەڵام ئەو بۆی دەداو ناکەون. کەوایە دەبێ حیزب بانگیان کاتە بەغداو بیانداتە دەست ئیسحاقی کە بە دقسەی خۆی جێگای بۆ حەبس کردن و ئەشکنجە و ئازار و اقرار پێکردنیان هەیە. ئەو دەم ئەوان ئیعدام دەکا و دیتەوە نێو حیزب. هەر چەندیش هەوڵ درا کە بڵێ ئەو کەسانە کێن، حازر نەبوو ناویان بەرێ. دەیویست نامەیەکی مۆرداری کومیتەی ناوەندی، یان دەفتەری سیاسی بدرێتێ کە لە وێدا حیزب بەرعوده بوو بێ ئەو کەسانەی تەسلیم بکا، جا ئەو جار حازر دەبێ ناوەکانیان بڵێ. لەو لاشەوە کارەکانی خۆی وەک بەیاننامە دەرکردن و بەد گۆیی حیزبی درێژە پێدا و لە دوژمنایەتی حیزب دەست بەردار نەبوو. سەر ئەنجام لە مانگی بەفرانباری ١٣٥٠دا کومیتەی ناوەندی لە رۆژنامەی کوردستاندا بە بڵاوکردنەوەی ئاگاداری یەکی کورت لە رۆژنامەی کوردستاندا دەرکردنی ئەحمەدتوفیقی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان راگەیاند.» (٩)

هەنگاوێکی دیکەی کومیتەی ناوەندی پەروەردەی کادر و ئەندامانی حیزب دەبێ بە کومیتەی ناوەندیشەوە. بۆ ئەم کارە یەک دوو دەورەی کلاسی کادری یەک دوو مانگە دادەنێ و نیزیکەی ٢٠ کەسێک تێدا بەشدار دەبن و لە بواری سیاسی و ئابووری و رێکخستن و کومەڵایەتی و ئەرکی ئەندامەتی حیزب دەرسیان پێدە گوترێ. کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات هەر چەندە لە بەغدا نیشتەجێ دەبێ و تا رادەیێکیش لە یارمەتی حیزبی بەعس کەلک وە ردەگرێ، بەڵام تا ساڵی ١٩٧٥ کە بزووتنەوەی چەکداری کوردستان توشی شکان دەبێ، نەک هەر سەبارەت بە پاراستنی پێوەندی دۆستانە و لە بەر چاوگرتنی بەرژەوەندی بزووتنەوەی کوردستانی خواروو سیاسەتی سەر بەخۆیی پاراستوە، بەڵکوو سەبارەت بەم سیاسەتە نیشتمانی یە زۆر جار تووشی تەنگ و چەڵەمەش بوە. بە داخەوە سیاسەتی پارتی لە ئاست حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێچەوانەی ئەوەبوە.

www.kerimhisemi.com

تەنانەت هێندێ کەسی نارازی لە حیزبی دێموکرات و گێرە شێوێن لە گوندی (ئێندزە) کۆ دەکەنەوە و بۆ بە گژ داچوونی حیزبی دێموکرات یارمەتیشیان دەدەن.

کومیتەی ناوەندی جگە لە دەرکردنی رۆژنامەی «کوردستان» گۆڤاری «تێکۆشەر» لە بواری چاپ و بڵاو کردنەوەی ئەدەبیاتی سیاسی و مێژوویی و کولتوریشەوە هەنگاوی گرنگ داوێژێ. هێندێ کتێبی باشی سیاسی و مێژوویی و ئەدەبی دەنووسرێن و دەکرێن بە کوردی و بڵاو دەکرێنەوە.

رادیۆی شۆڕشگێڕانی ئێران

حکوومەتی عیراق لەو ساڵانەدا بۆ دژایەتی حکوومەتی ئێران، کەس و دەستە و تاقمی سەیر بە ناوی هێزی بەرهەڵستکاری دژی ئێران لە بەغدا کۆ دەکاتەوە. یەک لەوانە (ژەنراڵ مەحموودی پەناهیان)دەبێ. پەناهیان ئەفسەری فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانی ساڵی ١٩٤٥ ــ١٩٤٦ بوو. لە ئازەربایجانی سۆفیێتی دەژیا. دێتە بەغداو حکوومەتی بەعسی دەزگا و دەبدەبەیەکی سەیری بۆ ساز دەکا بەو خەیاڵە لە ئێراندا کارێکی پێبکات. بەڵام کابرا لە قسەو خواردن بەدەر هیچی لە دەست نایە. حکوومەتی عیراق رادیۆیەکی نهێنی لە بەغدا بۆ دادەمەزرێنێ کە دژی ئێران بەرنامە بڵاو کاتەوە. پەناهیان کە دەزانێ بە تەنیا هیچی بۆناکرێ. داوا لە حیزبی دێموکرات دەکا، بۆ بڵاو کردنەوەی بەرنامەی کوردی هاوکاری بکات.

دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی ١٩٧١/٧/١٥ بڕیار دەدا بەو شەرتەی بتوانێ سیاسەتی حیزبی دێموکرات بە سەربەستی بڵاو بکاتەوە، بەشداری کردنی ئیرادی نیە. بەرنامەیەکیش بۆ وتارەکانی رادیۆ ئامادە دەکات. بەڵام هاوکاری لە رادیۆدا دەوام ناکا. چونکە پەناهیان دەیەوێ لە سەر مەسەلەیەک دژی سەرۆک بارزانی و پارتی وتار بڵاو کاتەوە. نوێنەری حیزب دژی دەوەستی و هاو کاری تێکدەچێ.

www.kerimhisami.com

کۆمەڵەی رزگاری کوردستان

هاوینی ساڵی ١٩٧١ لە رێگای دۆستێکی حیزبی دیموکراتەوە، پرۆگرامی (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان) و یادداشتی دەزگای دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی رزگاری کە ١٩٧١/٧/٥ پێشکێش کرابوو بە قیادەی قەومی و قوتری حیزبی بەعس دەکەوێتە دەست دەفتەری سیاسی. لە رووی ئەم یادداشت و بەرنامەیە دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە ناسراو نین و ناوی کەس نەنووسراوە. بەڵام پاش چاو پێکەوتنی بیرەوەری یەکانی کاک سەعید کوێستانی و حکایەتی عەولای حەسەنزادە بە ناوی (نیوسەدەتێکۆشان) گەیشتوومە ئەو نەتیجەیە دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵە و نووسەرانی یادداشتەکە بۆ حیزبی بەعس، دەبێ کاک سەلاح الدینی موهتەدی و کاک محەممەدی ئێلخانی زادە (مستەفا و کاوە) بوو بن کە پاش تێکچوونیان لە گەڵ ئەحمەد توفیق و پەیدا بوونی دوو بەرەکی لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق ، بەهاندان و رێنوێنی مام جەلال تاڵەبانی بۆ پێکهێنانی ئەم کۆمەڵەیە هەنگاویان نابێ و لە گەڵ حیزبی بەعسیش پێوەندی یان گرتبێ. با بزانین کاک سەعید کوێستانی لەم بارەدا دەڵێ چی :

« ..... لە سەرداوای برادەران لە کۆی سنجاق لە شاری حاجی قادری کۆیی، شارێکی هێدی و هێمن کۆ بووینەوە. جگە لە کاک سلیمانی موعینی و عەولای ئیسحاقی ئەوانیترم نە دەناسین. بەشدارانی کۆ بوونەوە بریتی بووین لە پێنج کەس. واتە کاک عەبدوڵلا ئیسحاقی «ئەحمەدتوفیق»، کاک سولەیمانی موعینی «فایق ئەمین» کاک سەلاحەدینی موهتەدی (مستەفا) و کاک محەممەدی ئێلخانی زادە (کاوە) و بۆ خۆم(سەعید کاوە) کۆبوونەوەکەمان دوای دوو جار دانیشتن،

www.kerimhisami.com

واتە بەیانی وپاش نیوەڕۆ کۆتایی پێهات. لەو کۆبوونەوەیەدا هێندێک بڕیاری کارو بار لە نێوان ئەو پێنج کەسە دابەش کرا. هەر چەند ئەو کۆبوونەوە لە مەڕ ئۆرگانیەوە باسی لێ نەکراو روون نەبوو بەلام بە کردەوە چ لە مەڕ دیاری کردنی نەخشی داهاتوو، چ لە مەڕ دابەشکردنی کار لە ناوچەکان، چ لە مەڕ دیاری کردنی کاری پێشمەرگایەتی، کۆبوونەوەیەکی بەرێوە بەرایەتی کاتی حیزب بوو..... سالی ١٩٦٣ لە سەر داخوازی ئەحمەد توفیق کۆبوونەوەیەکمان لە گوندی ئالانێ پێکهێنا.... هەوالێک لە سەلاحەدینی موهتەدی و محەممەدی ئێلخانی زادە نەبوو. دیار بوو لە نێوان ئەحمەد توفیق و ئەواندا سارد و سڕی پێکهاتبوو... لە فایقم پرسی بۆ چی کاوە و مستەفا نە هاتوون؟ گوتی: لە گەل ئەحمەد نێوانیان ساردە تکایە جارێ باسی مەکە بزانین چی لێ دێتەوە.. دوای ماوەیەک بۆمان روون بۆوە، نەک هەر لە گەل یەک نە ماون، بەلکوو دژایەتی یەکتریش دەکەن. دوایی بۆم دەرکەوت ئەحمەد توفیق بۆیە باسی غەیبەتی سەلاحەدین ناکا، دەیویست بزانێ نیزیکی و دووری ئەوان لە گەل بارزانی بە کوێ دەگا. کاتێک زانی کە ناتوانن نەزەری بارزانی بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، ئەحمەد توفیق بۆی لە سیمی ئاخری دان. ئەوەی نە دەبوو لە راست کاوە و مستەفا بیکا، کردی .» (١٠)

لە وەرا دەر دەکەوێ کە «کۆمەلەی رزگاری» ناو براو دوای ئەم ناکۆکی یە بە رێنوێنی مام جەلال ساز کراوە. «.... کاتێک گەیشتینە قەلادزێ، یۆسبەینی حوسێنی مەدەنی پێشنیاری پێکردم و گوتی: مام جەلال لە قەلادزێ یە با بچینە لای چاومان پێبکەوێ و هێندێک مەسایلی خۆمانی لە گەل باس بکەین.... ئەوە بوو لە گەل مام جەلال کاتمان دانا و شەو چووینە لای. باسەکەمان دامەزراند و هێندێ شتمان لە گەل باس کرد. مام جەلال پێشنیاری پێکردین لە گەلی بچینە لای مستەفا و کاوە. واتە (کاک سەلاحەدین موهتدی و کاک محەممەد ئێلخانیزادە). ئێمە پێش ئەوەی بزانین بۆ دەچین، پێمان گوت نا توانین لە گەل ئەوان پێک بێین و کار بکەین. چونکە لەو سەر و بەندە دا بوو کە مستەفا و کاوە بڕوشۆرێکیان وەک بەرنامە بە نێوی « کۆمەلەی رزگاری » دەرکردبوو بلاو ببۆوە. ئێمە بە دەستخەت

ئەو برنامە مان دەست کەوتبوو.»(١١)

عەولای حەسەن زادەش دەڵێ: «لەساڵەکانی ١٣٤١ــ١٣٤٢ جمو جۆڵێکی دیکە بە دژی خەتی اسحاقی وەڕێکەوت کە بە ناوی کاوە و مستەفا(محمدایلخانی زادە صلاح الدین مهتدی) ناو بانگی دەر کرد بوو. ئەوانیش بەش بەحاڵی خۆیان هێندێ کاری سیاسی و تەشکیلاتی یان لە ناوچەی سەردەشت و بۆکان کرد کە هەر نەبێ لە باری روونکردنەوەی فکری یەوە بە سوود بوو.»(١٢)

بە ئاوڕ دانەوە لەم نووسینانە بە گریمانی قەوی دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی رزگاری) و نووسەرانی یادداشت بۆ حیزبی بەعس دەبێ هەر ئەوان بووبن. پێوەندی درنگتری کۆمەڵەش لەگەڵ حکوومەتی بەعس هەر دەبێ لەسەر بناخەی ئەم پێشینەیە دامەزرابێ. هەر چۆنێک بێ ئێمە دەقی پرۆگرامی (کۆمەڵەی رزگاری) و یادداشتی دامەزرێنەرانی دەخەینە بەر چاو بەڵکوو بۆ مێژوو نووسانی مێژووی کوردستان وەک کەرستەی خاو کەڵکی لێ وەر بگیرێ:

«.... یاد داشتی دەزگای دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی رزگاری کوردستان بۆ بە رێز قیادەکانی قومی و قطری حیزبی بەعسی عەرەبی اشتراکی تێکۆشەر

١٤/٤/ ٢٨٥٣ ــــ ٥/٧/١٩٧١

پاش پێشکێش کردنی جوانترین و گەرمترین سڵاوی شۆرشگێرانەمان سەر کەوتنتان لە پێناوی ئامانجی گەورەی نەتەوەی عەرەبی برا دا بۆ وەرگرتنەوەی خاکی عەرەبی داگیر کراو لە چنگی صهیونیست و ئیستعمار و رزگارکردنی هەموو ئەرزی عەرەب ئاوات و ئارزومانە.

هاو رێیانی بە رێز، ماوەیەک لە مەو پێش بە شانازی یەوە دەعوەتی شفاهی برایانەی ئێوەمان پێگەیشت بۆ پێشکێش کردنی پرۆگرام و پێرەوی(کۆمەڵەی رزگاری کوردستان) لە گەڵ یادداشتێکی کۆمەڵەدا بۆ ئەوەی لە نیازی کۆمەڵەمان

www.kerimhisami.com

بگەن. ئەوا لە سەر داوخواستی خۆتان ژمارەیەک لە پرۆگرام و پێڕەوی کۆمەڵەمان پێشکێش کردن لە گەڵ ئەم داخوازیانەی خوارەوە:

١- هیواداریین دوای خوێندنەوەو دراسەکردنی تەواوی پرۆگرام و پێڕەوی کۆمەڵە زیاتر هەنگاو هەڵبگرن بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی لە نێوان هەردوو لادا.

٢- مەوجودیەتی کۆمەڵە بپارێزن وەک حیزبێکی نیشتمانی نەتەوەیی، چونکە مانەوەی کۆمەڵە بە نهێنی گەورە ترین مەرجی بناغەیی و هاوکاری ئێمەیە لە گەڵ ئێوەی بە ڕێز دا. لە بەر ئەوە کە خەباتی ئێمە خەباتێکی دور و درێژو دژوارە، هەر وەک خۆتان ئەزانن هەر دەستەیەک هەست بە بزووتنەوەی کرا لە لایەن دەزگاجاسوسی یەکانی شاوە ئیتر نامێنێ و بنەبڕ دەکرێت و ماوەی ئیشکردنی نادرێت لە ناو کوردستانی ئێراندا. هەر وەک ئەو دەستە وجەماعەتە کە ئێستە بە ناو حیزبن و بە ناوەرۆک هیچ. بەڵام ئێمە بە پێچەوانە هەموو کات ویستومانە بە ناوەرۆک شت بین.

٣- کۆمەڵەی رزگاری کوردستان لە گەڵ ئەوە دا کە هێشتا جگە لە نەتەوەکەی خۆی یارمەتی دەرێکی نەبوە و سەر لێ شێواو و دەربەدەریش زۆرە بە تایبەت لە دەرەوەی کوردستانی ئێراندا، خۆی بە هیچ لایەکدا هەڵنەواسیوە.

٤- هەموو کات کۆمەڵەمان ئامادەی هاوکاری و پەیوەندی بوە لە گەڵ هەر دەستە و حیزبێکدا کە هاو کاری بکات بۆ بە دەستهێنانی گەلی کورد لە مافە نەتەوایەتیەکانیدا وەکو لە پرۆگرام دا دیاری کراوە.

٥- بە پێی بیر و باوەری ئێمە و لێکدانەوەی پڕ لە تەجروبەمان لە ظروفی ئیمرۆدا لە کوردستانی ئێران ئیمکان و رێگای هیچ جورە قیامێکی چەکدارانە نیە. جولانەوەی چەکدارانە لە کوردستانی ئێراندا لە گەڵ شکست روو بە روو ئەبێت بەڵام بۆ حیزبێکی بە تاقەت و ئارام و لە سەر خۆ رێگای رێکخستن و تنظیمی حیزب هەیە و ئەبێ هەر لەو رووە کار بکرێت.

٦- کۆمەڵەمان پیرۆز بایی ئەکات لە بەیانی ١١ئاداری مێژویی کە حیزبی بەعسی عەرەبی اشتراکی بڕیاری لە سەردا بە پێی مادەی ٦ی پرۆگرامی کۆمەڵە

www.kerimbisami.com

که ئەڵێ (کۆمەڵە پشتیوانی ئەکا لە هەر ئیمتیازێکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کە هەر بەشێک لە بەشەکانی گەلی کورد لە ناو سنووری ئێستادا بە دەستی دەهێنێ).

٧- کۆمەڵەمان لە گەڵ هەر جیبهەتێکی سیاسیدا هاوکاری ئەکات بۆ رووخاندنی حکوومەتی شای خائین و دەستکردی ئیستعمار و هاوکاری صهیونیست بۆ ئەوە بگاتە مافە نەتەوەییە زەوتکراوەکان.

٨ - لە کۆتاییدا داوای ئێمە بۆ ئێوە ئەوەیە:

ئەلف - وەلاممان بدەنەوە تا چ رادەیەک ئامادەی هاوکارین.

ب - هەر لەو ریگایەوە پێوەندیمان پێوە بگرن کە تا ئێستا گرتووتانە.

ج - هیوا دارین وتو وێژمان بەر دەوام بێت ئەگەر پێویست بوو

لە گەڵ باشترین رێزو ئیحترامی زۆردا. دەزگای دامەزرێنەری(کۆمەڵەی رزگاری کوردستان) مۆری کۆمەڵە

پرۆگرامی کۆمەڵەی رزگاری کوردستان

بە ناوی خوا:

مادەی یەکەم : ناوی حیزب « کۆمەڵەی رزگاری کوردستان »

مادەی دووهەم : ئەم کۆمەڵە پێکهاتوە لەو کەسانەی کە لە رەگەزی کوردن وە یا دانیشتووی کوردستانن و باوەریان بە پرۆگرامی ئەو کۆمەڵە هەیە.

مادەی سی یەم : کۆمەڵەی رزگاری کوردستان باوەری هەیە کە کورد یەک نەتەوەیە و لە نیشتمانێکی لێک نە پچڕاودا ئەژی کە کوردستانە وە ئیعتراف ناکا بەم سنوورانەی کە بێگانە دایناوە.

مادەی چوارەم : کۆمەڵە خەبات دەکا بۆ وەدەستهێنانی مافی ئازادی و سەر بەخۆیی گەلی کورد لە کوردستاندا

مادەی پێنجەم : خەباتی ئێمە خەباتێکی(نەتەوەیی گشتی و قەومی و

www.kerimhisami.com

جەماهیری یە) شۆرشگێرانەیە لە سەر بناغەی کوردایەتی و بە ڕێگای دیموکراتیدا دەڕوا.

مادەی شەشەم : کۆمەڵە بە هەموو توانایەکەوە تێدەکۆشێ بۆ کۆ کردنەوە و ڕێکخستنی هەموو چینەکانی گەلی کورد لە ناو ڕێکخراوەیەکی سیاسی و (ناسیونالیستی) بۆ پێشرەوی ئەو خەباتەی کە مادە پێنج رایدەگەیێنێ.

مادەی حەوتەم : کۆمەڵە پشێیوانی دەکا لە هەر ئیمتیازێکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە هەر بەشێک لە بەشەکانی گەلی کورد لە ناو سنووری ئێستادا بە دەستی دێنێ وە دەعوەتی ئەو حکوومەتانە دەکا کە دەسەڵاتیان هەیە بەسەر کوردستان بۆ ئەوەی بە ڕێگایەکی هێمنی و ئاشتیخوازانە ددان بێنێ بەو مافانەدا.

مادەی هەشتەم: ئەم کۆمەڵە لە ظروف و شەرایتی ئەمڕۆی میللەتی کورددا بە گوێرەی ناوچەکان و دەستوری پرۆگرام بۆ ئەو مەبەستانە تێدە کۆشێت:

١- زیندوو کردنەوەی زمانی کوردی کە زمانی نەتەوەی گەلی کوردە لە کوردستاندا.

٢- دامەزراندن و فێرگەی قوتابخانەی کوردی

٣- پەرە پێدانی ئەدەب و زانیاری نەتەوایەتی لە ڕێگای دەرکردن و بڵا و کردنەوەی رۆژنامە و گۆڤار و هەموو شوێنەوارێکی نووسەرانی کۆن و نوێی گەلی کورد.

٤- ڕێز گرتن و ڕەواج پێدانی تەقالیدی نەتەوایەتی و پاراستنی سوننەتی میللی لە جل و بەرگی کوردی یەوە هەتا جێژن و بیرەوەری یە نەتەوییەکان.

٥- بەشدار کردنی جوتیار لە ئاو و زەوی پێویست و پاراستنیان لە هەر چەشنە زوڵ م و زۆرێک لە گەڵ تۆڵەی عادیلانە بۆ خاوەن زەویەکانی پێشوو.

٦- بەشدار کردنی کرێکاران لە مافی قانونی و عادیلانەی کار لە گەڵ مافی پێکەوە نانی سەندیکا(نقابە)و مافی شەریکبوون لە مەجلیسی بەرێوە بەریی کاردا.

٧- بەر بەستکردنی زوڵم و زۆر لە ناو هەموو چینەکانی گەلی کورداو

www.kerimhisami.com

بەشدارکردنی هەر فەردێک لە مافە ئینسانیەکانی
٨- لابردنی ئەو دوو بەرەکی و براکوژی یە کە داگیر کەرانی کوردستان خستوویانەتە بەینی عەشیرەتەکان و هەموو چینەکانی گەلی کوردەوە بۆ بەربەرەکانی کردنی بیر و رای نەتەوایەتی و دامەزراندنی بناغەی بە هێزی برایەتی لە ناو هەموو ئەفرادی میللەتی کورد دا.
٩- تێکۆشان بۆ ئاوە دانکردنەوەی کوردستان بە هۆی کارگە و کێشانی رێگا و پەرە پێدانی پیشەسازی و زیاد کردنی داهاتی نەتەوایەتی(عوائدی میلی)
مادەی نۆهەم - کۆمەڵە بۆ ژیانی ئابوری گەلی کورد و دامەزراندنی بناغەیەکی ئیقتیسادی بە هێز و پێشکەوتوانە بۆ کوردستان کەلک وەردەگرێ لە تەجاروبی عیلمی و عەمەلی میللەتانی تازە پێگەیشتوو لەم بارەوە بە هەڵسەنگاندنیان لە گەڵ ظروف و واقعیەتی کوردستاندا.
مادەی دەهەم - کۆمەڵەی رزگاری کوردستان ددان ئەنێ بە مەوجودیەتی هەموو کەمایەتیە نەتەوایەتیەکان کە لە کوردستاندا ئەژین بە مەرجێک باوەریان بە زگاری کوردستان هەبێ و بۆ ئەم مەبەستە خەبات بکەن.
مادەی یازدەهەم - کۆمەڵە ددان ئەنێ بە مافی وەک یەکی ژن و پیاودا.
مادەی دوازدەهەم - کۆمەڵەی رزگاری کوردستان ئامادەی برایەتی و هاوکاری یە لە گەڵ ئەو رێکخراوە کوردیانەدا کە هەڵگری بیر و باوەری کوردایەتین
مادەی سێزدەهەم - کۆمەڵە سیاسەتی دەرەوەی بێلایەنی و دۆستی ئەو هێزانەیە کە یارمەتی مەسەلەی کورد بدەن. هەر وەها باوەرێکی پتەویشی هەیە بە مەنشوری نەتەوە یەکگرتوەکان و ئیعلامیەی جیهانی حقوقی بەشەر و میثاقی کۆنگرەی باندۆنک و ئامادەی پشتیوانیی خەباتی گەلانی جیهانە بۆرزگاری و ئازادی یان بە پێی توانا و چاوەروانی دۆستایەتی و یارمەتی یە بۆ رزگاری و ئازادی گەلی کورد لە لایەن هەموو گەلانی جیهانەوە.
مادەی چاردەهەم - کۆمەڵەی رزگاری کوردستان باوەری هەیە کە کورد لقێکی سەر بەخۆیە لە رەگەزی ئاریا و ئامادەی گرتنی پێوەندی دۆستایەتی و برایەتی یە

www.kerimhisami.com

لە گەڵ لقەکانی تر.

مادەی پازدەهەم - کۆمەڵە ئایینی پاکی ئیسلام بە مەزهەبی رەسمی کوردستان ئەناسێ و ریز و ئیحترامی هەموو ئایینەکانی تر ئەگرێت کە دانیشتوانی کوردستان باوەریان پێی هەیە.» - دەزگای دامەزرێنەری کۆمەڵەی رەزگاری کوردستان.

هیچ جموجۆڵێکی کردەوەیی دەزگای دامەزرێنەری(کۆمەڵەی رزگاری کوردستان) لە ساڵەکانی ١٩٧١ و١٩٧٢ بەر چاو نا کەوێ. بەڵام ناکرێ ئەم بۆ چوونەش رەت کەینەوە (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان) کەبوو بە«حیزبی کۆموونیستی ئێران » و تا ئێستاش هەر بەم ناوە تێکۆشانی بەر دەوامە، هەرئەو کۆمەڵەیەی رزگاری کوردستان نەبێ ئەم گۆڕانکاریانەی لە خۆدا پێک نە هێنابێ.

کۆنگرەی سێ یەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

رۆژی ١٩٧٣/٩/٢٢کۆنگرەی سێ یەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەغدا بە بەشداری ٤٩ کەس دەست بە کار دەکا. کۆنگرەی سێ یەم لە چاو کۆنفرانسی سێ یەم لە پلەیەکی بەرزتردا دە بەسترێ. لە ئێرانەوە ئەندامی حیزبی بەشداری دەکەن و لە لایەن تەشکیلاتی حیزبیشەوە لە ئوروپا دوو کەس بەشدار دەبن.

کۆنگرەی سی یەم توشی هەمان ناکۆکی دیاری کردنی ناوی کۆنگرە دەبێ کە داخوا کۆنگرەی سێ یەمە یا دووەم. دوکتور قاسملو دیسان لە سەر ئەوە پێی دادەگرێ کە ئەوە کۆنگرەی دووەمە. بەز ۆربەی دەنگ بە کۆنگرەی سێ یەم دەناسرێ و قاسملو ناچار مل رادەکێشێ. راپۆرتی کومیتەی ناوەندی و بریار و پەیامەکان پەسند دەکرێن و کومیتەی ناوەندی تازە هەڵدەبژێردرێ.

دوای کۆنگرەی سێ یەم کە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی هێشتا بڵاوەیان نە کرد بوو، پێویست بوو لە مەسەلەیەکی گرنگ بکۆڵنەوە کە هەست دەکرا دێتە پێش

و دەبوایە لە سەری ساخ بنەوە هەست بەوە دەکرا کە وەزعی عیراق بەرەو ئالۆزی دەچێ و حکوومەتی بەعس لە وانە نی یە نیوەرۆکی ڕێک کەوتنامەی ١١ی ئادار جێبەجێ بکات و دوور نی یە شەڕ هەڵگیرسێتەوە. ئەو دەم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ چبکات؟ پاش لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی تەواو، کومیتەی ناوەندی ئەم بڕیارەی خوارەوە بە زۆربەی دەنگ پەسندکرد:

«... ئەگەر لە کوردستانی عیراق شەڕ هەڵگیرسێتەوە کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان عیراق بە جێ بێڵێ و بچێتەوە ئێران و خەباتی خۆی لە کوردستانی ئێران درێژە پێبدات. کومیتەی ناوەندی هەر لە ئێستاوە پێویستە هەنگاو بۆ ئامادە بوون باوێژێ.»

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر چەند ناوەندەکەی لەبەغدا ابوە، بەڵام لە ئاست ڕوو داوەکانی کە پێوەندیان بە کوردستانەوە هەبوە، بە گوێرەی بۆ چوونی خۆی و بەرژەوەندی کورد بێدەنگ دانەنیشتوە. لەو دەمەدا کە لە نێوان پارتی و کۆمونیستەکان سارد و سڕی پەیدا دەبێ و سەر دەکێشێتە ناخۆشی، کومیتەی ناوەندی بڕیاردە دا، دوکتۆر قاسملو بچێتە کن سەرۆک بارزانی نیگەرانی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کێشەی نێوان حیزبی کۆمونیست و بزووتنەوەی کوردی پێ ڕابگەیێنێ. هەر وەها لە بارەی پێوەندی نێوان ئێران و عیراق و ئێران و پارتی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ سەرۆک بارزانی بدوێ.

ڕۆژی ٧٤/٢/٢٢ لە سەر پێشنیاری دوکتور قاسملوو کومیتەی ناوەندی کۆ دەبێتەوە کە جارێکی دیکەش لەو مەسەلەیە بکۆڵێتەوە کە ئەگەر پارتی و حکوومەتی عیراق بە یەکجاری تێک بچن، حیزبی دێموکرات دەبێ هەڵوێستی چ بێت و چبکات. هەر چەند پێشتر وەک باسکرا ئەو مەسەلەیە بڕیاری لە سەر درا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دوکتور قاسملو خەیاڵی خۆ دزینەوە و چوونەوەی ئورووپای دەبێ، پێشنیار دەکا جارێکی دیکەش ئەو مەسەلەیە باسی بکرێ. لە ئەنجامدا بە زۆربەی دەنگ کومیتەی ناوەندی بڕیاری پێشوو هەڵدەوەشێنێتەوە وئەم بڕیارەی خوارەوە لە جێگای بڕیاری پێشوو پەسند دەکات:

www.kerimhisami.com

کومیتەی ناوەندی بڕیاری دا :

١- بڕیاری کومیتەی ناوەندی کە بریتی بوو لەوە ئەگەر لە کوردستانی عیراق شەڕ دەستی پێکردەوە بەڕێوەبەری و ڕێکخراوی حیزب لە عیراق بە چەکداری بچێتەوە کوردستانی ئێران و خەباتی چەکدار دەست پێبکا، هەڵوەشێتەوە و پێڕەوی لە تیئوری ڕاپەڕینی چەکداری ئیجباری نەکا کە نەتیجەی وە مەترسی خستنی هەموو حیزبە.

٢- درێژە پێدان بە تێکۆشانی حیزبی لە هەموو هەل و مەرجێکدا بە تاقە ڕێگای ئوسوڵی دادەنێ و بە پێویستی دەزانێ بۆ ئەم مەبەستە تێکۆشانی خۆی درێژە پێبدات.»

ئەم بڕیارە کەریمی حسامی و هێمنی شاعیر و ڕەسوڵی پێشنماز دەنگی بۆ نادەن و ئەوان لە سەر بە جێگەیاندنی بڕیاری پێشوو واتە گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێرانە هەڵوێست دەگرن. (بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر بڕوانە بەرگی پێنجی بیرەوەریەکانی نووسەر.)

ڕۆژی٩/٣/١٩٧٤ خودێ لێخۆشبێ ئیدریس بارزانی بۆ وتوێژ لە گەڵ حکوومەتی عیراق دێتە بەغدا. دوکتۆر قاسملوو لە گەڵ سامی عبدالرحمان دەچێتە لای ئیدریس و دوای گەڕانەوەی کاک ئیدریس بۆ سەرێ، دوکتور قاسملوو بە جارێک لە ئاشتی و پێکهاتن ناهومێد دەبێ. لە سەر پێشنیاری دوکتورقاسملو ڕۆژی ١٠/٣/٧٤ دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات لە کۆبوونەوەی خۆیدا دێتە سەر ئەم بیرو ڕایە کە ئەگەر لە کوردستان شەڕ دەست پێبکاتەوە و کومیتەی ناوەندی نەتوانێ ئەم وەزعە بپارێزێ و مانەوەی لە بەغدا دەرەتانی نەبێ، بڵاوەی بکات. شوێن و جێگای مانەوە و تێکۆشانی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیش دیاری دەکات کە لە وەختی خۆیدا لێی بمێننەوە. هەر لەو کاتەشدا بڕیار دەدا کە دوو کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بنێرێتە کوردستان، ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە و نامەیەکێش لەم بارەوە بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنووسێ.

www.kerimhisami.com

پێوەندی نێوان بزووتنەوەی کوردستان و حکوومەتی بەعس تادەهات بەرەو ئاڵۆزی دەچوو. کومیتەی ناوەندی هاتە سەر ئەوباوەرە کە بێدەنگی بشکێنێ و ئەم بەیاننامەی خوارەوەی بڵاو کردەوە:

بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر رووداوەکانی ئەم دوایيەی کوردستانی عیراق

«...چوارساڵ پاش دەر چوونی بەیاننامە مێژووییەکەی یازدەی مارسی ۱۹۷۰بە داخەوە وتوویژ لە سەر چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی ئەو بەیاننامە سەر نەکەوت و جارێکی تر شەری برا کوژی لە کوردستانی عیراق هەڵگیرسایەوە. بێگومان بەر دەوامبوونی شەڕ لە دوا رۆژدا خەڵکی عیراق بە گشتی و گەلی کورد لە کوردستانی عیراق بە تایبەتی توشی زیان و کوێرەوەریەکی زیاتر دەکاو دەبێتە هۆی ویرانی کوردستان و شپرزەیی وەزعی ئابوری و سیاسی لە عیراقدا.

تاقیکردنەوەی مێژوویی لە عیراق بە تایبەتی دوای شۆرشی ١٤ی ژوئیەی ۱۹۵۸نیشانی داوە کە گیرو گرفتی کورد لە رێگای شەرەوە چارە سەر ناکرێ و دەبێ لە رێگای ئاشتی و وتوێژەوە حەل بکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ساڵی ۱۹۷۰ پێخۆشبوونی خۆی بەرانبەر بە رێککەوتنەکەی ۱۱ی مارس دەر بڕی و لە مانگی مارسی ١٩٧٤یشدا بە هەموو هێزی یەوە لایەنگری رێککەوتنی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست و پارتی دێموکراتی کوردستان بوو و ئەوەندەی لە توانای دا بوو، بۆ ئەو رێککەوتنە هەولی دا. سیاسەتی حیزبی ئێمە دۆستایەتی لە گەڵ هەموو هێزە نیشتمانیەکانی عیراق بووە و ئێستاش بەرابەر بەو ئەسڵە هەر وەفادارە. دیارە وەزعی ئێستای کوردستانی عیراق ناتوانێ سەرنجی حیزبی ئێمە بۆ لای خۆی رانەکێشێ. حیزبی ئێمە دژی شەڕ لە کوردستانی عیراقە و زۆر نیگەرانی ئەوەیە کە دوژمنانی گەلی

www.kerimbisani.com

کورد، ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، بە تایبەتی ڕێژیمی دژی گەلی حەمەڕەزا شا لەم وەزعە دژی ئامانجە مێژوویەکانی خەڵکی عیراق و دژی هەموو هێزە پێشکەوتوەکانی ئەم ناوچەیە کەلک وەر بگرن. حیزبی ئێمە لەو بڕوایە دایە کە مەسەلەی کورد لە عیراق لە ڕێگای شەڕەوە چارە سەر ناکرێ و ڕێگای حەللی سیاسی هەیە.

ڕێککەوتنی ستراتیژیکی دژی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوە راستدا، پشتیوانی گەلی عەرەب لە ئامانجە ڕەواکانی گەلی کورد هەر وەها پشتیوانی گەلی کورد لە جولانەوەی دژی ئیمپریالیستی گەلی عەرەب ڕێگای راستی چارە سەرکردنی ئەو گیرو گرفتانەیە کە ئێستا بوون بە هۆی پەشێوی وەزعی نێو خۆی عیراق. ئەگەر هەموو گیرو گرفتەکان لە ڕوانگەی ڕێک کەوتنی درێژ خایەن لە نێوان ئەو دوو جولانەوەیەدا سەیر بکرێ، ئەو دەم ڕێگا بۆ چارە سەرکردنی گیرو گرفتەکان بە هاسانی پەیدا دەکرێ.

حیزبی ئێمە لەو بڕوایە دایە کە دەست پێکردنەوەی وتو وێژ ڕێگایەکە کە لە گەڵ ئامانجە نیشتمانیەکانی خەڵکی عیراق بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتی باشتر ڕێک دەکەوێ و دەبێتە سەددی سەر ڕێگای نەخشەکانی دژی ئینسانی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی و بە تایبەتی ڕێژیمی دژی گەلی شا لە ڕۆژ هەڵاتی نێوە راستدا. ئێمە هیوا دارین تەواوی هێزە نیشتمانیەکانی عیراق کە دڵسۆزی قازانجی گشتی گەلانی ئەو وڵاتەن، بۆ چارە سەر کردنی سیاسیانەی وەزعی ئاڵۆزی ئێستای عیراق برایانە تێبکۆشن و نابێ ئەو راستی یە لە بیر بەرنەوە

کە بەرامبەر بە خەڵکی عیراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتیەکانیەوە، بەڵکە زیاتر لە وەش، بەرامبەر بە گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و جولانەوەی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژ هەڵاتی نێوە راست بە گشتی مەسئولیەتێکی مێژوویی یان هەیە. ئێمە هیوادارین هەتا زووترە هەموو ئەو هێزە نیشتمانیانە بۆ چارە سەر کردنی ئەو گیرو گرفتانە دەست بە کار بن و ڕێگا لە هێزە ئیمپریالیستیەکان و کۆنە پەرستی ناوچە بە گشتی و ڕێژیمی کۆنە پەرستی ئێران

به تایبەتی ببرنەوە کە دەیانەوێ لە ئالۆزی باری ئێستای عیراق بە قازانجی ئامانجە دژی گەلی یەکانیان زیاتر کەلک وەر بگرن. بە بڕوای ئێمە ئەوە ئەرکی هەموو هێزە نیشتمانیەکانی عیراق هەموو هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی رۆژ هەڵاتی نێوە راست و هەموو هێزە پێشکەوتوەکانی جیهانە.

کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.»(١٥)

بە دوای ئەم هەنگاوە دا بە گوێرەی بڕیاری پێشوو لە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات تەنیا پێنج کەس(دوکتور قاسملو، کەریمی حسامی، دوکتور سوڵتانی وەتەمیشی، ماموستا هێمن و حەمەدەمینی سراجی) لە بەغدا دەمێننەوە.

رۆژی ٩٧٤/٥/٨ دەفتەری سیاسی دوای لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بارو دۆخی کوردستان و وەزعی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەم بڕیارەی خوارەوە پەسند دەکات :

«... سەرە رای نا کۆکی بیرو رای شەخسی لە سەر مەسەلەی کوردستانی عیراق، دەبێ بێلایەنی خۆمان بپارێزین و دژی حکوومەتی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق هیچ نە نووسین و تەبلیغاتی خۆمان دژی دەوڵەتی ئێران سارد نە کەینەوە.»

لەم بەینەدا ئیتر ئاگری شەر لە کوردستانی عیراق بڵێسە دەگرێ . حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئیتر نا توانێ بێدەنگ بێ و بیرو رای خۆی لە سەر هەڵگیرسانەوەی شەڕ دەر نەبڕێ. دەرەتانی ئەوەش نابێ کە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی پێکبێنێ. دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات ئەم بڕیارەی خوارەوە پەسند دەکات بەو شەرتەی کە تەنیا ڕێنوێنی بێ بۆ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و بە پانەوە بڵاو نەکرێتەوە. ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە :

«... ئەلف – بوروی سیاسی شەری براکوژی کە لە گەرمێندا دەستی پێکردوە بە ڕێگای چارە سەری دروستی مەسەلەی کورد لەم وڵاتە دا نازانێ و لەو بڕوایە دایە کە مەسەلەی کورد دەبێ لە ڕێگای ئاشتی و بە شێوەی دیموکراتی چارە سەر

بکرێ و رێگای حەللی سیاسی بۆ بدۆزرێتەوە. بۆ ئەم کارە خەبات بۆ گەرانەوەی سەر وتو وێژ لە گەڵ نوێنەرانی راستەقینەی جولانەوەی گەلی کورد لە گەرمێن بە ئەرکی هەموو هێزەنیشتمانپەروەرەکانی گەرمێن و هەموو هێزە پێشکەوتوەکانی جیهان دەزانێ.

ب – حیزبی ئێمە بە پێی بەرنامەی خۆی دژی رێژیمی کۆنە پەرستی شا بۆ هێنانە سەر کاری رێژیمێکی دیموکراتی لە ئێران و خود موختاری بۆ کوردستان خەبات دەکا و رێژیمی شا بە دوژمنی ئەسلی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دادەنێ.

بڕیار درا دەقی ئەو بڕیارە بۆ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە کوردستان و لە ئوروپا بنێردرێ.»

لە سەر ئەم بڕیارە کاک ئەمیری قازی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کە لە سوید دەژیا لە نامەی ۱۹/٥/٩٧٤ داکە بۆ نووسەری ئەم دێرانەی ناردبوو دەنووسێ :«.... دەمویست لێم روون بێ و بزانم و حالیم بکەی کە ئەم رەئییە بەرامبەر بەو مەسەلەیە کە بۆرۆی سیاسی حیزب کۆبوونەوەی بۆ دەکا و لە سەری ساخ دەبێتەوە بۆیەیە کە هەر بۆ خۆی و کومیتەی ناوەندی بیزانن یا جهاتی تر و ئەفرادی خۆی و کەوادریش دەبێ بیزانن و دیفاعی لێ بکەن؟ بە گوێرەی بڕیاری تازەی سیاسی حیزب ئەوەڵەن دیفاعی گەلی کورد لە نیشتمانی خۆی دیفاعێکی عادیلانەیەو داوای حوکمی زاتی یەکی تەواو کە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عیراق بگرێتەوە، داخوازێکی رەوایە..» لە گەڵ بێلایەنی حیزب لەو مەسەلەیەدا دەگونجێ و زید و نەقیز نیە؟ لێم ببورە، نامەوێ هیچ عەرز بکەم. بەڵام من تێ نەگەیشتم و بەراستی ئێستاش نازانم چۆنە. لەو سیاسەتە سەرم دەرناچێ. جا ئەگەر کەمێک بۆم روون کەیەوە زۆرم پێ خۆش دەبێ و سوپاست دەکەم..»

لە وەڵامی نامەی کاک ئەمیری قازی دا، کەریمی حسامی ئەم نامەیەی بۆ دەنووسێ کەوا لەژێرەوە بلاو دەکرێتەوەو ئەمەش هەڵوێست وبیروڕای ئەو بووە لەکاتی کێشەی نێوان پارتی وبەعس لە ساڵی ۱۹۷٤ دا.

www.kerimhisami.com

« ....پاش سلاو و چاک و خۆشی ... لە سەر وەزعی خۆمان و بڕیاری بۆرۆی سیاسی : کومیتەی ناوەندی بەر لە وەی شەڕ ساز بێتەوە، لە کۆبوونەوەکانی خۆیدا پاش باسێکی زۆر بڕیاری بێلایەنی دا. دەگەڵ قیادەی شۆرش و بەعس ئەو بێ لایەنی یە باسکرا. هەر دوک لا موافقەتیان کرد کە ئێمە بێلایەن بین. کاتێکی کاک ئیدریس هاتبوە بەغدا دوو بارە لە گەڵ ئەو قسەکراوە. دەگەڵ بێلایەنی موافیق بوو. بەلام موافیقی ئەوە نەبوو کە ئێمە هەمووماں بچینەوە کوردستان. بە نەزەری من هەر چاوە دێری ئەو تعهداتەیە کە لە بەرانبەر ئێراندا هەیانە. لە بیرم چوو. بۆ گەڕانەوەی ئێرانیش دەپێشدا لە گەڵ شەخسی مەلا مستەفا قسە کرا بوو. بە توندی موخالیف بوو. ئەوەش هەر لە بەر تعهدات بوو. یەکێک لە دەلیلی برادەرانی کە بایان دابۆوە هەر ئەوە بوو.... لە سەر وەزعی شەڕ و کاراکتەرو و چۆنیەتی شەرەکە و تەسریحاتەکانی بارزانی و کومەگی بە ئاشکرای ئێران و قبولکردنی خود موختاری بە کەم و کورتیەوە یا پێ چەقاندن و شەڕسازکردنەوە، لە ناو ئێمەدا ئیختیلاف هەبوو. برادەری واهەبوو کە لای وا بوو ئێران و ئەمریکا مەسەلەی کوردیان کردۆتە بیانوو بۆ روخاندنی حکوومەتی عیراق و بە ئاشکرا کوردەکانیان هانداوە بۆ ساز کردنەوەی شەڕ. کە من یەکێک لە لایەنگرانی توندی ئەم بیر و باوەڕەم. لام وایە دەکرا بارزانی خود موختاری بە هەموو کەم و کوریەوە قبوڵ بکا. بناخەی قایمی خود موختاری و دەسەلات لە کوردستان دابمەزرێنێ. بە تدریجی هەر چەندەی وەزعی عیراق بەرە و سەقامگرتوویی و دیموکراسی چوو بایە و بڕوایان پتر بە یەکتر کرد بایە، مەسەلەی کەرکوکیش بەرە و چارە سەرکردن دە چوو. لام وایە دە سالی دیکەش شە ڕبکەن بە شەڕ ناتوانن کەرکوک بگرن و حوکماتی تێدا بکەن. ممکینە شەڕ ببێتە هۆی روخانی بەعس. بە لای منەوە روخانی بەعس نەک هەر نابێتە هۆی ئەوە کە خود موختاری تەواو بۆ کورد دابین بکا، بەڵکوو دەبێتە هۆی لە بەینچوونی یەکجاری مەسەلەی کورد. چونکە عبدالغنی راوی و ئەمسالی ئەو دینە سەر کار. ئەو دەم ئێران و ئەمریکا ئەوان بە کورد ناگۆڕنەوە. بە لای منەوە ئێران عاشقی چاوی رەشی کوردەکانی ئەو دیوی

www.kerimhisami.com

سنوور نیە. ئێران بەو کۆمەگە و بەو دیفاعە و بەو تەبلیغاتە دەبێتە هۆی فەوتانی جوڵانەوەی کورد و لە پشتیوانی هێزە پێشکەوتووەکانی دنیای بێبەش دەکا. بەلای منەوە ئێران نەیدەویست کورد خود موختاری هەبێ، سەقام گرتوو بێ، کوردستان ببووژێتەوە و ببێتە بنکەیەکی قایمی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد. جا بۆیە کوردەکانی بۆ شەڕ هاندا. ئێستاش دەزگای تەبلیغاتی ئێران خەبەری شەڕ بڵاو دەکاتەوە: کۆمەگ دەکا، بەڵام هەر چونکە لە گەڵ بەعسی بەغدایە شەڕ دەکەن. تورکیا کە کوردەکان بە تورکی شاخی دادەنێ، ئێستە بەردی کورد خۆشەویستی لە سنگی دەدا. بە لای منەوە بەعس زۆری غەڵەت کرد، سیاسەتێکی شۆڤینیستی بە کار هێنا، لە هەڵوێستی غەرەیی و لوت بەرزیەوە قسەی کرد. هەر چی بفەرمووی خەراب و چەوت بوو. بەڵام لام وایە دەبوایە ئەوە لە بەر چاو بگرێ کە لە گەڵ حیزبێکی بورژوازی عەرەب تەرەفە کە بۆ هەوەڵین جار مەجبور بوە ئیعتراف بە حقوقی کورد بکاو زۆر هەنگاوی لە باریش هەڵبرێ. ئەو ئیعتراف و خود موختاری یە ناقیصە ڕێگای بۆ چارەی رادیکاڵ تری مەسەلەی کورد خۆش دەکرد. بەڵام بە داخەوە دوو کەللە رەق کەوتوونە بەرانبەری یەک و نەتیجەشی لە بەین چوونی کوردستان و خەڵکی بێتاوان و شایی و کەیف خۆشی ئێران و ئیمپریالیزمە.»

..... بەڵام لە بارەی ئەوەی دە فەرمووی چ جواب بدەمەوە، لام وایە دەبێ شقی هەوەڵیان بێ: کە ئەوە مەسەلەیەکی ناو خۆی عیراقە و ئێمە حیزبێکی ئێرانین. لام وایە لەو بارەوە دوکتور بۆی نووسیبوی، چونکە سەرەرای ئەوەی مەسەلەیەکی دژوارە، بەڵام چاوە دێری کردنی بریاری کومیتەی ناوەندی و بۆرۆی سیاسی بۆ ئێمە پێویست ترە. منیش وەک تۆ ئێستا توشی ئەو پرسیارانە بووم. بەڵام گوتومە ئێمە حیزبی ئێرانین و کارمان لە کوردستانی ئێرانە. هەر وەک پارتی باسی جنایەتی شا و کوشتاری ئێرانی نە کردوە. مومکینە کومیتەی ناوەندی بریارێکی تازەبدا، ئەو دەم دیسان رعایەتی دەکەین.» (١٣)

لەم ئاڵۆزی یەی نێو خۆی عیراق و بار و دۆخی نا لە باری حیزبی دیموکرات

www.kerimhisami.com

مەعلوم نیە کێ لە ڕێبەرانی پارتی دێموکراتی کوردستان بە دوکتور قاسملو دەڵێ:« لەم بار و دۆخەدا تۆ لە بەغدا نەبی باشە» لە سەر ئەو ڕاسپاردەیە دوکتور قاسملو بێ ئەوەی مەسەلەی سەفەر لە کومیتەی ناوەندی و یا دەفتەری سیاسی بێنێتە گۆڕێ ودەنگی ئەوان وەربگرێ، بەحەمەدەمینی سراجی دەڵێ: « بۆ چاوپێکەوتنی هێزە سیاسی یەکانی ئێران پێویستە سەفەرێکی ئوروپا بکەم.» دیارە بۆ ئەوەی حەمەدەمین دژی نەوەستێ، دەڵێ: تۆش لە گەڵم بێی باشە. لە سەرەتای مانگی جۆزەردانی ٩٧٤ بەرە و بێروت سواری فرۆکە دەبن. ڕۆژی ٧٤/٦/٣ دوکتور قاسملو لە بێروتەوە تەلەفون بۆ کەریمی حسامی دەکاو (کە بە ئیجازە چوبوە بولغارستان،) دەڵێ تا چاوی بە قاسملو و حەمەدەمینی سراجی نەکەوێ نەچێتەوە بۆ عیراق. هەر وەها بە ڕێبەرانی حیزبی تودەش ڕابگەیەنێ کە بلیتی فرۆکەی بۆ پراگ بۆ بنێرن بچێتە چێکوسلۆڤاکیا و چاوی پێ یان بکەوێ.

ڕۆژی ٧٤/٧/١٢ نامەیەکی دوکترقاسملوم بۆهات نووسیبووی:«.... پاش سەفەری تۆ هێندێ شتی تازە ڕوویدا و ئێمەی هێنا سەر ئەوە کە جارێ بەغدا بە جێ بێڵین. یەک دوو جار بە کاک حەمەدەمین یان گوتبوو: کەنگێ مەوقیفی خۆتان روون دەکەنەوە. داواشیان کرد بوو کە مانگ بە مانگ گوزارشی کاری خۆتانمان بدەنێ.»(حەمەدەمینی سراجی ئەم سەفەرە جۆرێکی تر باس دەکا)

بە ناچاری من لە سۆفیا مامەوە و چاوە ڕوانی هاتنی دوکتور قاسملو و حەمەدەمینی سراجی بووم. ڕۆژی ٧٤/٧/١٨ دوکتور قاسملو لە بێرلینەوە تەلەفونی کرد و گوتی:«.. چاوم بە کەیانوری کەوتوە. بڕیارمانداوە ڕۆژی ٧/٣٠ توو کاک حەسەنی قزلجی بێنە ئەلمان و لە گەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی تودە کۆبوونەوەیەکمان دەبێ. پێویستە ئەم ڕاستیەش بگوترێ کە کاک حەسەنی قزلجی هەر چەند لە دەربەدەریدا لە ڕادیۆی پەیکی ئێران کاری دەکرد، هەر خۆی بە ئەندامی حیزبی دێموکرات دەزانی و لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا کە پێوەندی بە حیزبی دێموکراتەوە بوو بێ بەشداری کردوە. کاک حەسەن تەنیا پاش شۆرشی ئێران کە حیزبی دێموکرات ئامێزی بۆ نە کردەوە، حیزبی تودە هێنایەوە ئێران و

www.kerimbisani.com

کردیه ئەندامی کومیتەی ناوەندی و لە تاران هێشتیەوە تا گیراو شەهید کرا.

رۆژی ٩٧٤/٧/٣٠ حەسەنی قزلجی و کەریمی حسامی دەچنە ئەلمان و دوکتور قاسملو و حەمەدەمینی سراجی دەبیننەوە و دەچنە لایپزیک و میوانی حیزبی تودەدەبن. رۆژی دوایی لە گەڵ نوێنەرانی حیزبی تودە(ئیرەجی ئەسکەندەری و کەیانوری و عەلی گەلاوێژ) کۆ دەبنەوە. بەلام هەر لە سەرەتاوە لە سەر ناو لێنابی کۆ بوونەوە ناکۆکی پەیدا دەبێ و ناگەنە هیچ ئاکامێک و لێک جیا دەبنەوە.

دوای سەر نەگرتنی کۆ بوونەوە دوکتور قاسملوو دەچێتە فەرانسەو حەمەدەمینی سراجی دەچێتە ئینگلستان. حەسەنی قزلجی و کەریمی حسامیش دەگەرێنەوە بۆ بۆلغاریا.

رۆژی ١٩٧٤/٨/٢٨دوکتور قاسملو و حەمەدەمینی سراجی دەچنە سۆفیا و سێ ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات لێک کۆ دەبنەوە و لە رووداوەکان دە کۆڵنەوە. پاش باسێکی زۆر دوکتور قاسملو دەڵێ: «.. ماوەیەکە لە ماڵ و منداڵم دوورم و خێزانم بە تەنیایە و لە بەرانبەر ئەودا خۆم بە خەتا بار دەزانم. دەمەوێ ماوەیەک لە دەرەوە بمێنمەوە بەڵکوو بتوانم لە زانستگای پراک دەرس بڵێمەوە و هیچ یارمەتیەکیش لە حیزب وەرناگرم.»

حەمەدەمینی سراجی و کەریمی حسامی دژی ئەم هەڵوێستە دەوستن. پێی دەڵێن نە لە بەغداو نە لە کومیتەی ناوەندی و نە لەئوروپا لە گەڵ دوو ئەندامەکەی تری کومیتەی ناوەندی ئەو مەسەلەیەت باس نەکردوە. شپرزەیی بارودۆخی ئەندامانی حیزب لە عیراق و مانەوەی تۆ لە دەرەوە دەبێتە هۆی دڕدۆنگی حکوومەتی بەعس و ئاکامی باش نابێ. لانی کەم ئەمجارە وەرەوە بەغدا و لە گەڵ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ئەم پێشنیارە باسبکە.

دوکتور قاسملوو بە هێنانەوەی هەزار شێر و رێوی لە سەر مانەوەی خۆی لە ئوروپا پێدا دەگرێ و دەڵێ :.. نامە بۆ کومیتەی ناوەندی دە نووسم و پێشنیار دەکەم کەریمی حسامی بە جێگری سکرتێر دیاری بکرێ و هیواشم ئەوەیە کە ئەم پێشنیارەم لە کومیتەی ناوەندیدا پەسند بکرێ.» دوکتور قاسملوو بۆگەرانەوە بۆ

www.kerimhisami.com

نێو ئەندامانی حیزب لە عیراق مل نا داو لە ئوروپا دەمێنێتەوە. حەمەدەمینی سراجی و کەریمی حسامی بۆ عیراق دەگەرێنەوە.

بێلایەنی حیزبی دیموکرات سەبارەت بە کێشەی کوردستانی عیراق، حکوومەتی بەعس تورە دەکا و دەیەوێ لە رێگای فشار و پالپەستە بیخاتە سەر رێبازی دوژمنایەتی بزووتنەوەی کوردستانی عیراق (ئەوەی ئێستا لە لە کوردستانی عیراق بۆ رازیکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە کوردەکانی کوردستانی ئێران دەکرێ) بە تایبەت وتوێژی دوکتور قاسملو دەکاتە بیانوو کە لە سوید لە رۆژنامەی (ئاڤتن بلادەت)دا بلاو کرابووە. بە گوێرەی ئەو نووسراوەیە گویا دوکتور قاسملو نەک هەر لە سیاسەتی پارتی بەرگری کردوە، بەلکوو تا رادەیەک سیاسەتی حکوومەتی ئێرانیشی سەبارەت بە یارمەتی بە بزووتنەوەی کوردستانی عیراق بە کارێکی باش داناوە. کومیتەی ناوەندی لە بەغدا ناچار روونکردنەوەیەک بەم جۆرە لە ژمارە ٢٤ی رۆژنامەی کوردستان، ئوت و سپتامبری ١٩٧٤دا بلاو دەکاتەوە:

«... روونکردنەوەیەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

رۆژنامەی « ئاڤتون بلادەت » چاپی سوید لە تاریخی ١٩٧٤/٧/٢٤دا هێندێ قسەی لە بارەی عیراق لە زمانی سکرتێری گشتی حیزبی ئێمەوە بلاو کردۆتەوە کە پێویستی بە راستکردنەوە هەیە. پێویستە ئەوەش بلێین کە رۆژنامەی ناوبراو بە شێوەی پرسیار و وەلام ئەو شتانەی وەرنەگرتوە. رۆژنامەی کوردستان بە پێویستی دەزانێ رابگەیێنێ :

١ - ئەوەی لە بارەی عیراق لە زمانی سکرتێری حیزبی ئێمەوە لە رۆژنامەی ناو براودا نووسراوە نە قسەی سکرتێری حیزب و نە سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

٢ - سکرتێری حیزبی ئێمە لە توێی روونکردنەوەی وەزعی نا لە باری کورد لە

www.kerimhisami.com

کوردستانی ئێراندا گوتوویە :«ئەگەر خود موختاری بۆ کوردی عیراق بە گوێرەی ڕێک کەوتنی ١١ی مارس جێ بەجێ بوو با، نەک هەر بۆ کوردی عیراق بەڵکوو بۆ کوردی ئێران و تورکیا و سوریاش ئەهمیەتێکی زۆری دەبوو.» هەر وەها گوتوویە

« حیزبی ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەیە کە گیروگرفتی کورد لە عیراق لە ڕێگای نیزامی یەوە بە زۆر چارە سەر ناکرێ»

٣ – پاش بڵاو بوونەوەی وتارەکە لە تاریخی ١٩٧٤/٧/٣٠ دا ڕاستکردنەوەیەک لە لایەن سکرتێری حیزبی ئێمە دراوە بە ڕۆژنامەی ناوبراو، بەڵام لە بەر ئەوەی کە گۆیا ئەو بەشەی ڕۆژنامەکە دیرەگی ئازادە و ڕەخنە هەڵناگرێ تا ئێستا ڕاستکردنەوەکەی بڵاو نە کردۆتەوە»

نەگەڕانەوەی دوکتور قاسملو بۆ عیراق و مانەوەی سێ ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە ئوروپا و بوونی چوار ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە کوردستان و مانەوەی هێندێکیان لە بەغدا و فشاری حکوومەتی بەعس لە سەر بێدەنگی و بێلایەنی بار و دۆخێکی نا لە بار دەخولقێنێ، بە تایبەت ئێتر حکوومەتی عیراق ڕێگای ئەوەش نادا کە ئەندامانی حیزبی دێموکرات بچنە کوردستان و یا بێنە بەغدا. هەر چۆنێک بێ کەریمی حسامی، هێمنی شاعیر و حەمەدەمینی سراجی خۆ دەگەیێننە سولەیمانی و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کۆ دەبنەوە و کۆبوونەوەی خۆیان بۆ باس و لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکان دەست پێدەکەن. لە پێشدا نامەی دوکتور قاسملو بۆ کومیتەی ناوەندی دەخوێنرێتەوە کومیتەی ناوەندی ناڕەزایی خۆی لە نە گەڕانەوەی دوکتور قاسملو دەر دەبڕێ و بڕیار دەدات کە بە پێچەوانەی بیر ورای ئەندامانی کومیتەی ناوەندی دانیشتووی ئوروپا (کە لە سەر ئەو باوەڕە بوون کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات لە عیراق بچێتە دەرێ بێ دیاریکردنی شوێن و جێگایەکی دیکە) لە عیراق بمێنێتەوە و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و قورسایی تێکۆشانی خۆی بخاتە سەر کوردستانی ئێران. کومیتەی ناوەندی لە سەر پێشنیاری دوکتور قاسملو کەریمی حسامی بە تێکڕایی دەنگ بە جێگری سکرتێر هەڵدەبژێرێ. (لە کاتێکا ئەو دەم لە پێڕەو و پرۆگرامی حیزبی دێموکرات نە باسی

جێگری سکرتێر هەبوە و نە جێگای بۆ دیاری کراوە. هیچ یەک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیش نە بە بیریان داهاتوە و نە باسیشیان کردوە.} لە وەش سەیرتر ئەوەیە دوکتور قاسملو کە پێشنیار دەکا کەریمی حسامی ببێتە جێگری سکرتێر و بە تێکرایی دەنگ پێشنیارەکەی پەسند دەکرێ، لە کۆبوونەوەی گشتی کادرەکانی حیزبیدا کە بە ناوی (کورتە مێژووی رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان) حکایەتیان بۆ دەکا ، دەفەرموێ:« کەریمی حسامی نوێنەری خەتی تودەئیسم بوو. و ا بەستە بوو بە حیزبی تودە و راستە و خۆ لە گەڵ تودەییەکان تەماسی هەبوو...»(١٤) بەڵام لە سەر ئەوەشڕا پێشنیار دەکا ببێتە جێگری سکرتێر و تەواوی ئەو کاتەی کە لە دەرەوە دەبێ هەموو نامە کانی تەنیا بۆکەریمی حسامی دەنووسێ و پێوەندی هەر لە گەڵ ئەو دەبێ، نەک لەگەڵ کومیتەی ناوەندی.!!!

ئەمەش دەقی نامەی دوکتور قاسملو:١/٥/١٩٧٤ بۆکومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

«... برایانی بە رێز! پاش سلاوێکی گەرمی برایانە. بە داخەوە هەل و مەرجی سیاسی وەزعێکی ئەو توی پێکهێناوە کە ناچارم ماوەیەک لە ئێوە دوور بم. لە بەر ئەوە بە پێویستی دەزانم بیر ورای خۆم لە سەر هێندێ گیرو گرفتی حیزبی پێتان رابگەیەنم.

١ – هۆی ئەساسی سەر کەوتنی ئێمە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە تایبەتی پاش کۆنفرانسی سێهەم کاری دەستە جەمعی و تەتبیقی ئوسولی حیزبی بە تایبەتی سانترالیزمی دێموکراتی لە ناوەوەی حیزب دا بوو. بۆیە هیوا دارم کە لە دوا رۆژیشدا پاراستنی ئوسولی حیزبی بە تایبەتی یەکێتی ریزەکانی حیزب بە ئەرکی ئەساسی خۆتان دابنێن و بە هیچ جۆر رێگا نەدەین ئەو یەکێتی یە کە پاش ساڵانی ساڵ لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پێک هاتوە تێک بچێ. لە سەر ئەم ئەساسە چەند پێشنیارم هەیە بۆ دابەشکردنی کار و بۆ ئەو ئەندامانەی کە لە مەرکەز دەمێننەوە. دیارە ئەو پێشنیارانە هەتا ئەو وەختەیە کە ئەو مەرکەزیەتە لە جێگای خۆی مابێتەوە.

الف – کاک کەریم وەک جێ گری سکرتێری گشتی دیاری بکرێ. هیوا دارم بە یارمەتی هەموو برادەران لە پێکهێنانی هاو کاری و هاو دەنگی لە ناو برادەرأندا سەر کەوتوو بێ.

ب – کاک محمدامین بە مەسئولی کار و باری ئێران دیاری بکرێ و مەسئولیەتی پێوەندیەکانی دەرەوەشی هەبێ.

ج – کاک دوکتور سولتان هەر مەسئولی مالی بمێنێتەوە.

د – دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان بریتی بێ لە چوار ئەندامی کومیتەی ناوەندی و کاک جەلال. مەسئولی ئەدەبی کوردستان هەر ماموستا هێمن بێ.

بروام ئەوەیە ئەگەر برادەران ئەو پێشنیارانە قبول بکەن و دلسوزانە بە دەستە جەمعی لە تێکوشانی حیزبیدا بەشدار بن سەر کەوتنی زیاتر لە دوا رۆژدا وە دەست دەکەوێ.

٢ – راپورتی کاری ئێمە لە ماوەی ئەم سەفەرە دا لە دەرەوە بە تەفسیل لە لایەن برادەرانەوە پێش کەش دەکرێ. من پێم وایە کە ئەو سەفەرە قازانجی زور بووە. هێندێ نەتیجەی موسبەتی سەفەرەکەمان لە دوا رۆژدا دەر دەکەوێ.....

براتان ع.رحمان .

پاش بلاو بوونەوەی بەیاننامەی حیزبی دیموکرات وبێدەنگی لە سەر شەری هەلگیرساو، حکوومەتی بەعس بە جارێک لالوت دەبێ. پێشتر کە رۆژنامەیان بۆ چاپ دەکەن ئیتر چاپ و بلاو کردنەوەی رۆژنامەکە دەوەستێنن. پسولەی هاتوو چۆیان نادەنێ بۆ کوردستان هاتوو چۆ بکەن. بێجگە لە وانە کوتو پڕ پێنج ئەندامی حیزبی دیموکرات کە لە کۆیە دەژیان دەگیرین و بێ شوێن دەکرێن. هەرچەندی بەر پرسی پێوەندی یەکان وە دوایان دەکەوێ و دەپرسێ، جوابی نادەنەوەو دەلێن ئاگامان لێ نیە.(دیارە سوێندی شەرەفیشیان لێ زیاد کردوە). ئاخرەکەی لە رێگای زیندانیەکی ئازاد کراوی بەندیخانەی کەرکوک. خەبەر دەزانن کە وا لە بەندیخانەی کەرکوک گیراون. پاش چەند مانگ بە هەزار هەول و تەقەلا ئازاد

دەکرێن. دەفتەری سیاسی حیزبی کۆمونیستی عیراقیش بۆ ئازادکردنی ئەو ئەندامانەی حیزبی دیموکرات هەوڵێکی زۆری داوە.

سەیر ئەوییە کە ڕێبەرانی بزووتنەوەی کوردستانی عیراقیش بەیاننامەکەیان بە دڵ نابێ، چونکە گۆیا بەعسی تێدا پەلامار نەدراوە. بە پێچەوانەی هەڵویستی پارتی و بەعس ، ڕۆشنبیر و کەسایەتیە پێشکەوتوو خوازەکانی کوردستانی عیراق بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەنگاوێکی ئازایانەو نیشتمانپەروەرانە لە قەڵەم دەدەن. دوای بڵاو بوونەوەی بەیاننامەی کومیتەی ناوەندی لالوتی حکوومەتی بەعس ناحەز تر و دزێو تر دەبێ. ئەندامێکی حیزبی دیموکرات لە حلە دەگرن و ماوەیەک بێ شوێنی دەکەن. پاش هەوڵ و تەقالایەکی زۆر، دەر دەکەوێ کە بە دە ساڵ مەحکوومیان کردوە.

لە لایەکی تر دوکتور قاسملوو لە ئورووپاوە دەنووسێ:«... بیر لەبڵاو بوونتان بکەنەوە، حەمەدەمینی سراجی و کەریمی حسامی بچنە ئورووپا، ئەندامانی دیکەی کومیتەی ناوەندی لە عیراق خۆ وەشێرن و یا بچنە کوردستانی عیراق.»

کومیتەی ناوەندی پاش لێکۆڵینەوەی بار و دۆخی پێشهاتیی بە تێکڕایی دەنگ پێشنیاری دوکتور قاسملو ڕەت دەکاتەوە. نیزیکەی ٢٧٠ ئەندامی حیزب بە ژن و منداڵەوە لە عیراق دەژیان. کەم یا زۆر ژیان و بەرێچوونیان بە حیزبەوە دەبێ. لە هەل و مەرجی ئاوا دا چوونە دەر و یا خۆ شاردنەوەی ڕێبەرایەتی حیزب لە گەڵ هیچ ڕێ و شوێنێکی ئینسانی نە دەهاتەوە. پاشان کوردستانی عیراق بۆ کوردەکانی خۆیان ببوە جەهەندەم و کوردی کوردستانی ئێران چۆن دەیتوانی لە وێ بحاوێتەوە. کومیتەی ناوەندی بریار دەدا کە:« هەتا بکرێ بێلایەنی خۆیان بپارێزێن و لە عیراق بمێننەوە و لە وڵاتی خۆیان پتر دوور نەکەونەوە.»

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥حکوومەتی عیراق بۆ دژایەتی ئێران و پشتیوانی لە خۆی کۆنفرانسێکی نێو نەتەوەیی پێک دێنێ. لە حیزبی دیموکراتیش دەگێرێتەوە کە بەشداری کۆنفرانس بکات. دەفتەری سیاسی وتارێک ئامادە دەکا و دوو برادەریش دیاری دەکرێن کە وتارەکە بخوێننەوە. حکوومەتی بەعس داوا دەکا کە

www.kerimbisarani.com

پێش کۆنفرانس وتارەکە ببینێ.(دیارە دەبێ ئەوەیان لە گەڵ هەموو بەشداربوەکانی کۆنفرانس باسکردبێ). دوای دیتنی وتارەکە نوێنەری حیزبی بەعس دێتە بارەگای حیزبی دێموکرات و دەڵێ: « ئێوە دژی مەلا مستەفا هیچتان نە نووسیوە. هەڵوێستی ئێوە دۆستانە نیە. ئێوە لە وتاری خۆتاندا دەبێ مەلا مستەفا بە عەمیلی ئیمپریالیزم ناو بەرن و مەحکوومیشی بکەن ». نوێنەری حیزبی دێموکرات لە وەلامی کابرا دا دەڵێ :« ئێمە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانین. نامانەوەی دەست بخەینە نێو کار وباری عیراقەوە. سیاسەتی سەر بەخۆی خۆمان هەیە و خۆشمان بریار دەدەین کە چ بنووسین و چ بخوێنینەوە. ئەگەر نا تانەوێ بەشداری ناکەین.»

کابرا بە تورەیی دەروا و پاش دوو رۆژ تەلەفون دەکا و دەڵێ : « وتاری خۆتان بخوێننەوە.»

رۆژی ۱۹۷۵/۱/۱۵دیپلۆماتیکی بالیۆزخانەی سۆفیێتی دێتە بارەگای حیزبی دێموکرات و لە گەڵ جێگری سکرتێر دادەنیشێ و دەڵێ:« ئێوە دەزانن ئێران و عیراق وا خەریکن رێک دەکەون و لە بنەوە لە وتو ویژ دان. ئێوە رێگای ئەمین و دڵنیاتان هەیە کە راسپاردەیەکی ئێمە بگەیێننە مەلا مستەفا تا بەر لە وەی دەرفەت لە کیس بچێ نوێنەرێکی خۆی لە تاران. یا لە بێروت و یا لە ئوروپا دیاری بکا لە گەڵ نوێنەری ئێمە دابنیشێ تا بزانین بارزانی چی دەوێ و ئێمە چیمان لە دەست دێت تا بۆ پاراستنی بزووتنەوەی کورد دەست بە کار بین.» لە وەلام دا پێی دەگوترێ : « هەنگاوێکی پیرۆزە. بەلام کاری ئاوا بە راسپاردە ناکرێ. بارزانی چۆن بروا بە راسپاردە دەکات. ئەگەر نامە بنووسن، ئێمە رێگای دڵنیا و ئەمینمان هەیە و دەیگەیێنێ.»

کابرا لە رادە بەدەر لە سەر نهێنی کاری و رازداری پێی داگرێ ودەروا. رۆژی دوایی دێتەوە پسولەیەکی پێچراوە دێنێ و ئەوەندەی دیکەش باسی رازداری و نهێنی کاری دەکات.. پسولەم لێ وەرگرت و بە تەتەرێکی ئەمیندا ناردم بۆ مەلا عەولای حەیاکی کە لە کوردستان نوێنەری حیزب و بەرپرسی پێوەندی لە گەڵ

پارتی بوو، لێم نووسی کە زۆر بە گورجی بیگەیێنێتە سەرێ و بیدا بە دەستی سەرۆک بارزانی. تەنیا کاک حەمەدەمینی سراجیشم لە مەسەلەکە ئاگادار کرد و نامەیەکیشم لەم بارەوە بۆ دوکتور قاسملوو نووسی.

مەلا عەولا خۆ دەگەیێنێتە سەرێ و زۆر هەول دەدا کە چاوی بە سەرۆک بارزانی بکەوێ. رێگای نادرێ و پاش دوو رۆژان پسولەکە دەدات بە کاک ئیدریسی رەحمەتی. دوای رۆژێک بە مەلاعەولا دەلێ: « ئەگەر کارمان پێیان بوو خەبەریان لێدە گێرینەوە .»

مەلا عەولا لە نامەیکدا بۆی نووسبووم: « پێم خۆش نیە خۆت بەو مەسەلەیەوە ماندوو بکەی. قسەکانی ئەوانم هەموو بۆ نە نووسیوی، هەر پێمن. زۆر شتی تریش لە بارەی مالی (پیرۆت)(بارزان) وە دەزانم کە ناکرێ بیان نووسم.»

رۆژی ١٥/١/٩٧٥ لە لایەن موخابەراتی حکوومەتی عیراقەوە بە بەرپرسی پێوەندی یەکانی حیزبی دێموکرات رادەگەیێنن کە:« نابێ رۆژنامەی کوردستان چاپ و بلاو بکەنەوە. یان دەبێ دژی مەلا مستەفا بنووسن و بە عەمیلی ئەمریکانی ناوبەرن.»

دەفتەری سیاسی بڕیار دەدا کە چاپی رۆژنامەی کوردستان رابگیرێ، بەلام دژی مەلا مستەفا و بزووتنەوەی کورد نابێ هیچ بنووسرێ.

دوکتور قاسملو لە ئوروپاوە بە رێگای پارتیدا نامەیەک بۆ مەلاعەولای حەیاکی دەنێرێ و جارێکی دیکەش لە سەر بلاو بوونی کومیتەی ناوەندی و چوونە دەر لە عیراق پێ دادەگرێ و دەنووسێ :« .... باوکی کەمال خەبەری بۆ ناردووم کە رۆژنامە دەر ناچێ. شەرت و شروتی وایان بۆ داناوە کە تازە لەو جێگایە ئیمکانی دەر چوونی نیە. لەو باوەڕە دام کە بەرە بەرە جێگای خۆیان بە تال بکەن.»

هەوەلی مانگی فیوریەی ١٩٧٥ کۆنفرانسی پشتگیری لە عیراق لە زانستگای موستەنسەریەی بەغدا دەست بە کار دەکا. وتاری نوێنەرانی حیزبی دێموکرات سەرنجی بەشدار بوانی کۆنفرانس رادەکێشێ. چونکە تاقە وتارێک دەبێ کە لەو کۆنفرانسە دا دژی مەلا مستەفا و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هیچی تێدانیە.

www.kerimhisami.com

رۆژی ٧٥/٢/٥ دوکتور قاسملو لە نامەیەکدا داوا دەکات کەریمی حسامی هەر چۆنێک بێ بچێتە پراک و چاوی بەو بکەوێ. دوکتور دەنووسێ :«... گوتت ئیجازەی هاتنەدەرت زەحمەتە. جا کەوا بێ نەخۆشیەکە توندە. ئەو وەختە بە تەواوی سەفەرت بۆ دەرەوە زۆر پێویستە. دیارە ئەگەر هاتیە دەرێ دراوت لەبیر نەچێ هەر چەندی بۆت هەڵدەگیرێ لە گەڵ خۆت بێنە....»

بە دوای ئەودا لە٩٧٥/٢/١٧ دوکتورقاسملو نامەیەکی دیکە بۆ کەریمی حسامی دەنووسێ :«.... پێم وایە هە رلە ئێستاوە دەبێ فیکرێکی دیکە بۆ خۆمان بکەین. مەوزوعی ئەساسی ئەوەیە کە هەرچی زووتر تۆ بۆ دە رەوە سەفەر بکەی. ئەگەر نوک خۆر (ناوی خواستەی عبداللە حسن زادە بو.) لە گەڵ خۆت بێنێ زۆر باشە.... تەرتیبی وابدە ک ەبرادەرانی تریش بەرە بەرە جێگای دیکە بۆ خۆیان پەیدا بکەن... بەڵام نابێ پێوەندیش لە گەڵ بەعس بپسێنن..»

کومیتەی ناوەندی ئەم پێشنیارە زۆر بە نارەحەتی وەردەگرێ. نەدەکرا سکرتێر و جێگری سکرتێر بچنە ئوروپا و ئەندامانی دیکەش « خۆیان جێگای تربدۆزنەوە

رۆژی ٩٥٧/٣/٨ لە موخابەراتەوە داوا دەکەن کە حەمەدەمینی سراجی بەرپرسی پێوەندی یەکانی دەرەوە بچێتە لایان. لە وێ پێی رادەگەیێنن کە: «..لە ئێستاوە هەموو تێکۆشانێکی چاپەمەنی رابگرن. هاتوو چۆی ئێران نەکەن . بە بێ ئاگاداری هاتو چۆی کوردستانیش نەکەن. دەقی ئەمرەکەشیان بە عەرەبی کاک حەمەدەمین یادداشتی دەکا بەمجۆرەیە :

١- ایقاف عملیة التسلل والذهاب من والی ایران وفی الوقت الحاضر

٢ - یمنع التحرک علی قواطع الحدودیة فی الوقت الحاضر والسلطة تکون غیر مسئولة فی ماحدث

٣ - منع التسلل والذهاب الی الشمال فی الوقت الحاضر والی اشعار أخر وبعلمنا.

(وەرگەراوەی ئەمری عەرەبی حکوومەتی بەعس بە کوردی:

١ - وەستاندنی هاتو چۆ بۆ ئێران لە کاتی ئێستا دا

www.kerimbisani.com

٢ – بزوتنەوە لە ناوچەکانی سنوور قەدەخە دەکرێ و حکوومەت بەر پرس نیە لە کارەساتی قەوماو

٣ – هاتو چۆ بۆ شیمال لە کاتی ئێستا دا قەدەخەیە و تا راگەیاندنی ئاخری٠)

×پێشتر بزووتنەوەی کوردستانی عیراق هاتو چۆی ئێرانی بە نهێنیش لە حیزبی دیموکرات قەدەخە کرد بوو. ئەمجارە حکوومەتی بەعس ڕێگا نادا بۆ نیشتمانی خۆی هاتوو چۆ بکا. ئەم دیرۆکە بۆ حیزبی دیموکرات کوردستانی ئێران درێژەی هەیە. پاش ٢١ساڵ واتە ساڵی ١٩٩٥ یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەک هەر هاتو چۆی ئەندامانی حیزبی دیموکرات بۆ وڵاتی خۆی قەدەخە دەکا. بەڵکوو دەزگای ئاسایشی یەکێتی نیشتمانی کە پێشمەرگەی کوردی کردۆتە پارێزەری سنووری کۆماری ئیسلامی ئێران و پەیمانی هاوکاری لە گەڵ دەزگای ئیتیلاعاتی کورد کوژی ئێران گرێداوە ، لە ماوەی چەند مانگدا. ٦ پۆلی پێشمەرگەی گیان لەسەردەستی حیزبی دیموکرات لە ڕێگای چوونەوە بۆ وڵاتی خۆیان چەک دەکا و زیندانیان دەکا. ورێگای هاتووچۆیان بۆ وڵاتی خۆیان لێ دەبەستێ. لەوە قەباحەتتر، ڕێبەرایەتی(قارەمانی) حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە ڕۆژنامەکەیان بە باسی سەفەری سەیروسەیاحەتی ڕێبەران وسەر کەوتن رەش دەکەنەوە، جارێک ئەم تاوانانە لە قاو نادا و خەلک ئاگادار ناکات. جگە لەوە رادیۆی دەنگی کوردستان کە جنایەتی حکوومەتی ئاخوندی لە قاو دەدا، لە لایەن یەکێتی نیشتمانی یەوە دەبەسترێ ئەوەشی پێ کەمە لە گەڵ هێزێکی کوردی بیکات، ئەمجارە ساڵی ١٩٩٦ سوپای پاسدارانی ئێرانیش بە تۆپ وتانک و راجیفەو دۆشکەوە دێنێتە سەر و تەرتو تونای دەکات و دوو هەزار کوردی ئاوارەی دەستی حکوومەتی ئیسلامی ئێران و پەناهەندەی دەشتی کۆیە دەربەدەر و ئاوارە تر دەکا. ئەوەش هەمووی لە ڕێی پاراستنی(ئەزموونی دیموکراسی ودەسەلاتی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عبراق ::) ئەنجام دەدرێ و هێندێک مێژوونووس و شاعیرو کوردی نیشتمانپەروەر ئەگەر لەم سیاسەت وکردەوە چەپەڵەرەخنە بگرن. بێ هەڵوێستیان ناو دەبەن.!!!! شاعیرو نووسەرو زانای سیاسیش ئەگەر دەهۆڵ بۆ

www.kerimhisami.com

ئەم سیاسەتە نانیشتمانی یە بکوتن، دیارە خاوەن هەڵویستن.!!!

دوای ئەم پێڕاگەیاندنە کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات لە کۆبوونەوەی خۆیدا پاش شیکردنەوەی وەزع دەگاتە پەسندکردنی ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

« ١ - سەر بەخۆیی سیاسەتی خۆمان بپارێزین و هەتا بکرێ پێوەندیمان لە گەڵ بەعس نەپسێنین.

٢ - ئەگەر داوای لیستەی ناوی ئەندامانیان لێکردین بیاندەینێ

٣ - داوای پسولەی ڕێگا بکەین بۆ هاتوچۆی کوردستان، ئەگەر حکوومەت نەیدا، داوای یارمەتی لە حیزبی کۆمونیستی عیراق بکەین.

٤ - ئەگەر بزووتنەوەی کوردستانی عیراق بە تۆڵەی خەیانەتی شا، باداتەوە سەر ئێران، حیزبی دیموکرات بە هەموو تواناوە بچێتە ناوی و پشتیوانی لێ بکات.

٥ - ئەگەر لە کوردستانی عیراق شەر بەر دەوام بێت، تا ئەو کاتەی بەعس دەستی لێ نەداوین، بێلایەنی خۆمان دەپارێزین و بە هیچ جور دژی شۆرشی کورد نا جوڵێینەوە.

کومیتەی ناوەندی هەر لەو کۆبوونەوەیە دا نامەیەک بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنووسێ کە تێیدا هاتوە:...

«ئێستا کە شای ئێران خەیانەتی بە شۆرشی کورد کرد و لە پشتەوەرا خەنجەری لێدا، کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشنیار دەکا کە:» شەڕ بخەنە ئێران و با شۆرشی کورد درێژەی هەبێ. حیزبی دیموکراتی کوردستان شان بە شانی خەڵکی کوردستان وەک پێشمەرگەیەک لە ژێر ڕێبەرایەتی پارتیدا بە هەموو تواناوە بەشداری دەکا. تکاتان لێدەکەین چەک دامەنێن، با خوێنی هەزاران لاوی کورد بە فیرۆ نەچێ.

ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٩نامە دەدرێ بە مەلا عەولای حەیاکی کە بیگەیێنێتە مەکتەبی سیاسی پارتی. ناوبراو لە ڕێگا ئێستر لوشکی لێدەدا و باسکی دەشکێ. تا باسکی هەڵدەبەستێتەوە و دەگاتە حاجی ئۆمەران بە سەر هەواری خاڵیدا دەکەوێ.

www.kerimhisami.com

پەیمانی شومی ئەلجەزایر و ناکامی بۆ کورد

راست لەو کاتەدا کە سەرەتای سالی ١٩٧٥شەرە جنێوی نێوان ئێران و عێراق گەیشتبوە ئەو پەری خۆی و لە بەغدا بۆ پشتیوانی لە عێراق کۆنفرانس دەبەسترێ، لە ژێرەوە بە دەلالی بومەدیەنی ئەلجەزایر لە نێوان ئێران و عێراق وتو وێژ لە کایەدا دەبێ کە لە شەشی مانگی مارسی ١٩٧٥دەگاتە ئاکام و پەیمانی شوم لە لایەن شای ئێران و سەدام حوسێن ە وە واژۆ دەکرێ و راپەرینی چەکدارانەی ١٤سالەی کوردستانی خوارو دەکرێتە قوربانی و توشی هەرەس و شکان دێت.

٢٢ی مارسی ١٩٧٥هەوالدەرەکانی هەندەران خەبەری شکانی راپەرینی کوردستان بلاو دە کەنەوە و لە زمانی سەرۆک بارزانی رادەگەیێنن کە گوتوویە:« «..کورد بێ پشتیوان مایەوە. شەر تەواو بوە و شورش کۆتایی پێهاتوە.»

١٩٧٥/٣/٢٥ دوکتور قاسملو لە نامەیەکدا بۆ کەریمی حسامی دەنووسێ :«.... ئێدی هەموو شتێک روونە. هەموو لا ئەو رێککەوتنەیان پێخۆشبو و گەلی کورد نەبێ. بە پێێی وەزعی تازە کە پێکهاتوە من نەزەرم بەو جۆرەیە:

١ - مانەوەی ئێوە لە وێ ئێتر هیچ قازانجێکی بۆ ئێمە نیە و دانیشتن و دەست لە سەر دەست دا نانیش کاری ئێمە نیە. لە بەر ئەوە پێشنیاری پێشووی خۆم دوو بارە دەکەمەوە : لە گەل حکومەتی بەعس رێک کەون کە ئێستا بە قازانجی ئەوان نیە ئێوە لە وێ بن. تو هەر چۆنێک بێ دەبێ فیکری دەرەوە بکەی و هەر نەبێ داوای ئەوە بکەی کە دەچی سەری مال و مندالت دەدەی. لە وەزعی ئێستا دا من بە راستی دەزانم کاک مینە بچێ بۆ لای نۆک خۆر مەرکەزیەتێک لە وێ پێک بێنێ. دوکتور و ماموستا هێمن جارێ هەر لە جێگای خۆیان بن. ئێمەش

www.kerimbisami.com

لە دەرەوە خەریکی بڵاو کردنەوەی رۆژنامەکە دەبین. ئەگەر لەبیرت مابێ وەختێ خۆی زۆر قسەمان لە سەر ئەوە دەکرد کە هەموو مان بچینەوە و لاتی خۆمان و تۆ زۆر ئیسرارت هەبوو کە هەر چی زوتر ئەو کارە بکەین. پێم سەیرە کە برادەران ئێستا کە وەزع لەم بارەوە لەبارترە و هەل ومەرجیش ئیجاب دەکا، باسی ئەو مەسەلەیە ناکەن. پێم خۆش بوو نەزەری ئێوە لە سەر ئەم مەسەلەیە بزانم. تکام ئەوەیە ئەم نامەیە بۆ هەموو برادەران بخوێنەوە و نەزەری هەموانم بۆ بنووسە. دیارە هەر چی زوو تر بینووسی باشترە. پێشم وایە دەبێ خەریک بین و دەست لە سەر دەست دانەنێین.»

نامەی دوکتور قاسملولە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا دەخوێنرێتەوە و بە تێکڕایی دژی بۆ چوون و پێشنیاری ناو براو دەوەستن. پێیان وا دەبێ دوکتور لە ئوروپا بە خەیال دەژی.*

*یەک لە تایبەتیەکانی میللەتی دواکەوتوو ئەوەیە کە ئەگەر دەسەڵاتداریکیان دیت، ئیتر بۆیان دەبێتە بەندەی بێ عەیب و لایان وایە ئەو کەسە قەت توشی هەڵەو کەم و کوری نابێ. کەسیش مافی ئەوەی نیە رەخنەی لێ بگرێ گۆیا لە قودسیەتی کەم دەبێتەوە. یا ئەگەر کەسێکیش لە رووی دڵسۆزی و رێزەوە باسی ناتەواوی وهەڵەی کرد، بە تاوانبار دەزانرێ. من ئێستا کە بۆ چوونەکانی دوکتور قاسملو، وسیاسەتی حیزب بەگشتی لێکدەدەمەوە ئەو دەمە منیش هەر وەک ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کە بە تێکڕایی لەم بوارە دا دژی پێشنیار و بۆچوونەکانی ناو براو بوون هەڵوێستم گرتوە.

با تۆزێ ورد تر ئەم نامەیەی دوکتور قاسملو شی کەینەوە و بزانین چەندە لە گەڵ واقعیەت و خەسڵەتی رێبەرێکی دڵسوز و شۆرشگێڕ یەک دەگرێتەوە کە ئەو دەمە کومیتەی ناوەندی دژی وەستاوە:

١- ساڵی ١٩٧٣ کومیتەی ناوەندی بڕیار دەدا کە ئەگەر لە کوردستانی عیراق شەر ساز بێتەوە، کومیتەی ناوەندی بچێتەوە کوردستان و خەباتی چەکداری بکا. پاشان دوکتور قاسملو کە بەر نامەی چوونە ئوروپا و مانەوی لەوێ هەیە، کۆبوونەوەی بۆ ساز دەکا و بە یارمەتی هاشمی کەریمی و سمایلی حاجی بڕیارەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.

٢ - چاو پێکەوتنی هێزە دیموکراتەکانی ئێرانی دەکاتە بیانوو، بێ ئەوەی ئەم سەفەرە لە گەڵ کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بێنێتە گۆڕێ دەچێتە ئوروپا و لە وێ بە بیانووی دووری لە ژن و منداڵی دەمێنێتەوە.

٣ - خۆی لە ئوروپا دادەنیشێ، لێکدا لێکدا پێشنیار دەکا کە: « بڵاوەی بکەن، بچنە

لە سەر پێدا گرتنی دوکتور قاسملو بۆ چوونە دەری جێگری سکرتێر ، ناچار ئیجازەی چوونە دەری کەریمی حسامی و عەولای حەیاکی وەر دەگیرێ و رۆژی ۹۷۵/۷/۲۳ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی: دوکتور قاسملو، ئەمیری قازی، حەسەنی شەتەوی. عەولای حەیاکی و کەریمی حسامی لە بیرلین کۆ دەبنەوە. پاش باسێکی زۆر پێشنیاری دوکتور قاسملو سەبارەت بە چوونە دەری ناوەندیەتی حیزبی دیموکرات لە عیراق رت دەکرێتەوە. بڕیار دەدرێ کە پێوەندی لە گەڵ حیزبی بەعس بپارێزرێ. رۆژنامەی کوردستانیش لە سوید چاپ و بڵاو بکرێتەوە. کە قەت

بێروت ، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بۆ خۆیان جێگایەک بدۆزنەوە. یا بچنە کوردستان مەرکەزیەت پێک بێنن »

٤ – بزووتنەوەی کوردستان شکاوە. بەعس بە سەر کوردستاندا زاڵە. رێگای هاتو چۆی لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات گرتوە. دوکتور قاسملو لە ئورووپاوە دەنووسێ :« کەریمی حسامی بچێتە ئورووپا لە وێ لە گەڵ ئەو رۆژنامە دەرکەن. حەمەدەمینی سراجی لە گەڵ ئۆک خۆر لە کوردستان مەرکەزیەت پێک بێنن. لەوەش سەیرتر دەنووسێ: بۆ باسی چوونەوەی کوردستانی ئێران ناکەن لە وێ خەبات بکەن. ئەوەشی لێ زیاد دەکا وەدەڵێ : ئێمە نابێ دەست لە سەر دەست دابنێین». من ئەو دەم بەردو روو رەخنەم لەم هەڵوێستە گەلێک توندتر بوو، بەلام ئێستا کە بەدڵسۆزی بۆ روونکردنەوەی خەباتی رابردووی حیزبی دیموکرات و بۆ دەرس وەرگرتن لە ئاکار و کردەوەی رێبەران و بۆ وریایی تێکۆشەرانی رێگای رزگاری دەیانهێنمە سەر کاغەز، لام وایە ئەم کارە خزمەتە بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و بە وریایی لاوانی تازە پێگەیشتوو. مەلا عەولای حەسەن زادەش پێی وایە ئەوە بە دناو کردنە و دەبێ وەک ئەو بە درۆ بوت بۆ میللەتی کورد دروست بکەم. لە کاتێکا ئەسرین هەڵوەراندنی بە درۆی جەنابی مەلا کەسایەتی و پرستیژی دوکتوری شەهید دێنێتە خوارێ. من بۆ خۆم لەو هەموو هەڵەو ناتەواوی کەم وکوری یەدا بەشدار بووم و خەتاشم لە نی مەلا عەولا زیاترە. چونکە دوای دوکتور قاسملو من بەرپرسی یەکەم بوم و مەلاعەولاش ک ئێستا خودا پێیداوە و بە ئەمانی دوکتوری شەهید بۆتە بلبل، ئەو دەم هەمیشە یا بەڵێی کوتوە و یا زیز بوە و دوایەش بایداوەتەوە. با ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە رەخنەی بابەتی و دۆستانە نەک هەر لە دوکتور قاسملو بەڵکو لە هەر زاناو شەخسیەتێکی هەڵکەوتوی دیکەش نە کوفرە و نە تاوانە.. چونکە کەسێک هەرچەندی زاناو تێکۆشەرێکی مەزن بێ، دوور نیە توشی هەڵەش دەبێ، ئەودەم هەڵەی ئەو لەنێ هەموو کەس مەزنترە و زیاتریش زیان بە بزوتنەوە دەگەیێنێ.. ئەزمونی ناوامان بەدەستەوەیە. پێداچوونەوە.

ئەم کارە نەکرا و وتارەکانی ٣ مانگ لە سوید مانەوە و چاپ نەکران. دوکتور قاسملو لە نامەیەکدا بۆ هەوەڵین جار رەخنە لە هەڵە و بۆ چوونی خۆی دەگرێ و لە نامەی١٣/٩/١٩٧٥دا دە نووسێ: «...بە داخەوە رۆژنامەکە نەک هەر لە وەختی خۆیدا دەر نە چوو، بەڵکو دەرکەوت کە بە راستی برادەرانی سامرەند (رێکخراوی حیزب لە ئوروپا) و بە تایبەتی ئەوانەی لە سویدن هەر لە بنا خەوە دیسیپلینی حیزبی یان قبوڵ نیە. چونکە من بۆ خۆم لە وانە بووم کە پاش ئەو هەموو تاقیکردنەوە هیوام ئەوە بو کە رۆژنامەکە لە سوید دەر بچێ. بێ جێ نازانم بڵێم کە بە راستی بە هەڵە چووم و بە داخەوە برادەرانی ئێمە هەر بە تەواوی لە ئوسولی ئیبتیدایی حیزبی دوورن....»

هەڵوێستی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران

راست لەو کاتە دژوار و ئاستەنگیە دا، کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران، بە پێچەوانەی ئەخلاقی شۆرشگێری و مارکسیستی و ئینسانی و هاووڵاتی و... لە ژمارە ١٣٦ی رۆژنامەی(مەردم)دا بەیاننامەیەک ئاراستەی کوردەکانی کوردستانی ئێران دەکا و پاش ئەوەی خۆی بە (حیزبی دایک) دادەنێ، هێرشێکی توندی نا جوامێرانە دەکاتە سەر رێبەرایەتی بزووتنەوەی کوردستانی عیراق و(دەستە راستی یەکانی نێو جوڵانەوەی کوردستانی ئێران) بە لادەر و کۆسپی سەر رێگای یەکێتی رێکخراوەیی لە گەڵ حیزبی تودەی ئێران) یان تاوانبار دەکات و دەنووسێ::«...ئێمە لە هەموو تێکۆشەرانی شۆرشگێری کورد داوا دەکەین وەک تێکۆشەرانی شۆرشگێری ئازەربایجان و گەلانی دیکەی ئێران پاڵ وە حیزبی تودە بدەن وسوننەتی شۆرشگێرانەی یەکێتی رێکخراوەیی و سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە گەڵ حیزبی دایک، حیزبی تودەی ئێران، حیزبی سەرانسەری

www.kerimhisami.com

حینی کرێکاری ئێران دوو بارە زیندوو کەنەوە... ڕێکخراوە جۆربە جۆرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر بناخەی بەرنامەی سیاسی و ئامۆژگاری حیزبی تودەی ئێران دابمەزرێننەوە و دەگەڵ ناوەندی حیزبی تودەی ئێران پێوەندی بەر قەرار بکەن...»

هێندێ جار کێشەت بە ئەستۆدا دێ، شەڕت پێ دەفرۆشن. هێندێ کەسی نامەرد وبودەڵە لە دەرفەت دەگەڕێن حقد و کینەی پەنگاو خواردوویان بە پەلاماری بێ جێ و بوختانی هەڵبەستە و درۆ دەربڕن. ئەوانە دەبێ بەگوێرەی فەرمایشی سەعدی شیرازی مامڵەیان لەگەڵ بکرێ کە دەفەرموێ:

« کلوخ اندازەرا پاداش سنگ است »

کەریمی حسامی وەڵامێکی خەست بۆ بەیاننامەی حیزبی تودەی ئێران ئامادە دەکا و پاش دەست لێدانی دوکتور قاسملو کە گۆیا توند نووسراوە، لە ژماری ٣٧ی ئاوگوستی ١٩٧٥ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاو دەکرێتەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان تووشی قۆرتی گەورە دەبێ. وەک باسکرا بەهیوای ئەندامانی حیزب ٣ مانگ لە سوید دەکەوێتەوەو چاپ ناکرێ. پاشان دێتە بیرلین و٣ ژمارە لە وێ چاپ دەکرێن. لە وێشەوە دەگوێزرێتەوە بۆ لوبنان و چەند ژمارەش لە بێروت چاپ دەکرێن. دوایە دەچێتە فەرانسە و دوکتور قاسملوو چەند ژمارە لە پاریس چاپ دەکا. بە کورتی سەرە ڕای تەنگ و چەڵەمەی زۆر، کومیتەی ناوەندی ناهێڵێ ئۆرگانەکەی بوەستێ و لە سەر تێکۆشانی فەرهەنگی بەر دەوام دەبێ.

هەڵوێستی حکوومەتی بەعسی عیراق و مانەوەی سکرتێری حیزب لە ئوروپا دەرەتانی تێکۆشانی بەر چاو بۆ پێکهێنانی ڕێکخراو و کار لە کوردستانی ئێراندا گەلێک تەنگە بەر دەکا. کاری کومیتەی ناوەندی لە عیراق لە سەر ئەوە ساخ دەبێتەوە کە یەکێتی برادەران بپارێزێ و لە باری ژیان وبەڕێچوونی ئەندامان بە گوێرەی دەرەتان یارمەتی یان بدا و جار و بار کۆبوونەوەیەک پێک بێنێ و وەڵامی نامە و پێشنیارەکانی جۆر بە جۆری دوکتور قاسملو (وەک پاراستنی پێوەندی لە گەڵ بەعس، دەرکەوتن لە عیراق، سازکردنی پاسپۆرت بۆ دوکتور، ناردنی پارە و..)

www.kermalisardi.com

بداتەوە. لە باری کولتوریشەوە هێندێ لە ئاندامانی کومیتەی ناوەندی و کادرەکان تێکۆشانێکی بەر چاویان دەبێ وەک نووسێن و وەرگێران و هاوکاری لە گەڵ کۆڕی زانیاری و گۆڤاری رۆژنامە کوردی یەکانی عیراق. هەر ئەوەش خۆی دەبێتە هۆی رێزێکی زۆر لە لایەن روناکبیران ونیشتمانپەروەرانی کوردستانی عیراقەوە.

٦/١/١٩٧٦ نامەیەکی دیکەی دوکتور قاسملوم پێگەیشت دەنووسێ : :«.... هەتا ئاخری مانگی فیوریە (بابی مینا) دەیەوێ ئێرە (واتە پراگ) بەجێ بێڵێ. ئەگەر هەر لێرە بێ کارێکی وای پێناکرێ، هێندێ پارەی بۆ بنێرن. لە سەر وەزعی ئێوە نەزەرم وایە دەبێ دەست بەجێ دەست بکەن بە وەدەر کەوتن لە عیراق. چونکە لە سەر ئێوە دەنگ و باسی تایبەتیم پێگەیشتوە. هیچ کەسی گرنگ نابێ لە وێ بمێنێتەوە.»

نامەی دوکتورقاسملو کە داوا دەکا:(کەسی گرنگ نابێ لەوێ بمێنێ ودەبێ دەست بەجێ خەریک بن وە دەر کەون) ئەندامانی کومیتەی ناوەندی نیگەران دەکا.

رۆژی ٢٠/١/١٩٧٦ کومیتەی ناوەندی بۆ لێکۆڵینەوەی پێشنار و نامەی دوکتور قاسملو کۆ دەبێتەوە دوای باسێکی زۆر و لێکدانەوەی بارو دۆخ ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ دە نووسێ :«..... لەبارەی پێشنیارەکانت کە نووسیبوت:

(دەستبەجێ وەدەر کەوتن دەست پێبکەن، Hned Zacit Otchod)

نەت نووسیبوو بچینە کوێ و چۆن بچین؟. بەراستی ئێمە سەری لێ دەرناکەین، تۆش بۆمان روون ناکەیەوە .؟ لە بارەی رۆیشتنت لە پراگ بە تێکڕایی لە سەر ئەو باوەرەین کە رۆیشتنت ئێستا مەسلەحەت نیە. پێمان وایە باشترە تاروون بوونەوەی وەزعمان لێرە و تا چاو پێکەوتنی گشتی لە پراگ بمێنیەوە.....»

سور بوونی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات لە سەر پاراستنی سەر بەخۆیی سیاسی و نەچوونە ژێر باری حکوومەتی بەعس بۆ پەلاماردان وتاوانبار کردنی بزووتنەوەی کوردستانی عیراق و شەخسی سەرۆک بارزانی، حکوومەتی بەعسی دێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە هەڵوێستی نەرمتر بکات و لەباری هاتو چۆی کوردستان و ڤیزاو پاسپۆرت و رێگا دان بۆ دەرەوە یارمەتی بکا.

www.kerimhisami.com

کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان مەوجود لە عیراق لە پەژارە و کەسەری هەرەسهێنانی بزووتنەوەی کوردستان و ئاوارەیی خەڵک و دوور خستنەوەی تێکۆشەران، خۆی بە شەریک و هاو دەرد زانیوە. هێندێ لە تێکۆشەرانی بزووتنەوە کە دوور خرا بوونەوە لە هاتو وچۆی خۆیاندا لە گەڵ ئەندامانی بەر پرسی حیزبی دیموکرات لە پێوەندیدا دەبن و سەبارەت بە بارو دۆخ و پلانی دو ارۆژ و گەلێک مەسەلەی دیکە راوێژ و وتوێژ دەکەن. دوکتور خالد سەعید، رەسوڵ مامەند، عەلی هەژار، کاردۆ گەلالەیی، مەلا ناصح، سەیدا صالح یوسفی ئەوکەسانە بوون کە پێوەندی یان بە برادەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دەبێ. حیزبی دیموکرات لە باری نووسین و چاپ و بڵاوکردنەوە و مۆر و شتی ئاوا یارمەتیان پێدەکات.

رۆژی ۱۹۷٦/۲/۱۲ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی مەوجود لەعیراق، بۆ لێکۆڵینەوەی پێشنیارەکانی دوکتور قاسملو و بەجێ هێشتنی عیراق لە شاری کۆیە کۆدەبنەوە. پاش دوو رۆژ باس و لێکدانەوە دەگە نە ئەم بڕیارەی خوارەوە :

«... کومیتەی ناوەندی پێشنیاری دوکتور قاسملو لە بارەی بەجێ هێشتنی عیراق و گۆڕینی سیاسەتی حیزب رەت دەکاتەوە. پێویستە بە درێژی نامە بۆ دوکتور بنووسرێ و کەریمی حسامی سەفەر بکا و بچێ قسەی لە گەڵ بکات...»

لەسەر بڕیاری کومیتەی ناوەندی کەریمی حسامی سەفەر دەکا و رۆژی ۱۹۷٦/۳/٥ لە پراگ دەچێتە کن دوکتور قاسملو. پێکەوە دەگەنە ئەم بڕیارە کە بچنە سوید و لە گەڵ دوو ئەندامی دیکەی کومیتەی ناوەندی لە مەسەلەکان بکۆڵنەوە. کاتێ دەچنە ئیدارەی پۆلیسی چێک کە دوکتور ڤیزای دەرکەوتن وەربگرێ، دوای سەعاتێک چاوەروانی لە جیاتی ڤیزای دەرچوون، مۆری وەدەرنان لە چیکوسلۆڤاکیا لە پاسپۆرتەکەی دەدەن و ناچار دەبێ ئەم وڵاتە بەجێ بێڵێ.

رۆژی ۹۷٦/۳/۸ دوکتور قاسملو و کەریمی حسامی دەچنە سوید، بەڵام هیچ کۆبوونەوەیەکیش سەبارەت بە شیکردنەوەی بار و دۆخی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک نایە. پاش چەند رۆژ دوکتور قاسملو دەچێتە فەرانسە و کەریمی

www.kerimhisami.com

حسامیش دەگەڕێتەوە بەغدا.

لە سەر پێشنیاری سکرتێری گشتی حیزب کومیتەی ناوەندی بریاردەدا کە کۆبوونەوەیەکی بەرینی کۆمیتەی ناوەندی (پلینۆم) بۆ باس و لێکۆڵینەوەی تێکۆشانی حیزب لە ئوروپا پێک بێنێ. حکومەتی عیراق لە بواری پاسپۆرت و پێداویستی سەفەر یارمەتی دەکات ورۆژی ۱۳/٥/۱۹۷٦ لەبولغارستان، لە باژێری ڤارنا رۆخی دەریای رەش کۆبوونەوەی بەرینی(پلینۆم) کومیتەی ناوەندی بە راپۆرتی کەریمی حسامی سەبارەت بە تێکۆشان و کار و باری کومیتەی ناوەندی لە عیراق دەست بە کار دەکات.

دوکتور قاسملو لە فەرانسە بە کەلک وەر گرتن لە خوێندنەوەی نامیلکە و نووسراوەکانی رێکخراوی موجاهیدینی خەلکی ئێران، گەلالەیەک بۆ خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات لە کوردستانی ئێران ئامادە دەکا. بە گوێرەی گەلالە و پێشنیاری دوکتور قاسملو، دەبوایە رێبەرایەتی حیزب بەدەستەی جیاواز بەرەبەرە بگەرێنەوە کوردستانی ئێران و چەک و تەقەمەنی پەیدا بکەن. بەگوێرەی ئەم گەلالە و پێشنیارە کە ناوی نا بوو(گەلالەی سیا – می) واتە(سیاسی نیزامی) دەبوایە حیزبی دیموکرات لە کرماشان و سنە و تەورێز و تاران و ورمێ و مەهاباد کومیتە و شانەی سێ کەسی و یا کەمتریشی هەبێ و ئەوانەش پێکەوە لە پێوەندی دابن. بە گوێرەی گەلالەی دوکتور دەبوایە دوکتور خۆی و حەسەنی شەتەوی خوارزای و حەمەدەمینی سراجی لە ئوروپا بمێننەوە.

لە کاتی لێکۆڵینەوەی گەلالەی دوکتور قاسملودا، حەمەدەمینی سراجی بە قسەیەکی خۆش و پێکەنین گەلالەکە خاو دەکاتەوە. سراجی دەڵێ ؛ « دوکتور قاسملو لەم نەخشەو گەلالەیە دا یەک شتی لە بیر چوە و نەیگونجاندوە، ئەویش هێلیکۆپتەرە. چونکە بە بێ هێلیکۆپتەر ئەم پێوەیدی یە لە نێوانی ئەم شارانەدا بەر قەرار نابێ. بە تایبەت لە سەردەمی ساواک و حکوومەتی شای ئێراندا.

کومیتەی ناوەندی بۆ راپەراندنی گەلالەی (سیامی)کومیتەیەک هەڵدەبژێرێ، بەلام هەر لە سەر کاغەز دەمێنێتەوە. پلینۆمی ڤارنا بۆ چارە سەر کردنی گیرو

www.kerimhisami.com

گرفتەکانی حیزب لە عیراق بەر هەمێکی ئەوتۆ ناداتە دەست. سکرتێر و دوو ئەندامی کومیتەی ناوەندی دەچنە ئوروپا و ئەوانی دیکەش بۆ عیراق و بۆ ژێر رەحمەتی بەعس دەگەڕێنەوە.

لە مانگی ئاوگوستی ١٩٧٦ بۆ پێوەندی زیاتر لە گەڵ کۆنە ئەندامان و دۆست و ناسیارانی حیزب سەید رەسوڵی دیهقان و فەقێ عەولای قەلەرەشە دەنێردرێنەوە کوردستان و لە مەهاباد و دەور و بەر لە گەڵ چەند کەس لە نیشتمانپەروەران پێوەندی دەگرن. لە گەڕانەوە دا سەید رەسوڵ پێشنیار دەکا کە خەڵک بۆ یارمەتی و هاو کاری ئامادەیی هەیە و باشترە برادەرێکی دیکەش سەفەر بکاو پێوەندی یەکە بە هێز تر بکرێ.

رۆژی ١٣/١١/١٩٧٦ دەفتەری سیاسی داوا لە حیزبی بەعس دەکات کە ڤیزا بدەن بە دوکتور قاسملو و بە ئەمیری قازی کە بێنەوە بەغدا. نوێنەری حیزبی بەعس لە وەڵامدا دەڵێ :« ئەوان ڤیزایان گەرەک نیە و هەر کات دەیانەوێ دەتوانن بێنەوە عیراق ».

١٧/١١/١٩٧٦ دوکتور قاسملو و ئەمیری قازی دێنەوە بەغدا. رۆژی ٢١/١١/١٢کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی بۆ لێکۆڵینەوەی بارو دۆخی کوردستان و تێکۆشانی کومیتەی ناوەندی و چارە نووسی گەلالەی(سیامی)دەست بە کار دەکا و کومیتەیەک بۆ راپەراندنی گەلالەی ناو براو لە م کەسانەی خوارەوە پێک دێت:(دوکتور قاسملو ، ئەمیری قازی ، حەمەدەمینی سراجی ، رەسوڵی پێشنماز و مەلاعەولای حەیاکی) لە سەر بڕیاری کومیتەی ناوەندی هەموو ئیمکاناتی حیزبی بۆ کار و تێکۆشان لە کوردستان دەخرێتە بەر دەستی کومیتەی ناوبراو. پاش دوو رۆژ مەلا عەولای حەیاکی لە ئەندامەتی کومیتەی (سیامی) دەکشێتەوەو سمایلی حاجی لە جێگای ئەو دیاری دەکرێ. دوکتور قاسملو و ئەمیری قازیش هەر چەندە بە ئەندامی کومیتەی ناوبراو هەڵدەبژێرێن و دەبوایە دەست بە کار بن، لە عیراق گیرنابن ودەچنەوە ئوروپا و گەلالەی سیامی دوکتور قاسملوش هیچی لێ پەیدا نابێ.

www.kerimhisami.com

دوای گەڕانەوەی دوکتور قاسملو بۆ ئوروپا نوینەری حیزبی بەعس دێتە لای بەرپرسی پیوەندی یەکانی حیزبی دیموکرات، حەمەدەمینی سراجی وپێی دەڵێ :« «..قاسملو لە گەڵ ئیمە راست نیە. باسی زۆر شتی کردوە کە وا نەبوون و راستی لە ئیمە شاردۆتەوە. لە ئوروپا لە گەڵ دوژمنانی ئیمە پیوەندی هەیە.»

چەند رۆژ دوای ئەم قسانە سەعدون شاکر مودیری موخابەراتی گشتی داوا دەکا کە بەرپرسی حیزبی دیموکرات لە عیراق بچێتە لای.

١٩٧٦/١٢/٥ کەریمی حسامی و حەمەدەمینی سراجی دەچنە کن سەعدون شاکر. دوای چاک و چۆنی سارد دەڵێ: « ئێوە لە عیراق دەژین. ئیمە یارمەتیتان دەدەین. بەلام بە پێچەوانە ئێوە لە هیچ شتێ یارمەتی ئیمە نادەن. ئێوە باش دەزانن ئیستا عەسابەی جەلال تاڵەبانی لە کوردستان دەسورێنەوە. دەزانن مەلا مستەفا عەمیلی ئیمپریالیزمە. بەلام ئێوە قەت باسیان ناکەن و لە سەریان نانووسن. داواتان لێ دەکەین کە لە سەر عەمالەتی مەلا مستەفا و عەسابەی جەلال تاڵەبانی بەیانێک دەربکەن و کردەوەی ئیستا و رابردوویان مەحکوم بکەن. جگە لەوە ئیمە دەزانین کەسکرتێری ئێوە لە ئوروپا لە گەڵ دوژمنانی ئیمە پیوەندی هەیە.»

لە وەلامدا پێی دەگوترێ :«.. حیزبی دیموکرات لە بواری خەباتی دژی ئیمپریالیستی ودژی رێژیمی شا و حکوومەتی ئێران هاو خەباتی ئێوەیە و لەم بارەوە هەر چی لە دەستی بێ کۆتایی ناکات. بەلام لە باری عیراقەوە، ئیمە حیزبی کوردستانی ئێرانین. بڕیارمان داوە دەست نەخەینە نێو کارو باری کوردستانی عیراقەوە. چونکە ئەگەر باسی عیراق بکەین و بە گوێرەی ویستی ئێوە لە سەر مەلامستەفا و جەلال تاڵەبانی بنووسین، ئەو دەم دەبێ بە گشتی باسی کوردستانی عیراق بکەین. باسی چۆلکردنی کوردستان و ئاوارە بوونی هەزاران خاوو خێزانی کورد بکەین کە بە زۆرە ملی لە کوردستان دوور خراونەوە و لە ئوردوگا زۆرە ملیەکاندا نیشتەجێ کراون. دەبێ باسی ئیعدامەکانی موسڵ و کەرکوک و بەغدا بکەین. ئیمە پیمان وایە بێدەنگیمان بە قازانجی ئێوەیە. ئیمە هیچ پیوەندیمان لە

www.kerimhisami.com

گەڵ جەلال و مەلا مستەفا نیە و سیاسەتی ئەوانیش تەئیید ناکەین ..»

سەعدون شاکر دەڵێ :« شتی وا نیە. نە کوردستان چۆل کراوە و نە کەس کوژراوە. ئەگەر وایە ئێوە لە دەرەوەی عیراق جێگایەک بۆ خۆتان بدۆزنەوە. مانەوەتان لە عیراق دەرەتانی نیە.»

– ئەگەر حکومەتی عیراق جوابمان بکا، ئێمە یا شوێنێک دەدۆزینەوە و یا دەچینەوە وڵاتی خۆمان و خەبات درێژە پێدەدەین. بەڵام ئێستا دەمانەوێ سەفەرێک بۆ کۆماری یەمەنی دیموکراتی بکەین. تکایە بۆ ئەم سەفەرە یارمەتیمان بدەن و پاش گەڕانەوە بیرێک لە وەزعی خۆمان دەکەینەوە و بریارێک دەدەین.»

پاش چەند رۆژ ئێوارەیەک لە لایەن موخابەراتی حکوومەتی عیراقەوە بە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات رادەگەیەنرێ کە هەموو ئەندامانی حیزبی دیموکرات ئەوانەی لە بەغدا دەژین، بەیانی لە خانووی حیزب ئامادەبن نوێنەرێکی قیادەی قوتری دێ لە گەڵیان دەدوێ. ئەمە هەڤاڵ و هەڵوێستێکی تازە بوو. پێشتر کاریان بەوە نە دابوو کێ لە کوێ دەژی و نوێنەری قیادەی قوتریش قەت نە هاتبوو لە گەڵ ئەندامانی حیزبی دیموکرات بدوێ.

دەفتەری سیاسی دەکەوێتە هێندێ خۆ کۆ کردنەوە. ترسی ئەوە دەبێ کە کۆیان بکەنەوە و بیاندەنەوە بە ئێران. بەعسە و چاوەروانی هەموو شتی لێدەکرێ. مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق ئاگادار دەکرێ و هێندێ ئەمانەت لە لای ئەوان دادەنرێت. ئامۆژگاری دەدرێ بە ژنەکان کە لە کاتی رووداوێکدا چی بکەن. رۆژی دوایی بەیانی کابرای موخابەرات پەیدا دەبێ و رادەگەیەنی:« هیچ کامتان نابێ لەم خانوە بچنە دەرێ. خۆمان خواردەمەنی و شتی پێویستیتان بۆ دێنین.» کابرایەکیش دەکەنە پاسدارلە وێی دا دەنێن. چەند رۆژ بەمجۆرە هەموو ئەندامانی حیزبی دیموکرات لەم خانوەد لە ژێر چاوە دێری موخابەرات دا، رادەبوێرن. دەر کەوت ئەو ماوەیە ئەنوەر سادات بە سەفەر هاتۆتە بەغدا. لە گەڵ فشاری حکوومەتی عیراق و پێشهاتی روو داوەکان، کومیتەی ناوەندی حیزبی

دێموکرات بۆ پاراستنی سەر بە خۆیی سیاسەتی خۆی ناچار دەبێ کە بۆ دۆزینەوەی شوێن و ڕێگای دیکە دەست بە کار بێ و لەم ڕێگایەوە قورسایی فشاری حکوومەتی عیراق لە سەر شانی خۆی سوک بکا. بۆ ئەم مەبەستە کۆماری یەمەنی دێموکراتی لە بەرچاو دەگیرێ و لە ڕێگای یارمەتی حیزبی کومونیستی عیراق و کۆششی تایبەتی هێژا کاک عەزیزمحەممەد سکرتێری گشتی حیزبی کومونیستی عیراق ڕێگای سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ یەمەنی دێموکراتی دەکرێتەوە.

لە مانگی دیسامبری ١٩٧٦باڵیۆز خانەی کۆماری یەمەنی دێموکراتی لە بەغدا بە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات ڕادەگەیێنێ کە دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات دەتوانی لە نیوەی دووەمی مانگی هەوەڵی ١٩٧٧دا بچێتە یەمەنی دێموکراتی. لە سەر بڕیاری دەفتەری سیاسی دوکتور قاسملو سکرتێری گشتی و کەریمی حسامی جێگری سکرتێری گشتی لە ١٩٧٧/١/٨ دەچنە عەدەن پێتەختی کۆماری یەمەنی دێموکراتی.

دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە ماوەی سەفەری چەند ڕۆژەی خۆیاندا چاویان بە عبدالفتاح ئیسماعیل سکرتێری گشتی ڕێکخراوی سیاسی بەرەی نەتەوایەتی یەمەنی دێموکراتی و سەر کۆمار سالم ربیع عەلی و بەر پرسانی دیکەی حیزب و حکوومەتی یەمەنی دێموکراتی دەکەوێ و لە بارەی مەسەلەکانی نێو خۆی دوو وڵات و ناوچەی ڕۆژ هەڵاتی نێوە ڕاست و تووێژ دەکات و لە کۆتاییدا بەیاننامەیەکی هاو بەش سەبارەت بە سەفەر و چاو پێکەوتن و هاو پەیڤین بەم جۆرە بڵاو دەکرێتەوە:

www.kerimhisami.com

بەیاننامەی ناو خۆیی هاو بەشی نێوان ڕێکخراوی سیاسی یەکگرتوو-
بەرەی نەتەوایەتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا.

« .. لە ڕۆژانی ٨-١٥ی ژانویەی ١٩٧٧دا ،دەستەیەکی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بریتی بوو لە :عبدالرحمن قاسملو سکرتێری گشتی حیزب وکەریمی حسامی یاریدەدەری سکرتێری گشتی حیزب لە سەر بانگهێشتنی کومیتەی ناوەندی ڕێکخراوی سیاسی یەکگرتوو- بەرەی نەتەوایەتی، سەری لە کۆماری دێموکراتیکی گەلی یەمەن دا.

دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی مانەوە لە یەمەنی دێموکراتیکدا چاوی بە ڕابەرایەتی ڕێکخراوی سیاسی یەکگرتوو-بەرەی نەتەوایەتی- کەوت ووتو وێژی لە گەڵ کرد. لەو چاو پێکەوتنەدا، هەر دوو لا سەبارەت بە گیرو گرفتەکانی هەرە گرنگی خەباتی ڕزگاریخوازی و دێموکراتیکی مەڵبەندی ڕۆژ هەڵاتی نێوە ڕاست و جەزیرەی عەرەبی و خەلیج بە شکڵی تایبەتی و سەبارەت بە وەزعی نێو نەتەوەیی بە شێوەی گشتی ئاڵوگۆڕی بیرو ڕایان کرد و هەر لایەنە لایەنەکەی تری لە وەزع و تێکۆشانی ئێستا و داهاتووی حیزبی خۆی ئاگادار کرد و هەر دوو لا لە بارەی مەسەلە سەرەکیەکانی ناوچەیی و هەریمایەتی و جیهانیەوە بیرو ڕای وەک یەکیان هەبوو. هەر دوو لا لەم باوەرە دا بوون کە پێویستە پێوەندی دوو قۆڵی لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی سیاسی یەکگرتوو-بەرەی نەتەوایەتی- لە مەیدانەکانی جۆر بەجۆر دابە هێز بکرێ بۆ ئەوەی خزمەتی قازانج و ئامانجەکانی هاو بەشی هەر دوو ڕێکخراو و هەر دوو گەل و هەموو هێزەکانی پێشکەوتوو و دێموکرات و ئاشتیخواز لە دنیادا بکا.

دەستـــەی نوێنەرایەتی مـــیوان هەر وەها چاوی بە رابەرانی رێکخـــراوە کۆمـەڵایەتیـە گـەلی یەکـان کـەوت و وتو وێژی لە گـەڵ کـردن و سـەری لە هێندێک کارخانە و بنیاتی بەرهەم هێنان دا.

دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خۆشحاڵی و رێزی خۆی لەو ئاڵ و گـۆڕە ئابوری و کۆمـەڵایەتیانە دەر بڕی کـە لە یەمـەنی دێموکراتیکدا لە سـەر رێگای دێموکراسی و پێشکەوتندا وەدی دێن. هـەر وەها حـورمـەتی خـۆی لەو سـیاسـەتە راست و شـۆرشگێڕانەیە کـە کـۆماری یەمـەنی دێمـوکـراتیکی گـەلی رەچاوی دەکـاو لەو هەڵویستـی مـەبدەیی پشـتیـوانی لە هێزەکـانی ئازادیخـواز و پێـشـکەوتو، دەر دەبڕێ کـە بە گـوێرەی بڕیارەکـانی کـۆنگرەی یەککرتنەوەی رێکخراوی سیاسی یەککرتوو-بەرەی نەتەوایەتی- پەیڕەوی لێدەکرێ.

دەسـتـەی نوێنەرایەتی حـیزبی دێمـوکـراتی کـوردسـتـان باسـی ئەو وەزع وهەل و مەرجە نا لە بارەی کـرد کە هێزەکانی نیشتمانی و دێموکراتیکی سەر بە نەتەوە جۆر بە جۆرەکـانی نیشتە جێی ئێران تێیدا دەژین و تێکۆشانی خۆیانی تێدا درێژە پێـدەدەن، هـەر وەها باسـی ئەو زوڵـم و زۆر و چەوسـانـدنەوەی کـرد کـە بـە هـۆی دەزگاکانی رێژیمی دیکتاتۆری کۆنە پەرستی شاهەنشاهی دەرهەق بە نەتەوەکان و گەلەکـانی ئێران و لە ناو ئەوانیشدا بەرامبەر بە گەلی کوردی ئێران دەکرێ. ئەو رێژیمـە دیکتـاتـۆری یە رۆژ لـە دوای رۆژ پێـوەندی خـۆی لە گـەڵ هێـزەکـانی ئیمپریالیستی بە تایبەتی لە گەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکا، بە هێزتر دەکا و داهاتی وڵات لە رێگای کۆ کردنەوەی چەک و بە هێز کردنی دەزگـاکانی سـەر کوتکردن بە فیڕۆ دەدا. ئەم کارەش دەبێتە هۆی زیاد بوونی زەبر و زەنگ بۆ سەر ئازادیەکـانی دێمـوکـراتیک و زیاد بوونی راو نان و سـەر کـوتکردنی درندانەی ئازادیخـوازان و نیشـتـمانپەروەران لە نـاو خۆی وڵات و گێرانی نەخشی ژاندارمی ئیمپریالیزم لە مەڵبەندی خەلیج و رۆژ هەڵاتی نێوەراست دا.

رێکـخـراوی سـیـاسـی یەککرتـوو-بەرەی نەتەوایەتی- هـەر وەک دەسـتـەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە و بڕوایە دایە کە باری نادێموکراتیک

بە سەر ئێراندا زاڵە و ڕێزی خۆی لە بەرنامەی تێکۆشانی پەسند کراوی سێهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیاند و دەری بڕی کە لە داهاتوو دا بە گوێرەی توانا یارمەتی و پشتیوانی حیزب دەکا.

هەر دوو لا پێخۆشبوونی خۆیان سەبارەت بە پەرە پێدان و بە هێز کردنی پێوەندی نێوان ڕێکخراوی سیاسی یەکگرتوو-بەرەی نەتەوایەتی -و حیزبی دێموکرات لە ڕێگای ئاڵو گۆڕی بەر دەوامی دەستەی نوێنەرایەتی و ئاگادارییەوە دەربڕی.

هەر وەها دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سوپاسی ئەو میوانداریە گەرمەی کرد کە لێی کرابوو و ڕایگەیاند کە دڵنیایە ئەو چاو پێکەوتنە هەنگاوێکی تازەیە بۆ پەرە پێدانی پێوەندی هاو کاری داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوی سیاسی یەکگرتوو-بەرەی نەتەوایەتی- و کۆماری دێموکراتیک و گەلی یەمەن و هەر وەها لە بە هێزکردنی ڕ پێوەندی دۆستایەتی لە نێوان گەلەکانی وڵات دا.

هەر دوو لا سیاسەتی دوژمنانەی هێزەکانی ئیمپریالیستی و کۆنە پەرستی ئێرانیان مەحکوم کرد کە دەیەوێ دەست بە سەر سەروەت و سامانی نەتەوایەتی گەلانی مەڵبەند دا بگرێ و بەر گری لە پەرەساندنی سەر بە خۆیی و ئازادی گەلانی مەڵبەند بکا. ئەویش بە دەست تێوەردان لە کار و باری ناو خۆی وڵاتەکان و دامەزراندنی بنکەی سەر بازی و پەیمانەکانی دوژمنانە لە چەشنی نەخشەی بە ناو ئەمنی خەلیج خۆ دەنوێنێ و دەبێتە ماکەی تازە و هەرەشە لە هێمنایەتی و سەقامگرتوویی مەڵبەند بە تێکرایی دەکا.

هەر دوو لا دەست تێوەردانی نیزامیی ئێران لە کار و باری عومانیان مەحکوم کرد کە بە مەبەستی لێدانی شۆرشی گەلی عومانە و هەر وەها هەرەشە و دەست درێژی پەیتا پەیتای هێزەکانی ئێرانیان بۆ سەرخاکی کۆماری یەمەنی دێموکراتیکی گەلی مەحکوم کرد و ڕایانگەیاند کە بە هەموو تواناوە پشتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕەوای گەلی عومان بە سەرۆکایەتی بەرەی ڕزگاریخوازی گەلی

عومان دەگرن.

لە تویێی باسی وەزع و گۆڕانەکانی رۆژ هەڵاتی ناوە راست دا، هەر دوو لا رایانگەیاند کە ئاشتی عادڵانە لە رۆژ هەڵاتی ناوە راست بە بێ کشانەوەی سەهیونیستە دەست درێژ کەرەکان لە خاکە داگیر کراوەکانی عەرەبی و بە بێ دابینکردنی مافی رەوای گەلی عەرەبی فەلەستین سەقامگرتوو نابێ و هەر دوو لا رایانگەیاند کە پشتیوانی لە خەباتی گەلی عەرەبی فەلەستین دەکەن بۆ ئەوەی مافە رەوا کانی خۆی وە دەست بێنێتەوە.

لە لایەن رێکخراوی سیاسی یەکگرتوو-بەرەی نەتەوایەتی - لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»

دوکتورقاسملو لە ئوروپا بۆ ئازادی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات(عەزیزی یوسفی و غەنی بلوریان) کە ٢٥ساڵ زیندانیان کێشابوو، بە حەبسی ئەبەد حوکم درابوون، تێکۆشانێکی شێلگیرانە دەست پێدەکات . لە رێکخراوی لێخۆشبوونی نێونەتەوەیی(ئەمنیستی ئینترناسیۆناڵ)دا مەسەلەی عەزیزی یوسفی دێنێتە گۆڕێ وپرۆفیسور(لوشار) لە زانستگای بروکسل هاندە دا کە لە تاران لە گەڵ کار بەدەستانی ئێران باسی عەزیزی یوسفی و غەنی بلوریان بکا. لە ئەنجامی ئەو تێکۆشانەدا رۆژنامە نووسی بە ناوبانگی بەلژیکی دەتوانێ لە زیندانی کومیتە چاوی بە عەزیزی یوسفی بکەوێ و وتوێژی لە گەڵ بکا ت و دەقی وتوێژەکە لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٦،مارسی ١٩٧٧ دا بڵاو دەکرێتەوە. تێکۆشانی دوکتورقاسملو لە گەڵ هێزەکانی ئوپوزیسیۆنی ئێرانی وئەمنیستی ئینترناسیۆناڵ، دەبێتە هۆ کە لە تاران ٩١ کەس لە زیندانیانی سیاسی ئازاد بکرێن کە کاک عەزیزی یوسفیش یەک لە وان دەبێ. پاشان هەول دەدرێ کە کاک عەزیز بێتە دەر و لە ئوروپا معالجە بکرێ، بەڵام بە داخەوە پێرانا‌گا و لە مانگی یونی ١٩٧٨ لە تاران دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێ و ئاواتی لە مێژینەی لە گەڵ خۆی دەباتە ژێر خاک. تێکۆشانی دوکتورقاسملو بۆ ئازادی غەنی بلوریانیش هەر بەر دەوام دەبێ و ناوی

www.kerimhisami.com

له ریزی پێشەوەی لیستەی ئەمنیستی ئینترناسیۆنالدا تۆمار دەکرێ، کە ڕێژیمی پاشایەتی دەرووخێ و غەنی بلوریانیش پاش ٢٥سال لە زیندان دەیتەدەرێ.

دوکتور قاسملو لە ئوروپا لە گەڵ کوردەکانی کوردستانی ئێران - یش کە لە ئوروپا بوون و یا هاتوچۆیان دەکرد، پێوەندی دەگرێ و بۆ هاو کاری لە گەڵ حیزبی دێموکرات داوەتیان دەکات. لەوانە دوکتورسادق شەرەفکەندی و نەبی قادری کە لە دوا ڕۆژ دا هەر تکیان بوون بەئەندامی کومیتەی ناوەندی.

دوای سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەمەنی دێموکراتی، کومیتەی ناوەندی دەکەس لە کادر وئەندامانی حیزب بۆ دەورەیەکی کورتی فێر بوون دەنێرێتە کۆماری یەمەنی دێموکراتی و پاش تەواو بوونی دەور بە سەرکەوتوویی دەگەڕێنەوە.

لەم ماوەیەدا حکوومەتی عیراق داوا دەکات کە ناو وجێگای دانیشتنی هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی بدرێتی. هەر لەو کاتەشدا کوتوپڕ ماڵ ومنداڵی هێندێ لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات کە لە کۆیە دەژیان دەپێچنەوە و دەیانخەنە نێو کامیۆنی ئەرتەشی و دەیان بەن. دۆستانی حیزبی دێموکرات لە کۆیە بە دەفتەری سیاسی حیزب ڕادەگەیێنن کە برادەرانتان ڕاگوێزراون و دیار نیە بۆ کوێ یان بردوون. دەفتەری سیاسی دەکەوێتە شوێن و هەوڵ و تەقەلا. نوێنەری حیزبی بەعس حاشا دەکا و دەڵێ بێخەبەرین و(بیشەرەفی) یشی لێ زیاد دەکات. پاش دوو ڕۆژ دڵە ڕاوکە و بێخەبەری لە چارەنووسیان، یەک لە ئەندامانی حیزب لە ڕمادی یەوە تەلیفون دەکا و دەڵێ وا لە مەیدانێکی فوتباڵ لە ڕمادی هەڵیان ڕشتووین. کاتێ بە نوێنەری حیزبی بەعس دەگوترێ: برادەرانمان لە ڕمادین، بە سەر سوڕمانەوە دەڵێ: « من هیچ خەبەرم نیە، ئێوە چۆن دەزانن !!»

www.kerimbisani.com

هەڵوێستی هێزەسیاسی یەکانی کوردستانی عیراق.

راست لەو کاتەدا کە کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە لە سەر نەنووسین دژی بارزانی و جەلال تاڵەبانی کەوتبوە ژێر فشار و پاڵپەستۆی حکوومەتی عیراقەوە و نەک هەر مل بۆ ویستی حکوومەتی عیراق راناکێشێ و نەک هەر ئامادە نابێ دژی بزووتنەوەی نەتەوەکەی شتێک بنووسێ و هەنگاوێک باوێژێ، بەلکوو لە بیرلین بەیانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی شیان بۆچاپ دەکاو بۆیان بڵاو دەکاتەوە، نامە و نووسراوەکانی نێوان رەسوڵ مامەند و برادەرانی بەغدایان پێک دەگەیێنێ و لە هیچ یارمەتی یەک بە بوژانەوەی ئەم بزووتنەوەیە درێخی ناکات، تەشکیلاتی تازە دامەزراوی حیزبی دێموکرات لەوڵات، کومیتەی ناوەندی لە گەرانەوەی مام جەلال بۆ کوردستان ئاگادار دەکات. لە نامەیەکدا کە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە ئێرانەوە بۆ کومیتەی ناوەندی ناردوە، نووسراوە :«..... جەماعەتی مام جەلال لە تورکیاوە بە رێگای ناوچەی شنۆ بە کۆیستانەکانی پشتی جەلدیان و زێوکە و دەلاوان و دمرچیان و کۆنەلاجان و قەلاتەرەشێدا باری شەش ئێستر و بارگینیان چەک پێ بوە و گەیشتوونەوە ناوچەی سەردەشت. مام جەلال و سەرکردەکانیان لە گوندی موسالان لە ماڵی مەلا عەلی کوری مەلا خەلیلی گۆرۆمەری لە گەڵ ئەفسەرانی ئێرانی و سەرۆکی ساواکی ناوچە کۆبوونەوەیان هەبوە .»

کومیتەی ناوەندی ئەم هەواڵە بەخۆشی وەر دەگرێ بەو هیوایە کە بوژانەوەی بزوتنەوەی تێکشکاوی کوردستانی عیراق، ببێتە ئەڵقەیەکی پێوەندی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات لە گەڵ کوردستانی ئێران و هەر لەو کاتەشدا لە وانەیە

www.kerimhisami.com

فشاری حکوومەتی عیراقشی لە سەر کەم بکرێتەوە. بە پێچەوانەی هیوا و چاوە روانیی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات دەر دەکەوێ کە مام جەلال بۆ کز کردنی حیزبی دێموکرات خەرێکی داتاشین و سازکردنی تاقم و دەستەی جیاواز و بە هێزکردن و سازدانی کۆمەڵە لە ژێر ناوی جیاواز و جۆر بەجۆ ردایە. جگە لەوە هێندێ عەجەمی مائۆییستی ئێرانیشی بە سەرۆکایەتی سمایل عەجەم ناوێک لە گەڵ خۆی هێناوەتەوە کوردستان و بە ناوی سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات دەیانناسێنێ.

لە مانگی ئەپریلی ١٩٧٧ دوکتور تالیب ناوێک، نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ناوچەی پشدەر نامەیەک بە خەتو ئیمزای مام جەلال وبەمۆری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەدا بە مەلا عەزیزی ئەحمەدی بەرپرسی رێکخراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵادزە کە بۆ دۆکتور تالیب خۆی نووسراوە و ناو براو بۆ بروا پێکردن نامەکە دەدا بە مەلا عەزیز و لێی وەر ناگرێتەوە. لە نامەکەدا مام جەلال بۆ دوکتور تالیب دەنووسێ : «.... بە برادەرانی حیزبی دێموکرات کە لە ناوچەی پشدەر دەژین، رابگەیێنە کە وا رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لە گەڵ من گەراوەتەوە بۆ کوردستان. پێویستە ئەوان بێن لە ژێر ئەو رێبەرایەتیەدا لە کوردستانی ئێران شۆرش بەر پا بکەن و دەست لە وانە هەلبگرن کە لە بەغدا دەژین». ئەوە لە کاتێکا کە حیزبی بەعس کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات بەوە تاوانبار دەکات کە دوکتور قاسملو سکرتێری حیزب لە ئوروپا لە گەڵ جەلال تاڵەبانی لە پێوەندی دایە.

هاوکات لە گەڵ گەرانەوەی یەکێتی نیشتمانی بۆ کوردستان، پاشماوەی پارتی دێموکراتی کوردستانیش کە بە ناوی قیادەی موەقەتە خەبات زیندوو دەکەنەوە، ئەوانیش چەکداریان لەو سنوورانە لە سورانەوە دا دەبێ. رۆژی ١٢/٤/١٩٧٧ ئەندامێکی حیزبی دێموکرات بە ناوی(مەلا ئەحمەدی عەولا چاوشین) کە لە لایەن تەشکیلاتی وڵاتەوە دێتە قەڵادزە و نامەیەکی تەشکیلاتی بۆ حیزبی دێموکرات دێنێ. لە ناوچەی (باژار) تووشی دەستەیەکی چەکداری سەر بە قیادەی موەقەتە

www.kerimhisami.com

دەبێ، بە سەرۆکایەتی عادل ناوێک ، مەلا ئەحمەد دەگرن و باڵی دەبەستن و لە پاسکای بازار دەیدەنە دەستی ژاندارمی حکوومەتی ئێران و تا روخانی رێژیمی پاشایەتی لە بەندیخانەدا دەناڵێنێ.

پاش راگوێزانی ماڵ و منداڵی ئەندامانی حیزبی دێموکرات بۆ رمادی و داوای ناو و جێگای دانیشتنی ئەندامانی حیزب، کومیتەی ناوەندی مەوجود لە عیراق، دێتە سەر ئەو باوەڕە کە دوور نیە حکوومەتی عیراق ئەندامانی حیزب بەگشتی بداتەوە بە ئێران و یان بۆ خوارووی عیراق لە کوردستان دووریان خاتەوە. بۆ لێکۆڵینەوە ئەم وەزعە کۆمیتەوی ناوەندی رۆژی ١٩٧٧/٥/١٣کۆبوونەوەیەک بە بەشداری زۆربەی کادرەکانی حیزب پێک دێنێ و دەگاتە ئەم بریارە کە: ئەگەر حکوومەتی عیراق بیەوێ ئەندامانی حیزب بۆ خواروی عیراق بگوێزێتەوە، هێندێ لە ئەندامانی حیزب بە گوێرەی بڕیار و دیاریکردنی کومیتەی ناوەندی خۆ بە دەستەوە نەدەن و خۆ بشارنەوە. کومیتەیەکیش لە ٧ ئەندامی کومیتەی ناوەندی و چەند کادرێکی حیزبی دیاری دەکرێن کە لە گەڵ ئەندامانی دیاریکراو، بگەرێنەوە کوردستانی ئێران و خەبات درێژە پێبدەن. نوێنەرێک لە عیراق بەجێ بێڵن کە پێوەندی لە گەڵ حکوومەتی عیراق بپارێزێ. بۆ راپەراندنی ئەم بڕیارە، ئەندامانی بەرپرس و شوێن و ناوچەی تێکۆشان دیاری دەکرێن، چاوە روانی هەنگاوی دواتری حکوومەتی عیراق و بڕیاری سکرتێری گشتی دەبن.

کومیتەی ناوەندی لە نامەیەکدا بریاری کۆبوونەوە و بار و دۆخی پێشهاتوو بۆ دوکتورقاسملو سکرتێری گشتی دەنووسێ و داوای لێدەکا هەر چۆنێک بێ بگەرێتەوە بۆ عیراق و یا لە رێگای تورکیاوە خۆ بگەیێنێتەوە کوردستان و ئەو ناوچەیەی کە بۆ تێکۆشان دیاری کراوە.

دوکتور قاسملو لە وەڵامی نامەی کومیتەی ناوەندی دا، پێشنیار دەکات کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی لە فەرانسە پێک بێ.

رۆژی ١٩٧٧/٦/٣ مخابراتی عیراق داوای چاو پێکەوتنی بەر پرسی حیزبی دێموکرات دەکا. لەو چاو پێکەوتنەدا سەعدون شاکر دەست دەکا بە کاوێژ

کردنەوەی بەیت و باوی کۆن و دەڵێ: « ...ئێوە یارمەتی ئێمە نادەن و لە سەر بارزانی و تاڵەبانی نانووسن و پێویستە لە عیراق بچنەدەرێ.» لە وەڵامدا پێی دە گوترێ::« بڕیاردانی کوتو پڕ دژوارە. ڕێبەرایەتی حیزب دەتوانێ لە عیراق بچێتە دەر، بەڵام نیزیکەی ٢٧٠ ئەندامی حیزب بە ماڵ و منداڵەوە لە عیراق دەژین، بۆ مانەوەی ئەوانە بڕیارتان چی یە؟ بۆ ئەوەی مەسەلەکە بە ئارامی کۆتایی بێت و نەبێتە قاو کە حیزبی دێموکرات لە عیراق دەرکراوە، ڕێگا بدەن دوکتور قاسملو بێتەوە بەغدا و لە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا بڕیاری نهایی بدرێت.

– قاسملو لە ئوروپا دژی ئێمە دەجوڵێتەوە، ڕێگای نادەین بێتەوە عیراق.

– مەسەلەیەکی گرنگە. پێوەندی بە چارەنووسی ئێمەوە هەیە. کە وابوو ڕێگا بدەن هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بچنە پاریس و لەوێ بڕیاری خۆیان بدەن. بۆ ئەم سەفەرەش داوا دەکەین لە هەموو بارێکەوە یارمەتیمان بدەن.

– پاشان وەڵامتان پێ رادەگەیێنن.

ڕۆژی ١٩٧٧/٧/٢٤هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بەرەو پاریس دەفڕن. دوکتور قاسملو لە هوتێلێکی فەقیرانە جێگایان بۆدەگرێ و لە بازێری(شانیۆمۆن لیڤۆ) لە ماڵی ڕۆژنامە نووسێکی برادەری بە ناوی (پۆل) جێگای کۆبوونەوەش ئامادە دەکات. ڕۆژی٢٧/٧/ کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی لە هەوایەکی ناکۆکی و ڕەخنەو نا تەباییدا دەست بە کار دەکات.

سکرتێری حیزب بەرنامەی کاری کۆبوونەوە بەم چەشنە پێشنیار دەکات:

١ – کەریمی حسامی وەک جێگری سکرتێر و بەر پرسی پێوەندی یەکانی دەرەوە ڕاپۆرتی کاری خۆی پێشکێش بکات.

٢ – بەرپرسی گەڵاڵە و بەرنامەی(سیا– می) ڕاپۆرتی کاری خۆی پێشکێش بکات

٣ – سکرتێری حیزب ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی لە دەرەوە پێشکێش بکات

دوای پێشکێش کردنی ئەم ڕاپۆرتانە و شیکردنەوەیان کە هیچ بەرهەمێکی ڕوون و هەست پێکراویان بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی لێ بەدی ناکرێ، نامەی

کەریمی حسامی بۆ کۆبوونەوە بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

«... کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. سڵاوێکی برایانە. کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی ئەم دەرفەتەی پێکهێناوە کە بۆ چوون و لێکدانەوەی خۆم لە بارەی کار و تێکۆشانی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و وەزعی ئێستای حیزب بخەمە بەر بیرو رای برادەران. دەمێکە هەستکردن بە مەسئولیەت و عەزابی ویژدان ئازارم دەدەن. ناوێکی گەورەمان لە خۆ ناوە کە لە گەڵ کردەوە و تێکۆشان عەرز و عاسمانی فەرقە. لە سەر ئەو باوەرەم ئەوەی ئێمە بە ناوی حیزبەوە دەیکەین، بۆ بەشی زۆری ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و ئەندامانی حیزب کە لە عیراق دەژین، تەنیا بۆ رابواردنی رۆژ و ساڵ و بۆ بەرێچوون و ناو و ناو بانگە. هەڵسوران و کردەوەی ئێمە بە هیچ جۆر لە گەڵ کردەوە و خەسڵەتی تێکۆشەرێکی شۆرشگێر نایەتەوە. ئەگەر بە ویژدانێکی حیزبی و شەرافەتی شۆرشگێری لە ساڵی ١٩٧٣ وە، یانی لە پاش کۆنگرەوە سەرنجێکی کار و تێکۆشانی خۆمان بدەین، نەک هەر هەنگاوێک نە چووینە پێش، بەڵکوو بۆ دوایەش گەراوینەوە و لەسەر سوێی هەڵدێران و پەرش و بڵاوی راوەستاوین. رەنگە زۆربەی برادەران هەست بەو راستی یە بکەن. کە وا بوو با تۆزێک بیر لە کردەوەی ئەو چەند ساڵەی دواییمان بکەینەوە تۆزێک لەو ناوەی خۆمان و لە میللەتەکەمان شەرم بکەین. با بە روحێکی شۆرشگێری و شەرافەتی حیزبی چاوێک بە هەڵسوران و کردەوەی خۆماندا بخشێنین. ئەگەر دەزانین پیاوی ئەم مەیدانە نین. با وازبێنین و لانی کەم ئەو شەرەفە بۆ خۆمان بپارێزین کە سەودامان بە چارە نووسی گەل نە کردبێ و سیاسەتمان تەنیا نە کردبێتە وەسیلەی ژیان و بەرێچوون و ناو لە خۆنان............ »

دوای خوێندنەوەی نامەی کەریمی حسامی دوکتور قاسملوو دەڵێ :«... نووسینی ئەم نامەیە بە بێ دیاریکردنی رێگا چارە تێکدانی حیزبە. مەسەلەش هێندە پڕ لە مەترسی نیە کە یان دانیشین یا خۆ بە ئاگر د ابدەین. لە بارەی ئەم وەزعە کە پێکهاتوە من خۆم لە هەموان زیاتر بە تاوانبار دەزانم.»

کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی پاش ۳ رۆژ دم بەدمە ئەم بڕیارانەی خوارەوە دەدا کە هیچیان ئەنجام نادرێن.

١ – پێکهێنانی کۆنفرانسێکی حیزبی لە ماوەی سالێکدا.

٢ – هەلبژاردنی کومیتەیەکی پێنج کەسی بە ناوی دەفتەری سیاسی بۆ بە جێهێنانی کۆنفرانس و راپەراندنی نەخشەی(سیا ــــمی) درێژە پێدانی کاری چاپەمەنی و پێوەندی یەکانی دەرەوە.

٣ – لە ماوەی سالێکدا حیزب بەرە بەرە لە بەغدا بگوێزێتەوە.

ئەم کۆبوونەوە و بڕیارانە هیچ گۆڕانێک بە سەر نا تەبایی نێو کومیتەی ناوەندی و تێکۆشانی حیزبدا ناهێنن. رۆژی ١٩٧٧/٨/٣ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بلاوەی دەکەن. لە مێژووی کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی دا، ئەوە یەکەم جار بوو کەنەنووسرا:« **کۆبوونەوە بەسەرکەوتنەوە کۆتایی هات**

لە راستیشدا نەک هەر بە سەر کەوتنەوە کۆتایی نە هات، بەلکوو رێبەرایەتی حیزب بۆ راپەراندنی کارو باری حیزبی ئیفلیج دەبێ. دەفتەری سیاسی لە ٥ کەس هەلدەبژێردرێ کە دوو کەسیان لە ئوروپا دەمێننەوەو سێ کەسیش لە عیراق دەبن. لە ئەنجامدا دوکتور قاسملو و ئەمیری قازی لە نامەیەکدا بۆ کومیتەی ناوەندی دەنووسن: « بۆرۆی سیاسی نە لە عیراقە و نە لە ئوروپا، ئەگەر هەموویان لە یەک جێ بن ئەو دەم بۆرۆی سیاسین .»!!

هەر چەند کۆبوونەوەی پاریس نا توانێ نا کۆکی نێو کومیتەی ناوەندی چارە سەر بکات، بەلام هەر تک بەشی دەفتەری سیاسی بۆ نەوەستانی تێکۆشانی حیزب ئەوەی لە دەستیان بێ دەیکەن، بێ ئەوەی گرێ کوێرەی ئەم قەیرانەیان کردبێتەوە.

کابرایەکی سیاسی ئێرانی بە ناوی حەسەنی ماسالی کە بە ناوی جبهەی میللی ئێران لە ئوروپا و عیراق و یەمەن و لیبی وهەموو دنیا دەسوڕاوە، پێشنیار بە دوکتور قاسملو دەکات کە سەرێکی لیبی بدا، چونکە ئەو لە لیبی بەخێری خۆی باسی حیزبی دێموکراتی کردوە.! لە پاریس دەفتەری سیاسی دێتە سەرئەم باوەرە

کە چوونی دوکتور قاسملو بۆ لیبی هیچ زیانێکی نابێ. لە سەر ئەم بۆ چوونە دوکتور قاسملو دەچێتە لیبی و سەفەرەکەی دەکەوێتە مانگی رەمەزان. دوای گەرانەوەی لە نامەی ١٩٧٧/٩/١٤دا بۆ کەریمی حسامی دەنووسێ :«... ولاتێکی زۆر موسوڵمانە. بە رۆژ خەڵک تا سەعاتی یەک دیار بوون، پاش نیوەرۆ کەس دیار نەبوو. بەر پرسە راستە خۆ یەکەم دیت. نیزیکەی دوو سەعات پێکەوە دواین. پاشان لە سەر رابردووی حیزب و داواکانمان شەش لاپەرەی تایپم نووسی. بریار وایە مانگێکی تر خەبەرمان بدەنێ. بە لە بەر چاوگرتنی وەزعی ولاتەکە پێم وایە دوو کەس بنێرین دەفتەری ئێمە لە وێ ئیدارە بکەن. چونکە عەرەبی زانین لەوێ زۆر مهیمە، پێشنیار دەکەم ماموستا مەلا عەولا و جەلال بچن بۆ ئەوێ. دیارە ئەگەر ماموستا قبوڵ بکا. پێم وایە دەبێ زۆر ئیسرار بکەین کە قبوڵ بکا. چونکە زۆر بە قازانجی ئێمە تەواو دەبێ. وەزعی لە وێ لە هەموو بارێکەوە لە عیراق باشتر دەبێ. خانوی دەدەنێ وماشێنیشی دەدەنێ چونکە عەرەبی دەزانێ زۆر بە کارمان دێ. دەتوانێ ماڵەکەشی بەرێتە وێ. بە کورتی دەبێ هەوڵ بدرێ ماموستا قبولی بکا. بە تایبەت کە وەزعی عیراق هیچ مەعلوم نیە چی لێ دێت و پێوەندی یان لەگەڵ ئێمە دەگاتە کوێ. بە کورتی چەند رۆژان بە رۆژو بووم، بزانم نەتیجەی دەبێتە چی.؟»

لە سەر پێشنیاری دوکتور قاسملو دەفتەری سیاسی داوا لە مەلا عەولا دەکات کە بۆ چوونی لیبی لە کاتی پێویست دا موافەقەت بکا. ناو براو کە ئەو دەم لە ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی ئیستەعفای دابوو، ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری تێکۆشەر بوو. لە جیاتی قبوڵی پێشنیاری دوکتور قاسملو ئەمجارە بە نووسینی ئەم نامەیەی خوارەوە واز لە ئەندامەتی دەستەی نووسەرانی چاپەمەنی حیزبیش دێنێ. چونکە لە رۆژنامەی هاوکاریدا جێگای خۆی خۆش کردبوو. *

*ئیستیعفانامەی مەلاعەولای حەیاکی

www.kermnisani.com

« بۆکومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)

لەگەڵ ڕێزوحورمەت. لەبەر وەزعێکی روحی وجسمی کەتێیدادەژیم تکادەکەم ئیستیعفای من لەئەندامەتی دەستەی نووسەرانی (کوردستان وتێکۆشەر) قبوڵ بکەن. ئاواتەخوازی سەرکەوتنتانم. عبدالله حەسەن زادە . ١٥/ ١٠/ ١٩٧٧

دوکتور قاسملو لە نامەی ٢١/ ١٠/ ٩٧٧ بۆ دەفتەری سیاسی دەنووسێ :«....لە سەر ماموستا ئەگەر ئەوەی من پێشنیارم کردوە بۆ لای مام هۆمەر قبولی نەکا، نەزەرم ئەوەیە سەر بەستە ئەگەر دەیەوێ لە مەسئولیەت بکشێتەوە، دیارە هۆی ئەساسی ئەو کارە نازانم چیە، بەڵام بە راستی حیزبایەتی بە زۆری نابێ.»

ئاستەنگی و گیرو گرفتی کومیتەی ناوەندی لە عیراق تەنیا فشاری حکوومەتی عیراق نەبوو کە دەیویست بە گژ بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستانی عیراقیان دابکات. زیز بوونی نۆر بە نۆرە و جینگەنەیی مەلاعەولای حەیاکی، وەهەڵوێستی دژ بە کوردی دەستە و تاقمی سەر بەبزوتنەوەی کوردستانی عیراق و ئیعدامی ئەندامانی حیزب لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی بەعس، دەبنە سەرباری ناکۆکی و تەنگ وچەڵەمەی سەرڕێگای تێکۆشانی کومیتەی ناوەندی.

ڕۆژی ٢١/٩/١٩٧٧ دوو ئەندامی حیزبی دێموکرات،(کەریم نەستانی وئەحمەد نەستانی) لە نیزیک سنووری ئێران لە ناوچەی پشدەر توشی دەستەیەکی چەکداری یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەبن بە سەرۆکایەتی ساڵحی دەروێش قادر و فەقێ قادری کوری. تەر دەست دەیانگرن ٥٠هەزار تمەنی پارەی ئێرانیان پێ دەبێ لێ یان دەستێنن و باڵیان دەبەستن و دەیانبەن لە پاسگای (بەردەپان) دەیاندەنەوە بە ژاندارمەری ئێران و تا روخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە بەندیخانەدا دەمێننەوە، ئیتر ئاشکرا بوو ئەوانەی بۆ بوژاندنەوی بە قەولی خۆیان(شۆرشی نوێ) هاتبوونەوە کوردستان، یەکیش لە ئەرکی نا پیرۆزیان هاو کاری لە گەڵ ژاندارمی حکوومەتی تاران بوو. بۆ لێدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ١/١٠/١٩٧٧ بەم بۆنەوە

www.kerimbisani.com

ئەم راگەیاندنەی خوارەوە بڵاو دەکاتەوە:

راگەیاندنێک لەلایەن بوروی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

لەساڵەکانی رابردوودا ،لەماوەی سەرۆکایەتی جوڵانەوەی گەلی کورد لەکوردستانی عیراق لەگەڵ رێژیمی شادا، بەرانبەربەخەباتکەرانی کوردی ئێران زۆرکاری نارەوا کران کەیەکێک لەوانە گرتن و تەسلیم کردنەوەیان بە جەلادانی رێژیمی شابوو. هێزە پێشکەوتوەکانی کوردستانی عیراق لە کاتی خۆیدا بە تێکڕایی ئەو کردەوەیان مەحکوم کرد. پاش هەرەس هێنانی سەرکردایەتی بارزانی ئەم کارە لە هەموو لایەکەوە بە یەکێک لە لاپەڕە رشەکانی مێژووی ئەم جوڵانەوەیە داندرا .بە داخەوە هێندێ کەس لە مێژوو تەجروبەیان وەر نەگرتوەو ئێستاش نۆکەرایەتی رێژیمی شایان بەئەرکی خۆیان داناوە.

شەوی ١٣٥٦/٦/٣٠- ١٩٧٧/٩/٢١چەند خۆفرۆشی چەکداری کوردستانی عیراق بە سەرۆکایەتی صاڵحی دەروێش قادر و فەقێ قادری کوری توشی دوو کوردی نیشتمانپەروەری کوردستانی ئێران بەناوی کەریم نەستانی و ئەحمەد نەستانی هاتون و پاش ئەوەی روتیان کردوون، ٥٠هەزار تمەنیان لە ئەستاندوون، باڵیان بەستوون و بردوویاننە پاسگای بەردەپان و تەسلیمی حکوومەتی ئێرانیان کردوون.

ئەم دوو نیشتمانپەروەرە کە پترلە دەساڵە لە سەرئازادیخوازی وخەباتی دژی رێژیمی شا دەربەدەر بوون و لە لایەن رێژیمی پۆلیسی و دیکتاتوری شا راو نراون، بە دەستی چەند کوردی خاین و خۆفرۆش گیراون و بە دیاری دراونەوە بە حکوومەتی کۆنەپەرستی ئێران و ئێستا گیانیان لە مەترسی دایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتێکا ئەو کردەوە بێشەرمانەیە بەتوندی مەحکووم دەکا، بە مافی خۆی دەزانێ کە لە دوا رۆژدا هاندەر و دەستکیسی ئەو تاوان و خۆفرۆشی یە بە گەلی کورد بناسێنێ و دڵنیایە کە گەلی کورد لە

کوردستانی ئێران لە کردەوەی خائینانەی ئەو تاوانبارانە خۆش نابێ و بەسزای خۆیان دەگەئێنێ.
بورۆی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.... ١٠/٧/١٣٥٦» (١٦)

سەیر ئەوەیە پاش ماوەیەک کە دوکتور قاسملو لە ئوروپا رەخنە لەیەکێتی نیشتمانی دەگرێ، رۆژنامەی « دەنگی یەکێتی» بڵاوکەرەوەی (یەکێتی نیشتمانی) لەدەرەوە سەبارەت بەم رووداوە دەنووسێ :« **تاوانبارانی ئەم رووداوەیە حوکمی جەماوەری زەحمەتکێش و شۆرشیان بە سەردا جێ بەجێ کراوە و گوللەباران کراون** » دوکتور قاسملو لە نامەیەکدا دەنووسێ: لە م مەسەلەیە بکۆڵنەوە، ئەگەر ئەو تاوانبارانە نە کوژرابن، لە سەر ئەو خەبەرەی « دەنگی یەکێتی» بەیانێک بڵاوبکەنەوە.

دوای لێکۆڵینەوەو وە دواکەوتن، دەردەکەوێ کە «دەنگی یەکێتی بە درۆ ئەم خەبەرەی بڵاو کردۆتەوە. دوو کەس لە تاوانبارەکان ساواک بردوونی بۆ خوارووی ئێران. سەر دەستەکەشیان سالحی دەرویش قادری لە نێو جەماعەتی یەکێتی نیشتمانی یە و نان بۆ (شۆرش) دەکا. دەفتەری سیاسی لەم بارەشەوە روونکردنەوەیەک بە تاریخی ٢٥/٣/١٩٧٨ لە رۆژنامەی کوردستاندا بڵاودەکاتەوە.

سەرەرای کردەوە و هەڵوێستی چەوتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئاست حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دیسان دوکتور قاسملو لە ئوروپا لە گەڵ نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی پێوەندی دۆستانە و هاوکاری دە پارێزێ و ئەوەش دەبێتە بیانووی حکوومەتی بەغدا بۆ فشاری زیاتر بۆ سەرکومیتەی ناوەندی. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە عیراق دەژیا.

www.kerimhisami.com

هەنگاو بۆ هاوکاری حیزبە کوردستانی یەکان

لە ئوروپا دوکتور قاسملو لەگەڵ دووکتور مەحمودعوسمان (کە ئەودەم لیژنەی ئامادەیی پارتی) پێکهێنابوو، و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەگەنە ئەم بڕوایە کە لە گەڵ حیزبە کوردی یەکانی سوریا و یەک دوو حیزب یا ڕێکخراوی کوردی تورکیا کۆبوونەوەیەک پێک بێنن لە سەر ستراتێژی یەکگرتووی کورد قسەبکەن وکاری بۆ بکەن. بۆ ئەو مەبەستە ئەمیری قازی بە بێ ئاگاداری کومیتەی ناوەندی وەک نوێنەری حیزبی دێموکرات دەچێتە بێروت و سوریا و لە گەڵ نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لیژنەی ئامادەیی پارتی دێموکراتی کوردستان (دوکتورمەحمودعوسمان) و حیزبی دێموکراتی پێشکەوتووی کوردی لە سوریا و حیزبی دێموکراتی کوردستانی سوریا(الپارتی) و حیزبی دێموکراتی چەپی کورد لە سوریا کۆ دەبنەوەو دەگەنە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

«... ڕۆژی ٢ی دیسامبری ١٩٧٧ حیزبە پێشکەوتوەکانی کوردستان بە بەشداری ئەم حیزبانەی خوارەوە کۆبوونەوەیەکیان لە بێروت پێکهێنا: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، پارتی دێموکراتی پێشکەوتووی کورد لەسوریا ، پارتی دێموکراتی کوردستان (لیژنەی ئامادەیی) عیراق ، پارتی دێموکراتی کوردستانی سوریا، حیزبی دێموکراتی دەستەی چەپی کورد لەسوریا. نوێنەرانی ڕێکخراوی(هەورا) و پارتی شۆرشی میللی کوردستان، بەهۆی هەل و مەرجی تایبەتی خۆیانەوە نەیانتوانیبوو بەشداری بکەن. کارو باری کۆبوونەوە بەسێ دەقیقە ڕاوەستان بە ئیحترامی گیانی شەهیدە نەمرەکانی گەلی کورد، کرایەوە. پاشان یەکێک لە هاوری یان سەرۆکایەتی کۆبوونەوە و دوو هاورێی تر

www.kerimbisaini.com

دارشتنی بریارەکانیان گرتە ئەستۆ. ئەمجارە هاوری یان نوێنەرانی حیزبەکان بە گیانێکی هاوری یانە و بە هەست کردن بەو مەسئولیەتە مێژووییەی کە لەم هەل ومەرجەدا کە گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ، بە تایبەتێ لە کوردستانی عیراق پێیدا تێدەپەڕێ، دەکەوێتە سەرشانی ئەم حیزبانە، وتو وێژی خۆیان دەربارەی ئەو مەسەلانەی هاتبوونە گۆڕێ دەست پێکرد وئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد:

١ – ئەم کۆبوونەوە و کارەکانی یەکجار نهێنێ دەبن

٢ – لە لایەن حیزبەکانی بەشداری کۆبوونەوە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لەسەر ئەم نوختانەی خوارەوە دەکرێ و دەدرێ بە کۆبوونەوەی داهاتوو:

ئەلف – هەلسەنگاندنی بزووتنەوەی کورد لە قۆناخی رابردوودا بەگشتی و هی کوردستانی عیراق بە شێوەیەکی تایبەتی

ب – لێکدانەوەی وەزعی بزووتنەوەی کورد لە قۆناخی ئێستادا

ج – لێکدانەوەی وەزعی گشتی ئەم وڵاتانەی کوردستانیان لە نێو د بەشکراوە

د – لێکدانەوەی وەزعی جیهانی و بەتایبەتی وەزعی ناوچەی رۆژهەلاتی نێوەراست

٣ – کۆبوونەوەی داهاتوو لە مانگی ئەوریلی ١٩٧٨ بەشێوەیەکی مەبدەئی لە کوردستانی عیراق دە بەسترێ.

٤ – لیژنەیەک لە هاورێ یانی نوێنەرانی ئەم حیزبانەی خوارەوە پێکهات

ئەلف – یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ب – پارتی دێموکراتی پێشکەوتوی کورد لەسوریا

ج – پارتی دێموکراتی کوردستان(لیژنەی ئامادەیی عیراق)

ئەرکی ئەم لیژنەیە چاوەدێری جێ بەجێ کردنی بریار و راسپاردەکانی ئەم کۆبوونەوەیە دەکا تا کاتی کۆبوونەوەی داهاتوو، هەروەها پێوەندی گرتنە بە پارتی شۆرشی میللی کوردستان و رێکخراوی (هەورا) بۆ پێراگەیاندنی بڕیارو راسپاردەکانی کۆبوونەوە.

www.kerimhisami.com

٥ – هەموو لایەنێک دەستەیەکی نوێنەرایەتی لە پلەی بەڕێوەبەریدا دەنێرێ بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو کە لە دوو ئەندام زیاتر نەبێ.

٦ – پشتگیری شۆڕشی کورد کە ئێستا لە کوردستانی عیراق هەڵگیرساوە بە هەموو ئیمکاناتێک هەروەها کۆبوونەوە ئەم راسپاردانەی خوارەوەی بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو دەرکرد:

١ – قبول کردنی ئەو بەرنامە کارەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربارەی ستراتێژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد پێشکێشی کردوە.

٢ – دامەزراندنی لیژنەیەک بە ناوی (لیژنەی خەباتی نیشتمانی کوردستان) بۆ رێکخستنی خەباتی ستراتێژی هاو بەش لە نێو حیزب و رێکخراوە پێشکەوتوەکانی کوردستاندا.

٣ – ئەگەر بڕیارێکی گرنگ دەربارەی دوارۆژ و چارەنووسی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عیراق بدرێ. کۆبوونەوە بە پێویستی دادەنێ کە پێش دەرکردنی بڕیارەکە رای هەموو حیزبە کوردستانیەکان وەربگیرێ.

هەموو لایەنەکانی بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە نوسخەیەکی ئەم سورەتە جەلەسە و پاشکۆیەکانیان وەرگرت.»

برنامەی کار کە دوکتو رقاسملو دایرشتوە و پێشکێشی کردوە:

« .. بۆ کۆبوونەوەی رێکخراوە کوردستانیەکان :

سەرەتا : شەرتەکانی هاوکاری :

١ – نهێنیّ راگرتنی کۆبوونەوە ــــ بایەخدان بە باری هاوکاری راستەقینە نەک باری پروپاگاندە

٢ – بە ئیخلاس و بە دڵەوە و راست و رەوان هاوکاری کردن.

٣ – وەلا نە نانی هیچ هێزێکی پێشکەوتوو لە هیچ پارچەیەکی کوردستان

٤ – روونکردنەوەی ناوەرۆکی « یەکێتی نیشتمانی» ئایا هی هەموو کوردستانە؟ ئەگەر نا بۆ چی کوردی ئێران و سوریای تێدایە؟ بردنی ئێرانی بۆ کوردستانی عیراق بۆ ناو پێشمەرگە بۆ چی یە؟

www.kerimhisami.com

٥ - روونکردنەوەی پێوەندی یەکێتی نیشتمانی لە گەڵ ڕێژیمی ئێران و مەترسی پێکهێنانی ئەو پێوەندی یە. تەحویلدانەوەی دوو برادەری ئێمە ـــ **مەسەلەی برایم ئەحمەد**.

ئامادەکردنی کۆبوونەوەی داهاتوو

١ - لە بەهار زوو ترنەبێ.

٢ - موافەقەت کردن لە سەر پێشنیارەکانی ئێمە و ئەساسی پێشنیارەکان

٣ - ئەوەی لە کۆبوونەوەدا بریاری لە سەردەدرێ دەبێ لە لایەن بەرێوەبەری ڕێکخراوەکانەوە پەسند بکرێ.

٤ - جێگاو وەختی کۆبوونەوە بە تەواوی نهێنی بێ

پێویستی دانانی یەک ستراتێژی

مەبەست لە ستراتێژی گشتی چی یە؟

١ - ڕێککەوتن لە سەر سیاسەتێکی گشتی درێژ خایەن.

٢ - لێک گرێدانی تێکۆشان لە دەرەوەی کوردستان.

٣ - دامەزراندنی پێوەندی یەکی ڕێک وپێک

٤ - لە هەل و مەرجی ئێستا دا هەڵبژاردنی لە بارترین پارچەی کوردستان بۆ زەبر وەشاندن و یارمەتی بەو بەشە.

٥ - چونکە هەل و مەرجی سیاسی لە هەر کام لەو وڵاتانەدا کە کوردی تێدا نیشتەجێ یە جیاوازە، مومکین نیە یەک تاکتیک و یا یەک سیاسەتی ڕۆژ بۆهەموو جوڵانەوەی کورد دیاری بکرێ، بۆیە هەر ڕێکخراو و حیزبێک تاکتیکی سەربەخۆی خۆی و سیاسەتی ڕۆژی خۆی هەیە.

سیاسەتی درێژ خایەن دەبێ چۆن بێ.

١ - پشت بەستن بە کۆمەڵانی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان.

٢ - ڕێکخستنی جوڵانەوەی گەلی کورد بەگشتی لە سەربارێکی پێشکەوتو و دیاریکردنی دۆست و دوژمن.

٣ - **سیاسەتی ژوورەوەی جوڵانەوەی کورد**.

www.kerimbisarani.com

ئەلف- لە کوردستان جولانەوەی پێشکەوتوو - جولانەوەی زەحمەتکێشانە و بۆ جێ بەجێکردنی داخوزەکانی ئەوان خەبات دەکا.

ب - پێوەندی ئۆرگانیک لە نێوان گیرو گرفتی نەتەوایەتی و کۆمەلایەتی.

ج - دامەزراندنی پێوەندی هاوکاری و یەکێتی و کردەوە لە گەڵ هێزە پێشکەوتوەکانی ئەم ولاتانەی کە کوردی نیشتە جێ یە.

لە بارەی سیاسەتی دەرەوە

دۆستایەتی و هاوکاری لە گەڵ ولاتانی سوسیالیستی و هەموو هێزە پێشکەوتوەکانی جیهان لەمبارەوە سێ ئەرکی گرنگ پێویستن:

١ - راکێشانی سرنج و پشتیوانی یەکێتی سۆڤێتی بۆ گیرو گرفتی کورد بە گشتی نەک هەر لە یەک پارچەی کوردستان.

٢ - دامەزرانی پێوەندی وراکێشانی سرنج وپشتیوانی هەموو رێکخراوەکانی سوسیالیستی و دێموکرات و حیزبە کۆمونیستەکان و سۆسیالیستەکان و سۆسیال دێموکراتەکان.

٣ - دابەزاندنی ستراتێژی لە هەل و مەرجی ئێستادا.

ئەلف - خەبات بۆ زالکردنی ڕێبازی پێشکەوتوو لە جولانەوەی گەلی کورد دا

١ - رەدکردنەوەی بە تەواوی ڕێبازی بارزانی نە وەک ڕێبازی شەخسێک، بەلام وەک ڕێبازی ناسیونالیستی کۆنە پەرست و هاو کاری ڕێژیمی شاو ئیمپریالیزم.

٢ - کوردستانی عیراق بۆ بنکەی جولانەوەی کورد لە باری سیاسی و کۆمەلایەتیەوە لە بارە، بەلام لە باری جوغرافیایی یەوە نالەبارە.

بێجگە لەوە حکوومەتی عیراق تەنیا حکوومەتێکە کە ئیعترافی بە خودموختاری گەلی کورد کردوە و لە دەرەوەش لە لای ولاتانی سۆسیالیستی وحیزبە سۆسیالیست و کۆمونیستەکان بە حکوومەتی پێشکەوتوو ناسراوە. لە دەرەوە زۆر جار لە لایەن دۆستانی گەلی کوردەوە ئەم پرسیارە دێتە پێش کە بۆچی جولانەوەی چەکداری گەلی کورد هەرلە عیراق کۆ کراوەتەوە.؟

www.kerimbisani.com

٣ – بە بیرو رای ئێمە کوردستانی ئێران لە هەل و مەرجی ئێستادا پارچەیەکە لە کوردستان کە نوختەی زەعفی دوژمنە.

٤ – رێژیمی ئێران بە کۆنەپەرستترین رێژیمی ناوچە ناسراوە. دۆستانی ئێمە (وڵاتانی سۆسیالیستی و هێزە پێشکەوتوەکانی جیهان) لێی بێزارن .»(١٧)

ئەم هەنگاوەی دوکتورقاسملو لە ئوروپا. جگە لەوەی هیچ بەرهەمێکی هەست پێکراو و لە باری بە دوادا نەهات، لە عیراق گێروگرفتی تازە بۆ کومیتەی ناوەندی ساز دەکات. کومیتەی ناوەندی لەم هەنگاوە و لەسەفەری ئەمیری قازی بۆ بێروت وسوریا بێ ئاگا دەبێ. بەڵام دیار بوە سەرەرای ئەوەی فرە لە سەرنهێنیی کاری پێداگیراوە، حکوومەتی عیراق ئاگاداری ئەم کۆبوونەوەیە دەبێ. رۆژی ١٩٧٧/١٢/٢٥ لە لایەن مخابەراتی عیراقەوە سەفەری ئەمیری قازی و کۆبوونەوەی حیزبە کوردی یەکان لە بێروت بە نوێنەری حیزبی دێموکرات رادەگەیێنرێ و پێی دەگوترێ: «... سکرتێری حیزبی ئێوە لە ئوروپا دژی ئێمە دەجوڵێتەوە. ئێوە ناتوانن لە عیراق بژین و دژی ئێمەش کار بکەن . بە توندی داوا دەکات ودەڵێ: دەبێ لە عیراق وە دەرکەون »

رۆژی ١٩٧٨/٨/١ کومیتەی ناوەندی مەوجود لە عیراق کۆ دەبێتەوە و بە تێکرایی دەنگ جگە لە یەک کەس، دەگاتە ئەم بڕیارە کە نە چێتە ژێر باری فشاری حکوومەتی عیراق و بگەرێتەوە بۆ کوردستانی ئێران و خەباتی خۆی درێژە پێ بدات. نامەیەکیش بۆ دوکتورقاسملو دەنووسرێ و بڕیار دەدەن کەریمی حسامی بچێتە پاریس و لە گەڵ دوو ئەندامی دیکەی دەفتەری سیاسی لە مەسەلەکان بکۆڵنەوە. حکوومەتی عیراق و یا بڵێین مخابراتی عیراق جارێکی تر داوا دەکات کە حیزبی دێموکرات هەڵوێستی خۆی روون کاتەوە وەڵامی بدرێتەوە. لەوەڵام دا پێی دەگوترێ :« کومیتەی ناوەندی بڕیاری خۆی داوە. تەنیا ماوەتەوە لە گەڵ سکرتێری گشتی باس بکرێ. بۆ ئەم کارەش کەریمی حسامی دەچێتە پاریس و لە گەرانەوەدا پێتان رادەگەیێنین.

رۆژی ١٩٧٨/٢/٥ دوو ئەندامی دەفتەری سیاسی لە گەڵ سکرتێری حیزب بۆ

باس و لێکۆڵینەوە لە پاریس کۆدەبنەوە.

لە پلینۆمی کومیتەی ناوەندی لەپاریس، پێشتر بریارێکی وا دەدرێ کە دوکتورقاسملو و ئەمیری قازی بە نۆرە سەرێکی تورکیا بدەن و بۆ جێ پێیەک و یا دۆزینەوەی رێگایەک بۆ کوردستانی ئێران سۆنداژێک بکەن. دوکتور قاسملوو لە راپۆرتی سەفەرەکەیدا دەڵێ :« لەم سەفەرە دا بۆم دەرکەوتوە کە دەکرێ لە تورکیا جێ پێیەک خۆش بکەین و رێگای پێوەندی وهاتوو چۆ بۆ کوردستانی ئێران بدۆزینەوە.»

کاک ئەمیری قازی لە راپۆرتی سەفەرەکەیدا بۆ چوونێکی دیکەی هەیەودەڵێ :
«... حیزبە سیاسی یەکانی کوردی تورکیا لە سەر سنوور نفوزیان نیە. لە نێو عەشیرەتە کوردەکاندا ناکۆکی هەیە. سازمانی ئەمنیەتی تورکیا دەستی خستۆتە نێو عەشیرەتە کوردەکانی تورکیا. کوردەکانی تورکیا هاتوو چۆی ئێرانیان زۆرە. بەڵام پتر قاچاغی دەکەن. مەسەلەی زمانیش بۆ ئێمە دژوارە. لەم ناوچەیە شرەخۆر زۆرن و جاسوسی دەکەن. لە حاڵی حازردا لە بەر نە بوونی شارەزایی نابێ حسابی زۆری لە سەر بکەین کار کردن لە تورکیا دژوارە.»

بۆچوونی ئەمیری قازی پتر لە گەڵ واقعیەت وبارودۆخی کوردستانی تورکیا دەهاتەوە. هەربۆیەش کاتێ داوا لەدوکتور قاسملودەکرێ کە بۆ ئامادەکردنی هەل ومەرجی تێکۆشان لە تورکیا بۆ ماوەیەک بچێتە ئەوێ، مەسەلەکە دەخاتە پشت گوێ وئەم گەلاڵەی خوارەوە ئامادە دەکات.

پاش باسێکی دوو رۆژە، دوکتور قاسملو بۆ چارەسەری گیروگرفت و دەر بازبوون لەئاستەنگی وقەیرانی کومیتەی ناوەندی ئەم گەلاڵەی خوارەوە ئامادە دەکات ودەڵێ:«... پێویستە برادەرانی کومیتەی ناوەندی تەماشای بکەن و بەنەزەری من تاقە رێگای عیلاجە.

دەقی گەلاڵەی دوکتور قاسملو:

• لەسەر هەڵوێستی تازەی حکوومەتی عیراق.

١ – بە لە بەر چاو خستنی سیاسەت و هەڵوێستی رابردووی حکوومەتی عیراق

ئەم وەزعە چاوەروان دەکراو شتێک نی یە کە ئێمەی غافڵگیر کردبێ.

٢ – **هۆیەکانی ئەم هەڵوێستە ئەمانەن:**

ئەلف – ئەم هەڵوێستە لە پێشدا نەتیجەی مەنتیقی سیاسەتی گشتی عیراقە کە بریتی یە لە خۆ نیزیک کردنەوە لە ئێران و وڵاتەکانی رۆژئاوا.

ب – چارە سەرنەکردنی گیرو گرفتی کورد لە عیراق و بەرێوە بردنی سیاسەتێکی شۆڤێنیستی بەرانبەر بە گەلی کورد لە عیراق و تەنانەت ترس لەوە کە خەباتی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان پەرەبستێنێ.

ج – ئەم هۆیانە کە نوێنەرانی حکومەتی عیراق باسی دەکەن بیانوە و تەنیا دەتوانین بە هۆی جەنبی دابنێین کە هەڵوێستی حکوومەتی عیراقی وەپێش خستوە.

٣ – **بۆ چوونی ئێمە ب ۆچارە سەرکردنی وەزعی خۆمان :**

ئەلف – دەبێ هەموو گیرو گرفتەکان بە شێوەیەکی ژیرانە و لە سەر خۆو بێ خۆدۆراندن چارە سەر بکرێن.

ب – هەموو هەوڵێک بەکار بهێنرێ بۆ ئەوە تێکۆشانی حیزبیمان نەک هەر پاش نەکەوێ بەڵکوو لە مەودوا زیاتر پەرە بستێنێ.

ج – بۆ جێ بەجێکردنی بریاری کۆنگرەی ٣ کە شێوەی خەباتی چەکداری بە شێوەی ئەسڵی هەڵبژاردوە و هەر وەها دابەزاندنی تەرحی سیامی و خستنە بەرچاوی نەزەری زۆربەی برادەران کە لە بەغدا کۆ بوونەتەوە باشترین رێگای حەل ئەوەیە کە ئەندامانی حیزب لە دەرەوە بە سێ بەش دابەش بکرێن.

بەشی یەکەم : ئەو ئەندامانەی کە لە بەر وەزعی تایبەتی خۆیان و لە بەر زۆری ماڵ و منداڵ ئیمکانی جوڵانەوەیان نیە، لە عیراق داوای پەنابەری سیاسی دەکەن.

بەشی دووهم : ــــ پێنج هەتا شەش کەس جارێ لە دەرەوەی وڵات دەمێننەوە وسێ ئەرکیان لە پێش دەبێ::

ئەلف – دابینکردنی یارمەتی بە خەباتی ژوورەوە ماددی وسیاسی.

ب – پێوەندی لە گەڵ هێزە پێشکەوتوەکان بۆ راکێشانی پشتیوانیان.

ج – هەڵسوراندنی کارو باری پروپاگاندەو بڵاو کردنەوەی رۆژنامە.

www.kerimhisami.com

د – دایر کردنی پێوەندی لە گەڵ ژوورەوە.

بەشی سێ یەم :

کە نیزیکەی ٣٠ تا ٤٠ کەس لە مەسئولەکان و ئەندامان دەگرێتەوە دەبن بە چەند دەستە بە چەکداری دەچنەوە وڵات بۆ دابەزاندنی تەرحی سیا ــــ می:

ئەلف – لە پێشدا دەبێ بگوترێ کە چوونەوە بەمجۆرە مانای شۆرش نیە، تەنانەت راپەرینێکی چەکداریش نیە. مەسەل تەنیا بەکار هێنانی شێوەیەکی خەباتە کە کۆنگرەی سێ یەمی حیزب پەسندی کردوە.

ب – ئە ئەندامانە کە لە گەڵ موسئولەکانیان دەچنەوە دابەش دەکرێن بەچەند دەستەی گەرۆک کە لە چەند ناوچەی هەڵبژاردراو دەست بە تێکۆشانی حیزبی دەکەن.

ج – لە قۆناخی یەکەمدا ئەوەندەی کە مومکین بێ دەستە گەرۆکەکان خۆیان لەوە دەپارێزن کە بەرەنگاری دوژمن بن و ئەرکیان بریتی دەبێ لە:

– بڵاو کردنەوەی بیرو بروای حیزب لەناو دانیشتوانی کوردستانی ئێران

– پێکهێنانی بنکەی حیزبی لەو ناوچانەدا.

– دامەزراندنی پێوەندی لە گەڵ شارەکانی کوردستان.

– دامەزراندنی پێوەندی لە گەڵ دەرەوە

د – مەبەست دەبێ خۆراگرتن و سازکردنی بنکەی حیزبی بێ بە چەشنێک بەرە بەرە هەموو بەرێوە بەرانی حیزب بۆ ژوورەوە بگوێزرێتەوە.

ھ – لە حاڵەتی مەترسیدا ئەم دەستە گەرۆکانە بۆ خۆ پاراستن دەتوانن لە ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عیراق و تورکیا کەلک وەربگرن. زۆربەی زۆری ئیمکاناتی ماددی حیزب بۆکارکردن لە ئێران تەرخان دەکرێت

ز – چوونەوەب ۆ وڵات دڵخوازە، هیچ کەس لە ئەندامان دژی ویستی خۆی نابێ بە ئەندامی دەستەی گەرۆک

ح – ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بەم شێوەیە دابەش دەبن: هێندێ لەو ئەندامانە کە وەزعی تایبەتیان هەیە، یا لە بەر ماڵ ومنداڵ بەویستی خۆیان

دەتوانن ببن بە پەنابەری سیاسی. جارێ ٣ ئەندامی کومیتەی ناوەندی (دوکتور قاسملو، حەمەدەمینی سراجی، حەسەنی شەتەوی) لە دەرەوە دەمێننەوە بۆ ئەم کارانەی کە لە پێشدا دیاری کراون. قاسملو کاری رۆژنامە و پێوەندی بەرێوە دەبا. سراجی لە بێروت دەبێ و بەرپرسی گەیاندنی یارمەتی بۆ ژوورەوە دەبێ. شەتەوی لە پاش پێکهاتنی بنکە لە کوردستان و جێگیر بوونی سیامی لەولات دەچێتەوە. هەروەها کە بەرێوە بەرایەتی گوێزرایەوە بۆ ژوورەوە قاسملو وسراجیش دەچنەوە. برادەرانی تری کومیتەی ناوەندی ئێستا لە گەڵ ئەندامانی حیزب بۆ بەرێوە بردنی دەستە گەرۆکەکان دەچنەوە ولات.» (١٨)

کاک ئەمیری قازی لە گەڵ گەڵاڵە و بۆ چوونی دوکتورقاسملو ناکۆکە. ئەویش لە گەڵ گەڕانەوەی کومیتەی ناوەندی بۆ کوردستانی ئێران ودرێژەی خەبات ئەم شەرت ومەرجانە پێشنیار دەکات:

١ - بۆ ئەم کارە لانی کەم دەبێ رێبەرایەتیەکی یەکگرتوو هەبێ لە سەر بەجێگەیاندنی ئەو گەڵاڵەیە. ئەو بەرێوەبەری یە لە باری فیکری یەوە یەک بێ بۆ دەستپێکردنی ئەو کارە

٢ - لانی کەمی چەک کە بریتی بێ لە: ١٥٠ چەکی مودرنی دژی هێلیکۆپتەر. یەک میلیۆن تمەن پوڵ. لانی کەمی تەشکیلات. پێگە لەتاران وبۆکان وسەقز ومەهاباد.»(١٩)

دوای کۆبوونەوەی سکرتێری حیزب و دوو ئەندامی دەفتەری سیاسی کە بێجگە لە گەڵاڵەی دوکتورقاسملو وپێشنیاری کاک ئەمیری قازی بەرهەمێک نادا! بەدەستەوە ، ئەمجار پێشنیار دەکەن کە کەریمی حسامی بچێتە لوبنان وچاوی بەرێبەرانی فەلەستینی بکەوێ و سیاسەت و هەڵوێستی حکوومەتی بەعسیان بۆ رون کاتەوە.

رۆژی ٧٨/٣/١٤ کابرای مخابەراتی عیراق بە کاوێژ کردنەوەی بەیت وباوی پێشوو داوای وەڵامی نهایی دەکات. لە وەڵامدا پێی دەگوترێ چەند رۆژی دیکە کومیتەی ناوەندی کۆ دەبێتەوە و بریاری نهایی تان پێ رادەگەیێنێ.

www.kerimhisami.com

دەفتەری سیاسی مەوجود لە بەغدا دێتە سەر ئەو باوەرە کە کۆبوونەوەیەک بە بەشداری ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و کادرەکانی حیزب پێک بێنێ.

رۆژی ۷۸/۳/۱٦ بە بەشداری ۲۱کەس کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی وکادرەکان پێک دێت. دوای لێکدانەوەی نامەو گەلاَلە و پێشنیاری دوکتور قاسملو کاک ئەمیری قازی، بە تێکرایی دەنگ، جگە لە یەک کەس دەگەنە ئەم بڕیارە کە نەچنە ژێر پاڵپەستۆی حکوومەتی عیراق. ئەوکەسانەی کەدەفتەری سیاسی دیاریان دەکات، بگەرێنەوە بۆ کوردستانی ئێران. ١٥٤ کەس ژن و منداڵ و چەند کەسی دیکە بکرێنە پەنابەری سیاسی و لە عیراق بمێننەوە.

٧٦کەس کادرو ئەندامەی کارا بۆ گەرانەوە و یاهەر کارێکی دیکە ئامادەو چاوەروانی بڕیاری کومیتەی ناوەندی دەبن و ئەگەر پێویست بوو، خۆ بەدەستەوە نادەن وخۆ دەشارنەوە.

دوای کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی لە نامەیەکدا بۆ دوکتور قاسملو دەنووسێ:«.. لە بارەی گەلاَلەی نەزەری خۆت لەسەر وەزعی ئێستامان پێمان خۆشترە لە نیزیکەوە بۆ پیادە کردنی ئەم گەلاَلەیە وەک رێبەری حیزب بەسەر ئیجرای بڕیارەکاندا چاوە دێرێت هەبێ...»

رۆژی ٩٧٨/٥/١٥ لە سەر داوای مخابەراتی عیراق کەریمی حسامی و حەمەدەمینی سراجی چاویان بە سەعدون شاکر مودیری مخابەرات دەکەوێ. ئیتر ئەمجار بێ روو دەروایسی دەڵێ ؛« ئێوە دەبێ لە عیراق بچنە دەرێ. ئێوە هاوکاریمان ناکەن. سکرتێری حیزب لە ئورپا دژی ئێمە کار دەکا. ئێوە بوونە کۆسپی سەر رێگای پێوەندیی نێوان ئێمە و دەوڵەتی ئێران. قاسم دێتە لاتان و لە سەر چوونەدەرو کاتی رۆیشتنتان لە گەڵتان دەدوێ.»

رۆژی ٩٧٨/٥/٢٢ کابرای مخابەرات دەچێتە لای دەفتەری سیاسی ولە سەرئەوە رێک دەکەون کە١١کەس ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە عیراق بچنە دەرێ. حکوومەتی عیراق پاسپۆرتی ئێرانیان بداتێ و بلیتی فرۆکەشیان بداتێ و برۆن. ئەندامانی دیکە کەلە عیراق دەمێننەوە بکرێنە پەنابەری سیاسی.

www.kerimhisami.com

ڕۆژی ٩/٦/٩٧٨ دوکتور قاسملو بە تەلیفون بەئەندامانی کومیتەی ناوەندی ڕادەگەیێنێ کە بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران و یا هاتنەدەر تالوکەی مەکەن، لەوانەیە بتوانم سەرێکی بەغدا بدەمەوە.

لە ئوروپا دوکتور قاسملو لە ئەنجامی دانیشتن و وتوویژ لەگەڵ دوکتور مەحمودعوسمان، دێنە سەر ئەو باوەڕە کە دوکتور بۆ گەڕانەوەی دوکتور مەحمودعوسمان لە گەڵ حکوومەتی عیراق قسە بکات. لە سەر ئەم بۆچوونە لەپاریس دەچێتە باڵیۆزخانەی عیراق ودەڵێ:

بۆئەوەی دوکتور مەحمودعوسمان بگەڕێتەوە بۆ عیراق، پێویستە لەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی بەعس قسە بکەم و پێشنیارەکانی دوکتورمەحمودیان پێ ڕابگەیێنم.»

دیارە حکوومەتی عیراق ئەوەی لە خوادەوێ. لە پێشدا کە ڕێگایان نەدەدا بەسەفەریش دوکتور قاسملو بێتەوە بەغدا ، ئەمجارە گورج لە گەڵ گەڕانەوەی بێ ڤیزا موافەقەت دەکرێ. ڕۆژی ١٥/٩/٩٨٧ دوکتور قاسملو دەگاتەوە بەغدا. لە بەغدا کاتێ باسی ئەوە دەکات کە دەیەوێ بۆگەڕانەوەی دوکتور مەحمودعوسمان لە گەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی بەعس وتو وێژبکا، لەلایەن ماموستاهێمنی رەحمەتی وحەمەدەمینی سراجی یەو بەتوندی دەکەوێتە بەر ڕەخنەو سەرکۆنە و پێی دەڵێن : ئێستا ئێمە هیچ کاری دیکەمان نەماوە، ئەوە نەبێ کە دەلالی بۆبەعس بکەین وکوردەکانی عیراقی بۆ بێنینەوە و دەستەمۆ بکەین.؟ گەڕانەوەی دوکتورقاسملو بۆبەغدا نەک هەر قەیرانی نێو کومیتەی ناوەندی چارە سەر ناکا، بەڵکوو قوڵتریش دەکات. لە سەروبەندی ڕاپەرینی گەلانی ئێراندا هێندێ لەئەندامانی کومیتەی ناوەندی دەگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ئێران و قۆناخێکی تازە لەخەبات وتێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە کەش و هەوایەکی تازە و هەل ومەرجێکی تەواو جیاوازدا دەست پێدەکات. لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی خەباتی ئەم قۆناخە وساخکردنەوەی ڕاست و چەوتی کردەوە وسیاسەتی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و بەرهەمی خەباتی لەم قۆناخەدا، پێویستی بەکارێکی تایبەتی وبە تێکۆشانێکی

www.kerimhisami.com

بەردەوام هەیە. بەو هیوایە لەبەرگی سێ یەمی پێداچوونەوەدا، ئەوەندەی بکرێ توانای خۆم بۆ یارمەتی بە مێژوونووسانی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی ئێران و بۆ روونکردنەوەی رووداوەکانی ئەم قۆناخە پڕلە کەندو کۆسپەی خەباتی نیشتمانی بەکار بێنم وبەڵکوو لەم ڕێگایەوە خزمەتێکم بە وریا بوونەوەی بەرەی تازە پێگەیشتووی گەلەکەمان کردبێ.

سەرچاوەکان

١ – نامەی دوکتور قاسملو بۆ نووسەر
٢ – عبدالله حسن زادە، نیوسەدەتێکۆشان، ١٩٩٥ ، ل ، ٦٢
٣ – کەریمی حسامی لە بیرەوەری یەکانم، بەرگی سێ یەم ١٩٨٨ ل١٨٨– ١٨٩
٤ – ر. کوردستان ، ژمارە ١، ژانویە، ١٩٧٠
٥ – عبدالله حسن زادە هەمان جێ ، ل ، ٦٣
٧ – سورە تجەلەسەی کومیتەی سەرکردایەتی کاتی ح.د.ک. ١٩٧٠/٣/٣٠
٨ – هەمان سەرچاوە ، ١٩٧١/٥/١٣
٩ – ع. حسن ازدە ، هەمان جێ ، ل ، ٧١، ٧٢
١٠ – سەعید کاوە ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ،٦٤، ٦٧ ، ٦٨
١١ – هەمان سەرچاوە ، ل ، ٨٢
١٢ – ع. حسن زادە ، ل ، ٣١
١٣ – نامەی نووسەر بۆ ئەمیری قازی ، ١٩٧٤/٥/٢١
١٤ – ع. قاسملو، تێکۆشەر، ژمارە ٢٧، ١٣٦٨ ، ل١٥
١٥ – ر. کوردستان، ژمارە ٣٤ ، ئوت وسپتامبر ، ١٩٧٤
١٦ – ر. کوردستان ، ژمارە ٥٠ نوامبر ١٩٧٧
١٧ – کەریمی حسامی، لە بیرەوەریەکانم، بەرگی ٥ ، ١٩٩١ ل ، ١٨٦ – ١٩٣
١٨ – هەر ئەوجێ یە ، ل ،٢٠٥ – ٢٠٨
١٩ – هەر ئەوجێ یە ، ل ٢٠٩

www.kerimhisami.com

ئـــەنجـــام

فرە گرنگە و واجبی ئەخلاقی یە کە لە بەرانبەر خەڵکدا راست و بێ خوارە پێچە بجوڵێ یەوە. جەوهەری ئەم راست ودروستی یەش لەوە دایە کە ئەگەر لە رابردوودا سەبارەت بە نە ناسینی بارو دۆخی خۆجێیی و دەرەکی، یا لە بەر لێکدانەوەی چەوت وبەر چاوتەنگی سیاسی، یا سەبارەت بە هێندێ بەرژەوەندی شەخسی ودەستەیی، یا لە بەر فیزو لە خۆ بایی بوونی بێجێ، تووشی هەڵە و هەڵدێران ونشست بووبی، زاتی ئەوەت هەبێ دان بە هەڵە و چەوتیەکاندا بنێی، راستی بە خەڵک بڵێی. کەم وکوری و ناتەواوی یەکان دانەپۆشی و لەم رێگایەوە قەرەبۆی هەڵەو ناتەواویەکان بکەیەوە و رێگای راست و گونجاو بۆ چار ە سەرکردنی مەسەلەکان بدۆزی یەوە.

لێرەدا دەمەوێ بەگوێرەی بۆچوون وتێگەیشتنی خۆم بە چاوێکی رەخنەگرانە سەیرێکی پێرەو وپرۆگرامی پەسند کراوی کۆنگرەی سێ یەمی حیزبی دێموکرات بکەم و بە سەریدا بچمەوە. کە تێکۆشانی ئەم قۆناخە باسکراوەی حیزبی دێموکرات لە ژێر تیشک و رێنوێنی ئەم پرۆگرامە و بریارە پەسندکراوەکانیدا بەرێوە چوە.

لەگەڵ نووسینی بەرگی دووەمی پێداچوونەوە ، بە پێچەوانەی ئەم بوچوون وبیرو رایەی کەبۆ داپۆشینی هەڵەو کەم وکوری یەکان لە نێو حیزبەکاندا کراوەتە باو ، ودەڵێن: «**نابێ هەموو شت بگوترێ، کاتی ئەوە نەهاتوە رەخنە بگیرێ چونکە دوژمن کەلکی لێ وەردەگرێ و ئەم جۆرە بەیت وباوانە** ، بەپێویستم زانی بەلێکۆڵینەوەی بابەتی بەسەرئەم باسەدا بچمەوەو لەروانگەی خۆمەوە

کەموکوڕییەکان بخەمەروو. زۆر بە راشکاوی وبەراستی دەڵێم کە ئەم نووسینە بەرلە هەموو کەس رەخنە لە خۆمە. چونکە تا کۆنگرەی چوارەمی حیزب بەشداری سیاسەت و کردەوەکانی حیزبی دێموکرات بووم و تاساڵی ١٩٧٨شەخسی دووەمی حیزب و جێگری سکرتێر بووم. ئەوەی کە ئێستا رەخنەی لێدەگرم و دەیخەمە بەرنەشتەری خامە، ئەو دەم لە گەڵ زۆریان موافیق بووم رەخنەم لە زۆرانیشیان گرتوە. ئەزموونی ئەو چەند ساڵەی دوایی و ئەنجامی ئەو سیاسەتە و لێکۆڵینەوەی رووداوەکان و دەر بازبوون لە قالبگرتوویی حیزبیی، گەیاندوومیە ئەم نەتیجەیە کە دارشتنی پێرەو وپرۆگرامی پەسند کراوی کۆنفرانس و کۆنگرەی سێ یەم وەڵامدەری بەرژەوەندیی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران نەبون و لەگەڵ هەل ومەرجی خۆجێیی ودەرەکی کۆمەڵگای کوردستانی ئێران یەکیان نەگرتۆتەوە.. لەو ماوەیەشدا ئاورێک لە رابردوو نەدراوەتەوە و ناتەواویەکان سەنگ وسوکی یان لە گەڵ نەکراوە. رەنگە مەلا عەولای حەیاکی ئەم جارەش بڵێ:« ئەم نووسینە بۆبەد ناوکردنی من وقاسملوە » وەک لەسەر بیرەوەری یەکانم فەرموویەتی. بەڵام با مەلاعەولا خۆی بە بەنسامۆتەی بارگینی دوکتورقاسملو وە هەڵناوەسێ. لام وایە بۆ هێنانە خواری شەخسیەتی دوکتورقاسملووی شەهید ئەوەندە بەسبێ کە مەلاعەولا بەدرۆ ئەسرینی بۆ هەڵبرێژێ و بوتی لێدروست بکات. کورد بەخۆڕایی نەیگوتوە: (پێم بڵێ دۆستت کێ یە، تا پێت بێژم خۆت کێی؟) نووسین وبۆچوونی من بە گشتی لە سەر سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە خۆشم تێیدا بەشدار بووم و ئەوەی دەشینووسم چاوە روان نیم بەدڵی هەموو کەس بێت و دوور بێ لە رەخنەو کەم وکوری. بەوهیوایە بەشدارانی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستانی ئێران لەم قۆناخەی باسکراودا بەراستکردنەوەی هەڵەو ناتەواویەکانی ئەم نووسینە و بە خستنەرووی هێندێ کەلێن وقوژبنی باس نەکراو، بەرەی تازەپێگەیشتووی نەتەوەکەمان لە رووداوەکانی خەبات و تێکۆشان شارەزابکەن.

بابەربڵاوتر مەسەلەکان شی بکەینەوە :

یەکەم : ئامانجی نهایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ئامانجی نهایی حیزب سۆسیالیزمی داد پەروەرانەیە.

جارێ هەر لە سەرە تاوە گونجاندنی ئەو زاراوەیە مشکی تێدا کوژراوە و فێل لە خەڵک کراوە. چونکە سۆسیالیزم ئەگەر هەبێ، ئەوە داد پەروەرانەیە. ئەگەر نەشبێ هەروەک ئەزموونی وڵاتانی بەناو سۆسیالیستی نیشانیاندا، ئەوە دادپەروەرانە نیە و ناشتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بدا. هەروەک ئێمەش لاسای ئەوانمان کردبۆوەو چونکە لە سەریشی ساغ نەببووینەوە، لەکۆنگرەکاندا جێگۆرکێمان بەم وشەوزاراوە دەکرد. ئێستا رەنگە بیر لەوە بکرێتەوە، حیزبێکی نەتەوەیی و نیشتمانی داخوا پێویستی بەوە هەیە بە لاسا کردنەوەو بۆ سیاسەت و بە خەیاڵ خۆی بەوشەی « سۆسیالیزم»ەوە ببەستێتەوە؟ چونکە بەرنامەی سۆسیالیستی بێ ئەملاو لا، بەرنامەی حیزبی چینایەتی یە و ئەگەر دەسەڵاتیشی گرتە دەست ئەوا دایدە مەزرێنێ. چەندەش سەر دەکەوێ ئەوە ئیتر مەسەلەیەکی دیکەیە. حیزبی دێموکرات نە حیزبێکی چینایەتی بوە و نە بڕوای بە خەباتی چینایەتی هەبوە. نە بڕواشی بە سۆسیالیزمەکە هەبوە، تەنیا بۆ راکێشانی خەڵک وبۆ سیاسەت سۆسیالیزمی کردۆتە(ئامانجی نهایی) کە سەردەمێک لە جیهاندا باو بوە. ئەوەتا دوکتور قاسملوی شەهید لە(کورتە باسدا) لاپەرەی دووەم دەنووسێ :«... ئەگەر بێتو گیروگرفتی کۆمەڵایەتی لەبیر بەرینەوە، بە ناچار حیزبێکی دیکە پێک دێ کە ئەم گیرو گرفتانە چارە سەربکا و بەشێکی زۆر لە زەحمەتکێشانی کوردستان بۆلای خۆی رادەکێشێ .» کەوابوو سەپاندنی سۆسیالیزم لە بەرنامەی حیزبی دێموکرات داهەر بۆسیاسەت و لاساکردنەوەی حیزبە کۆمونیستەکان بوە، بۆئەوەی (حیزبێکی دیکە لەکوردستان دروست نەبێ و زەحمەتکێشان بۆلای خۆ رانەکێشێ) یان بۆ ئەوە بوە کە بە ناسیۆنالیست وبە لیبرالیست تاوانبار نەکرێ. هەر بۆیەش سۆسیالیزمی کردۆتە ئامانجی نهایی. لام وایە ئەم لاساکردنەوەش بۆ بزووتنەوەی ئێمە هیچ کەلکی نەبوەو بزووتنەوەی کوردیش لەکوردستانی ئێران خێری لێ نەدیوە.

دووەم : دنیا بینی .

« تیئۆری زانستی پێگەیشتنی کۆمەڵ» واتە(مارکسیزم) کراوەتە ڕێنوێنی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات. بەگونجاندنی ئەم دوو زاراوەیە لە پێرەو وپرۆگرامدا، حیزبی دێموکرات دەکەوێتە سەر ڕێبازی حیزبگەلی «کۆمونیست وسۆسیالیست». ئەوەش نەک حیزبە سۆسیالیستەکانی وڵاتانی سەرمایەداری کە حوکمیان بەدەستە، یا بۆدەسەڵات خەبات دەکەن. چونکە ئەوان هەر چەند کە ناوی (سۆسیالیستی)یان لە سەر خۆ داناوە، لە «تیئۆری زانستی پێگەیشتنی کۆمەڵ» پێرەوی ناکەن و « سۆسیالیزمی دادپەروەرانە » شیان نەکردۆتە ئامانجی نهایی خۆیان.

حیزبی دێموکرات بە پەسندکردنی ئەم دوو بەندە لە پێرەو وپرۆگرامدا، خۆی لەریزی حیزبگەلی« نیشتمانی ونەتەوەیی» جیادەکاتەوەو دەکەوێتە ریزی حیزبە کۆمونیست وسۆسیالیستەکانی سەربەکەمپی(سۆسیالیزمی واقیعەن مەوجود)

وەک دەزانین لە کردەوەشدا حیزبی دێموکرات هەمیشە هەوڵی داوە لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی پێشوو و حیزبە کۆمونیستەکان پێوەندی بگرێ وخۆی بەلای ئەواندا بشکێنێتەوە. لەکن ئەندامانی حیزبیش هەمیشە تەبلیغات کراوە کەلەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی پێوەندی هەیە وشانازیشی پێوەکردوە. لەنووسین وئەدەبیاتیشدا بۆ دیفاع لە وڵاتانی سۆسیالیستی و دژ بەئیمپریالیزم هیچی تێدا نەهێشتۆتەوە.

سەیرێکی سەروتاری دوو ژمارەی رۆژنامەی «کوردستان » کە لە ژێر سەرخەتی «یادی شۆرشی مەزنی ئۆکتۆبر » و« دامەزرانی یەکیتی سوێتی سوسیالیستی نمونەیەکی نوێ لەپێوەندی ناونەتەوەکاندا »(١) بەقەڵەمی سکرتێری حیزب نووسراون. هیچ کۆمونیستێک ئاوا بەبەژن وبالای شۆرشی ئۆکتۆبرو سیاسەتی سۆڤێتی لەمەڕ چارە سەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی ، هەڵا نەگوتوە.

لێرەدا وەنەبێ رەخنە لە نێوەرۆکی ئەم وتارانە وبۆ چوونی دوکتورقاسملو بگرم، نەک هەرئەوە بەلکوو نووسینەکانم زۆر بەدڵ بوە وخۆشم لەم بوارەدا زۆرم

www.kerimhisami.com

نووسیوە. لێکدانەوەی ئێستام ئەوەیە کە حیزبێکی نیشتمانی ونەتەوەیی بۆچی دەبێ خۆ بەوڵاتانی سۆسیالیستی یەوە هەڵاوەسێ، بێ ئەوەی هیچ دەسکەوتێکی لەم سیاسەتەدا هەبێ ویا بێ ئەوەی لە لای ئەم وڵاتانەوە پشتیوانی لێ بکرێ.؟

ئەم دارشتن و سیاسەتە لە نێو ریزەکانی حیزبیشدا نارەحەتی پێکهێناوە. ئەندامانی چەپ وخاوەن بیرو باوەری مارکسیستی وپێشکەوتوخواز ئەم ریبازەیان بەدڵ بوە. ئەندامانی دواکەوتوو وکۆنەپەرستیش کە بەبیستنی وشەی مارکسیزم وکۆمونیزم هەڵبەزیونەوە، لە بەر بێدرەتانی وبێ هەڵوێستی ، خۆیان بەحیزبەوە هەڵاوەسیوەو بەخەیالیش حیزبی دیموکراتیان بەحیزبێکی ناسیۆنالیست داناوە. بەم پێ یە حیزبی دیموکرات، مارکسیست و مائۆییست و کۆنەپەرست و ئەندامی سادەو ساکاری لەخۆدا کۆکردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە لەم سیاسەتەدا سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە.

سەیر ئەوەیە سەرەرای ئەم خۆ بەلادا خستنەو هەوڵ وتەقەلای زۆر وخۆ قالب کردن بە مارکسیزم وسۆسیالیزم، وڵاتانی سۆسیالیستی نەپێوەندی یان لەگەڵ گرتوەو نەیارمەتی یان پێکردوە و نە بە حیزبی مارکسیستیشیان ناسیوە. ئەوەتا دوکتور قاسملوی شەهید لە نامەیەکدا بۆ نووسەری ئەم دێرانە دەنووسێ: « ... لە هەموو لایەکیش هەر بە ناسیۆنالیستمان دەزانن، بەتایبەت من، جا دەڵێم با کۆبوونەوە ساز بێ ئەو شتانە حەل دەکەین.» (٢). (مەبەستی کۆبوونەوەیە لەگەڵ رێبەرایەتی حیزبی تودە.)

باشە ئەگەر پیاوبزانێ لەهەموو لایەک هەر بەناسیۆنالیستی دەزانن، هیچ وڵاتێکی سۆسیالیستیش بەرەسمی ناناسێ و پێوەندیشی لە گەڵ ناگرێ، بۆچی ئەم وشەو زاراوانە دەخاتە نێو پێرەو وبرۆگرام وخۆیان پێدەبەستیەوە و لە لای ئەندامانی حیزبیش شانازی پێوە دەکات. ئەم پرو پاگاندە ناراستە وەها ریشە دا دەکوتێ کە تەنانەت مەلا عەوڵای حەیاکیش بۆ ئەندامانی حیزب دەیکاتە مێژوو ودەنووسێ:« ...حیزب هەم لە باری سیاسی و دیپلۆماسی... لە رادەی جیهانی داچەند هەنگاوێک بەرە وپێش چوو. بە تایبەتی پێوەندی لە گەڵ وڵاتانی

www.kerimmisami.com

سۆسیالیستی کە ئەو دەم(بە هەق یا بە نا هەق)بایەخێکی زۆری پێدەدرا زۆر چوو بوە پێش و کەمتر جەژن و موناسەبەتێک لە سەفارەتخانەکانی ئەو وڵاتانە لە بەغدا پێک دەهات کە نوێنەرانی ئێمەی بۆ بانگهێشتن نەکرێن.(٣)

ئەوانەی کە(بانگهێشتنی موناسەبات بۆ سەفارەتخانە)بەپێوەندی سیاسی ودیپلۆماتی دەرخواردی ئەندامانی حیزب دەدەن، نە لە سیاسەت حاڵین ونەدەتوانن راستی بە ئەندامان و بە کۆمەلانی خەڵک بڵێن. مەلاعەولا قەت نالێ ماوەی چەندین ساڵ حیزبی دێموکرات هەوڵی دا کە سکرتێری حیزب بۆ مۆسکۆ داوەت بکرێ و وتوویژی لە گەڵ بکەن، ئەم ناسۆسیالیستانە وەریان نەگرت. ئێستا بەودرۆیانە دەیەوێ چ بەئەندامانی حیزب بڵێ .؟

بە لێکدانەوەی ئێستام ریشەی ئەو کەم وکوری و سەر نەکەوتنانە دەگەرێتەوە سە رساخ نە بوونەوەی رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بیرو باوەر وسیاسەت و ستراتیژی یەکی روون. دارشتنی ئەو پیرەو وپرۆگرام و سیاسەتە، لاسا کردنەوەیەکی بێ ئەزمون و لێکدانەوەی خەلکی تربوە. رێبەرایەتی حیزب ویستوویەتی بە گوێرەی کەش و هەوای زەمان خۆ بە مارکسیست وسۆسیالیست نیشان بدا تا لە خەلکی دیکە وەدوا نەکەوێ. ئەگینا حیزبێکی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستانی ئێران، ئەگەر لەبەرخاتری حکوومەتی بەعس نەبێ، چکاری بەوەیداوە لە ئەدەبیاتی خۆیدا بەگژ صەهیونیەت دابچێ. بێ ئەوەی ئەو سیاسەت و بەگژداچوونە یارمەتیەک بە پەرەگرتنی بزووتنەوەی نیشتمانی بکا.

ئێستا من ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوەی بەرژەوەندی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و حیزبی دێموکرات و لە ئەنجامی ئەزمون وشیکردنەوەی رووداوەکاندا باس دەکەم. ئەگینا لە بواری بیرو باوەری شەخسی نەک هەر دژی بۆچوون وسیاسەت وهەلوێستی ئەودەمی رێبەرایەتی حیزب نەبووم، بەڵکوو نووسین ولەقاودانی ئیمپرالیزم وئیستعمارم پێ ئەرکێکی پیرۆزو خەباتێکی شۆرشگێرانە بوە. ئێستاش کە ئەو هەموو گۆرانکاری یە لە پێوەندی نێونەتەوەیی ونەزمی جیهانیدا پێکهاتوە وزۆر کەسیش کیسەیان بۆ هەڵدروە و یا بۆی هەڵدەدرون، من لە سەر

www.kerimhisami.com

ئەوباوەڕەم کەخەسلەتی شەرخوزانە و داگیرکەرانە و ملهوڕانەی ئیمپریالیزم نەگۆڕاوە، تەنیا شێوەی بە کار هێنانی سیاسەتی ملهوڕی گۆڕانی بە سەر داهاتوە. بە نەمانی کەمپی بەناو سۆسیالیزمی پێشوو هارتریش بوەو بۆتە کەڵەگای گەلانی جیهان. ئەو هەموو بەیت وباوەی بەناوی « دیموکراسی ومافی مرۆڤ » کە لە دەزگای تەبلیغاتی نەزمی نوێی جیهانیدا بلاو دەکرێتەوە، تەنیا و تەنیا بۆ پاراستن و پەرە پێدانی دەسەلات و بەرژەوەندی مۆنۆپۆلە چەوسێنەرەکانی سەرمایەداری یە.

ئێستا هەر بەشی ئەوەندە دەکرێ دانی بە خێر بە ئیمپریالیزم دابنرێ کە وا چەند ساڵە کوردستانی خواروی لەچنگ پەلاماری درندانەی لەشکری سەددام پاراستوەو بەشێکی نەتەوەکەمیانی لە راونان و قەلاچۆ کردن نەجات داوە. هەرچەندە ئەوەش هەر لە چوارچێوەی بەرژەوەندی خۆیدا ئەنجامی دەداو لە بەرانبەر ئەو هەموو تاوانەی کە دژی نەتەوەی کورد لە مێژوودا کردویانە هەر هیچە ودەشبینین لەگەڵ ئەم پاراستنە بۆ قەلاچۆکردنی بەشێکی دیکەی نەتەوەکەمان لە باکوری کوردستان بەئاشکرا پشتی شۆڤینیستی تورک دەگرن و لە ئاست ئەو هەموو کوشتار و جینایەتە ی حکوومەتی تورکیا چاودەپۆشن.

لێرەدا ناکرێ ئەوەش بخرێتە پشت گوێ کە ئەوەی ئیمپریالیزمیش بۆ کوردی دەرێسێ، رێبەرانی کورد دەیکەنەوە خوری و بەلایەکی دیکەدا فیداکاری وخەباتی کۆمەلانی خەلک فیدای بەرژەوەندی دوژمنانی کورد دەکەن.(ئەمە خۆی باسێکی داخداری تایبەتی یە ، لەم بەستێنەدا جێگای نیە و رایدەگرم بۆ باسێکی دیکە.)

هەرلەسەر ئەم بنەمایەی خۆبە چەپ نیشاندانە کە تائێستا هەرکەسێ بۆتە سکرتێری حیزبی دیموکرات بەپێشکەوتوخوازوکۆنەپەرستەو(جگە لەئەحمەدتوفیقی رەحمەتی) هەوەڵکاری شێواندنی مێژووی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردبوە لەکوردستانی ئێران و ویستوویە کۆمەلەی ژ .ک بە(ناسیونالیست و بەرچاو تەنگ و نەتەوە خوازو نادێموکرات و...) تاوانبار بکات. لەبەرگی یەکەمی پێداچوونەوەدا ئەم باسەم روون کردۆتەوە و بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە چەوتانە، نەخشی کۆمەلەی ژ.ک -م لەبوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد دا نیشان داوە.

سێ یەم: قەوارە و دامەزراوەی حیزب

مادەی حەوتەم - بناخەو بنچینەی دامەزراوەی حیزب سانترالیزمی دیموکراتیکە.

خۆ ئەگەر ئەندامی ساکار و فیداکاری حیزبیش هەست پێ نەکەن، ئەمە حاشای لێ ناکرێ کە ئەم سیستمە دامەزراوەیە قەوارە وساختمانی حیزبە کۆمونیستەکانە و داهێنەرەکەشی لینینە کەدوای شۆرشی ١٩٠٥ی روسیا بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ مەنشەویک و کۆتای پێهێنان بە فراکسیۆنبازی نێوحیزبی هێنایە کایە و پاشان بوو بە کوتەکی دەستی ستالین بۆ پێشێلکردنی دیموکراسی نێو حیزب و دەرکردن وکوشتن و لە ژێر پێنانی هەموو چەشنە ئازادی یەکی حیزبی. حیزبە کۆمونیستەکانیش هەر بۆ ئەو مەبەست و بە لاسا کردنەوە کردیانە باو و ئامرازی دەستی ڕێبەرایەتی. دانانی ئەم قەوارەیە بۆ حیزبێکی نیشتمانی ونەتەوەیی نەک هەر لاسا کەردنەوەی حیزبە کۆمونیستەکانە(کە ئێستا زۆریشیان دەستیان لێ هەلگرتوە) بەلکوو بۆ خنکاندنی دەنگ و بیرو باوەری جیاوازە لە نێو حیزبدا. پێشگری یە لە هەڵدان وپشکوتنی بیری نوێ ودەربڕینی رەخنەو بیری جیاواز وەک لە حیزبی دیموکرات دا خۆی نواندوە. مراندنی هەستی خۆ بە زات و شت زانینە لە بیرو مێشکی ئەندامانی حیزبدا.

سەیری ١٠٠ ژمارە رۆژنامەی کوردستان(ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بکەین. یەک وتار ونووسینی جیاواز لە سیستمی لەقالب دراوی حیزبی نایەتە بەرچاو. مناقەشەی دۆستانە و بابەتیانەی فیکری وسیاسی وئەدەبی تێدا نابینرێ. هەمووی بەبۆ چوونی لە قالبدراوی حیزبی رەشکراوەتەوە. لەکاتێکا حیزبی دیموکراتی قالب نەگرتوو دەبێ بکرێتە مەیدانی بەرفرەوانی دەربڕین و بلاو

www.kerimhisami.com

کردنەوەی بیرو رای سیاسی و بۆ چوونی جیاوازی ئەندامانی حیزبی. دەکرێ بڵێین بەشێکی لە کەمدان و بادانەوەی ئەندامانی حیزبە کۆموونیستەکان، نەبوونی دەرەتانی دەربڕینی بیروڕای جیاواز و دم بە دمەی ئازادی نێو رۆژنامەکانی حیزب و قالب گرتویی هزر و مێشکی ئەندامانی حیزب بوە.

رۆژنامەی حیزبێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و خۆ بە دێموکرات زان، دەبێ رۆژنامەیەکی گەلیی، جەماوەریی و دێموکرات بێ. هەموو شتێکی تێدا بنووسرێ، روشەنبیر و خوێندەوار بیروڕای خۆیانی تێدا دەرببڕن. ئەوە نەک هەر پایەو کەسایەتی رێبەرانی حیزب نایەنێتە خوار، بەڵکوو دەبێتە هۆی پشکوتن و پێگەیشتنی بیرو بۆچوونی جیاوازو حیزب کەلکیان لێ وەردەگرێ. رێبەرایەتی حیزبێکی خاوەن پێشمەرگە و چەک و بەندیخانە و دەسەلات، بۆدەبێ لە وشە و بیر و هزر و نووسین بترسێ و بەتاوانی دەربڕینی بیرو را و نووسین بە پێچەوانەی بۆ چوونی رێبەرایەتی حیزب، ئەندام لەحیزب دەربکا.؟« ... لەدەورانی ئەحمەدتوفیقدا بە نێوی پێوەندی لە گەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان و برایم ئەحمەد وجەلال تاڵەبانی، کادری سیاسی حیزب چەک دەکران و دەردەکران، لە دەورانی دوکتورقاسملوی رەحمەتیشدا سەرێک بە نێوی بیرو بۆچوونی تودەیی وسەرێکیش بە نێوی دژی کورتەباس، کادری تێگەیشتوو، و پێشکەوتوو پاڵیان پێوە دەنراو دەردەکران و بریاری حیزبیان لە سەر دەدرا کە کوردستان بە جێ بێڵن.»(٤)

چوارەم : ستراتێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

پرۆگرامی حیزبی دێموکرات، پەسند کراوی کۆنگرەی سێ یەم، مەسەلەی بنگەهی نەتەوایەتی خستۆتە پشت گوێ. ستراتێژی نەتەوەیی کورد، ئەگەر بارودۆخی خۆجێی وهەندەریش لەبەر چاوبگیرێ، دیسان ناکرێ لەهەل ومەرجی ئیمرۆی جیهاندا لە حکوومەتی فیدراڵی وفیدرالیزم کەمتربێ. دیارە ئەوە لانی کەمی مافی نەتەوایەتی یە. ئاشکرایە حیزبێکی سیاسی مافی ئەوەی هەیە لەبدە

www.kerimhisami.com

وبستێنەی سیاسیدا بە گوێرەی بارو دۆخی رەخساو و بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی لە گەڵ مەسەلەکان مامڵە بکات. لە حیزبی دێموکراتدا، لەکاتی هەڵگرتنی دروشمی خود موختاری بیر لەوە نەکراوەتەوە لە رێژیمێکی دیکتاتۆری وەک حکوومەتی شاو ئاخوندی دا، خود موختاری نە وەر دەگیرێت و نە دەستەبەری پاراستن و مانەوەشی هەیە. خود موختاری راستەو راست پێوەندی بە بوونی رێژیمێکی دێموکرات و پارێزەری مافی مرۆڤ و ئینسانییەوە هەیە. راستەکە حیزبی دێموکرات لە پرۆگرامی خۆیدا (مافی دیاری کردنی چارەنووسی) وەک ئامانجە گشتی یەکان گونجاندوە. بەڵام ئەم زاراوەیە ئەوەندە بەکێش وئاو هەڵگرە، بە زەحمەت ساخ دەبێتەوە. دوکتور قاسملوی شەهید لە وتارێکی خۆیدا دەنووسێ : « خود موختاریش جۆرێکە لە دیاریکردنی مافی چارە نووس». جگە لەوە پرۆگرامی خود موختاریشی گرێداوە بە(خەباتی دژی ئیمپریالیستی وریژیمی پاشایەتی شان بەشانی هەموو هێزە پێشکەوتوەکانی ئێران.) ئەگەر ئەودەم ئەم ستراتێژی یەمان پێ راست بوە و بە قولی بیرمان لێ نەکردۆتەوە ودوکتور قاسملوش لەسەر راوێژی ئێرەجی ئەسکەندەری هێناویەتە نێو حیزب وئێمەش رەخنەمان لێ نەگرتوە، ئەزموونی ٢٥ساڵ خەبات وتێکۆشانی ئەم دواییە نیشانی داوە ئەم دروشمە هەرلەسەر کاغەز ماوەتەوەو هەزاران لاوی کورد لە پێناو ئەم دروشمە بێ ئایندەیەدا کراونەتە قوربانی. رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتیش وەک ئایەتی قورئان پێیەوە نووساوە وزاتی گۆرین وئاڵوگۆری تێدانیە. دنیا بەجارێک گۆراوە وتیئۆری وبیروراو بۆچوون گۆرانیان بەسەردا هاتوە، رێژیمی شارووخاوە وئیمپریالیزمیش لەئێراندا دەوری نەماوە، بەڵام گەلی کورد هەروا لەجێی خۆی چاوی بریوەتە خودموختاری. هێزە(دێموکرات وپێشکەوتو خوازەکانی)ئێرانیش شان بەشانی حیزبی دێموکرات بۆ وەدەست هێنانی ئەو مافە سەرەتاییەی کورد و ویستی حیزبی دێموکرات، هاوکاری یان نەکردوە. پتر لە ٢٥ساڵ بەودروشمەوە نووساین وئاکامی نەبوو. دنیا گۆرانی بەسەداهات وەک باسکرا، بەڵام رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات جارێک لەئاکام وبەرهەمی ئەودروشمەی نەکۆڵیەوە. مێشکی

www.kerimhisami.com

خەڵکمان پڕکرد کە گۆیا(زارۆکی کوردیش خودموختاری دەخوازێ) لەجیاتی پێکهێنانی کۆبوونەوە وکۆنفرانسی میللی، نەک (حیزبی) پلینۆم وکۆنگرەی حیزبی) بەستران ودوای هەموو کۆبوونەوەیەکیش نووسیمان(کۆبوونەوە بەسەرکەوتنەوەتەواوبوو.) قەتیش ئەم سەر کەوتنەمان بەچاو نەدیت.

شانازیمان بەوەکردوە کەبەبۆنەی بەستنی کۆنگرە پیرۆزباییمان بۆدەنێرن ویا بۆ کۆنگرەی فڵان حیزب داوەت کراوین. یا لاپەڕەی رۆژنامەمان بەهەواڵی سەفەرو سوڕانەوەی بێ نەتیجەی رێبەرانی حیزب رەش کردۆتەوە ویا شانازیمان بەبوونی ٤٠هەزار شەهید کردوە.

بەکورتی لەساڵی ١٩٧١ەوە، گونجاندنی(سۆسیالیزمی عادلانە)، پێرەوی لە(تیئۆری زانستیی پێگەیشتنی کۆمەڵ) ودانانی قەوارە و ساختمانی حیزب بە(سانترالیزمی دیموکراتیک) تەنیا لاساکردنەوەیەک بوەو حیزبی دیموکراتی لەگێژاوی نە(راست، نەچەپ)داڵول داوە و جگە لە پاراستنی ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، هیچ دەسکەوتێکی بۆگەلی کورد بەدیاری نەهێناوە. دیارە ئەم بۆچوونەم بەومانایەنی یە لەفیداکاری وگیانفیدایی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان وقارەمانەتی پیشمەرگەکانی حیزب وتێکۆشانی ئەندام وکادرەکانی حیزب کەم بکرێتەوە. بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیش پاوان ومارە بڕانەی هیچ حیزب وکەسێک نیە. روناک بیرو نیشتمانپەروەرانی کورد لەهەرشوێن ولەهەر بارودۆخێکدا بن، نەک هەر مافی رەوای خۆیانە بەڵکوو ئەرکی نیشتمانی وویژدانیانە کە بیروڕای خۆیان لەسەر هەموو مەسەلەکانی بزووتنەوە دەرببڕن وبنووسن ورەخنەبگرن وبەدڵسۆزی بەمەبەستی پێشکەوتن وروونکردنەوەی رووداوەکان خامەو هزریان بەکاربێنن.

پێنجەم : خەباتی چەکداری وەک شێوەی ئەسڵی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆنگرەی سێ یەمی حیزبی دێموکرات،(خەباتی چەکداری) بەشێوەی سەرەکی خەبات دانا لە کوردستانی ئێراندا. ئەزموونی دوای کۆنگرە و بابەتیی بارودۆخی رووداوەکان بەجوانی نیشانیاندا کە ئەم رێبازە بنچینەیەکی پتەوی تیئۆری زانستی وکردەوەیی وبابەتی نیە. لە سەر بناغەی زرە شۆرشگێری وتەوژمی مائۆییستی وبەبێ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندی بابەتیی وهەل ومەرجی خۆجێیی وجیهانی وبەراوردکردنی هێزو توانای خۆیی ودوژمن هاتە نێو راپۆرتی کومیتەی ناوەندی ولە کۆنگرەشدا پەسندکرا..

بابەلێکدانەوەیەکی بابەتی و دوورلە دەمارگیری حیزبایەتی ئەم دروشم ورێبازەی خەباتی چەکداری لێکدەینەوە. رەنگە زۆرکەسیش لای وابێ کەتازە رابردوەو کورد گوتەنی نابێ وەدوای چووان بکەوی. بەلام لەسیاسەت دائەم رایە لەوانەیەنەک هەرراست نەبێ، بەلکوو دوورنیە زیانیش بەجولانەوە بگەیێنێ. خەباتی رزگاریخوازی و سیاسی و کۆمەلایەتی وانیە کۆتایی بێ و پێویستی بە پێداچوونە وە شیکردنەوە و لێکدانەوەی چەندجارە نەبێ. ئەگەر رابردوو شی نەکرێتەوەو راستی وچەوتی یەکان تەتەڵە نەکرێن ولێک جیا نەکرێنەوە و هەر بەسەر هەڵەو چەوتی یەکاندا بازبدرێ، ئەم کاروانە هەرلەرێگای خۆیدا حاسیەدەبێ و دەوەستێ وناتوانێ بەرەو پێش بچێ وەک لە سەرجەم بزووتنەوەی کوردیدا بەگشتی دێتە بەرچاو. پتر لە٧٠ساڵە کورد هەر چیاو خەباتی چەکداری زانیوە وهەرتێشکاوە.

کۆنگرەی سێ یەم لەکات وهەل ومەرجێکدا خەباتی چەکداری بە(شێوەی سەرەکی خەبات) دانا کە لە ئێراندا دەوڵەتی شاهەنشاهی لەو پەڕی هێزوتوانای ئەرتەشی دابوو. نەک هەرلە ئێران، بەلکوو ببوە ژاندارمی ناوچەو بە ئاشکرا

www.kerimhisami.com

کەڵەگایی لەو لاتانی دراوسێش دەکرد. ئیمپریالیزمی ئەمریکا نەک هەرپشتی حکوومەتی ئێرانی دەگرت، بەڵکوو ئێرانی کردبوە پێگەیەکی نیزامی پنتاگۆن . لە ئێران ئیسلاحاتی نیوبەندی زەوی کرابوو. دەستی زوڵم وزۆرداری دەرەبەگان تارادەیەک لە سەر وەرزێر ودێهاتیان کورت کرابۆوە. ئابووری بۆرژوازی خۆی خزاندبوە نێو دێهات ودەهات پەرەی دەگرت وتارادەیەکی زۆر خەڵکی پاسیڤ دەکرد بەتایبەت لەکوردستانی ئێراندا.

لەهیچ یەک لەناوچەکانی تری ئێران، نەحیزب وڕێکخراوەی چەکدار هەبوون ونە خەباتی چەکداری لەگۆڕیدابوو. دەست وەشاندنی جاروباری فیداییانی خەڵک وموجاهیدین نە بەڕاپەڕینی چەکدار حیساب دەکراو نە بارودۆخی خەباتی چەکداری دەخوڵقاند. تەنیا بیری زرەشۆرشگێڕی مائۆییستی کەش وهەوای ناوچەی داگرتبوو.

ڕاپەڕینی ٦٧و٦٨ی کوردستانی ئێران کە زۆر لەتوانای کاتی کۆنگرەی سێ یەمی حیزبی دێموکرات بە هێزتربوو، تووشی شکان هاتبوو، گەلێک لەڕۆڵەکانی شۆرشگێڕی حیزبی دێموکرات شەهید کرابوون. لە ژێر تەئسیری ڕاپەڕینی کومیتەی شۆرشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانداو سەبارەت بە ناکۆکی لە گەڵ حکوومەتی بەعسی عیراق، کوردستانی ئێران کرابوە مەڵبەندێکی نیزامی وسەرانسەری کوردستان بە ئەرتەش و ژاندارم و جاشی چڵکاوخۆر ئاخنرابوو. جگە لەوە بزووتنەوەی چەکداریی کوردستانی عیراق ببوە پارێزەری سنوورەکانی دەوڵەتی شاهەنشاهی(ئەوەی بەدرێژایی مێژوو دەسەلاتداران ومێژوونووسانی شوڤێنیزمی فارس وەک لەقەب ونازناز داویانە بەکورد« مرزدارانی غیورکرد» وئەوەی کەئێستا لەئاخری سەدەی بیستەمدایەکەتی نیشتمانی کوردستان بەئەرکی خۆی دادەنێ و سنوور بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دەپارێزێ و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات چەک دەکا و دەگرێ و ڕێگای هاتووچۆیان بۆولاتی خۆیان لێ دەبەستێ و سوپای پاسدارانیان لە نیزیک هەولێر دێنێتەسەر و...هتد) ئەندامانی حیزبی دێموکراتی دەگرت ودەیدانەوە بەحکوومەتی ئێران وبەم

حاڵەکوردستانی عیراق دەبوە پشتی جەبهە بۆ (شێوەی ئەسڵی خەباتی حیزبی دێموکرات)!!

لەمەیدانی جیهانیداحیزبی دیموکرات نەک هەربۆپشتیوانی خەباتی چەکدار، بەڵکو بۆ پشتیوانی ئەخلاقی ومەعنەویش لایەنگرو داشدارێکی نەبوو. بەلێکدانەوەی بارودۆخی باسکراو وگەلێک هۆکاری دیکە، دانانی خەباتی چەکداری بەشێوەی سەرەکی خەبات، بەبێ لێکدانەوەی بابەتی، بۆ(خودموختاری)هەرشتێک بوو بۆ رابواردنی کات هاتبوە سەرکاغەز وبنچینەیەکی زانستی وشۆرشگێرانەی نەبوو. ئاشکرابوو کەحیزبی دیموکرات ئەو هێزە نەبوو کەبتوانێ ئازادی بۆ سەرانسەری ئێران دابین بکاو خۆدموختاری بۆکورد وەدەست بێنێ. ئەوەندە بوو بەقسەو بەنووسین خۆی دەکردە کەوا سووری بەرلەشکری ودەیویست لە تەوژمی لافاوی مائوییستی زەشۆرشگێری لە ناوچەدا دوا نەکەوێ. ئەوەش لە کردەوەو سیاسەتی رێبەرانی حیزبی دیموکرات دوای کۆنگرەی سێ یەمدا بەجوانی خۆی دەرخست وەک لە ناوئاخنی ئەم نووسراوەیەدا زۆرشت روون کراوەتەوە وکومیتەی ناوەندی چاوی لێقوچاندوە. حیزبی دیموکرات لە کۆنگرەی سێ یەمەوە تاراپەڕینی گشتی گەلانی ئێران نەیتوانی بۆلانی کەمی راپەراندنی ئەم دروشم وشێوەسەرەکی یە خەباتە هەنگاوێک هەڵێنێ.

دیارەکومیتەی ناوەندی لە سەر سەپاندنی ئەم دروشم و رێبازە یەکدەست نەبوو. هەبوون لە نێوکومیتەی ناوەندیدا کە ئەم دروشم وشێوە سەرەکی یان بە ئیحساساتی و لە جێی خۆنەبوو دادەنا وەک:(حەمەدەمینی سراجی) ناوبراو ئەزموونی راپەرینی ٦٧و٦٨ی بەدەستەوەبوو، هیچ ئاڵوگۆڕی سیاسی وکۆمەڵایەتی ئەوتۆشی نەدەهاتە بەرچاو کە رێگا بدات حیزبی دیموکرات خەباتی چەکداری بکاتە (شێوەی سەرەکی خەبات). جگەلەوە سەیرکردنی دوو وتارو دوو بۆچوونی جیاواز لە رۆژنامەی کورد ستاندا، یەکەمیان بەناوی(رێگای شۆرشی ئێران) نووسینی کەریمی حسامی، ژمارە٧ ئوتی ١٩٧١، دووەمیان بەناوی(دیسان لە سەر رێگای شۆرشی ئێران) نووسینی دوکتورقاسملو ژمارە ٨ سپتامبری ١٩٧١بە

جوانی دوو بۆچوونی جیاواز لە سەر دروشم و شێوەی خەباتی چەکدارانەی حیزبی دێموکرات نیشان دەدەن. زۆربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لایەنگرانی شۆرشی چەکدار بەسکرتێریشەوە، یان خۆیان خزاندبوە ئوروپاو لە وێوە نەخشەی شۆرشیان دەکێشا، یان لە کاتی دەنگداندا بۆگەرانەوەی کوردستان بۆخەباتی چەکداری، جگە (لە رەسوڵی پێشنمازو هێمنی شاعیرو کەریمی حسامی) لە هەڵوێستی خۆیان پاشگەز دەبوونەوە.

رووداوەکانیش لەبەرچاومانن کەدیاری کردنی ئەم شێوە رێبازە بێ هەڵسەنگاندن وشیکردنەوەی زانستی، تەنیا راوی سەرکاغەزو خۆبە شۆرشگێر نیشاندان بوە. ئەگینا بەکردەوە هیچ دەسکەوتێکی بەرچاوی بۆ نەتەوەکەمان بەدی نەهێناوە. دوکتور قاسملوی شەهید لەنووسینێکی خۆیدا دەڵێ: (... پێشرەو بوون ورادەی شۆرشگێر بوونی هەموو حیزبێکی سیاسی لەوەدا دەردەکەوێ کە چۆن سەیری رابردووی خۆی وبە تایبەت هەڵەکانی خۆی دەکا. حیزبی شۆرشگێر نابێ لەوە بترسێ کە گۆیابە باسی هەڵەی رابردوو دوژمنی شاد دەبێ، یالە ئیعتیباری حیزبە کە کەم دەبێتەوە. بەپێچەوانە پێلێنان و راستکردنەوەی هەڵە و چەوتیەکانی رابردووی تێکۆشان ناو وناوبانگی حیزب لەنێو کۆمەلانی خەڵکدا دەباتە سەرێ وجیددی بوون وبەر پرسی بوونی حیزبەکە نیشان دەدا...» (٥)

دوکتور قاسملو دەربڕینی ئەم بۆچوونە راستەی تەنیا بۆ رەخنە گرتن لە تێکۆشانی پێش پەنجا ساڵی رێبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان هێناوەتە سەر کاغەز. ئەگینا قەت جارێک لەجاران لە سەر هەڵەو کەموو کورتیەکانی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی رێبەرایەتی خۆیدا باسی نەکردوەو بە شەهامەتەوە خەڵکی کوردو ئەندامانی حیزبی روون نەکردۆتەوە. تۆ بڵێی لەم ماوەیەدا رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات توشی هیچ نسکۆو هەڵەو کەم وکوریەک نەهاتبێ.؟ وەلامی ئەم پرسیارە با بۆ ئەندامانی ژیر وتێکۆشەر بە جێ بێلین.

ئەم نووسین و پێداچوونەوەی من دەبێ لەبواری تیئۆری وبۆ چوونی بیروباوەرو ئەزموونی سیاسی یەوە چاو لێبکرێ. ئەگینا لەبواری ئەمەگداری ئەندامانی

www.kerimhisami.com

کومیتەی ناوەندی و کادر وئەندامانی سادەوفیداکاری ئەوسای باسکراو لەم نووسینەدا، کە لەبارودۆخێکی دژواری مادی ومەعنەویدا لەعیراق دەژیان، سەری ڕێزوئیحترام دادەنوێنم. هەموو ئەندامانی حیزبی دیموکرات لەم هەل ومەرجە دژوارەدا بەگیان ودڵ بۆ هەموو کارو فەرمانێکی ڕێبەرایەتی حیزبی ئامادە بوون. زۆریان چ ئەندامانی ڕێبەرایەتی و چ کادرو ئەندامانی ساکار، کارو فەرمانی پێویستیان ڕاپەراندوە. بۆ پێوەندی وکاری حیزبی چوونەوە کوردستانی ئێران و لەم ڕێگایەدا توشی ئاستەنگی و نارەحەتی وچەرمە سەری بوون. سەبارەت بە پاراستنی ڕێ وشوێنی حیزبی و سەر دانەنواندنیان بۆ دەزگا شەیتانیەکانی حکوومەتی بەعسی عیراق توشی برسیەتی و دوور خستنەوەو بەندیخانەش هاتوون.

ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیە ڕەنگە بەدڵی زۆر کەس نەبێ. بەڵام ئەگەر ڕاستی نەگوترێ وهۆی هەڵەو ناتەواویەکان شی نەکرێنەوە، دەرس لەرابردوو وەرنەگیرێ و تەنیا بە پێهەڵاگوتن و بە خۆ هەڵکێشان کاغەز رەشکرێتەوە، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەر بە سەر ئەم ڕەقە ڕێیەدا دەیکوتێ وجگە لە ماڵوێرانی زەحمەتکێشانی کوردستان و لە بەینچوونی نیشتمانپەروەران و ئاوارەیی و دەربەدەری کۆمەڵانی خەڵک و سەفەر و وتاردانی ڕێبەرانی حیزب چیدیکەی لێ پەیدانابێ. پێداچوونەوە ١٩٩٦/١٠/١٠

لەکۆتاییدا پڕ بەدڵ سوپاسی کاک حەمەدەمینی سیراجی وکاک قەرەنی قادری وکاک ناسری ئیبراهیمی کاک ئالان دەرسیم وکاک ئاسۆس وکاک خەبات عارف وبرادەرانی دیکە دەکەم کە لەبواری ڕێنوێنی وراستکردنەوە وبۆچوونی بابەتی دڵسۆزانە وئامادەکردنی ئەم نووسراوەیە یارمەتیان داوم. باچاو لەم ڕاستیەش نەقوچێنم کە بەشێکی زۆری نێوەرۆکی ئەم بەرهەمە لە بیرەوەریەکانیشمدا هاتوە و ڕووداوەکان لە وێدا ورد تر باس کراون. جا بە قەولی برادەرێک ئەگەر (وەرد) دانەوەش بێ، دیسان بۆ خۆم بە کارێکی بێجێی نازانم. هێندێ زەوی ئەوتۆ هەن ئەگەر دوو گاسنەو سێ گاسنە بکرێن باشترە و بەرهەمیشی بەنرختر دەبێ،

تاخوێنەرانی بەڕێز چۆنی لێک بدەنەوە ؟!

سەرچاوەکان

١ – ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢١ و٢٢ ، خەزەڵوەر وسەرماوەزی ١٩٧٢

٢ – نامەی دوکتورقاسملو بۆ نووسەر. کەریمی حسامی. لەبیرەوەری یەکانم بەرگی ٣ ل٧٠

٣ – عبداللە حسن زادە ، نیوسەدە خەبات، ١٩٩٥، ل ، ٨٥

٤ – سەعید کاوە، سەرچاوەی پێشوو ، ل ، ٧٢

٥– عبدالرحمان قاسملو، چل ساڵ خەبات، ١٩٨٥، ل ، ٨٢

www.kerimhisami.com

پێڕستی ناوەکان

ئەلف

ئارەحمانی شێلمجاران ١٧٦

ئاغاخان هەنارە ٢٦٨

ئەحمەدتوفیق ٥٧-١١٧-١١٨-١٢٠-
١٢١-١٢٢-١٢٧-١٢٨-١٢٩-١٣٣-
١٣٩-١٤٠-١٦٥-١٦٦-١٦٧-١٦٨-
١٧١-١٨٦-١٨٧-١٨٨-١٩٠-١٩١-
٢١٢-٢١٤-٢١٥-٢٨٨-٢٩٠-

ئەحمەدخانی فاروقی ١٨-٥٥

ئەحمەدخانی شەجیعی ١٨-٥٥

ئەحمەد حەڵەب ٨٢

ئەحمەد جەوزی ١٦١

ئەحمەدی خدرشموله ١٦١

ئەحمەدی قاسملو ٨٥-٩٠

ئەحمەدورەحمانی قاسملو ٨٥

ئەحمەدکویستانی ١٣٤

ئەحمەد نەستانی ٢٦٦-٢٦٧

ئەحمەدی وستاحەسەنی ١٦١

ئەسعەد خدایاری
١٠٣-١٠٤-١٠٦-١٣٤

ئەسعەد خۆشەوی ١٩٠

ئەرشەد هەنارە ١٦١

ئەسکەندەر ٦٩

ئەنساری سەرهەنگ ٢٦-٢٧

ئەنوەر سولتانی ٦٩

ئیدریس بارزانی ١٨٢-٢٢٣

ئیرەج ئەسکەندەری
٨٦-١٠٣-٢٠٢-٢٣١

ئیرەج ئەفشار سیستانی ٦٩

ئەمیر قازی ٢٦٨

بێ

بارزانی
١٧-٢٠-٢١-٢٣-٣٠-٣٩-٤٥-١٢٢-
١٤٦-١٦٦-١٩٠-١٩٩-٢٥٨-

برایماغای قارەمانی ٨٠

برایم ئەحمەد
١٢٠-١٢١-٢٥٩-٢٧١-٢٩٠

برایم لیتان ٨٤

بهنام ٩١

بکر ١٢٣

بەرۆز ئاکرەیی ٢٩٧

بیژەن میر مکری ١٢٥

پێ

پاشایی سەروان ٢٧

پرتەوی سەرهەنگ ٢٦

پیروتاغا ٤٧

پرۆفیسور لوشار ٢٥٦

پێشەوا
١٦-١٧-١٩-٢٣-٣١-٤٥-٥٥-٩٠-٩٦

تێ

تولستوی ٨

تەیمور ٥٥

جیم

جوانرۆ ٦٨-٦٩-٧٠-١٠٨-١٠٩

جواهی لعل نهرو ١٨٩

جەعفەرباغرۆف ٦١-٦٢

جەلال ئەحمەد ١٢٣

جەماڵ توفیق ١٢٣

جهانبانی ٢٥

جەلال تاڵەبانی ٢٥٠-٢٥٥-٢٩٠

خسرو روزبە ٧٥-١٠٥

خسروی ٧٩

www.kermhisami.com

پێرست ناوەکان

حێ
حامید گەوهەری ٩
حامید مازوچی ١٨-٥٥
حاجی حەمەداغا ٢٢-
حاجی قاسم ٨٠-٨١
حاجی قادر ٢٠٩
حەسەن ئیسحاقی ١٦٧
حەمەدی خانمێ ٤٧-٨٢
حەمەرزاشا ٢٤-٢٩
حەسەنی برایماغای براجی ١٦١
حەمەخانی دانشوەر ١٨-٥٥
حەمەی حاجی سەعیدی ١٢٠-١٢١
حەمەدەمین چیچو ١٧٠
حەمەدەمینی سراجی
١٦٦-١٦٩-١٧٠-١٧٦-١٧٧-١٨٢-
١٨٣-١٩٩-٢١٢-٢٣٠-٢٧٩-٢٨٠-٩٥
٢-٢٩٧
حەسەن رستگار ١٦٧-٢٠٠
حەسەن رەمەزانی ٨٧
حەسەن حسامی ٢٣
حەسەن قزلجی
٥١-٥٦-١٨٠-١٨٢-١٩٩-٢٠٠-٢٠١-
٢٠٢-٢٣٠
حەسەن مفتی ٥٩
حەسۆ میرخان ١٨٢
حوسێنخانی جەلالی ١٨-٥٥
حەیدەری ٨٣
حەبیب سابیت ١٠٥
خێ
خالیداغاحسامی ١٦٦-١٦٨
رحمان زەبیحی ٥
رحمان گەرمیانی ٢٣-٩٢
خسرو توفیق ١٢٠
خەلیل شەوباش ١٨٣
خۆشەوی خەلیل بارزانی ١٦١
خەبات عارف ٢٩٧
دال
د. ئاسۆ ٥٧
د. تالیب ٢٩٥-٢٦٠
د.خالد سەعید ٢٤٦
دیلان دەرسیم ٢٩٧
د.رەحیمی سەیفی قازی
٦-٢٣-٩٢-٩٤-١٨٠-١٨٢
د. سولتان وەتەمیشی ٢٢٦-٢٣٤
د. عەلی مەولەوی
١٠٤-١٠٦-١١٧-١٢٧-١٢٨
د. قاسملو
١٠٣-١٠٤-١٥٩-١٦٦-١٧٤-١٧٧-
١٨٠-١٨٧-١٩٦-١٩٩-٢٠٠-٢٠١-
٢٠٢-٢٠٣-٢٠٩-٢٢١-٢٢٣-٢٣٠-
٢٣٣-٢٣٥-٢٣٨-٢٤١-٢٤٢-٢٤٤-
٢٤٧-٢٤٩-٢٦٢-٢٦٥-٢٦٧-٢٦٨-
٢٧٠-٢٧٣-٢٧٥-٢٧٧-٢٧٨-٢٧٩-
٢٨٣-٢٨٤-٢٩١-٢٩٥-٢٩٦
د.مصدق
٥٧-٦٧-٧٧-٧٨-٨٠-٨٢-٨٣-٨٧-
٨٨-٨٩-١٠٧-١٤٧-١٤٨-١٤٩-١٥٥-
١٨٧
دولو سەرگورد ٢٨
ڕێ
رادمنش ١٠٣-١٠٥-١٧٧
سەیفی قازی ٥٥-١٦٠
سەید حەسەنی ئیمامی خویی ٧٦
سەدیق ئەنجیری ٨٩-٩٤-١٦٦-١٦٨

www.kerimhisami.com

پێرست ناوەکان

رحمان خەلیل سوارە ٢٦٢
رحمان قاسملو ٩٠-١٠٢-١٠٤-١٢١-١٦٩
رحیمی سولتانیان ٦٠-٦١-٦٣-١٠٢
رحیمی... ٦١-٦٣
رحمەتی شەریعەتی ١٠٤-١٠٦-١١٧-١١٩-١٢٧-١٢٨
رەسوڵ پێشنماز ٢٢٣-٢٤٩-٢٩٥
رسولاغای جەوانمرد ١٨-٥٥
رەزاشا ٣٤
رەسوی خەرابەی ١٧٦
رەسولی نەغەدەیی ١٨-٥٥
رەسوڵ مامەند ٢٤٦-٢٥٩
رەسوی عبدالصمدی ١٧٦
رەزمارا ژەنراڵ ٢٠
رەشید.س ٩٢

زێ

زاهیدی ٩٣
زرنیوش سەرگورد ٢٧

سین

سالار میرزا فەتاحی ٩٠
سادق پێشنماز(کاوە) ٤٧
سالار حەیدەری ١٦٩-١٧٠
سالم ربیع عەلی ٢٥٢
سالح لاجانی ١٨٥
سالحی دەرویش قادری ٢٦٦-٢٦٨
سامی عبدالرحمن ٢٢٣
ستالین ١١-١٤٥
سەدری قازی ١٩-٥٥-٨٢-١٦٠
سەرهەنگ مدرسی ١٥٩
سەرهەنگ منصورپور ١٥٩
سەلیمی خات شەرافەتی ٢١١
سەدیق ئەفەندی ١٨٣
سەدیق عەلایی ٨٢
سەدیق خاتەمی ٥٩-٧٨
سەید رسولی کولتەپەی ٧٨
سەید حەمەدی زەرگەتەنی ٤٧
سەید رەزای دەرسیم ١١٧
سەید رسولی دیهقان ١٠٤-١٠٥-٢٤٨-٢٤٩
سەیدعەلی حاجی کاکەمینی ٤٧-٦٠
سەید عەزیز ٣٣-١٣٣
سەید فەتاح ١٨٣
سەردادوەر سەرهەنگ ٢٦
سلیمانی معینی ٩٠-١٣٦-١٦٦-١٦٧-١٧١-١٧٥-١٧٦-١٧٧-١٨٢-١٨٣-١٨٥-٢١٤
سلیمان٥
سلیمان چیرە ٦-٧
سولتانی شێخاغایی ٦٠-٧٨
سمایلی قاسملو ١٠٥-١٠٦-١٢٥-١٢٦-١٢٧
سمایل حاجی ٢٤٢-٢٤٩
سمایلی حاجی حەمەداغا ٢٢
سەعید کوێستانی ١٦٥-١٦٨-١٦٩-٢١٤
سەعید کاوە ٢١٥
سەعدەی محەممەدی ٨٢
سەنتار مەمەدی ١٦٩-١٧٠
سپهبد ئویسی ١٧٤
عبداللە ئیسحاقی ٦٣-١٠٢-١٠٣-١٠٤-١٠٦-١١٠-١١٧-١١٨-١١٩-١٢٨-١٣٦-١٣٩-١٨٦-١٨٧-١٨٩-١٩٧-٢١٢

www.kerimhisami.com

پێرست ناوەکان

سیمان بەگ ٢٢-٢٣
سەلاحەدین ئەیوبی ٥٤
سەلاحەدین مهتدی ٢١٤-٢١٥-٢١٦
سەمەد ٩١
سەعدون شاکر ٢٤٩-٢٥٠-٢٧٩
شین
شێخ ئەحمەد ٥-٢٠-٢١-٢٨-٢٩
شێخ ئەمینی کەسنەزان ١٨-٥٥
شێخ سەدیق ئەسعەدی ١٨-٥٥
شێخ سەعید ١١٧
شێخ سلیمان بارزانی ٢٣
شێخ علائەدین ٤٨
شێخ عوبیدولا ٤٨
شێخ عەلی ٥-٦
شێخ لەتیف ٥٨
شێخ مەحمود ٥٧-١١٧
شێخ موعتەسەمی حسامی ١٨٩
شەریفی سەروان ١٨
صاد
صارم الدین صادق وەزیری ٦٢-٧٥-٧٦-٨٦-٨٩
صالح دەرویش قادری ٢٦٧
صالح توفیق ١٢٣
صالح یوسفی ٢٤٦
عەین
عادل ٢٦٠
عباس ئارام ١٥٩
عبدالرحمن مفتی ٢٣
عەلی هەژار ٢٤٦
عەولابارزانی ٩٠-٩١
عەولا سوار ٤٧
عەولای حەکیمزادە ٩١-٩٢
عبداللە روشنفکر ١٨-٥٥
عبداللە خانی مەتین ١٨-٥٥
عبداللە عیزەت پور ١٠٢-١٠٣
عبداللە مینە خالند ١٦١
عبدالفتاح ئیسماعیل ٢٥٢
عبدالناصر ١٧٢
عبدالقادر ٤٦
عبدالکریم قاسم ١١٧
عبدالصمد کامبخش ٢٠٢
عبدالغنی راوی ٢٢٨
عیزەت عبدالعزیز ١٧-٣٠
عەزیز حسامی ٦٣
عەزیز فەلاحی ١٢٠-١٢١
عەزیز مستەفازادە ٢١٠-٢١١
عەزیز یوسفی
٥٩-٨١-٩٤-١٠٢-١٠٣-١٠٤-١٠٦-١١١-١١٧-١١٩-١٢٧-١٢٨-٢٥٥-٢٥٦-٢٥٧
عەلیاغای جەوانمەرد ١٨-٥٥
عەلیاغای ئیلخانیزادە ٣٧-٨٥
عەلی بەگی شێرزاد ١٨-٥٥
عەلی حجازی ٢٨
عەلی فاتحی جهانگیر ١٨-٥٥
عەلی قازی ٩١
عەلی گەلاویژ ٩٢-٩٤-١٨٠-١٨٢-٢٣١
عەلی محەممەد سەدیق ٣٣
عەلی متقی ١٠٥
قاسملو
٨٧-٩٠-٩٥-١٠٥-١٠٦-١١٠-١١٩-١٢٠-٢٠٠-٢٠٥
قاسم سولتانیان
٩١-١٠٦-١٢٠-١٢٨-١٣٦

www.kurdmhisami.com

پێرست ناوەکان

عەولای حەسەنزادە ٢٠١-٢١٦
عەولای مام سەعیدی ١٦٧
عەولای معینی ٥
عیسی پژمان ١٥٩

غەین

غەنی بلوریان
٥-٩-٥١-٥٧-٥٨-٦٣-٨١-٩٤-١٠٢-
١٠٦-١١٧-١٢٧-١٢٨-٢٥٥-٢٥٦-
٢٥٧
غەفاری سەرهەنگ ١٧-٢١

فێ

فایق ئەمین ٢١٥
فەقێ عەولا ٢٤٨
فەقێ قادر ٢٦٦-٢٦٧
فولادوەند سەرهەنگ ٢٦-٢٧

قاف

قادر یوسفی ٥٩-٩٤
قادر حەسەن ١٣٤
قادر شەریف ١٠٣-١٢٠
قادر عبدی ٥٧
قادر مەحمودزادە ٥٦
قادر وردی ٢١٠-٢١١
قازی محەممەد
٤-٥-١٤-١٧-١٨-٣٤-٣٥-٤٨-٥٥-١
٩-٩٦-١١٧-١٥٩-١٦٠-١٦٤-١٦٥-
١٩٥
قاسم ئیلخانیزادە ٨٠
کورش لاشائی ١٨٣
کیانوری ١٠٥-٢٣١

گاف

گابریل مارسیا مارگز ٨
گەوهەرتاج خانم ٨٣
قاسم پینەچی ٨٢
قالە تەگەرانی ١٨٣
قوام السلطنە
١٩-١٠٦-١٢٠-١٢٨-١٣٦
قەرەنی قادری ٢٩٧

کاف

کاک ئەمیری قازی
١٩١-٢٠٠-٢٢٧-٢٤٩-٢٧٧-٢٧٨
کاک ئەحمەدی زیندان ٤٧
کاک ئەحمەدی قادری ٤٨
کاپیتان قادری ٤٧-٨٢
کاک مامەندی زەرگەتەنی ٤٧
کاک مامەندی کولیچی ٢٣
کاک مەسعود بارزانی ١٢٩-١٩٠
کاردۆ گەلالەیی ٢٤٦
کەریم ئەیوبی ٢٣-٩٢
کەریم ئەنوەری ١٢٢
کەریم پارسا ٤٨
کەریم حسامی ١٣-٤٧-٦٠-٧٨-٨٢-
٩٠-٩١-١٢٠-١٢١-١٧٧-١٨٠-١٨٢-
١٩٩-٢٠٠-٢٠١-٢٠٢-٢٣٠-٢٢٤-
٢٤٧-٢٦٢-٢٧٣-٢٧٨-٢٩٥
کەریمی وەیسی ٦٣-١٠٢
کەریم ئەستانی ٢٦٦-٢٦٧
کریس کۆچرا ٢
کەلاشی سەرهەنگ ٢٤
مەلا مستەفا بارزانی
١٧-٢١-٣١-٣٢-٣٣-١١٧-١١٨-١٢٠-
١٢١-١٢٢-١٣٩-١٨٦-١٨٧-٢٠٠-
٢٠٣-٢٠٩-٢٢٨-٢٣٦-٢٣٧-٢٣٨-
٢٥٠
مەلا محەممەدی شێخی ٤٧

www.kerimhisami.com

پێرست ناوەکان

لام

لینین ١١

میم

مام جەلال ١٨٣-١٨٥-١٩٩-٢١٤-٢٥٩-٢٦٠
مارف پورزەریف ١٦٢
مام عەزیز ٣٧
مەلا ئاوارە ١٦٩-١٨٣
مەلا ئەمجەدی عوسمانی ٤٩-٦٠
مەلا ئەحمەدی عەولاچاوشینی ٢٦٠
مەلا بابەوەیسی ٦٠
مەلاباقی ١٢٠
مەلا جەلال ٢١١
مەلا رەشید سۆفی عەلی ١٦٢
مراد دروی ١٧٦
مراد شیرێژ ١٧٦
مراد رزماوەر ٣٣
مەلا سەیدرەشید ١٢٧
مەلا عبدالله عبداللهی ١٦٩-١٧٠
مەلا عەزیز ٢٦٠
مەلا عەولا ٨٠
مەلا عەلی مەلاخەلیلی ٢٥٩
مەلا عەولای حیاکی (حەسەنزادە)٥٧-١٠٤-١٦٧-١٦٨-١٨٦-١٩٦-٢٠٠-٢١٢-٢٣٧-٢٣٨-٢٤٠-٢٤٦-٢٤٧-٢٦٥-٢٨٣-٢٨٧
میرزاحەسەنی میرخزری ٦٠
مظفری سەرهەنگ ٢٦-٢٧-٨١
موزەفەر فیروز ٥٥-٥٦
موزەفەرخانی زەرزا ٨٤
مدیحە کازم ١٠٦
منصور حکمت ٢٢١
مەلا مەعسوم ٦٠
مەلا ناصح ٢٤٦
میر حاج ١٧-٣٣
مەجیدی سەرهەنگ ٢٦-٢٧
محەمەدی نازمی ١٨-٥٥
محەمەد قودسی ٣٠
محەمەد نەجیب ٣٣
محەمەداغای عەبباسی ٣٧
محەمەدی سۆفی رەسوی ٤٧-٨٢
محەمەدەمینی مەولودەچرچی ٥٨
محەمەدی نانوازادە ١٦١
محەمەدی ئیلخانیزادە ٢١٤-٢١٥-٢١٦
محەمەدی مهتدی ١٨٠
محەمەد روزگار ٩٠
محەمەد سەدیق ٢١٠-٢١١
مەحمود پناهیان ٢١٣
مەحمود خسرەوی ٩١
مەحمود حەڵەب ٨٢
موحسنی سەرگورد ٢٧
مساوات سەرگورد ٢٧
مستەفا شەڵماشی ٣٣-٩٣
مستەفاوکاوە ٢١٤-٢١٦
مستەفا خوشناو ٣٠
میرزا قادر ٤٦-٤٧
هاشمی کەریمی ٢٤٢
هاشمی هەمزەوی ١٦٢
هەمزە ئاشەوان ٨٢
هەمزە عبدالله ١٢٠-١٢١-١٣٤
هەمزەی عەولای وسینی ٤٧
هومایانی سەرلەشکر ١٧-٢١-٢٨-٣٥-٥٥

www.kerimhisami.com

پێرست ناوەکان

ماموستا هێمن ۲۸۰
مهماتاگاندی ۲۸۱
مەمەداغای وسوق ۸۵
ماکسیم گورکی ۷۵

نون

نادری ۹۲
ناسری ئیبراهیمی ۲۹۷
نژاد ئەحمەد عەزیزاغا ۱۲۰-۱۲۱-۱۳٤
نوری ئەحمەدتەها ۱۷-۱٦٦
نورالدین زازا ۸۵
نوری سەعید ٤۸-۱۰۸
نوری شاوەیس ۱۱۹
نوبهار ستوان ۸۵
نیساری سەرهەنگ ۲٦-۲۷-۲۸-۲۹

واو

وسیناغای عەلیار ۲۲
وسێنی کاعەیزی دیبۆکری ۲۲-۲۳
وەستا برایمی بەننا ۱٦۱

هێ

هاشمی ئەقل الطلاب
۷۸-۱۰۲-۱۰٦-۱۲۸
هاشمی ۵۵
هاشمی جەلالی ۱۲۵
هاشمی حسێن زادە ۱۲۸-۱۳۵

هێمن
٤-٥-٥۷-٥۹-۲۰۰-۲۲۳-۲٤۱-۲۹٥

یێ

یوسفی ریزوانی ٥۷-۱٦۷-۲۰۰
یونسی بلوریان ۹۱

www.kerimhisami.com

ناوەرۆک

پێشەکی
١ - ١٣

بەشی یەکەم : قۆناخی یەکەم ١٩٤٧ – ١٩٧٠

بوژاندنەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی دوای روخانی کۆماری کوردستان ١٥
بارزانیەکان وچارەنووسیان ٢٠
بوژانەوەی تێکۆشان – دامەزرانی کۆمەڵەی لاوانی لادێ ٤٦
بڵێسەی خەبات لەگەشانەوە دایە ٤٩
مەهاباد تەم ومژی خەفەت وبێدەنگی دەرەوێنێ ٥٠
گۆڤاری رێگا ٥١

بەشی دووەم :
تێکۆشانی سیاسی وپێکهێنانی رێکخراوی نوێ ٥٩
کۆبوونەوەی بن گیشە گەنمی درواو ٦٠
بەرەولادان لەرێبازی حیزبی دیموکرات وتوندکردنی خەباتی چینایەتی ٦١
رەنگدانەوەی وەزعی کوردستان وبوژانەوەی خەبات لەدەرەوە ٦٥
پەلاماری جوانرۆیی یەکان ١٩٤٩ ٦٨

بەشی سێیەم :
هاتنە سەرکاری حکوومەتی دوکتور مصدق وپەرەگرتنی
تێکۆشانی سیاسی ٧٥
پەرەگرتنی بزووتنەوەی وەرزێری لەئێران ٧٧
راپەرینی وەرزێران لە کوردستان ٧٨
سەربزێوی وەرزێران لەناوچەی سندوس ٨٢
کادری تازەی حیزبی تودەی ئێران بۆکوردستان ٨٥

بەشی چوارەم :
کۆدیتای ئاوگوستی ١٩٥٣ دژی حکوومەتی دوکتور مصدق ٨٩
دەورەی دووەمی رۆژنامەی کوردستان ٩٢
قۆناخی تازە لەتێکۆشانی حیزبی دیموکرات دا ١٠٢
پەیمانی بەغداو ئاکامی بۆ گەلی کورد ١٠٧

شۆرشی ١٤ی گەلاوێژی عیراق وتەئسیری لەسەرکوردستان ١١٠
گەرانەوەی مەلا مستەفا بارزانی بۆعیراق ١١٨

www.kerimbisarani.com

بەشی پێنجەم :

کوردستانی ئێران - ١٩٥٩ ١٢٥
خەباتی چەکداریی کوردستانی عیراق وتەئسیری لەسەررۆژهەلاتی کوردستان ١٢٧
کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکرات ١٤٠
گەرانەوە بۆ کوردستان وتوشبوونی خەباتی چەکداری ١٧١
کۆمیتەی شۆرشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان ١٧٥
چارەنووسی عەولای ئیسحاقی(ئەحمەد توفیق) ١٨٦
کوردەکانی کوردستانی ئێران ١٨٩
پێداچوونەوەی قۆناخی یەکەم ١٩٥

بەشی شەشەم:

حیزبی دیموکرات ١٩٧٩ - ١٩٧٠ ١٩٩
کۆنفرانسی سێ یەمی حیزبی دیموکرات ٢٠٩
کۆمەلەی رزگاری کوردستان ٢١٤
کۆنگرەی سێ یەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان ٢٢١
پەیمانی شومی ئەلجەزایر وئاکامی بۆ گەلی کورد ٢٤٠
هەلوێستی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران ٢٤٣
هەلوێستی هێزە سیاسی یەکانی کوردستانی عیراق ٢٥٨
راگەیاندنی بورووی سیاسی حیزبی دیموکرات ٢٦٦
هەنگاو بۆ هاوکاری حیزبە کوردستانیەکان ٢٦٨
ئەنجام ٢٨٢

www.kerimhisami.com

بەرهەمە نووسراوەکانی نووسەر

١- کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران
٢- وەڵامێک، کوردی و فارسی
٣- رێنوێنی شەری پارتیزانی
٤- ل دەوری رێکخراوی لاوانی حیزبی دێموکرات کۆبینەوە
٥- رەخنە ولێکۆڵینەوە لە سەر کتێبی حوسێنی مەدەنی
٦-چەن قسەیەک لە گەڵ خەبات
٧- کوردو فەرهەنگی بێگانە
٨- لێکۆڵینەوەی (کورتە باسێک لە سەر سۆسیالیزم) کوردی وفارسی
٩- تایبەتی کۆنگرەی شەشەم
١٠- کۆماری دێموکراتی کوردستان یاخود موختاری
١١- یادی هێمن
١٢- لە پێناو چی دا؟
١٣- بادانەوە
١٤- کروکاش
١٥- سەفەر بۆ کوردستان
١٦- لەبیرەوەری یەکانم بەرگی: ١-٢-٣-٤-٥-٦-٧-٨-٩-١٠
١٧- پێداچوونەوە(مێژووی بزووتبەوەی نیشتمونیی لە کوردستانی ئێران)
١٨- حکایەت کردن یا نووسینی مێژوو
١٩- پێداچوونەوە بەرگی دووەم

www.kerimhisami.com

ئەو بەرهەمانەی نووسەر کردوونی بەکوردی

١- دایک - ماکسیم گۆرکی
٢- ژیان و کردەوەکانی لێنین
٣- یەفسانە کوردی یەکان - رۆدینکۆ
٤- زەوی پچوک - برێژنێف

٥- کۆمەڵە چیرۆکی هەڵبژاردە لە ئەدەبی بێگانە
٦- مەسەلەی کورد لە پارلمانی سوید
٧- یسای بنچینەیی ئابوری سۆسیالیستی
٨-حەمە چکۆڵ - ئینجە مەمەدی یاشار کەماڵ
٩- ئوسولی سەرەتاییەکانی فەلسەفە- ژۆرژ پۆلیستەر
١٠- نامەی گوللە بارانکراوەکان
١١- رەوشی کوردون - مێژووی ئەردەلان و بابان
١٢- ئازادی یامەرگ- کازانتزاکیس
١٣- مەسەلەو زارگۆتنی لوری
١٤- رۆژەکانی ئێران - ئارچیبالد رۆزڤێلت.

ئەوانەی لە بەر دەست دان بۆ نووسین:
١- گەشتێک بەنێو بیرەوەری یەکانی نووسراودا
٢- کورد لەگەمەی دەوڵەتانی داگیرکەر وزلهێزەکانی ئیستیعماریدا.

www.kerimhisami.com

رۆژنامەی کوردستان کە لە تەورێز چاپکراوە

بەرەو دەست هێنانی دیموکراتی و حاکمیەتی نەتەوایەتی بەرەوپێش

کوردستان

لە ریگای آشتی و بەرامبەر بە ئەمپریالیزم خەباتی خومان بەرەوپێ ئەبەین

یەکشەمو ـ ٥ بانەمەڕی ١٣٢٣

ارگانی حزبی دیموکراتی کوردستان

ژمارە ـ ١ (دەورەی دووەم)

بڵاو بوونەوەی دووبارەی رۆژنامەی کوردستان

دوستایەتی تێکنەشکاوی نەتەوەکانی کوردستان و آذربایجان روژبە روژ بەهێزتر و گەورەتر ئەبێ

نەتەوەکانی ایران بە ئامادەیی لە نەوتی ئێران دفاع ئەکەن

پیرۆزبێ روژی بیستی ئایار روژی دەسبەکاربوونی نیزامی ئازادی

(بین المللی) رەنجبەرانی گیتی

بەرەو رووناکی

خەلکەکانی ایران!

بەرکەوی بەربەرەکانی گەلانی ولاتی ئیمە لەژیر رە-
~~هبەری حزبی تودە ایران~~ و
حزبی دیموکراتی کردستان
وفرقەی دیموکراتی آذربایجان

ڕۆژنامەی کوردستان کە لە ئوروپا چاپکراوە

کوردستان

ژمارەی ١ و ١ ساڵی ١ — ڕێبەندانی ١٣٤٤ — فێوریەی ١٩٦٦

یادی بیستەمین ساڵی کۆماری مەهاباد

پێشەوای گەل

مەهاباد

بەرزانی

www.kerimbusami.com

ڕۆژنامەی ڕۆژ کە لە چیاکانی کوردستان چاپکراوە

یەکیەتی — خەبات — سەربەخویی — دیموکراتی

کوردستان خورادەپسکینی وبەسەرهەمو

بەرهەلستیک دا زال ئەبیت !!

× ئەلمیەتی میللی و دیموکراتی زیانی خوش بەئشیاری نەتەوەی کورد ئامانج. ودروشمی خەباتمانە.
× ئەبات وسەرئەزتنمان بو مایم بونی دوستایەتی نیوان نەتەوەکانی ئازاد یخواز ویشتگری بزوتنەوەی ئەلانی ولات داگیرکراو و زەدی ئیمپریالیستی لەسەراسەری جیهانە.

گوفاری

ڕۆژ

* بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی نیوان حزبەکانی شورشی ونیشتمانی بەرامبەر بەئیمپریالیزم ودا گیرکەری ئالای خەباتمانە بوئازادی ئیران وپیک هینانی حکومەتیکی نیشتمانی ودیموکرات ودیاری کردنی لانی کەمی مافی نەتەوایەتی و پەرەی ئاشتی وئاسایش لە جیهان.

ڕیبەندانی ١٣٤٥ هەتاوی	سالی یەکەم	ئورگانی لکی ٣ی	لە شاردانەی ٢ تمن
واتوین ١٩٦٧ میلادی	ژمارە ٣	حزبی دیموکراتی کوردستان	لە لادیدانەی ١ تمن

ڕۆژی یادی ٢ی ڕیبەندان جیژنی جمهوری دیموکراتی کوردستان

دونیالە چەرخی ١٨ دا توشی گورانیکی بن چینەیی بوو رژیمی دەرەبەگایەتی کە قەرنەها بوو بەشیوەی استبدادی حکومەتی دەکرد بە پشکوتنی ئەفکاری ئازادیخوازی وبەگویرەی جەبری تاریخ دەستی بە هەلتەکاندن وروخاندن کرد. انقلابی سەنعەتی انگلستان وبەوجود هاتنی ریک ترین وپیشکەوتوترین چینی زەحمەت کیش

سیاسەتی دیکتاتوری -

پەرستی شاهەنشاه آریامهر!!

هیچ شتیک لە خورا بەوجود نایە" دەزگای پروپاگاندەی

سەرکەوتنی [illegible] کونگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان

لە روژی ١٥/١١/١٩٦٦ گەورەترین کونگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهاوبەشی ٤٢٥ نوینەر لە جیاتی پتر لە ٣٠ هەزار ئەندام لە ژیر سیبەری ئالای شورشگیرانە لە گەلالە بەسترا وبو هەوەلین جار لە میژوی حزبی براماندا شیوەیەکی ئەتیک دیموکراتی پی درا. لەزور حزب و دەستەجات و شەخسیەتەکانی دیموکرات وشورشگیر ونیشتمانی گیرداوە بەرپاوترینی پەیوان نوینەرانی حزبە دیموکراتیکانی کوردستان و ریکخراوە بەجوربەجوربولاپەرەی ٤

[illegible]

* عاوری حسن سرور

جوتیارانی ناوچەی منگور کە بویان روون بوتەوە ئەقسیانی

پەیڕەوی ناوخۆی

حزبی دیموکراتی کوردستان

بەندی یەکەم "چۆنیەتی حزب"

ماددەی یەکەم ـ

حزبی دیموکراتی کوردستان حزبێکی پێشڕەوی پێشکەوتووە بەسەر ڕێبازی دیموکراتی وشۆڕشگێری ولە سەر هەڵوێستی جەبهەکانی جیهانی لە بەرەی نەتەوەکانی سەربەخۆ وسەربەستدا قەراری گرتووە .

ماددەی دووهەم ـ

ح . د . ك . لەو ئەندامانە پێکهاتووە کەهاوبیر وهاوڕێی وهاو ئامانجی خەباتی نەتەوایەتین بۆئازادی کورد ورزگاری کوردستان لە ژێر دروشمی پەسندی " یەکیەتی . خەبات . سەربەخۆیی ، دیموکراتی " وپرۆگرامی حزب کە پێکهاتووە لەهەمو چین وکۆمەڵی کورد بەتایبەتی وەرزێران ـ کرێکاران ـ پیشەوەران ـ ڕوناکبیران ـ بازرگانان وسەرمایەدارەکانی نیشتمانی دەتوانن بەشداری ڕیزی خەباتی حزبایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان بن بەمەرجی قبوڵی پرۆگرامی حزب وگونجانیان لەناو چوارچێوەی مەرجەکانی ئەندامێتی وپێ وەهەستانیان بە پێ ڕەوی ناوخۆی حزب .

ماددەی سێیەم ـ

بیر وباوەری ح . د . ك . جهان بینی (تئوری ـ ئەزمووندەریە) زانستی پێشکەوتوائەیە لە ناوچوارچێوەی سوود و مەسلەحەتی نەتەوایەتی ونیشتمانی دا وپێ باوەڕی گۆڕین وگۆرانە لە ناو شئونی کۆمەڵایەتی وئابوری وسیاسی وەکە واتە ڕاپەڕین وشۆڕش بە ڕێبازێکی ئازادی ورزگاری نەتەوەی کوردی دەزانین .

www.kerimhisami.com

پەسندی
کۆنگرەی دووهەم
سەرماوەزی ١٣٤٣
(١٩٦٤)

پێڕەوی ناوخۆیی

حزبی دیموکراتی کوردستان

www.kerimhisami.com

ئەم ئاگاداریە لەپراگ قاسملو داوی بە مەلا مستەفا

چەند المعلومێک لەسەر حزبی دیموکراتی کوردستانی «ایران»

کاری حزبی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی پاش کودەتای ساڵی ١٩٥٣ بەرەوی گرت چونکو حزب دەستی لێ کرد بەوەی کە سەربەخۆ کاربکات وکاری کوردستان ... بەرێتە پێش.

ئەو ناوچانەی کە زۆرتر حزبی دیموکراتی کوردستان نفوذی تێدا هەیە ئەمانەن:

شاپور و سلماس و ... ورمێ و دەوروبەری. مهاباد و سەردەشت و شنۆ و سنەوکی وتەوا وی ناوچەی ... دەوروبەری ... . سەقز و بانە و دێهاتەکانی دەوروبەری بانە. شاری سنە و دەوروبەری. وشاری کرماشان کە تازە حزب ... تێدا ... بکرێ.

ئەو ناوچانە کە زۆرتر دەبێ لە ئەوانی تر دەرتێیدا بەهێزە ئەوانەن، ناوچەی جەلالی و شکاکان. ... . ناوچەی منگوران و پیران و ... دێهاتەکانی دەوروبەری شنۆ و مهاباد ناوچەی ... تا حدودی عیراق. ناوچەی بانە و دەوروبەری ناوچەی جوانڕۆ و هەورامان. نزیکەی ... لە حدودی عیراق و ایران ... تا کرماشان زۆر بەهێزە.

حزبی دیموکراتی کوردستان لە زۆربەی ئەو دێیانە سازمانی منظمی هەیە وچەند سازمان کوردستانیکی بەخشی تەشکیل داوە ...

www.kerimhisami.com

نامەی ئەحمەد توفیق بۆ مەلا مستەفا

ماموستای خۆشەویست و بەڕێز

«کاکە شەریف»

زۆر تەماشا بێ ماوەکە لە دیدارتان بێبەشم جا لێرە بە حەق دەزانم .

باشترین سڵاوی گەرمی دڵەکانتان پێشکەش کەم. و لە بارەگای خوای تعالی ساغی

و سەربەرزی خۆتان و ئێوە داخوازی کەم. نەک من بەڵکو ئەوانەی

ئاوات خوازی ساغی و سەربەرزیتانن هەموو کوردێکی خاوەن شەرەف

و دڵسۆزە.

چونکو بڕیارە لە بەغدا ڕابگیرێینەوە لەگەڵ هاوڕێکانم بێینە خزمەت

جا لێرە زیاتر درێژەی پێ نادەم. بگەڕێتەوە کاتی ئاشنامان بە هۆی کاکە

عبداللە و کاک سەعید عەزیز بە پەلە نووسیبووم هاتم دیتم. زۆرم حەز

لە دیدارتان دا لێرەتان نەگیرامەوە. پاشی سالی سلێمانی بە دوای خوێندبالط

وابزانم [struck out] ٣٥٠/ دینار تەرزی ئێوەی دا وە بە من. وا بە حەوتەی هەڵگری

ئەو زیندانە سەرانسەرە پێکەوە شە. دیارە ئەوەش دا لەبەر [struck out] بووەی کە من

و باب و براکانم کاسبی و معاملەی پێوە بکەین. بەڵام [struck out]

من ووتم بە باشی زانی [struck out] کە لەگەڵ براکانم دێینە خزمەت ئێوە

هەر بە ناوی خۆتان ئەو دیارییە بوێنە. بە تەواو بیرەوە.

من ووتم پێ پێویست بە پاشەڕۆی بوو دوایش حەزیکی نەکردن.

ئەوەندەش ئاگادار بن کە من و هاوڕێکانم لە هێندێ اختلافی فکری

لەسەر ڕۆژێ. بێ دێینە خزمەتتان دیارە لە زۆر کاری تریش

زۆر پێویستە لەبەر بە خزمەتت زۆر ڕێز لە بڕیارەکان بگرن بۆیە

زۆر لاوان و خزمەت ئەوەش بۆ ئێوە لەسەر سەرچییان زۆر تاثیر

نەکا. لەبەرەوە کە بەکەم تێشن لە حەزیان خەبەردار بن. قارەمان

کە وتوویانە سەر بار و بارگی حەوار و نیزیکی لە پشتیوانیان و بە بڕیارە

www.kerimhisami.com

ستی بنووسیون . ئێ وەزیرە چوڵە تازەیە کرد تا هاوڕێ کەمالیشی لەگەڵ
برد ئێستا نادیارە ویش زۆربەچەپەچەپ چەوتی بیر دەکاتەوە .

بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆر لەبارەی لە هاوڕێ کەمال رێزیان بگرن عەزیزم
ئەو زۆر زۆر رابردوو شاوین خزمەت وجاران ئەشبەرە ئەوەش بزانن لە
قادر حسین مان ئێستا وەلا نابە ولە کارانا تێکەڵی نادەبن
وتەگەی بەین بەرغەبەتتان نادیارمان لەگەڵ نابێ .

حیرام رایە ئەو زراعەی بەجێگای ئەو زراعەی کە دەتانتوانی دابنێن
مان دەیەوێ دابنێی .

وا بزانم بەسنەوە کە هاتین بولاتان باس لەسەر ئەم نووسراوە
نەیەکە گەورەی باشترە . بەتایبەتی لەسەر ئەوەی کە چوار نووسین
لەلای زۆرەزان دەڵێم کارانی نامەکانتان بە کورترین شێوە دەبێ
نامەوت ئەشەریف ببینین .

ئیتر دەستی بەرێزی هەمووان خۆشدان ماچ دەکەم و
سلاوی زۆر بەسەر و بەرزی لە خودا داواکارم

بەخزمەتەوە
احمد محمد ... کویستانی

٩٦١/٥/٢٤

ئەم ئاگاداریە ئەحمەد توفیق داویە بە مەلا مستەفا

ناوی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی

«حزبی دیموکراتی کوردستان»

(ئێران)

١- عزیز یوسفی	محکوم بە ئیعدام چاوەروانی حکم	ئەندامی کومیتەی مەرکەزی	
٢- رحمت الله شریعتی	" " " " "	" " " " "	
٣- سید عبدالله اسحاقی	کادری مخفی وحرفەی کومیتە	" " " " "	
٤- غنی بلوریان	محکوم بە ئیعدام چاوەروانی حکم	مشاوری کومیتەی مەرکەزی	
٥- هاشم اقل الطلاب	کادری مخفی وحرفەای حزب	" " "	
٦- هاشم حسین زادە	" " "	" " "	
کتر علی مولوی	محکوم بە حبسی ئەبەد	" "	
٨- قاسم سلطانیان	کادری مخفی وحرفەای حزب	" "	

ژمارەی ئەندامەکانی حزب ولایەنگرەکانی

حەوت هەزار ئەندامە (لە ٧٠٠٠ ئەندام)

نامەی ئەحمەد توفیق بۆ ک.ن، حیزبی کۆمونیستی شورەوی

رفقای عزیز

کمیتهٔ مرکزی حزب کمونیست اتحاد شوروی ..

به وسیله سلامهای رفیقانه خودرا تقدیم میداریم ،

بدنبال نامه قبلی خود که بوسیله رفقای شما در اینجا (   ) درباره مسافرت هیئت نمایندگی حزب ما به اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی تقدیم گردید ، توضیح چند نکته را لازم میدانیم :

الف - اعضاء هیئت نمایندگی بعد از مشورت بدین ترتیب است :

١ - قاسم سلطانیان -- (در عراق ملقب به کمال احمد)

٢ - سلیمان معینی

٣ - عبدالله اسحاقی (در عراق ملقب به احمد توفیق)

خواهشمند است درصورت ترتیب وصدور ویزا ، با نامهای بالا باشند .

ب - خیلی بهتر و فرصت میدانیم ترتیب سفر هیئت حزب ما مقارن بودن رفیق رهبر مصطفی بارزانی در اتحاد شوروی باشد .

ج - بعلت نقربی نه مالی حزب محتاج به ترتیب رفع حوائج ما عده مالی برای این سفر و دیدار هستیم .

باسلام واحترام . از طرف

کمیتهٔ مرکزی حزب دمکرات کردستان .

عبدالله اسحاقی

(زاگروس)

٣٩٢ / ١ / ١١ / ١٩٦٠

www.kerimhisami.com

نامەی ئەحمەد توفیق بۆ ک.ن، حیزبی کۆمونیستی شورەوی

رفقای عزیز

کمیته مرکزی «حزب کمونیست اتحاد شوروی»

بعد از تقدیم سلامهای رفیقانه،

بهترین تبریکات کمیته مرکزی حزب دمکرات کوردستان را بمناسبت جشن کبیر انقلاب اکتبر، سرفصل تازه و نوین زندگی زحمتکشان جهان، پیروزی و مظهر قدرت و عظمت شوراها بر دستگاه پوسیده تزاریسم و بورژوازی، بشما و بوسیله شما به همه ملل اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی تقدیم میداریم.

ملت کورد که ملت ستمدیده و محرومی است خیلی خوب عظمت و اهمیت انقلاب کبیر، آزادی و نجات ملل قهرمان شوروی را درک میکنند، و بهمین مناسبت لازم میدانیم که شعف و سرور ملت کورد در کوردستان ایران و بویژه اعضاء «حزب دمکرات کوردستان» را بمناسبت حلول جشن کبیر انقلاب اکتبر منعکس و تقدیم داریم.

شادیم از اینکه رهبر مبارزه ملت کورد رفیق مصطفی بارزانی بنام ملت کورد در جشن کبیر ملل شوروی شرکت میکنند.

فرخنده باد جشن انقلاب کبیر اکتبر.

پیروز باد اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی دژ مستحکم و خلل ناپذیر.

درود ملت کورد به ملل اتحاد شوروی دوست باوفای همه ملل.

زنده باد صلح پایدار.

با زهم تبریکات و احترام: از طرف

کمیته مرکزی «حزب دمکرات کوردستان»

(زاگروس)

۱۹۶۰/۱۱/۱ ۹۱ ص

بەرەو آزادی و آزادیخوا

بەری استعمار و دیکتاتۆری

ن. ز. ل. ە. ر.

۱۲/۱۷

۱۸۸۸

پێشکەش

بە گیانی پاکی

شەهیدەکانی ڕێگای آزادی

ژمارە (۱)

سالی (۱)

ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد

علت تشکیل حزب (ژیانی کورد) ـ انتشار مجله (ریگا)

(بقیه) مسا

مادر سرمقاله مجله بطور اجمال اشاره به موجبات تشکیل حزب (ژیانی کورد) و منظور از انتشار مجله (ریگا)

ضمناً متذکر شده‌ایم و بسیار متأسفیم که ما مجبور شدیم در حکومت مطلقه مرکز تحت فشار مأمورین کارآگاهی و تضییقات شدید مأمورین دستگاه دیکتاتوری در کردستان تمام وسایل را از دست ما خارج کرده و حتی زبان کردی را نگذاشته‌اند که در آن آزادانه چنانچه شایسته است بخوانان به تفصیل از مطالب سخن رانده ـ ناچار با اختصار تمام از این مختصر موضوعهای ضروری بحث نموده‌ایم و عجالتاً یک قسمت مجله را به زبان فارسی منتشر مینمائیم. تا دوستان آزادیخواه غیر کرد ما نیز بدرستی مجله اینرا بخوانند و دستگاه دیکتاتوری و مرتجعین هم بعنوان ترجمه لکه اغراض پلید خود شانرا به دامن مهابادیها به تمام معنی حقیقت مانند نشان ندهند.

مدتی ملیت و شعور و نوع وضع اوضاع کردی کردستان ایران بخصوص زحمتکشان و اکثریت ملت کرد ما را وادار کرد برای بدست آوردن حقوق طبیعی ملت کرد و رهاندن از پای دنائت مظالم ما به این ترتیب گوشزد جهان نمائیم و انسانیت و مبارزه با دار و دسته حکومت دیکتاتوری تهران و استعمار جهانی و دلالان و نوکران آنها و مزدوران اروپائی آن در ایران علی الخصوص در کردستان حزب را بنام (ژیانی کورد) تشکیل دادیم.

ت

از روز تا اوائل ورود نیروی دیکتاتوری کم و بیش فعالیت کار بوده. امروز که مشاهده مینمائیم دولت و مرتجعین تهران میخواهند به اقدامات پردامنه تری برای نابود کردن ما از جمله کوبیدن عمومی کردها و منطقه مکری دست بزنند. ما نیز لازم دانستیم مبارزه پردامنه تری را آغاز کنیم. اینک با اینهمه موانع و انفجار و خطرات بیشمار شروع به انتشار ارگان حزب (مجله ریگا) نموده‌ایم و تصمیم داریم هر اندازه بیشتر در خلق و هر چه زیادتر تفهیم شویم. باز به انتشارات ادامه داده و احساسات را تکان داده کرد را به چشم عدالت را بسا نیت دنیای کنونی که عبارت از کرسی نشینان انجمنهای ملل متحد میباشند نشان داده و هر اندازه این دیده عدالت نابینا باشد باز و بیشتر نشان دهیم تا دست آخر ببینند در زیر سایه سرکار ایشان بر ملتهای ضعیف چه میگذرد. تمایلات حزب ما مخصوص احوال کرد و کردستان نیست. در حدود قطعی ایران بوده و سعی برای آزادی و دموکراسی نمودن تمام کشور ایران خواهد بود و نقطه اتکاء ما تنها نیروی خلل ناپذیر آزادیخواهان ملتهای ایران با استناد به قانون اساسی ایران است.

چون برای دستگاه دیکتاتوری حکومت تهران تکرار و تصریح زیاد لازم است باز هم با صراحت تمام میگوئیم ما حقوق طبیعی خود را تحت لوای یک حکومت دموکراسی ایران برای کرد ... حدود قطعی ایران و بموجب قانون اساسی ...

ڕۆژنامەی کوردستان کە لە باکۆ چاپکراوە

کوردستان

ئورگانی حزبی دیموکراتی کوردستان

ژمارەی ٢٣٦
چووارشەممو
١٧ رەشەمە ١٣٢٨

لەلایەن دەستەی نووسەران دەر دەچێ

وظیفەی ئەولاوانەی کە پەیمانی گیان بازی و فیداکاریان دەگەل نەتەوەی کورد بەستووە

نەتەوەی کورد کوت و زنجیری نوبلی و بەخبرایەتی دە دەست و ملی کراوە. داگیرکەران بەهوی هوردو، سیاست، تبلیغاتی خرافات و موهومات، بەکری گرتنی خائنین و نهایت بەهوی عوامفریوی و ظاهرسازی لە هەزارلاوە چنگوریان لە کوردستان هەلچەقاندووە. بو کوزت کردنەوەی ئەوچنگورکانە ورزگار کردنی نەتەوەی کورد بەر لەهەموو شتیك زانست و تیگەیشتن و دنیابینیکی زوز فوول پیویستە.

بو بەربەرەکانی بە پیچەوانەی هوردو و سیاستی داگیرکەران، زانستی شەر و سیاست و بو باندنی داوی خرافات وموهومات، زانستی فلسفەی روناکی پیشکەوتوو و بو بەربەرەکانی بە پیچەوانەی ظاهرسازی و بو وەروخستنی خیانتکارانی دوروو، زانستی منطقی بەبرشت و هیزی استدلال و توانائی فکر پیویستە. و نهایت بو سەرکەوتن بە سەر دوژمنانی نەتەوەی کورد دا پیویستە رابطەیکی صمیمانە و بولایین دەگەل کومەلی مەزنی کوردستان دابمەزری.

کوردستانی کردووە. لە پاش سەدها و هەزاران سال بەربەرەکانی، ئەورو میژو حوکممان لی دەکاکە دەبی وریا بین و تیبکوشین و بە نرخی زیان وگیانی خومان، نەتەوەی کورد رزگار بکەین.

بو رزگارکردنی کوردستان و هەر وەها بو پاراستن و راگرتنی رزگاری کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستان پیداویستی پسپور و کادر و افرادی زانا و زیرە، دەنا بە دەستی بەتال و میشکی هەتال بەرەنگاربوون دەگەل دوژمن زورجار نتیجەی پیچەوانە دەدا.

دە شرائطی ئەوروکەی کوردستان دا نەتەوەی کورد چاوی هەویا و هومیدی لە حزبی سەربەرزی دیموکراتی کوردستان و بە تایبەتی لەو لاوانەیەکە لە وەلاتی شوروی خەریکی خویندن و فیر بوونی زانستن. ئەو لاوانە لەگەنجینەی رزگاری کوردستان دا هەریك گەوهەریکی بە نرخ و بی وینەبن..

بەختەوەری

(ماوەی ژمارەی پیشوو)

لە پاش شەری دومی دنیا تاقە دولتیك کە توانی برینەکانی کاتی شەری سارێژ بکاتەوە و ژیانی خوش بو کومەلی خەلك داین بکا، دولتی سوسیالیستی شوروی و اصولی حاکمیتی کومەلایەتی بوو. تەنیا دولتی سوسیالیستی شوروی و دولتە کومەلایەتیەکان کە بە سەر ری و شوینی سوسیالیزم دا دەرون، بە چاکی ژیانی خەلکیان بو داین کراوە.

لەو وەلاتانە دا اصولی جیرە بەندی بە جاریك لابردراوە، شتوومەکی خواردەمەنی و صنعتی نسبت بە دەورەی شەری چەندین بەرانبەر هەرزان کراوەتەوە و دە بەرانبەر دا حقوق و مانگانەی زحمتکیشان و کارکەران ثابت ماوەتەوە.

لە پاش شەری تا ایستا لە وەلاتی شوروی دا سی جاران نرخی شتوومەك شکاوە و هەموو جاریك نیزیکەی صد میلیارد روبل فازانج بەخەلکی گەیشتووە. آخرین تی شکانی نرخ روزی هەوەلی مانگی مارسی سالی ١٩٥٠ جیبەجی کرا. دە نتیجە دا لە سەریك نرخی ژیانی روزانە نیزیکەی صدی ٢٥ بەرەوخوار هات. یانی اگر کسیك دە پیش تی شکانی نرخ دا روژی بە صد روبل بەری دەچوو، ایستا بە حەفتا و پینج روبل داین دەبی.

اگر بە تایبەتی لە مەبەستی تی‌شکانی نرخ خورد بینەوە، دەبینین کە واقعاً سوسیالیزم یانی بەختەوەری کومەلی خەلك. لە دامەزرانی سوسیالیستی دا تەواوی زەوی، صنایع، تجارت، سیاست و اقتصاد دە ژیر اختیاری دولت دایە و ملکیتی تایبەتی دە گوری دا نیە.

لە دامەزرانی سوسیالیستی دا محتکر و تاجری سودخور وسفتە.

پێشەوا قازی محەممەد و سەرۆک بارزانی



پێشەوا سەرکۆماری کۆماری کوردستان – ٣١-٣-١٩٤٧

محەممەد حوسێنخانی سەیفی قازی، وەزیری بەرگری کوردستان
بەداخەوە رەسمەکەمان وەگیر نەکەوت

سەدری قازی نوێنەری مەهاباد لەپارلمانی ئێران

سەرۆک بارزانی لەگەڵ میرحاج وعیزەت عەبدولعەزیزو سەرهەنگ غەفاری لەتاران

کاپیتان قادری (کاحەمەدی سەروکانی: چەندرۆژ پێش وەفات - ۱۹۸۰

رێبەرانی حیزب وحکوومەتی میللی کوردستان لەزیندانی ورمێ - ١١-٤-١٣٢٧

له راسته‌وه‌بۆ چه‌پ:

قادر شه‌ریف،ئه‌حمه‌د توفیق،سمایلی قاسملو، قاله‌ته‌گه‌رانی،که‌ریمی حسامی، مه‌لاباقی، ١٩٥٨

بارزانی نەمر لە یەکێتی سۆڤیێتی

لەراستەوە بۆچەپ: عبدولرەحمانی زەبیحی، محەممەدی شاپەسندی، حەسەنی قازڵجی



له راسته‌وه بۆ چه‌پ: مامۆستا هێمن، محه‌مه‌د مه‌ولود، که‌ریمی حسامی
له ئاهه‌نگی کردنه‌وه‌ی پێکه‌ری حاجی قادردا. ١٩٧٣



قادری ویردی ئەندامی کومیتەی ناوەندی ح.د.ک.ا. ١٩٧٣

کادروئەندامانی ح.د.ک.ا لە کلاسی کادر ١٩٧٢

لە بڵاوکراوەکانی کتێبی ئەرزان

* دیوانی شێخ رەزا تاڵەبانی ئامادەکردنی: ناسر ئیبراهیمی
* ژیان بەدەم زریانەوە (رۆمان) تەیفور
* مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست گ. م. دنسکوی و ئو. دنسکوی \ د. حوسێنی خەلیقی
* چەند نامەیەک بۆ تاراانتا بابو ناظم حیکمەت \ نەژاد عەزیز سورمی
* دیوانی عبدالله میرزا پێنجوێنی
* تۆماری شێخ شەرزین (فیلمنامە) بەهرام بەیزایی \ تەیفور
* ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستاندا حوسێن محەمەد عەزیز
* کوردەکان حەسەن ئەرفەع \ حامید گەوهەری
* کوردایەتی و حیزبایەتی .... حامید گەوهەری
* فۆنیمەکانی زمانی کوردی کەمال فوئاد
* هێمن و من هێرش
* کۆمەڵەشاخی بەرز ... (رۆمان) کوردان
* ئامانجی ئەدەبیات ماکسیم گورکی \ رحمان سۆفی
* قەفەسی زێڕین (چیرۆک بۆ منداڵان) \ یاسین قادر بەرزنجی
* خۆشکۆڵە نان فرۆشەکەم یوسف ئەحمەد
* نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی لاتینی (کۆمەڵەی سێ وتار) \ ئەنوەری سوڵتانی
* بیرۆکەی ژین کاوە خوسرەوی
* نیاکان باستانی کرد در تاریخ و اسورەها ۲ جلد فارسی ج. مفرد
* زندەگی در باد (ژیان بەدەم زریانەوە) تەیفور \ ژیلا فرجی
* سیکستن (چیرۆک بۆ منداڵان) ئولف ستارک \ د. حەمیدی تەیموری
* فەلسەفە بە زمانی ساکار \ د. حوسێنی خەلیقی
* بناخەکانی ڕێبازی شۆڕشگێری \ د. حوسێنی خەلیقی
* سکاندیناڤیا، دوورگەیەکی تر لە بخوور هەندرێن

www.kerimhisami.com

* ٢١ دەستنووسی کوردی و فارسی سەبارەت بە کورد لە کتێبخانەی بەریتانیا \ ئەنوەری سوڵتانی
* لەپەرۆشەکانی ژیان مەسعود محەمەد
* پێدا چوونەوە بەرگی ٢ کەریمی حسامی
* کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دوکتور جەلیلی جەلیل

لەلایەن (کتێبی ئەرزان)ەوە چاپ دەکرێ

* دستە ودامانی نالی مەسعود محەمەد
* کوردەکان، تورکەکان وعەرەبەکان \ حامید گەوهەری
* بنیاتی چێکەری (کۆنترین کتێبی زەردەشت) \ تەیفور
* دیوانی گۆران
* ئەوان مردن بۆ ئەوەی ئێمە بژین (کۆمەڵێک کورتەچیرۆک) \ بەدران ئەحمد حەبیب
* نامەکانی روانییوانێك و نامەکانی مەرگ نارتور رامبو \ هەندرێن و عەبداللە رحیم
* فەرهەنگی منداڵ \ سیاوش گودرزی
* پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی کەمال جەلال غەریب
* کەڵەفەرهەنگی رووەکناوورییەکان کەمال جەلال غەریب
* فەرهەنگی وێنەداری گیاندارەکان (کوردی - عەرەبی - ئینگلیزی) کەمال جەلال غەریب
* ئەفسانەی ئەفراندن (شانۆ) سادق هیدایەت \ سێمان
* ناوچەی کەرکووك و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەییی ئەم ناوچەیە دوکتۆر نووری تاڵەبانی
* پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق دوکتۆر نووری تاڵەبانی
* سێ ساڵ خەبات وولاتێکی وێران کرمانج گوندی
* برایانی شێردڵ ئەسترید لیندگرێن \ ئاسی رەیانی
* دراسە عن اعمال کوران الادبیە د، کمال معروف

www.kerimhisami.com